خۆلاصەی تەفسیری نامی

مەلا عبدالکریمی مدرس

خزمەتگوزاری عیلمو دین
لە بارەگای حەزرەتی گەیلانی لە بەغدا

مەعنای ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی
پێ لێکداوەتەوە

بەرگی دووهەم

چاپی یەکەم

بەغدا

١٤٢٢ی هیجری - ٢٠٠١ی میلادی

سوورەتی (یونس)

مەککەیی‌یەو (١٠٩) ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الَر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْحَكِيمِ (١)

مەعنای (الر) هەرخودا ئەیزانێ چی‌یە.

ئـەم ئایەتانە کــە لـەم سوورەتەدا هـەن ئایەتی کتێبێکی پڕحیکمەتن ، کە قورئانی پیرۆزە .

أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا أَنْ أَوْحَيْنَا إِلَى رَجُلٍ مِّنْهُمْ أَنْ أَنْذِرِ النَّاسَ وَبَشِّرِ الَّذِينَ آمَنُوا أَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِنْدَ رَبِّهِمْ قَالَ الْكَافِرُونَ إِنَّ هَذَا لَسَاحِرٌ مُّبِينٌ (٢)

ئــایا لای خەڵکی شتێکی سەیرو عەجایەبە ئێمە وەحی بکەین بۆ پیاوێ لە خـۆیان و پێی بڵێین ئـادەمزاد بترسێنە لــە سزای خــوداو موژدە بە خاوەن ئیمانەکان بدە کە لای خودای خۆیان پایەیان بەرزە ؟ کـافرەکان وتیان ئەمە جادووگەرێکی ئاشکرایە .

إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّــذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّــامٍ ثُــمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُدَبِّرُ الْأَمْرَ مَــا مِــنْ شَفِيعٍ إِلَّا مِنْ بَعْدِ إِذْنِهِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ (٣)

بێگـومـان پەروەردگاری ئێوە خوداییێکی وەهایە ئاسمانەکان و ئەرزی لە شەش ڕۆژدا دروست کــرد ، پــاش ئــەوە فــەرمــاندار بــوو بەسەر عەرشدا . هەرچــی کاروبـاری کائینــات هەیــە هەمــووی لــەژێـر توانـایـیی خۆیــدا ڕێك ئەخات . هەروەها کەسێ نی‌یە بتوانێ تکای عەفوی تاوانی کەسێ بکا، مەگەر

پاش ئیزن و ئیجازەی ئەو . ئەو زاتە پەروەردگاری ئێوەیە بیپەرستن . ئایا هێشتا بیر ناکەنەوە لەوەی کە تەنها خودا شایانی پەرستنە ؟

إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا وَعْدَ اللَّهِ حَقًّا إِنَّهُ يَبْدَؤُاْ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ بِالْقِسْطِ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُواْ يَكْفُرُونَ (٤)

کە ئەمرن و حەشر ئەکرێن هەمووتان بۆ لای ئەو ئەبرێن و ئەنجامتان لای ئەوە . بەڵێنێکی ڕاستەو خودا داویەتی و درۆی تێدا نی یە . هەر ئەوە لە نەبوونەوە کائیناتی دروست کردووە . هەر ئەویشە پاش لەناوبردنیان دروستیان ئەکاتەوە تا بە دادپەروەریی خۆی پاداشی ئەوانە بداتەوە کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی باشیان کردووە . ئەوانەیش کە کافرو بێئیمانن ئاوێکی زۆر گەرمی ئازاردەریان دەرخوارد ئەدرێو سزایێکی سەخت ئەدرێن بەرامبەر بەکافرییەکەیان .

هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاءً وَالْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُواْ عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ مَا خَلَقَ اللَّهُ ذَلِكَ إِلاَّ بِالْحَقِّ يُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٥)

خودا خاوەن دەستەڵاتێکی وەهایە خۆری کردووە بە خاوەن ڕووناکیو مانگی کردووە بە خاوەن نوورو بۆ هەریەك لەم دوانە چەند پایەو پلەییێکی داناوە تا ئێوە ژمارەی ڕۆژو حەفتەو مانگو ساڵو تێکڕای وەختی خۆتان بزانن . خودا ئەمانەی بەڕاستیو ڕەسایی دروست کردووە . خودا ئایەتەکانی خۆی تەفصیل ئەدا بۆ کۆمەڵێك کە ورد ببنەوەو تێفکرن لە ئەوزاعی جیهانو ڕاستی بزانن .

إِنَّ فِي اخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَمَا خَلَقَ اللّهُ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَّقُونَ (٦)

بێگومان لە یەك بەدوای یەكدا هاتنی شەوو ڕۆژو ، لەو كائیناتەی كە خودا لە ئاسمانەكان و زەویدا دروستی كردوون نیشانەو بەڵگەی دەستەڵاتی خودا هەیە بۆ كەسانێ كە لە خودا بترسن و خۆیان لە خراپە بپارێزن .

إِنَّ الَّذِينَ لاَ يَرْجُونَ لِقَاءنَا وَرَضُواْ بِالْحَياةِ الدُّنْيَا وَاطْمَأَنُّواْ بِهَا وَالَّذِينَ هُمْ عَنْ آيَاتِنَا غَافِلُونَ (٧)

بەڕاستی ئەوانەی بەتەما نین بە ئێمە بگەن و باوەڕیان بە زیندووبوونەوە نی یەو، بە ژیانی براوەی دنیا ڕازین و دڵنیان پێی، ئەوانەی لە ئایەتەكانی ئێمە بێئاگان و تێنافكرن ،(مەعنای ئایەتەكە لە ئایەتی پاشەوەدا ئەبڕێتەوە).

أُوْلَئِكَ مَأْوَاهُمُ النُّارُ بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ (٨)

ئەوانە شوێنیان ئاگری دۆزەخە بەهۆی ئەو كارە ناڕەوایانەوە كە ئەیانكردن .

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ يَهْدِيهِمْ رَبُّهُمْ بِإِيمَانِهِمْ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الأَنْهَارُ فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ (٩)

بێگومان ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو كردەوەی باشیان كردووە خودا ڕێگای ڕاست و ئەسبابی پیرۆزی و بەختەوەریی هەردو دنیایان پیشان دەدات بەهۆی نووری ئەو ئیمانەی لە دڵیاندایەو ، لە قیامەتیشدا لە بەهەشتە پڕ لە نازو نیعمەتەكاندا ڕائەبوێرن و جۆباری جوان لە بەرپێیانا دەڕوات و بە خۆشی ئەژین .

دَعْوَاهُمْ فِيهَا سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلاَمٌ وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ

أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٠)

دوعــاو نزایان لـە بـەهـەشتدا ئەوەیە ئەڵێن : پاکیو بێخەوشی بۆ تۆیە ئـەی خـودای پـەروەردگــار ، هــەروەها لەناو یەکا سەلام لە یەکتر ئەکەن ، یا مەلائیکەکان سەلامیان لێ ئەکەنو ، دوا دوعـایان ئەوەیە کە ئەڵێن : ستایشو سوپاس بۆ ئەو خودایە کە پەروەردگاری هەموو عالەمە .

وَلَــوْ يُعَجِّلُ اللَّهُ لِلنَّاسِ الشَّرَّ اسْتِعْجَالَهُمْ بِــالْخَيْرِ لَقُضِيَ إِلَيْهِمْ أَجَلُهُمْ فَنَذَرُ الَّذِينَ لاَ يَرْجُونَ لِقَاءَنَا فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ (١١)

ئـەگـەر خـودا گـورج خەڵکی تووشی مەینەتیو نەگبەتی بکردایە، وەك چـۆن گـورج تـووشی خێرو خـۆشییان ئـەکـات ، زوو کار ئەبڕایەوەو ئاکامیان ئەهاتو لەناو ئەبران . ئەوانەی بەتەمای زیندووبوونەوەو بەئێمەگەیشتن نین، لێیان ئەگەڕێین لە گـومڕاهیی خۆیاندا سەرگەردان بن ، واتە: دوایی حیسابیان لەگەڵ ئەکەین.

وَإِذَا مَسَّ الْإِنْسَانَ الضُّرُّ دَعَانَــا لِجَنْبِهِ أَوْ قَاعِــدًا أَوْ قَائِمًا فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُ ضُرَّهُ مَرَّ كَأَنْ لَمْ يَدْعُنَا إِلَى ضُرٍّ مَسَّهُ كَذَلِكَ زُيِّنَ لِلْمُسْرِفِينَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (١٢)

بنیادەمی ستەمکـار کە تووشی زیانێك ئەبێ ، وەك نەخۆشیو فەقیریو بێحـاڵی ، بـە پاڵـکەوتنو دانیشتنو بە پێوەو لە هەموو کاتو ساتێکدا لێمان ئەپاڕێتەوە ئەو ناخۆشییەی لـەکۆڵ بکەینەوە، جا کە چووین بەدەنگیەوەو ، مەینەتەکـەمــان لـە کۆڵ کـردەوە، دیسان ڕێگای گومڕاهی ئەگرێتەوەبەرو لە خۆی بایی ئـەبێ ، ئەڵێی هەرگیز لێمــان نەپاڕاوەتــەوە بۆلابردنی ناخۆشی ! ستەمکارە لەسنووردەرچووەکان، ئـابەم جۆرە، کـردەوەی بــەدی خۆیانو

لەخۆبایی‌بوونیان لە بەرچاو جوان کراوە !.

وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا الْقُرُونَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَمَّا ظَلَمُواْ وَجَاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ وَمَا كَانُواْ لِيُؤْمِنُواْ كَذَلِكَ نَجْزِي الْقَوْمَ الْمُجْرِمِينَ (١٣)

بەڕاستی ئێمە خەڵکی سەردەمەکانی پێش ئێوەمان لەناوبردن ، کە ستەمیان کردو بەگوێرەی فەرمانی خودا نەجووڵانەوەو ، پێغەمبەرانیان بە ئایەت‌و موعجیزەوە بۆ ئەهات ، کەچی ئیمانیان پێ نەئەهێنان . ئێمە ئا بەو جۆرە پاداشی تاوانباران ئەدەینەوە .

ثُمَّ جَعَلْنَاكُمْ خَلاَئِفَ فِي الأَرْضِ مِنْ بَعْدِهِمْ لِنَنْظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ (١٤)

پاش ئەوان ئێوەمان کرد بە جێنشینی ئەوان لە سەرزەوی تا تەماشا بکەین چۆن ڕەفتار ئەکەن ؟ .

وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَات قَالَ الَّذِينَ لاَ يَرْجُونَ لِقَاءَنَا ائْتِ بِقُرْآنٍ غَيْرِ هَذَا أَوْ بَدِّلْهُ قُلْ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أُبَدِّلَهُ مِنْ تِلْقَاءِ نَفْسِي إِنْ أَتَّبِعُ إِلاَّ مَا يُوحَى إِلَيَّ إِنِّي أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ(١٥)

کاتێ کە ئایەتە مەعنا ئاشکراکانی ئێمەیان بەسەردا ئەخوێنرێنەوە ئەوانەی باوەڕیان بە زیندوو بوونەوەو بە گەیشتن بە ئێمە نی‌یە ئەڵێن قورئانێکی‌تری غەیری ئەم قورئانەمان بۆ بێنە ، کە بە دڵی ئێمە بێ ، یا ئایەتەکانی بگۆڕە بە ئایەتی‌تر . تۆ ئەی پێغەمبەری خودا بڵێ : بۆ من ڕەوا نی‌یە لەخۆمەوە بیگۆڕم ؛ من دوای ئەوە ئەکەوم کە بە وەحی بۆم دێت . بەڕاستی ئەگەر من بێ‌گوێیی خودای خۆم بکەم‌و بیگۆڕم لە سزای ڕۆژێکی

سامناکی گەورە ئەترسم .

قُلْ لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا تَلَوْتُهُ عَلَيْكُمْ وَلاَ أَدْرَاكُمْ بِهِ فَقَدْ لَبِثْتُ فِيكُمْ عُمُرًا مِنْ قَبْلِهِ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ (١٦)

بلێ : ئەگەر خودا غەیری ئەمەی بویستایە من بۆم نەئەخوێندنەوەو، لەسەر زوبانی من ئاگاداری نەئەکردن پێی . من تەمەنێکی زۆرم لەناو ئێوەدا بردوەتە سەر ، چل ساڵ لەناوتاندا ژیاوم پێش هاتنی قورئانو خوێندنەوەی بەسەرتاندا ؛ کەواتە ئەم قورئانە خودا ناردوویەو قسەی من نی‌یە تا بیگۆڕم ، ئەوە بۆچی بیرناکەنەوەو عەقڵتان ناخەنەکار کە ئەم قورئانە لە خوداوەیەو هی بەندە نی‌یە ؟

فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الْمُجْرِمُونَ (١٧)

کێ ستەمکارترە لەوەی درۆ بە دەم خوداوە هەڵبەستێ یا ئایەتەکانی بەدرۆبخاتەوەو باوەڕیان پێ‌نەکات ؟ بێگومان تاوانباران هەرگیز ڕزگار نابن.

وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لاَ يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلاَءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللَّهَ بِمَا لاَ يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلاَ فِي الأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ (١٨)

ئەو کافرانە، غەیری خودا ،شتی‌وا ئەپەرستن کە ناتوانێ زیانیان لێ‌بدات یا قازانجیان پێ بگەیەنێت . هەروەها ئەڵێن : ئەو بتانە لای خودا تکامان بۆ ئەکەن . تۆ پێیان بڵێ : ئایا ئێوە خەبەری شتێ بە خودا ئەدەن کە نەیزانێ لە ئاسمانەکان و لە زەویدا؟ واتە : ئەگەر ئەم شەریکایەتی‌و تکاکاری‌یە شتێکی ڕاست بوونایە خودا پێی ئەزانین . خودا پاکەو بەرزەو بەرییە لەو شتانەی

ئەوان کردوونیان بە هاوبەشی.

وَمَا كَانَ النَّاسُ إِلاَّ أُمَّةً وَاحِدَةً فَاخْتَلَفُواْ وَلَوْلاَ كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ فِيمَا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ (١٩)

بنیادەم هەموو یەك ئوممەت بوون ، جا كە پێغەمبەران نێرران جیاجیا بوونەوەو ، هەندێکیان ئیمانیان نەهێناو دوای ئارەزووی نەفسیان کەوتن . ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە کە خودا هەر لە ئەزەل بڕیاری داوە موحاکەمەی خەڵك بخاتە ڕۆژی قیامەت ، زوو حوکمی ئەدا لە بەینی کۆمەڵانی جیاجیاداو ، ئەوی لەسەر حەقە ئەیهێشتەوەو ئەوی لەسەر ناحەقە ئەیفەوتاند .

وَيَقُولُونَ لَوْلاَ أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ فَقُلْ إِنَّمَا الْغَيْبُ لِلّهِ فَانْتَظِرُواْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ (٢٠)

ئەو کافرانە ئەڵێن : ئەوە بۆچی موعجیزەیێ لە ئاسمانەوە ڕەوانە نەکرایە خوارەوە بۆ سەر موحەممەد ؟ بڵێ : هەر خودا خۆی غەیبزانە . من چوزانم بۆ نایتێری ؟ دەی چاوەڕوان بن منیش لەگەڵ ئێوەدا چاوەڕوانم .

وَإِذَا أَذَقْنَا النَّاسَ رَحْمَةً مِّن بَعْدِ ضَرَّاء مَسَّتْهُمْ إِذَا لَهُم مَّكْرٌ فِي آيَاتِنَا قُلِ اللّهُ أَسْرَعُ مَكْرًا إِنَّ رُسُلَنَا يَكْتُبُونَ مَا تَمْكُرُونَ (٢١)

لەپاش مەینەت و ناخۆشی وەك دەردو گرانی کە تووشیان ئەبێ ئەگەر لایان لێ بکەینەوەو خۆشیو لەش ساغییان بدەینێو ڕەحمیان پێبکەین لەباتیی سوپاس و شوکرانەبژێری دەست ئەدەنە فێڵ کردن و سەرپێچی لە پێغەمبەر . پێیان بڵێ : خودا لە ئێوە زووتر کاری خۆی بڕیوەتەوەو بڕیاری داوە کە لە ڕۆژی خۆیدا تۆڵەتان لێ بکاتەوە . فریشتەکانمان هەموو کردەوەکانتان ئەنووسن و هیچیان لێ ون نابێ .

هُوَ الَّذِي يُسَيِّرُكُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ حَتَّى إِذَا كُنْتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِمْ بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُوا بِهَا جَاءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَاءَهُمُ الْمَوْجُ مِنْ كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ لَئِنْ أَنْجَيْتَنَا مِنْ هَذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ (٢٢)

خودا ئەو دەستەلاتدارەیە کە ئەتانگێڕێ بە وشکانیو بە دەریادا . کە لە کەشتیدا بنو باییێکی خۆشو ئارام کەشتییەکەیان بخاتەگەڕو بیانباو دڵیان پێی خۆش ببێ و، لەوکاتەدا باییێکی توند لێیان هەڵکاتو شەپۆل لە هەموو لاییێکەوە بۆیان بێتو وا بزانن گەمارۆ دراونو ئیتر ڕزگار بوونیان بۆ نییە ، لەوکاتەدا بە ئیخلاصو باوەڕێکی بێگەردەوە لە خودا ئەپاڕێنەوە کە ڕزگاریان بکاتو ئەڵێن ئەگەر لەم تەنگانەیە ڕزگارت کردین سوپاسگوزارو شوکرانەبژێر ئەبین .

فَلَمَّا أَنْجَاهُمْ إِذَا هُمْ يَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّمَا بَغْيُكُمْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ مَتَاعَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ثُمَّ إِلَيْنَا مَرْجِعُكُمْ فَنُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ (٢٣)

کە لەو مەینەتە ڕزگاری کردن کوتوپڕ بە ناحەق دەست ئەکەنە خراپە کردن لە زەویدا . ئەی خەڵکینە ! هەر خراپەیێ کە ئەیکەن زیان لە خۆتان ئەدەن ، ئەمە ڕابواردنێکی کورتو بڕاوەی دنیاییەو، دوایی بۆ لای ئێمە ئەگەڕێنەوەو ، چیتان لە دنیادا کردووە پێتان ئەڵێینو، بەپێی ئەو کردەوانە تۆڵەتان لێ ئەسێنینەوە .

إِنَّمَا مَثَلُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاءٍ أَنْزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ النَّاسُ وَالْأَنْعَامُ حَتَّى إِذَا أَخَذَتِ الْأَرْضُ زُخْرُفَهَا

وَازَّيَّنَتْ وَظَنَّ أَهْلُهَا أَنَّهُمْ قَادِرُونَ عَلَيْهَا أَتَاهَا أَمْرُنَا لَيْلاً أَوْ نَهَارًا فَجَعَلْنَاهَا حَصِيدًا كَأَن لَّمْ تَغْنَ بِالأَمْسِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٢٤)

وێنەی ژیانی دنیا ، کە سەرەتای جوانەو دوایی لەناوئەچێت ، وەك ئەوەیە کە باران ببارێنین‌و، بەو بارانە گژو گیای زەوی سەوز بێت‌و شاخ بکات و تێکەڵ بە یەك ببێت ، لەوەی کە بنیادەم‌و گیانلەبەر ئەیخۆن . جا کە زەوی بە سەوزی‌و بەرو بوومەوە خۆی بگرێت‌و ببووژێتەوەو ، وەك بووك بڕازێتەوەو هەموو جۆرە دانەوێڵەو بەرهەمێکی پێ بگات‌و خەڵك وابزانن ئیتر دەستیان لێی گیر ئەبێت‌و سوودی لێ وەرئەگرن ، لەپڕ فەرمانی ئێمە ڕووی تێ بکات ، بە سەرما ، یا بە تەرزە ، یا بە گڕی تیژ ، یا هەر دەردێکی‌ترو ، بە جۆرێ بنبڕی بکەین کە بڵێی دوێنێ هەر کشتوکاڵیش نەبوە. ئا بەم‌جۆرە ئایەت تەفصیل ئەدەین‌و ڕوونی ئەکەینەوە ، بۆ قەومێ کە تێفکرن‌و عەقڵ‌و هۆش بخەنە کار .

وَاللَّهُ يَدْعُواْ إِلَى دَارِ السَّلاَمِ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ(٢٥)

خودا بانگی خەڵك ئەکا بۆ بەهەشت کە جێی ئەمن‌و ئاسایشەو دوورە لە ناخۆشی . خودا بۆ هەرکەس کە خواستی لێ بێ شارەزای ئەکات بۆ ڕێگای ڕاست‌و ئەیخاتە سەر ئایینی ئیسلام‌و لە خودا ترسان کە دەیگەیەنێتە بەهەشت .

لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ وَلاَ يَرْهَقُ وُجُوهَهُمْ قَتَرٌ وَلاَ ذِلَّةٌ أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (٢٦)

بۆ ئەو کەسانەی چاکە ئەکەن‌و لە خودا ئەترسن پاداشی زۆر چاك هەیە

لەگــەڵ زیادەدا ، کــە گــەیشتنە بە لیقای خودای گەورەو ، لە ڕۆژی قیامەتدا تۆزو گەردی غەمو پەژارە ڕوخساریان داگیر ناکاتو سووکیو بێحورمەتییان بەسەردا نایێ . ئا ئەوانە خاوەنی بەهەشتنو هەتا هەتایە تیادا ئەمێننەوە .

وَالَّذِينَ كَسَبُواْ السَّيِّئَاتِ جَزَاءُ سَيِّئَةٍ بِمِثْلِهَا وَتَرْهَقُهُمْ ذِلَّةٌ مَّا لَهُم مِّنَ اللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ كَأَنَّمَا أُغْشِيَتْ وُجُوهُهُمْ قِطَعًا مِنَ اللَّيْلِ مُظْلِمًا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (٢٧)

ئـەو کـەسانـەیش کـردەوەی خـراپ ئـەکـەن پـاداشێکی خـراپـی بـەقەد خـراپەکـەیـان هـەیـەو ، سووکـیو بـێحـورمـەتی داگیریـان ئـەکـاتو کـەس نایانپارێزێ لە سزای خـودا . دەموچـاویـان ئـەوەنـدە ڕەشە ئەڵێی بە شەوی تاریك داپۆشراوە .ئـا ئـەوانـە ئـەهلی ئـاگری دۆزەخنو هـەتـا هـەتـایە تێیدا ئەمێننەوە .

وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُواْ مَكَانَكُمْ أَنتُمْ وَشُرَكَآؤُكُمْ فَزَيَّلْنَا بَيْنَهُمْ وَقَالَ شُرَكَآؤُهُم مَّا كُنتُمْ إِيَّانَا تَعْبُدُونَ (٢٨)

یـادی ئـەو ڕۆژە بکـە کە هەموو خەڵك کۆ ئەکەینەوە، دوای ئەوە بەوانە ئەڵێین کـە هـاوبـەشیان بـۆ خـودا دانـاوە : ئێوەو هـاوبەشەکانتان لە شوێنی خـۆتـانـدا ڕاوەستن ، ئـەنجا جیایی ئـەخەینە نێوانیانو پێوەندی لەنێوانیاندا ناهێڵین ، هاوبەشەکان لە کافرەکـان تـەبـەڕا ئـەبنو پێیان ئەڵێن :.ئێوە لە دنیادا ئێمەتان نەپەرستووەو ئێمە هەقمان نی‌یە بەسەرتانەوە !

فَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ إِن كُنَّا عَنْ عِبَادَتِكُمْ لَغَافِلِينَ(٢٩)

خــودا بـەسـە بـۆ شاهیدی لـە بـەینی ئێمـەو ئێوەدا ، بـەڕاستی ئێمـە ئاگامان لە عیبادەتی ئێوە نەبوە .

هُنَالِكَ تَبْلُواْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا أَسْلَفَتْ وَرُدُّواْ إِلَى اللَّهِ مَوْلاَهُمُ الْحَقِّ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ (٣٠)

ئا لەو کات و ساتەدا هەموو نەفسێ کردارەکانی دنیای تاقی ئەکاتەوەو ئەبینێ کامی قازانجی هەیە بۆی و کامی زیانی لێ ئەداو هەموو ئەگەڕێنەوە بۆ لای خودا کە سەرداری ڕاستەقینەیانەو پاداشی هەموو کردەوەکانیان ئەداتەوە . ئیتر ئەو هاوبەشە ساختانەیان لێ ون ئەبن کە لە دنیادا بە درۆ هەڵیانبەستبوون و بە هیچ جۆرێ فریایان ناکەون .

قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ والأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيَّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ فَقُلْ أَفَلاَ تَتَّقُونَ (٣١)

تۆ پێیان بڵێ : کێ لە ئاسمان و لە زەوییەوە ڕۆزی و ژیوارتان ئەداتێ؟ یا خۆ کێیە بتوانێ هێزی بیستن و بینین دروست بکات ؟ کێیە ئەژیێنێ و ئەمرێنێ ، یا کێیە گیانلەبەر لە نوتفە دروست ئەکات و نوتفە لە گیانلەبەر ؟ کێیە کاروباری ئەم کائیناتە هەڵئەسووڕێنێ؟ بێگومان ناتوانن ئینکار بکەن و ئەڵێن خودایە . جا تۆ پێیان بڵێ : کەواتە بۆ لە خودا ناترسن و بۆ هاوبەشی بۆ دائەنێن ؟ .

فَذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمُ الْحَقُّ فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلاَّ الضَّلاَلُ فَأَنَّى تُصْرَفُونَ (٣٢)

ئا ئەو خودایە کە تەدبیری هەموو کاروبارێ ئەکات ئەوەیە خوداو پەروەردگاری ڕاستەقینەی ئێوە . ئیتر پاش حەق و ڕاستی چی هەیە بێجگە ناڕاستی و گومڕاهی ؟ دە بۆچی لە ڕێی ڕاست لائەدەن و ڕێی گومڕاهی ئەگرن ،

لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئیددیعای خاوەنفامی ئەکەنو خۆتان بە ژیر ئەزانن ؟

كَذَلِكَ حَقَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ عَلَى الَّذِينَ فَسَقُواْ أَنَّهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ(٣٣)

وەك چۆن خودایەتی خودا ڕاستە وەها فەرموودەی هاتەدیو جێگیر بوو لەسەر ئەوانەی سوورن لەسەر کافری کە هەرگیز ئیمان ناهێننو شایانی سزای ئەبەدیی دواڕۆژن .

قُلْ هَلْ مِن شُرَكَائِكُم مَّن يَبْدَؤُاْ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ قُلِ اللَّهُ يَبْدَؤُاْ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ(٣٤)

پێیان بڵێ : ئەوانەی کە ئێوە بە هاوبەشی خودایان دائەنێن یەکێکیان هەیە بتوانێ یەکەم جار کائینات دروست بکاتو پاش لەناوبردن جارێکیتر دروستیان بکاتەوە ؟ ئەوان ناتوانن ئینکاری ڕاستی بکەن . تۆ پێیان بڵێ خودای بێشەریك لە سەرەتاوەو لە نەبوونەوە خەڵك دروست ئەکاتو پاش لەناوچوونیان سەرلەنوێ دروستیان ئەکاتەوە ، کەواتە ئێوە چۆن لە ڕێی ڕاست لائەدەنو ڕێگای چەوت ئەگرنەبەر ؟

قُلْ هَلْ مِن شُرَكَائِكُم مَّن يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ قُلِ اللَّهُ يَهْدِي لِلْحَقِّ أَفَمَن يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ أَحَقُّ أَن يُتَّبَعَ أَمَّن لاَّ يَهِدِّي إِلاَّ أَن يُهْدَى فَمَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ(٣٥)

پێیان بڵێ ئایا لەناو هاوبەشەکانی ئێوەدا یەکێکی وایان هەیە خەڵك شارەزا بکات بۆ لای حەق و حەقیقەت ؟ بێگومان ئەوان وەڵامیان نییە بیدەنەوە . جا تۆ بڵێ : هەر خودا هیدایەتی ئادەمزاد ئەدات بۆ لای حەق، هەروەها پێیان بڵێ : ئایا کەسێ هیدایەتی خەڵك بدات بۆ ڕێگای ڕاست شایانی ئەوەیە کە پەیڕەوی بکرێ و بەگوێی فەرمانی بکرێ یا کەسێکی وێڵی وەها کە

شارەزا نەبێ مەگەر یەکێ شارەزای بکات ؟ ئەوە چیتان لێ قەوماوەو چۆن بێ بیرکردنەوە حوکمی ناڕەوا ئەدەن ؟

وَمَا يَتَّبِعُ أَكْثَرُهُمْ إِلاَّ ظَنًّا إِنَّ الظَّنَّ لاَ يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ(٣٦)

بەشی زۆری ئەو کافرانە دوای گومان کەوتوون و هیچ بەڵگەیێکیان نی‌یە .گومان هیچ سوودێکی نی‌یە لەباتی حەق‌و خودا ئاگادارە لە کردەوەیان.

وَمَا كَانَ هَذَا الْقُرْآنُ أَنْ يُفْتَرَى مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلَكِنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ الْكِتَابِ لاَ رَيْبَ فِيهِ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ(٣٧)

ئەم قورئانە خاوەن فەصاحەت و بەلاغەت و ئەخباری غەیبە لەوانە نی‌یە لە خۆوە لەلایەن بنیادەمەوە هەڵبەسترێ ، بەڵکو فەرموودەی خودایەو موعجیزەیەو هۆی باوەڕکردنە بەو کتێبانەی لەپێش ئەودا نازڵ بوون ، وەك تەورات و ئینجیل ، هەروەها هۆی بەیان و تەفصیلی ئەو حوکمانەیە کە لەسەرتان نووسراون و گومان و شوبهەی تێدا نی‌یەو لای خودای پەروەردگاری هەموو جیهانەوە هاتووە .

أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُواْ بِسُورَةٍ مِّثْلِهِ وَادْعُواْ مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ(٣٨)

یا خۆ هەر سوورن لەسەر کوفرو ئەڵێن ئەم قورئانە موحەممەد خۆی هەڵیبەستووەو هی خودا نی‌یە ؟ بڵێ ئەگەر ڕاست ئەکەن قورئان وتاری ئادەمزادە دە ئێوە سوورەتێ وەك سوورەتەکانی بێنن و ، بۆ ئەم مەبەستە لە هەرکەس ئەتوانن داوای یارمەتی بکەن، بێجگە لە خودا ، ئەگەر ڕاست ئەکەن.

دیارە هەرچی بکەن ناتوانن ئەوە جێبەجێ بکەن‌و وێنەی سوورەتێکی

قورئان بێنن .

بَلْ كَذَّبُواْ بِمَا لَمْ يُحِيطُواْ بِعِلْمِهِ وَلَمَّا يَأْتِهِمْ تَأْوِيلُهُ كَذَلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الظَّالِمِينَ(٣٩)

نەخێر ئەم کافرانە زۆر نەزانن و ئینکاری قورئانێ ئەکەن کە ناتوانن لێی حاڵی ببن و ، هێشتا مەعناو نهێنییەکانی ڕوون نەبووەتەوە بۆیان. کافرەکانی پێش ئەمانیش هەر بەو جۆرە پێغەمبەرانیان بە درۆ ئەخستەوە . دە سەیر کە ئەنجام و دوارۆژی ستەمکاران چۆن بوو ؟

وَمِنْهُم مَّن يُؤْمِنُ بِهِ وَمِنْهُم مَّن لاَّ يُؤْمِنُ بِهِ وَرَبُّكَ أَعْلَمُ بِالْمُفْسِدِينَ(٤٠)

ئەوانەی ئینکاری قورئان ئەکەن هی وایان هەیە لە دڵی خۆیاندا ئیمانیان پێی هەیەو ئەزانن ڕاستە ، بەڵام لە ڕق و قیندا سەرپێچیێ ئەکەن و ئینکاری ئەکەن . هی وایشیان هەیە بەتەواوی بە دڵ و بە زمان ئیمانیان پێ نییە ، خوا لە هەمووکەس چاکتر ئاگای لە خراپەکاران هەیە .

وَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل لِّي عَمَلِي وَلَكُمْ عَمَلُكُمْ أَنتُمْ بَرِيئُونَ مِمَّا أَعْمَلُ وَأَنَا بَرِيءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ(٤١)

ئەگەر ئەو کافرانە هەروەها سوور بوون لەسەر باوەڕ پێنەکردنت ئەوا پێیان بڵێ من کردەوەی خۆم بۆ خۆم و ئێوەش کردەوەی خۆتان بۆ خۆتان. من دوورم لە پاداشی کردەوەی ئێوەو، ئێوەیش دوورن لە پاداشی کردەوەی من .

وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُونَ إِلَيْكَ أَفَأَنتَ تُسْمِعُ الصُّمَّ وَلَوْ كَانُواْ لاَ يَعْقِلُونَ(٤٢)

لەو کافرانە هی وا هەن لە کاتێکدا کە تۆ قورئان ئەخوێنی گوێ ڕائەگرن، بەڵام وەری ناگرن و باوەڕی پێ ناکەن ، وەك کەڕ بن و هیچ نەبیسن ، ئایا تۆ ئەتوانی بنیادەمی کەڕی بێهۆش و فام شنەوا بکەی ؟

وَمِنْهُم مَّنْ يَنظُرُ إِلَيْكَ أَفَأَنْتَ تَهْدِي الْعُمْيَ وَلَوْ كَانُواْ لاَ يُبْصِرُونَ(٤٣)

لەو کافرانە هی وایش هەن سەیرت ئەکەن و نیشانەو بەڵگەی پێغەمبەریت تێدا ئەبینن ، بەڵام لەبەر سەرکەشی باوەڕت پێ ناکەن و ئیمانت پێ ناهێنن . ئەوانە لە عاستی ڕاستیدا کوێرن ، ئایا تۆ ئەتوانی کوێر هیدایەت بدەی کە سەرەڕای کوێرییەکەی دڵیشی ڕووناك نەبێ ؟

إِنَّ اللَّهَ لاَ يَظْلِمُ النَّاسَ شَيْئًا وَلَكِنَّ النَّاسَ أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ(٤٤)

بێ گومان خودا بە هیچ ئەندازەیێ ستەم لە خەڵك ناکات ، خەڵکی خۆیان ستەم لە خۆیان ئەکەن کە تێنافکرن و خۆیان لەعاستی ڕاستی کوێر ئەکەن و ڕێگای چەوت ئەگرن .

وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ كَأَن لَّمْ يَلْبَثُواْ إِلاَّ سَاعَةً مِّنَ النَّهَارِ يَتَعَارَفُونَ بَيْنَهُمْ قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَاءِ اللَّهِ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ(٤٥)

لەو ڕۆژەدا کە لەپاش مردن خودا زیندوویان ئەکاتەوەو کۆیان ئەکاتەوە بۆ حیساب و کیتاب ، لە ترس و سامی ئەوڕۆژەدا وائەزانن تەنها سەعاتێك نەبێ لەدنیادا نەماونەتەوە ، یەکتر ئەناسن ، وەك پێش ماوەیێکی زۆر کەم یەکتریان دیبێ . ئا لەو کاتەدا تێئەگەن کە بەڕاستی ئەوانەی لە دنیادا باوەڕیان بە زیندووبوونەوەو بەخوداگەیشتن نەبووە زەرەرمەندو ڕەنج بەخەسارن و شارەزای ڕێی ڕاست نەبوون .

وَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ اللَّهُ شَهِيدٌ عَلَى مَا يَفْعَلُونَ(٤٦)

ئەگەر هەندێ لەو سزایانەت پیشاندەین کە بەڵێنمان داوە کافرەکانی پێ سزا بدەین، وەك شكستیان لە غەزای بەدردا، یا بتمرێنین و، لەدنیادا نەیبینی، ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا بە چاوی خۆت ئەیبینی، چونکە هەموویان سەرەنجامیان لای ئێمەیەو، خودا لە هەموو کردەوەیان ئاگادارەو تۆڵەیان لێ ئەسێنێتەوە.

وَلِكُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولٌ فَإِذَا جَاءَ رَسُولُهُمْ قُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ(٤٧)

هەر ئوممەتێ لە ئوممەتانی پێش ئێوە پێغەمبەرێکیان بووە تا بانگیان بکات بۆ خوداپەرستی. جا کە پێغەمبەرەکەیان هات و ئاگاداری کردن و نامەکەی پێ گەیاندن ئیتر گلەیی خۆیان لەسەر خۆیان و، لە ڕۆژی قیامەتدا بە داد حوکم ئەکرێ لەنێوانیاندا، ئەوانەیان باوەڕیان بە پێغەمبەرەکەیان کردووە پاداشی کرداری چاکی خۆیان وەرئەگرن، ئەوانەیشان باوەڕیان پێ نەکردوون تۆڵەی تاوانیان لێ ئەکرێتەوە. لە ڕۆژی قیامەتدا هەر داد هەیەو کەس ستەمی لێ ناکرێ.

وَيَقُولُونَ مَتَى هَذَا الْوَعْدُ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ(٤٨)

بە سەرکەشی و گاڵتەکردنەوە ئەڵێن: ئەگەر ڕاست ئەکەن ئەم بەڵێنی ڕۆژی حیساب و کیتاب و پاداشە کەی دێتەدی؟

قُل لاَّ أَمْلِكُ لِنَفْسِي ضَرًّا وَلاَ نَفْعًا إِلاَّ مَا شَاءَ اللَّهُ لِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ إِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ فَلاَ يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلاَ يَسْتَقْدِمُونَ(٤٩)

تـۆ پێیان بـڵـێ : من نە ئەتوانم زیانێ لە خۆم لادەم و نە ئەتوانم قازانجێ بە خـۆم بگـەیێنم ، خـودا مـەیلی لـەسەر شتێ نـەبێ هیچم پێ نـاکرێ. هەر ئوممەتێ ئاکامێکی تایبەتیی هەیە،کە ئاکامیان هات نە سەعاتێ دوا ئەخرێن و نە سەعاتێ پیش ئەخرێن .

قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُهُ بَيَاتًا أَوْ نَهَارًا مَّاذَا يَسْتَعْجِلُ مِنْهُ الْمُجْرِمُونَ(٥٠)

بـڵـێ: پێم بڵێن ئـەگـەر سزای خـودا بـە شـەوا بێت بـۆتـان یا بـە ڕۆژا ، تاوانباران پەلەی چییانە ؟سزا هەر سزایە زوو بێ یا درەنگ،شەو بێ یا ڕۆژ؟ ! .

أَثُمَّ إِذَا مَا وَقَعَ آمَنْتُمْ بِهِ أَآلآنَ وَقَدْ كُنْتُمْ بِهِ تَسْتَعْجِلُونَ(٥١)

ئایا پاش ئەوە کە سزاکە هات ئیمانی پێ ئەهێنن ؟ ئا ئێستە ئیمانی پێ ئەهێنن کە وەختی خۆی بەگاڵتەوە پەلەتان ئەکردو ئەتانوت کوا کەی دێ ؟

ثُمَّ قِيلَ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ ذُوقُواْ عَذَابَ الْخُلْدِ هَلْ تُجْزَوْنَ إِلاَّ بِمَا كُنْتُمْ تَكْسِبُونَ(٥٢)

لـە پاشاندا وتـرا بـەوانە کە تاوانیان کردبوو : دە بچێژن سزای نەبڕاوەی ئەبەدی . ئایا بێجگە کردەوەی بەدی خۆتـان هیچ پاداشێکتان ئەدرێتەوە ؟

وَيَسْتَنْبِئُونَكَ أَحَقٌّ هُوَ قُلْ إِي وَرَبِّي إِنَّهُ لَحَقٌّ وَمَا أَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ(٥٣)

لێت ئـەپـرسن ئـەڵێن ئـایا ئەم ئیدیعای پێغەمبەرییەت ڕاستە ، یا ئەم قـورئـانـە ڕاستە ، یـا ئـەم هـەڕەشـەیـە ڕاسـتـە ؟ بـڵـێ : بـەڵێ قەسەم بە خودا ڕاستەو، ئێوە هەرگیز ناتوانن لە دەست سزای خودا ڕزگار بن .

وَلَوْ أَنَّ لِكُلِّ نَفْسٍ ظَلَمَتْ مَا فِي الْأَرْضِ لَافْتَدَتْ بِهِ وَأَسَرُّواْ

النَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُاْ الْعَذَابَ وَقُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ(٥٤)

هەموو ئەوانەی لە دنیادا ستەمیان کردووە، کە لە ڕۆژی قیامەتا لەلایەن خواوە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە حوکم ئەکرێ لەنێوانیاناو کەس ستەمی لێ ناکرێو، سزای خوا بە چاوی خۆیان ئەبینن و ئەیچێژن و پەشیمانیو ئاخوداخ ئەپەسێننە دڵیان، ئەگەر هەرچی دارایی و سامانی دنیا هەیە موڵکی ئەوان بێ، لەپێناوی ڕزگاربوونی خۆیانا لەو سزایە هەمووی ئەبەخشن.

أَلاَ إِنَّ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَلاَ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ(٥٥)

بێگومان هەرچی لە ئاسمانەکانو لە زەویدا هەیە هەمووی موڵکی خودایە. ئاگادار بن بەڵێنو قسەی خودا ڕاستە، بەلاّم زۆرتری خەڵك نازانن و فکرو هۆشیان کەموکورتە.

هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ(٥٦)

هەر خودای دەستەلاّتدارە مردوو زیندوو ئەکاتەوەو زیندوو ئەمرێنێو، هەمووتان بۆ لای ئەو ئەگەڕێنەوە.

يَاأَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَاءٌ لِّمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ(٥٧)

ئەی خەڵکینە! بەڕاستی قورئانێکتان بۆ هاتووە پڕیەتی لە ئامۆژگاریو، ڕێگای ڕاستتان پیشان ئەدات بۆ قازانجی دینو دنیاتان، ئەمرتان پێ ئەکا بە چاکەو نەهیتان ئەکا لە خراپە، کە ئەمانە هەموو شیفای دڵو دەروونن و، لە گومانو بیروباوەڕی خراپ پاکتان ئەکەنەوە. ئەو قورئانە

هۆی شارەزایی‌و ڕەحمەتە بۆ خاوەن باوەڕە دیندارەکان .

قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُواْ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ(٥٨)

با بە نەوازش‌و میهرەبانیی خودا دڵخۆش بن ، با بەوە دڵخۆش بن . ڕەحمەتی خودا زۆر چاکترە لەو سامان‌و داراییە کە کۆی ئەکەنەوە . ڕەحمەتی خودا بەردەوام‌و نەبڕاوەیەو سامانی دنیا بێ‌بەقایە .

قُلْ أَرَأَيْتُم مَّا أَنْزَلَ اللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلاَلاً قُلْ ءآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى اللَّهِ تَفْتَرُونَ(٥٩)

پێم بڵێن ئەو ڕزق‌و ڕۆزییەی خودا بۆی ناردوون‌و هەندێکیتان حەلاڵ کردووەو هەندێکیتان حەرام کردووە ، ئایا خودا ڕێگای داون هەندێکی حەلاڵ‌و هەندێکی حەرام بکەن ، یا خۆتان لەخۆتانەوە بە دەم خوداوە هەڵتانبەستووە کە خودا شتی وەهای نەفەرمووە .

وَمَا ظَنُّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَشْكُرُونَ(٦٠)

ئەوانەی تاوانی گەورەی وەها ئەکەن‌و درۆ بەدەم خوداوە هەڵئەبەستن، دەربارەی دۆزەخ گومانیان چی‌یە ؟ ئایا وا ئەزانن نایگەنێ‌و نایبینن ؟ خودا چاکەی زۆرە بەسەر خەڵکەوە ، هۆش‌و فامی پێ داون‌و پێغەمبەری بۆ ناردوون‌و ڕێگای چاکەو خراپەی بۆ ڕوون کردوونەتەوە ، بەلام زۆرتری خەڵك شوکرانەبژێری نیعمەتەکانی خودا نین.

وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ وَمَا تَتْلُواْ مِنْهُ مِنْ قُرْآنٍ وَلاَ تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلاَّ كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ وَمَا يَعْزُبُ عَنْ رَبِّكَ مِن

مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلاَ فِي السَّمَاءِ وَلاَ أَصْغَرَ مِن ذَلِكَ وَلاَ أَكْبَرَ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ(٦١)

خەریکی هەر شتێ ببیو لە هەر حاڵێکدا بیو هەر ئایەتێ لە قورئان بخوێنیتەوەو ، هەر کردەوێ بکەن ، ئێمە ئاگادارین کە خەریکی ئەبنو سەرگەرمی ئەبن ، هەرگیز بەقەدەر تۆزقاڵێ لە زەویو لە ئاسماندا لە خودای تۆ ون نابێ . هەرچی هەبێ لە تۆزقاڵ گەورەتر یا بچووکتر هەمووی لە (لوح المحفوظ) دایە .

أَلا إِنَّ أَوْلِيَاء اللّهِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ(٦٢)

بەڕاستی ئەوانەی دۆستی خودان و بێ گوێیی خودا ناکەنو ئەویش پایەی بەرز کردوونەتەوە ، هەرگیز لەوە ناترسن زیانێکیان تۆش ببیو غەمو پەژارەی ئەوە ناخۆن کە داخوازییەکیان لەکیس چووە .

الَّذِينَ آمَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ(٦٣)

دۆستەکانی خودا ئەوانەن کە بەڕاستیو لە ناخی دڵەوەباوەڕیان بە خوداو پێغەمبەر هەیەو خۆیان لە هەموو کارێکی ناڕەواو ناشەرعی ئەپارێزنو لە سزای خودا ئەترسن .

لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ لاَ تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ(٦٤)

ئەمانە لە دنیادا قورئانو پێغەمبەر موژدەی سەرفرازییان ئەدەنێو ، لە قیامەتیشدا فریشتەکان بە موژدەوە بەپیریانەوە دێن. ئەمە فەرموودەو بڕیاری خودایەو ، فەرموودەی خودایش هەرگیز ناگۆڕێ . ئا ئەوەیە سەرکەوتنو سەرفرازیی مەزن .

وَلاَ يَحْزُنْكَ قَوْلُهُمْ إِنَّ الْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ(٦٥)

با تانەو تەشەری کافرەکان دڵت عاجز نەکات ، بەڕاستی گەورەیی و دەستەڵات هەمووی هیی خودایە. خودا شنەواو زانایەو ئاگای لە کردەوەیانەو تۆڵەیان لیٚ ئەسێنێتەوە .

أَلاَ إِنَّ لِلَّهِ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ وَمَا يَتَّبِعُ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ شُرَكَاءَ إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلاَّ يَخْرُصُونَ(٦٦)

بیٚگومان ئەوانەی لە ئاسمانەکان و لە زەویدان چ بنیادەم و چ فریشتە هەموو موڵك و بەندەی خودان و شایانی ئەوە نین ببنە هاوبەشی خودا . ئەوانە کە غەیری خودا ئەپەرستن دوای هاوبەشی ڕاستەقینە نەکەوتوون ، چونکە هاوبەشی ڕاستەقینە بۆ خودا نییە . ئەو کافرانە تەنها دوای گومان کەوتوون و درۆزنن کە ئەڵێن خودا هاوبەشی هەیە .

هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَالنَّهَارَ مُبْصِرًا إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَسْمَعُونَ(٦٧)

خودا ئەو خودایە کە شەوی بۆ دروست کردوون تیایا ئارام بگرن و بحەسێنەوەو ، ڕۆژیشی بۆ دروست کردوون کە هۆی بینین و بەرچاو ڕوونیتانە . بیٚگومان لە دروست کردنی ئەم شەوو ڕۆژەدا چەندین بەڵگەو نیشانەییٚ هەیە دەلالەت لە گەورەیی و دەستەڵاتی خودا ئەکەن لای ئەو کەسانە کە حەق ئەبیسن و خۆیان کەڕ ناکەن .

قَالُوا اتَّخَذَ اللَّهُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ هُوَ الْغَنِيُّ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ إِنْ عِنْدَكُمْ مِنْ سُلْطَانٍ بِهَذَا أَتَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لاَ

تَعْلَمُونَ(٦٨)

موشریکەکان ئەڵێن خودا کوڕی بۆ خۆی بڕیار داوەو، فریشتەی کردوە بە ئەولادی خۆی ! خودا پاك و بێخەوشەو دوورە لەم جۆرە كارانە ، خودا بێنیازە بە خەڵك و موحتاجی کەس نییە ، خودا دەوڵەمەندەو هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیە موڵکی خودایە .ئێوە دەلیلێکتان لەسەر ئەم قسە بێجێیە نییە . ئایا ڕەوایە شتێ دەربارەی خودا بڵێن کە خۆتان هیچی لێ نازانن ؟

قُلْ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لاَ يُفْلِحُونَ(٦٩)

تۆ بڵێ : ئەو کەسانەی درۆ بۆ خودا هەڵئەبەستن و ئەڵێن خودا ئەولادی بۆ خۆی بڕیار داوە، هەرگیز سەرفرازو سەرکەوتوو نابن .

مَتَاعٌ فِي الدُّنْيَا ثُمَّ إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ ثُمَّ نُذِيقُهُمُ الْعَذَابَ الشَّدِيدَ بِمَا كَانُواْ يَكْفُرُونَ(٧٠)

ژیانیان لە دنیادا ڕابواردنێکی کەم و ناپایەدارە ، پاشان بۆ لای ئێمە دێنەوەو، سەرەنجامیان لای ئێمەیەو ، بەرامبەر بەو کوفرو درۆهەڵبەستن و کردارە بەدانە کە کردوویانن سزاییێکی سەختیان ئەدەین و تۆڵەی بەرودوایان لێ ئەسێنینەوە .

وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ نُوحٍ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ يَاقَوْمِ إِنْ كَانَ كَبُرَ عَلَيْكُم مَّقَامِي وَتَذْكِيرِي بِآيَاتِ اللَّهِ فَعَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْتُ فَأَجْمِعُواْ أَمْرَكُمْ وَشُرَكَاءَكُمْ ثُمَّ لاَ يَكُنْ أَمْرُكُمْ عَلَيْكُمْ غُمَّةً ثُمَّ اقْضُواْ إِلَيَّ وَلاَ تُنْظِرُونَ(٧١)

دەنگو باسی نووحیان بەسەرا بخوێنەوە کە وتی بە قەومەکەی: ئەی

قەومینە ! ئەگەر زەحمەتو گرانە لەسەرتان من لە ناوتاندا بمو بە ئایەتەکانی خودا ئامۆژگاریتان بکەم ، ئەوا من پشت بە خودای خۆم ئەبەستم ، ئێوەیش هەموو مەکرو هیممەتی خۆتان ئامادە بکەن خۆتانو ئەوانەی بە شەریکی خوداتان داناون ، هەروەها هەرچیتان ئەوێ کە دژی من بیکەن با ئاشکرا بێو شاراوە نەبێ ، ئەنجا دەست بدەنە کارەکەو هیچ مۆڵەتی من مەدەن .

فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَمَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى اللَّهِ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ(٧٢)

جا ئەگەر پشتتان لە ئایین هەڵکردو سەرپێچیتان کرد ، ئەوە کەیفی خۆتانە ، خۆ من داوای هیچ پاداشێکم لە ئێوە نەکردووە . پاداشی من لەسەر خودایە . من ئەمرم پێ کراوە ئیتاعەی خودا بکەمو لە کۆمەڵی موسوڵمانان بم.

فَكَذَّبُوهُ فَنَجَّيْنَاهُ وَمَن مَّعَهُ فِي الْفُلْكِ وَجَعَلْنَاهُمْ خَلاَئِفَ وَأَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُنْذَرِينَ(٧٣)

جا ئەوانیش نووحیان بە درۆزن داناو باوەڕیان پێ نەکرد ، ئەوەبوو ئێمەیش نووحمان ڕزگار کرد لە کەشتیدا لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵیا بوونو باوەڕیان پێ کردبوو ، ئەوانەمان کردن بە خاوەن جێگاو جێنشین لە زەویداو ، ئەوانەیش کە نووحیان بە درۆزن دائەناو باوەڕیان بە ئایەتەکانمان نەئەکرد هەموویانمان خنکاندن. دە سەیر بکە ئەنجامی ئەوانە کە لە سزای خودا ترسێنرانو سەرپێچییان کرد چی بووو چۆن لە ناوبران ؟

ثُمَّ بَعَثْنَا مِنْ بَعْدِهِ رُسُلاً إِلَى قَوْمِهِمْ فَجَاءُوهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا كَانُواْ لِيُؤْمِنُواْ بِمَا كَذَّبُواْ بِهِ مِنْ قَبْلُ كَذَلِكَ نَطْبَعُ عَلَى قُلُوبِ الْمُعْتَدِينَ(٧٤)

لەپاش نووح چەند پێغەمبەرێکمان نارد بۆ سەر قەومەکانیان ، هوود بۆ

سەر عاد ، صالح بۆ سەر ثەموود ، ئیبراهیم بۆ سەر نەمروودو ، هەموو ئەو پێغەمبەرانە موعجیزەیان هێنابوو بۆیان ، بەلاَم قەومەکانیان ئیمانیان پێ نەهێنان چونکە لەوە پێشتر خوویان بە کوفرو بێباوەڕییەوە گرتبوو . ئاوەها دڵی دەستدرێژیکەران مۆر ئەکەین ، چونکە خۆیان بێباوەڕو سەرکەشن .

ثُمَّ بَعَثْنَا مِنْ بَعْدِهِم مُّوسَى وَهَارُونَ إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ بِآيَاتِنَا فَاسْتَكْبَرُواْ وَكَانُواْ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ(٧٥)

پاش ئەوانیش مووساو هاروونمان نارد بۆ لای فیرعەون و کۆمەڵەکەی لەگەڵ ئایەت و موعجیزەکانماندا . ئەوانیش ، واتە فیرعەون و کۆمەڵەکەی ، خۆیان بە گەورە داناو باوەڕیان بە مووساو هاروون نەکردو ، کۆمەڵێکی تاوانبار بوون .

فَلَمَّا جَاءَهُمُ الْحَقُّ مِنْ عِنْدِنَا قَالُواْ إِنَّ هَذَا لَسِحْرٌ مُّبِينٌ(٧٦)

کە لەلایەن ئێمەوە حەقیان بۆ هات و ، بە موعجیزە بۆیان دەرکەوت کە ڕاستە ، سەرپێچییان کردو ئیمانیان پێ نەهێناو ئەیانوت ئەمە هیچ نییە جادوویێکی ئاشکرا نەبێ !

قَالَ مُوسَى أَتَقُولُونَ لِلْحَقِّ لَمَّا جَاءَكُمْ أَسِحْرٌ هَذَا وَلاَ يُفْلِحُ السَّاحِرُونَ(٧٧)

جا مووسا وتی : ئایا ئێوە کە موعجیزەی خودایی هاتە لاتان پێی ئەڵێن : ئایا ئەمە سیحرو جادووە کە جادووگەرانیش هەرگیز سەرناکەون ؟ !

قَالُواْ أَجِئْتَنَا لِتَلْفِتَنَا عَمَّا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا وَتَكُونَ لَكُمَا الْكِبْرِيَاءُ فِي الْأَرْضِ وَمَا نَحْنُ لَكُمَا بِمُؤْمِنِينَ(٧٨)

فیرعەون و دەستەو دائیرەکەی بە مووسایان وت : ئایا تۆ بۆ ئەوە هاتووی

بۆ لامان لەو ڕێو شوێنو یاسای عیبادەتە هەڵمانگەڕێنیتەوە کە باوکو باپیری خۆمانمان لەسەر دیوە ، تا ئێمە بێ دەستەڵاتو بێ هێز ببینو گەورەیی و دەستەڵات لە سەرزەویدا بۆ ئێوە بێت ؟ هەرگیز شتی وەها نابێتو ئێمە ئیمانتان پێ ناهێنین .

وَقَالَ فِرْعَوْنُ ائْتُونِي بِكُلِّ سَاحِرٍ عَلِيمٍ(٧٩)

جا فیرعەون بە مەئموورەکانی وت : هەرچی جادووگەری زاناو وریا هەیە بۆم حازرکەن .

فَلَمَّا جَاءَ السَّحَرَةُ قَالَ لَهُم مُّوسَى أَلْقُواْ مَا أَنْتُم مُّلْقُونَ(٨٠)

کە جادووگەرەکانی فیرعەون هاتن مووسا پێیوتن : کاری خۆتان لەپێشدا بنوێننو چیتان پێیە پیشانی خەڵکی بدەن .

فَلَمَّا أَلْقَوْاْ قَالَ مُوسَى مَا جِئْتُمْ بِهِ السِّحْرُ إِنَّ اللَّهَ سَيُبْطِلُهُ إِنَّ اللَّهَ لاَيُصْلِحُ عَمَلَ الْمُفْسِدِينَ(٨١)

کاتێ کە جادووگەرەکان شتی خۆیان فڕێدا مووسا پێی وتن : ئەوەی ئێوە هێناوتانە جادوویەو بێگومان خودا بەتاڵی ئەکاتەوە ، خودا کاری بەدکاران ڕێکناخات .

وَيُحِقُّ اللَّهُ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُجْرِمُونَ(٨٢)

خودا بە ئەمرو فەرمانی خۆی حەقو ڕاستی جێگیر ئەکات ، ئەگەرچی تاوانباران پێیان ناخۆش بێو بە دڵیان نەبێ .

فَمَا آمَنَ لِمُوسَى إِلاَّ ذُرِّيَّةٌ مِّنْ قَوْمِهِ عَلَى خَوْفٍ مِّنْ فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِمْ أَنْ يَفْتِنَهُمْ وَإِنَّ فِرْعَوْنَ لَعَالٍ فِي الْأَرْضِ وَإِنَّهُ لَمِنَ الْمُسْرِفِينَ(٨٣)

پاش دەرکەوتنی موعجیزە کەس ئیمانی بە مووسا نەهێنا ، چەند نەوەیێکی قەومەکەی خۆی نەبێ ، کە ئیمانیان پێ هێناو ، ئەیشترسان لە فیرعەون و دەستەو بەستەکەی کە سزایان بدەن . فیرعەون دەستەلاتدار بوو لە سەرزەوی و ، زیاد لە ئەندازە خۆی بە گەورە ئەزانی ، تەنانەت ئیدیعای خودایەتیی ئەکرد .

وَقَالَ مُوسَى يَاقَوْمِ إِنْ كُنْتُمْ آمَنْتُمْ بِاللَّهِ فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُم مُّسْلِمِينَ(٨٤)

مووسا وتی بە قەومەکەی : ئەی قەومینە ! ئێوە ئەگەر باوەڕتان بە خودا هەیەو ، ڕازین بە فەرمانی و ملکەچن بۆ حوکمی ، پشت بەخودا ببەستن و بڕواتان تەنها بەو بێ .

فَقَالُوا عَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْنَا رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ(٨٥)

ئەوانیش وتیان پشتمان بە خودا بەستو تەنها ئەو بە پشتوپەنا دائەنێین . خودایا مەمانخەرە ژێر دەستی خودانەناسان و تاوانباران کە تووشی سزاو ئاژاوەمان بکەن .

وَنَجِّنَا بِرَحْمَتِكَ مِنَ الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ(٨٦)

بە لوتف و میهرەبانیی خۆت لە زۆرو ستەمی کافران ڕزگارمان بکە .

وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى وَأَخِيهِ أَنْ تَبَوَّءَا لِقَوْمِكُمَا بِمِصْرَ بُيُوتًا وَاجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قِبْلَةً وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ(٨٧)

وەحیمان بۆ مووساو هاروونی برای کرد کە خۆتان و کۆمەڵەکەتان لە شاری میصر نیشتەجێ بن و ، خانووەکانتان بکەنە جێگای نوێژو خوداپەرستی ، نوێژیان تێدا بکەن و ڕوویکەنە قیبلە ، واتە کەعبە . موژدەیش بە خاوەن

باوەڕەکان بدە کە لە دنیادا سەرئەکەون و لە قیامەتیشدا جێگایان بەهەشتی بەرینە .

وَقَالَ مُوسَى رَبَّنَا إِنَّكَ آتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلأَهُ زِينَةً وَأَمْوَالاً فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّواْ عَنْ سَبِيلِكَ رَبَّنَا اطْمِسْ عَلَى أَمْوَالِهِمْ وَاشْدُدْ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَلاَ يُؤْمِنُواْ حَتَّى يَرَوُاْ الْعَذَابَ الأَلِيمَ(٨٨)

مووسا لە خودا پاڕایەوە وتی : خودایا تۆ جوانیو نومایش و ئەسبابی سەربەرزیی دنیات داوە بە فیرعەون و دەستەو بەستەکەی ، ئەوانیش خەڵك گومڕاە ئەکەن و لە ڕێگای تۆیان لائەدەن .خودایا سامان و دارایییان لەناوبەرەو دڵیان مۆر بکە ، بۆئەوەی ئیمان نەهێنن تا سزای سەخت ئەبینن .

قَالَ قَدْ أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا فَاسْتَقِيمَا وَلاَ تَتَّبِعَانِّ سَبِيلَ الَّذِينَ لاَ يَعْلَمُونَ(٨٩)

خودا فەرمووی بەڕاستی دوعاکەتان قبووڵ کرا . ئێوە لەسەر بەگوێکردنی فەرمانی خودا بەردەوام بن و مەکەونە شوێن ڕێگای ئەوانەی نەزانن .

وَجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَائِيلَ الْبَحْرَ فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ وَجُنُودُهُ بَغْيًا وَعَدْوًا حَتَّى إِذَا أَدْرَكَهُ الْغَرَقُ قَالَ آمَنتُ أَنَّهُ لا إِلَهَ إِلاَّ الَّذِي آمَنَتْ بِهِ بَنُواْ إِسْرَائِيلَ وَأَنَاْ مِنَ الْمُسْلِمِينَ(٩٠)

ئەنجا بەنی ئیسرائیلمان لە دەریا پەڕاندەوەو بە سەلامەت گەیشتنە قەراخ دەریاو، فیرعەون و لەشکرەکەی ستەمکارانە بە ڕاکردن دوایان کەوتن تا گەیشتنە ڕادەیێك خەریك بوو فیرعەون لە نیلدا ئەخنکا ، ئەنجا وتی باوەڕم هێنا کە هێچ خودایێ نییە بەڕاستی عیبادەتی بۆ بکرێ ئەو خودایە نەبێ کە بەنی ئیسرائیل باوەڕیان پێ هێناوەو ، منیش لە موسوڵمانانم .

أَآلآنَ وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وَكُنْتَ مِنْ الْمُفْسِدِينَ(٩١)

جا خودا فەرمووی : ئا ئێستە باوەڕ ئەکەیت و ئیمان ئەهێنی کە تۆ لەمەوپێش سەرپێچیت ئەکردو لە زومرەی بەدکرداران بووی ؟

فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ(٩٢)

ئەمرۆ لاشەکەت بە بێگیان لە نقومبوون ڕزگار ئەکەین و ئەیخەینە سەر ئاوو وەك کۆمەڵەکەت لە بنی دەریادا ناتهێڵینەوە، تا خەڵك بە خنکاوی بتبینن و، ببیتە پەندو عیبرەت بۆ ئەوانەی لەپاش تۆ دێن و، بزانن ئەنجامی ستەمکار نەمان و لەناوچوونە . بێگومان زۆر کەس لە ئایەتەکانی ئێمە بێ ئاگان و تێیان نافکرن .

وَلَقَدْ بَوَّأْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ مُبَوَّأَ صِدْقٍ وَرَزَقْنَاهُمْ مِّنَ الطَّيِّبَاتِ فَمَا اخْتَلَفُواْ حَتَّى جَاءَهُمْ الْعِلْمُ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ(٩٣)

لەپاش خنکانی فیرعەون بەنیئیسرائیلمان لە نیشتمانێکی باش و پەسەندا دامەزراندو، ڕزق و ڕۆزیی پاك و پوختمان پێ دان . لە کاروباری ئاییننیاندا جیاوازی نەکەوتە ناویان ئیللا پاش خوێندنەوەی تەورات و زانینی حوکمەکانی . بێ گومان خودا لە ڕۆژی قیامەتدا دەربارەی ئەو شتانەی کە ئیختیلافیان تێدا هەبوو حوکم لە بەینیاندا ئەکات و ڕاست و چەوتیان لێك جوێئەکاتەوەو هەرکەس حەقی خۆی ئەداتێ .

فَإِن كُنتَ فِي شَكٍّ مِّمَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ فَاسْأَلِ الَّذِينَ يَقْرَءُونَ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكَ لَقَدْ جَاءَكَ الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ(٩٤)

تۆ ئەگەر لە ڕاستیی ئەو قورئانـــەی بۆمـــان ناردوویت گومانێکت هەیە بڕۆ لەوانە بپرسە کـــە پێش تۆ تەوراتیان خوێندووەتەوە، لە تەوراتەکەی ئەواندا باسی ڕاستیی ئەم قورئانە هەیە .بێگومان تۆ حەقت لـــەلایەن خودای خۆتەوە بۆ هاتووەو جێی گومان نی‌یە ، کەواتە ڕاڕاو دوودڵ مەبە .

وَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِ اللَّهِ فَتَكُونَ مِنَ الْخَاسِرِينَ(٩٥)

هەرگیز لەوانە مـــەبـــە کـــە ئایەتەکانی خودا بە درۆ ئەخەنەوە تا بچیتە زومرەی زەرەرمەندانەوە .

إِنَّ الَّذِينَ حَقَّتْ عَلَيْهِمْ كَلِمَتُ رَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ(٩٦)

ئەوانەی بەهۆی کوفرو کردەوەی بەدیانەوە لە عیلمی خودادا بڕاوەتەوە بە کافری ئەمرن ، هەرگیز ئیمان ناهێنن .

وَلَوْ جَاءتْهُمْ كُلُّ آيَةٍ حَتَّى يَرَوُاْ الْعَذَابَ الأَلِيمَ(٩٧)

ئـــەوانـــە ئیمان ناهێنن ئەگەرچی هەرچی ئایەت‌و موعجیزەی خودایە بە چاو ببینن . ئیمان ناهێنن تا بەچاوی خۆیان سزای سەخت ئەبینن ، دیارە لەو وەختەیشدا ئیمان بەکەڵك نایەت .

فَلَوْلاَ كَانَتْ قَرْيَـــةٌ آمَنَتْ فَنَفَعَهَا إِيمَانُهَا إِلاَّ قَوْمَ يُونُسَ لَمَّا آمَنُواْ كَشَفْنَا عَنْهُمْ عَذَابَ الْخِزْيِ فِي الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَمَتَّعْنَاهُمْ إِلَى حِينٍ(٩٨)

بۆ خـــەڵکی گـــونـــدێ لـــەو گوندانەی بەهۆی بێئیمانییانەوە نوغرۆمان کـــردن، بەرلەوەی سزاو غەزەبی خوا بە چاوی خۆیان ببینن ، ئیمانیان نەهێنا تـــا ئیمـــان هێنانـــەکـــەیـــان بـــەکەڵکیان بێ ؟ بەڵام قەومی یوونس (د.خ) کە نیشانـــەی سزایـــان دی پێش هـــاتنەکەی ئیمانیان هێنا . جا کە ئیمانیان هێنا سزامان لێ لادان ، ئەو سزایەی بۆیان ئەبوو بە مـــایـــەی سەرشۆڕی لە دنیادا .

دواییش تا ڕۆژی ئاکامیان ڕزق و ڕۆزیو نازو نیعمەتمان پیّدان .

وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لآمَنَ مَنْ فِي الأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ(٩٩)

ئەگەر خودا بیویستایە هەموو ئەهلی سەر زەوی ئیمانیان ئەهێناو تاقیان لیّ دەرنەئەچوو کە بێئیمان بیّ ، بەلاّم خودا خواستی ئەوەی نەبوو کەواتە نابیّ . ئایا تۆ بەزۆر ئەتەویّ هەموو خەلّك موسولّمان بکەی ؟

وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تُؤْمِنَ إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ وَيَجْعَلُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لاَ يَعْقِلُونَ(١٠٠)

بۆ هیچ نەفسیّ نییە ئیمان بێنیّ بە خواستی خوداو تەوفیقی ئەو نەبیّ ، ئێمە سزاو سەرشۆڕی بەسەر ئەوانەدا ئەدەین کە نافامن و هۆشیان ناخەنە کارو، بیر لە گەورەییو دەستەلاّتی خودا ناکەنەوە .

قُلِ انْظُرُواْ مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا تُغْنِي الآيَاتُ وَالنُّذُرُ عَنْ قَوْمٍ لاَّ يُؤْمِنُونَ(١٠١)

تۆ بلّیّ بەو کافرانە : سەیرکەن چی لە ئاسمانەکانو لە زەویدا هەیە لەو شتانەی کە دەلیلو بەلگەن لەسەر بوونی خوداو دەستەلاّتی ؟ بەلاّم موعجیزەو ترساندن سوودی نی یە بۆ قەومی بیّئیمان .

فَهَلْ يَنْتَظِرُونَ إِلاَّ مِثْلَ أَيَّامِ الَّذِينَ خَلَوْاْ مِنْ قَبْلِهِمْ قُلْ فَانْتَظِرُواْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنْتَظِرِينَ(١٠٢)

ئەوانە چاوەڕوانی چی ئەکەن بێجگە لە بەسەرهاتو ئەنجامی کافرانی پێش خۆیان کە خودا غەزەبی لیّگرتن ؟ دە ئێوە چاوەڕوان بنو منیش لەگەلّتان چاوەڕوانم .

ثُمَّ نُنَجِّي رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا كَذَلِكَ حَقًّا عَلَيْنَا نُنْجِ الْمُؤْمِنِينَ (١٠٣)

جا پاش ئه‌وه‌ی كافره‌كانمان فه‌وتاند پێغه‌مبه‌ره‌كانمان و ئه‌وانه‌ی ئیمانیان هێناوه ڕزگاریان ئه‌كه‌ین . ئاوه‌ها ئێمه بڕیارمان داوه خاوه‌ن ئیمانه‌كان ڕزگار بكه‌ین .

قُلْ يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنْ كُنْتُمْ فِي شَكٍّ مِنْ دِينِي فَلَا أَعْبُدُ الَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلَكِنْ أَعْبُدُ اللَّهَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُمْ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (١٠٤)

بڵێ : ئه‌ی خه‌ڵكینه ! ئه‌گه‌ر ئێوه گومانتان له دینه‌كه‌ی مندا هه‌یه‌و به‌ڕاستی نازانن ، ئه‌وا دڵنیا بن من هه‌رگیز عیباده‌ت ناكه‌م بۆ ئه‌وانه‌ی ئێوه عیباده‌تیان بۆ ئه‌كه‌ن غه‌یری خودا ، به‌ڵام عیباده‌تی ئه‌و خودایه ئه‌كه‌م كه ئێوه ئه‌مرێنێ‌و ، ئه‌مرم پێ كراوه له خاوه‌ن باوه‌ڕان بم .

وَأَنْ أَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (١٠٥)

ئه‌مرم پێ كراوه ڕوو بكه‌مه ئایینی خوابه‌یه‌ك ناسین به پاكی‌و خاوێنی‌و له‌وانه نه‌بم كه هاوبه‌ش بۆ خودای تاك‌و ته‌نیا دائه‌نێن .

وَلَا تَدْعُ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنْفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ فَإِنْ فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِنَ الظَّالِمِينَ (١٠٦)

بێجگه خودا بانگ له‌و شتانه مه‌كه كه نه ئه‌توانن قازانجت پێ بگه‌یێنن‌و نه ئه‌توانن زیانت لێ بده‌ن .ئه‌گه‌ر تۆ شتی وه‌ها بكه‌ی له زومره‌ی سته‌مكاران ئه‌بیت .

وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِنْ يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا

رَادَّ لِفَضْلِهِ يُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَهُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ(١٠٧)

ئەگەر خودا تووشی زیانێکت بکات کەس نیيە بتوانێ ئەو زیانەت لێ لا بدات خۆی نەبێ ، هەروەها ئەگەر بیەوێ خێرو خۆشییەکت بداتێ کەس نیيە بتوانێ ئەو نەوازشەت لێ بگێڕێتەوە .خودا خێرو خۆشی ئەگەیێنێ بە هەرکەس خواستی لەسەر بێ لە بەندەکانی.هەر خودایە گونا ەپۆش و میهرەبان .

قُــــلْ يَاأَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمُ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَمَا أَنَا عَلَيْكُمْ بِوَكِيلٍ(١٠٨)

تۆ بڵێ : ئەی خەڵکینە ! حەقتان لە لایەن خوداوە بۆ هاتووە، کە قورئانە یا پێغەمبەرە ، جا هەرکەس ڕێی ڕاست ئەگرێ ئەوە بۆ خێرو قازانجی خۆی ئەو ڕێگا ڕاستە ئەگرێتەبەر .ئەوەیش گومڕاە ئەبێو سەرپێچی ئەکات ئەوا زیانی گومڕاهییەکە خۆی ئەگرێتەوە . ئیتر من وەکیلی ئێوە نیم و ، چاك و خراپی ئێوە بەدەست من نیيە .

وَاتَّبِــعْ مَـــا يُوحَى إِلَيْكَ وَاصْبِرْ حَتَّى يَحْكُــمَ اللَّهُ وَهُـــوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ(١٠٩)

پەیڕەویی ئەو قورئانە بکە کە بە وەحی بۆت نێرراوەو ، خۆگر بە لە گەیاندن و ڕەفتار پێ کردنیدا ، تا خودا فەرمانی خۆی جێبەجێ ئەکات . خودا باشترین فەرمانڕەوایە .

سوورەتی (هود)

مەککەیی‌یەو (١٢٣) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الٓر كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ (١)

خوا خۆی ئەزانێ مەبەستی لە وشەی (الر) چی‌یە . ئەم قورئانە کتێبێکە ئایەتەکانی بە پتەوی‌و ساغی لە (لوح المحفوظ)دا نووسراون‌و هەرگیز تێکناچن‌و بەتەواوی نێرراون بۆ پێغەمبەر و لە پاشاندا تەفصیل دراون بۆ بیرو باوەڕو کردەوەو دەنگوباس لەلایەن خودایەکی گەورەی خاوەن حیکمەت‌و شارەزاوە .

أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ اللَّهَ إِنَّنِي لَكُم مِّنْهُ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ (٢)

ئەو ئایەتانە ئەڵێن کەس مەپەرستن خودا نەبێ ، من لەلایەن خوداوە نێرراوم‌و مژدەدەرو ترسێنەرم بۆتان .

وَأَنِ اسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُم مَّتَاعًا حَسَنًا إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى وَيُؤْتِ كُلَّ ذِي فَضْلٍ فَضْلَهُ وَإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ كَبِيرٍ (٣)

داوای تاوان پۆشین لە پەروەردگارتان بکەن‌و ، لە گوناهەکانتان پەشیمان ببنەوەو بگەڕێنەوە بۆ لای خودا . ئەگەر وەها بکەن خودا تا ئاکامێکی دیاری خۆشیتان ئەداتێ‌و ، هەرکەس زیادە چاکەیێکی هەبێ پاداشی خۆی وەرئەگرێ . خۆ ئەگەر سەرپێچیتان کرد ئەوا من ئەترسم کەوا لە ڕۆژێکی پڕسامدا سزایەکی سەخت بدرێن .

إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٤) .

گەڕانەوەتان و سەرنجامتان بۆ لای خودایەو، خودا بەسەر هەموو شتێکدا دەستەڵاتدارو توانایە .

أَلَا إِنَّهُمْ يَثْنُونَ صُدُورَهُمْ لِيَسْتَخْفُواْ مِنْهُ أَلَا حِينَ يَسْتَغْشُونَ ثِيَابَهُمْ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (٥)

بەڕاستی کافرەکان سینەیان لەئاستی حەق وەرئەچەرخێنن تا خۆیان لە خودا بشارنەوەو، پێغەمبەرو موسوڵمانان پێیان نەزانن. بێگومان تەنانەت لەوکاتەدا ئەوان ئەچنە ناو نوێن و خۆیان دائەپۆشن خودا ئاگای لەوەیە لە دڵیاندایەو لەوەی بە زمانیاندا دێ . خودا ئاگای لە هەموو نهێنییەکە ، ئیتر چۆن خۆیان ئەشارنەوە ؟!

جوزئی دوازدەهەم

وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ إِلَّا عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ (٦)

هەر گیان لەبەرێ بە سەر زەویدا بڕوات ڕۆزیو ژیواری لەسەر خودایە . خودا بە شوێنی ژیان و مردنیان ئەزانێ . ئەمانە هەموو لە (لوح المحفوظ)دا نووسراون .

وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَلَئِنْ قُلْتَ إِنَّكُم مَّبْعُوثُونَ مِن بَعْدِ الْمَوْتِ لَيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ (٧)

خودا ئەو خودایە لە ماوەی شەش ڕۆژدا ئاسمانەکان و زەویی دروست کرد، عەرشی خودایش پێش دروست کردنی ئاسمان و زەوی لەسەر ئاو بوو . دروستی کردن تا تاقیتان بکاتەوە کامتان کردەوەتان جوانترە . ئەگەر پێیان

بڵێیت ئێوە لە پاش مردن زیندوو ئەکرێنەوە کافرەکان ئەڵێن : ئەم قسە جادوویەکی ئاشکراو دیارە .

وَلَئِنْ أَخَّرْنَا عَنْهُمُ الْعَذَابَ إِلَى أُمَّةٍ مَّعْدُودَةٍ لَّيَقُولُنَّ مَا يَحْبِسُهُ أَلاَ يَوْمَ يَأْتِيهِمْ لَيْسَ مَصْرُوفاً عَنْهُمْ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِ يَسْتَهْزِءُونَ(٨)

ئەگەر سزاکەیان بۆ ماوەیێکی دیاری کراو دوا بخەین ئەڵێن ئەگەر ڕاستە بۆ دواکەوت ؟ بۆ نەهات ؟ بێگومان ئەو سزایە دێت و لەو ڕۆژەیشدا کە بۆیان دێت لێیان لا نادرێت و ئەبێ تووشیان بێت . ئەو سزایەی گاڵتەیان پێئەکرد بێگومان گەمارۆیان ئەدات و سەرو دڵیان ئەگرێت .

وَلَئِنْ أَذَقْنَا الإِنسَانَ مِنَّا رَحْمَةً ثُمَّ نَزَعْنَاهَا مِنْهُ إِنَّهُ لَيَئُوسٌ كَفُورٌ(٩)

بەڕاستی ئەگەر ئێمە نیعمەت و خۆشییەك لەلایەنی خۆمانەوە بدەین بە ئینسان و لەپاشاندا لێی وەرگرینەوە ، زۆر ناهومێد ئەبێ و کوفرانی ئەو نیعمەتە ئەکا کە پێمان داوە .

وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ نَعْمَاء بَعْدَ ضَرَّاء مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ السَّيِّئَاتُ عَنِّي إِنَّهُ لَفَرِحٌ فَخُورٌ(١٠)

ئەگەریش پاش مەینەت خۆشی و نیعمەتمان دایە ئەڵێت :ناخۆشییەکەم ڕۆیی و ، لەم ڕووەوە دڵ شاد ئەبێ و لە خۆی ئەگۆڕێ و لەناو خەڵکدا شانازی ئەکات .

إِلاَّ الَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أُوْلَئِكَ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ(١١)

ئەوانە نەبێ کە خۆگرن و کردەوەی باش ئەکەن . ئەوانە خودا ئەیانبەخشێ و پاداشی گەورەیان هەیە .

فَلَعَلَّكَ تَارِكٌ بَعْضَ مَا يُوحَى إِلَيْكَ وَضَائِقٌ بِهِ صَدْرُكَ أَنْ يَقُولُواْ لَوْلاَ أُنزِلَ عَلَيْهِ كَنزٌ أَوْ جَاءَ مَعَهُ مَلَكٌ إِنَّمَا أَنْتَ نَذِيرٌ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ(١٢)

بۆ تۆ ناشێ تەرکی گەیاندنی هەندێ لەو ئایەتانە بکەیت کە وەحی کراون بۆت و بە دڵی کافرەکان نین . بۆ تۆ ناشێ دڵت تەنگ بێ لەوە کە کافرەکان ئەڵێن : بۆچی خەزنەیێك نانێررێ بۆ موحەممەد تا وەك پادشاهان ڕابوێرێ ، یا لەوە کە ئەڵێن : بۆچی فریشتەیێکی لەگەڵ نەنێرراوە تەصدیقی بکات و یارمەتیی بدات ؟ نەکەی ، کاری وا بۆ تۆ ناشێ ، تۆ کارت ترساندنی کافرانە لە سزا ؛ ئیتر هەمووشت بە دەستی خودایە ، پشت بەو ببەستە .

أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُواْ بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُواْ مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ(١٣)

یا خۆ ئەڵێن ئەم قورئانەی بە دەم خوداوە هەڵبەستووە و هی خودا نییە ! بڵێ دە ئەگەر ئازان و ئەتوانن دە سوورەتی هەڵبەستراوی وەك سوورەتەکانی ئەو بێنن و ، بۆ ئەم مەبەستەیش بێجگە خودا کێتان ئەوێ بانگی بکەن و داوای یارمەتی لێ بکەن ئەگەر ڕاست ئەکەن هەڵبەستراوە .

فَإِلَّمْ يَسْتَجِيبُواْ لَكُمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّمَا أُنزِلَ بِعِلْمِ اللَّهِ وَأَن لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ فَهَلْ أَنْتُم مُّسْلِمُونَ(١٤)

جا ئەگەر پێیان نەکرا ئەوا زۆر چاك بزانن ئەو قورئانە پیرۆزە ، بەجۆرێ

نـازڵ کـراوە هـەر خـودا خـۆی ئـەیـزانیٚو ، زۆر چـاك بـزانن هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نی‌یە خـودای تـاك و تـەنیا نـەبێ . ئـایا ئێوە کـە بۆتان دەرکەوت قورئان موعجیزەیە ، لەسەر ئایینی ئیسلام بەردەوام ئەبن ؟

مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لاَ يُبْخَسُونَ(١٥)

ئەوانەی بەرامبەر بـە کـردەوەی بـەدیمەن چاکی دنیایـان تـەنها ژیان و خۆشیی دنیایان بـویٚ و پاداشی قیامەتیان مـەبەست نەبیٚ ، ئەوانە پاداشی کردەوەی دنیایان ئەدەینەوەو هیچی لیٚ‌کەم ناکرێتەوە .

أُوْلَئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الآخِرَةِ إِلاَّ النَّارُ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَاطِلٌ مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ(١٦)

ئا ئەوانە لـە دواڕۆژدا هیچ بـەش و بـارەییێکیان نی‌یـە ، ئاگری دۆزەخ نەبیٚ. هەروەها هەرچییان کردووە لـە دنیادا بۆ دواڕۆژ پووچ و بیٚ‌سوودەو ئەوەی کردوویانە بەتاڵە .

أَفَمَن كَانَ عَلَى بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِ وَيَتْلُوهُ شَاهِدٌ مِّنْهُ وَمِن قَبْلِهِ كِتَابُ مُوسَى إِمَامًا وَرَحْمَةً أُوْلَئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَمَن يَكْفُرْ بِهِ مِنَ الأَحْزَابِ فَالنَّارُ مَوْعِدُهُ فَلاَ تَكُ فِي مِرْيَةٍ مِّنْهُ إِنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يُؤْمِنُونَ(١٧)

ئـایا کەسیٚ دەلیلی لای خوداوە هەبیٚ ، وەك عەقڵو تێفکرین ، بیخاتە سەر ڕێگـای ڕاست و ، شاهیدێکی وەك قورئانی هەبیٚ یـارمەتیی بـدات و ، لـەپێش ئەو شاهیدەیشەوە تـەوراتی مووسا کـە پێشەوای خـەڵکی سەردەمی خۆی بووە ، یارمەتی قسەو کردەوەی دابیٚ ، ئـایـا ئـەم جۆرە کـەسە وەك ئـەو

کەسەیە کە تـەنها ژیان و خۆشیی دنیای مەبەست بێو ڕۆژی دوا یی بەخەیاڵدا نەیێ ؟ ئەوانە ، واتە پێغەمبەرو پەیڕەوەکانی ، باوەڕیان بە قورئان هەیە . ئـەوەیش باوەڕی پێ نـەکات ، وەك موشریکـەکانی مـەککـەو دەستـەو بەستەکانیان ، ئاخری دۆزەخ جێگایانەو لەوێ سزا ئەدرێن . هەرگیز گومان و دوودڵیت نەبێ لە قورئاندا ؛ قورئان حەقەو لای خودای خۆتەوە هاتووە ، بەڵام زۆرتری خەڵك باوەڕیان نییە ؛ چونکە بیرناکەنەوەو عەقڵیان ناخەنەکار .

وَمَـــنْ أَظْلَمُ مِمِّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًـــا أُوْلَئِكَ يُعْرَضُـــونَ عَلَى رَبِّهِمْ وَيَقُولُ الأَشْهَادُ هَؤُلاءِ الَّذِينَ كَذَبُواْ عَلَى رَبِّهِمْ أَلاَ لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ(١٨)

کێیە لـەوکـەسە ستەمکـارترە کە درۆ بەدەم خوداوە هەڵبەستێ؟ ئەوانە ئەبرێنە بەردەم خوداو ، شاهیدەکان ئـەڵێن ئـا ئـەمانە بوون درۆیـان بەدەم خودای خۆیانەوە کرد . لەعنەت و نەفرین لە خوداوە لەسەر ستەمکاران بێ .

الَّذِينَ يَصُدُّونَ عَـــنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًـــا وَهُمْ بِالآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ(١٩)

ئـــەو ستەمکارانەی ڕێگا لە دینی ئیسلام ئەگرن و ئەیانەوێ موسوڵمانەکان لێی هەڵگەڕێنەوەو ، باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نییە ،

أُوْلَئِكَ لَمْ يَكُونُواْ مُعْجِزِينَ فِي الأَرْضِ وَمَـــا كَانَ لَهُم مِّنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ يُضَاعَفُ لَهُمُ الْعَذَابُ مَا كَانُواْ يَسْتَطِيعُونَ السَّمْعَ وَمَا كَانُواْ يُبْصِرُونَ(٢٠)

ئەوانە لە دنیادا ناتوانن دەست بێننە ڕێگای خوداو مـەنعی سزا لـە خۆیان بکـەن ، لـە ڕۆژی دواییشدا هیچ دۆستێکیان نییە بە دەنگیانەوە بێو لە تۆڵە

ڕزگاریان بکات . سزایان لە ڕۆژی قیامەتدا دووقات ئەبێ ؛ چونکە لە دنیادا تاقەتیان نەبوو گوێ لە حەق بگرن و خۆیان لە عاستی ئایەتەکانی خودادا کوێر ئەکرد .

أُولَٰئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ(٢١)

ئەوانە کەسانێکن خۆیان دۆڕاندو ، ئەو درۆو دەلەسەیەی کردیان هەمووی بە هیچ دەرچووو سوودێکی پێ نەگەیاندن .

لَا جَرَمَ أَنَّهُمْ فِي الْآخِرَةِ هُمُ الْأَخْسَرُونَ(٢٢)

بێگومان ئەوانە لەڕۆژی قیامەتدا لە هەمووکەس زیاتر زەرەرمەندودۆڕاون.

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَأَخْبَتُوا إِلَىٰ رَبِّهِمْ أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ(٢٣)

بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان بە خوداو پێغەمبەرهەیەو کردەوەی چاکەیان کردووەو بە دڵ موتیعی خودای خۆیانن ئەهلی بەهەشتن و هەتا هەتایە لە بەهەشتدا ئەمێننەوە .

مَثَلُ الْفَرِيقَيْنِ كَالْأَعْمَىٰ وَالْأَصَمِّ وَالْبَصِيرِ وَالسَّمِيعِ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلًا أَفَلَا تَذَكَّرُونَ(٢٤)

ئەم دوو تاقمی موسوڵمان و کافرە وەکو دوو کەسن یەکێکیان کوێرو کەڕ بێ‌و ئەوی‌تریان بیناو شنەوا بێ .ئایا ئەم دوانە وەك یەکن؟حاشا وەکەللا، دەی بۆ بیر ناکەنەوە ؟ .

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِ إِنِّي لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ(٢٥)

بەڕاستی نووحمان بە پێغەمبەری نارد بۆ قەومەکەی و پێی وتن من ترسێنەرێکی ئاشکرای ئێوەم و لە سزای دواڕۆژ ئەتانترسێنم.

أَن لاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ اللَّهَ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ أَلِيمٍ(٢٦)

من پێتان ئەڵێم : عیبادەت بۆ کەس مەکەن خودا نەبێ. من ئەترسم تووشی سزای ڕۆژێکی پڕ ئازار ببن .

فَقَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِ مَا نَرَاكَ إِلاَّ بَشَرًا مِّثْلَنَا وَمَا نَرَاكَ اتَّبَعَكَ إِلاَّ الَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ الرَّأْيِ وَمَا نَرَى لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ بَلْ نَظُنُّكُمْ كَاذِبِينَ(٢٧)

جا کافرەکانی قەومەکەی وتیان : تۆ هیچ نیت بنیادەمێکی عادەتیی وەك ئێمە نەبێ ، زیادە گەورەییەکت نی‌یە تا شایانی پێغەمبەرایەتی بیت. هەروەها نابینین کەست دواکەوتبێ ئەوانە نەبێ لای ئێمە بێ‌نرخترینمانن و ، یەکسەر بێ‌وردبوونەوە بیروبۆچوونی خۆیان دەرئەبڕن. ئێوە زیادەییێکتان نی‌یە بەسەر ئێمەدا تا دواتان بکەوین و پەیڕەویتان بکەین ، بەڵکو بە درۆزنتان ئەزانین .

قَالَ يَاقَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَى بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَآتَانِي رَحْمَةً مِّنْ عِندِهِ فَعُمِّيَتْ عَلَيْكُمْ أَنُلْزِمُكُمُوهَا وَأَنتُمْ لَهَا كَارِهُونَ(٢٨)

نووح بە قەومەکەیی وت ئەگەر خودا دەلیلی پێدابم لەسەر ڕاستیی قسەکەم و ، ڕەحمەتی خۆی پێ بەخشیبم ، کە پێغەمبەرییە، کەچی ئەو بەهرەیە لە ئێوە شارراوە بێو خودا هیدایەتتان نەدات ، ئایا من ئەتوانم بەزۆر هیدایەتتان بدەم کە خۆتان پێتان ناخۆش بێو بیرنەکەنەوە .

وَيَاقَوْمِ لاَ أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مَالاً إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى اللَّهِ وَمَا أَنَاْ بِطَارِدِ الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّهُم مُّلاَقُو رَبِّهِمْ وَلَكِنِّي أَرَاكُمْ قَوْمًا تَجْهَلُونَ(٢٩)

ئەی قەومەکەم ! من بەرابەر بە ئامۆژگاری کردنتان هیچتان لێ داوا

ناکەم ، پاداشی من لەسەر خودایە . من هەرگیز ئەوانە لە خۆم دوور ناخەمەوە کە ئیمانیان هەیە ؛ ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتدا بە خودای خۆیان ئەگەن و هەرکەس لەم دنیا دەریان بکات لەو دنیا یەخەی ئەگرن وشکاتی لیْ ئەکەن ، بەلاّم من وا ئەزانم ئێوە قەومێکی نەفامن .

وَيَاقَوْمِ مَنْ يَنصُرُنِي مِنَ اللَّهِ إِنْ طَرَدتُّهُمْ أَفَلاَ تَذَكَّرُونَ(٣٠)

ئەی قەومینە ! ئەگەر من ئەوانە دەربکەم کێ لە غەزەبی خودا ڕزگارم ئەکات و یارمەتیم ئەدات ؟ ئێوە بۆ هیچ تێنافکرن ؟ .

وَلاَ أَقُولُ لَكُمْ عِندِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلاَ أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلاَ أَقُولُ إِنِّي مَلَكٌ وَلاَ أَقُولُ لِلَّذِينَ تَزْدَرِي أَعْيُنُكُمْ لَنْ يُؤْتِيَهُمُ اللَّهُ خَيْرًا اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا فِي أَنفُسِهِمْ إِنِّي إِذًا لَمِنَ الظَّالِمِينَ(٣١)

من نالّێم خەزێنەکانی خودا لای منن ، نالّێم غەیب ئەزانم ، نالّێم فریشتەم . بەو کەسانەیش نالّێم کە ئێوە بە چاوی سووك تەماشایان ئەکەن: خودا خێریان پیْ نادات . هەر خودا ئەزانێ چی لە دلّیاندایە . من ئەگەر یەکێ لەمانە بلّێم لە زومرەی ستەمکاران ئەبم .

قَالُوا يَانُوحُ قَدْ جَادَلْتَنَا فَأَكْثَرْتَ جِدَالَنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِنْ كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ(٣٢)

جا قەومەکەی نووح بە نووحیان وت : بەڕاستی تۆ موجادەلەت لەگەلّ ئێمە کردو زۆریشت موجادەلە لەگەلّ کردین . دە فەرموو ئەو سزایەی وەعدەت پیْدا‌ین بیهێنە بۆ سەرمان ئەگەر تۆ لە ڕاستگۆیانی .

قَالَ إِنَّمَا يَأْتِيكُمْ بِهِ اللَّهُ إِنْ شَاءَ وَمَا أَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ(٣٣)

ئەویش وتی : خودا ئەو سزایەتان دەنێرێتە سەر ئەگەر خواستی لەسەر

بێ . ئێوە ناتوانن ڕێگا لە خودا بگرن و مەنعی ئەو سزایە لە خۆتان بکەن .

وَلا يَنفَعُكُمْ نُصْحِي إِنْ أَرَدتُّ أَنْ أَنصَحَ لَكُمْ إِنْ كَانَ اللَّهُ يُرِيدُ أَنْ يُغْوِيَكُمْ هُوَ رَبُّكُمْ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ(٣٤)

ئەگەر بمەوێ ئامۆژگاریتان بکەم ، مادام خودا مەیلی لەسەر ئەوە بێ گومڕاتان بکات ، ئامۆژگاریی من سوودتان پێ ناگەیێنێ . هەر خودا پەروەردگارتانەو بۆ لای ئەو ئەگەڕێنەوە .

أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ إِنِ افْتَرَيْتُهُ فَعَلَيَّ إِجْرَامِي وَأَنَا بَرِيءٌ مِمَّا تُجْرِمُونَ(٣٥)

یا خۆ ئەڵێن نووح درۆ ئەکا بە دەم خوداوەو پێغەمبەر نییە ؟ پێیان بڵێ ئەگەر درۆم هەڵبەستبێ ئەوا خۆم سزای تاوانی خۆم هەڵئەگرم . من بەریم لەو تاوانەی ئێوە کە من بە درۆزن ئەزانن .

وَأُوحِيَ إِلَى نُوحٍ أَنَّهُ لَنْ يُؤْمِنَ مِنْ قَوْمِكَ إِلاَّ مَنْ قَدْ آمَنَ فَلا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا يَفْعَلُونَ(٣٦)

جا لەپاش ئەم کێشەو جیداله وەحی بۆ نووح کرا : ئیتر بێجگە ئەوانەی پێشتر ئیمانیان هێناوە لە قەومەکەت کەس ئیمان ناهێنێ، لە کردەوەی نالەباری قەومەکەت زویر مەبە .

وَاصْنَعِ الْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا وَلا تُخَاطِبْنِي فِي الَّذِينَ ظَلَمُوا إِنَّهُمْ مُغْرَقُونَ(٣٧)

دەست بکە بە دروست کردنی کەشتییەکە لەژێر چاودێریی ئێمەداو بەجۆرێ کە وەحیت بۆ ئەکەین ، ئیتر لەبارەی عەفوو بەخشینی ئەو تاوانبارانەوە هیچ قسەم لەگەڵ مەکە ؛ ئەوانە غەرق کراون ، واتە لە عیلمی

خودادا ڕابووردووە کە غەرق ئەبن .

وَيَصْنَعُ الْفُلْكَ وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ مَلأٌ مِّنْ قَوْمِهِ سَخِرُواْ مِنْهُ قَالَ إِنْ تَسْخَرُواْ مِنَّا فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنْكُمْ كَمَا تَسْخَرُونَ(٣٨)

نووح دەستی کرد بە دروست کردنی کەشتییەکەو ، هەر جارێ کە کۆمەڵێ لە قەومەکەی بەلایدا تێپەڕیان ئەکرد گاڵتەیان پێ ئەکرد. نووحیشی پێیئەوتن : ئەگەر ئێوە گاڵتە بە ئێمە ئەکەن، ئێمەیش گاڵتە بە ئێوە ئەکەین وەك گاڵتەکردنەکەی ئێوە .

فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَنْ يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ(٣٩)

دوایی ئەزانن کێ سزایێکی بۆ دێ کە سەرشۆڕو ڕیسوای بکاو کێ سزای بەردەوامی تووش ئەبێ ؟ .

حَتَّى إِذَا جَاءَ أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِنْ كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلاَّ مَنْ سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ وَمَنْ آمَنَ وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلاَّ قَلِيلٌ(٤٠)

نووح هەر خەریکی کەشتییەکە بوو تا فەرمانمان هات بۆ هەستانی تۆفان و ، تەنانەت تەنووری نان کردن کە شوێنی ئاگرە هاتەکوڵو ، وەك مەنجەڵی سەر ئاگر سەرڕێژی کرد ، وەحیمان بۆ نووح کرد کە لە هەموو نێرو مێیەك دوو جووت هەڵبگرە ، لەگەڵ خێزانەکەتدا ، ئەوکەسە نەبێ کە پێشتر لە عیلمی خودادا بڕیار دراوە بفەوتێ . هەروەها پێمان وت خاوەن ئیمانەکان لەگەڵ خۆی هەڵبگرێ ، کە ژمارەیێکی کەمیش نەبێ کەس ئیمانی نەهێنابوو .

وَقَالَ ارْكَبُواْ فِيهَا بِاسْمِ اللَّهِ مَجْرَاهَا وَمُرْسَاهَا إِنَّ رَبِّي لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ(٤١)

نووح وتی دە سواری کەشتییەکە بن و، چ لە ڕۆیشتنیداو چ لە ڕاوەستانیدا ناوی خودای لیٚ بێنن. بیٚگومان خودای من گوناهبەخش و میهرەبانە.

وَهِيَ تَجْرِي بِهِمْ فِي مَوْجٍ كَالْجِبَالِ وَنَادَى نُوحٌ ابْنَهُ وَكَانَ فِي مَعْزِلٍ يَابُنَيَّ ارْكَبْ مَعَنَا وَلاَ تَكُن مَّعَ الْكَافِرِينَ(٤٢)

کەشتییەکە بە ناو چەند شەپۆلێکدا ئەیبردن کە وەك کێو گەورە بوون. نووح بانگی لە کوڕەکەی کرد، کە لێی دوور بوو، وتی: ڕۆڵە کوڕم وەرە سوار بە لەگەڵمان و، لە گەڵ کافران مەبە.

قَالَ سَآوِي إِلَى جَبَلٍ يَعْصِمُنِي مِنَ الْمَاءِ قَالَ لاَ عَاصِمَ الْيَوْمَ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ إِلاَّ مَن رَّحِمَ وَحَالَ بَيْنَهُمَا الْمَوْجُ فَكَانَ مِنَ الْمُغْرَقِينَ(٤٣)

کوڕەکەی وتی: من سەرئەکەومە سەر کێوێك بمپارێزیٚ لە ئاوو تۆفان. نووح وتی: ئەمڕۆ کەس لە قەهری خودا ڕزگار نابیٚ کەسیٚ نەبیٚ خودا ڕەحمی پیٚ بکا، ئیتر شەپۆل کەوتە بەینیانەوەو لە زومرەی خنکاواندا خنکا.

وَقِيلَ يَاأَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَاسَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْدًا لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ(٤٤)

جا پاش خنکانی کافرەکان و تەواو بوونی قەزای خودا، فەرمان لەلایەن خوداوە دەرچوو بۆ زەوی و پێی وترا: ئەی زەوی! ئاوی خۆت قووت بدەرەوە. بە ئاسمانیش وترا: ئەی ئاسمان واز بێنەو دەس بەردار ببە لە ڕژاندنی ئاو بەسەر زەویدا، هەروەها کەشتییەکەیش لەسەر کێوی (جوودی)

گیرسایەوەو ، ئەنجا جاڕ درا کە دووری لە ڕەحمەتی خودا بۆ قەومی ستەمکارە .

وَنَادَى نُوحٌ رَّبَّهُ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ابْنِي مِنْ أَهْلِي وَإِنَّ وَعْدَكَ الْحَقُّ وَأَنْتَ أَحْكَمُ الْحَاكِمِينَ(٤٥)

نووح بانگی لە خودای خۆی کردو وتی : خودایا کوڕەکەم یەکێکە لە خێزانەکەم و وەعدەی تۆیش بە ڕزگار کردنی ئەهلی من وەعدەیێکی ڕاستەو ، تۆ لە هەموو فەرمانڕوایێ دادپەروەرتری .

قَالَ يَانُوحُ إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ فَلاَ تَسْأَلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنِّي أَعِظُكَ أَنْ تَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ(٤٦)

خودا وتی : ئەی نووح ! ئەو کوڕە لە ئەهلی تۆ نییە ؛ ئەو کردەوەی خراپ و ناڕەوایە . داوای شتێکم لێ مەکە کە نازانی چییە . من ئامۆژگاریت ئەکەم ، نەکەی لە نەزانەکان نەبی .

قَالَ رَبِّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْأَلَكَ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ وَإِلاَّ تَغْفِرْ لِي وَتَرْحَمْنِي أَكُن مِّنَ الْخَاسِرِينَ(٤٧)

نووح وتی : خودایا پەنا ئەگرم بە تۆ لەوەی داوای شتی وەهات لێ بکەم کە نایزانم و لە سیڕەکەی تێنەگەیشتووم . ئەگەر تۆ گوناهم نەپۆشیو ڕەحمم پێ نەکەی لە زومرەی دۆڕاوان ئەبم .

قِيلَ يَانُوحُ اهْبِطْ بِسَلاَمٍ مِّنَّا وَبَرَكَاتٍ عَلَيْكَ وَعَلَى أُمَمٍ مِّمَّنْ مَعَكَ وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُمْ مِنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ(٤٨)

وەحی بۆ نووح کرا : لە کەشتییەکە دابەزە ، لەلایەن ئێمەوە ئارام و بێبەڵا ئەبن و ، زیادە خۆشیو بەرەکەت ئەڕێژین بەسەر خۆت و بەسەر ئەو

خـاوەن ئیمانـانەدا کـە لەگەڵتن. پاش ئێوەیش چەند ئوممەتێکیتر دێن کە تا ماوەییێك لەزەت و خۆشییان ئـەدەینیّو پـاشان سزاییێکی پڕ ئازاریان لەلایەن ئێمەوە تووش ئەبیّ .

تِلْكَ مِنْ أَنبَاءِ الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَا أَنْتَ وَلاَ قَوْمُكَ مِنْ قَبْلِ هَذَا فَاصْبِرْ إِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ(٤٩)

بـەسـەرهـاتی نـووح و قـەومـەکـەی لـە دەنـگ و بـاسی غـەیبیی کـەس نـەزانیـوەو ئێمە وەحیی ئـەکـەیـن بـۆت . پێش ئـەم وەحیە نـە تـۆ بـەم بەسەرهاتەت ئەزانیو نە قەومەکەت . کەواتە لـە ژێر ئەرکی پێغەمبەرایـەتیو ئامۆژگاریکردندا وەك نووح خۆگر بە؛ ئەنجامی سەرکەوتنی دنیاو سەرفرازیی قیامـەت بـۆ ئەوانـەیـە شـەریك بـۆ خـودا بـڕیـار نـادەن و ، خـۆیان لە گوناه ئەپارێزن.

وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَاقَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنْ أَنتُمْ إِلاَّ مُفْتَرُونَ(٥٠)

بـۆ قەومی عادیش هوودمان ڕەوانە کـرد بە پێغەمبەری کە برایان بوو ، لـە خـۆیـان بـوو . پێی وتـن ئـەی قـەومینە ! تـەنهـا خـودای تـاك بپـەرستن، خـوداییێکیتـرتـان نییە بـەڕاستی عیبادەتی بـۆ بکـریّ ئەو نەبیّ . ئێوە کە بتەکـان ئەپەرستن درۆ ئەکەن بەدەم خـواوەو ئەو بتانـە بۆ خودایی ناشێن .

يَاقَوْمِ لاَ أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى الَّذِي فَطَرَنِي أَفَلاَ تَعْقِلُونَ(٥١)

ئـەی قـەومینە ! مـن بـەرامبەر بـەم ئـامۆژگارییانـە پاداشیّ لە ئێوە داوا ناکەم؛ پاداشم لەسەر پەروەردگارێکە دروستی کردووم .ئایا ئێوە تێنافکرن و

بیرتان ناخەنە کار ؟ .

وَيَاقَوْمِ اسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِكُمْ وَلاَ تَتَوَلَّوْاْ مُجْرِمِينَ(٥٢)

ئـەی قـەومینە ! داوای تـاوان پـۆشی لـە خـودای خـۆتـان بکەن و بە دڵ بگەڕێنەوە بۆ لای و واز لە گوناه بێنن . ئەگـەر وا بن خودا ئاسمان ئەخاتە کار بـۆتان کە خێری زۆر بڕژێنێ بەسەرتانداو زیاد لەم هێزەی هەتانە هێزی ترتان ئەداتێ . پشت لە خودا هەڵمەکەن بە تاوانباری .

قَالُواْ يَاهُودُ مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِي آلِهَتِنَا عَنْ قَوْلِكَ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ(٥٣)

ئـەوانیش وتیان : ئـەی هـوود ! تـۆ هیچ دەلیل و بـەڵگەیێکت بـۆ ئێمە نـەهێنایـەوە لـەسەر ڕاستیی ئـەم داوایـەت . ئێمە لـەبەر قسەی تۆ واز لە خوداکانی خۆمان ناهێنین . ئێمـە باوەڕ بە تۆ ناکەین و ئیمانت پێ ناهێنین .

إِن نَّقُـولُ إِلاَّ اعْتَـرَاكَ بَعْضُ آلِهَتِنَا بِسُوءٍ قَـالَ إِنِّي أُشْهِـدُ اللَّهَ وَاشْهَدُواْ أَنِّي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ(٥٤)

ئێمە هەر ئەوەندە ئەڵێین کە هەندێ لە خوداکـانمان لێت عـاجز بوون و دەستیان لێ وەشاندوویت و شێت بوویی . ئـەویش وتی : بـەڕاستی مـن خودا ئـەگـرم بە شاهیدو ئێوەیش شاهید بن کە من بەریو بێبەشم لەو شەریکانەی ئێوە بۆ خوداتان داناون .

مِنْ دُونِهِ فَكِيدُونِي جَمِيعًا ثُمَّ لاَ تُنْظِرُونِ(٥٥)

لـەو شەریکـانـە کە غەیری خودان ، دەسا چەند ئەتوانن هەوڵ بدەن و فێڵ بکەن بۆ فەوتاندنم و هیچ مۆڵەتم مەدەن .

إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى اللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُم مَّا مِن دَابَّةٍ إِلاَّ هُوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ(٥٦)

بەڕاستی من پشتم بە میهرەبانیی خودا بەستووە کە خودای من و خودای ئێوەیە ، ئیتر ئێوە بێ خواستی خودا ناتوانن زیانم لێ بدەن . هەرچی گیانلەبەرەو بەسەر زەویدا ئەڕوا خودا زاڵە بەسەریانداو بە ئارەزووی خۆی تەصەڕوفیان تیا ئەکات . خودای من لەسەر ڕێگاییێکی ڕاستەو دادپەروەرە .

فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقَدْ أَبْلَغْتُكُم مَّا أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَيْكُمْ وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّي قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلاَ تَضُرُّونَهُ شَيْئًا إِنَّ رَبِّي عَلَى كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ(٥٧)

جا ئەگەر ئێوە پشت هەڵکەن و بە گوێم نەکەن ئەوا من ئەو ڕاسپێرییەی پێم وتراوە پێتانی بگەیێنم پێم گەیاندن ، ئیتر گوناە لە منەوە نییە . خودا توانایەو ئێوە لەناوئەبات و قەومێکی تر لە شوێنتان دائەنێ . ئێوە بەم پشت هەڵکردنە ناتوانن هیچ زیانێ لە خودا بدەن . خودای من هیچی لێ ون نابێ و ئاگاداریی ئەکات .

وَلَمَّا جَاء أَمْرُنَا نَجَّيْنَا هُودًا وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَنَجَّيْنَاهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ(٥٨)

کە فەرمانمان هات بۆ سزادانیان هوودو ئەوانەی ئیمانیان هێنابوو لەگەڵیا بە میهرەبانیی خۆمان نەجاتمان دان و لە سزای سەخت ڕزگارمان کردن .

وَتِلْكَ عَادٌ جَحَدُواْ بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَعَصَوْاْ رُسُلَهُ وَاتَّبَعُواْ أَمْرَ كُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ(٥٩)

ئەوە قەومی عاد بوون ئینکاری ئایەتەکانی خودای خۆیان کردو،

بەگوێی پێغەمبەرانی خودایان نەکردو ، دوای هەموو ستەمکارێکی خاوەن عەناد کەوتن .

وَأُتْبِعُواْ فِي هَذِهِ الدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ أَلا إِنَّ عَادًا كَفَرُواْ رَبَّهُمْ أَلاَ بُعْدًا لِّعَادٍ قَوْمِ هُودٍ(٦٠)

لەم دنیایەداو لە ڕۆژی قیامەتدا لەعنەت بە دوایانەوەیەو بەدەما ئەیانخاتە ناو سزاوە . بە ڕاستی قەومی عاد ئینکاری نیعمەتەکانی خودای خۆیان کردو ئیمانیان پێ نەهێنا . دووری لە ڕەحمەتی خوداو لەناوچوون بۆ عادی قەومی هوود بێ .

وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَاقَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُّجِيبٌ(٦١)

هەروەها صالحمان بە پێغەمبەری نارد بۆ لای قەومی ثەموود ، کە برایان بوو و لە خۆیان بوو . پێی وتن : ئەی قەومینە ! خودا بپەرستن ؛ خودای ڕاستەقینەتان نی یە ئەو نەبێ ؛ ئەو لە خاك دروستی کردوون و عومرو زیندەگانیی پێ داون تیایا . تکای گوناهبەخشین هەر لەو بکەن و بۆ لای ئەو بگەڕێنەوەو ، لە گوناهەکانتان پەشیمان بنەوە ؛ بەڕاستی خودای پەروەردگاری من لە بەندەکانی خۆیەوە نزیکەو نزایان قبوول ئەکات .

قَالُواْ يَاصَالِحُ قَدْ كُنتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَذَا أَتَنْهَانَا أَن نَّعْبُدَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِي شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ(٦٢)

وتیان : ئەی صالح ! تۆ پێش ئەم قسانە جێگای هیوامان بوویو ، بەتەمای ئەوە بووین ئەندامێکی چاك و بەکەڵك بی بۆمان ! ئایا تۆ مەنعی

ئەوەمان لیٚ ئەکەیت کە خودای باوك و باپیرانمان بپەرستین ؟ ئێمە بە گومان و دوودڵییەوە سەیری قسەکانت ئەکەین کە بانگمان ئـەکـەیت بـۆ پـەرستنی تەنها خودایەك و وازهێنان لە پەرستنی بتەکان .

قَـالَ يَاقَـوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِنْ كُنتُ عَلَى بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَآتَانِي مِنْهُ رَحْمَةً فَمَنْ يَنصُرُنِي مِنَ اللَّهِ إِنْ عَصَيْتُهُ فَمَا تَزِيدُونَنِي غَيْرَ تَخْسِيرٍ (٦٣)

صـالح وتـی : قـەومینە ! مـن کـە خـودا بـەرچاوی ڕوون کـردووومـەتەوەو ڕەحمەتێکی وەکو پێغەمبەرایەتیی پیٚ داوم ، ئـەگـەر بێتو بیٚ گـوێیی بکـەم کیٚ یـارمـەتیم ئـەداو لە سزای خـودا دوورم ئەخاتەوە ؟ ئێوە بێجگە لە زیان و ماڵ وێرانی هیچیترم بۆ ناکەن و قازانجێکم پیٚ ناگەیێنن .

وَيَاقَـوْمِ هَذِهِ نَـاقَةُ اللَّهِ لَكُمْ آيَةً فَذَرُوهَـا تَأْكُـلْ فِي أَرْضِ اللَّهِ وَلاَ تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ قَرِيبٌ (٦٤)

ئەی قەومینە ! ئەمە کە خودا دروستی کردووە وشترێکە خودا کردوویە بە موعجیزەو نیشانەی ڕاستیی قسەم کە ئەڵێم من پێغەمبەری خودام . دە وازی لیٚ بێنن بـا لـە ئـەرزی خـودادا بلـەوەڕیٚ و بـڕی . بـە ئـازارو کـوشتن نزیکی مەکەونەوە ؛ نەبادا سزاییێکی بیٚمۆڵەتو نزیك بتانگریٚ .

فَعَقَرُوهَا فَقَالَ تَمَتَّعُواْ فِي دَارِكُمْ ثَلاثَةَ أَيَّامٍ ذَلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ (٦٥)

کـەچی قـەومـەکـەی بـەگـوێیان نـەکردو وشترەکەیان پەی کرد ، واتە بە زیندوی هەر چـوار پـەلیان بـڕییەوە . ئـەنجا صالح پێی وتـن لـە ناو خانوو و بەرەی خۆتاندا سیٚ ڕۆژ ڕابوێرن ، دوای ئەو مـاوەیـە سزاتان بـۆ دێت ، ئـەمـە قسەو بەڵێنێکە درۆی تێدا نی یە .

فَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا صَالِحًا وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَمِنْ خِزْيِ يَوْمِئِذٍ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ(٦٦)

کە سزاکەمان هات بە میهرەبانیی خۆمان صالح و ئەوانەی ئیمانیان هێنابوو لەگەڵیا ڕزگارمان کردن ، هەروەها ڕزگارمان کردن لە سەرشۆڕیی ڕۆژی سزاکە، یا لە سەرشۆڕیی ڕۆژی قیامەت . بێگومان هەر خودای پەروەردگارت بە هێزو خاوەن دەسەڵاتە .

وَأَخَذَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ الصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ(٦٧)

ئەوانەیش کە ستەمکار بوون و باوەڕیان بە صالح نەکرد ، بوومەلەرزەو بورکان گرتنیو هەر لە شوێنی خۆیاندا کپ بوونەوەو مردن .

كَأَن لَّمْ يَغْنَوْاْ فِيهَا أَلاَ إِنَّ ثَمُودَ كَفرُواْ رَبَّهُمْ أَلاَ بُعْداً لِّثَمُودَ(٦٨)

ئەو کافرانە بەجۆرێ لەناوبران و شوێنەواریان نەما ، ئەڵێی ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر لەوێیشدا نەژیاون ! بەڕاستی قەومی ثەموود ئیمانیان بە خودای خۆیان نەهێنا . دووری لە ڕەحمەتی خوداو لەناوچوون بۆ قەمی ثەموود بێ .

وَلَقَدْ جَاءَتْ رُسُلُنَا إِبْرَاهِيمَ بِالْبُشْرَى قَالُواْ سَلاَمًا قَالَ سَلاَمٌ فَمَا لَبِثَ أَنْ جَاءَ بِعِجْلٍ حَنِيذٍ(٦٩)

بەڕاستی فریشتە فروستادەکانی ئێمە بە مژدەوە سەریان لە ئیبراهیم داو سڵاویان لێکردو ئەویش بە گەرمی وەڵامی دانەوەو ، ئەوەندەی پێ نەچوو گوێرەکەیەکی برژاوی لە بەردەمیاندا دانا بیخۆن .

فَلَمَّا رَأَى أَيْدِيَهُمْ لاَ تَصِلُ إِلَيْهِ نَكِرَهُمْ وَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً قَالُواْ لاَ تَخَفْ إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَى قَوْمِ لُوطٍ(٧٠)

کە تەماشای کرد دەس بۆ خواردنەکە نابەن لێیان تەوسایەوەو ترسی لێ

نیشت کــە تــووشی زیـانێکی بکـەن ، ئـەوانیش کــە هــەستیان بە ترسەکەی ئیبراهیم کرد پێیان وت : مەترسە ئێمە فریشتەین و بــۆ سزادانی قەومی لووط نێرراوین . کە دەست بۆ خواردنەکە نابەین لـەبــەر هیچ نی‌یـە ئــەوە نەبێ کە فریشتەین و فریشتە خواردەمەنی ناخوات .

وَامْرَأَتُهُ قَائِمَةٌ فَضَحِكَتْ فَبَشَّرْنَاهَا بِإِسْحَاقَ وَمِنْ وَرَاءِ إِسْحَاقَ يَعْقُوبَ(٧١)

ژنـەکەی ئیبراهیم لەوێ ڕاوەستابوو ، کە ترسی نەماو زانیی فریشتەکان بـۆ لـەنـاوبردنـی قەومی بەدکردار هـاتوون لــە خۆشییانـدا پێکـەنی . ئێمــەیش مژدەمـان پـێ دا کە کوڕێکی ئەبێ ناوی ئیسحاق ئەبێ‌و ، ئیسحاقیش کوڕێکی ئەبێ ناوی یەعقووب ئەبێ .

قَالَتْ يَاوَيْلَتَا أَأَلِدُ وَأَنَا عَجُوزٌ وَهَذَا بَعْلِي شَيْخًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عَجِيبٌ(٧٢)

وتی : هـاوار بـە مالْم ! مـن چـۆن منالْم ئــەبێ کە پیرەژنێکم و ئـەمــەیش مێردەکەمە پیرە پیاوێکە ؟ ئەمە شتێکی سەیرە ! .

قَالُــواْ أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ رَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الْبَيْتِ إِنَّهُ حَمِيدٌ مَّجِيدٌ(٧٣)

وتیان ئایا سەرت لە کاری خودای دەسەلاتدار سووڕ ئــەمێنێ؟ میهرەبانیی خوداو بــەرەکــەتی لــەسەر ئێوە بێ ئـەی خێزانی پێغەمبەرایــەتی‌و شوێنی وەحیی خـودایی ! خــودا هــەمــوو کــردەوەکانی جوان و تەعریف کراون و ، خاوەنی چاکەو کەرەمە .

فَلَمَّا ذَهَبَ عَنْ إِبْرَاهِيــمَ الــرَّوْعُ وَجَاءَتْهُ الْبُشْرَى يُجَادِلُنَا فِي قَوْمِ

لُوطٍ(٧٤)

جا که ترس و بیم لـه دڵی ئیبراهیم ده‌رچوو و ئـه‌و مژده خۆشه‌ی بیست و لـه حـاڵی فـریشته‌کـان حـاڵی بوو ده‌ستی کـرد بـه قسه کـردن له‌گه‌ڵمان بۆ ڕزگار کردنی قه‌ومی لووط .

إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّاهٌ مُّنِيبٌ(٧٥)

ئیبراهیم ئینسانێکی دڵنه‌رم و ساغ و بۆ لای خودا گه‌ڕاوه‌یه .

يَاإِبْرَاهِيمُ أَعْرِضْ عَنْ هَذَا إِنَّهُ قَدْ جَاءَ أَمْرُ رَبِّكَ وَإِنَّهُمْ آتِيهِمْ عَذَابٌ غَيْرُ مَرْدُودٍ(٧٦)

جـا وه‌حیمان کـرد بـۆ ئیبراهیم و پێمان وت : ئـه‌ی ئیبراهیم وازبێنه لـه تکاکردن بۆ قـه‌ومی لـووط ، چونکه فـه‌رمـانی خودا هاتووه بۆ سزادانیان و ئه‌وانه سزاییێکی وه‌هایان دێته سه‌ر که هه‌رگیز ناگه‌ڕێته‌وه .

وَلَمَّا جَاءَتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِيءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا وَقَالَ هَذَا يَوْمٌ عَصِيبٌ(٧٧)

کـه فـروستاده‌کـانمان هـاتن بـۆ لای لووط به هاتنه‌که‌یان دڵگران بوو و سینگی ته‌نگ و دنیای لیٚ هـاتـه یـه‌ك چونکه فروستاده‌کان له شێوه‌ی چه‌ند غوڵامێکدا هاتن ، ئـه‌ویش له‌وه ئه‌ترسا قه‌ومه‌که‌ی بێن و نیازی خراپیان ببیٚ ده‌رباره‌ی میوانه‌کانی و ئابڕووی به‌رن و، وتی : بـه‌ڕاستی ئه‌م ڕۆژه ڕۆژێکی سه‌خته بۆ من .

وَجَاءَهُ قَوْمُهُ يُهْرَعُونَ إِلَيْهِ وَمِنْ قَبْلُ كَانُواْ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ قَـالَ يَاقَوْمِ هَـؤُلاَءِ بَنَاتِي هُنَّ أَطْهَرُ لَكُمْ فَاتَّقُواْ اللَّهَ وَلاَ تُخْزُونِ فِي ضَيْفِي أَلَيْسَ مِنْكُمْ رَجُلٌ رَّشِيدٌ(٧٨)

کە قـەومـەکەی لووط بــە هـاتنی میوانەکانیان زانی بــە ڕاکردن چوون بۆ
ماڵی لـووط بە نیازی خراپەکردن کە ئەوان پێش ئەوکاتەیش فێری ئەو خووە
خـراپـە بـوویوون و لـەگـەڵی ڕاهـاتبوون . لـــووط پێی وتـــن : ئەوە کچەکانم
لەخۆتانیـــان مـــارە بکـەن ، ئـەوان چـاکترو پـاکترن بۆتان . لە خودا بترسن و
شەرمەزاری میوانەکانم مەکەن . ئەوە ئێوە پیاوێکی بەغیرەتتان تێدا نی‌یە ؟

قَالُوا لَقَدْ عَلِمْتَ مَا لَنَا فِي بَنَاتِكَ مِنْ حَقٍّ وَإِنَّكَ لَتَعْلَمُ مَا نُرِيدُ(٧٩)

ئـەوانیش لـــە وەڵامدا وتیان تۆ ئـــەزانیٚ ئێمە پێویستمان بـــە کچەکانی تۆ
نی‌یە، بەڕاستی تۆ زۆر باش ئەزانی ئێمە چیمان ئەویٚ؟!

قَالَ لَوْ أَنَّ لِي بِكُمْ قُوَّةً أَوْ آوِي إِلَى رُكْنٍ شَدِيدٍ(٨٠)

جا حەزرەتی لووط بە ئەسەفەوە فـەرمووی ئـــاخ هێزم ئـــەبوو بەسەرتاندا
یاخۆ پەناییکی بە قووەتم ئەبوو پەنام ببردایەتەبەرو یارمەتیی بدامایە.

قَالُوا يَالُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ لَنْ يَصِلُوا إِلَيْكَ فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِنَ اللَّيْلِ وَلا يَلْتَفِتْ مِنْكُمْ أَحَدٌ إِلاَّ امْرَأَتَكَ إِنَّهُ مُصِيبُهَا مَا أَصَابَهُمْ إِنَّ مَوْعِدَهُمُ الصُّبْحُ أَلَيْسَ الصُّبْحُ بِقَرِيبٍ(٨١)

جـا فـریشتەکـان هـاتنە جـواب و وتیان : ئەی لووط ! ئێمە فروستادەی
خودای تۆین ، هـەرگیز ئـەم کافرانە ناگەنە تۆو دەستیان بەسەر میوانی تۆدا
ناڕوات . دە تۆ بە شەو ئەهل و خێزانـــەکـەت هەڵگرەو بیانبەرە دەرەوەو ، با
کەس لانەکاتەوە بۆ دواوە نەبادا تووش ببیٚ ، ئیللا ژنەکەت نەبیٚ ؛ ئەو لەگەڵ
خۆتان مەبە ؛ بـەڕاستی ئـــەو سزایەی تووشی قەومەکە ئەبیٚ تووشی ئەویش
ئەبیٚ . بەڕاستی وادەی هاتنی سزاکە سبەینێیە ، ئایـا سبەینیٚ نزیك نی‌یە ؟

فَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا جَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِنْ

سِجِّيلٍ مَّنضُودٍ(٨٢)

کە فەرمانمان هات بۆ سزادانیان شوێنەکەمان سەرەوژێر کردو کاولمان کرد بەیەکاو بەردەبارانمان کردن بە بەردێ لە جۆری قوڕی بەبەردبوو کە بەتایبەتی یەك لە دوای یەك ڕیز کرابوون بۆ سزادانیان.

مُسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَ وَمَا هِيَ مِنَ الظَّالِمِينَ بِبَعِيدٍ(٨٣)

بەردەکە لەلایەن خوداوە نیشانەکراوو دیاری بوو . بێگومان سزاو کاول کردن و بەردەبارانی وەها لە ستەمکارانەوە دوور نی‌یە . ئەوان خۆیان ستەمیان لە خۆیان کردو کافرو بەدکردار بوون و شایانی ئەو سزایە بوون .

وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا قَالَ يَاقَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ وَلاَ تَنقُصُواْ الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ إِنِّي أَرَاكُم بِخَيْرٍ وَإِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ مُّحِيطٍ(٨٤)

بۆ سەر ئەهلی مەدیەن شوعەیبمان نارد بە پێغەمبەری ، کە برایان بوو و لە خۆیان بوو ، پێی وتن : ئەی قەومینە ! تەنها خودای پەروەردگار بپەرستن؛ ئێوە بێجگە ئەو خودایێکی ڕاستەقینەتان نی‌یە . لە کاتی مامەڵەدا لە پێوانەو کێشانەدا حەقی خەڵکی کەم مەکەنەوەو بە عادڵانە پێوانەو کێشانە بکەن. من ئێوە ئەبینم خاوەن دارایین و لە خۆشیدا ئەژین و لە نازو نیعمەتی خوداداں و پێویستیتان بەوە نی‌یە غەش لە خەڵك بکەن . ئەترسم تووشی سزایێکی گەورە بین کەستانی لێ دەرنەچێ .

وَيَاقَوْمِ أَوْفُواْ الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ وَلاَ تَبْخَسُواْ النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلاَ تَعْثَوْاْ فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ(٨٥)

ئەی قەومینە پێوانەو کێشانە بەتەواوی بکەن ، بە عەدالەت جێبەجێی

بکەن ،ماڵی خەڵکی کەم مەکەن و ، لە ڕووی زەویدا دەست مەکەن بە بەدکاری .

بَقِيَّةُ اللَّهِ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنتُم مُّؤْمِنِينَ وَمَا أَنَا عَلَيْكُمْ بِحَفِيظٍ(٨٦)

ئەوەی خودا بۆتانی بهێڵێتەوە لە دارایی دنیا ، یا ئەوەی بۆ دوارۆژتان بمێنێتەوە لە کردەوەی باش ، بۆ ئێوە زۆر باشترە لە ماڵو سامانی حەرام ئەگەر خاوەن ئیمان بن و منیش نیگابان و پارێزگاری ئێوە نیم .

قَالُواْ يَاشُعَيْبُ أَصَلاَتُكَ تَأْمُرُكَ أَن نَّتْرُكَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا أَوْ أَن نَّفْعَلَ فِي أَمْوَالِنَا مَا نَشَاءُ إِنَّكَ لَأَنْتَ الْحَلِيمُ الرَّشِيدُ(٨٧)

ئەوانیش وتیان : ئەی شوعەیب ! ئەوە نوێژەکەت ئەمرت پێ ئەکات بە ئێمە بڵێیت واز لەو بتانە بهێنین کە باوك و باپیرمان پەرستوویانن و ، بە ئارەزووی خۆمان تەصەڕوف لە ماڵ و موڵکی خۆماندا نەکەین ؟ خۆ تۆ وا مەشهوورە پیاوێکی وشیارو کردەوە باشی ! .

قَالَ يَاقَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِنْ كُنتُ عَلَى بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنْهُ رِزْقًا حَسَنًا وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَى مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ إِنْ أُرِيدُ إِلاَّ الْإِصْلاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلاَّ بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ(٨٨)

شوعەیب وتی : ئەی قەومەکەم ! ئەگەر من لای خوداوە زانیاریو پێغەمبەرایەتیم پێ درابێ و ڕزق و ڕۆزیی جوان و حەڵاڵی پێ بەخشیبم ، هێشتا هەر بێگوێیی بکەم ؟. ئەوەی پێتان ئەڵێم مەیکەن خۆیشم نایکەم ، من بەم ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپەیە هیچم مەبەست نی یە ئەوە نەبێ بە قەدەر توانم چاکە لەگەڵ ئێوە بکەم و بتانخەمە سەر ڕێی ڕاست و لە سزا دوورتان بخەمەوە . من کەس تەوفیقم نادا خودا نەبێ ؛ تەنها پشت بەو ئەبەستم و بۆ

لای ئەو ئەگەڕێمەوە.

وَيَاقَوْمِ لاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شِقَاقِي أَنْ يُصِيبَكُم مِّثْلُ مَا أَصَابَ قَوْمَ نُوحٍ أَوْ قَوْمَ هُودٍ أَوْ قَوْمَ صَالِحٍ وَمَا قَوْمُ لُوطٍ مِّنْكُمْ بِبَعِيدٍ(٨٩)

ئەی قەومەکەم ! با دوژمنایەتیتان لەگەڵ من واتان لێ نەکات تووشی بەڵای وەك بەڵاکانی قەومی نووح و هوودو صالح ببن ، واتـە : غـەرق بوون و زریان و بوومەلەرزە . خۆ ئەگەر لە دوورەکان پەند وەرناگرن ئەوا بەسەرهاتی قەومی لووط نە شوێن و نە کاتی لە ئێوە دوور نی‌یە ؛ دە پەندی لێ وەربگرن .

وَاسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي رَحِيمٌ وَدُودٌ(٩٠)

داوای عـەفـوی گـونـاه لـە خـودا بکەن و ، بە دڵ بگەڕێنەوە بۆ لای خودا ؛ خودای من میهرەبان و بەبەزەییيە .

قَالُواْ يَاشُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيرًا مِّمَّا تَقُولُ وَإِنَّا لَنَرَاكَ فِينَا ضَعِيفًا وَلَوْلاَ رَهْطُكَ لَرَجَمْنَاكَ وَمَا أَنْتَ عَلَيْنَا بِعَزِيزٍ(٩١)

جا قـەومـەکـەی شوعـەیب وتیـان : ئـەی شوعـەیب ! ئێمە لـە گەلێ لە قسـەکـانی تـۆ حاڵی نابین و ، ئێمە تۆ بە لاوازو بێهێز ئەزانین لەناو خۆماندا . ئەگەر لەبەر کۆمەڵەکەت نـەبوایە ئێمە بـەردەبـارانمـان ئـەکـردی ، تۆ لە لای ئێمە ئەوەندە بە دەستەڵات نیت نەتوانین زەفەرت پێ بەرین .

قَـالَ يَاقَوْمِ أَرَهْطِي أَعَـزُّ عَلَيْكُم مِّنَ اللَّهِ وَاتَّخَذْتُمُوهُ وَرَاءكُـمْ ظِهْرِيًّا إِنَّ رَبِّي بِمَا تَعْمَلُونَ مُحِيطٌ(٩٢)

شوعەیب وتی : ئـەی قەومـەکەم ! ئایا کۆمەڵەکەی من لای ئێوە لە خودا عەزیزترن ، وا ئێوە گوێ بە فەرمانی خـودا نـادەن ، بـەڵام لـەبـەر خـاتری کـۆمـەڵـەکـەم دەستدرێژی نـاکـەنـە سـەرم ؟ ! خـوداتان فەرامۆش کردووەو

موبالاتی پیّ ناکەن ! خودا ئاگای لە هەموو کردەوەتانەو بەپێی کردەوە پاداشتان ئەداتەوە .

وَيَاقَوْمِ اعْمَلُواْ عَلَى مَكَانَتِكُمْ إِنِّي عَامِلٌ سَوْفَ تَعْلَمُونَ مَنْ يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَمَنْ هُوَ كَاذِبٌ وَارْتَقِبُواْ إِنِّي مَعَكُمْ رَقِيبٌ(٩٣)

ئەی قەومەکەم ! ئێوە چی ئەکەن بیکەن بە پێی تاقەت و توانی خۆتان و منیش کاری خۆم ئەکەم ؛ لەمەوپاش چاك تیّ ئەگەن و بۆتان دەرئەکەویّ کیّ سزایێکی وەهای بۆ دێت سەرشۆڕی بکات و کیّ درۆزنە ؟ چاوەڕوان بن منیش لەگەلّ ئێوە چاوەڕوانم .

وَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا شُعَيْبًا وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَأَخَذَتِ الَّذِينَ ظَلَمُواْ الصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ(٩٤)

کە فەرمانی عەزابمان هات شوعەیب وئەوانەمان ڕزگارکردن کە ئیمانیان هێنابوو لەگەلّیا . ئەوانەیش کە ستەمکاروکافربوون جیبرەئیلی ئەمین قیژاندی بەسەریانداو بە ئێجگاری لە ناویبردن و، لە شوێنی خۆیاندا مردن .

كَأَن لَّمْ يَغْنَوْاْ فِيهَا أَلاَ بُعْدًا لِّمَدْيَنَ كَمَا بَعِدَتْ ثَمُودُ(٩٥)

بەجۆریّ لەناوچوون و شوێنەواریان نەما ئەڵێی ڕۆژیّ لە ڕۆژان هەر لەوێیشدا نەژیاون و ڕایاننەبواردووە . دووریی لە ڕەحمەتی خودا بۆ ئەهلی مەدیەن ، هەروەك قەومی ثەموود لە ڕەحمەتی خودا دوور کەوتنەوە. جێگای هەردووکیان ناخی دۆزەخ بیّ.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَى بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ(٩٦)

بەڕاستی ئێمە مووسای کوڕی عیمرانمان بە ئایەت و موعجیزەی ئاشکراوە بە پێغەمبەری نارد .

إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ فَاتَّبَعُواْ أَمْرَ فِرْعَوْنَ وَمَا أَمْرُ فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ(٩٧)

بۆ سەر فیرعەون و دەستەو بەستەکەی ، ئەوانە دوای قسەی مووسا نەکەوتن و ئیمانیان پێ نەهێنا ، بەڵکو دوای فەرمانی فیرعەونی گومڕا کەوتن. بێگومان ڕێگای فیرعەون ڕاست و ڕەوان نەبوو بەڵکو ڕێگایەکی چەوت و چەوێڵ بوو .

يَقْدُمُ قَوْمَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَأَوْرَدَهُمُ النَّارَ وَبِئْسَ الْوِرْدُ الْمَوْرُودُ(٩٨)

لە ڕۆژی قیامەتدا ئەکەوێتە پێش قەومەکەی و ئەیانبات بۆ ئاگری دۆزەخ کە پیسترین شوێنە خەڵکی ببرێتە سەر .

وَأُتْبِعُواْ فِي هَذِهِ لَعْنَةً وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ بِئْسَ الرِّفْدُ الْمَرْفُودُ(٩٩)

لەم دنیایەدا لەعنەتیان بە دوادا نێرراو لە ڕۆژی قیامەتیشدا . خراپ بەش و بەهرەیێکە پێیان دراوە .

ذَلِكَ مِنْ أَنْبَاءِ الْقُرَى نَقُصُّهُ عَلَيْكَ مِنْهَا قَائِمٌ وَحَصِيدٌ(١٠٠)

ئەمە لە بەسەرهات و دەنگوباسی دێهاتەکان بوو بۆمان گێڕایەوە . لەو دێهاتانە هی وایان هەیە ماوەو بە پێوەیەو هی وایشیان هەیە وەك دەغڵودانی دروێنەکراو هەر شوێنەواری ماوە !

وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَكِنْ ظَلَمُواْ أَنفُسَهُمْ فَمَا أَغْنَتْ عَنْهُمْ آلِهَتُهُمُ الَّتِي يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ لَمَّا جَاءَ أَمْرُ رَبِّكَ وَمَا زَادُوهُمْ غَيْرَ تَتْبِيبٍ(١٠١)

ئێمە ستەممان لەوان نەکرد ، ئەوان خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد . لەکاتێکدا کە فەرمانی سزادانیان هات ئەو خودایانەی بانگیان ئەکردن ،

بێجگە خودا ، سوودی هیچیان نەبوو بۆیان و فریایان نەکەوتن و هیچیان بۆ زیاد نەکردن لەناوچوون و ماڵوێرانی نەبێ.

وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَى وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ(١٠٢)

خودا کە غەزەب لە دێهاتە ستەمکارەکان ئەگرێ ئاوەها غەزەبیان لێ ئەگرێو لەناویان ئەبات . بەڕاستی غەزەبی خودا ئازاردارو سەختەو ڕزگار بوون لێی مەحاڵە .

إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِّمَنْ خَافَ عَذَابَ الآخِرَةِ ذَلِكَ يَوْمٌ مَّجْمُوعٌ لَّهُ النَّاسُ وَذَلِكَ يَوْمٌ مَّشْهُودٌ(١٠٣)

بێگومان لە فەوتان و سزادانی نەتەوە پێشووەکاندا پەندو عیبرەت هەیە بۆ کەسێ لە سزای ڕۆژی دوایی بترسێ . ڕۆژی قیامەت ڕۆژێکی سامناکە هەموو بنیادەمێکی تێدا کۆئەکرێتەوەو ، ڕۆژێکە هەموو ئەهلی ئاسمان و زەویی تێدا ئەبینرێن .

وَمَا نُؤَخِّرُهُ إِلاَّ لأَجَلٍ مَّعْدُودٍ(١٠٤)

ئێمە ئەو ڕۆژە دوا ناخەین بۆ ماوەیێکی دیاری نەبێ ،جا که وادەکە تەواو بوو ئەو ڕۆژە دێتەدی .

يَوْمَ يَأْتِ لاَ تَكَلَّمُ نَفْسٌ إِلاَّ بِإِذْنِهِ فَمِنْهُمْ شَقِيٌّ وَسَعِيدٌ(١٠٥)

کە ئاکامەکە تەواو بوو و ڕۆژی قیامەت هات کەس ناتوانێ قسە بکات بە ئیزنی خودا نەبێ ، جا لەو ساتە سامناکەدا هەندێ کەس ئەهلی شەقاوەتن و ، هەندێکیش ئەهلی سەعادەت .

فَأَمَّا الَّذِينَ شَقُواْ فَفِي النَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ(١٠٦)

جا ئەوانەی بەدبەختن وان لە ناو ئاگری دۆزەخداو لەوێدا هەناسە وەردەگرن و هەناسە دەرئەکەن .

خَالِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ إِلاَّ مَا شَاءَ رَبُّكَ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ(١٠٧)

لەو ئاگرەدا بەردەوام ئەمێننەوە تا ئاسمان و ئەرز مابێ ، ئیللا کاتێ کە خودا مەیلی لە دەرکردنیان هەبێ . خودای بەدەستەلاّت چی بوێ ئەیکات .

وَأَمَّا الَّذِينَ سُعِدُواْ فَفِي الْجَنَّةِ خَالِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ إِلاَّ مَا شَاءَ رَبُّكَ عَطَاءً غَيْرَ مَجْذُوذٍ(١٠٨)

ئەوانەیش کە بەختەوەرن بەدەوام لە بەهەشتدان و هەتا هەتایە تیایا ئەمێننەوەو تا ئاسمان و ئەرز مابێ ، مەگەر کاتێ کە خودا بیبەوێ دەربچن و شوێنی تر ببینن . ئەمە بەهرەو بەخششێکە لە خوداوە هەرگیز نابڕێ .

فَلاَ تَكُ فِي مِرْيَةٍ مِّمَّا يَعْبُدُ هَؤُلاَءِ مَا يَعْبُدُونَ إِلاَّ كَمَا يَعْبُدُ آبَاؤُهُمْ مِنْ قَبْلُ وَإِنَّا لَمُوَفُّوهُمْ نَصِيبَهُمْ غَيْرَ مَنقُوصٍ(١٠٩)

کە مادام ئەم هەمووە دەنگوباس و بەسەرهاتی خەڵکی لەوەپێشەت زانی ئیتر گومانت نەبێ لە بەدیو هیچ وپووچیی ئەو شتانەی کافرەکان ئەیانپەرستن . عیبادەتی ئەم کافرانە تەنها وەکو عیبادەتی باو باپیرانیانە لەمەوپێش . عیبادەتی ئەوان ناڕەوا بوو بە پاداشی خۆیان گەیشتن ، هیی ئەمانیش هەروەهایە . ئێمە بە بێ کەموکووڕی پاداشی کردەوەی ئەم کافرانە ئەدەینەوە .

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ فَاخْتُلِفَ فِيهِ وَلَوْلاَ كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ(١١٠)

لەمەوپێش کیتابمان دا بە مووسا ، واتە : تەورات . جا قەومەکەی دەربارەی ئەو کیتابە ئیختیلاف کەوتە بەینیان ؛ هەندێکیان ئەیانوت لای خوداوە هاتووەو ئیمانیان پێهێنا ، هەندێکیشیان ئەیانوت قسەی مووسا خۆیەتیو هی خودا نییەو باوەڕیان پێ نەکرد ؛ کەواتە تۆ گوێ مەدەرە ئیختیلافی قەومەکەت دەربارەی قورئان . ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە خودا زوو بڕیاری داوە تۆڵەو پاداش دوابخرێ بۆ ڕۆژی خۆی گورج حوکم ئەکرا لە بەینیانداو پاك و پیس جیا ئەکرایەوەو ، هەرکەس بە ئەنجامی کاری خۆی ئەگەیشت . بەڕاستی قەومەکەت دەربارەی قورئان دوودڵو بێباوەڕن .

وَإِنَّ كُلاًّ لَّمَّا لَيُوَفِّيَنَّهُمْ رَبُّكَ أَعْمَالَهُمْ إِنَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ خَبِيرٌ(١١١)

بەڕاستی هەموو لایێك چ موسوڵمان و چ کافر جەزایان ئەدرێتەوەو پاداشی کردەوەیان پێ ئەدرێ . خودا لە هەموو کردەوەی ئەوان ئاگادارەو هیچی لێ ون نابێ.

فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَمَنْ تَابَ مَعَكَ وَلاَ تَطْغَوْاْ إِنَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ(١١٢)

تۆ بەردەوام بە لەسەر ئەو یاساو ڕێوشوێنەی فەرمانت پێ دراوە لەگەڵ ئەوانەی گەڕاونەتەوە بۆ لای خودا لەگەڵت . توغیان مەکەن و لە سنووری دەستووری خودا لامەدەن . بەڕاستی ئێوە هەرچی ئەکەن خودا ئەیبینێو لێی ناشارڕێتەوە.

وَلاَ تَرْكَنُواْ إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لاَ تُنصَرُونَ(١١٣)

هیچ جۆرە مەیلێ مەکەن لەگەڵ ئەو کافرانە کە ستەم لە خۆیشیان و لە

خەڵکیش ئەکەن و لە فەرمانی خودا لا ئەدەن ، ئەگینا ئاگری دۆزەخ لێتان ئەکەوێ و ئێوەیش ئەگرێتەوەو ، لەو کاتەیشدا بێجگە خودا دۆستتان نابێ لە سزا ڕزگارتان بکات و پاشانیش یارمەتی نادرێن .

وَأَقِمِ الصَّلاَةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ اللَّيْلِ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ(١١٤)

نوێژەکانت ڕاگرەو جێبەجێیان بکە لە دوو لای ڕۆژدا ، واتە کاتی بەیان کە نوێژی سبەینانەو پاش زەوال کە نوێژی نیوەڕۆو عەصرە ، هەروەها لە چەند کاتێکدا کە نزیکی ڕۆژن وەك نوێژی مەغریب و عیشا . بەڕاستی کردەوە چاکەکان چ نوێژو چ غەیری نوێژ گوناهە بچووکەکان لائەبەن . ئەم وتارە یادئاوەریی عیبادەتە بۆ ئەوانەی یادی خودا ئەکەن .

وَاصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لاَ يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ(١١٥)

خۆت بگرە لەسەر زەحمەتی عیبادەت ، خۆت بگرە لەسەر تەرکی گوناه . بەڕاستی خودا پاداشی چاکەکەران بە فیڕۆ نادات .

فَلَوْلاَ كَانَ مِنَ الْقُرُونِ مِن قَبْلِكُمْ أُوْلُواْ بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ الْفَسَادِ فِي الأَرْضِ إِلاَّ قَلِيلاً مِّمَّنْ أَنجَيْنَا مِنْهُمْ وَاتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مَا أُتْرِفُواْ فِيهِ وَكَانُواْ مُجْرِمِينَ(١١٦)

ئەوە بۆ لە ئەهلی چەرخە پێشووەکان کۆمەڵێ نەبوو خاوەن کردەوەو بیرو باوەڕی باش بن تا مەنعی خەڵك بکەن لە خراپە کردن لە زەویدا ، مەگەر کەمێ نەبێ لەوانەی ڕزگارمان کردن لە خۆشەویستیی دنیا . ستەمکارەکان کەوتنە شوێنی ئەو ڕابواردنانە کە لەزەتیان لێ وەرگرتن و تاوانبار بوون .

وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ(١١٧)

خـــودای تـــۆ هـــەرگیز لـــەوانـــە نـــەبوە بە ستەم و ناڕەوایی ئاوەدانییەکان کاول بکات کە ئەهلەکانیان خاوەنی کرداری باش بووبن .

وَلَـــوْ شَاءَ رَبُّـــكَ لَجَعَـــلَ النَّـــاسَ أُمَّـــةً وَاحِـــدَةً وَلا يَـــزَالُـــونَ مُخْتَلِفِينَ(١١٨)

ئـەگـەر خودای تۆ مـــەیلی ببوایـــە بـــەرەی بنیادەمی هـــەمـــوو ئەکردە یەك ئوممەت و هەموو موسوڵمان ئەبوون . ئەم بەرەی بنیادەمە بەردەوام ناجۆرو لەیەك جیان ، هەندێکیان ئیماندارو هەندێکیان بێئیمانن .

إلاَّ مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لأَمْلأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ(١١٩)

ئـەوانـە نـەبێ کـــە خـــودا هیدایەتی داون و ئیمانیان هێناوە لە ناو خۆیاندا یـەکـن و جیاوازییان نی یـــە . ئەنجامی دروست کردنەکەیان ئەوە بوو هەندێ خاوەن ئیمان و هەندێ بێ ئیمان بـن . قسەی خـــودات بـڕاوەتەوەو لە عیلمیدا تێپەڕیوە : ئەبێ دۆزەخ لە بنیادەمیش و لە جیننییش پڕبکەم .

وَكُلاًّ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَاءِ الــرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ وَجَاءَكَ فِي هَذِهِ الْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ(١٢٠)

هەموو جۆرە دەنگوباسێکی پێغەمبەرانت بۆ ئەگێڕینەوە کـــە ببێتە هۆی دامەزرانی دڵت و بەردەوامیت لـــەسەر گەیاندنی پـەیامـــەکـــەت و بەرگەگرتنی ئازاری کافران . لەم سوورەتەداو لەم دەنگوباسانەدا شتی ڕاست و بێگەردت بۆ هاتووەو ئامۆژگاریو یادئاوەرییە بۆ ئەوانەی خاوەن ئیمانن .

وَقُل لِّلَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ اعْمَلُواْ عَلَى مَكَانَتِكُمْ إِنَّا عَامِلُونَ(١٢١)

تـــۆ بڵێ بـەوانـەی ئیمان نـاهێنن ئێوە لـەسەر حـاڵی خـــۆتان کـــار بکـــەن ،

ئێمەیش لەسەر حالّی خۆمان کار ئەکەین .

وَانتَظِرُواْ إِنَّا مُنتَظِرُونَ(١٢٢)

ئێوە چاوەڕوانی بکەن، ئێمەیش چاوەڕوانین تا بزانین ئەنجامی کاری هەردوولامان چۆنەو چۆن ئەبێ .

وَلِلَّهِ غَيْبُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ الأَمْرُ كُلُّهُ فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ(١٢٣)

هەر خودایە پەنامەکییەکانی ئاسمانەکان و زەوی ئەزانێ و هەموو شتێ بۆ لای ئەو ئەگەڕێتەوەو ، سەرەنجامی لای ئەوە . هەر ئەو بپەرستە ، پشت هەر بەو ببەستە . خودا بێئاگاو بێ خەبەر نییە لە هەر کارێ کە ئەیکەن و ، پاداشی هەمووتان لەکاتی خۆیدا پێ ئەگات .

سوورەتی (یوسف)

مەککەییە بە ئایەتی ١و ٢و ٣و ٧ی نەبێو ، (١١١) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الَر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ(١)

(الر) : خودا خۆی ئەزانێ مەبەستی پێی چییە . ئایەتەکانی ئەم سوورەتە چەند ئایەتێکن مەعناکەیان دیارییەو، ئاشکرایە کە موعجیزەن .

إِنَّا أَنزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ(٢)

بەڕاستی ئێمە ئەو کتێبەمان نازڵ کردووە کە قورئانێکە بە زوبانی عەرەبی تا ئێوە لێی تێ بگەنو بیزانن .

نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَذَا الْقُرْآنَ وَإِنْ كُنتَ مِنْ قَبْلِهِ لَمِنَ الْغَافِلِينَ(٣)

ئێمە بە وەحی کردنی ئەم سوورەتە لە قورئان جوانترینو شیرینترین چیرۆکت بۆ ئەگێڕینەوە، ئەگەرچی تۆ لەپێش ئەم وەحیەدا ئاگات لەم چیرۆکە نەبوەو بەخەیاڵتدا نەهاتووە .

إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَاأَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ(٤)

باسی ئەوە بکە کە یووسف بە یەعقووبی باوکی وت : بابە من یازدە ئەستێرەم لە خەودا چاوپێکەوت لەگەڵ خۆرو مانگدا ، چاوم پێکەوتن سوجدەیان بۆ ئەبردم .

قَالَ يَابُنَيَّ لاَ تَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَى إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا لَكَ كَيْدًا إِنَّ الشَّيْطَانَ لِلإِنسَانِ عَدُوٌّ مُبِينٌ(٥)

یەعقووبیش لە وەڵاما وتی: کوڕە بچکۆلانەکەم! ئەم خەوەت بۆ براکانت مەگێڕەوە؛ نەبادا مەعنای خەوەکەت بزانن و بەخیلیت پێ ببەن و، فێڵێکت لەگەڵ بکەن کە زیانت پێ بگەیێنن. بێگومان شەیتان دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ ئینسان و لەوانەیە وەسوەسە بخاتە دڵی براکانتەوەو دەستت لێ بوەشێنن.

وَكَذَٰلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَعَلَىٰ آلِ يَعْقُوبَ كَمَا أَتَمَّهَا عَلَىٰ أَبَوَيْكَ مِن قَبْلُ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ(٦)

ئا وەها خودا هەڵتئەبژێرێت و مەعنای قسە گرانەکانی کتێبەکانی خۆیو قسەی حەکیمان و خەوبینین و شتیترت فێرئەکاتو نیعمەتی خۆیت بۆ تەواو ئەکات، هەم پێغەمبەریو هەم موڵکو دارایی و دەستەڵات بۆ تۆو بۆ ئالی یەعقووب، هەروەك نیعمەتی گەورەی پێغەمبەرایەتی و جێگەو ڕێگەی پێش تۆ بۆ ئیبراهیم و ئیسحاقی باپیرت، تەواوکرد. بەڕاستی خودای پەروەردگاری تۆ زانایەو کارەکانی پڕ حیکمەتن.

لَّقَدْ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِ آيَاتٌ لِّلسَّائِلِينَ(٧)

بەڕاستی لە بەسەرهاتی یووسف و براکانیدا چەند ئایەت و بەڵگەیێك هەیە دەلالەت لە دەستەڵاتو حیکمەتی کارەکانی خودا ئەکەن بۆ ئەوانەی لەم بەسەرهاتە ئەپرسن.

إِذْ قَالُوا لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَىٰ أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ(٨)

کە براکانی یووسف لەناو خۆیاندا وتیان: یووسف و بەنیامینی برای لە

ئێمە خۆشەویستترن لای باوکمـان ، کەچی ئێمە کۆمەڵێکین هەموو کارێکمان پێ ئەکرێ ، بەڵام ئەوان منالٚو بێهێزن . بـەڕاستی بـاوکمان لەم بابەتەوە لە گومڕاهییەکی ئاشکرادایە .

اقْتُلُواْ يُوسُفَ أَوِ اطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُواْ مِنْ بَعْدِهِ قَوْمًا صَالِحِينَ (٩)

دە یـووسف بکوژن یـا فـڕێیدەنـە شوێنێکی دوور لـە ئـاوەدانییەوە ، ئـەووەختە بەرچاوی باوکتان بۆ ئێوە خاڵی ئەبێتو هەر ئێوەی خۆش ئەوێ. ئیتر پاش ئەوەی لە کاری یـووسف بـوونـەوە، ببنە کۆمەڵێکی کردار چاكو لەگەڵ باوکتان باشو بەخزمەت بن .

قَالَ قَائِلٌ مِّنْهُمْ لاَ تَقْتُلُواْ يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ السَّيَّارَةِ إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ(١٠)

یـەکێکیـان وتی : ئـەگـەر بەگوێم ئەکەنو ، ئەتانەوێ لە بەرچاوی باوکی دوور بخەنەوە و ، لە دەستتان دێ ، مەیکوژن ؛ کوشتن گوناهێکی گەورەیە ، فڕێیدەنـە قووڵاییی بیرێکەوە بەڵکو ڕێبوارگـەلێ بیدۆزنـەوەو هـەڵیگرن و بیبەن بۆ خۆیان .

قَالُواْ يَاأَبَانَا مَا لَكَ لاَ تَأْمَنَّا عَلَى يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُ لَنَاصِحُونَ(١١)

جـا لـەسەر ئەم مـەبەستە بڕیـاریـان داو ڕۆیشتن بۆ لای یەعقووبی باوکیان و پێیان وت : بـابـە ! ئـەوە بۆچی سەبارەت بە یووسف لە ئێمە ئەمین نیتو نایدەیتە دەستمان لەگەڵ خۆماندا ببیەینە دەشتودەر، کـە ئێمە برای دڵسۆزی ئەوین؟! .

أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ(١٢)

سبەینێ بینێرە لەگەڵمان ڕابوێرێ و میوە بخوات و یاری بکات، ئێمە بە هەموومان پارێزگاریی ئەکەین .

قَالَ إِنِّي لَيَحْزُنُنِي أَنْ تَذْهَبُواْ بِهِ وَأَخَافُ أَنْ يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ وَأَنْتُمْ عَنْهُ غَافِلُونَ(١٣)

یەعقووب وتی : پێم ناخۆشە بیبەن و خەفەتی پێ ئەخۆم ؛ ئەترسم گورگ بیخوات و ئێوە ئاگاتان لێی نەبێت .

قَالُواْ لَئِنْ أَكَلَهُ الذِّئْبُ وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّا إِذًا لَّخَاسِرُونَ(١٤)

وتیان : قەسەم بە خودا ئەگەر بێت و گورگ بیخوات ، کە ئێمە کۆمەڵێکین ، ئەوە مەعنای وایە ئێمە ماڵوێران و ڕەنجبەخەسارین .

فَلَمَّا ذَهَبُواْ بِهِ وَأَجْمَعُواْ أَنْ يَجْعَلُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُمْ بِأَمْرِهِمْ هَذَا وَهُمْ لاَ يَشْعُرُونَ(١٥)

جا کە ئیزنیان لە باوکیان وەرگرت یووسفیان لەگەڵ خۆیان بردو ، هەموو بڕیاریان دا بیخەنە قووڵاییی بیرەکەوەو ، خستیشیانە ناوی . لەو کاتەدا ئیلهاممان کرد بۆ یووسف و خستمانە دڵیەوە کە خەم مەخۆ تۆ ڕزگار ئەبیت و ڕۆژێ دێت تۆ بەم برایانەت ئەڵێیت کە چییان بە تۆ کردو ، لەو کاتەدا لەبەر پایەبەرزیی تۆو لەبەر دووریی ماوەی تاوانەکەیان نازانن تۆ یووسفی .

وَجَاءُو أَبَاهُمْ عِشَاءً يَبْكُونَ(١٦)

ئێوارە بە گریانەوە هاتنەوە بۆ لای باوکیان .

قَالُواْ يَاأَبَانَا إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِنْدَ مَتَاعِنَا فَأَكَلَهُ الذِّئْبُ وَمَا أَنْتَ بِمُؤْمِنٍ لَّنَا وَلَوْ كُنَّا صَادِقِينَ(١٧)

کە باوکیان لێی پرسین : بۆ ئەگرین ؟ کوا یووسف ؟ وتیان : بابە : ئێمە

ڕۆیشتین پێشبڕکێمان ئـەکردو ، یووسفمان بە لای جلو شتومەکەکانمانەوە دانا ، تا هاتینەوە گورگ خواردبووی ، بەڵام تـۆ بـاوەڕ بە ئێمە نـاکەی با ئێمە ڕاستگۆیش بین .

وَجَاءُو عَلَى قَمِيصِهِ بِـدَمٍ كَذِبٍ قَـالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ(١٨)

کـراسەکـەیشییان هێنا بـۆ بـاوکیـان کـە بە خوێنێکی درۆینە خوێناوییان کـردبوو . کـە یـەعقـووب تـەماشای کرد وتی : ئەم خوێنە خوێنی ئینسانێکی گـورگ خواردوو نی‌یـە ؛ نیشانەی ددانی گـورگی پێوە نی‌یەو ، نەفسی ئێوە کارێکی خراپی لا جوان کردوون ، من چارەم نی‌یە خۆگرییەکی چاك نـەبێ کە شکات لای خودا نەبێ لای کەس نەکەم . هەرخودا داوای یارمەتیی لێ ئەکرێ بۆ خۆڕاگرتن بەرامبەر بەم کارەساتە کە ئێوە باسی ئەکەن .

وَجَاءَتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُواْ وَارِدَهُمْ فَأَدْلَى دَلْوَهُ قَالَ يَابُشْرَى هَذَا غُلامٌ وَأَسَرُّوهُ بِضَاعَةً وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَعْمَلُونَ(١٩)

ئـەوەنـدەی پێ نـەچوو کاروانێ کە لە مەدیەنەوە بەرەو میسر ئەچوو لەو نـزیکـانـە لای‌داو ئـاوکێشیان نـارد ئـاویان لە بیرەکـە بۆ هەڵگۆزێ، ئەویش کـە دۆڵچەکـەی داهێشت و دۆڵچە گەیشتە بنی بیرەکە یووسف خۆی بە پەتی دۆڵچەکـەوە شۆڕکـردەوەو سەرکـەوت ، کـە ئاوکێشەکە دیی وتی : مژدە بێ ئـەمـە غوڵامێکی جـوان و شیرینە ، ئیتر لـەنـاو خۆیاندا کارەکەیان شاردەوەو نـەیـانـوت لە بیر دەرمـان هێناوەو ، کـردیـانـە مـاڵی بـازرگانی بۆ فرۆشتن . خودایش ئەزانێ چییان کرد .

وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُواْ فِيهِ مِنَ الزَّاهِدِينَ(٢٠)

هـەروەهـا بـە نـرخێکی کـەم فرۆشتیان ، بە چەند درهەمێ ، جا چونکە دۆزیبوویانەوە مەبەستیان نەبوو بە هەرچەند بیفرۆشن .

وَقَالَ الَّذِي اشْتَرَاهُ مِن مِّصْرَ لِامْرَأَتِهِ أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَى أَن يَنفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا وَكَذَلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الأَرْضِ وَلِنُعَلِّمَهُ مِن تَأْوِيلِ الْأَحَادِيثِ وَاللَّهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ(٢١)

ئـەو پیاوە میسرییە کـە یووسفی کڕی کـە عەزیزی میسر بوو ، بە ژنەکەیی وت : خزمەتی ئەم کوڕە بکەو قەدری بگرە ؛ هیوام وایە لە بارەگادا بەکەڵکمان بێتو سوودمان پێ بگەیەنێ ، یا هەر بیکەین بە کوڕی خۆمـان . ئا بەم جۆرە جێگەو ڕێگەمـان لـە ئـەرزدا بـۆ یـووسف خۆش کردو، ماوەیێکی باشمان بۆ ڕەخساند تـا فێری مـەعنای قسەی وردو خـەولێکدانەوەی بکەین . بەڕاستی خودا بەسەر کاری خۆیدا زاڵەو مەبەستی خۆی جێبەجێ ئەکات ، بەڵام بەشی زۆری خەڵك ئەم ڕاستییە نازانن .

وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ آتَيْنَاهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ(٢٢)

جـا کـە یـووسف گـەورە بـوو و پێگەیشت ، هێزی بـە جێهێنانی حـوکمو دادپـەروەریمـان پێ دا لـەگـەڵ زانستو زیـرەکیـدا . ئێمـە ئـاوەهـا پـاداشی چاکەکەران ئەدەینەوە .

وَرَاوَدَتْهُ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَن نَّفْسِهِ وَغَلَّقَتِ الْأَبْوَابَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ(٢٣)

ئـەو ژنە کە یووسف لەماڵیا بوو، دڵداریی بە یووسف ئەفرۆشتو ئەیویست ڕامیبکـات بـۆ مـەبـەستی خـۆی و کـاری نـاشەرعیی لـەگـەڵ بکاتو بۆ ئەم مەبەستە دەرگاکانی لێداخستو پێیوت : وەرە دەستوبرد کـە ! یووسفیش

وتی : پەنا بە خودا لەم کارە ناهەموارە ! بەڕاستی من ئاغەم دالّدەی داوم‌و حورمەتی گرتووم ، نابێ خیانەتی لیّ بکەم . بێگومان ستەمکاران هەرگیز سەرناکەون‌و ڕزگار نابن .

وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِ وَهَمَّ بِهَا لَوْلاَ أَن رَّأَى بُرْهَانَ رَبِّهِ كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاءَ إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ(٢٤)

بەڕاستی ژنەکە ویستی ئارەزووی خۆی لەگەلّ یووسف جیّبەجیّ بکات‌و ، یووسفیش ویستی ، ئەگەر دەلیلی لای خودای خۆیەوە نەدیبایە کە زینا کارێکی ناڕەواو گوناهێکی گەورەیە .

(هەندێك لە ئەهلی تەفسیر ئەلّێن : لەو کاتەدا جیبریلی لیّ پەیدا بووە . هەندێکیش ئەلّێن جیبریل چووەتە شێوەی یەعقووبەوەو ڕووبەڕووی وەستاوەو پەنجەی لیّ گەزتووە ، واتە : نەکەی ! . هەندێکیش ئەلّێن لەو کاتەدا بانگی لیّ کراوە کە تۆ ئەی یووسف لە زومرەی پێغەمبەراندا نووسراوی، کەچی ئەتەویّ کاری ناشایستە بکەیت ؟! . هەرچۆن بیّ خودا لەو تەنگوچەلّەمەیە ڕزگاری کردو تووشی گوناە نەبوو). ئاوەها لەسەر چاکە دامانمەزراند تا خراپەو زینای لیّ لادەین . بەڕاستی یووسف یەکێکە لە بەندە خالیصەکانی ئێمە کە بۆ عیبادەت‌و خوداپەرستی هەلّبژێرراون .

وَاسْتَبَقَا الْبَابَ وَقَدَّتْ قَمِيصَهُ مِن دُبُرٍ وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا لَدَا الْبَابِ قَالَتْ مَا جَزَاءُ مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُوءاً إِلاَّ أَن يُسْجَنَ أَوْ عَذَابٌ أَلِيمٌ(٢٥)

پێشبڕکێیان کرد بەرەو دەرگاو ژنەکە کراسەکەی یووسفی لە پشتەوە دادڕی‌و ، لەو کاتەدا لای دەرگاکەدا تەصادوفی عەزیزیان کرد ، ژنە بە عەزیزی وت کەسیّ نیازی خراپی لەگەلّ خێزانی تۆ ببیّ پاداشی چییە لە حەپس کردن

یا سزاییێکی پڕئازار، بەولاوە ؟

قَالَ هِيَ رَاوَدَتْنِي عَن نَّفْسِي وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَا إِنْ كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِنْ قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ الْكَاذِبِينَ(٢٦)

یووسف بۆ دیفاع لە خۆی وتی : ئەو ویستی دڵداریم لەگەڵ بکاو ڕامکێشێ بۆ ئارەزووی خۆی. لەوێدا شاهیدێ لە خزمانی ژنەکە کە منداڵێکی بەربێشکە بوو شایەتییداو وتی: ئەگەر کراسەکەی یووسف لەپێشەوە دڕابوو ئەوا ژنەکە ڕاست ئەکات و ئەو درۆزنە .

وَإِنْ كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِنْ دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِنَ الصَّادِقِينَ(٢٧)

خۆ ئەگەر کراسەکەی یووسف لەدواوە دڕابوو ئەوا ژنەکە درۆ ئەکات و یووسف ڕاستگۆیە .

فَلَمَّا رَأَى قَمِيصَهُ قُدَّ مِنْ دُبُرٍ قَالَ إِنَّهُ مِن كَيْدِكُنَّ إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ(٢٨)

جا کە عەزیز کراسەکەی یووسفی دی لەدواوە دڕابوو تێگەیشت و بە ژنەکەی وت ئەمە لە فرۆفێڵی ئێوەیە ، بە ڕاستی فرۆفێڵی ئێوە گەورەیە .

يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَذَا وَاسْتَغْفِرِي لِذَنْبِكِ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ الْخَاطِئِينَ(٢٩)

عەزیز بە یووسفی وت : ئەی یووسف تۆ لەم قسەیە گەڕێو لای کەس باسی مەکە ، هەروەها بە ژنەکەیشی وت : داوای بەخشینی تاوانەکەت لە خودا بکە ، بەڕاستی دەرکەوت تۆ خەتاباری.

وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي الْمَدِينَةِ امْرَأَةُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ فَتَاهَا عَن نَّفْسِهِ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا إِنَّا لَنَرَاهَا فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ(٣٠)

کۆمەڵێ ژن لە میسر کە باسی ئەم ڕووداوەیان بیست سەرزەنشتی ژنەکەی عەزیزیان ئەکردو ئەیانوت : سەیرە ژنی عەزیز دڵی لە خزمەتکارەکەی خۆی چووە ! ئەیەوێ لەگەڵی جووت ببێ ! لە ناخی دڵەوە خۆشی ئەوێ ! ئێمە وا ئەزانین ئەم ژنە گومڕا بووەو لە ڕێگای ڕاست لای داوە .

فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً وَآتَتْ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِّنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتِ اخْرُجْ عَلَيْهِنَّ فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا هَذَا بَشَرًا إِنْ هَذَا إِلاَّ مَلَكٌ كَرِيمٌ(٣١)

کە ژنی عەزیز بە مەکری ژنەکانی زانی ناردی بە دوایانداو جێگای دانیشتن و پاڵپشتی بۆ ئامادە کردن و هەر یەکی چەقۆیەکی دایە دەستیان . ئەنجا بە یووسفی وت : دەرچۆ بۆ لایان. کە ژنەکان دییان زۆر لە بەرچاویان گەورەو نایاب بوو ، لە جوانی و شۆخیی ئەو سەرسام بوون و ، ئاگایان لە خۆیان نەماو هەموو دەستی خۆیان بریندار کردو ، وتیان حاشا وەکەللا ئەمە بنیادەم نی یە ئەمە فریشتەیێکی پایەبڵند نەبێ هیچی تر نی یە .

قَالَتْ فَذَلِكُنَّ الَّذِي لُمْتُنَّنِي فِيهِ وَلَقَدْ رَاوَدتُّهُ عَن نَّفْسِهِ فَاسْتَعْصَمَ وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَا آمُرُهُ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِّنَ الصَّاغِرِينَ(٣٢)

جا ژنەکەی عەزیز پێی وتن : ئەمە ئەو غوڵامە کەنعانییەیە ئێوە سەرزەنشتی منتان کرد لەسەر خۆشویستن و دڵداری پێ فرۆشتنی . بەڕاستی من تێکۆشیم بۆ ڕامکردنی ، بەڵام ئەو خۆی پاراست و خۆی نەدا بەدەستەوە . ئەگەر ئەوەی ئەمری پێ ئەکەم نەیکات و داخوازیم جێبەجێ نەکات بێگومان بەند ئەکرێ و لە زەلیلانی دەربار ئەبێ .

قَالَ رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ وَإِلاَّ تَصْرِفْ عَنِّي

كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنْ الْجَاهِلِين(٣٣)

جا یووسف لە خودا پاڕایەوە وتی : خـودایا حەپس کردن و بەندیخانەم پیّ خـۆشترە لـەوەی گـوناهبار ببم و پیس ببم بـەو کـارە سووکەی منی بۆ بانگ ئەکەن . ئـەگـەر تۆ دەفعی مەکری ئەمانەم لیّ نەکەیت مەیل ئەکەم بەلایاندا و تووشی گوناه ئەبم و لە زومرەی ئەوانە ئەبم کە نازانن چاك چییەو خراپ چییە .

فَاسْتَجَابَ لَهُ رَبُّهُ فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ(٣٤)

جـا خودا بـە میهرەبـانیی خۆی دوعـاو نزاکەی لیّ قوبوول کردو ئاواتی بەجێهێناو پاراستی لـە گونـاهو مـەکری ژنەکەی لیّ لادا . بیّگومان خـودا شنەواو زانـایـەو ئاگای لە هەموو شت هەیە .

ثُمَّ بَدَا لَهُم مِّنْ بَعْدِ مَا رَأَوُاْ الآيَاتِ لَيَسْجُنُنَّهُ حَتَّى حِينٍ(٣٥)

پـاش ئـەوەی عـەزیـز و پیاوانی دەربـار نیشانـەکانی پاکیی یووسفیان بۆ دەرکەوت ، وەك شایەتیی ساواکەو دڕانی کراسەکەی لە دواوەو برینداربوونی دەستی ژنەکان و خۆپاراستنی یووسف لە مەکریان ، لـەئـەنجامی تەئسیری قسەی ژنەکەی عەزیزدا بڕیاریان دا تا ماوەیەك توندی بەندیخانەی بکـەن ، تا خەڵك وا بزانن تاوانبارە .

وَدَخَلَ مَعَهُ السِّجْنَ فَتَيَانِ قَالَ أَحَدُهُمَا إِنِّي أَرَانِي أَعْصِرُ خَمْرًا وَقَالَ الآخَرُ إِنِّي أَرَانِي أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِي خُبْزًا تَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِ إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ(٣٦)

کـە یـووسف حـەپس کـرا دوو گـەنجیش لـەگـەڵی خـرانـە بەندیخانە کە بە تـاوانیتـر حوکم درابـوون . یـەکێکیان وتی : لـە خـەودا دیم ترێم بۆ پادشا ئەگوشی ، ئەویتریشیان وتی : لە خەودا دیم نانم بەسەر سەرمەوە هەڵگرتبوو

باڵندە لێیان ئەخوارد . واتای ئەم دوو خەوەمان بۆ لێك بدەرەوە ؛ بەڕاستی ئێمە تۆ بە پیاوێکی چاك ئەزانین .

قَالَ لاَ يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِ إِلاَّ نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِ قَبْلَ أَن يَأْتِيَكُمَا ذَلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّي إِنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لاَّ يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَهُمْ بِالآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ(٣٧)

یووسف پێی وتن : هیچ خواردەمەنییەك نایێتە لای ئێوە بۆ خواردنی ئیللا من پێش ئەوەی بگات بە ئێوە پێتان ئەڵێم ئەو خواردەمەنییە چییەو لە چی دروست کراوە . ئەمە شتێکە خودا بە وەحیو ئیلهام فێری کردووم . من ئایینی قەومێکم وازلێهێناوە کە ئیمانیان بە خوداو بە ڕۆژی قیامەت نی‌یە .

وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبَائِي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ مَا كَانَ لَنَا أَن نُّشْرِكَ بِاللَّهِ مِنْ شَيْءٍ ذَلِكَ مِنْ فَضْلِ اللَّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَشْكُرُونَ(٣٨)

من دوای ئایینی ئیبراهیم و ئیسحاقو یەعقووبی باوباپیرم کەوتووم . بۆ ئێمە ڕەوا نەبووەو نی‌یە هاوبەش بۆ خودا دابنێین ، ئەمە ڕەحمو میهرەبانیی خودایە بەسەر ئێمەو بەسەر باقیی موسوڵمانانەوە، بەڵام بەشی زۆری خەڵك سوپاسی نیعمەتی خودا ناکەن .

يَاصَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُّتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ(٣٩)

ئەی هاوڕێیانی بەندیخانەم ! ئایا چەند خوداییێکی جیاوازی پەرێشان چاکن یا خودای تاقو تەنیا کە بەسەر جیهاندا زاڵو فەرمانڕەوایە ؟

مَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِهِ إِلاَّ أَسْمَاءً سَمَّيْتُمُوهَا أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنزَلَ

اللَّهُ بِهَا مِنْ سُلْطَانٍ إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلَّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ(٤٠)

ئـەوانەی غەیری خودا کە ئێوە ئـەیـانپەرستن هیچ نین تـەنها چەند ناوێکن ئێوەو بـاوك وبـاپیرانتان داتاناون ، خـودا دەلیلێکی لـەسەر ڕاستیی ئەوانە نەناردووە تا بنیادەمی ژێر باوەڕیان پێ بکات. پەرستن بۆ خودا نەبێ بۆ هیچ شتێ ڕەوا نی‌یە . خودا خۆی فەرمانی داوە کەس نەپەرستن ئەو نەبێ. ئەوەیە ئایینی ڕاستی بەڵام بەشی زۆری خەڵك نافامن .

يَـا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَمَّـا أَحَدُكُمَا فَيَسْقِي رَبَّـهُ خَمْرًا وَأَمَّا الآخَرُ فَيُصْلَبُ فَتَأْكُلُ الطَّيْرُ مِن رَّأْسِهِ قُضِيَ الأَمْرُ الَّذِي فِيهِ تَسْتَفْتِيَانِ(٤١)

ئـەی هـاوڕێیانی بەندیخانە ! ئەوەتان کـە خەوی دیوە ترێ بۆ گەورەکەی ئـەگوشێ ئـەوە لـە بـەندیخانـە ڕزگـار ئەبێت و ئـەڕواتـەوە بۆ شوێنی خۆیو شەراب ئەکات بە دەمی گەورەکەیەوە . ئەوی‌تریشتان ئەکرێ بە داراو باڵندە لێی ئەخۆن . ئەو کارەی ئێوە لەبارەیەوە پرسیار ئـەکـەن لای خـوداوە بڕیار دراوەو بڕاوەتەوە .

وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُ نَاجٍ مِّنْهُمَا اذْكُرْنِي عِندَ رَبِّـكَ فَأَنسَاهُ الشَّيْطَانُ ذِكْرَ رَبِّهِ فَلَبِثَ فِي السِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ(٤٢)

جـا یـووسف وتی بـەویـانـە کە لای وا بوو ڕزگار ئەبێ کە دەرچوویت لای گەورەکەت باسی حاڵم بکـە بـەڵکو ڕزگارم بکات ، بەڵام پیاوەکە شەیتان لە بیری بردەوە کە لای گـەورەکـەی بـاسی بکـاتو ، یـووسف چەند ساڵێ لە بەندیخانەدا مایەوە .

وَقَالَ الْمَلِكُ إِنِّي أَرَى سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ

وَسَبْعَ سُنْبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ يَاأَيُّهَا الْمَلأُ أَفْتُونِي فِي رُؤْيَايَ إِنْ كُنتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ(٤٣)

پادشای میسر وتی : حەوت مانگای قەڵەوم لە خەودا دی حەوت مانگای لەڕ ئەیانخواردن ، هەروەها حەوت گوڵە گەنمی سەوزم دی لەگەڵ حەوت گوڵی وشك . ئەی کۆمەڵی مەجلیسی خۆم ! واتای ئەم خەوەم بۆ لێك بدەنەوە ئەگەر ئەزانن مەعنای خەو لێك بدەنەوە .

قَالُوا أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ وَمَا نَحْنُ بِتَأْوِيلِ الْأَحْلَامِ بِعَالِمِينَ(٤٤)

ئەوانیش وتیان ئەم خەوەی تۆ خەوی پڕوپووچ و بێ‌ئەساسە و ئێمە مەعنای خەوی پڕوپووچ و بێ‌ئەساس نازانین .

وَقَالَ الَّذِي نَجَا مِنْهُمَا وَادَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ أَنَا أُنَبِّئُكُمْ بِتَأْوِيلِهِ فَأَرْسِلُونِ(٤٥)

ئەو بەندییەی ڕزگار بووبوو لە زیندان و گەڕابووەوە بەر دەستی پادشاو، پاش ماوەیێکی زۆر یووسفی بیرکەوتەوە ، وتی : من لە واتای ئەم خەوە ئاگادارتان ئەکەم . دە بمنێرن بۆ بەندیخانە بۆ لای یووسف .

يُوسُفُ أَيُّهَا الصِّدِّيقُ أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنْبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ لَعَلِّي أَرْجِعُ إِلَى النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ(٤٦)

ئەوانیش ڕێگای پیاوەکەیان دا چوو بۆ بەندیخانە بۆ لای یووسف و ، پێی‌وت: ئەی یووسف ! ئەی پیاوی فرە ڕاستگۆ ! واتای ئەم خەوەمان بۆ لێکدەرەوە؛ حەوت مانگای قەڵەو حەوت مانگای لەڕ ئەیانخۆن ، هەروەها حەوت گوڵە گەنمی سەوز و حەوتی وشك ؟ بەڵکو بڕۆمەوە بۆ لای خەڵکەکە ،

بـەڵکو لـە مـەعنای خـەوەکـە تیَبگەن ، یا لە زانایی و ڕاستگۆییی تۆ خەبەردار ببن.

قَــالَ تَزْرَعُــونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنْبُلِهِ إِلاَّ قَلِيلاً مِّمَّا تَأْكُلُونَ(٤٧)

وتی : مـەعنـای خـەوەکـە ئـەوەیـە : حـەوت ساڵ لەم تەئریخە بەدواوە کشتوکـاڵێکی تـەواو ئـەکـەن بە پێی عادەت و نەریتی خۆتـان . هەرچیتان دروووەوە ، کەمێکی نەبیّ کە ئەیخۆن ، لەناو گوڵەکەیا لێی گەڕێن.

ثُمَّ يَأْتِي مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلاَّ قَلِيــلاً مِّمَّا تُحْصِنُونَ(٤٨)

جـا پـاش ئـەو حـەوت ساڵە حەوت ساڵی سەختی وشکەساڵی نەبار دێتە پێشەوە ، هەرچیتان لـە حـەوت ساڵی پێشوودا هەڵگرتبوو هەمووی ئەخۆن کەمێکی نەبیّ کە بۆ تۆو هەڵیئەگرن .

ثُمَّ يَأْتِي مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ النَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ(٤٩)

پاش ئەو حەوت ساڵە سەختە بەختە ساڵێکی باش دێتە پێشەوە خـودا بە هاواری خەڵکەوە دێت و فریایان ئەکەویّ و خێرو بەرەکەت زۆر ئەبیّ و خەڵکی دەست ئەکەن بە گوشین و ئاوگرتنی میوە .

وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ فَلَمَّا جَاءَهُ الرَّسُولُ قَــالَ ارْجِعْ إِلَى رَبِّكَ فَاسْأَلْــهُ مَــا بَــالُ النِّسْوَةِ اللاَّتِي قَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ إِنَّ رَبِّي بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ(٥٠)

پـادشا وتی : ئـەو کـوڕە حەبس کـراوەم بۆ بێنن تا چاوم پێی بکەویّ . کە غولامی پادشا ڕۆیشت بۆ بەندیخانـە بـۆ لای یووسف (د.خ) ، یووسف پەلەی

دەرچوونی نەکردو، بــە غولامەکــەی وت بڕۆرەوە بۆ لای پادشاو لێی بپرسە : ئــەو ژنانــە کــە دەستی خۆیانیان بڕی حالی یووسفیان چۆن بۆ دەرکەوت و، ئەوان لــە چ حـالــەتێکدا بوون دەربارەی یووسف کە ئەیانویست ڕامی بکەن ؟ بەڕاستی خودا بە حالی ئەو ژنانە ئەزانیو ئاگای لە مەکریانە .

قَالَ مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَاوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفْسِهِ قُلْنَ حَاشَ لِلَّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِنْ سُوءٍ قَالَتِ امْرَأَةُ الْعَزِيــــزِ الْآنَ حَصْحَصَ الْحَقُّ أَنَا رَاوَدتُّهُ عَن نَّفْسِهِ وَإِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ(٥١)

کە ژنەکان هاتن پادشا پێی وتن : ئەوە چیتان بوو کە دڵداریتان بە یووسف ئەفرۆشتو ئەتانویست ڕامی بکەن ؟ تاوانی ئــەو بوو یا هیی ئێوە ؟ ئەوانیش وتیان حاشا لیللا ئێمە هیچ کـارێکی خراپمان لەوەوە نەدیوە . ئەنجا ژنەکەی عــەزیـز وتی : ئێستە حــەق دەرکــەوت و ڕاستی ئــەبێ بـوتـرێ، من گیرۆدەی خــۆشەویستیی ئــەو بووبووم و ئەمویست ڕامی بکەم بۆ خــۆم . یــووسف هیچ تاوانێکی نەبوو، بەڕاستی یووسف لە ڕاستگۆیانە .

ذَلِكَ لِيَعْلَمَ أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِالْغَيْبِ وَأَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي كَيْدَ الْخَائِنِينَ(٥٢)

ئەم تەحقیق و لێپرسینەوە بۆ ئەوە بوو گەورەکەم دڵنیابێ لەوەی کە من لە پاشملەو بەپەنهانی خیانەتم لەگەڵ نەکردووە ،هەروەها تا بزانێ خودا هەرگیز مەکرو فێڵی خیانەتکاران ســەرناخـات .

جوزئی سیازدەهەم

وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّي إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَّحِيمٌ(٥٣)

لــە هــەمـان کــاتدا من نەفسی خۆم بە بێعەیب و بێتاوان نازانم و دیفاعی لێ

نـاکـەم ؛ چونکە بێگومان نەفسی ئادەمزاد زۆر فەرمان ئەدا بە خراپە کردن و مەیلی لـە کـاری نـاشیرینە ، مـەگەر میهرەبانیی خودا ئینسان ڕزگار بکات ؛ خودای من تاوانبەخش و میهرەبانە .

وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي فَلَمَّا كَلَّمَهُ قَالَ إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ(٥٤)

پادشا وتی : ئەو جوانـە ژیـرەم بـۆ بێنن بـەتـایبەتی ڕای ئەگرم بۆ ڕاوێژو کاروباری خۆم لە دەرباردا . کە هێنایان و لـەگـەڵ پادشا کەوتە وتووێژ پادشا پێی وت تـۆ لـەمڕۆ بـەدواوە لای ئێمە خـاوەن پایەیت و لـە هـەموو شتێکدا باوەڕپێکراوو دەمڕاست ئەبی .

قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَائِنِ الْأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ(٥٥)

یووسف داوای لە پادشا کرد ، وتی بمکە بە ئەمینداری گەنجینەکانی ئەرز . من ئەیانپارێزم لە فەوتان و بە خـۆڕایی لـەنـاوچوون و ، ئەزانم چۆن ئەیانبەم بەڕێوەو تەسەڕوفیان تێدا ئەکەم .

وَكَذَلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَاءُ نُصِيبُ بِرَحْمَتِنَا مَن نَّشَاءُ وَلاَ نُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ(٥٦)

پادشا داخوازییەکەی یووسفی جێبەجێ کردو ، کردیە ئەمینداری دارایی و واریـداتی وڵات . ئـا بـەو جۆرە لە وڵاتی میسردا شوێنمان بـۆ یـووسف خـۆش کردو، لە هەرکوێ مـەیلی بـوایـە لێی دائەنیشت . ئێمە میهرەبانیی خۆمان لە دنیاو لە قیامەتدا ئەڕژێنین بەسەر هـەرکەسێکدا خواستمان لـە سەری بێ . ئێمە هەرگیز پاداشی چاکەکەران نافەوتێنین .

وَلَأَجْرُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ(٥٧)

بێگومان بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە خودا هەیەو خۆیـان لـە هـاویەش بۆ خوا دانان و لـە داوێـن پیسی ئـەپـارێـزن ، پـاداشی ڕۆژی دوایی لـە هەموو پاداشێ چاکترە .

وَجَاءَ إِخْوَةُ يُوسُفَ فَدَخَلُواْ عَلَيْهِ فَعَرَفَهُمْ وَهُمْ لَهُ مُنكِرُونَ(٥٨)

لەو سالانەدا گرانی داکەوت ؛ بـراکـانـی یـووسف لـە کـەنعانەوە بە کاروانی چوونە میسرو ، ڕۆیشتنە بارەگای پادشا بۆ ئیجازەی کڕینی زەخیرە . چوونە ژوورەوە بـۆ لای یـووسف ، لـەوکـاتـەدا یـووسف ئـەوانی نـاسی بـەلام ئەوان ئەمیان نەئەناسی ! .

وَلَمَّا جَهَّزَهُمْ بِجَهَازِهِمْ قَالَ ائْتُونِي بِأَخٍ لَّكُمْ مِنْ أَبِيكُمْ أَلاَ تَرَوْنَ أَنِّي أُوفِي الْكَيْلَ وَأَنَا خَيْرُ الْمُنزِلِينَ(٥٩)

کـە خستنیە ڕێو ئـەوەی پێویستیان بـوو پێیدان پێیوتـن بـرایـەکـی باوکیتان هەیـە ئـەمجارە کـە هاتنەوە لەگەڵ خۆتان بیهێنن بۆم ، نابینن من باش و بەتەواوی ئازووخەتان بۆ ئەپێوم و باشترین خانەخوێو میواندارم ؟

فَإِن لَّمْ تَأْتُونِي بِهِ فَلاَ كَيْلَ لَكُمْ عِندِي وَلاَ تَقْرَبُونِ(٦٠)

ئەگەر بۆمی نەهێنن ئیتر ئێوە بەشتان لای من نابێو نزیکم مەکەونەوە .

قَالُواْ سَنُرَاوِدُ عَنْهُ أَبَاهُ وَإِنَّا لَفَاعِلُونَ(٦١)

وتیان : کە ڕۆیشتینەوە هـەوڵ ئـەدەین موافەقەی باوکی وەرگرین لەسەر ناردنیو ، ئێمە ئەمە ئەکەین .

وَقَالَ لِفِتْيَانِهِ اجْعَلُواْ بِضَاعَتَهُمْ فِي رِحَالِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَعْرِفُونَهَا إِذَا انْقَلَبُواْ إِلَى أَهْلِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ(٦٢)

جـا یووسف بـە مـەئموورەکـانی وت ئـەو شتانە بخەنەوە بارگەکانیان کە

هێناویانن بۆ کڕینی خواردەمەنی ، بەڵکو کە گەڕانەوە بۆماڵیخۆیان و زانییان خواردەمەنییەکەیان کەوتووەتە خۆڕایی و شتومەکەکانیان بۆ گێڕراوەتەوە، ببێتە هۆی ئەوەی جارێکیتر بێنەوەو برا باوکییەکەیانم بۆ بهێنن .

فَلَمَّا رَجَعُواْ إِلَى أَبِيهِمْ قَالُواْ يَاأَبَانَا مُنِعَ مِنَّا الْكَيْلُ فَأَرْسِلْ مَعَنَا أَخَانَا نَكْتَلْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ(٦٣)

کە گەڕانەوە بۆ لای باوکیان وتیان : بابە ! مەنعی کڕینی زەخیرەمان لێکراوە ئەگەر براکەمان لەگەڵ خۆمان نەبەین . بینێرە لەگەڵمان تا ئازووخە وەربگرین ، بەڕاستی ئێمە ئەیپارێزینو ناهێڵین تووشی هیچ جۆرە زیانێ ببێت.

قَالَ هَلْ آمَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلاَّ كَمَا أَمِنتُكُمْ عَلَى أَخِيهِ مِن قَبْلُ فَاللَّهُ خَيْرٌ حَافِظًا وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ(٦٤)

باوکیان وتی : ئایا ئەمین ئەبم لێتان بۆ پاراستنی براکەتان ئیللا وەکوو ئەوەی لەمەوپێش ئەمین بووم لێتان بۆ پاراستنی یووسفی برای ؟ بێگومان خودا باشترین پارێزگارەو لە هەموو میهرەبانێ میهرەبانترە .

وَلَمَّا فَتَحُواْ مَتَاعَهُمْ وَجَدُواْ بِضَاعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ قَالُواْ يَاأَبَانَا مَا نَبْغِي هَذِهِ بِضَاعَتُنَا رُدَّتْ إِلَيْنَا وَنَمِيرُ أَهْلَنَا وَنَحْفَظُ أَخَانَا وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ ذَلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ(٦٥)

کە شتومەکیان کردەوە تەماشایان کرد هەر شتێکیان بردبوو لەگەڵ خۆیان بۆ کڕینی ئازووخە هەمووی گێڕراوەتەوە بۆیان ؛ جا وتیان : بابە ! ئیتر چیمان ئەوێ ؟! ئەوەتا چیمان بردبوو بۆمان گێڕراوەتەوەو ، خواردەمەنیو پێویستیی ژیان دێنین بۆ خێزانەکەمانو ، براکەیشمان

ئەپارێزین و باری وشترێ زیاتریش لە جاری پێشوو ئازووخە ئەهێنین . ئەمەی ئەمجارە هێناومانە کەمەو بەشمان ناکات .

قَالَ لَنْ أُرْسِلَهُ مَعَكُمْ حَتَّى تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِّـــنَ اللَّهِ لَتَأْتُنَّنِي بِهِ إِلاَّ أَنْ يُحَاطَ بِكُمْ فَلَمَّا آتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ قَالَ اللَّهُ عَلَى مَا نَقُولُ وَكِيلٌ(٦٦)

وتی : هەرگیز نایینێرم لەگەڵتان تا سوێندم بە خودا بۆ نەخۆن کە ئەیهێننەوە بۆم ، مەگەر لە هەموو لایێکەوە گەمارۆ بدرێن و چارتان نەمێنێ . جا کە سوێندیان بۆ خوارد وتی : خودا لەسەر ئەم پەیمانی ئێمە وەکیل و ئاگادارە .

وَقَالَ يَابَنِيَّ لاَ تَدْخُلُواْ مِنْ بَابٍ وَاحِدٍ وَادْخُلُواْ مِنْ أَبْوَابٍ مُتَفَرِّقَةٍ وَمَـــا أُغْنِي عَنكُم مِّنَ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ(٦٧)

هەروەها لە بەرئەوەی کوڕەکانی کۆمەڵێکی جوان و ڕێکوپێك بوون لە ترسی چاوی حەسوود پێی وتن : کە ئەچنە میسر لە یەك دەرگاوە مەچنە ناوشار ، بەڵکو لە چەند دەرگاییکی جیا جیاوە بچنە ژوورەوە . خۆ من ناتوانم ئەوەی کە خودا بڕیاری داوە لە ئێوەی دوور بخەمەوە و نەهێڵم تووش بن . حوکم و بڕیار هەر بۆ خودایەو ، پشتم بە لوتف و میهرەبانیی ئەو بەستووەو ، ئەوانەیش ئەیانەوێ پشت بەکەسێ ببەستن با هەر پشت بەو ببەستن .

وَلَمَّا دَخَلُواْ مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُم مَّا كَانَ يُغْنِي عَنْهُم مِّنَ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ إِلاَّ حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَاهَا وَإِنَّهُ لَذُو عِلْمٍ لِّمَا عَلَّمْنَاهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ(٦٨)

جا کاتیّ کە داخلّی شار بوون ، وەك باوکیان ئەمری پیّ کردبوون ، وەنەبیّ ئەو بەگویّ کـردنە شتیّکی لیّ دوورخستبنەوە کـە لای خـوداوە بڕیار درابیّ ، بـەلاّم ئـەو نـەسیحەتـە پیّویستییەك بـوو لـە دلّی یـەعقووبداو دەریبڕی . بەڕاستی یەعقووب لەوانە گەیشتووە کەبە وەحی پیّمان ڕاگـەیاندووە ، بەلاّم بەشی زۆری خەلّك نهیّنییەکانی قەزاو قەدەر نازانن .

وَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَى يُوسُفَ آوَى إِلَيْهِ أَخَاهُ قَالَ إِنِّي أَنَا أَخُوكَ فَلاَ تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ(٦٩)

کـە چوونە بارەگای یووسف بەنیامینی برای بردە لای خۆیەوە پیّیوت من یووسفی براتم . ئیتر دلّت عاجز نەبیّ دەربارەی ئەوەی ئەوان دەرحەق بە ئیّمە کردیان .

فَلَمَّا جَهَّزَهُمْ بِجَهَازِهِمْ جَعَلَ السِّقَايَةَ فِي رَحْلِ أَخِيـــهِ ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ أَيَّتُهَا الْعِيرُ إِنَّكُمْ لَسَارِقُونَ(٧٠)

جا کە باریان بۆ بارکردن و ئەوەی ویستیان پیّیان دان ، ئەو کاسە زیوینەی کە ئەوسا پادشا ئاوی پیّ ئەخواردەوەو دوایی لەبەر پیرۆزی کرابوو بە مەن و ئازووخەی پیّ ئەپیّورا خستیانە بـارەکـەی بـەنیـامینی بـرای یووسفەوەو دەرگـای خـەرارەکـەیـان دووری . پـاش ئەوە جارچی جاڕی دا وتی : ئەی کاروانەکە بەڕاستی ئیّوە دزن .

قَالُواْ وَأَقْبَلُواْ عَلَيْهِمْ مَاذَا تَفْقِدُونَ(٧١)

براکانی یووسفیش کە ڕوویان کردە جاڕچییەکە وتیان چیتان دیار نییە ؟

قَـــالُـــواْ نَفْقِدُ صُوَاعَ الْمَلِكِ وَلِمَنْ جَـــاءَ بِـــهِ حِمْـــلُ بَعِيرٍ وَأَنَا بِهِ زَعِيمٌ(٧٢)

وتیان ئەو مەنەی لە عەماردا بە ئەمری پادشا پێوانەی پێ ئەکرێ ، ئەوەمان دیار نییەو ، هەرکەس بیهێنێتەوە باری وشترێ مژدانەیەتی‌و من کەفیلیمی و ئەیدەمێ .

قَالُواْ تَاللَّهِ لَقَدْ عَلِمْتُم مَّا جِئْنَا لِنُفْسِدَ فِي الأَرْضِ وَمَا كُنَّا سَارِقِينَ(٧٣)

وتیان قەسەم بە خودا ئێوە ئەزانن ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین بەدکاری بکەین لە زەویداو لەمەوبەریش دز نەبووین .

قَالُواْ فَمَا جَزَاؤُهُ إِن كُنتُمْ كَاذِبِينَ(٧٤)

ئەوانیش وتیان کەواتە ئەی جەزای چی بێ ئەگەر درۆزن دەرچوون ؟

قَالُواْ جَزَاؤُهُ مَن وُجِدَ فِي رَحْلِهِ فَهُوَ جَزَاؤُهُ كَذَلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ(٧٥)

وتیان جەزاکەی ئەوەیە هەرکەس مەنەکە لە بارەکەیدا دۆزرایەوە ئەوە جەزای بێ‌و بکرێتە بەندە ، ئێمە وەها جەزای دز ئەدەینەوەو تۆڵەی لێ ئەستێنین .

فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ قَبْلَ وِعَاء أَخِيهِ ثُمَّ اسْتَخْرَجَهَا مِن وِعَاء أَخِيهِ كَذَلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ الْمَلِكِ إِلاَّ أَن يَشَاءَ اللَّهُ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مِّن نَّشَاء وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ(٧٦)

کابرای جاڕدەر دەستی کرد بە پشکنینی بارەکانی برا باوکییەکانی یووسف پێش باری بەنیامینی برای باوکی‌و دایکیی یووسف‌و ، مەنەکەی لە باری براکەی یووسفا دەرهێنا . بەم جۆرە وەحیمان کرد بۆ یووسف‌و تێمانگەیاند . یووسف نەیئەویست براکەی بە پێی یاسای پادشا بگرێ‌و

موحاکەمەی بکات مەگەر خودا بیویستایە . هەرکەس کە بمانەوێ ، چەند پلەو پایە بەرزی ئەکەینەوەو ، لە ژوور هەموو زانایێکیشەوە زانایێکی‌تر هەیە .

قَالُواْ إِنْ يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُ مِنْ قَبْلُ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ قَالَ أَنْتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَصِفُونَ(٧٧)

جا براکانی وتیان : ئەگەر ئەمە دزیی کردبێ برایێکی هەبوو پێش ئەم ئەویش هەر دزیی کرد ! یووسف قسەکەیانی پێ ناخۆش بوو بەلاّم جوابی نەدانەوەو لە دلّی خۆیدا وتی : ئێوە لەو خراپترن ، واتە : ئێوە براکەی ئەوتان دزی . خودایش زاناترە بەوەی کە باسی ئەکەن ، واتە : خودا ئەزانێ براکەی دزیی نەکردووە .

قَالُواْ يَاأَيُّهَا الْعَزِيزُ إِنَّ لَهُ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا فَخُذْ أَحَدَنَا مَكَانَهُ إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ(٧٨)

جا کە بەنیامین گیرا براکانی پاڕانەوە لە عەزیزو وتیان : ئەی عەزیز ! ئەم کوڕە باوکێکی پیری بەسالّداچووی گەورەی هەیە ، تکا ئەکەین لەباتیی ئەو یەکێك لە ئێمە گل بدەرەوەو ئەو بەرەللاّ بکە. بەڕاستی ئێمە تۆ بە خاوەن چاکە ئەزانین .

قَالَ مَعَاذَ اللَّهِ أَنْ نَأْخُذَ إِلاَّ مَنْ وَجَدْنَا مَتَاعَنَا عِنْدَهُ إِنَّا إِذًا لَّظَالِمُونَ(٧٩)

وتی : پەنا ئەگرین بە خودا لەوەی لەو کەسە بەولاوە کە مەنەکەی خۆمان لا دۆزیوەتەوە ، یەکێکی‌تر بگرین . ئێمە ئەگەر شتی وەها بکەین لە ستەمکاران ئەبین .

فَلَمَّا اسْتَيْئَسُواْ مِنْهُ خَلَصُواْ نَجِيًّا قَالَ كَبِيرُهُمْ أَلَمْ تَعْلَمُواْ أَنَّ أَبَاكُمْ قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُمْ مَوْثِقًا مِّنَ اللَّهِ وَمِنْ قَبْلُ مَا فَرَّطْتُمْ فِي يُوسُفَ فَلَنْ أَبْرَحَ الْأَرْضَ حَتَّى يَأْذَنَ لِي أَبِي أَوْ يَحْكُمَ اللَّهُ لِي وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ(٨٠)

کە لە یووسف نائومێد بوونو ، بۆیان دەرکەوت پاڕانەوە سوودی نییە ، کەناریان گرت و لەناو خۆیاندا دەستیان کرد بە ڕاوێژکردن . برا گەورەکەیان وتی: ئایا نازانن ئێوە پەیمانتان بە باوکتان داوەو سوێندتان بە خودا خواردووە دەربارەی بەنیامین هیچ درێغی ناکەین ؟ ئەی نازانن لەمەوپێش چ خراپەیەکتان دەربارەی یووسف کرد ؟! قەسەم بە خودا لەم شوێنە ناجوولێم تا باوکم ئیزنم ئەدا یا خودا کارێك ئەکات بەنیامین ڕزگار ببێت .

ارْجِعُواْ إِلَى أَبِيكُمْ فَقُولُواْ يَا أَبَانَا إِنَّ ابْنَكَ سَرَقَ وَمَا شَهِدْنَا إِلاَّ بِمَا عَلِمْنَا وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَافِظِينَ(٨١)

بگەڕێنەوە بۆ لای باوکتانو بڵێن بەنیامینی کوڕت دزیی کردو ، ئێمەیش هیچ شاهیدییەکمان نەدا بەوە نەبێ کە زانیمان : کە دیمان مەنەکەیان لە بارەکەیدا دۆزییەوە . ئێمە ئاگامان لە غەیب نییەو نازانین خۆی دزیویەتی یا سەپاندوویانە بە سەریدا .

وَاسْأَلِ الْقَرْيَةَ الَّتِي كُنَّا فِيهَا وَالْعِيرَ الَّتِي أَقْبَلْنَا فِيهَا وَإِنَّا لَصَادِقُونَ(٨٢)

سەبارەت بەم ڕووداوە لە ئەهلی ئەو دێیە بپرسە کە لەوێ بووینو ، لە خەڵکی ئەو کاروانە بپرسە کە لەگەڵیان بووین . بێگومان ئێمە ڕاستگۆین .

قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ عَسَى اللَّهُ أَنْ يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ(٨٣)

باوکیان وتی: نەخەیر ئەمەیش فێڵ و پیلانێکە ئێوە لەناو خۆتاندا دروستتان کردووە ، ئەگەر وەها نی‌یە پادشای میسر لە کوێ زانیی بە یاسای ئێمە دز لە پاداشی دزیدا ئەگیرێ و ئەکرێتە بەندە ؟! من هیچم بۆ نەماوەتەوە سەبرو خۆڕاگرتنێکی زۆر باش نەبێ ، بەڵکو خودا هەموویانم بۆ بهێنێتەوە ؛ خودا زانایەو کارەکانی پڕحیکمەتن .

وَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَاأَسَفَى عَلَى يُوسُفَ وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ(٨٤)

جا پشتی لێ هەڵکردن و لەبەر برینداریی دڵی خۆی وتی ئای داخی گرانم بۆ یووسفی کوڕم . ئەوەندە خەفەتی خواردو گریا چاوەکانی سپی بوونەوەو پڕی دڵی بوو لە ڕق لە کوڕەکانی ، بەڵام پیشی ئەخواردەوەو دەری نەئەبڕی .

قَالُواْ تَاللَّهِ تَفْتَأُ تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتَّى تَكُونَ حَرَضًا أَوْ تَكُونَ مِنَ الْهَالِكِينَ(٨٥)

کوڕەکانی پێیان وت قەسەم بە خودا ، بابە ، تۆ وازناهێنی و هەر بیر لە یووسف ئەکەیتەوەو هەر باسی ئەکەیت تا نەخۆشییەکی سەخت ئەگری یا هەر بەتەواوی لەناو ئەچیت .

قَالَ إِنَّمَا أَشْكُواْ بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ(٨٦)

ئەویش وتی : وازم لێ بێنن . من سکاڵای غەم و دڵگرانیی خۆم لای خودای خۆم ئەکەمو ، شتی وا لە ڕەحمەت و میهرەبانیی خودا ئەزانم ئێوە نایزانن.

يَابَنِيَّ اذْهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلاَ تَيْأَسُواْ مِن رَّوْحِ اللَّهِ إِنَّهُ لاَ يَيْأَسُ مِن رَّوْحِ اللَّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ(٨٧)

کوڕەکانم ! بڕۆن هەواڵی یووسف و براکەی بپرسن و هەرگیز لە میهرەبانیی خودا نائومێد مەبن . بەڕاستی کافران نەبێ کەس لە میهرەبانی و لوتفی خودا نائومێد نابێ .

فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَيْهِ قَالُواْ يَاأَيُّهَا الْعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهْلَنَا الضُّرُّ وَجِئْنَا بِبِضَاعَةٍ مُّزْجَاةٍ فَأَوْفِ لَنَا الْكَيْلَ وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَا إِنَّ اللَّهَ يَجْزِي الْمُتَصَدِّقِينَ(٨٨)

جا کە جارێکیتر ڕۆیشتنەوە بۆ میسرو چوونە لای یووسف ، وتیان ئەی پیاوی بەشکۆ ! ئێمەو خێزانمان برسین و کەلوپەلێکی کەم نرخمان هێناوە ، ئەمر بفەرموو بارمان بۆ تەواو بکەن و ، بە بەردانی بەنیامینیش پیاوەتیمان لەگەڵ بکە . بەڕاستی خودا پاداشی چاکەکەران ئەداتەوە .

قَالَ هَلْ عَلِمْتُم مَّا فَعَلْتُمْ بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنْتُمْ جَاهِلُونَ(٨٩)

جا یووسف وتی : ئەزانن ئێوە چیتان بە یووسف و براکەی کرد لە کاتێکدا کە ئێوە نەزان بوون ؟ یووسفتان خستە بیرو براکەیتان زەلیل کرد .

قَالُواْ أَئِنَّكَ لَأَنتَ يُوسُفُ قَالَ أَنَا يُوسُفُ وَهذَا أَخِي قَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا إِنَّهُ مَنْ يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لاَ يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ(٩٠)

براکانی وتیان بەڕاستی تۆ یووسفی ؟ وتی بەڵێ من یووسفم و ئەمەیش بەنیامینی برامە ، خودا لوتفی لەگەڵ کردین و منەتی نایە سەرمان . بێگومان ئەوەی لە خودا بترسێ و سەبر بکا خودا هەرگیز کاری چاکەکەران نافەوتێنێ و پاداشیان بەتەواوەتی ئەداتەوە .

قَالُواْ تَاللَّهِ لَقَدْ آثَرَكَ اللَّهُ عَلَيْنَا وَإِن كُنَّا لَخَاطِئِينَ(٩١)

ئەوانیش وتیان : بە خودا قەسەم خودا تۆی بە سەر ئێمەدا هەڵاوێردو

پایەی دایتیٚ . بیٚگومان ئیٚمە لەو کردارەدا کە لەگەڵ تۆمان کرد ، کەوتینە هەڵەوەو تاوانبار بووین .

قَالَ لاَ تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ(٩٢)

یووسف وتی : ئەمڕۆ سەرزەنش و لۆمەتان لەسەر نییە . خودا لیٚتان خۆش ئەبیٚ ، خودا لە هەموو میهرەبانیٚ میهرەبانترە .

اذْهَبُواْ بِقَمِيصِي هَـذَا فَأَلْقُوهُ عَلَى وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيرًا وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ(٩٣)

ئەم کراسەم بەرن و بیدەن بەسەر ڕوخساری باوکمدا چاوی چاك ئەبیٚتەوە . ئیٚوەو باوکم هەموو خیٚزانەکانتان بیٚنن بۆ ئیٚرە بۆ لای من .

وَلَمَّا فَصَلَتِ الْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلاَ أَن تُفَنِّدُونِ(٩٤)

کە کاروانی کەنعان لە میسر بەرەومالّ دەرچوو یەعقووب وتی: بەڕاستی ئەگەر بە کەم عەقڵم نازانن من بۆنی یووسف ئەکەم .

قَالُواْ تَاللَّهِ إِنَّكَ لَفِي ضَلاَلِكَ الْقَدِيمِ(٩٥)

وتیان بە خودا قەسەم تۆ ئەوەندە یووسفت خۆش ئەویٚ و بیری لیٚ ئەکەیتەوە ، هەر لە سەر بارە کۆنەکەی خۆت ماوی و لە ڕیٚگای ڕاست لاتداوە .

فَلَمَّا أَن جَاء الْبَشِيرُ أَلْقَاهُ عَلَى وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصِيرًا قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ(٩٦)

جا کە موژدەدەر گەیشتە لای یەعقووب کراسەکەی یووسفی خستەسەر چاوی یەعقووب و ، یەعقووب دەسبەجیٚ بینایی هاتەوە بۆ چاوی و ، وتی : پیٚم نەوتن : من لای خوداوە شتی وەها ئەزانم کە ئیٚوە نایزانن ؟

قَالُواْ يَاأَبَانَا اسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا إِنَّا كُنَّا خَاطِئِينَ(٩٧)

ئیتر کە مەسەلە ڕوون بوویەوە ، کورەکانی یەعقووب هاتنە لای بۆ عوزرخواهی و وتیان : بابە ! لە خودا داوا بکە لە گوناهمان خۆش ببێ. بەڕاستی ئێمە گوناهبارینو خەتامان کرد .

قَالَ سَوْفَ أَسْتَغْفِرُ لَكُمْ رَبِّي إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ(٩٨)

وتی : لەمەوپاش لە خودای خۆم ئەپاڕێمەوە لە گوناهتان ببووریٚ . بەڕاستی خودا گوناهپۆشو میهرەبانە .

فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَى يُوسُفَ آوَى إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ وَقَالَ ادْخُلُواْ مِصْرَ إِن شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ(٩٩)

کە یەعقووبو خێزانی خۆیو کوڕەکانی چوونە میسرو ، ڕۆیشتنە لای یووسف لە بارەگا ، یووسف باوكو دایکی بردە لای خۆی و ، پێیوتن وەرنە میسر ان شاء اللّه بە ئەمینی لە قاتوقڕیو نەبوونی .

وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ وَخَرُّواْ لَهُ سُجَّدًا وَقَالَ يَاأَبَتِ هَذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا وَقَدْ أَحْسَنَ بِي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ وَجَاءَ بِكُم مِّنَ الْبَدْوِ مِن بَعْدِ أَن نَّزَغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِّمَا يَشَاءُ إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ(١٠٠)

یووسف باوكو دایکی لەسەر عەرشەکەی خۆی داناو ئەو انیش بەپێی داب و نەریتی ئەوێ هەموو کوڕنووشی حورمەتیان بۆ یووسف برد . لەوکاتەدا یووسف وتی : بابە ! ئەمە تەئویلی خەوەکەمە کە زوو دیم ، وا خودا بەڕاستی گێڕاو هێنایەدی . هەروەها خودا چاکەی لەگەلٚ کردم کە لە بەندیخانە دەریهێنامو ئێوەی لە دەشتەوە هێنا بۆ لام ، پاش ئەوەی کە شەیتان

نێوانی من و براکانمی تێکدا . بێگومان خودای من جوان هەر شتێ ڕێك ئەخات کە مەیلی لێ بێ . بەڕاستی خودا زانایەو کارەکانی پڕحیکمەتن .

رَبِّ قَدْ آتَيْتَنِي مِنَ الْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِي مِن تَأْوِيلِ الأَحَادِيثِ فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ أَنتَ وَلِيِّي فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ(١٠١)

ئەی خودای پەروەردگار ! بەڕاستی تۆ موڵكو دەستەڵاتت پێ بەخشیومو فێری مەعنای کتێب و لێکدانەوەی خەوبینینت کردووم . ئەی دروستکەری ئاسمانەکان و زەوی تۆ گەورەو سەرپەرشتیکەری منی لە دنیاو لە قیامەتدا . بە موسوڵمانی گیانم بکێشەو لە زومرەی چاکانم حسێب بکە .

ذَلِكَ مِنْ أَنبَاء الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ أَجْمَعُواْ أَمْرَهُمْ وَهُمْ يَمْكُرُونَ(١٠٢)

ئەمانە هەموو دەنگوباسی غەیبین کە وەحیمان کردوون بۆت ، تۆ لای براکانی یووسف حازر نەبووی کە قسەیان کرد بە یەكو تەدبیری ئەوەیان کرد یووسف بخەنە بیرەوەو ئازاری بدەن .

وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ(١٠٣)

بەشی زۆری ئەم خەڵکە ئیمان ناهێنن هەرچەند تۆ مەیلت لەسەر ئیمان هێنانیان بێ .

وَمَا تَسْأَلُهُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ(١٠٤)

تۆ بەرانبەر بەم ئامۆژگارییانە داوای کرێو حەقدەستیان لێ ناکەی ، ئەم قورئانە کە تۆ پێیان ڕائەگەیێنی بیرخستنەوەو ئامۆژگارییە بۆ هەموو جیهان.

وَكَأَيِّن مِّنْ آيَةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ

عَنْهَا مُعْرِضُونَ(١٠٥)

گەلێ نیشانەی گەورە لەسەر دەستەڵاتی خودا ، لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەن ئەو کافرانە بەلایاندا تێئەپەڕن و چاویان پێیان ئەکەوێ ، کەچی ڕوویان لێ وەرئەچەرخێنن و تێیاننافکرن و عیبرەتیان لێ وەرناگرن .

وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللَّهِ إِلاَّ وَهُم مُّشْرِكُونَ(١٠٦)

بەشی زۆری ئەوانە ئیمانیان بە خالیقیەتی خودا نیيە ئیللا لەگەڵ حاڵەتی هاوبەش بۆدانانیدا ، وەك ئەوەی ئەحبارەکان بە خودا دائەنێن ، یا ئەولاد بۆ خودا بڕیار ئەدەن .

أَفَأَمِنُواْ أَن تَأْتِيَهُمْ غَاشِيَةٌ مِّنْ عَذَابِ اللَّهِ أَوْ تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً وَهُمْ لاَ يَشْعُرُونَ(١٠٧)

ئایا ئەو کافرانە ئەمینن لەوەی سزاییێکیان لەلایەن خوداوە بۆ بێت داگیریان بکات ، یا ئەمینن لەوەی کە لەپڕ دنیا تەواو ببێ و قیامەت لەپڕ ڕوویان تێبکات و ئەوان ئاگایان لە هاتنەکەی نەبێ ؟

قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُواْ إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَاْ وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ(١٠٨)

تۆ ئەی پێغەمبەر ! بەو کافرانە بڵێ : ئەمە ڕێگەو یاسای منە، خەڵك بانگ ئەکەم بۆ لای خودا بە بەرچاو ڕووناکیی خۆم و پەیڕەوانم . خودا پاك و بێعەیبەو دوورە لە هاوبەش . من لەو کەسانە نیم هاوڕێ بۆ خودا بڕیار ئەدەن.

وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ إِلاَّ رِجَالاً نُّوحِي إِلَيْهِم مِّنْ أَهْلِ الْقُرَى أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِي الأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَدَارُ

الآخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ اتَّقَوْاْ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ(١٠٩)

له پێشی تـۆیشدا کـەسمـان ڕەوانـە نەکردووە بۆ ئامۆژگاری ئیللا چەند پیاوێکی ئەهلی دێهاتەکان کـە وەحیمـان بـۆ کـردوون واتە ؛ پێغەمبەران لە بەرەی ئادەمیزادن و فریشتە نین . ئـەوە بـۆ نـاچن بگـەڕێن بە زەویدا تا بزانن ئـەنجامی خـەڵکەکانی پێش ئەوان چۆن بوو کە ئەوانەی باوەڕیان بە خوداو بە پێغەمبەران نەبوو، و بە دڵو گیان بـاوەشیان کـردبـوو بە دنیادا ، تا عیبرەت بگرن و تەمێخـوار بن؟ بێگومـان مـاڵی ڕۆژی دوایی زۆر چـاکترە بۆ ئەوانەی خۆیان لە هاوبەش بۆخوادانان و گوناهی تر ئەپارێزن . ئایا ئەمانە تێنافکرن ؟.

حَتَّى إِذَا اسْتَيْئَسَ الرُّسُلُ وَظَنُّواْ أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُواْ جَاءَهُمْ نَصْرُنَا فَنُجِّيَ مَن نَّشَاءُ وَلاَ يُرَدُّ بَأْسُنَا عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ(١١٠)

ئیتر پێغەمبەران بـەردەوام بـوون لـەسـەر کـاری خـۆیـان و ، کافرەکانیش بەردەوام بوون لەسەر ملپێچی و گـومڕاهی ، تـا ڕادەیێك کە پێغەمبەرەکانمان گومانیان ئـەبـرد کەوا ئـەو بـەڵێنەی پێیان دراوە نـایێتەدی و هەرگیز بەسەر دوژمندا سەر ناکەون . ئا لەم کاتی نائومێدییەدا سەرکەوتن لای ئێمەوە هات و ئـەوەی ویستمان ڕزگـارمـان کـرد ، واتـە پێغەمبـەرەکـان و پەیڕەوەکانیان ، بێگومان سزاو عەزابی ئێمە دوور ناخرێتەوە لە تاوانباران و ئەبێ تووش بن .

لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُوْلِي الأَلْبَابِ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَى وَلَكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ(١١١)

بـەڕاستی لـە سـەرگـوزەشتەی یـووسف و بـراکـانیدا دەرزو پـەند هەیە بۆ ئەوانەی خاوەن هۆش و فامن ، لەو ڕووەوە کە تێئەگەن لە جیهاندا حەسوودی

هەیەو ، مەکرو فێڵ ماوەی کورتەو ، خۆگرتن لەبەر قەزا ئەنجامی خێرەو ، حقووق ڕاگرتن و شەرم لە خودا کردن بناخەی پیرۆزییەو ، حەق و ڕاستی هەر جێگەی خۆی ئەگرێ و ، خودا هەموو کارێکی پێ ئەکرێ . ئەم قورئانە قسەی دەسهەڵبەست نی یە ، بەڵکو شتێکی حەق و کتێبێکی ڕاستەو باوەڕی بەو کتێبانە هەیە کە پێش ئەو لای خوداوە نێرراون بۆ پێغەمبەران و ، تەفصیلی هەموو شتێکی پێویستی تێدایەو ، ڕێ نیشانەرو ڕەحمەتە بۆ کۆمەڵی خاوەن ئیمان .

سوورەتی (الرعد)

مەدینەیی‌یەو (٤٣) ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الَمَر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ وَالَّذِي أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَبِّكَ الْحَقُّ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يُؤْمِنُونَ(١).

(المر) هەر خودا ئەزانێ مەعنای چی‌یە. ئەوانە ئایەتی قورئانن‌و هەموو ئەو قورئانەی لای خوداوە بۆت نازڵ‌کراوە ڕاستو بێ‌گەردە، بەڵام بەشی زۆری خەڵك بێ‌ئیمانن چونکە بیرناکەنەوەو عەقڵیان ناخەنەکار.

اللَّهُ الَّذِي رَفَعَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لأَجَلٍ مُّسَمًّى يُدَبِّرُ الأَمْرَ يُفَصِّلُ الآيَاتِ لَعَلَّكُمْ بِلِقَاءِ رَبِّكُمْ تُوقِنُونَ(٢).

خودا ئەو خودایە ئاسمانەکانی بەرزکردوونەتەوە بە بێ کۆڵەکەگەلێ ئێوە بیانبینن، غاڵب و خاوەن فەرمانە بەسەر عەرشداو، خۆرو مانگی ڕام‌کردووە بۆ هاتوچۆو، هەرکام لەوانە تا ماوەیێکی دیاری‌کراو ئەگەڕێن. هەموو کارێ تەدبیر ئەکات. ئایەتەکان تەفصیل ئەدات، بەڵکو بیربکەنەوە لە توانی خوداو ئیمان بێنن کە زیندوو ئەکرێنەوەو بە خودای خۆتان ئەگەن.

وَهُوَ الَّذِي مَدَّ الأَرْضَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنْهَارًا وَمِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ جَعَلَ فِيهَا زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ(٣).

خودا خودایێکی وەهایە زەویی ڕاکێشاوەو چەند کێوی دامەزراوو چەند ڕووبـاری تێدا دروست کردووەو، لە هەموو بەرو میوەیێ جووتێکی دروست کردووە وەك ترش‌و شیرین، زەردو سوور، گەورەو بچووك.. تاد، بە شەو ڕۆژ دائەپۆشیێو دنیا تاریك ئەکات. لەم کارانەدا چەند ئایەتو بەڵگە هەن دەلالەت لە گەورەییو دەستەڵاتی خودا ئەکەن بۆ ئەو کۆمەڵەی بیرو هۆشیان ئەخەنە کار.

وَفِي الْأَرْضِ قِطَعٌ مُّتَجَاوِرَاتٌ وَجَنَّاتٌ مِّنْ أَعْنَابٍ وَزَرْعٌ وَنَخِيلٌ صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ يُسْقَىٰ بِمَاءٍ وَاحِدٍ وَنُفَضِّلُ بَعْضَهَا عَلَىٰ بَعْضٍ فِي الْأُكُلِ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ(٤).

لە زەویدا چەند پارچەیێك هەن دراوسێی یەکن، کەچی یەکێکیان بەپیتەو یەکێکیان بێ پیت. هی وا هەیە خوێی هەیەو هی وا هەیە بێ‌خوێیە.. تاد. هەروەها باغی ترێو کشتوکاڵو دار خورما هەیە، هەندێ لەو دارخورمایانە یەك بنجیان هەیەو هەندێکیان دوو بنجیان هەیە، هەموویشیان بە یەك ئاو ئاوئەدرێن کەچی وەها جیاجیان. هەندێ لەم میوانە پەسەند ئەکەین بەسەر هەندێکی تریانداو بە تام‌و لەزەتترن لە خواردندا. لە هەموو ئەمانەدا نیشانەو دەلیل هەیە لەسەر گەورەییی خودا بۆ کۆمەڵێ کە خاوەن هۆش بن.

وَإِن تَعْجَبْ فَعَجَبٌ قَوْلُهُمْ أَإِذَا كُنَّا تُرَابًا أَإِنَّا لَفِي خَلْقٍ جَدِيدٍ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ وَأُولَٰئِكَ الْأَغْلَالُ فِي أَعْنَاقِهِمْ وَأُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ(٥).

ئەگەر تۆ سەرت سووڕ ئەمێنێ لە قسەی ئەوان، حەقتە سەرت

سوورڕ بمێنیٚ، چونکە قسەی ئەوان زۆر جێگەی سەرسووڕمانە کە ئەڵێن: ئایا ئەگەر ئێمە بمرینو بڕزێینو ببین بە خۆڵ سەرلەنویٚ دروست ئەکرێینەوە؟! ئەوانە ئیمانیان بە خودای خۆیان نی یە، بۆیە باوەڕ بە زیندووبوونەوە ناکەن. ئەوانە بەهۆی ئەوەوە کە هەمیشە گومڕاهن ، ڕۆژی قیامەت زنجیر ئەخرێتە ملیان. ئەوانە هاوڕێی ئاگرن و، هەتاهەتایە لەو ئاگرەدا ئەمێننەوە.

وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالسَّيِّئَةِ قَبْلَ الْحَسَنَةِ وَقَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِمُ الْمَثُلَاتُ وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ لِّلنَّاسِ عَلَى ظُلْمِهِمْ وَإِنَّ رَبَّكَ لَشَدِيدُ الْعِقَابِ(٦)

ئەوانە پەلەت لیٚ ئەکەن بۆ هێنانی سزای خودا بەسەریاندا پێش خۆشیو سەلامەتی، لەگەڵ ئەوەدا کە پێش ئەوان تۆڵە لە تاوانباران سەنراوە، بەڵام ئەوان پەندیان لیٚ وەرناگرن. بە ڕاستی خودا لە گوناهی خەڵك ئەبووریٚ ئەگەرچی ئەوان ستەم لە خۆیان ئەکەن. بەڕاستی خودای تۆ سەختگیرە.

وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ إِنَّمَا أَنتَ مُنذِرٌ وَلِكُلِّ قَوْمٍ هَادٍ(٧)

کافرەکان ئەڵێن ئەوە بۆچی ئایەتێکی وەك ئایەتەکانی مووساو عیسای لە لای خوداوە بۆ نانێرریٚ. تۆ وەك پێغەمبەرانیتر تەنها بۆ ئەوە نێرراوی خەڵك لە سزا بترسێنیو، ئایەت ناردن بە دەستی خودایە. بیٚ گومان بۆ هەموو قەومیٚ پێغەمبەرێك ئەنێرریٚ کە ڕێگای ڕاستیان پیشان بدا.

اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَى وَمَا تَغِيضُ الْأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ وَكُلُّ

شَيْءٍ عِنْدَهُ بِمِقْدَارٍ(٨).

هەر خودا ئەزانێ چی لە سکی ئافرەتدایە. هەر ئەو ئەزانێ منداڵدانی ئافرەت چەندێك کەم ئەکاتو چەندێك زیاد ئەکات. هەموو شتێ لای خودا ئەندازەییێکی دیاریی هەیە نە لێی زیاد ئەکاتونە لێی کەم ئەکات.

عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْكَبِيرُ الْمُتَعَالِ(٩).

هەر خودایە ئاگای لە پەنهانو لە ئاشکرا هەیەو هیچی لێ ون نابێ، هەر ئەوە گەورەو دوور لە خەوشو کەموکووڕی.

سَوَاءٌ مِّنْكُمْ مَنْ أَسَرَّ الْقَوْلَ وَمَنْ جَهَرَ بِهِ وَمَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍ بِاللَّيْلِ وَسَارِبٌ بِالنَّهَارِ(١٠).

یەکسانە لای خودا ئەوەتان بە پەنامەکی قسە لەگەڵ نەفسی خۆی بکات و ئەوەتان بە ئاشکرا قسە لەگەڵ خەڵك بکات و ، ئەوەتان شەو خۆی بشارێتەوەو، ئەوەتان بە ڕۆژدا دەرکەوێ. خودا ئاگای لە هەموو هەیە.

لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِّن بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءاً فَلاَ مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُم مِّنْ دُونِهِ مِنَ وَالٍ(١١).

هەیە بۆ ئەو ئینسانەی لە ئایەتی پێشوودا باسیکرا چەندین فریشتە لە بەرو لەدواوە، واتە لە هەموولایەکەوە قسەو کرداری لای خۆیان تۆمار ئەکەنو، هەرکاتێ کە گوناهێکی کرد لە سزای خودای ئەپارێزن بەوە کە لە خودا ئەپاڕێنەوە لێی خۆش ببێ یا سزادانی دوابخا بۆ

ڕۆژی قیامەت. بێگومان خودا حاڵی خۆشیو نیعمەتی هیچ قەومێ ناگۆڕێ تا ئەوان حاڵی خۆیان نەگۆڕن. ئەگەر خودا ویستیشی قەومێ تووشی سزایێ بکات کەس ناتوانێ ئەو سزایەیان لێ بگێڕێتەوەو لە خودا بەولاوە کەس نی‌یە سەرپەرشتییان بکات.

هُوَ الَّذِي يُرِيكُمُ الْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا وَيُنْشِئُ السَّحَابَ الثِّقَالَ(١٢).

خودا ئەو خودایە برووسکەتان پیشان ئەدات، لەسەرێکەوە لە ئازاری ئەترسنو لە سەرێکی‌ترەوە بەتەمای بارانن لێیەوە. هەروەها خودایە هەوری گەورەو گران دروست ئەکاتو ئەینێ بەیەکەوە.

وَيُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ وَالْمَلَائِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِ وَيُرْسِلُ الصَّوَاعِقَ فَيُصِيبُ بِهَا مَنْ يَشَاءُ وَهُمْ يُجَادِلُونَ فِي اللَّهِ وَهُوَ شَدِيدُ الْمِحَالِ(١٣).

ڕەعد، واتە هەورەگرمە، سوبحانەڵڵا ئەکات لەگەڵ حەمدو سەنای خوادا. فریشتەیش هەروا لە ترسی خودا سوبحانەڵڵا ئەکات. خودا تریشقەیش ئەنێرێو، بەو تریشقەیە ئەدا لە هەرکەس کە خواستی لەسەر بێ، کەچییش کافرەکان دەمەدەم ئەکەن لەبارەی تواناییو یەکێتیو بێهاوڕێیی خوداوەو پێغەمبەر بەدرۆ ئەخەنەوە. خودایش بەتوندی کافران گرفتار ئەکات.

لَهُ دَعْوَةُ الْحَقِّ وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ لَا يَسْتَجِيبُونَ لَهُمْ بِشَيْءٍ إِلَّا كَبَاسِطِ كَفَّيْهِ إِلَى الْمَاءِ لِيَبْلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَالِغِهِ وَمَا دُعَاءُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ(١٤).

هەر بۆ لای خودایە هاوارکردنو دوعاکردنی ڕاست. ئەو کەسانەی

بانگ لـە غـەیری خودا ئەکەن بانگ لێکراوەکان نایەن بە دەنگیانەوەو مـەبـەستەکـانیان بـۆ جیّبەجیّ ناکەن، مەگەر وەکو ئینسانێکی تینوو کـە هـەردوو لـەپی دەستی پـان بکـاتـەوە بـۆ لای ئاوو داوای لیّ بکات بگـاتـە دەمیو، ئـەویش بەگوێی نـاکـاتو ناگاتە دەمی چونکە شتێکی جەمادەو نـابیسیّ. بیّگومان دوعای کافران لە گومڕاهیو زەرەرمەندی بەولاوە نییە.

وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَـنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًـا وَكَرْهًا وَظِلَالُهُمْ بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ(١٥).

هەر بۆ خودا سوجدە ئەبا ئەوەی لە ئاسمانەکانو لە ئەرزایە حەز بکاو حـەز نەکا. هەروەهـا سێبەریشیان لە سبەینانو لە ئێوارانـدا هەر بۆ ئەو سوجدە ئەبەن، حەز بکەنو حەز نەکەن.

قُـلْ مَـنْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ قُلِ اللَّهُ قُلْ أَفَاتَّخَذْتُم مِّنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ لَا يَمْلِكُـونَ لِأَنفُسِهِمْ نَفْعًا وَلَا ضَرًّا قُـلْ هَلْ يَسْتَوِي الْأَعْمَى وَالْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِي الظُّلُمَاتُ وَالنُّورُ أَمْ جَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ خَلَقُوا كَخَلْقِهِ فَتَشَابَـهَ الْخَلْقُ عَلَيْهِمْ قُـلِ اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ(١٦).

تـۆ بڵێ: کێیـە خـودای ئـاسمانەکانو ئەرزە؟ هەر خۆت لە وەڵامدا بڵێ (الله)یە. دە بڵێ ئـایـا ئێوە غەیری ئەو خودا چەند گەورەییێکتان بۆخۆتان داناوە ئەوەندە بیّبایەخن ناتوانن قازانجیّ بە خۆیان بگەیێنن یا زیانیّ لە خۆیان بدەن؟! تـۆ بڵێ ئایا کوێرو چاوساغ وەك یەکن؟ یا خۆ تاریکیو ڕووناکی وەك یەکـن؟ یا خەیر چەند هاوبەشێکتان بۆ

خـودا بڕیارداوه کـه گـوایـه وەك خـودا شت دروست ئـەکـەن‌و پاشان مـەخلـووقـەکانی خوداو ئەوانتان لیٚ گۆڕاوه؟ که ئەوانه هەرگیز ناتوانن هیچ دروست بکـەن؟ تـۆ بلیٚ هـەر خودایه دروستکەری هەمووشتیٚکەو هەر ئەو تاك‌و تەنیاو بەدەستەلات‌و توانایه.

أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌ بِقَدَرِهَا فَاحْتَمَلَ السَّيْلُ زَبَدًا رَّابِيًا وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ فِي النَّارِ ابْتِغَاءَ حِلْيَةٍ أَوْ مَتَاعٍ زَبَدٌ مِّثْلُهُ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْحَقَّ وَالْبَاطِلَ فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاءً وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الْأَرْضِ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ(١٧).

خودا ئاو له ئاسمانەوه نازڵ ئەکات‌و باران ئەبارێنیٚ، جا شیوەکان لافـاویـان لیٚ هـەڵئەستیٚ، هـەر شیویٚ بـه ئـەندازەی خـۆی‌و، ئەو لافاوه کەفیٚکی بـەرز هـەڵئەگریٚ، هـەروەهـا کـەفیٚکیش هـەڵئەگریٚ له ماددەی مەعدەنیٚ کـه ئـاگری بـۆ هـەڵئەگیرسیٚنن‌و خشڵ‌و قـاپ‌و قـاچاخی لیٚ دروست ئـەکـەن. خـودا ئـاوەهـا ویٚنەی حـەق‌و بـەتاڵ ڕوون ئەکاتەوه بۆتـان. جـا ئـەوەی کـه کـەفی ڕووتـه بـه بیٚ سوود ئەڕوات‌و، ئەوەیش قازانجی ببیٚ بۆ ئـادەمـزاد وەکـو ئـاوی پاك‌و ساف بـۆ زەویـوزار یا مـاددەی مـەعـدەنـی، ئـەوه لـه ئـەرزدا ئـەمیٚنیٚتەوه. خـودا ئـاوەهـا نموونەکانتان بۆ ڕوون ئەکاتەوه.

لِلَّذِينَ اسْتَجَابُواْ لِرَبِّهِمُ الْحُسْنَى وَالَّذِينَ لَمْ يَسْتَجِيبُواْ لَهُ لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُ مَعَهُ لاَفْتَدَوْاْ بِهِ أُوْلَئِكَ لَهُمْ سُوءُ الْحِسَابِ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمِهَادُ(١٨).

بـۆ ئـەوانـەی بـەگوێی خودای خۆیانیان کردووه پایەی باش هەیه.

ئەوانەیش کە بەگوێیان نەکردووە، حاڵیان ئەوەندە خراپ ئەبێ ئەگەر هەرچی لە زەویدا هەیە موڵکی ئەوان بێو ئەوندەی‌تریشی لەگەڵ بێ ئەیدەن لە فیدیەی خۆیاندا بۆ ڕزگار بوونیان لە سزا. ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتدا حیسابێکی خراپیان هەیەو جێگایان دۆزەخە کە خراپترین جێگای ئارام گرتنە.

أَفَمَنْ يَعْلَمُ أَنَّمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ الْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَى إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ الأَلْبَابِ(١٩).

جا ئایا کەسێ بزانێ ئەوەی بۆ تۆ نێرراوەتە خوارەوە لەلایەن پەروەردگارتەوە حەقەو ڕاستەو، پەیڕەویی بکات، وەکو کەسێکە کوێر بێو حەق لە بەتاڵ جیانەکاتەوە؟ حاشا وەکو یەك نین. بەڕاستی تەنها خاوەن عەقڵەکان بیرئەکەنەوە.

الَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَلاَ يَنقُضُونَ الْمِيثَاقَ(٢٠).

ئەوانەی عەهدی خودا جێبەجێ ئەکەنو پەیمان تێکنادەن.

وَالَّذِينَ يَصِلُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ وَيَخَافُونَ سُوءَ الْحِسَابِ(٢١).

ئەوانەیش کە هەرچی خودا ئەمری بە ڕاگرتنی کردووە، ڕای‌ئەگرن، وەك صیلەی ڕەحمو دۆستایەتیی موسوڵمانانو ئیمان بە پێغەمبەرانو ڕاگرتنی مافی خەڵكو، لە خودای خۆیان ئەترسنو ترسیان لە حیسابی سەختی ڕۆژی قیامەت هەیە.

وَالَّذِينَ صَبَرُواْ ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِمْ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلاَنِيَةً وَيَدْرَءُونَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ أُوْلَئِكَ لَهُمْ عُقْبَى

الدّارِ (٢٢).

ئەوانەیش کە سەبرئەکەن لەسەر زەحمەتی دەست لیٚ هەلگرتنی حەرامو بەجیٚهیٚنانی واجبات لەپیٚناوی ڕەزامەندیی خودای خۆیانداو، نویٚژ ئەکەنو، لەو ڕۆزییەی پیٚمانداون بەپەنهانیو بەئاشکرا لە ڕیٚی خودادا سەرف ئەکەنو، بە کردەوەی چاك خراپە لە خۆیان دوورئەخەنەوە، ئەوانەن ئەنجامی پیرۆزو ئارامگای باشیان هەیە.

جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا وَمَنْ صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَالْمَلائِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِم مِّنْ كُلِّ بَابٍ (٢٣).

ئارامگایان بەهەشتی هەمشەییە کە ئەچنە ناوی، خۆیانو هەرکەسیٚ چاك بیٚ لە باوكو باپیران و هاوسەرو نەوەیانو، فریشتەکان ئەڕۆنەلایان، هەموو دەرگاکانیان لەڕوودا کراونەتەوە.

سَلَامٌ عَلَيْكُمْ بِمَا صَبَرْتُمْ فَنِعْمَ عُقْبَى الدَّارِ (٢٤).

پیٚیان ئەڵیٚن سەلامتان لیٚ بیٚ بەهۆی ئەوەوە کە لەدنیادا خۆتان ڕاگرتبوو. ئارامگای دواییتان ئارامگایەکی زۆر باشە.

وَالَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ اللَّهِ مِنْ بَعْدِ مِيثَاقِهِ وَيَقْطَعُونَ مَا أَمَرَ اللَّهُ بِهِ أَنْ يُوصَلَ وَيُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ أُوْلَئِكَ لَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ (٢٥).

ئەوانەیش کە پەیمانی خودا هەڵئەوەشیٚننەوە پاش بەستنیو، ئەوەی کە خودا ئەمری بە ڕاگرتنی کردووە ڕایناگرنو ئەیبڕنو خراپە ئەکەن لە زەویدا، بۆ ئەوانە نەفرین هەیە لەلایەن خوداوەو، لە دواڕۆژیشدا ماڵیٚکی خراپ مەنزڵگایانە.

اللَّهُ يَبْسُطُ الـــرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقْدِرُ وَفَرِحُواْ بِالْحَيَاةِ الــدُّنْيَا وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فِي الآخِرَةِ إِلاَّ مَتَاعٌ(٢٦).

خودا ڕۆزی گوشاد ئه‌کات بۆ هه‌رکه‌س که خواستی له‌سه‌ر بێ‌و، هه‌ر ئه‌ویش ته‌نگی ئه‌کات. کافره‌کان ژیانی دنیایان خۆش ئه‌وێ، که‌چی ئه‌م ژیانی دنیایه له‌چاو ژیانی قیامه‌تدا ڕابواردنێکی که‌م‌و ناچیزو بێ‌بایه‌خه.

وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَـــوْلاَ أُنزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ قُلْ إِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ(٢٧).

کافـره‌کـان ئـه‌ڵێن ئـه‌وه بۆچی موحه‌ممه‌د له لایه‌ن خوداکه‌یه‌وه ئایه‌ت‌و نیشانه‌یێکی گه‌وره‌ی بۆ نایێ؟ بڵێ خودا هه‌رکه‌س گومڕا بکات ئه‌یکات‌و، هه‌رکه‌س هیدایه‌ت بدات ئه‌یدات. خودا ئه‌وانه هیدایه‌ت ئه‌دات که دڵیان له‌سه‌ر گه‌ڕانه‌وه‌یه بۆ لای خودا.

الَّذِينَ آمَنُـــواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْـــرِ اللَّهِ أَلاَ بِذِكْـــرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ(٢٨).

خـودا ئـه‌وانـه هیدایه‌ت ئه‌دات که ئیمانیان هێناوه‌و دڵیان به یادی خـودا دامـه‌زراوه و پشت بـه‌و ئـه‌به‌ستن‌و هیوایان به‌و هه‌یه. بێ‌گومان دڵ هه‌ر به یادی خودا دائه‌مه‌زرێ‌و له دڵه‌ڕاوکێ ئه‌که‌وێ.

الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ طُوبَى لَهُمْ وَحُسْنُ مَآبٍ(٢٩).

ئـه‌وانـه‌ی ئیمانیان هێنـاوه‌و کـرده‌وه‌ی چـاکیان کردووه، خۆشا به حاڵی ئه‌وانه. جوانترین جێگاو باشترین دواڕۆژیان هه‌یه.

كَذَلِكَ أَرْسَلْنَاكَ فِي أُمَّةٍ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهَا أُمَمٌ لِتَتْلُوَاْ عَلَيْهِمُ الَّذِي

أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِالرَّحْمَنِ قُلْ هُوَ رَبِّي لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ مَتَابِ(٣٠).

هەروەك ئەو پێغەمبەرانەی پێش تۆ ڕەوانەمان کردوون، تۆیشمان لەناو ئوممەتێکدا ڕەوانە کرد کە پێش ئەوانیش چەند ئوممەتیتر ڕابووردوون. بۆ ئەوەیشمان ناردوویت ئەو قورئانەیان بەسەردا بخوێنیتەوە کە وەحیمان کردووە بۆت، ئەو ئوممەتە ئینکاری خودای میهرەبانو تەنیایی ئەو خودایە ئەکەن. جا تۆ پێیان بڵێ هەر ئەو خودایە خودای منە، هیچ خودایەك نییە بەڕاستی عیبادەتی بۆ بکرێ ئەو نەبێ. پشت هەر بەو ئەبەستمو گەڕانەوەی منیشو ئێوەیش بۆ لای ئەوە.

وَلَوْ أَنَّ قُرْآنًا سُيِّرَتْ بِهِ الْجِبَالُ أَوْ قُطِّعَتْ بِهِ الأَرْضُ أَوْ كُلِّمَ بِهِ الْمَوْتَى بَل لِّلَّهِ الأَمْرُ جَمِيعًا أَفَلَمْ يَيْأَسِ الَّذِينَ آمَنُواْ أَن لَّوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَهَدَى النَّاسَ جَمِيعًا وَلاَ يَزَالُ الَّذِينَ كَفَرُواْ تُصِيبُهُم بِمَا صَنَعُواْ قَارِعَةٌ أَوْ تَحُلُّ قَرِيبًا مِّن دَارِهِمْ حَتَّى يَأْتِيَ وَعْدُ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لاَ يُخْلِفُ الْمِيعَادَ(٣١).

ئەگەر قورئان کێوەکانی پێ بجوولێنەوەو بکەونە هاتوچۆ، یا زەویی پێ لەت لەت بکرێ لە ترسی خودا، یا قسەی پێ بکرێ لەگەڵ مردووانو ئەوانیش بیبیسنو بیخوێننەوە، ئەو کافرانە هەر ئیمان ناهێنن. دە واز لەوانە بێنە. خودا توانی بەسەر هەموو شتێکدا هەیەو دەستەڵات هەر هیی ئەوە. ئایا موسوڵمانەکان دڵنیا نەبوونو نازانن کافرەکان ئیمان ناهێنن؟ نازانن ئەگەر خودا مەیلی لێ بێ هیدایەتی هەموو ئادەمزاد ئەدات، بەڵام ئەوە عادەتی ئەو نەبووەو نابێ. ئەو

کافرانە بەهۆی کوفرەکەیانەوە هەمیشە سزاییێکیان تووش ئەبیٚ کە ئەدات بە تەپلّی سەریاندا، یاخود بەلاییێك لە نزیکی ماڵەکانیانەوە نازلّ ئەبیّت، تا بەڵێنی خودا دێتەدی بە مەرگیان یا بە هاتنی ڕۆژی قیامەت. خودا هەرگیز خیلاف وەعدە ناکات.

وَلَقَدِ اسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّنْ قَبْلِكَ فَأَمْلَيْتُ لِلَّذِينَ كَفَرُوا ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ(٣٢).

بەڕاستی گاڵتە بە گەلیٚ لە پێغەمبەرانی پێش تۆ کراو، منیش مۆڵەتی ئەو کافرانەم داو پاشان غەزەبم لیٚگرتن. جا سزای من بۆ ئەوانە چۆن بوو ؟.

أَفَمَنْ هُوَ قَائِمٌ عَلَى كُلِّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ وَجَعَلُوا لِلَّهِ شُرَكَاءَ قُلْ سَمُّوهُمْ أَمْ تُنَبِّئُونَهُ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِي الْأَرْضِ أَمْ بِظَاهِرٍ مِّنَ الْقَوْلِ بَلْ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا مَكْرُهُمْ وَصُدُّوا عَنِ السَّبِيلِ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ(٣٣).

ئایا کەسێك ئاگای لە هەموو نەفسێك بیٚ کە چی ئەکاتو، هیچی لیٚون نەبیٚوەکو یەکێکە وەها نەبیٚ؟ حاشا. ئەوکافرانە چەند هاوبەشێکیان بۆ خودا داناوە! دە تۆ پێیان بڵیٚ ئا دەی ناوی ئەو هاوبەشانە بێنن بزانین چینو چکارەن؟ یا هەر باسی شتێك ئەکەن بۆ خودا کە گوایا ئەو نایزانیو ئاگای لێی نییە کە ئەوەیش مەحاڵە، یا هەر بە قسەی ڕووتی بیٚمەعنا ناوتان ناون هاوبەش؟! نەخەیر ئەو کافرانە قسەی بیٚمەعناو فڕوفێڵیان لا جوان کراوەو، ڕێگای ڕاستی خودایان لیٚ گیراوە. بیٚگومان کەسیٚ خودا گومڕای بکات کەس نییە

ڕێگای ڕاستی پێشان بدات.

لَهُمْ عَذَابٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَشَقُّ وَمَا لَهُم مِّنَ اللَّهِ مِن وَاقٍ(٣٤).

ئەوانە سزاو ئازاریان بو هەیە لە ژیانی دنیاداو، بەڕاستی سزای پاشەڕۆژیان ناهەموارترەو، هیچ کەسیان نییە لە سزای خودایان بپارێزێ.

مَثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ أُكُلُهَا دَائِمٌ وَظِلُّهَا تِلْكَ عُقْبَى الَّذِينَ اتَّقَوْا وَعُقْبَى الْكَافِرِينَ النَّارُ(٣٥).

نموونەی ئەو بەهەشتەی بەڵێنی پێ دراوە بە لەخواترسەکان، بەهەشتێکی ئەوتۆیە چەندین جۆبار بەناویا ئەڕواو خۆراکی بەردەوامەو سێبەریشی هەروەها. ئەم بەهەشتە پاداشو دواڕۆژی ئەوکەسانەیە لە خودا ئەترسن. دواڕۆژو سەرئەنجامی کافرانیش ئاگرە.

وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَفْرَحُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمِنَ الْأَحْزَابِ مَنْ يُنكِرُ بَعْضَهُ قُلْ إِنَّمَا أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ اللَّهَ وَلَا أُشْرِكَ بِهِ إِلَيْهِ أَدْعُوا وَإِلَيْهِ مَآبِ(٣٦).

ئەوانەی لەمەوپێش کیتابمان بۆ ناردوونو موسوڵمان بوون، شادمان ئەبن بەو قورئانەی نازڵ کراوە بۆ سەر تۆ. لە کافرەکانیشدا هیی وایان هەیە ئینکاری هەندێك لە قورئان ئەکەن. تۆ پێیان بڵێ: من تەنها ئەمری ئەوەم پێ کراوە خودا بپەرستمو هاوبەشی بۆ دانەنێمو خەڵك هەر بۆ لای ئەو بانگ ئەکەمو، گەڕانەوەی منیش هەر بۆ لای ئەوە.

وَكَذَلِكَ أَنزَلْنَاهُ حُكْمًا عَرَبِيًّا وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُمْ بَعْدَمَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ مِنْ وَلِيٍّ وَلَا وَاقٍ(٣٧).

هەر بەوجۆرە کە کتێبەکانی پێغەمبەرانی پێشوومان نازڵ کرد، هەروایش حوکمو فەرمانی ئایینی ئیسلاممان نازل کرد بە زوبانی عەرەبی. جا ئەگەر پاش ئەم زانیارییەی بۆت هاتووە، دوای ئارەزووی بەتاڵی کافرەکانی دەوروبەرت بکەوی، ئیتر لەلایەن خوداوە هیچ دۆستو یارمەتیدەرێکت نابیو هیچکەس ناتپارێزێ لە سزاو ئازار.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلاً مِّنْ قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَنْ يَأْتِيَ بِآيَةٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ(٣٨).

بەڕاستی پێش تۆ چەندین پێغەمبەرمان ڕوانە کردو، ژنو منالیشمان دابوونێ، واتە:ئەوانیش ئادەمزاد بوون وەك بنیادەمەکانیتر. هیچ پێغەمبەرێك بۆی ڕەوا نەبوەو ناتوانێ ئایەتێك یا موعجیزەیێك بێنێ کە خەڵکەکەی دەوربەری داوایان لێ کردبێ، بە ئیزنی خودا نەبێ. هەروەها بۆ هەر ماوەییێکیش کتێبو حوکمێك هەیە لەلایەن خوداوە بۆ بەرەی ئادەمیزاد.

يَمْحُوا اللَّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ وَعِنْدَهُ أُمُّ الْكِتَابِ(٣٩).

ئەو حوکمەی خودا بییەوێ لای ئەباو، ئەوەیشی بییەوێ بیهێڵێتەوە ئەیهێڵێتەوە. ئەسڵی هەموو کتێبەکانی پێغەمبەران کە (لوح المحفوظ) ە لای خودایە.

وَإِن مَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ وَعَلَيْنَا الْحِسَابُ(٤٠).

ئەگەر هەندێ لەو سزایانەت پیشاندەین کە وەعدەمان داوە بە کافرانی بگەیێنین یا بتمرێنین پێش ئەوەی بیبینیو چاوت پێ

نەکەوێ، لە هیچکام لەم دوو حاڵەدا شتەکە ناگۆڕێ. تۆ تەنها ڕاگەیاندنت لەسەرەو ئێمەیش حیساب و تۆڵەسەندنەوە. کەواتە گوێمەدە بەوانەی ئیمان ناهێننو پەلەت نەبێ بۆ سزادانیان.

أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّا نَأْتِي الأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا وَاللَّهُ يَحْكُمُ لاَ مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ وَهُوَ سَرِيعُ الْحِسَابِ(٤١).

ئایا ئەوکافرانە تەماشا ناکەنو نابینن ئێمە لە هەموو لایێکەوە پێوانەی وڵاتی کافران کەمئەکەینەوەو ئەیخەینە سەر وڵاتی موسوڵمانان، واتە: نابینن ئایینی ئیسلام پەرە ئەستێنێ؟ بێگومان خودا فەرمان ئەدا بە سەرکەوتنی ئیسلامو کەس ناتوانێ فەرمانی ئەو رەدبکاتەوەو تێکیبدات، خودا بەگورجی حیساب لەگەڵ کافران ئەکات.

وَقَدْ مَكَرَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلِلَّهِ الْمَكْرُ جَمِيعًا يَعْلَمُ مَا تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ وَسَيَعْلَمُ الْكُفَّارُ لِمَنْ عُقْبَى الدَّارِ(٤٢).

بەڕاستی کافرەکانی پێش ئەوان فڕوفێڵی زۆریان لە پێغەمبەرانو لە پەیڕەوەکانیان کرد. هەرچی مەکرە هی خودایە، چونکە مەبەست لە مەکرکردنی کەسێ لە کەسێکیتر ئازاردانیەتیو ئازاردنی ڕاستەقینەیش بەدەستی خوایەو کەس ناتوانێ مەکرو فڕوفێڵ لە خوا بکا. هەر نەفسێ هەر کارێ بکات خودا پێی ئەزانێو پاداش یا سزای بۆ ئامادە ئەکات. لەمەوپاش کافرەکان بۆیان دەرئەکەوێ ئەنجامی باشو پڕ لە خۆشی بۆکێیە؟ بۆ ئەوانی بەدکردارە، یا بۆ موسوڵمانانی چاککردار؟.

وَيَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَسْتَ مُرْسَلاً قُلْ كَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَمَنْ عِندَهُ عِلْمُ الْكِتَابِ(٤٣).

کافرەکان ئەڵێن: تـۆ ڕەوانـە نـەکراویو فروستادەی خودا نیت. تۆ بڵێ: خودا بەسە بۆ شاهیدی لەنێوان منو ئێوەداو ئـەو کەسەیش کە بە ئیعجازو گەورەییو پایەبەرزیی قورئان ئەزانێ.

سوورەتی (ابراهيم)

مەککەیی‌یە ئایەتی ٢٨و ٢٩ی نەبیّو (٥٢) ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الَر كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ(١).

ئەم قورئانە کتێبێکە ناردوومانەتە خوارەوە بۆ لای تۆ تا ئادەمیزاد لە تاریکیی گومڕاهییەوە دەربکەیتو بیبانخەیتە ناو ڕووناکیی شارەزایی بە ئیزنی خودای خۆیان، بۆ ڕێگای خودای خاوەن عیززەتو ستایشکراو.

اللَّهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَوَيْلٌ لِّلْكَافِرِينَ مِنْ عَذَابٍ شَدِيدٍ(٢).

ئەو خودا بەدەستەڵاتەی هەرچی لە ئاسمانەکانو لە زەویدا هەیە هەمووی هیی ئەوە. هاوارو ناخۆشی بۆ کافرەکان لە هاتنی سزایەکی سەختی نالەبار.

الَّذِينَ يَسْتَحِبُّونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا عَلَى الآخِرَةِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا أُوْلَئِكَ فِي ضَلاَلٍ بَعِيدٍ(٣).

ئەوانەی ژیانی دنیا پەسەند ئەکەن بەسەر ژیانی پاشە ڕۆژدا و ڕێگا لە خەڵك ئەگرن کە ئیمان بە خودا بێننو ئەیانەوێ ڕێگای ئایینی ئیسلام لار بێ تا بتوانن ڕەخنەی لێ بگرن، ئەوانە لە گومڕاهییەکی زۆر دوور لە حەقدان.

وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ فَيُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ(٤).

هیچ فروستادەییکمان نەناردووە بۆ ڕەهبەری بە زوبانی قەومەکەی خۆی نەبێ بۆئەوەی ئەحکامی خودایان بۆ بەیان بکاتو تێیبگەن. جا پاش ئەو بەیانە خودا ئەوەی بییەوێ گومڕاهی ئەکاتو، ئەوەیشی بییەوێ ئەیخاتە سەر ڕێگای ڕاست. خودا خاوەن دەستەڵاتەو کارەکانی پڕحیکمەتن.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَى بِآيَاتِنَا أَنْ أَخْرِجْ قَوْمَكَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَذَكِّرْهُمْ بِأَيَّامِ اللَّهِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ (٥).

بەڕاستی ئێمە مووسامان نارد لەگەڵ چەند موعجیزەی گەورەداو پێمانوت قەومەکەت شارەزا بکەو لە تاریکییەوە بیانبەرە ڕووناکیو، ڕووداوەکانو سزای قەومەکانیتریان بخەرەوە یادکە سزامان دان. بەڕاستی لەم شتانەدا چەند نیشانە هەیە بۆهەموو کەسێکی خۆگرو سوپاسگوزار.

وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ أَنْجَاكُمْ مِنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَسُومُونَكُمْ سُوءَ الْعَذَابِ وَيُذَبِّحُونَ أَبْنَاءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَاءَكُمْ وَفِي ذَلِكُمْ بَلَاءٌ مِنْ رَبِّكُمْ عَظِيمٌ (٦).

یادی ئەوەبکە کە مووسا بە قەومەکەی خۆی وت: یادی نیعمەتی خودا بکەن لەسەرتان کە لە فیرعەونو دەستەو بەستەی ئەوی ڕزگار کردن کە خراپترین ئازاری ئەدانو کوڕەکانی سەرئەبڕینو ژنەکانی بە زیندوویەتی ئەهێشتنەوە. ئەم کارەساتەیش بەڵایێکی گەورە بوو خودا تووشی ئێوەی کردبوو.

وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِنْ كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي

لَشَدِيدٌ(٧).

یادی ئەوە بکەن کە لە ڕێگای وەحیەوە خودا ئاگاداری کردن کە بەڕاستی ئەگەر سوپاسم بکەن نیعمەتتان بۆ زیاد ئەکەمو، ئەگەر سوپاسم نەکەن سزام زۆر سەختە.

وَقَالَ مُوسَى إِنْ تَكْفُرُواْ أَنْتُمْ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا فَإِنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ حَمِيدٌ(٨).

مووسا وتی بە قەومەکەی : ئەگەر ئێوەو هەرچی ئەهلی سەر زەوییە کافر بنو سەرپێچی بکەن خودا هیچ نیازێکی بە ئێوە نییەو لە زاتی خۆیا شایانی حەمدو سەنایە.

أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَأُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَالَّذِينَ مِنْ بَعْدِهِمْ لاَ يَعْلَمُهُمْ إِلاَّ اللَّهُ جَاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَرَدُّواْ أَيْدِيَهُمْ فِي أَفْوَاهِهِمْ وَقَالُواْ إِنَّا كَفَرْنَا بِمَا أُرْسِلْتُمْ بِهِ وَإِنَّا لَفِي شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَنَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ(٩).

ئایا دەنگوباسی ئەوانەتان پێ نەگەیشتووە کە پێش ئێوە بوون لە قەومی نووحو عادو سەموودو ئەوانەیش لە پاش ئەوان بوون کە خودا نەبێ کەس پێیان نازانێ. پێغەمبەرەکانیان بەموعجیزەوە هاتن بۆ لایانو ئەوان دەستیان ئەبرد بۆ دەمیانو لە داخی قسەی پێغەمبەرەکان پەنجەی خۆیان ئەگەستو بە پێغەمبەرەکانیان ئەوت ئێمە باوەڕمان نییە بەوەی لە گەڵتان نێرراوە.ئێمە گومانێکیوامان هەیە ئەمانخاتە دوودڵییەوە لەوشتەی بانگمان ئەکەن بۆی کە ئیمان هێنانە.

قَالَتْ رُسُلُهُمْ أَفِي اللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَدْعُوكُمْ

لِيَغْفِرَ لَكُم مِّنْ ذُنُوبِكُمْ وَيُؤَخِّرَكُمْ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى قَالُواْ إِنْ أَنْتُمْ إِلاَّ بَشَرٌ مِّثْلُنَا تُرِيدُونَ أَنْ تَصُدُّونَا عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا فَأْتُونَا بِسُلْطَانٍ مُّبِينٍ(١٠).

جا پێغەمبەرەکانیان وتیان: ئایا گومان هەیە لە بوونی خوداییێکدا کە ئافەریدگاری ئاسمانەکانو زەوییەو، بانگتان ئەکات بۆئەوەی لە تاوانەکانتان خۆش ببیۆ، مۆڵەتیشتان بدات بۆئەوەی تا ماوەییێکی دیاریکراو بژین؟ کافرەکان بە پێغەمبەرەکانیان وت : ئێوە لە بنیادەمێکی وەك ئێمە بەولاوە نین، ئەتانەوێ ڕێمان لە پەرستنی ئەو شتانە لێ بگرن کە باوباپیرانمان پەرستوویانن. کەواتە دەلیلێکی ئاشکرامان بۆ بێنن ئیسباتی قسەکەتان بکات کە ڕاستگۆن.

قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ إِن نَّحْنُ إِلاَّ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَمُنُّ عَلَى مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَمَا كَانَ لَنَا أَن نَّأْتِيَكُمْ بِسُلْطَانٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللَّهِ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ(١١).

پێغەمبەرەکانیان وتیان: ئێمە لەڕاستیدا هەر ئادەمیزادێکی وەکو ئێوەین، بەڵام خودای گەورە چاکە لەگەڵ کەسێ ئەکا کە خواستی لێ بێ لە بەندەکانی خۆیو پایەی پێغەمبەرایەتیی ئەداتێ. بۆ ئێمە ڕەوا نییەو ناتوانین بە ئیزنی خودا نەبێ موعجیزەیەك یا ئایەتێکی دیاری بهێنین بۆ ئێوە. کەواتە ئەوانەی خاوەن ئیمانن با هەرپشت بە خودا ببەستن.

وَمَا لَنَا أَلاَّ نَتَوَكَّلَ عَلَى اللَّهِ وَقَدْ هَدَانَا سُبُلَنَا وَلَنَصْبِرَنَّ عَلَى مَا آذَيْتُمُونَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ(١٢).

ئێمە چیمان دەستئەکەوێ ئەگەر پشت بە خودا نەبەستین کە هیدایەتی داوین بۆ ڕێگای ڕاستی خۆمان کە ڕێگای فەرمانبەرداریی خودایە؟ بێگومان ئێمە خۆمان لە بەر ئازاری ئێوەدا ئەگرین، دەی با ئەوانەی پشت بە خودا ئەبەستن لەسەر ئەو پشت بەخودا بەستنەیان بەردەوام بن.

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّكُم مِّنْ أَرْضِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ الظَّالِمِينَ(١٣).

هەروەها کافرەکان بە پێغەمبەرەکانیان وت یا دەرتانئەکەین لەم خاکوولاتەی خۆمان، یا ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ سەر ئایینی ئێمە! جا خودا وەحیی بۆ پێغەمبەرەکان کرد: مەترسن، ئێمە بەڕاستی ئەو ستەمکارانە ئەفەوتێنین.

وَلَنُسْكِنَنَّكُمُ الْأَرْضَ مِنْ بَعْدِهِمْ ذَلِكَ لِمَنْ خَافَ مَقَامِي وَخَافَ وَعِيدِ(١٤).

پاش ئەوانیش ئێوە لە جێگای ئەواندا لە ئەرزدا نیشتەجێ ئەکەین. ئەم پایەیە بۆ ئەوکەسانەیە لە هەیبەتی من بترسن ولە هەڕەشەی من بسڵەمێنەوە.

وَاسْتَفْتَحُواْ وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ(١٥).

پێغەمبەرەکان داوای فەتحو یارمەتییان لە خودا کردو، هەرچی زۆردارو ستەمکارە هەموو فەوتانو نائومێد بوون.

مِنْ وَرَائِهِ جَهَنَّمُ وَيُسْقَى مِن مَّاءٍ صَدِيدٍ(١٦).

ستەمکار ئەنجامیشی لەوەپاش دۆزەخەو لە ئاوی کێمو زووخاوی

دەرخوارد ئەدریٚ.

يَتَجَرَّعُهُ وَلاَ يَكَادُ يُسِيغُهُ وَيَأْتِيهِ الْمَوْتُ مِنْ كُلِّ مَكَانٍ وَمَا هُوَ بِمَيِّتٍ وَمِنْ وَرَائِهِ عَذَابٌ غَلِيظٌ(١٧).

ئەیەویٚ بیخواتەوە، ئەگیرێتە قورگی‌و بە زەحمەت بۆی قووت ئەچیٚ، لە هەموو لاییکەوە مەرگی بۆ دیٚت، کەچی نایشمریٚ تا بحەسێتەوە، هەموو کاتێکیش سزاییٚکی سەختی لە بەردەمدایە.

مَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمْ أَعْمَالُهُمْ كَرَمَادٍ اشْتَدَّتْ بِهِ الرِّيحُ فِي يَوْمٍ عَاصِفٍ لاَّ يَقْدِرُونَ مِمَّا كَسَبُواْ عَلَى شَيْءٍ ذَلِكَ هُوَ الضَّلاَلُ الْبَعِيدُ(١٨).

ئەوانەی ئیمانیان بە پەروەردگاری خۆیان نی‌یە کردەوەیان وەك خۆلەمێشێکە با گورج هەمووی بەرێ‌و تەفرو تووناى بكات لە ڕۆژێکدا کە باییٚکی تیژی بەهێزی تێدا هەلّکردبیٚ. ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتدا هەرگیز هیچیان لەوەی لە دنیادا کردوویانە دەستگیر نابیٚ. ئا ئەمەیە گومڕاهیی قوولّی لە حەق دوور.

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ إِنْ يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ(١٩).

ئایا نابینی خودا ئاسمانەکان‌و زەویی بە ڕاستی‌و حیکمەت دروست کردوون؟ ئەگەر مەیلی ببیٚ هەمووتان لەناوئەبات و خەلّکێکی تازە ئەهێنێتە ڕووی کار.

وَمَا ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ بِعَزِيزٍ(٢٠).

ئەو کارەیش لای خودا شتێکی گران نی‌یە.

وَبَرَزُوا لِلَّهِ جَمِيعًا فَقَالَ الضُّعَفَاءُ لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنْتُمْ مُغْنُونَ عَنَّا مِنْ عَذَابِ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ قَالُوا لَوْ هَدَانَا اللَّهُ لَهَدَيْنَاكُمْ سَوَاءٌ عَلَيْنَا أَجَزِعْنَا أَمْ صَبَرْنَا مَا لَنَا مِنْ مَحِيصٍ(٢١).

لە ڕۆژی قیامەتدا هەموو لە قەبر دەرئەچنو لای خودا حازر ئەبن بۆ حیساب، جا داماوەکان بە خاوەن ترو فیزەکان ئەڵێن: ئێمە کە لە دنیادا باوەڕمان بە پێغەمبەران نەئەکرد، دوای ئێوە کەوتبووین.ئایا ئێوە ئیستە بەشێ لەو سزای خودایەمان لێ لائەدەن؟ ئەوانیش ئەڵێن: ئەگەر خودا هیدایەتی ئێمەی بدایە ئێمەیش هیدایەتی ئێوەمان ئەدا. ئیستە یەکسانە بۆ ئێمە دڵگران بین یا خۆمان بگرینو سەبر بکەین، هەرگیز دەرفەتی ڕزگاربوونمان نییە.

وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الْأَمْرُ إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدْتُكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُمْ مِنْ سُلْطَانٍ إِلَّا أَنْ دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنْفُسَكُمْ مَا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنْتُمْ بِمُصْرِخِيَّ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِنْ قَبْلُ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ(٢٢).

جا کاتێ کە حوکم بڕایەوەو بەهەشتییان چوونە بەهەشتو دۆزەخییان چوونە دۆزەخ، شەیتان بە دۆزەخییەکانی وت: خودا بەڵێنی پێدانو ڕاستی لەگەڵ کردنو هێنایەدی، منیش بەڵێنم پێدان کە حیساب نییەو درۆم لەگەڵ کردن. من هیچ زۆرێکم نەبوو بەسەرتانەوە، تەنها ئەوەندە بوو بانگم کردن بۆ ڕێگای چەوتو بەگوێتان کردم. ئیستە سەرزەنشتی من مەکەن. سەرزەنشتی خۆتان بکەن کە بەگوێتان کردم. نە من ئەتوانم ئێوە لە سزا ڕزگار بکەمو نە

ئێوەیش ئەتوانن من ڕزگار بکەن. من ئیمانم بەوە نی‌یە کە لەمەوپێش ئێوە منتان کردە هاوبەشی خودا. بەڕاستی ستەمکاران سزای سەختیان هەیە.

وَأُدْخِلَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِمْ تَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلاَمٌ(٢٣).

ئەوانەیش کە ئیمانیان هێناو کردەوەی باشیان بوو، خرانە ناو چەند بەهەشتێکەوە کە جۆگەو جۆبار لەژێریانەوە ڕەوان ئەبێ، بە ئیزنی خودا هەتا هەتایە لەو بەهەشتانەدا ئەمێننەوەو مەلائیکەکان قەدریان ئەگرن‌و سلاویان لێ ئەکەن.

أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ(٢٤).

ئایا نابینی خودا چۆن نموونەیەکی جوان باس ئەکات کە ئەڵێت: قسەیێکی جوان وەکو دارێکی جوانە بنجەکەی بەزەویدا ڕۆچوویێ‌و لقەکانیشی لە ئاسمان بن.

تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللَّهُ الأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ(٢٥).

هەمووکاتێ بە ئیزنی ئەو خودایەی دروستی کردووە بەر بدا بە خەڵك. خودا میسال‌و نموونە دەهێنێتەوە بۆ خەڵك بەڵکو بیر لە گەورەیی‌و دەستەلاتی خودا بکەنەوە.

وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِنْ فَوْقِ الأَرْضِ مَا لَهَا مِنْ قَرَارٍ(٢٦).

نموونەی قسەیەکی خراپیش وەك دارێکی پیسی بێکەڵکە ڕەگو ڕیشەی لە زەوی دەرکێشرابێو لە جێگەی خۆیدا دانەچەقێو جێگیر نەبێ.

يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ وَيَفْعَلُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ(٢٧).

خوا لە دنیاو لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوانە دامەزراو ئەکا کە باوەڕیان بە وتەی چەسپاوی خوا بە یەك زانین (لا اله الا الله) هەیە. لە دنیادا ناهێڵێ پێیان هەڵخلیسکێو لە باوەڕی خۆیان پەشیمان ببنەوەو، لە ڕۆژی قیامەتیشا ناهێڵێ لە کاتی وەڵامدانەوەدا زمانیان تەتەڵە بکاو وەڵامیان پێ نەدرێتەوە. ستەمکارانیش کە ستەمیان لە خۆیان کردووە، خوا گومڕایان ئەکات چونکە بیریان نەئەکردەوە تا ڕێی ڕاست بدۆزنەوەو هەر لەسەر چاولێکەریی باوو باپیرانیان ئەڕۆیشتن. خودا هەرچیی مەیل لێ بێ ئەیکات.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ بَدَّلُواْ نِعْمَةَ اللَّهِ كُفْرًا وَأَحَلُّواْ قَوْمَهُمْ دَارَ الْبَوَارِ(٢٨).

ئایا ئەوانە نابینی کە نیعمەتی خودایان پشتگوێ خستو سوپاسی ئەو نیعمەتەیان نەکردو سوپاسەکەیان گۆڕی بە کوفرو خۆیان ماڵوێران کردو قەومەکەیشیانیان خستە خانەی فەناوە چونکە هانیان دان بۆ کافربوون.

جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا وَبِئْسَ الْقَرَارُ(٢٩).

ئەو خانەی فەنایەیش دۆزەخە ئەڕۆنە ناویو بە گەرماییەکەی

ئەبرژێن و، دۆزەخ پیسترین شوێنو ماوایە.

وَجَعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلُّواْ عَن سَبِيلِهِ قُلْ تَمَتَّعُواْ فَإِنَّ مَصِيرَكُمْ إِلَى النَّارِ (٣٠).

ئەو کافرانە چەند هاوبەشێکیان بۆ خودا داناوە کە ئادەمزادیان پێ گومڕا بکەن. تۆ پێیان بڵێ ئەمڕۆ لەم دنیایەدا ڕابوێرنو لەزەت وەربگرن، بەڕاستی پاش ئەم دنیایە دوارۆژو ماواتان ئاگری دۆزەخە.

قُل لِّعِبَادِيَ الَّذِينَ آمَنُواْ يُقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَيُنفِقُواْ مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلانِيَةً مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لاَّ بَيْعٌ فِيهِ وَلاَ خِلاَلٌ (٣١).

بڵێ بەو بەندانەم کە ئیمانیان هێناوە با نویژ بکەنو لەو ڕزقو ڕۆزییەی پێمانداون بەئاشکراو بەنهێنی لە ڕێگای خودا دا صەرف بکەن پێش ئەوەی ڕۆژێکیوا بێتە پێشەوە نە خڕیدو فرۆشی تێدا هەیەو نە برادەرىو دۆستیو یارمەتی.

اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَّكُمْ وَسَخَّرَ لَكُمُ الْفُلْكَ لِتَجْرِيَ فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَسَخَّرَ لَكُمُ الأَنْهَارَ (٣٢).

خودا ئەوخوایە ئاسمانەکانو ئەرزی دروست کردووەو لە ئاسمانەوە ئاوی ناردووەتە خوارەوەو، بەو ئاوە گەلێ بەرو میوەی دەرکردووەو کردوونی بە ڕزقو ڕۆزی بۆ ئێوە. هەروەها کەشتیی بۆ ملکەچ و دەسەمۆ کردوون ، بۆ ئەوەی هات وچۆ بکات لە دەریادا بە فەرمانی خودا. ڕووبارەکانیشی بۆ ڕامکردوون تا سوودیان لێ وەربگرن.

وَسَخَّر لَكُمُ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ دَآئِبَينَ وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ (٣٣).

خۆرو مانگیشی بۆتان ڕامکردووە بەدەوامو، شەوو ڕۆژی بۆ ڕامکردوون بۆ ژیوار پەیداکردنو بۆ حەسانەوەتان.

وَآتَاكُم مِّن كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ وَإِن تَعُدُّواْ نِعْمَةَ اللَّهِ لاَ تُحْصُوهَا إِنَّ الإِنسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ (٣٤).

لە هەموو جۆرە شتێ داواتان کردووە لێی، پێیداون. ئەگەریش ئێوە نیعمەتەکانی خودا بژمێرن ناتوانن باسی هەموویان بکەن. بەڕاستی ئادەمزاد ستەم لە خۆیو لە غەیری خۆی ئەکاو ئینکاری نیعمەتەکانی خودا ئەکات.

وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَذَا الْبَلَدَ آمِنًا وَاجْنُبْنِي وَبَنِيَّ أَن نَّعْبُدَ الأَصْنَامَ (٣٥).

یادی ئەوە بکەن کە ئیبراهیمی خەلیل وتی: خودایا! ئەم شاری مەککەیە ئەمین بکە لە ستەمکارو، خۆمو نەوەکانم بپارێزەو دوورمان بخەرەوە لە بتپەرستن.

رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ فَمَن تَبِعَنِي فَإِنَّهُ مِنِّي وَمَنْ عَصَانِي فَإِنَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (٣٦).

خودایە! بتەکان خەڵکێکی زۆریان گومڕا کردووە. جا هەرکەس دوای من بکەوێو پەیڕەویی ئایینی من بکا ئەوە لە منەوهەرکەسیش بەگوێم نەکا ئەوا تۆ گوناهپۆشو میهرەبانیو هەموو کارێ بە دەستی خۆتە.

رَّبَّنَا إِنِّي أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِندَ بَيْتِكَ الْمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُواْ الصَّلاَةَ فَاجْعَلْ أَفْئِدَةً مِّنَ النَّاسِ تَهْوِي إِلَيْهِمْ وَارْزُقْهُم مِّنَ الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ (٣٧).

خودایا ! من هەندێ لە نەوەکانم لە شیوێکی بێکشتوکاڵدا نیشتەجێ کردووە لە نزیکی ماڵە پیرۆزەکەی تۆوە کە حەرامە دەستی بۆ ببرێ یا بە سووکی تەماشای بکرێ، یا دوژمن دەستدرێژیی لێ بکات. خودایا بۆیەم لێرە داناون نوێژت بۆ بکەن. دەی سا دڵی هەندێ بنیادەم وەها لێ بکە مەیل بکەن بۆ لایانو، لە بەرو میوەی جیهان ڕزقیان بدەرێ، هیوام وایە ئەوانیش سوپاسی نیعمەتی تۆ بکەن.

رَبَّنَا إِنَّكَ تَعْلَمُ مَا نُخْفِي وَمَا نُعْلِنُ وَمَا يَخْفَى عَلَى اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ(٣٨).

خودایا تۆ بەوە ئەزانی کە ئەیشارینەوەو بەوەیش کە دەریئەبڕین. نە لە ئاسمانو نە لە زەویدا هیچ شتێ لە خودا ون نابێ.

الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي وَهَبَ لِي عَلَى الْكِبَرِ إِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ إِنَّ رَبِّي لَسَمِيعُ الدُّعَاءِ(٣٩).

ستایش بۆ ئەو خودایە کە لەسەر پیری ئیسماعیلو ئیسحاقی پێبەخشیم. بە ڕاستی خودا شنەوای دوعایە.

رَبِّ اجْعَلْنِي مُقِيمَ الصَّلَاةِ وَمِنْ ذُرِّيَّتِي رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَاءِ(٤٠).

خودایا بمکە بە ئینسانێ بەردەوام بم لەسەر نوێژو عیبادەت. هەروەها لە نەوەیشم. خودایا دوعایشم قبووڵ بکە.

رَبَّنَا اغْفِرْ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ الْحِسَابُ(٤١).

خودایا ! لەو ڕۆژەدا کە حیساب بەرپا ئەبێ، تاوانی خۆمو باوکو دایکم بپۆشە، هی ئەوانەیش لەسەر دەستی منا ئیمانیان پێت هێناوە.

وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ

لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ (٤٢).

ئەی پێغەمبەر ! تۆ هەرگیز وا مەزانە خودا بێئاگایە لە کردەوەی ستەمکاران. خودا بۆ ڕۆژێکی هەڵگرتوون چاو تیایا ئەبڵەق ئەبێ، کە ڕۆژی قیامەتە.

مُهْطِعِينَ مُقْنِعِي رُءُوسِهِمْ لَا يَرْتَدُّ إِلَيْهِمْ طَرْفُهُمْ وَأَفْئِدَتُهُمْ هَوَاءٌ (٤٣).

بەپەلە ئەڕۆن بەدوای ئەو فریشتەدا کە مەئموورە لەسەریانو سەریان بەرزکردووەتەوەو چاویان وەرناگەڕێ بۆ لایانو ئەبڵەق بووەو دڵیشیان هۆش و فامی تێدا نی‌یە.

وَأَنذِرِ النَّاسَ يَوْمَ يَأْتِيهِمُ الْعَذَابُ فَيَقُولُ الَّذِينَ ظَلَمُوا رَبَّنَا أَخِّرْنَا إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ نُّجِبْ دَعْوَتَكَ وَنَتَّبِعِ الرُّسُلَ أَوَلَمْ تَكُونُوا أَقْسَمْتُم مِّن قَبْلُ مَا لَكُم مِّن زَوَالٍ (٤٤).

خەڵك بترسێنە لەو ڕۆژەی کە سزای خودا دێت. ئەوانەی ستەمیان لە خۆیان کردووە، لەو ڕۆژەدا ئەڵێن: خودایا! بۆ ماوەیەکی کەم دوامان بخە بەڵکو تەوبە بکەینو بکەوینە دوای بانگەوازەکەتو پەیڕەویی پێغەمبەران بکەین! ئەی ئەوە نەبوو ئێوە پێش ئێستە، واتە لە دنیادا، سوێندتان ئەخوارد کە هەرگیز لەناوچوونتان بۆ نی‌یە؟!

وَسَكَنتُمْ فِي مَسَاكِنِ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ وَتَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ وَضَرَبْنَا لَكُمُ الْأَمْثَالَ (٤٥).

هەروەها لە دنیادا لە ماڵەکانی ئەوانەدا دانیشتن کە ستەمیان لە خۆیان کردبوو و بۆتان دەرکەوت چیمان لێ کردن ! چەند

نموونەیشمان بۆ هێنانەوە بەڵکو پەندو عیبرەتیان لێ وەربگرن.

وَقَدْ مَكَرُواْ مَكْرَهُمْ وَعِندَ اللَّهِ مَكْرُهُمْ وَإِن كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ(٤٦).

بەڕاستی کافرەکان مەکری زۆریان کردو، ئەو مەکرانەیان لای خودا ئاشکرا بوونو خوا ڕۆژی خۆی تۆڵەیان لێ ئەستێنێ، ئەگەرچی مەکرەکەیان ئەوەندە بەهێز بوو لەوانەبوو شاخ لە شوێنی خۆیدا تەخت بکا.

فَلاَ تَحْسَبَنَّ اللَّهَ مُخْلِفَ وَعْدِهِ رُسُلَهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ ذُو انْتِقَامٍ(٤٧).

لات وا نەبێ خودا لەگەڵ پێغەمبەرانی خۆیدا خیلاف وعدە ئەکات ! بەڕاستی خودا بەدەستەڵاتو تۆڵەسێنە.

يَوْمَ تُبَدَّلُ الأَرْضُ غَيْرَ الأَرْضِ وَالسَّمَاوَاتُ وَبَرَزُواْ للَّهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ(٤٨).

ئەو تۆڵەسەندنەوەیشیە لە ڕۆژێکدا ئەبێ کە ئەم زەوییە ئەگۆڕێ بە زەوییەکی ترو ئاسمانەکان بە ئاسمانیترو، هەرچی ئادەمیزادە لە گۆڕ دەرئەچنو لە بەردەم دادگای خودای تاکو تەنیاو بەدەستەڵاتدا ڕائەوەستن.

وَتَرَى الْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ مُّقَرَّنِينَ فِي الأَصْفَادِ(٤٩).

لەو ڕۆژەدا تاوانباران ئەبینی لە کۆتو زنجیردا ڕیزکراون.

سَرَابِيلُهُم مِّن قَطِرَانٍ وَتَغْشَى وُجُوهَهُمْ النَّارُ(٥٠).

کراسەکانی بەریان بریتییە لە قەترانی ڕەشو ئاگر هەموو دەمو چاویان دائەپۆشێ.

لِيَجْزِي اللَّهُ كُلَّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ(٥١).

ئەمانە دێنە دیار بۆئەوەی خودا بە هەر نەفسیێ پاداشی خۆی بداتەوە. بەڕاستی خودا زۆر بەگورجی حیساب لەگەڵ خەڵکدا ئەکات.

هَذَا بَلاَغٌ لِلنَّاسِ وَلِيُنذَرُواْ بِهِ وَلِيَعْلَمُواْ أَنَّمَا هُوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ وَلِيَذَّكَّرَ أُوْلُواْ الأَلْبَابِ(٥٢).

ئەمەی لەم سوورەتەدا نازڵ بوو ئاگادارییەك بوو بۆ خەڵكو، بۆئەوە هاتووە حاڵی ببنو پێی بترسێنرێنو بزانن خودای جیهان یەك خودای تاكو تەنیایە. هەروەها بۆ ئەوەیە خاوەن هۆشان بیربکەنەوە.

جوزئی چواردەهەم

سوورەتی (الحجر)

مەککەیی‌یە ئایەتی ٨٧ی نەبێو ، (٩٩) ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الَر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ وَقُرْآنٍ مُّبِينٍ(١).

خوا خۆی ئەزانێ مەبەستی لە (الر) چی‌یە. ئەوەی لەم سوورەتەدایە ئایەتی کیتابو قورئانێکی ئاشکراو دیارییە.

رُّبَمَا يَوَدُّ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ كَانُواْ مُسْلِمِينَ(٢).

لە ڕۆژی قیامەتدا زۆرجار کافرەکان ئاوات ئەخوازن ئەڵێن کاشکی موسوڵمان بوایەین.

ذَرْهُمْ يَأْكُلُواْ وَيَتَمَتَّعُواْ وَيُلْهِهِمُ الأَمَلُ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ(٣).

لێیان گەڕێ با بخۆنو ڕابوێرنو، هیوای پڕوپووچی خۆشی‌و پیرۆزیی دواڕۆژ بێ‌ئاگایان بکات. لەمەولا لە ڕۆژی قیامەتدا ئەزانن ئەنجامیان چۆن ئەبێ؟

وَمَا أَهْلَكْنَا مِنْ قَرْيَةٍ إِلاَّ وَلَهَا كِتَابٌ مَّعْلُومٌ(٤).

ئێمە هیچ ئاوەدانییەکمان وێران نەکردووە ئیللا وادەیەکی دیاریکراو هەیە بۆ وێران کردنی‌و کات و چۆنیەتیی ئەو وێران کردنە لە (لوح المحفوظ)دا نووسراوە.

مَا تَسْبِقُ مِنْ أُمَّةٍ أَجَلَهَا وَمَا يَسْتَأْخِرُونَ(٥).

هیچ نەتەوەیێك لە ئاکامی خۆی پێش‌ناکەوێو لێیشی دواناکەوێ.

وَقَالُواْ يَاأَيُّهَا الَّذِي نُزِّلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ إِنَّكَ لَمَجْنُونٌ(٦).

کافرەکان بە گاڵتەپێکردنەوە بە پێغەمبەریان وت: ئەی ئەوکەسەی قورئانی نازڵ کراوەتە سەر بە ڕاستی تۆ شێتی!

لَوْ مَا تَأْتِينَا بِالْمَلاَئِكَةِ إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ(٧).

ئەوە تۆ بۆچی فریشتەمان ناهێنیتە سەر ئەگەر لەم هەڕەشەو گوڕەشەتدا ڕاستگۆی؟

مَا نُنَزِّلُ الْمَلاَئِكَةَ إِلاَّ بِالْحَقِّ وَمَا كَانُوا إِذًا مُّنْظَرِينَ(٨).

ئێمە فریشتە نازڵ ناکەین ئیللا بەجۆرێ کە حیکمەتمان بیەوێ نەك بە ئارەزووی ئەوان. ئەوکاتەیش کە نازڵی بکەین کافرەکان هیچ مۆڵەت نادرێن.

إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ(٩).

ئێمە خۆمان قورئانمان نازڵ کردووەو هەر ئێمەیش ئەیپارێزین لەوەی بفەوتێ یا دەسکاری بکرێو زیادو کەمی تێدا بکرێ.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ فِي شِيَعِ الْأَوَّلِينَ(١٠).

بەڕاستی ئێمە، پێش تۆیش پێغەمبەرانمان ناردووە بۆ سەر تاقمە پێشووەکان.

وَمَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلاَّ كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ(١١)

کافرەکان، هەر پێغەمبەرێ هاتبێ بۆ سەریان گاڵتەیان پێ کردووە.

كَذَلِكَ نَسْلُكُهُ فِي قُلُوبِ الْمُجْرِمِينَ(١٢).

ئێمە ئاوا گومڕاهیو کوفر ئەخەینە دڵی تاوانبارانەوە.

لاَ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَقَدْ خَلَتْ سُنَّةُ الْأَوَّلِينَ(١٣).

خستوومانەتە دڵیانەوە کە ئیمان نەهێنن. بەڕاستییش کرداری خودا

لەناوکافرە پێشووەکاندا تێپەڕی کردووە کە بیخاتە دڵیانەوە ئیمان نەهێنن.

وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا مِّنَ السَّمَاءِ فَظَلُّواْ فِيهِ يَعْرُجُونَ(١٤).

ئەگەر دەرگایەکمان لە ئاسمان بۆ بکردنایەتەوەو بەردەوام لێیەوە سەرکەوتنایە ،

لَقَالُواْ إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَارُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَّسْحُورُونَ(١٥).

ئەیانوت : چاوبەستمان لێ کراوە. نەخەیر، ئێمە جادوومان لێ کراوە.

وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ(١٦).

بەڕاستی ئێمە لە ئاسماندا چەند بورجێكو چەند مەقامێکمان داناوە بۆ خۆرو مانگ بە درێژاییی وەخت. هەروەها ئاسمانەکانو بورجەکانمان ڕازاندوونەتەوە بۆ ئەوانەی سەیریان ئەکەن.

وَحَفِظْنَاهَا مِن كُلِّ شَيْطَانٍ رَّجِيمٍ(١٧).

ئاسمانو بورجەکانمان لە هەموو شەیتانێکی دوور لە ڕەحمەتی خودا یش پاراستووە.

إِلاَّ مَنِ اسْتَرَقَ السَّمْعَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ مُّبِينٌ(١٨).

شەیتانێ نەبێ کە گوێ ڕابگرێ بییەوێ قسەیێ بدزێ، ئەویش نەیزەکێکی سۆزندەی ئاشکرای شوێن ئەکەوێو ڕاوی ئەنێت و ئەیسووتێنێ.

وَالأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنْبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ(١٩).

ئێمە هەروەها زەویمان درێژ کردوەتەوەو چەند کێوێکی گەردنکەشو

دامەزراومـان تیا داکوتاوەو، هەرچی شتیٚ کـە موناسبی حیکمەت بیٚ تیامانا ڕواندوە.

وَجَعَلْنَا لَكُمْ فِيهَا مَعَايِشَ وَمَن لَّسْتُمْ لَهُ بِرَازِقِينَ(٢٠).

لەو زەوییەدا هەرچی هۆی ژیانــە بۆمان دروست کردوون. هەروەها بۆ ئەوانەیش کە ئێوە ڕۆزیدەریان نین‌و خودا ڕۆزییان ئەداتیٚ.

وَإِن مِّنْ شَيْءٍ إِلاَّ عِندَنَا خَزَائِنُهُ وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلاَّ بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ(٢١).

هەرچی لە دنیادا هەیـە خەزێنەکـانی لای ئێمەیەو بە ئەندازەییێکی دیاری کراو نەبیٚ دایناب‌ەزێنین.

وَأَرْسَلْنَا الرِّيَاحَ لَوَاقِحَ فَأَنْزَلْنَا مِــنَ السَّمَــاءِ مَــاءً فَأَسْقَيْنَاكُمُوهُ وَمَا أَنْتُمْ لَهُ بِخَازِنِينَ(٢٢).

باکانمان بـە سلەپڕی، یا بـۆ پێوەنـدو تــەلقیح کردنی دارو درەخت ناردو، لە ئاسمانەوە ئاومان بۆ ناردن‌و دامانە دەرخواردتان، یا کردمانن بە ئاودێری دارو درەختو، کشتوکاڵتان بەو ئاوە ئاو دا کە ئێوە خۆتان ئەو ئاوەتان هەڵنەگرتووەو نەتانکرد ووەتە چاڵاوەوە.

وَإِنَّا لَنَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ وَنَحْنُ الْوَارِثُونَ(٢٣).

بـەڕاستی ئێمە مـردوو زیندوو ئـەکـەینەوەو، زیندوو ئەمرێنین‌و هەر ئێمە لەپاش ئێوە ئەمێنینەوە.

وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنْكُمْ وَلَقَدْ عَلِمْنَا الْمُسْتَأْخِرِينَ(٢٤).

بەڕاستی ئێمە بەوانەتان ئەزانین کە لەپێشدا لە دایك ئەبن‌و لەپێشدا ئەمرن‌و، بەوانەیشتان کە دواتر لە دایك ئەبن‌و دواتر ئەمرن. یا ئێمە بە ئەحواڵی ئەوانەی لە پێش ئێوە بوون‌و ئەوانەی لە پاش ئێوە دێن، ئەزانین.

وَإِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَحْشُرُهُمْ إِنَّهُ حَكِيمٌ عَلِيمٌ(٢٥).

بەڕاستی خودای تۆ هەموویان لە ڕۆژی قیامەتدا کۆئەکاتەوە. خودا کارەکانی پڕ لە حیکمەتنو بە هەمووشت ئەزانیّ.

وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ صَلْصَالٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ(٢٦).

بەڕاستی ئادەمزادمان لە قوڕێکی وشك دروست کردووە کە دەستی لیّ بدەی دەنگی لێوە دێ ،ئەو قوڕەیش لە قوڕێکی ڕەشی ڕەنگ گۆڕاوی لەقالّبدراوە.

وَالْجَانَّ خَلَقْنَاهُ مِنْ قَبْلُ مِن نَّارِ السَّمُومِ(٢٧).

جینییشمان، پێش ئینسان، لە ئاگرێکی زۆر گەرم دروست کرد.

وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي خَالِقٌ بَشَرًا مِّنْ صَلْصَالٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ(٢٨).

یادی ئەوە بکەرەوە کە پەروەردگاری تۆ بە فریشتەکانی وت: من ئینسانێك لە خاکێکی ئاوازەداری سیاڕەنگو ترشاو دروست ئەکەم.

فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ(٢٩).

جا کە ڕێکمخستو لەلایەن مەئمووری خۆمەوە فووم پیا کردو گیانی چوو بەبەرا، ئێوە لە بەردەمیا بکەونو کوڕنووشی قەدرو حورمەتی بۆ بەرن.

فَسَجَدَ الْمَلَائِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ(٣٠).

جا فریشتەکان هەموو سەرپاك کوڕنووشیان برد بۆ ئادەم.

إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَى أَن يَكُونَ مَعَ السَّاجِدِينَ(٣١).

ئیبلیس نەبیّ کە نەیویست لەگەڵ کوڕنووشبەرەکان بیّو سوجدە

بۆ ئادەم بەرێ.

قَالَ يَا إِبْلِيسُ مَا لَكَ أَلاَّ تَكُونَ مَعَ السَّاجِدِينَ(٣٢).

خودا فەرمووی: ئیبلیس! ئـەوە چیتە؟ بۆ لەگەڵ سوجدەبەرەکان نەبوویت؟

قَالَ لَمْ أَكُن لِّأَسْجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقْتَهُ مِن صَلْصَالٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ(٣٣).

وتی: ڕەوا نییە من کورنووش بۆ بەشەرێ بەرم لە خاکێکی ئاوازەداری سیارەنگ دروست کرابێ.

قَالَ فَاخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ(٣٤).

خودا فەرمووی: دە دەرچۆ لە بەهەشت چونکە تۆ دەرکراوی و لە ڕەحمەتی من بێ بەشی.

وَإِنَّ عَلَيْكَ اللَّعْنَةَ إِلَى يَوْمِ الدِّينِ(٣٥).

تا ڕۆژی سزایش، لەلای منەوە نەفرینت لێ کراوە.

قَالَ رَبِّ فَأَنْظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ(٣٦).

ئەنجا شەیتان وتی: کەواتە خودایا! تا ئەوڕۆژەی ئینسان و جیننی زیندوو ئەکرێنەوە بمهێڵەرەوەو مەمکوژە.

قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ الْمُنْظَرِينَ(٣٧).

خوا فەرمووی: باشە لە ئێستەوە تۆ لەوانەی ئەهێڵرێنەوەو نامرێنرێن.

إِلَى يَوْمِ الْوَقْتِ الْمَعْلُومِ(٣٨).

تا ڕۆژێ کاتی دیاریکراو بۆ مراندنت دێ.

قَالَ رَبِّ بِمَا أَغْوَيْتَنِي لأُزَيِّنَنَّ لَهُمْ فِي الأَرْضِ وَلأُغْوِيَنَّهُمْ

أَجْمَعِينَ(٣٩).

شەیتان وتی: خودایا مادام تۆ منت گومڕا کرد، منیش هەرچی تاوانە لای ئەوانی جوان ئەکەم لە سەرزەویداو هەموویان گومڕا ئەکەم.

إِلاَّ عِبَادَكَ مِنْهُمُ الْمُخْلَصِينَ(٤٠).

مەگەر ئەو بەندانەت کە پاکیزەو هەڵبژاردەن.

قَالَ هَذَا صِرَاطٌ عَلَيَّ مُسْتَقِيمٌ(٤١).

خودا فەرمووی: ڕزگارکردنی پاکیزەکان ڕێگای ڕاستی منە.

إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلاَّ مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْغَاوِينَ(٤٢).

بەڕاستی تۆ هەرگیز دەستت بەسەر بەندەکانی مندا ناڕوا مەگەر ئەوانەی بکەونە شوێنت لە گومڕاهەکان.

وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوْعِدُهُمْ أَجْمَعِينَ(٤٣).

بێگومان دۆزەخ مەڵبەندی ئەوانە هەموویانە.

لَهَا سَبْعَةُ أَبْوَابٍ لِّكُلِّ بَابٍ مِّنْهُمْ جُزْءٌ مَّقْسُومٌ(٤٤).

دۆزەخ حەوت دەرگای هەیە هەردرگاییێکیان بەشێکی تایبەتیی هەیە. دەرگایەك هیی کافرانە، دەرگایەك هیی موسۆڵمانانی گوناهبارەو تاد.

إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ(٤٥).

بەڕاستی ئەوانەی لە خودا ئەترسنو خۆیان لە گوناه ئەپارێزن، لەناو بەهەشتداو لەسەر سەرچاوەی کانیو ئاون.

ادْخُلُوهَا بِسَلَامٍ آمِنِينَ(٤٦).

فەرموون برۆنە ناویانەوەو بە ئەمینی لە هەموو شتێکی ناخۆش بمێننەوە تیایاندا.

وَنَزَعْنَا مَا فِي صُدُورِهِم مِّنْ غِلٍّ إِخْوَانًا عَلَى سُرُرٍ مُّتَقَابِلِينَ(٤٧).

هەرچی کینەو ناحەزی هەبوو لە سینەیانمان دەرهێناو، بەرامبەر یەك، لەسەر کورسی دائەنیشن.

لاَ يَمَسُّهُمْ فِيهَا نَصَبٌ وَمَا هُمْ مِنْهَا بِمُخْرَجِينَ(٤٨).

هیچ ئەلەمو ئازارێ ناگا بە لەشو دڵیانو لەو بەهەشتانەیش دەرناکرێن.

نَبِّئْ عِبَادِي أَنِّي أَنَا الْغَفُورُ الرَّحِيمُ(٤٩).

خەبەر بە بەندەکانم بدە کەوا من گوناهپۆشو میهرەبانم.

وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ الْعَذَابُ الأَلِيمُ(٥٠).

هەروەها کە سزایشم سزاییێکی پڕئازارە.

وَنَبِّئْهُمْ عَنْ ضَيْفِ إِبْرَاهِيمَ(٥١).

دەنگوباسی میوانەکانی ئیبراهیمیشیان بۆ بگێڕەوە.

إِذْ دَخَلُواْ عَلَيْهِ فَقَالُواْ سَلامًا قَالَ إِنَّا مِنْكُمْ وَجِلُونَ(٥٢).

کە چوونە ماڵەوە بۆ لایو وتیان: سەلامتان لێ بێت. ئەویش پاش جوابدانەوەی سەلامەکەیان وتی: بەڕاستی ئێمە لێتان ئەترسین.

قَالُواْ لاَ تَوْجَلْ إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلاَمٍ عَلِيمٍ(٥٣).

وتیان: مەترسە، ئێمە مژدەی کوڕێکی زانات ئەدەینێ.

قَالَ أَبَشَّرْتُمُونِي عَلَى أَنْ مَسَّنِيَ الْكِبَرُ فَبِمَ تُبَشِّرُونَ(٥٤).

وتی: ئایا بەم حاڵی پیرییەمەوە مژدەم ئەدەنێ؟ مژدەی چیم ئەدەنی؟

قَالُواْ بَشَّرْنَاكَ بِالْحَقِّ فَلاَ تَكُنْ مِّنَ الْقَانِطِينَ(٥٥).

وتیان مژدەی ڕاستیت ئەدەینێ، دە تۆیش لە نائومێدان مەبە.

قَالَ وَمَنْ يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِ إِلاَّ الضَّالُّونَ(٥٦).

وتی: جا لە گومڕاهان بەولاوە کێ لە ڕحمەتی خودای خۆی نائومێد ئەبێ؟

قَالَ فَمَا خَطْبُكُمْ أَيُّهَا الْمُرْسَلُونَ(٥٧).

وتی: کەواتە ئیشتان چییە ئەی فروستادەکان؟

قَالُواْ إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَى قَوْمٍ مُّجْرِمِينَ(٥٨).

وتیان: ڕاستەکەی ئێمە نێرراوین بۆ سەرقەومێکی تاوانبار.

إِلاَّ آلَ لُوطٍ إِنَّا لَمُنَجُّوهُمْ أَجْمَعِينَ(٥٩).

تەنها ماڵو منالّی لووط خۆی نەبێ کە هەموویان ڕزگار ئەکەین.

إِلاَّ امْرَأَتَهُ قَدَّرْنَا إِنَّهَا لَمِنَ الْغَابِرِينَ(٦٠).

ژنەکەی نەبێ کە بریارمان داوە لەگەڵ کافرەکان بمێنێتەوە تا هەموو پێکەوە سزا ئەدرێن.

فَلَمَّا جَاءَ آلَ لُوطٍ الْمُرْسَلُونَ(٦١).

کە فروستادەکان هاتن بۆلای ئالی لووط،

قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ مُّنكَرُونَ(٦٢).

لووط پێی وتن: ئێوە قەومێکی نەناسراون.

قَالُواْ بَلْ جِئْنَاكَ بِمَا كَانُواْ فِيهِ يَمْتَرُونَ(٦٣).

ئەوانیش وتیان: ئێمە قەومێکی نەناسراو نین بەو مەعنا کە تۆ ئەیلێیت، بەڵکو هەواڵی ئەو سزایەمان هێناوە بۆت کە قەومەکەت گومانیان تێیدا هەبوو.

وَأَتَيْنَاكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّا لَصَادِقُونَ(٦٤).

ئێمە هەواڵێکی ڕاستمان بۆ هێناوی کە سزادانی ئـەو تاوانبارانەیەو ڕاستئەکەین لەمەدا کە پێتی ڕائەگەیەنین.

فَأَسْـرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْـعٍ مِّنَ اللَّيْلِ وَاتَّبِعْ أَدْبَارَهُمْ وَلاَ يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ وَامْضُواْ حَيْثُ تُؤْمَرُونَ(٦٥).

بـە شـەو مـاڵو منداڵی خـۆت بڕەوێنە ، یـا شـەوی بمێنێ بـڕۆن و، خۆیشت بکـەوەرە دوایـان و بیانجووڵێنە بـا دەستوبـرد بکـەن بـڕۆنو دوانەکەون. با کەستان لا نـەکاتـەوە بۆ دواوە نەوەك سزاکە ئەویش بگرێتەوە . بڕۆن بۆ ئەو شوێنەی ئەمرتان پێ ئەکرێ بۆی بڕۆن .

وَقَضَيْنَا إِلَيْهِ ذَلِكَ الْأَمْرَ أَنَّ دَابِرَ هَؤُلاَءِ مَقْطُوعٌ مُّصْبِحِينَ(٦٦).

وەحیمان بۆ کـرد کـە ئـەو قەومـە تاوانبارە لە بەرەبەیاندا بنەبڕ ئەکرێنو کەسیان لێ نامێنێ.

وَجَاءَ أَهْلُ الْمَدِينَةِ يَسْتَبْشِرُونَ(٦٧).

ئەهلی شارەکەی قەومی لووط کە لە هاتنی میوانەکانی لووط ئاگادار بوون ، هاتن بە یەکداو لــە خۆشیی هــاتنی ئــەو مەئموورانە مژدەیان بــەیەك ئــەدا . تـەماعیان تێکردبوونو ئـەیانویست ئـەو کـارە بەدەی کردبوویان بــە عادەت لەگەڵ میوانی نێرینەیان ئەکرد لەگەڵ ئەوانیشی بکەن.

قَالَ إِنَّ هَؤُلاَءِ ضَيْفِي فَلاَ تَفْضَحُونِ(٦٨).

لووط پێی وتن: ئەمانە میوانمن، ئابڕووم مەبەن.

وَاتَّقُواْ اللَّهَ وَلاَ تُخْزُونِ(٦٩).

لە خودا بترسنو شەرمەزارم مەکەن.

قَالُوا أَوَلَمْ نَنْهَكَ عَنِ الْعَالَمِينَ(٧٠).

بە لووطیان وت : ئێمە پێمان نەوتی حەقت بەسەر خەڵکەوە نەبێ؟

قَالَ هَؤُلاءِ بَنَاتِي إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ(٧١).

لووط وتی: ئەوەتان کچەکانم ، ئەگەر حەزئەکەن مارەیان بکەن لە خۆتان.

لَعَمْرُكَ إِنَّهُمْ لَفِي سَكْرَتِهِمْ يَعْمَهُونَ(٧٢).

بە گیانت قەسەم ئەو کافرانە لە سەرخۆشیی خۆیاندا سەرگەردانن، ئیتر چۆن ئامۆژگارییان ئەچێتە گوێ ؟

فَأَخَذَتْهُمُ الصَّيْحَةُ مُشْرِقِينَ(٧٣).

جا لە بەرەبەیاندا کە خۆر خەریکە کەناری ئاسمان ڕوون کاتەوە، دەنگی فریشتەی سزا گرتنی.

فَجَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِّنْ سِجِّيلٍ(٧٤).

شوێنەکەیانمان سەرەوژێر کردو بە گڵمتکی وەك بەرد ڕەق بەردەبارانمان کردن .

إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْمُتَوَسِّمِينَ(٧٥).

بەڕاستی لەم بەسەرهاتەدا نیشانەی گەورەییو دەستەڵاتی خودا هەیە بۆ ئەوانەی زیرەکن و شت بە نیشانەدا ئەناسنەوە .

وَإِنَّهَا لَبِسَبِيلٍ مُّقِيمٍ(٧٦).

ئەو دێ شوێنە لەسەر ڕێگاییێکی ڕاستو دامەزراوە ، کە خەڵك پیایا ئەڕۆن وئەو پاشماوانە ئەبینن.

إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ(٧٧).

بەڕاستی لەو ڕووداوەدا نیشانەی دەستەڵاتی خودا هەیە بۆ ئەوانەی

خاوەن باوەڕن.

وَإِنْ كَانَ أَصْحَابُ الْأَيْكَةِ لَظَالِمِينَ(٧٨).

بەڕاستی بێشەنشینەکانی قەومی شوعەیب ستەمکار بوون.

فَانْتَقَمْنَا مِنْهُمْ وَإِنَّهُمَا لَبِإِمَامٍ مُّبِينٍ(٧٩).

جا تۆڵەمان لێ سەندن. ئەم دوانە، واتە سەدیەو ئەیکە، لەسەر ڕێگاییێکی دیاریو ئاشکران کەس لێی تێکناچن.

وَلَقَدْ كَذَّبَ أَصْحَابُ الْحِجْرِ الْمُرْسَلِينَ(٨٠).

بەڕاستی خاوەنەکانی حیجریش کە قەومی سەموود بوون، پێغەمبەرانیان بەدرۆئەخستەوە.

وَآتَيْنَاهُمْ آيَاتِنَا فَكَانُواْ عَنْهَا مُعْرِضِينَ(٨١).

ئایەتو موعجیزەی خۆمانمان پیشاندان بەڵام ئەوان باوەڕیان پێ نەئەکردو ڕوویان لێ وەرئەچەرخاند.

وَكَانُواْ يَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا آمِنِينَ(٨٢).

ئەوانە خانوویان لە شاخەکان دائەتاشیو بە ئەمینی تیا دائەنیشتن.

فَأَخَذَتْهُمُ الصَّيْحَةُ مُصْبِحِينَ(٨٣).

جا نرکەی فریشتەی سزا لە بەرەبەیاندا گرتنیو لەناویبردن.

فَمَا أَغْنَى عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَكْسِبُونَ(٨٤).

ئەوەی پەیدایان ئەکرد لە ئەسبابی دنیاو هێزی عادەتیی خۆیان، هیچی فریایان نەکەوتو سوودی نەبوو بۆیان.

وَمَا خَلَقْنَا السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلاَّ بِالْحَقِّ وَإِنَّ السَّاعَةَ لَآتِيَةٌ فَاصْفَحِ الصَّفْحَ الْجَمِيلَ(٨٥).

ئاسمانەکانو زەوی‌و ناوبەینیانمان، بە حەق نەبیٚ دروست نەکردووە. بەڕاستی ڕۆژی قیامەت دێت. جا کەواتە تۆیش چاوپۆشی بکە بە چاوپۆشییەکی جوان کە بریتییە لە بانگکردنیان بە زمانی شیرین و بە نەرمی‌و خۆشی بۆ ئیسلام بوون.

إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْخَلَّاقُ الْعَلِيمُ(٨٦).

بەڕاستی خودای تۆ ئافەریدگارو زانایە.

وَلَقَدْ آتَيْنَاكَ سَبْعًا مِّنَ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنَ الْعَظِيمَ(٨٧).

بەڕاستی ئێمە حەوت ئایەتی سوورەتی فاتیحەمان پیٚ داوی کە هەموو ڕۆژیٚ لە نوێژەکاندا دووبارە ئەبنەوە. هەروەها قورئانی پایە بڵندمان پیٚ داوی.

لَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَى مَا مَتَّعْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِّنْهُمْ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِلْمُؤْمِنِينَ(٨٨).

چاوەکانت مەبڕەرە ئەوەی بە هەندیٚ لە کافرەکانمان داوە لە خۆشی‌و لەزەتی دنیاو، هەرگیز خەفەت بۆ ئەو نازو نیعمەتەی ئەوان مەخۆو باڵت ڕاخە بۆ موسوڵمانان.

وَقُلْ إِنِّي أَنَا النَّذِيرُ الْمُبِينُ(٨٩).

بیشڵیٚ من ترسێنەرێکی ئاشکرام لە سزای ڕۆژی قیامەت.

كَمَا أَنْزَلْنَا عَلَى الْمُقْتَسِمِينَ(٩٠).

هەروەکو سزامان ناردە سەر ئەوانەی ڕێگاکانی مەککەیان لە ڕۆژانی حەجدا ئەگرتو نەیانئەهێشت خەڵك بێن موسوڵمان بن.

الَّذِينَ جَعَلُوا الْقُرْآنَ عِضِينَ(٩١).

ئەوانەی ئیمانیان بــە هـەندێ لــە قورئان هەیــە ئەوەی کە موافیقی تەورات بێ‌و، ئیمانیان بە هەندێکی نی‌یە کە موخالیفیەتی.

فَوَرَبِّكَ لَنَسْأَلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ(٩٢).

قەسەم بە خودای خۆت لە ڕۆژی قیامەتدا پرسیار لە هەموویان ئەکەین.

عَمَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ(٩٣).

لەو کردەوانەی لە دنیادا ئەیانکردن.

فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ(٩٤).

دەی ئەوەی ئەمرت پێ ئەکرێ بەئاشکرا بیڵێ با هەموو خەڵك پێی بزانن و، گوێمەدەرە کافرەکان‌و قسەی هیچوپووچیان.

إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ(٩٥).

تۆ ئێمەت بەسین بۆ لەناوبردنی ئەوانەی گاڵتەت پێ‌ئەکەن.

الَّذِينَ يَجْعَلُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ(٩٦).

ئەوانەی لــەگــەڵ خودای بــە حەق پەرستراودا خودا یەکی‌تر بڕیار ئەدەن. ئەوانە لەمەوپاش ئەزانن چییان بەسەر دێ؟!

وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ(٩٧).

ئێمە چاك ئەزانین تۆ دڵت بە قسەی ناڕەوای ئەوان تەنگ ئەبێ.

فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ(٩٨).

تۆ تەسبیح‌و تەعزیمی خودای خۆت بکە لە گەڵ سەناو ستایشیداو، لەوانە بە هەمیشە سوجدە بۆ پەروەردگار ئەبەن.

وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ(٩٩).

تا مردنیشت بۆ دێ، خوای پەروەردگاری خۆت بپەرستە.

سوورەتی (النحل)

مەککەیی‌یە تەنها سێ ئایەتی

دواییی نەبێو (١٢٨) ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

أَتَى أَمْرُ اللَّهِ فَلاَ تَسْتَعْجِلُوهُ سُبْحَانَهُ وتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ(١).

فەرمانی خودا هاتووە بە سزادانی کافرەکان، پەلەی لێ مەکەن. پاکیو بێعەیبی هەر بۆ خودایە. خودا لەوانە بەرزترە کە ئەوان ئەیانکەنە هاوبەشی لە خوایەتیدا.

يُنَزِّلُ الْمَلائِكَةَ بِالرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِ عَلَى مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ أَنْ أَنذِرُوا أَنَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنَا فَاتَّقُونِ(٢).

خودا فریشتە ئەنێرێ بە وەحیەوە بە فەرمانی خۆی بۆ سەر هەرکەسێ کە خواستی لەسەر بێ کەوا خەڵکی بترسێنەو پێیان بڵێ هیچ خودایێ نی‌یە ئیللا من، کەواتە لێم بترسن.

خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ بِالْحَقِّ تَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ(٣).

خودا ئاسمانەکانو ئەرزی دروست کردوە بە حیکمەتو، بەرزە لە پەستیی ئەوانەی کردوویانن بە هاوبەشی.

خَلَقَ الإِنْسَانَ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ(٤).

خودا ئادەمزادی لە تۆوی ئادەمی دروستکردووە کە چەند ناچیزە، کەچێ لەپڕ ئەو دروستکراوە دەبێتە دوژمنێکی ئاشکرای خودا.

وَالأَنْعَامَ خَلَقَهَا لَكُمْ فِيهَا دِفْءٌ وَمَنَافِعُ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ(٥).

خودا ئاژەڵو ڕەشەولاخ ووشتریشی بۆ دروستکردوون کە بەرگو

پۆشاك بۆ گەرمبوونەوەتانو چەندقازانجی جۆراوجۆریتریان تێدایە وەك زاوزێو سواربوون و بارپێبردن ، هەروەها لە شیرو ماست و ڕۆن و لە گۆشتەکەیشیان ئەخۆن.

وَلَكُمْ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسْرَحُونَ(٦).

زینەت وجوانییشیان تێدایە بۆتان کە لە لەوەڕگاوە ئەیانهێننەوە بۆ مالو لە مالەوە دەریانئەکەن بۆ لەوەڕگا.

وَتَحْمِلُ أَثْقَالَكُمْ إِلَى بَلَدٍ لَّمْ تَكُونُواْ بَالِغِيهِ إِلاَّ بِشِقِّ الْأَنفُسِ إِنَّ رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ(٧).

بارتان بۆ هەڵئەگرن بۆ شارێ کە بە زەحمەتیکی زۆر نەبوایە نەیئەگەیشتنێ. بەڕاستی خودای ئیوە میهرەبانو بەڕەحمە.

وَالْخَيْلَ وَالْبِغَالَ وَالْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً وَيَخْلُقُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ(٨).

ئەسپو هێسترو کەریشی بۆ دروستکردوون تا سواریان بن، هەروەها بۆ زینەتو جوانی لە سواربوونا یا لە بەجێهێنانی پێویستییەکانی ژیانداو پاش ئەم چەرخەیش شتی وەها دروست ئەکات ئێوە هەر نایانزانن.

وَعَلَى اللَّهِ قَصْدُ السَّبِيلِ وَمِنْهَا جَائِرٌ وَلَوْ شَاءَ لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ(٩).

لەسەر خودایە بە خواستی خۆی ڕوونکردنەوەی ڕێگای ڕاست کە ئنیسان ئەگەیەنێتە بەختیاری . ڕێگایوایش هەیە ناڕاستەو نالەبار. ئەگەر خودا مەیلیشی لێ بوایە هەمووتانی هیدایەت ئەدا.

هُوَ الَّذِي أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً لَّكُمْ مِّنْهُ شَرَابٌ وَمِنْهُ شَجَرٌ فِيهِ

تُسِيمُونَ(١٠).

خـودا ئـەو خـودایـە ئاوی بارانی لە ئاسمانەوە بۆ نازڵ كردوون كە لێی ئـەخۆنـەوەو، دارو درەختو گژوگیای پێ سەوز ئـەبێو حەیواناتی پێ ئەلەوەڕێنن.

يُنْبِتُ لَكُمْ بِهِ الزَّرْعَ وَالزَّيْتُونَ وَالنَّخِيلَ وَالْأَعْنَابَ وَمِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ(١١).

خودا بەو ئاوە كشتوكاڵو زەیتوونو خورماو ترێو هەموو بەرێكتان بۆ سەوز ئەكـات. بەڕاستی ئـایـەتو نیشانەی دەستەڵاتی خـودا لەم سەوزكردنەدا هەیە بۆ قەومێ كە بیربكەنەوەو عەقڵیان بخەنەكار.

وَسَخَّرَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومُ مُسَخَّرَاتٌ بِأَمْرِهِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ(١٢).

خـودا شەوو ڕۆژو مانگو وخـۆری لـەپێناوی قـازانجی ئێوەدا بۆ ڕامكـردوون. هـەروەهـا ئـەستێرەكانیش بـە ئـەمری خـودا ڕام بـوون. لەهەموو ئەمانەدا چەندین ئایەتو نیشانە هەیە لـەسەر تاكو تەنیاییو دەستەڵاتی خودا بۆ قەومێ كە عەقڵیان بخەنەكار.

وَمَا ذَرَأَ لَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُخْتَلِفًا أَلْوَانُهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ(١٣).

ئـەوەیشی بۆ ڕامكـردوون كە لە زەویدا دروستیكردووە لە هەموو ئـەو شتانـەی سوودیان لێ وەرئەگیرێ لە گژوگیاو كـانو گیانلەبـەری جۆراوجۆر . بـەڕاستی لەم كارانەدا گـەلێ نیشانەی گەورەییو توانایی خودا هەیـە بۆ قەومێ كە بیربكەنەوە.

وَهُوَ الَّذِي سَخَّرَ الْبَحْرَ لِتَأْكُلُواْ مِنْهُ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُواْ مِنْهُ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ مَوَاخِرَ فِيهِ وَلِتَبْتَغُواْ مِنْ فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ(١٤).

خودا ئەو خودایە دەریای بۆ ڕامکردوون گۆشتی تازەی ماسیی لێ بخۆنو، دوڕو گەوهەری لێ دەربێنن کە ئەیکەن بە خشڵو ئەیدەن لە خۆتان . هەروەها چەند کەشتی ئەبینی لە دەریادا هاتوچۆ ئەکەن بۆ بازرگانیو بۆئەوە کە ئێوە بەدوای نیعمەتی خودادا بگەڕێنو سوپاسی میهرەبانیی خودا بکەن.

وَأَلْقَى فِي الأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَأَنْهَارًا وَسُبُلاً لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ(١٥).

هەروەها چەند کێوێکی بەرزو بڵندی لەزەویدا داکوتاوە نەبادا زەوی بجووڵێتەوەو ئێوەیش تووشی زیان ببنو، جۆگاو ڕووبارو ڕێگای بۆ دروستکردوون بەڵکو ڕێگای ڕاستی خوداناسی بگرنەبەر.

وَعَلامَاتٍ وَبِالنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ(١٦).

چەند نیشانەیشی بۆ دروستکردوون تا ڕێگا ون نەکەن . ئەوان بەهۆی ئەستێرەیشەوە ئەتوانن ڕێگا بدۆزنەوە.

أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لاَّ يَخْلُقُ أَفَلا تَذَكَّرُونَ(١٧).

دەی ئاخۆ کەسێ ئەم هەمووە کائیناتە دروست بکات وەکوو یەکێکە نەتوانێ هیچ دروست بکات؟! ئێوە بۆچی بیر ناکەنەوەو هۆشو فامتان ناخەنەکار؟

وَإِن تَعُدُّواْ نِعْمَةَ اللَّهِ لاَ تُحْصُوهَا إِنَّ اللَّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ(١٨).

ئـەگـەر بتانەوێ نیعمەتـەکانی خوا بژمێرن، ئەوەندە زۆرن ناتوانن بەتەواوی بیانژمێرن. خودا بەڕاستی گوناهپۆش‌و میهرەبانە.

وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ(١٩).

خودا ئاگای لەوەیە کـە لـە ناو دڵتاندا ئەیشارنەوەو، ئـەوەیش کە ئاشکرای ئەکەن‌و دەری‌ئەبڕن.

وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لاَ يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ(٢٠).

ئـەو بتانە کە ئەوان هاواریان لێ ئەکەن‌و هاوار ناکەنە خوا، ناتوانن هیچ دروستبکەن، بەڵکو ئەوان خۆیان دروستئەکرێن‌و دەستکردن.

أَمْوَاتٌ غَيْرُ أَحْيَاءٍ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ(٢١).

ئەوانە مردوون، زیندوو نین‌و نازانن کەی زیندوو ئەکرێنەوە.

إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَالَّذِيـــنَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ قُلُوبُهُم مُّنـــكِرَةٌ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ(٢٢).

خودای ئێوە خوداییێکی تاق‌و تەنیایە. ئـەوانـەی ئیمانیان بە ڕۆژی قیامەت نییە، دڵیان ئینکاری خودا ئەکات‌و خۆیان بە گـەورە ئەزانن‌و قسەی حەق وەرناگرن.

لاَ جَرَمَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَـمُ مَا يُسِـرُّونَ وَمَـا يُعْلِنُـونَ إِنَّــــهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْتَكْبِرِينَ(٢٣).

بێگومان خودا ئەزانێ بەوەی ئەیشارنەوەو بەوەی ئاشکرای ئەکەن. خودا ئەوانەی خۆش‌ناوێ کە خۆیان بە گەورە ئەزانن.

وَإِذَا قِيلَ لَهُم مَّاذَا أَنْزَلَ رَبُّكُمْ قَالُواْ أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ(٢٤).

کە بەو کافرانە بوترێ: خودای ئێوە چیی نازل کردووە؟ لە وەڵامدا

ئـەڵێن: حیكایـەتو نووسراوی قـەدیمییەكـانـەو جێی باوەڕ نی‌یەو لای خوداوە نەهاتووە.

لِيَحْمِلُواْ أَوْزَارَهُمْ كَامِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَمِنْ أَوْزَارِ الَّذِينَ يُضِلُّونَهُمْ بِغَيْرِ عِلْمٍ أَلاَ سَاءَ مَا يَزِرُونَ(٢٥).

با ئەو كافرانە تـاوانەكانی خۆیان بـەتـەواوی لـە ڕۆژی قیامەتدا هـەڵگرن لەگەڵ هەنـدێ لـە تاوانی ئـەوانەیش كە گـومڕایـان كـردن بێ‌ئەوەی ئەمانە بزانن كەوا ئەوانە خـۆیـان گـومڕان. خـەڵكینە! بارێكی خراپە ئەو بارەی ئەوان هەڵی‌ئەگرن.

قَدْ مَكَرَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَأَتَى اللَّهُ بُنْيَانَهُم مِّنَ الْقَوَاعِدِ فَخَرَّ عَلَيْهِمُ السَّقْفُ مِن فَوْقِهِمْ وَأَتَاهُمُ الْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لاَ يَشْعُرُونَ(٢٦).

ئەو كافرانەی پێش ئەمان بوون ئازاری پێغەمبەرانیان داو، خودایش لە سزای ئەوەدا خانووەكانیانی بنكەن كـردو بـان لە سەرەوە ڕووخا بـەسەریـانـداو سزای خـودایـان لە لایێكەوە بۆ هات كە هەرگیز بە خەیاڵیاندا نەئەهات ونەیانزانی چۆن لەناوچوون؟

ثُمَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يُخْزِيهِمْ وَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَائِيَ الَّذِينَ كُنتُمْ تُشَاقُّونَ فِيهِمْ قَالَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْعِلْمَ إِنَّ الْخِزْيَ الْيَوْمَ وَالْسُّوءَ عَلَى الْكَافِرِينَ(٢٧).

پـاش سزای دنیا لـە ڕۆژی قیامـەتیشدا خـودا ڕیسوایـان ئـەكاتو سزایان ئەداتو پێیان ئەڵێ: ئـەوە كـوان هـاوبـەشەكـانم، ئەوانەی دەمەدەمتان لەسەر ئەكردن لـەگـەڵ پێغەمبەران كەوا گوایە هاوبەشی خودان؟ لەو كاتەدا خاوەنزانیارییەكان لە پێغەمبەرانو زانایانی دیندار

ئەڵێن : بەڕاستی ئەمڕۆ سەرشۆڕیو بەدحاڵی بۆ کافرەکانە.

الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُمُ الْمَلآئِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ فَأَلْقَوُاْ السَّلَمَ مَا كُنَّا نَعْمَلُ مِن سُوءٍ بَلَى إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(٢٨).

ئەو کافرانەی فریشتە گیانیان ئەکێشن لەحاڵێکدا کە ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردووە. جا کە بەهانەیان نەماو ڕاستییان بە چاوی خۆیان دیو ناچار تەسلیم بوونو ملکەچی بەر قاپیی خودا بوون، وتیان ئێمە هیچ خراپەییێکمان لە دنیادا نەکردووەو ئەوەی کردوومانە بە چاکمان زانیوە.. نەخەیر وا نییە ،خودا ئەزانێ چیتان ئەکرد.

فَادْخُلُواْ أَبْوَابَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا فَلَبِئْسَ مَثْوَى الْمُتَكَبِّرِينَ(٢٩).

دەی سا بڕۆنە ناو دەرگاکانی دۆزەخو هەتاهەتایە تیادا بمێننەوە. بەڕاستی ئەوانەی خۆیان بە گەورە ئەزانیو سەرپێچییان ئەکرد، جێگاییێکی زۆر خراپیان هەیە.

وَقِيلَ لِلَّذِينَ اتَّقَوْاْ مَاذَا أَنزَلَ رَبُّكُمْ قَالُواْ خَيْرًا لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ وَلَدَارُ الآخِرَةِ خَيْرٌ وَلَنِعْمَ دَارُ الْمُتَّقِينَ(٣٠).

هەروەها بەوانەیش وترا کە لەخوداترس بوون: خودا چیی ناردووەتە خوارەوە؟ لە وەڵامدا وتیان:خەیری ناردووەتە خوارەوە.بۆ ئەو کەسانە کە چاکەیان کردوە لەم دنیایەدا پاداشی چاکیان ئەدرێتەوەو، خانووی ڕۆژی قیامەت چاکترە. جێگای ئەوانە زۆر باشە کە لەخواترسن.

جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ لَهُمْ فِيهَا مَا يَشَاؤُونَ كَذَلِكَ يَجْزِي اللَّهُ الْمُتَّقِينَ(٣١).

ئەو خانووانە چەندین بەهەشتن، جیگای دانیشتنی هەمیشەیین،

لەخواترسەكان ئەچنە ناویان. ئەو بەهەشتانە ڕووباری زۆر بەبەریاندا ئەڕوات. لەوێدا چی حەز لیّ بكەن لە بەردەستیاندایە . خودا ئاوەها پاداشی ئەوانە ئەداتەوە كە لە خوا ئەترسن.

الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُمُ الْمَلائِكَةُ طَيِّبِينَ يَقُولُونَ سَلامٌ عَلَيْكُمُ ادْخُلُواْ الْجَنَّةَ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(٣٢).

ئەوانەی فریشتە كە گیانیان ئەكێشن حاڵیان باشەو لەخودا ترسن، فریشتەكان پێیان ئەڵێن سەلامتان لیّ بیّ، ئیتر لەمەوپاش تووشی هیچ ناڕەحەتییەك نایەن. بەهۆی ئەو كردەوە باشانەوە كە لەدنیادا كردووتانن بچنە بەهەشت.

هَلْ يَنظُرُونَ إِلاَّ أَن تَأْتِيَهُمُ الْمَلائِكَةُ أَوْ يَأْتِيَ أَمْرُ رَبِّكَ كَذَلِكَ فَعَلَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَمَا ظَلَمَهُمُ اللَّهُ وَلَكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ(٣٣).

ئەو كافرانەی باسكران، ئایا چاوەڕوانیی لەوە بەولاوە ئەكەن كە مەلائیكە بێنە سەریان، یا فەرمانی خودا نازڵ ببیّ بە سزادانیان؟ كافرەكانیتری پێش ئەوانیش هەر وایان ئەكردو موجادەلەیان لەگەڵ پێغەمبەران ئەكرد. ئەوانە خودا ستەمی لیّ نەكردن بەڵكو خۆیان ستەمیان لە خۆیان كرد.

فَأَصَابَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا عَمِلُواْ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِ يَسْتَهْزِءُونَ(٣٤).

ئەوەبوو پاداشی كردەوە خراپەكانی خۆیانیان تووش هاتو، جەزای ئەو گاڵتەو بیّشەرمییەی بەرامبەر بە پێغەمبەرانیان كرد گەمارۆی دانو تەنگی پیّ هەڵچنین.

وَقَالَ الَّذِينَ أَشْرَكُواْ لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِنْ دُونِهِ مِنْ شَيْءٍ نَحْنُ وَلاَ آبَاؤُنَا وَلاَ حَرَّمْنَا مِنْ دُونِهِ مِنْ شَيْءٍ كَذَلِكَ فَعَلَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَهَلْ عَلَى الرُّسُلِ إِلاَّ الْبَلاغُ الْمُبِينُ(٣٥).

کافرە موشریکەکان وتیان: ئەگەر خودا بیویستایە ئێمە غەیری ئەومان نەئەپەرست، نە ئێمەو نە باوکو باپیرانمانو، بە بێ فەرمانی ئەو هیچ شتێکمان حەرام نەئەکرد. ئەمانەی ئێمە کردوومانن هەمووی لەسەر خواستی خودا بووە. کافرەکانی پێش ئەمانیش هەر وایان ئەوتو وایان ئەکرد. ئایا پێغەمبەران لە ڕاگەیاندنی فەرمانەکانی خودا بەولاوە هیچیان لەسەرە؟

وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللَّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللَّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلالَةُ فَسِيرُواْ فِي الأَرْضِ فَانْظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ(٣٦).

بەڕاستی ئێمە بۆ هەر ئوممەتێ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە کردووەو پێمان وتوون عیبادەتی خودا بکەنو، خۆتان لەوانە بپارێزن کە بانگتان ئەکەن بۆ گومڕاهی، جا هەندێ لەوانە خودا هیدایەتی دانو، هەندێکیشیان گومڕاه بوون. دە بە سەر زەویدا بگەڕێنو وردببنەوە تا بزانن ئەنجامی ئەوانەی پێغەمبەرانیان بە درۆ ئەخستەوە چی بوو و، چییان بە سەردا هات؟

إِنْ تَحْرِصْ عَلَى هُدَاهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ لاَ يَهْدِي مَنْ يُضِلُّ وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ(٣٧).

ئەگەر تۆ زۆر حەز بکەی لە هیدایەتی ئەو کافرانە ئەوە سوودی

نی‌یە، چونکە خودا هیدایەتی ئەوانە نادات کە گومڕای کردوون و ئەوانە هیچ یارمەتیدەرێکیان نی‌یە.

وَأَقْسَمُواْ بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لاَ يَبْعَثُ اللَّهُ مَن يَمُوتُ بَلَى وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ(٣٨).

موشریکەکان پڕبەدڵ سوێندیان بە خودا ئەخوارد کە ئەوەی ئەمرێ خودا زیندووی ناکاتەوە. نەخەیر ئەمە بەڵێنێکەو خودا داویەتی بە زیندووکردنەوەی هەموو مردوویەك بۆ لێپرسینەوەو سەنگوتارزوو کردنی چاکەو خراپەی، بەڵام بەشی زۆری ئادەمزاد ئەمە نازانن.

لِيُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي يَخْتَلِفُونَ فِيهِ وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ كَفَرُواْ أَنَّهُمْ كَانُواْ كَاذِبِينَ(٣٩).

بۆ ئەوەیشیان زیندوو ئەکاتەوە تا ئەو ڕاستییەیان بۆ ڕوون بکاتەوە کە ئیختیلافیان تێدا هەبوو کە ئەوەیە خودا یەکەو زیندووکردنەوەی مردوو ڕاستە. هەروەها بۆئەوەی کافرەکان چاك بزانن خۆیان درۆزن بوون.

إِنَّمَا قَوْلُنَا لِشَيْءٍ إِذَا أَرَدْنَاهُ أَن نَّقُولَ لَهُ كُن فَيَكُونُ(٤٠).

ئێمە کە بمانەوێ شتێ لە نەبوونەوە دروست بکەین تەنها ئەوندەیە پێی ئەڵێین ببەو ئیتر ئەبێ، واتە تەئسیری ئێمە بۆ دروست کردنی نەبوو ماددەو زەمانی ناوێ. ئەوەی کە ئیستە ئەیبینن بە مۆڵەت شتەکان پێ‌ئەگەیێنین، هەر لەبەر چاودێریی عادەتە.

وَالَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي اللَّهِ مِن بَعْدِ مَا ظُلِمُواْ لَنُبَوِّئَنَّهُمْ فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَلأَجْرُ الآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ(٤١).

ئەو کەسانەی لەپێناوی ڕەزامەندیی خوداو ئاییني ئیسلامدا کۆچیان کردو جێو شوێنی خۆیانیان بەجێهێشت پاش ئەوەی ستەمیان لیٚ کرا، ئەوانە لەم دنیایەدا لە شوێنی جواندا جێگیریان ئەکەین. پاداشی پاشەڕۆژیش گەورەترە ئەگەر کافرەکان بیانزانیایە.

الَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ(٤٢).

ئەم ئەجرو پاداشە باشە بۆ ئەو موسوڵمانانەیە کە خۆگرن‌و پشت بە خودای خۆیان ئەبەستن.

وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ إِلاَّ رِجَالاً نُّوحِي إِلَيْهِمْ فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ(٤٣).

ئەوانەیش کە پێشی تۆ ناردوومانن بە پێغەمبەری تەنها چەند پیاوێکی ناسراو بوون وەحیمان بۆ ئەکردن، واتە: پێغەمبەران هەموویان بنیادەمن‌و فریشتە نین. دە ئەگەر خۆتان ئەمە نازانن لە ئەهلی قورئان بپرسن تا حاڵیتان بکەن‌و تیتان‌بگەیێنن.

بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ(٤٤).

ئەگەر ئاگاتان لە ئایەتە ئاشکراکانی ئێمە نییەو لەو کتێبانە بێخەبەرن کە بۆ پێغەمبەرانی پێشوو نێرراون. ئێمە بۆیە قورئانمان بۆ نازڵ کردووی تا ئەوەیان بۆ ڕوون بکەیتەوە کە بۆ تەمیٚکردنی ئەوان نێرراوە بەڵکو بیربکەنەوەو بگەنە ڕاستی.

أَفَأَمِنَ الَّذِينَ مَكَرُواْ السَّيِّئَاتِ أَنْ يَخْسِفَ اللَّهُ بِهِمُ الْأَرْضَ أَوْ يَأْتِيَهُمُ الْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لاَ يَشْعُرُونَ(٤٥).

ئایا ئەوانەی فێڵی خراپیان کردو ویستیان پێغەمبەر لەناویەرن، ناترسن لەوەی خودا بیانباتە خوارەوە بە ئەرزا وەك قاروونی بردە خوارەوە بە ئەرزا، یا لە لاییکەوە سزایان بۆ بێ کە هەستی پێ نەکەن و ترسیان لێی نەبووبێ؟

أَوْ يَأْخُذَهُمْ فِي تَقَلُّبِهِمْ فَمَا هُمْ بِمُعْجِزِينَ(٤٦).

یا لە کاتی هەڵسووڕانیاندا بۆ کاروباری ڕێگەوبانو بازرگانییان بیانگرێو بیانفەوتێنێ. ئەو کافرانە هەرگیز ناتوانن ڕێگا لە خودا بگرن.

أَوْ يَأْخُذَهُمْ عَلَى تَخَوُّفٍ فَإِنَّ رَبَّكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ(٤٧).

یا لەکاتیکدا بیانگرێ کە بترسن تووشی سزا بن وەك کافرەکانی پێش خۆیان؟ بەڕاستی خودا بەڕەحمو میهرەبانە.

أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَى مَا خَلَقَ اللَّهُ مِنْ شَيْءٍ يَتَفَيَّأُ ظِلَالُهُ عَنِ الْيَمِينِ وَالشَّمَائِلِ سُجَّدًا لِلَّهِ وَهُمْ دَاخِرُونَ(٤٨).

ئایا نابینن و ناڕوانن بۆ ئەو شتانەی خودا دروستی کردوون، لە هەر جۆرێ بن، کە سێبەرەکانیان لە لای ڕاستەوەو لە لای چەپەوە ئەگەڕێنەوە . ئەو سێبەرانە فەرمانبەرداری خودان چونکە سێبەر هیی خاوەن سێبەرەو، خاوەن سێبەر لە بەر خۆردایەو، خۆریش ڕامە بۆ خودای خۆیەو، هەموو ئەمانە لە بەر فەرمانی خودادا ملکەچن.

وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مِنْ دَابَّةٍ وَالْمَلَائِكَةُ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ(٤٩).

هەرچی لە ئاسمانەکانو لە زەویدا هەیە لەوانەی جموجووڵ ئەکەن لە ئینسانو غەیری ئینسانو لە فریشتە هەموو سوجدە بۆ خودا

ئەبــەن و خۆیان بەرامبەر دەستەڵاتی خـودا بـە گەورە نازانن و هەموو ملکەچی ئەمرو ئیرادەی ئەون.

يَخَافُونَ رَبَّهُمْ مِنْ فَوْقِهِمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ(٥٠).

لە خودای خـۆیان ئـەترسن کـە زاڵـە بە سەریانداو، ئەوەی ئەمریان پیٚ ئەکریٚ جیٚبەجیٚی ئەکەن.

وَقَــالَ اللَّهُ لاَ تَتَّخِــذُواْ إِلَهَيْنِ اثْنَيْــنِ إِنَّمَــا هُــوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَإِيَّايَ فَارْهَبُونِ(٥١).

خودای گەورە فــەرمــووی: دوو خــودا بۆ خۆتان بڕیار مەدەن، هەر تەنها یەك خودا هەیە، دەی تەنها لە من بترسن.

وَلَــهُ مَا فِي السَّمَــاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَهُ الدِّينُ وَاصِبًــا أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَتَّقُونَ(٥٢).

هــەرچی لــە ئاسمانــەکــانو لــە زەویدا هەیە هەمووی هی خودایەو طاعەتکردن هـەر بـۆ ئــەوە بــە واجبیو بە هەمیشەیی. ئایا ئێوە لە غەیری خودا ئەترسن؟!

وَمَــا بِكُم مِّــن نِّعْمَــةٍ فَمِــنَ اللَّهِ ثُــمَّ إِذَا مَسَّكُــمُ الضُّرُّ فَإِلَيْــهِ تَجْئَرُونَ(٥٣).

هەر نیعمەتێکتان ببیٚو پیٚتانەوە بیٚ هــەمووی لــە خوداوەیە، ئەو پیٚیداون. ئەگەر پاشانیش تووشی ناڕەحەتی بوون، هاوارو هـانا هەر بۆ لای ئەو ئەبەنو لەو ئەپاڕێنەوە.

ثُمَّ إِذَا كَشَفَ الضُّرَّ عَنْكُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْكُمْ بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ(٥٤).

کەچی لەپاش ئەو هەمووە نیشانەی دەستەڵاتی خـودایــە کــە بۆ

خاوەن عەقڵ دەرئەکەوێ، ئەگەر لە ناخۆشییەکە ڕزگاری کردن و لێی لادان تاقمێکتان هاوبەشی بۆ بڕیار ئەدەن!

لِيَكْفُرُواْ بِمَا آتَيْنَاهُمْ فَتَمَتَّعُواْ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ(٥٥).

بۆئەوەی کوفرانی ئەونیعمەتە بکەن کە پێمان داون و لە نارەحەتی ڕزگارمان کردوون. دەی لەم دنیادا بە ئارەزووی خۆتان ڕابوێرن، جا لەپاشاندا تێئەگەن ئەنجامی کارتان چی یەو چۆن ئەبێ؟

وَيَجْعَلُونَ لِمَا لاَ يَعْلَمُونَ نَصِيبًا مِّمَّا رَزَقْنَاهُمْ تَاللَّهِ لَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنْتُمْ تَفْتَرُونَ(٥٦).

ئەو کافرانە بەشێ لەو حەیواناتەی کردوومانن بە ڕۆزی بۆیان، بڕیار ئەدەن بۆئەو بتانە کە نازانن چین و چ کارەن؟ واتە خوا ڕۆزییان پێ ئەدا، کەچی ئەوان بەشێ لەو ڕۆزییە ئەکەنە قوربانی بۆ بتەکان. قەسەم بەخودا بەرابەر بەو درۆیانەی لە دنیادا ئەتانکردن لە ڕۆژی قیامەتدا پرسیارتان لێ ئەکرێ.

وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ الْبَنَاتِ سُبْحَانَهُ وَلَهُم مَّا يَشْتَهُونَ(٥٧).

کچ بۆخودا بڕیار ئەدەن و ئەڵێن فریشتەکان کچی خودان. خودا پاکە لەو درۆیەی بۆی هەڵئەبەستن. بەڵام بۆ خۆیان بە ئارەزوی خۆیان چییان حەز لێ بێ ــ کە مەبەست کوڕە ــ ئەوە بڕیار ئەدەن.

وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالأُنْثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ(٥٨).

ئەگەر یەکێ لەو کافرانە مژدەی کچی بدرێتێ کە بوویەتی لە نارەحەتیدا دەموچاوی ڕەش دائەگیرسێ و دڵی پڕئەبێ لە ڕق و قین و ناسوپاسی.

يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِنْ سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلاَ سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ(٥٩).

له خراپیی ئەوەی مـژدەی بـوونی پـێ دراوه خـۆی لـه قەومەکەی ئـەشارێتەوە، نـازانـێ چیبکـا؟ بـه سـەرشۆڕییەوە بیهێڵێتەوە یـا خۆ زیندەبەچاڵی بکاتو لەژێر خاکا بیشارێتەوە؟ ئەمه حوکمێکی ناڕەوایە ئەمانه ئەیدەن، بۆ خۆیان به کچ ڕازی نابن و ئەگەر کچیان ببێ زینده بەچاڵی ئەکەن ، کەچی ئەڵێن خودا کچی هەیە.

لِلَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِـرَةِ مَثَلُ السَّوْءِ وَلِلَّهِ الْمَثَلُ الأَعْلَى وَهُـوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ(٦٠).

ئەوانەی باوەڕیان به ڕۆژی دوایی نـیـیـه صیفەتی ناشیرینیان هەیه که ئەوەیه پێویستیان بـه ئـەولاد هـەیـەو کوڕیان ئەهێڵنەوەو کچیان زیندەبـەچاڵ ئـەکەن . خـودایش بەرزترین صیفەتی هەیه که (واجب الـوجود)ەو موحتاجی هیچ شتێ نیـیـه. خـودا خـاوەن دەستەڵاتـەو کارەکانی پرحیکمەتن.

وَلَـوْ يُؤَاخِذُ اللَّهُ النَّاسَ بِظُلْمِهِم مَّـا تَرَكَ عَلَيْهَا مِـنْ دَابَّةٍ وَلَكِنْ يُؤَخِّرُهُمْ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لاَ يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلاَ يَسْتَقْدِمُونَ(٦١).

خـودا ئـەگـەر بـەرەی ئـادەمزادی بەهۆی ستەمیانـەوە بگرتایە جووڵەکەری بەسەر ڕووی زەوییەوە نـەئـەهێشت، بـەڵام بـۆ کـاتێکی دیارییان دوا ئەخات. که ئاکامیان هـات ئیتر نه سەعاتێ پێش ئەکەونو نه سەعاتێ دوائەکەون.

وَيَجْعَلُونَ لِلَّهِ مَا يَكْرَهُونَ وَتَصِفُ أَلْسِنَتُهُمُ الْكَذِبَ أَنَّ لَهُمُ الْحُسْنَى لاَ جَرَمَ أَنَّ لَهُمُ النَّارَ وَأَنَّهُمْ مُفْرَطُونَ(٦٢).

ئەوی بۆ خۆیان پێی ڕازی نابن بڕیاری ئەدەن بۆ خوداو بە زوبان درۆ ئەکەن کە ئەڵێن خودا فریشتەی کردووە بە کچی خۆیو هەروەها کە ئەڵێن پاداشی باشیان لای خودا هەیە. بێگومان ئەنجامی ئەوان ئاگری دۆزەخەو بەزۆر ئاگر بە قوڕگیاندا ئەکرێ.

تَاللَّهِ لَقَدْ أَرْسَلْنَا إِلَى أُمَمٍ مِّنْ قَبْلِكَ فَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ الْيَوْمَ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ(٦٣).

قەسەم بەخودا ئێمە پێش ناردنی تۆ پێغەمبەرانمان ناردووە بۆ لای چەندین ئوممەت. جا شەیتان کردەوە ناشیرینەکانی ئەو ئوممەتانەی لە بەرچاویان جوان کردو ئەوانیش دەستیانکرد بە موجادەلە لەگەڵ پێغەمبەرانو دەستیان دایە کردەوەی بەدو نالەبار، کەواتە ئەوانە ئەمرۆ شەیتان دۆستیانەو عەزابێکی سەخت ئەدرێن.

وَمَا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ إِلاَّ لِتُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُواْ فِيهِ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ(٦٤).

ئێمە قورئانمان نازڵ نەکردووە بۆ لای تۆ بۆ ئەوە نەبێ تۆ ئەو شتانە بەیان بکەی بۆ کافرەکان کە ئیختیلافیان تێدا هەیە، واتە: بۆئەوەی بیانهێنیتە سەر ڕێگای ڕاستو، کردوومانە بە هیدایەتو هۆی میهرەبانی بۆقەومێ کە باوەڕی پێ بکەنو ئیمانی پێ بهێنن.

وَاللَّهُ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَحْيَا بِهِ الأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ(٦٥).

خـــودا لـــە ئاسمانەوە ئـــاوی نـــازڵ کـــردووەو ئـــەرزی پـێ زینـــدوو کردووەتەوە پاش ئـــەوەی کـە مردوو بووە، واتـە وشکو بێتین بووەو گیای لێ نەڕواوە. لـــەم کردەوانەدا نیشانەی دەستەڵاتو تـــوانی خودا هەیە بـــۆ قەومێ کـــە ببیسنو گوێی خۆیان لـــە بیستنی قسەی ڕاست کەڕ نەکەن.

وَإِنَّ لَكُمْ فِي الْأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهِ مِن بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَّبَنًا خَالِصًا سَائِغًا لِّلشَّارِبِينَ(٦٦).

بەڕاستی لە حەیواناتدا پەندو چاوڕووناکی هەیە بۆ ئێوە. ئەوەتا ئێمە لەوەی کە لە سکی ئەو جینسە دەرئەچێ لـــەمابەینی پیسیو خوێندا شیرێکی ساف گەواراتان دەرخوارد ئەدەین بۆ ئەوانەی شیر ئەخۆنەوە.

وَمِن ثَمَرَاتِ النَّخِيلِ وَالْأَعْنَابِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ(٦٧).

لـــە بـــەرهەمی دارخورماو ترێیش شەرابی وەهـــا دروست ئەکەن کە ئینسان مەست ئەکات لەگەڵ ڕۆزیی جوان وەکو مێوژو باسووقو هەموو جۆرێکی خورماو دۆشاوو غەیری ئەمـــانە. بـــەڕاستی لەمانەدا نیشانەی توانایی‌و دەستەڵاتی خودا هەیە بۆ ئەوانەی کە عەقڵیان هەیە.

وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ أَنِ اتَّخِذِي مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ(٦٨).

خـــودا خستیە دڵی هەنگـــەوە کـــە ماڵی خـــۆتـــان دروست بکەن لە شاخەکانداو لە قورۆڵی دارداو لە هەرشوینێ کـە خەڵك بەرزی ئەکەنەوە وەك دارمێوو بن میچ.

ثُمَّ كُلِي مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ فَاسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلاً يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِّلنَّاسِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ(٦٩).

جا لە شیرەی هەموو بەرێ بخۆنو ئەو ڕێگایە بگرنەبەر کە خودا بۆی ئاسان کردوون. لە سکی ئەو هەنگانە شەرابێکی ڕەنگاوڕەنگ، زەردو سپیو ڕەش ،دەرئەچیێ لە خواردنەوەیدا شیفا هەیە بۆ خەڵك. بێگومان لە هەنگو جۆری ژیانیو دروستکردنی هەنگوینو نێرو مێیاندا نیشانەی دەستەڵاتو توانی خودا هەیە بۆ قەومێ کە بیر بکەنەوەو عەقڵیان بخەنەکار.

وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ ثُمَّ يَتَوَفَّاكُمْ وَمِنْكُم مَّنْ يُرَدُّ إِلَى أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْ لا يَعْلَمَ بَعْدَ عِلْمٍ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ قَدِيرٌ(٧٠).

خودا ئێوەی دروستکردووەو پاشان ئەتانمرێنێ. هیی وایشتان هەیە ئەگەڕێتەوە بۆ بێکارەترین تەمەن کە پیریو لێکەوتنی تەواوە تا وای لێ دێت لەپاش زانایی هیچ نازانیێو وەك منداڵی ساوا شتی لەبیر ئەچێتەوەو لە هیچ تێناگات. بەڕاستی خودا زاناو توانایە.

وَاللَّهُ فَضَّلَ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ فِي الرِّزْقِ فَمَا الَّذِينَ فُضِّلُوا بِرَادِّي رِزْقِهِمْ عَلَى مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَهُمْ فِيهِ سَوَاءٌ أَفَبِنِعْمَةِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ(٧١).

خودا هەندێکتانی هەڵاوێردووە بەسەر هەندێکتاندا. هیی واتان هەیە دەوڵەمەندەو هیی وایشتان هەیە هەژارە. هیی واتان هەیە خاوەن بەندەیەو هیی وا هەیە بۆخۆی بەندەو زەڕخڕیدەیە. ئەوانەتان کە

زیادەیان بەسەر ئەوانیترتاندا هەیە لەوزیادەیە نادەن بە بەندەکانیان تا وەك یەك بن. جا کە ئێوە خۆتانو بەندەکانتان وەك یەك نازانن، ئەی چۆن خوداو بتەکان وەك یەك ئەزانن؟ ئەوە بۆچی ئینکاری نیعمەتی خودا ئەکەنو ئەڵێن لە خوداوە نىیەو لە بتەکانەوەیە؟

وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ أَزْوَاجِكُمْ بَنِينَ وَحَفَدَةً وَرَزَقَكُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ أَفَبِالْبَاطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَةِ اللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ(٧٢).

خودای گەورە هەر لە نەوعی خۆتان هاوجووتو هاوسەری پێداونو، لەوهاوسەرانە کورو کوڕەزای پێداون. هەروەها خواردەمەنیی پاكو پوختەی کردووە بە ڕوزیتان. ئایا ئێوە بە شتی بەتاڵ باوەڕ ئەکەن کە گوایا بتەکان قازانجتان پێ ئەگەیێنن، کەچی ئینکاری نیعمەتی خودا ئەکەنو ئەڵێن ئەو پێی نەداوینو بتەکان پێیان داوین؟

وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَمْلِكُ لَهُمْ رِزْقًا مِّنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ شَيْئًا وَلَا يَسْتَطِيعُونَ(٧٣).

کافرەکان شتی وا ئەپەرستن غەیری خودا کە نە لە ئاسمانەکانو نە لە زەویدا خاوەنی هیچ جۆرە ڕزقێك نىیە بۆ ئەوانو توانی هیچی نىیە بۆیان!

فَلَا تَضْرِبُوا لِلَّهِ الْأَمْثَالَ إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ(٧٤).

هاوێنەو هاوبەش بۆ خودا دامەنێن، خودا بە خراپیی کردەوەتان ئەزانێو ئێوە پێی نازانن، ئەگەر بتانزانیایە نەتان ئەکرد.

ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا عَبْدًا مَّمْلُوكًا لَّا يَقْدِرُ عَلَىٰ شَيْءٍ وَمَن رَّزَقْنَاهُ مِنَّا

رِزْقًا حَسَنًا فَهُوَ يُنفِقُ مِنْهُ سِرًّا وَجَهْرًا هَلْ يَسْتَوُونَ الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ(٧٥).

خودا نموونه‌یێکی هێناوه‌ته‌وه: به‌نده‌یێکی موڵك که توانی هیچی نه‌بێ، یه‌کێکیش که ڕزقێکی باشمان پێدابێ، به‌ئاشکراو به‌نهێنی له ڕێگای خودادا له‌و ڕزقه سه‌رف بکات. ئایا ئه‌م دوو که‌سه وه‌کو یه‌کن؟ حاشا وه‌که‌للا. سوپاس و ستایش هه‌ر بۆ خودایه. به‌ڵام زۆرتری کافره‌کان نه‌زانن و نیعمه‌تی خودا به هیی غه‌یری خودا ئه‌زانن که بته‌کانن و به‌رانبه‌ر به‌و نیعمه‌ته که هیی ئه‌وان نه‌بوه، ئه‌یانپه‌رستن.

وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً رَّجُلَيْنِ أَحَدُهُمَا أَبْكَمُ لاَ يَقْدِرُ عَلَى شَيْءٍ وَهُوَ كَلٌّ عَلَى مَوْلاَهُ أَيْنَمَا يُوَجِّههُّ لاَ يَأْتِ بِخَيْرٍ هَلْ يَسْتَوِي هُوَ وَمَن يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَهُوَ عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ(٧٦).

هه‌روه‌ها خودای گه‌وره نموونه‌ی هێناوه‌ته‌وه به دوو پیاو یه‌کێکیان لاڵۆ بێزوبانه‌و توانی هیچی نی‌یه‌و ناتوانێ هیچ بڵێ‌و هیچ بکات‌و باره به‌سه‌ر شانی ئاغاکه‌یه‌وه‌و بۆ هه‌ر شوێنێکی ئه‌نێرێ چاکه‌یه‌کی بۆ ناهێنێته‌وه. ئایا ئه‌م پیاوه یه‌کسانه له‌گه‌ڵ که‌سێك که هوشیارو زاناو توانا بێ‌و ئه‌مر بکات به چاکه‌و له‌سه‌ر ڕێگای ڕاست بێ؟

وَلِلَّهِ غَيْبُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا أَمْرُ السَّاعَةِ إِلاَّ كَلَمْحِ الْبَصَرِ أَوْ هُوَ أَقْرَبُ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ(٧٧).

هه‌رچی په‌نامه‌کییه‌کانی ئاسمانه‌کان و زه‌وی هه‌یه لای خودایه‌و پێی ئه‌زانێ‌و ڕوودانی ڕۆژی قیامه‌ت لای خودا وه‌ك چاو به‌یه‌کادانێکه یا له‌وه‌یش که‌متره. به‌ڕاستی خودا توانایه‌و ده‌سته‌ڵاتی به‌سه‌ر هه‌موو

شتێکدا هەیە .

وَاللَّهُ أَخْرَجَكُم مِّنْ بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لاَ تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ(٧٨).

خودای گەورە ئێوەی لە سکی دایکتان دەرکردوە لە حاڵێکدا کە هیچتان نەئەزانی . هەروەها هێزی بیستن و بینین و دڵی بۆ دروست کردوون بەڵکو شوکرانەبژێریی خودا بکەن .

أَلَمْ يَرَوْاْ إِلَى الطَّيْرِ مُسَخَّرَاتٍ فِي جَوِّ السَّمَاءِ مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلاَّ اللَّهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ(٧٩).

ئایا سەیری پەلەوەر ناکەن لە بۆشاییی ئاسماندا ڕام کراون و کەس بەئاسمانەوە ڕاگیریان ناکات خودا نەبێ . لەم کارو دەستەڵاتەدا زۆر نیشانەی گەورەیی و توانایی خودا هەیە بۆ قەومێ کە باوەڕیان بە خودا هەبێ .

وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ بُيُوتِكُمْ سَكَنًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ جُلُودِ الْأَنْعَامِ بُيُوتًا تَسْتَخِفُّونَهَا يَوْمَ ظَعْنِكُمْ وَيَوْمَ إِقَامَتِكُمْ وَمِنْ أَصْوَافِهَا وَأَوْبَارِهَا وَأَشْعَارِهَا أَثَاثًا وَمَتَاعًا إِلَى حِينٍ(٨٠).

خودای گەورە لە خانووە عادەتییەکانی خۆتاندا جێگەی ئارامی پێداون و لە پێست و خوری و مووی ڕەشەولاخ و ئاژەڵیش وەکوو گاو وشترو مەڕو بزن ، نشیمەنی وەهای پێداون کە وەك دەوار (ڕەشماڵ) لە ڕۆژی کۆچ کردن و لە ڕۆژی نیشتەجێ بوونتانا سووك و ئاسان هەڵیان ئەگرن . هەروەها لە خوریی مەڕو کورکی وشترو مووی بزنیش ڕایەخ و ئەسبابی ئارامی و ڕابواردنی تا ماوەیەکی دیاریی پێ داون .

وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّمَّا خَلَقَ ظِلَالاً وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ الْجِبَالِ أَكْنَانًا وَجَعَلَ لَكُمْ سَرَابِيلَ تَقِيكُمُ الْحَرَّ وَسَرَابِيلَ تَقِيكُمْ بَأْسَكُمْ كَذَلِكَ يُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْلِمُونَ(٨١).

خودای گەورە لەو شتانەی دروستیکردوون وەك كێوو دارو درەخت و خانوو، سێبەری بۆ كردوون ، لە شاخەكانیش جێگای حەسانەوەی بۆ دروست كردوون وەك ئەشكەوت و خانووی لە بەرد تاشراو. هەروەها جلوبەرگی وەهای بۆ دروست كردوون كە بتانپارێزێ لە گەرماو بەرگی زرێیینی بۆ دروست كردوون كە بتانپارێزێ لە شیرو تیری بنیادەمی وەك خۆتان. ئا بەم جۆرە خودا نیعمەتی خۆی بۆ ئێوە تەواو ئەكا، بەڵكو فەرمان بەرداری ئەو بن.

فَإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ الْمُبِينُ(٨٢).

جا ئەگەر ئەو كافرانە پشتیان لە باوەڕكردن هەڵكردو بە گوێیان نەكردی، ئەوا تۆ هەر گەیاندنی فەرمانی خودات لەسەرە كە بەشێوەییەكی ئاشكراو ڕووناك ، بیگەیەنی بە خەڵكەكە .

يَعْرِفُونَ نِعْمَةَ اللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا وَأَكْثَرُهُمُ الْكَافِرُونَ(٨٣).

هەموویان بە نیعمەتەكانی خودا ئەزانن و لەگەڵ ئەوەیش ئینكاریان ئەكەن و، بەشی زۆری ئەوانە، كە فام كردووەكانیانن ، كافرن .

وَيَوْمَ نَبْعَثُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا ثُمَّ لاَ يُؤْذَنُ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ وَلاَ هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ(٨٤).

یادی ئەو ڕۆژە بكە كە لە هەموو ئوممەتێكدا شاهیدێ لەسەر كردەوەیان حازر ئەكەین كە پێغەمبەرەكانیانن . پاشان، ئێتر ئیزنی

عوزر هێنانەوە نادرێ بەو کافرانەو ڕەزامەندیی خودایان دەست ناکەوێ، یا ماوەی ئەوەیان نادرێتێ کە داوای ڕەزامەندی لە خودا بکەن .

وَإِذَا رَأَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ الْعَذَابَ فَلاَ يُخَفَّفُ عَنْهُمْ وَلاَ هُمْ يُنظَرُونَ(٨٥).

کە ستەمکارەکان سزای ڕۆژی قیامەت ئەبینن، بە هیچ جۆرێ سزایان سووك ناکرێو مۆڵەت نادرێن .

وَإِذَا رَأَى الَّذِينَ أَشْرَكُواْ شُرَكَاءَهُمْ قَالُواْ رَبَّنَا هَؤُلاَءِ شُرَكَاؤُنَا الَّذِينَ كُنَّا نَدْعُواْ مِن دُونِكَ فَأَلْقَوْاْ إِلَيْهِمُ الْقَوْلَ إِنَّكُمْ لَكَاذِبُونَ(٨٦).

لە ڕۆژی قیامەتدا کە موشریکەکان ئەو بتانە ئەبینن کە کردبونیان بە هاوبەشی خودا، ئەڵێن : خودایا ئەوانەن هاوبەشەکانمان کە داوای خێرو خۆشیمان لێ ئەکردن . خودایش بتەکان ئەهێنێتە قسەو بە کافرەکان ئەڵێن : ئێوە لە خۆتانەوە ئێمەتان کردبوو بە هاوبەشی خوداو ئێمە پێمان نەوتبوون .ئێوە بەڕاستی درۆزنن .

وَأَلْقَوْاْ إِلَى اللَّهِ يَوْمَئِذٍ السَّلَمَ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ(٨٧).

لەو ڕۆژەدا کافرەکان مل کەچ ئەکەن بۆ خوداو ئەو هەموو درۆو بۆختانانەی لە دنیادا کردبوویانن مایەپووچ دەرئەچن و بە کەڵکیان نایەن چونکە بتێ نییە بتوانێ لەو ڕۆژەدا تکای بەخشینیان بۆ بکا لای خوا .

الَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ اللَّهِ زِدْنَاهُمْ عَذَابًا فَوْقَ الْعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يُفْسِدُونَ(٨٨).

ئەوانە کە خۆیان کافر بوون و مەنعی خەڵکیشیان ئەکرد لە ئیمان

هێنان ، زیاد لـه سزای کـوفـره‌کـه‌ی خۆیان ، به‌رامبه‌ر مه‌نعه‌که‌یش سزایان ئه‌ده‌ین چونکه کـرداریان بـه‌د بوو نه‌یان ئه‌هێشت خه‌ڵك ڕێگای ڕاست بگرنه‌به‌ر .

وَيَوْمَ نَبْعَثُ فِي كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا عَلَيْهِم مِّنْ أَنفُسِهِمْ وَجِئْنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَى هَؤُلاءِ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ(٨٩).

یادی ئه‌و ڕۆژه بکه که له هه‌ر ئوممه‌تێك شاهیدێ ڕه‌وانه ئه‌که‌ین له‌سه‌ر کرده‌وه‌یان ، که پێغه‌مبه‌ره‌که‌یانه، هه‌روه‌ها تۆیش ئه‌که‌ینه شاهید له‌سه‌ر کرده‌وه‌ی ئه‌مانه کـه ئوممه‌ته‌که‌تن . قورئانمان نازڵ کردووه‌تـه سه‌رت بۆ بـه‌یان کـردنی هــه‌موو کـاروبارێکی ئایینیتان و، پیشانـده‌رو هـۆی ڕه‌حمه‌تـه بۆ هه‌موان و مژده ده‌ره به موسوڵمانه‌کان به‌تایبه‌تی .

إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ(٩٠).

بـه‌ڕاستی خودا ئه‌مرتان پـێ ئه‌کات به میانه‌ڕه‌وی وه‌ك خودا به‌یه‌ك زانین و بــه‌خشنده‌یی و داد پـه‌روه‌ری و خــودا پــه‌رستی‌و ، ئــه‌مرتــان پێ‌ئه‌کات بــه چاکه کردن به جۆرێ که وا بزانن خودا له به‌رچاوتانه‌و ئه‌تانبینێ‌و ، ئه‌مرتان پێ ئه‌کات به جێ‌به‌جێ‌کردنی ئیحتیاجیی خزم و خوێش . هه‌روه‌ها نه‌هیتان لێ ئه‌کات له کرده‌وه‌ی خراپی وه‌کو داوێن پیسی‌و، لــه‌و کارانه‌ی کـه نـاڕه‌واو ناشیرینن و، له ده‌ست درێژی کردنه سه‌ر خه‌ڵك و زۆرداری . خودا ئامۆژگاریتان ئه‌کات به‌ڵکو بیر بکه‌نه‌وه‌و په‌ند وه‌ربگرن .

وَأَوْفُواْ بِعَهْدِ اللَّهِ إِذَا عَاهَدتُّمْ وَلاَ تَنقُضُواْ الأَيْمَانَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا وَقَدْ جَعَلْتُمُ اللَّهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلاً إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ(٩١).

کە بەیعەتتان کرد بە پێغەمبەر وەفای پێبکەن و ئەو بەیعەتە هەڵمەوەشێننەوە پاش ئەوەی کە توند بەستبووتان و خوداتان کردبووە کەفیل لەسەر ڕاگرتنی ئەو پەیمانە. خودا بە کردەوەتان ئەزانێ.

وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّتِي نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِن بَعْدِ قُوَّةٍ أَنكَاثًا تَتَّخِذُونَ أَيْمَانَكُمْ دَخَلاً بَيْنَكُمْ أَن تَكُونَ أُمَّةٌ هِيَ أَرْبَى مِنْ أُمَّةٍ إِنَّمَا يَبْلُوكُمُ اللَّهُ بِهِ وَلَيُبَيِّنَنَّ لَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ(٩٢).

خۆتان مەکەن بەو ژنە کە لە بەیانییەوە تا ئێوارە ڕێسمانی ئەڕست و بای ئەداو پاش ئەوە کە هێزی ئەگرت و بای ئەخوارد ئەچوو تاڵ تاڵ خاوی ئەکردەوە . ئەو سوێندو پەیمانانە مەکەنە هۆی خیانەت لەناو خۆتاندا بۆئەوەی کۆمەڵێ لە کۆمەڵێکیتر زیاترو بەهێزتر بێو بەسەریا سەرکەوێ . خودا بەو پەیمانانە تاقیتان ئەکاتەوە تا بۆ خەڵك دەربکەوێ کێ ڕایئەگرێو کێ ڕای ناگرێ . بێگومان خودا لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو شتانەتان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە لە دنیادا تیا ناکۆك بوون و یەکتان نەئەگرتەوە .

وَلَوْ شَاء اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِن يُضِلُّ مَن يَشَاء وَيَهْدِي مَن يَشَاء وَلَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(٩٣).

ئەگەر خودا مەیلی ببوایە ئەیکردن بە یەك ئوممەت و هەموو موسوڵمان ئەبوون، بەڵام خودا هەرکەسی مەیل لێ بێ گومڕای ئەکات و هەرکەسی مەیل لێ بێ هیدایەتی ئەدا . بێگومان ئێوەیش پرسیارتان

لیٚ ئەکریٚ لەو کردەوانەی کردووتانن .

وَلا تَتَّخِذُوا أَيْمَانَكُمْ دَخَلاً بَيْنَكُمْ فَتَزِلَّ قَدَمٌ بَعْدَ ثُبُوتِهَا وَتَذُوقُوا السُّوءَ بِمَا صَدَدتُّمْ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَلَكُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ (٩٤).

پەیمانەکانتان مەکەنە هۆی خیانەت کردن لەناو خۆتاندا تا پێتان هەڵخلیسکیٚ پاش دامەزران و جیٚگرتنیو، بەهۆی ئەوەوە کە خەڵك مەنع بکەن لە ڕیٚگەی خودا پاداشی خراپ بچیٚژن و سزاییٚکی گەورە بدریٚن .

وَلا تَشْتَرُوا بِعَهْدِ اللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلاً إِنَّمَا عِنْدَ اللَّهِ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (٩٥).

ئەو پەیمانەی لەگەڵ خودا ئەیکەن و ئەو بەیعەتەی کە بە پیٚغەمبەری خودای ئەکەن، مەیگۆڕنەوە بە نرخیٚکی سووکی چرووك . بیٚگومان ئەو پاداشەی لای خودایە بۆ ئیٚوە چاکترە ئەگەر پیٚی بزانن.

مَا عِنْدَكُمْ يَنفَدُ وَمَا عِنْدَ اللَّهِ بَاقٍ وَلَنَجْزِيَنَّ الَّذِينَ صَبَرُوا أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (٩٦).

ئەوەی لای ئیٚوەیە تەواو ئەبیٚو ئەبڕیٚتەوەو ئەوەی لای خودایە ئەمیٚنیٚتەوە. ئەوکەسانەی خۆگرن بە باشترین کردەوەیان پاداشیان ئەدەینەوە .

مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (٩٧).

هەرکەسیٚ کردەوەییٚکی چاك بکا لە پیاوو لە ژن و لەگەڵ ئەو کردەوەدا ئیٚمانیشی هەبیٚ، ئەوە بە ژیانیٚکی پیرۆزو باش ئەیژیٚنین و پاداشیان ئەدەینەوە بە ئەجریٚ بۆئەوان بشیٚ بەرانبەر چاکترین

کردەوەییێك کە کردوویانە، یا بە باشتر لە کردەوەکەیان پاداشیان ئەدەینەوە .

فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ(٩٨).

کاتێ ویستت قورئان بخوێنی پەنا بگرە بە خودا لە شەیتانی دوورخراوە لە ڕەحمەتی خوداو بڵێ: (اعوذ بالله من الشيطان الرجيم)

إِنَّهُ لَيْسَ لَهُ سُلْطَانٌ عَلَى الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ(٩٩).

بێگومان شەیتان دەستی بەسەر ئەوکەسانەدا ناڕوات کە ئیمانی تەواویان هەیەو پشت بە خودا ئەبەستن .

إِنَّمَا سُلْطَانُهُ عَلَى الَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُ وَالَّذِينَ هُمْ بِهِ مُشْرِكُونَ(١٠٠).

شەیتان تەنها دەستی بەسەر ئەوانەدا ئەڕوات کە ئەویان خۆش ئەوێ وبەگوێی ئەکەن و بەهۆی ئەوەوە هاوبەش بۆ خودا بڕیارئەدەن.

وَإِذَا بَدَّلْنَا آيَةً مَّكَانَ آيَةٍ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ قَالُواْ إِنَّمَا أَنْتَ مُفْتَرٍ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ(١٠١).

کاتێ کە ئایەتێکمان لە جێگەی ئایەتێکی تر هێنا ، واتە کە ئایەتێکمان نەسخ کردو ئایەتێکی ترمان لە جێگەیا دانا ، کە خودا خۆی لە هەموو کەس زاناترە بەوەی نازڵی ئەکا ، کافرەکان ئەڵێن : ئەی موحەممەد تۆ ئیفتیرا ئەکەیت و بە درۆ ئەو ئایەتە لە شوێنی ئایەتەکەی تردا دائەنێیت . تۆ واز لەو نەفامانە بێنە ، بەشی زۆری ئەوانە عەقڵیان نی‌یەو نازانن حیکمەت لە چیدایە ؟

قُلْ نَزَّلَهُ رُوحُ الْقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِالْحَقِّ لِيُثَبِّتَ الَّذِينَ آمَنُواْ وَهُدًى وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ(١٠٢).

جا تۆ بڵێ : ئەو ئایەتە جیبرەئیل بە حەق و حیکمەتەوە لای خوداوە هێناویەتی بۆ ئەوەی دڵی خاوەن ئیمانەکانی پێ دامەزراوو پتەو بکات و بۆ ئەوەی ببێتە هیدایەت و مژدە بۆ ئەوانەی ملکەچی حوکم و فەرمانی خودان .

وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ(١٠٣).

بەڕاستی ئێمە ئەزانین ئەو کافرانە ئەڵێن : بنیادەمێکی تایبەتی ئەم ئایەتانەی فێر ئەکات ، بەڵام ئەوانە نەفامن بۆیە ئەم قسە بەتاڵە ئەکەن ، چونکە زمانی ئەوکەسەی ئەڵێن گوایە فێری ئەکات زمانی عەجەمیو غەیرە عەرەبییەو ئەم قورئانە زمانێکی عەرەبی و ڕەوان و دیارییە .

إِنَّ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ لاَ يَهْدِيهِمُ اللَّهُ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ(١٠٤).

بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان بە ئایەتەکانی خودا نییە خودا هەرگیز هیدایەتیان نادات و سزایێکی سەختیان هەیە .

إِنَّمَا يَفْتَرِي الْكَذِبَ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْكَاذِبُونَ(١٠٥).

تەنها ئەوانە ئیفتیرا ئەکەن لەسەر خودا و درۆی بە دەمەوە هەڵئەبەستن کە باوەڕیان بە ئایەتەکانی خودا نییە . ئەوانە خۆیان درۆزنن .

مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلاَّ مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالإِيمَانِ وَلَكِن مَّنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِّنَ اللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ

عَظِيمٌ(١٠٦).

هەر کەسێ لە پاش ئیمان هێنان ئینکاری خودا بکا ئەوە غەزەبی خودای لەسەرە ، مەگەر یەکێ زۆری لێ بکرێ لەسەر کەلیمەی کوفرو دڵی لەسەر ئیمان دامەزرابێ ، ئەوە هیچی لەسەر نییە . بەڵام کەسێ سینەی بە کوفرو لەدین وەرگەڕانەوە شاد بێو پێی خۆش بێ ، ئەوانە غەزەبی خودایان لەسەرەو سزای گەورەیان هەیە .

ذَلِكَ بِأَنَّهُمُ اسْتَحَبُّواْ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا عَلَى الآخِـرَةِ وَأَنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ(١٠٧).

ئەوانە بۆیە پاش ئیمان هێنان لە دین وەرگەڕانەوە چونکە ژیان و ڕابواردنی دنیایان هەڵاوێرد بەسەر پاداشی نەبڕاوەی قیامەتداو، بێگومان خودا هیدایتی قەومی کافر نادات .

أُولَئِكَ الَّذِينَ طَبَعَ اللّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ وَسَمْعِهِمْ وَأَبْصَارِهِمْ وَأُولَئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ(١٠٨).

ئەوانە کەسانێکن خودا دڵو گوێو چاوی مۆرکردوون، نە بە دڵ تێئەفکرن و، نە بە گوێ حەق ئەبیسن و، نە بە چاو تەماشای نیشانەی قودرەتی خودا ئەکەن . ئەوانە لە حەق غافڵن و حەقیان فەرامۆش کردووە .

لاَ جَرَمَ أَنَّهُمْ فِي الآخِرَةِ هُمُ الْخَاسِرُونَ(١٠٩).

بێ گومان ئەوانە لە پاشەڕۆژدا زیانبارو خەسارەت کردوون .

ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ هَاجَرُواْ مِن بَعْدِ مَا فُتِنُواْ ثُمَّ جَاهَدُواْ وَصَبَرُواْ إِنَّ رَبَّكَ مِن بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ(١١٠).

پاش ئەمە بزانن بێگومان خودا بۆ ئەو کەسانەی پاش ئەوەی

سزاو ئـازار دران و دواییش لـه ڕێگەی خـودادا غەزایان کردو خۆیان لە بەر زەحمەت و ئازاردا ڕاگرت و لە مەککەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینە ، خودا خۆشی ئەوێن و تاوان بەخش و میهرە بانە لەگەڵیان .

يَوْمَ تَأْتِي كُلُّ نَفْسٍ تُجَادِلُ عَن نَّفْسِهَا وَتُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ(١١١).

لەو ڕۆژەدا کە هەموو نەفسێ دێت و موجادەلە ئەکات بۆ ڕزگارکردنی نەفسی خۆیو، هەر نەفسێ پاداشی ئەوەی کردوویەتی ئەدرێتە دەستیو ستەمیان لێ ناکرێ .

وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً قَرْيَةً كَانَتْ آمِنَةً مُّطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا مِّن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللَّهِ فَأَذَاقَهَا اللَّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ بِمَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ(١١٢).

خودا نموونەیێکی هێناوەتەوە کە بریتی یە لە دێیەکی پڕ لە ئەمن و ئـاسایشی دڵنیاو ڕەحەت کـە لـە هـەمـوو شوێنێکەوە ڕزق و ڕۆزیی فراوانی بۆ ئەهات ، ئەنجا ئەهلی ئـەو دێیە کوفریان بە نیعمەتەکانی خودا کردو شوکرانەبژێر نەبوون . خـوایش لـە ئەنجامی ئـەو کوفرەدا پۆشاکی برسییەتیو ترسی کردە بەریان و، بەهۆی ئەو کردەوانەوە کە کردیانن ژیانی تاڵی پێچەشتن .

وَلَقَدْ جَاءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْهُمْ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمُ الْعَذَابُ وَهُمْ ظَالِمُونَ(١١٣).

بێ گومان ئەوانـە پێغەمبەرێك هـەر لـە خۆیان هاتە لایان و ئەوان بـاوەڕیان پێ نـەکردو بە درۆزنیان دانـا ، بۆیە سزای خـودا گرتنی

لەکاتێکا کە ستەمکار بوون و ئیمانیان نەهێنا .

فَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ حَلاَلاً طَيِّبًا وَاشْكُرُواْ نِعْمَةَ اللَّهِ إِن كُنْتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ(١١٤).

جا کە مادام پاداشی کوفری نیعمەت وەها خراپە ، ئێوە کوفری نیعمەت مەکەن، لەوە بخۆن کە خودا کردوویەتی بە ڕۆزی بۆتان و حەلاڵ و پاك و پوختەیەو، سوپاسی نیعمەتی خودا بکەن ئەگەر خودا پەرستن .

إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلا عَادٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ(١١٥).

بەڕاستی ئەوەی خودا حەرامی کردوە لێتان خواردنی گۆشتی مردارەوە بووەو خوێنی ڕەوان و گۆشتی بەرازو گۆشتی هەر حەیوانێ کە لە کاتی سەربڕینیدا ناوی غەیری خودای لێهێنرابێ. کەسێ ناچار بوو لەو حەرامە بخوا بەشەرتێ دەسدرێژی نەکاتە سەر ناچاریکیترو زیاد لە ئەندازەی پێویست بۆ ژیان نەخوات ، ئەوە خودا گوناە بەخش و میهرە بانە .

وَلا تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلالٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُواْ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لاَ يُفْلِحُونَ(١١٦).

بە تەنها قسەیێك کە بە درۆو بێ دەلیل بە زمانتاندا دێت مەڵێن ئەم حەیوانە حەلاڵەو ئەم حەیوانە حەرامە ، ئەمە دەبێتە درۆ هەڵبەستن بە دەم خوداوە کە گوایا ئەمەی حەلاڵ کردووەو ئەوەی

حەرام کردووە . بێگومان ئەوانەی درۆ بە دەم خوداوە هەڵئەبەستن هەرگیز لە ڕۆژی قیامەتدا سەرناکەون .

مَتَاعٌ قَلِيلٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ(١١٧).

لە دنیادا ڕابواردنێکی کەمیان هەیەو لە قیامەتدا سزایێکی سەخت .

وَعَلَى الَّذِيـنَ هَادُواْ حَرَّمْنَا مَا قَصَصْنَا عَلَيْكَ مِنْ قَبْلُ وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَكِنْ كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ(١١٨).

ئەوانەی جوولەکە بوون ، ئەوەی لەمەوپێش بۆمان باس کردی لە سوورەتی (الانعام)دا لێمان حەرام کردن ، چونکە بێگوێیی فەرمانی خودایان کرد . ئێمە ستەممان لێ نەکردن ، ئەوان خۆیان ستەمیان لە خۆیان کرد .

ثُمَّ إِنَّ رَبَّكَ لِلَّذِينَ عَمِلُواْ السُّوءَ بِجَهَالَةٍ ثُمَّ تَابُواْ مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُواْ إِنَّ رَبَّكَ مِنْ بَعْدِهَا لَغَفُورٌ رَحِيمٌ(١١٩).

پاش ئەمانە سەبارەت بەوکەسانەی بە نەفامی و نەزانی خراپەیان کردووەو پاشئەوە تەوبەیان کردووەو پەشیمان بوونەتەوەو بەرامبەر خودا حاڵی خۆیان چاک کردووە ، پەروەردگاری تۆ تاوان بەخش و میهرەبانە .

إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ(١٢٠).

بێگومان ئیبراهیم خۆی بە تەنیا ئوممەتێ بوو ، واتە ئەوەندەی ئوممەتێ خاوەنی ڕەوشتی چاك و کردەوەی پاك بوو . ملکەچی فەرمانی خودا بوو . لە هەرچی بیروباوەڕو کردەوەی بەتاڵە لایدابوو. ڕووی کردبووە بیروباوەڕی پاك و بێگەردو لە موشریکەکان نەبوو .

شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ اجْتَبَاهُ وَهَدَاهُ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ(١٢١).

شوكرانەبژێری نیعمەتەكانی خودا بوو و سوپاسی ئەوی ئەكرد . خودا هەڵیبژاردو شارەزای كرد بۆ ڕێگای ڕاست و كردی بە پێغەمبەر.

وَآتَيْنَاهُ فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَإِنَّهُ فِي الْآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ(١٢٢).

لە دنیادا پایەو حورمەتمان پێدا لەناو خەڵكداو ناووبانگی دەركردو بوو بە خاوەن كەرامەت و ئیستیقامەت و ئەولادی باش و ڕزقی فراوانمان پێ داو، لەپاشەڕۆژیشدا لە ئەهلی بەهەشتە .

ثُمَّ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ أَنِ اتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفاً وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ(١٢٣).

پاشان وەحیمان بۆ كردی كە پەیڕەویی ئایینی خوابەیەك ناسینی ئیبراهیم بكە كە لە بیروباوەڕی بەتاڵ لای‌دابوو و لە موشریكەكان نەبوو.

إِنَّمَا جُعِلَ السَّبْتُ عَلَى الَّذِينَ اخْتَلَفُواْ فِيهِ وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ(١٢٤).

خودا ئیحتیرامی ڕۆژی شەممەی لەسەر ئەو جوولەكانە فەرز كرد كە لەگەڵ مووسا موجادەلەیان ئەكردو بەگوێیان نەئەكرد، كە مووسا ئەمری پێ كردن ڕۆژی جومعە دانێن بۆ عیبادەت و ئیشی‌تری تێدا نەكەن ، ئەوانیش وتیان ڕۆژی شەممەمان ئەوێ ، ئەوەبوو شەممەیان بۆ دیاری كرا ، كەچی تەنانەت ئیحتیرامی شەممەكەیشیان نەئەگرت و ڕاویان تێدا ئەكرد . بە ڕاستی خودا لە ڕۆژی قیامەتدا حوكم ئەكات لەنێوانیاندا لەو شتانەدا كە ناكۆكییان لەناوا بوو تیایاندا .

ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي

هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ(١٢٥).

خەڵك بانگ بكە بۆ ڕێگای خوداو بۆ ئیسلام بوون بە شێوەیێ كە موافقی عەقڵ و هۆشی ساغ بێ، واتە بۆ زانا بە دەلیلێ كە قەناعەتی پێ بكاو بۆ نەزان بە شێوەیێ كە لێی حاڵی ببێ و بچێتە دڵیەوە . هەروەها بە پەندو ئامۆژگارییەك كە جوان بێ و دڵیان نەرم بكات و ڕایان بكێشێ بۆ ئیسلام نەك دڵیان بریندار بكات و لە حەق دوور بكەونەوە. ئەگەر شوێنەكەیش شوێنی موجادەلە بوو كە بەرانبەر ئەیەوێ قسەی خۆی بباتە سەر، ئەوە پێویستە بە شێوەیێكی باش قسەی لەگەڵ بكەی. ڕایبكێشی بۆ چاكەو دووری بخەیتەوە لە خراپە. بێ گومان خودای تۆ زاناترە كە كێ لە ڕێی ڕاست لائەداو كێ ڕێگای ڕاست ئەگرێتەبەر .

وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُواْ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُمْ بِهِ وَلَئِنْ صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِلصَّابِرِينَ(١٢٦).

ئەگەر پاداشی كردەوەی خراپی خەڵكتان دایەوە چاودێری عەداڵەت بكەن با پاداشەكەتان ئەوەندەی پێویست بێ ، واتە : ئازاری ئەوان بۆ ئێوە چەند بوو با ئازاری ئێوەیش بۆ ئەوان هەر ئەوەندە بێ. خۆ ئەگەر خۆتان بگرن و چاوپۆشی بكەن لە تۆڵەسەندنەوە، ئەوە قازانجی بۆ ئێوە زۆرەو لە تۆڵەسەندنەوە باشترە .

وَاصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلاَّ بِاللَّهِ وَلاَ تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلاَ تَكُ فِي ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ(١٢٧).

لە بەر باری گران و گەیاندنی ڕیسالەتدا سەبربکە: بێ گومـان ، بـە تەوفیقی خودا نـەبێ ئـەو سەبرەت بـۆ ناکرێ. لەبەر بێ گوێیی و سەرپێچی کردنی کافرەکان غەم مەخۆو لە مەکریان دڵتەنگ مەبە.

إِنَّ اللَّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَوْا وَالَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ(١٢٨)

بەڕاستی خودا لەگەڵ ئەوانەیە لێی ئەترسن و ئەوانەی چاکە ئەکەن.

جوزئی پازدەهەم

سوورەتی (الاسراء)

مەککەیی‌یە تەنها ئایەتی ٢٦و ٣٢ و ٣٣و ٥٧و

لە ئایەتی ٧٣وە نەبێ تا دوایی ئایەتی ٨٠و ، (١١١) ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَا الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (١)

پاکی‌و بێ‌عەیبی بۆ ئەوخودایە کە شەوڕەویی بە بەندەی خۆی کرد کە موحەممەدە (د.خ) لە شەوێکدا لە (مسجد الحرام)ەوە لە مەککە بۆ (مسجد الاقصا) لە قودسی شەریف، ئەو مزگەوتی ئەقصایەی کە خۆی‌و دەوروبەریمان موبارەك کردووە . بۆ ئەوەیش شەوڕەویمان پێ کرد تا هەندێ نیشانەی قودرەتی خۆمانی پیشان بدەین‌و دڵی پێی دابمەزرێ . بەڕاستی خودا شنەواو بینایەو ئاگای لە هەموو شتە .

وَآتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَجَعَلْنَاهُ هُدًى لِّبَنِي إِسْرَائِيلَ أَلاَّ تَتَّخِذُواْ مِن دُونِي وَكِيلاً (٢)

بەڕاستی تەوراتمان دا بە مووساو کردمانە هۆی شارەزایی بۆ بەنی‌ئیسرائیل و، پێمان وتن لە من بەولاوە پشت بە هیچ کەس مەبەستن.

ذُرِّيَّةَ مَنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ إِنَّهُ كَانَ عَبْدًا شَكُورًا (٣)

کە نەوەو زادەی ئەوانەن لەگەڵ نووح لە کەشتییەکەدا هەڵمانگرتن. بەڕاستی نووح بەندەیێکی سوپاسگوزار بوو.

وَقَضَيْنَا إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ فِي الْكِتَابِ لَتُفْسِدُنَّ فِي الْأَرْضِ مَرَّتَيْنِ وَلَتَعْلُنَّ عُلُوًّا كَبِيرًا(٤)

وەحیمان کرد بۆ بەنیئیسرائیل لە تەوراتداو پێمان وتن ئێوە دووجار بەدکاریو ستەم ئەکەن لە زەویداو لەم ستەمو بەدکارییەدا یەرز ئەبنەوە بەرزبوونەوەیێکی گەورە .

فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ أُولاهُمَا بَعَثْنَا عَلَيْكُمْ عِبَادًا لَنَا أُولِي بَأْسٍ شَدِيدٍ فَجَاسُوا خِلَالَ الدِّيَارِ وَكَانَ وَعْدًا مَفْعُولًا(٥)

کاتێ کە وەعدەی پاداشی خراپەکاریی یەکەم جارتان هات چەند بەندەیێکی بە هێزو ئازا لە بەندەکانی خۆمان ڕەوانە ئەکەین بۆ سەرتان بە دواتاندا ئەگەڕێن و لە ناومالاًندا ئەتانگرن و سزاتان ئەدەن . ئەمە بەڵێنێکی بڕیار دراوە و ئەبێ بێتەجێ .

ثُمَّ رَدَدْنَا لَكُمُ الْكَرَّةَ عَلَيْهِمْ وَأَمْدَدْنَاكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَجَعَلْنَاكُمْ أَكْثَرَ نَفِيرًا(٦)

لە پاشا جارێکیتر سەرتان ئەخەینەوە بەسەر دوژمنەکانتانداو بە ماڵ و کوڕگەلێکی زۆر یارمەتیتان ئەدەین ، پاش ئەوە کە ماڵتان لە شەڕی پێشوودا بە تاڵان براو کوڕەکانتان کوژران . هەروەها خەڵکی شەڕکەرتان بۆ زۆر ئەکەین کە هۆی سەرکەوتنە .

إِنْ أَحْسَنْتُمْ أَحْسَنْتُمْ لِأَنْفُسِكُمْ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ الْآخِرَةِ لِيَسُوءُوا وُجُوهَكُمْ وَلِيَدْخُلُوا الْمَسْجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَلِيُتَبِّرُوا مَا عَلَوْا تَتْبِيرًا(٧)

ئێوە ئەگەر چاکە بکەن بۆ خۆتانی ئەکەن و ، ئەگەر خراپە بکەن

زیانی خراپەکە هەر بۆ خۆتان ئەگەڕێتەوە .جا کە وەعدەی پاداشی زۆرو ستەمی جارەکەیتـرتـان هـات خـەڵکیتـرتـان بۆ ئەنێرین تا بەسەرتاندا سەرکەونەوەو نیشانەی سەرکـەوتنیان بە ناوچاوانتانەوە دیار بیّو ، وەك جاری پێشوو چوونە (بيت المقدس) ئەمجارەیش بچنەوە ناوی‌و هەرچی دەستیان ئەڕوات بەسەریا وێرانی بکەن .

عَسَى رَبُّكُـــمْ أَنْ يَرْحَمَكُـــمْ وَإِنْ عُدتُّمْ عُدْنَا وَجَعَلْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَافِرِينَ حَصِيرًا (٨)

ئەمجا خودای گەورە بـەئـارامی قسەیان لەگەڵ ئەکات و ئەفەرموێ هیوا هەیە کە خودا ڕەحمتان پیّ بکات. بەڵام ئەگەر جارێکیتر دەستتان کردەوە بە خراپەکاری ئێمەیش ئەگەڕێینەوە بۆ تۆڵە لیّسەندنتان و، دۆزەخیشمان کردووە بە جێی کافران کە هەرگیز لێی دەرناچن .

إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِيـــنَ الَّذِيـــنَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا (٩)

بـەڕاستی ئـەم قورئانە شارەزاییی خەڵك ئەکات بۆ ڕاسترین ڕێگا کـە ئـاییـنی ئیسلامە. هـەروەهـا مژدە ئەدات بەو خاوەن ئیمانانەی کردەوەی چاك ئەکەن بەوەی کە پاداشێکی گەورەیان هەیە .

وَأَنَّ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا (١٠)

ئـەوانەیش کـە ئیمان و باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت نییە ، سزایێکی پڕئازارمان بۆ ئامادە کردوون .

وَيَدْعُ الإِنْسَانُ بِالشَّرِّ دُعَاءَهُ بِالْخَيْرِ وَكَانَ الإِنسَانُ عَجُولاً (١١)

بنیادەم لـە کـاتی ڕق هـەڵسانـدا دوعای شەڕ لە خۆی‌و لە ماڵ و

منالّی ئـــەکـات وەك چۆن دوعـای خـێریان بـــۆ ئەکـات . بنیادەم پەلـــەیەو چی بەدڵیا هات ئەیکات بێ ئەوەی بیر لە ئەنجام بکاتەوە .

وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ آيَتَيْنِ فَمَحَوْنَا آيَةَ اللَّيْلِ وَجَعَلْنَا آيَـةَ النَّهَارِ مُبْصِرَةً لِّتَبْتَغُواْ فَضْلاً مِّن رَّبِّكُمْ وَلِتَعْلَمُواْ عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ وَكُلَّ شَيْءٍ فَصَّلْنَاهُ تَفْصِيلاً(١٢)

ئێمە شەوو ڕۆژمان کردووە بە دوو نیشانەی دەستەلاّت و پڕحیکمەتیی کاری خۆمان ، کە چۆن بە ڕێکوپێکی و بێ زیادو کەم بەدوای یەکدا دێن . هەروەها شەومان تـاریك و ڕۆژمـان ڕووناك کرد تا لە ڕووناکیی ڕۆژدا کەسابەت بکەن و بە دوای نیعمەتی خودادا بگەڕێن و بەرچاوتان ڕوون بێ‌و ، بە هۆی گۆڕانی شەوو ڕۆژەوە ژمارەی ساڵەکان و حیسابی کاروباری کەسابەتتان بزانن . بە ڕاستی هەموو ئەو شتانەمان بۆ ڕوون کردوونەتەوە کە بۆ کاری دین و دنیاتان پێویستن .

وَكُـلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَائِرَهُ فِي عُنُقِهِ وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَابًا يَلْقَاهُ مَنشُورًا(١٣)

هەموو بنیادەمێ کـــردەوەی خۆیمان کـــردووەتـــە گـــەردنی ، واتـــە : کردەوەی خۆی لەسەر خۆیەتی‌و، لە ڕۆژی قیامەتدا پەڕەی کردەوەکانی بۆ دەرئەکەین و بە کراوەیی‌و ئاشکرایی پێی ئەگات و سەیری ئەکات و خۆی ئەزانێ لە ژیانی خۆیدا چیی کردووە ؟

اقْرَأْ كِتَابَكَ كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا (١٤)

لەلایەن فریشتەی مەئموورەوە پێی ئـەوترێ : کتێبی کردەوەکانی خۆت بخوێنەرەوەو بزانە چیت کـــردووە ؟ ئـەمڕۆ خۆت بـەسیت بۆ

لێپرسینەوەی خۆت ، واتە پێویست ناکات کەس شایەتیت لێ بدات .

مَّنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا (١٥)

هەرکەسێ هیدایەتی خودا قبوولێ بکات قازانجی هیدایەتەکەی هەر بۆ خۆیەتیو، هەرکەسێکیش گومڕا بێ ئەنجامی گومڕاهییەکەی لەسەر خۆیەتیو خۆی زیان ئەکات.هەروەها هیچ گوناهبارێ گوناهی یەکێکیتر هەڵناگرێو تەنها گوناهی خۆی هەڵئەگرێ.ئێمەیش سزای کەس نادەین تا پێغەمبەرێ نەنێرین،کە ناردمان و بەگوێیان نەکرد ئەوکاتە سزامان ئەکەوێتە کار .

وَإِذَا أَرَدْنَا أَنْ نُهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا (١٦)

کاتێ بمانەوێ ئاوەدانییەك بفەوتێنین فەرمان بە خاوەن نیعمەتەکان و دەستەلاتدارەکانی ئەدەین پەیڕەویی پێغەمبەرەکەیان بکەن و ،لە ڕێی ڕاست لانەدەن .ئەوانیش بێگوێیی فەرمانەکە ئەکەن و لە ڕێی ڕاست لائەدەن. ئەنجا سزایان لەسەر پێویست ئەبێو بە تەواوی وێرانی ئەکەین.

وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِنَ الْقُرُونِ مِنْ بَعْدِ نُوحٍ وَكَفَى بِرَبِّكَ بِذُنُوبِ عِبَادِهِ خَبِيرًا بَصِيرًا (١٧)

زۆرمان لە خەڵکی چەرخەکانی پاش چەرخی نووح فەوتاند. خودای تۆ بەسە بۆ پێ زانین و بینینی گوناهی بەندەکانی خۆیو هیچی لێ ون نابێ.

مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُ فِيهَا مَا نَشَاءُ لِمَنْ نُرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُ

جَهَنَّمَ يَصْلَاهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا (١٨)

ئەو کەسەی تەنها ڕابواردن و خۆشیی دنیای بوێ هەرچیمان بوێ ئەیدەینێ بەو کەسەی بمانەوێ بیدەینێو، لە پاشەڕۆژیشدا دۆزەخ ئەکەینە جێگایو بە زەمکراویو دوورخراوەیی لە ڕەحمەتی خوداوە بەو دۆزەخە ئەسووتێ.

وَمَنْ أَرَادَ الْآخِرَةَ وَسَعَى لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا (١٩)

ئەو کەسەیش کە پاداشی پاشەڕۆژی بوێو هەوڵی باشی بۆ بداو، ئەو چاکانە بکات کە لەلایەن خوداوە ئەمریان پێ کراوەو ئەو کارانە نەکا کە خودا نەهیی لێ کردوون و، باوەڕی ڕاستەقینەی بە خودا ببێ، ئەوانە هەوڵەکەیان لەلایەن خوداوە قبووڵ کراوە.

كُلًّا نُّمِدُّ هَؤُلَاءِ وَهَؤُلَاءِ مِنْ عَطَاءِ رَبِّكَ وَمَا كَانَ عَطَاءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا (٢٠)

هەر دوو تاقمەکە چ ئەهلی دین و چ ئەهلی دنیا لە نیعمەتی خودای تۆ بەشیان ئەدەین. بێگومان بەخششی خودای تۆ لە هیچ کەس ناگێڕرێتەوەو بەپێی خواستی خودا هەرکەس بەشی خۆی وەرئەگرێ.

انظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَلَلْآخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَاتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا (٢١)

سەیرکە چۆن ڕۆزیو پایەی هەندێکمان لە دنیادا بەسەرهیی هەندێکدا زیاد کردووە. بێگومان ڕۆژی قیامەت پایەو پلەی گەورەترە، چونکە پایەو پلەی ئەوێ بەهەشت و پایەکانی، یا دۆزەخ و قووڵاییەکانیەتی.

لَا تَجْعَلْ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَتَقْعُدَ مَذْمُومًا مَّخْذُولاً (٢٢)

لەگەڵ خودای پەروەردگارو تاك و تەنیا خودایەکیتر بڕیارمەدەو هاوبەش بۆ خودا دامەنێ ، تا بەخراپی باس نەکرێیت و ، لە میهرەبانیی خودا ناهومێد نەبی .

وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاهُمَا فَلاَ تَقُل لَّهُمَا أُفٍّ وَلاَ تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلاً كَرِيماً (٢٣)

خودای پەروەردگارت فەرمانی داوە هەر ئەو بپەرستن و ، عیبادەت بۆ کەس مەکەن بۆ ئەو نەبێ. هەروەها فەرمانی داوە لەگەڵ باوك و دایکدا ڕەفتارتان چاك بێ ، ئەگەر یەکێکیان لای تۆ بووو لە سایەی تۆدا پیر بوو ، یا هەردووکیان لای تۆ بوون و لای تۆ پیر بوون ، هەرگیز ئۆف مەکە لە دەستیان تا دڵیان نەیێشێ و هەرگیز لێیان تووڕە مەبەو بەڕوویاندا هەڵمەشاخێ و قسەی نەرم و نیان و باشیان لەگەڵ بکە .

وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا (٢٤)

باڵی زەلیلییان بۆ دانەوێنەو ، خۆت بە ملکەچ پیشان بدە بۆیان و خاکینە بە لەگەڵیان و لە خودای خۆت بپاڕێرەوە بڵێ : خودایا وەك ئەوان منیان بە ساوایی و بچووکی پەروەردە کرد تۆیش لەگەڵ ئەوان میهرەبان و بەڕەحم بە .

رَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا فِي نُفُوسِكُمْ إِن تَكُونُواْ صَالِحِينَ فَإِنَّهُ كَانَ لِلأَوَّابِينَ غَفُورًا (٢٥)

خـودای ئێوە زانـاتـرە بـەوەی لە دڵتاندایە ، ئەگەر ئێوە کردارتان چـاك بێ ئـەوا خـودا گـونـاەپۆشی ئەوانەیـە کە ئەگەڕێنەوە بۆ لای و تەوبە ئەکەن .

وَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا (٢٦)

حەقی خـزم و خوێش بـدە ، سیلەی ڕەحم بـەجێبێنەو ، قسەت خۆش بێ لەگەڵیان و ، چاکەیان لەگـەڵ بکـە. هـەروەهـا حەقی هەژارو ڕێبوار بدە . بەڵام ماڵت لـە شتی وەهـادا سەرف مەکە کە پێویست نەبێو زیادەڕەوی مەکە لە خەرج کردندا .

إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا (٢٧)

بەڕاستی ئەوانەی ماڵی خۆیان لە شتی ناپێویستدا خەرج ئەکەن برای شەیتانەکانن و شەیتانیش زۆر کافرو نافەرمان بەرداری خودای خۆیەتی .

وَإِمَّا تُعْرِضَنَّ عَنْهُمُ ابْتِغَاءَ رَحْمَةٍ مِّن رَّبِّكَ تَرْجُوهَا فَقُل لَّهُمْ قَوْلًا مَّيْسُورًا (٢٨)

ئەگەر ڕووت لـە خزم و هـەژارو ڕێبوار وەرچەرخاند چونکە نەتبوو بیاندەیتیو شەرمیشت ئەکرد دەست بە ڕوویانـەوە بنێیو چاوەڕوانی ڕزقێکت ئەکرد لەلایەن خوداوە بۆت بێ تا بەشی ئەوانیشی لێ بدەی، لـە حـاڵی وەهـادا قسەیێکی مـەردانـەو بـەجێیان لـەگەڵ بکە کە دڵیان بداتەوەو شادمانیان بکا .

وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا (٢٩)

ئەوەندە ڕژدو دەست نووقاو مەبە هیچت لەدەست نەبێتەوە بۆ کەس. ئەوەندەیش بەدەهەنەو دەست بڵاو مەبە هیچت بە دەستەوە نەمێنێو بە سەرزەنشت کراویو غەمباریو پەشیمانی بۆی دانیشی.

إِنَّ رَبَّكَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّهُ كَانَ بِعِبَادِهِ خَبِيرًا بَصِيرًا(٣٠)

بەڕاستی خودای پەروەردگارت دەرگای ڕزق و ڕۆزی ئەخاتە سەرپشت بۆ هەرکەس خواستی لەسەر بێو، بۆ هەرکەسیش خواستی لەسەر بێ لێی ئەگرێتەوەو ڕۆزیی تەنگ ئەکات. خودا ئاگای لە ئاشکراو نهێنیی بەندەکانی خۆی هەیەو ئەیانبینێو ئەزانێ قازانجیان لەچیدایە.

وَلا تَقْتُلُواْ أَوْلادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُمْ إِنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْئًا كَبِيرًا(٣١)

کوڕەکانتان لە ترسی فەقیریو نەبوونی مەکوژن و کچەکانتان زیندەبەچاڵ مەکەن، ئێمە ڕزق و ڕۆزیی ئەوانیش و ئێوەیش ئەدەین. بەڕاستی کوشتنیان گوناهێکی گەورە یە.

وَلا تَقْرَبُواْ الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلاً(٣٢)

نزیکی زینا مەکەونەوە، چونکە زینا کارێکی خراپە و ڕێگایەکی زۆر بەدەو دەبێتە هۆی تێکدانی نەسەب.

وَلا تَقْتُلُواْ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ وَمَنْ قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا فَلا يُسْرِفْ فِي الْقَتْلِ إِنَّهُ كَانَ مَنصُورًا(٣٣)

ئەو نەفسە مەکوژن کە خوا کوشتنی بەهۆی حەقێکی شەرعییەوە نەبێ حەرام کردووە. هەرکەسیش بە ستەم لێکراویو بە ناحەق

بکوژرێ ، هێزی شەرعمان داوە بە حەقدارەکەی بۆ کوشتنەوەی بکوژەکە . دەی با ئەو حەقدارە زیادەڕەوی نەکا لە کوشتنەوەی بکوژەکەدا ، چونکە ئەو لەلایەن خواوە یارمەتی دراوە بە حەقی تۆڵەسەندنەوە لە دنیاداو بە پاداشی باش لە ڕۆژی قیامەتدا .

وَلا تَقْرَبُواْ مَالَ الْيَتِيمِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُواْ بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْئُولاً(٣٤)

هەرگیز نزیکی ماڵی هەتیو مەکەونەوە بە باشترین ڕێگا نەبێ کە قازانجی هەتیوەکەی تێدا بێ ، تا ئەو هەتیوە ئەگاتە ڕادەی ئاوزان و قام کردنەوە کە بزانێ تەسەرڕوف لە ماڵ و حاڵی خۆیدا بکات . هەروەها ئەگەر پەیمانێکتان بەست ؛ بیبەنەسەرو هەڵیمەوەشێننەوە . بەڕاستی پەیمان لێی ئەپرسرێتەوە .

وَأَوْفُواْ الْكَيْلَ إِذَا كِلْتُمْ وَزِنُواْ بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً(٣٥)

ئەگەر پێوانەتان کرد باش بپێون و ، ئەگەر کێشانەتان کرد بە ترازوویەکی ڕێك بکێشن ، ئەم شێوە مامەڵەیە بۆ ئێوە چاکترەو ئەنجامی جوانترە .

وَلا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولاً(٣٦)

هەرگیز شوێنی شتێ مەکەوە عیلمت پێی نەبێ و بەڕاستی نەیزانی . بێگومان گوێ و چاوو دڵ ، هەموو ئەمانە پرسیاریان لێ ئەکرێ کە خاوەنەکەیان چیی پێ کردوون . شتێ نەتبیستبێ یا نەتبینیبێ یا

بەڕاستی نەیزانی هەرگیز مەڵێ بیستوومە یا دیتوومە یا ئەیزانم .

وَلا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا إِنَّكَ لَنْ تَخْرِقَ الْأَرْضَ وَلَنْ تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولاً (٣٧)

بــە دەعیەو فیزو خۆ بە زل زانینەوە مەڕۆ بە ڕێگادا ، تۆ نە زەوی بە هەنگاوەکانت هەڵئەدڕی‌و نە بە درێژی ئەگەیتە بەرزیی کێوەکان . واتە دەعیەو خۆ بە زل زانین شتێکی زۆر بێ جێ‌یە .

كُلُّ ذَلِكَ كَانَ سَيِّئُهُ عِنْدَ رَبِّكَ مَكْرُوهًا (٣٨)

ئەم بیستوپێنج ڕەوشتە کــە لــە ((ولا تجعل مع الله الها اخر)) ەوە تا ئێرە بــاس کــران و نەهیان لێ کراوە لای خودا نــاپەسەنــدن و پاداشی خراپیان لەسەرە.

ذَلِكَ مِمَّا أَوْحَى إِلَيْكَ رَبُّكَ مِــنَ الْحِكْمَةِ وَلا تَجْعَلْ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَتُلْقَى فِي جَهَنَّمَ مَلُومًا مَدْحُورًا (٣٩)

ئــەم ئەمرو نەهیانە لەو حیکمەت و خوداناسی‌و کاری چاکانەن خودا وەحیی کردوون بۆ تــۆ . خودای‌تر بڕیار مەدە لەگەڵ خوای تاك و تەنیا بە هاوبەش ، نەبادا بە سەرزەنشت کراوی‌و دوورخراوەیی لە ڕەحمەتی خودا فڕێ بدرێیتە ناو دۆزەخ .

أَفَأَصْفَاكُمْ رَبُّكُمْ بِالْبَنِينَ وَاتَّخَذَ مِنَ الْمَلائِكَةِ إِنَاثًا إِنَّكُمْ لَتَقُولُونَ قَوْلاً عَظِيمًا (٤٠)

ئــایــا خــودا ئێوەی هــەڵبژاردووە کــە کوڕتان بداتێ‌و ، بــۆ خــۆی مەلائیکەی ئیختیار کردووە بە کچی خــۆی ؟ ئێوە قسەیێکی گــەورەو بوختانێکی ناڕەوا بەدەم خواوە ئەکەن بەم قسەیە .

وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَذَا الْقُرْآنِ لِيَذَّكَّرُواْ وَمَا يَزِيدُهُمْ إِلاَّ نُفُوراً(٤١)

بەڕاستی ئێمە لەم قورئانەدا بە چەند جۆر عیبارەتمان گۆڕیوەو پەندو ئامۆژگاریمان هێناوەتەوە بۆ ئەوکافرانە تا بیر بکەنەوەو ڕێگەی عەقڵ و تێفکرین بگرن ، بەڵام ئەوان هەر دووریو بێباوەڕییان زیاد ئەبێو ئامۆژگاری کاریان تێ‌ناکات .

قُل لَّوْ كَانَ مَعَهُ آلِهَةٌ كَمَا يَقُولُونَ إِذًا لاَّبْتَغَوْاْ إِلَى ذِي الْعَرْشِ سَبِيلاً(٤٢)

بڵێ بە موشریکەکان ئەگەر لەگەڵ خودادا چەند خوایێکیتر هەبوونایە ، وەکو ئەوان ئەڵێن ، ئەوا ئەڕۆیشتن بۆلای خودای خاوەن عەرش وەك عادەتی پادشاهان وایە کە سەر لەیەك ئەدەن ، یا لێی نزیك ئەبوونەوە بە عیبادەت بۆکردن کە بۆیان دەرئەکەوت ئەوانیتر بێ‌دەستەڵاتن و هەر خوا دەستەڵاتدارە .

سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوًّا كَبِيرًا (٤٣)

خودا پاك و بێ‌عەیبەو زۆر لەو بوختانانە بەرزترە کە ئەوان بۆی هەڵئەبەستن .

تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ وَالأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِن لاَّ تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُوراً(٤٤)

هەر حەوت ئاسمانەکان و زەویو هەرکەسیان تێدایەو هەرچی شت هەیە هەموو تەسبیحاتی خودا ئەکەن ، بەڵام ئێوە ئەی موشریکەکان ، لە تەسبیحاتی ئەوان ناگەن . یا مەبەست ئەوەیە هەر حەوت ئاسمانەکان و زەویو هەرکەسیان تێدایەو هەرچی شت هەیە هەموو

دەلالەت لەوە ئەکەن کە خودا (واجب الوجود) ەو لە مومکینات نىيەو تاك و تەنيايەو هاوبەشی نىيە، بەلاّم ئێوە چونکە عەقڵتان ناخەنەکارو عـەناد ئـەکـەن لەم گەیاندنە ناگەن. خودا زۆر بەحیلمەو زوو تۆڵە ناسەنێتەوەو، زۆر گوناەپۆشە بۆ ئەوکەسەی تەوبە بکات.

وَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ جَعَلْنَا بَيْنَكَ وَبَيْنَ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ حِجَابًا مَّسْتُورًا(٤٥)

کاتی کە تۆ قورئان ئەخوێنی لـەبەینی تۆو ئەوانەدا کـە باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت نىيە پەردەیێکی داپۆشراو دروست ئـەکـەین، واتە صیفەتێکی وەها لە دڵی کافرەکاندا دروست ئەکەین مەنعیان بکات لە تێگەیشتنی قورئانەکە.

وَجَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَنْ يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِي الْقُرْآنِ وَحْدَهُ وَلَّوْا عَلَى أَدْبَارِهِمْ نُفُورًا(٤٦)

چەند پەردەیێکمان دروست کردووە مەنعیان ئەکەن لە تێگەیشتنی مەعنای قورئان و، گوێیان سەنگین ئەکەین لـە بیستنی قورئانەکە. هەروەها کاتیٚ کە تۆ لە قورئاندا نـاوی خوای خۆت بـەتەنها ئەبەی، پشت هەڵئەکەن و ڕائەکەن ونايانەویٚ وشەی خوابەیەك زانینەکە ببیسن.

نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَسْتَمِعُونَ بِهِ إِذْ يَسْتَمِعُونَ إِلَيْكَ وَإِذْ هُمْ نَجْوَى إِذْ يَقُولُ الظَّالِمُونَ إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلاَّ رَجُلاً مَّسْحُورًا(٤٧)

ئێمە لـە ئێوە زاناترین کەوا لەکاتێکدا ئەو کافرانە گوێت لیٚ ئەگرن بۆچی گـوێت لیٚ ئەگرن، کە لەناو خۆیاندا بە چپە قسەئەکەن و گاڵتە بە تۆو بە قورئان ئەکەن و ئـەڵێن ئێوە دوای پیاوێکی سەرلیٚشێواوی

جادوو لێکراو کەوتوون ؟

انظُرْ كَيْفَ ضَرَبُواْ لَكَ الأَمْثَالَ فَضَلُّواْ فَلاَ يَسْتَطِيعُونَ سَبِيلاً(٤٨)

جا تەماشا بکە چەند وێنەو نموونەت بۆ ئەهێننەوەو بەچەند جۆر باست ئەکەن: یەکێ ئەڵێ شێتە . یەکێ ئەڵێ جادووگەرە . یەکێ ئەڵێ کاهینە . یەکێ ئەڵێ لای عەجەمێ ئەخوێنێ . یەکێ ئەڵێ شاعیرە . ئەمانە گومڕا بوون و ناتوانن ڕێیەك بدۆزنەوە بۆ تانەلێدانت ، جا ئەکەونە قسەی پڕوپووچ کردن .

وَقَالُواْ أَئِذَا كُنَّا عِظَامًا وَرُفَاتًا أَئِنَّا لَمَبْعُوثُونَ خَلْقًا جَدِيدًا(٤٩)

کافرەکان ئەڵێن ئایا کە ئێمە بووین بە ئێسقان و ڕزین و هەپڕوون هەپڕوون بووین جارێکیتر سەر لەنوێ بە دروست کردنەوەیەکی تازە زیندوو ئەکرێینەوە ؟!

قُلْ كُونُواْ حِجَارَةً أَوْ حَدِيدًا(٥٠)

تۆ پێیان بڵێ : ببنە بەرد یا ببن بە ئاسن ،

أَوْ خَلْقًا مِّمَّا يَكْبُرُ فِي صُدُورِكُمْ فَسَيَقُولُونَ مَنْ يُعِيـــدُنَا قُلِ الَّذِي فَطَرَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ فَسَيُنْغِضُونَ إِلَيْكَ رُءُوسَهُمْ وَيَقُولُونَ مَتَى هُوَ قُلْ عَسَى أَنْ يَكُونَ قَرِيبًا(٥١)

یا ببنە شتێکیتر لە مەخلووقاتی خوا کە بە هێزترو گەورەتر بێ ، بە هەرچی ببن خودا دەسەڵاتی هەیە زیندووتان بکاتەوە . دوایی ئەڵێن کێ دروستمان ئەکاتەوە ؟ بڵێ ئەو کەسە کە یەکەم جار دروستی کردن . جا بە گاڵتەکردنەوە سەر با ئەدەن و ئەڵێن کەی دروستمان ئەکاتەوە ؟ بڵێ لەوانەیە نزیك بێ ، بێگومان هەر دێتەجێو ،

دوور لای خودا نزیکە .

يَوْمَ يَدْعُوكُمْ فَتَسْتَجِيبُونَ بِحَمْدِهِ وَتَظُنُّونَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلاَّ قَلِيلاً(٥٢)

لە ڕۆژێکدا کە بانگتان ئەکات بۆ حەشرو حیساب و ،ئێوە بەگوێی ئەکەن و بەدەنگیەوە دێن و، حەمدو سەناو ستایشی ئەکەن لەسەر توان و دەستەلاتی. لەوڕۆژەدا گومان وا ئەبەن کە ماوەیێکی کەم نەبێ لە ژیانی دنیادا نەماونەتەوە .

وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُواْ الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلْإِنسَانِ عَدُوًّا مُّبِينًا(٥٣)

بە بەندە موسوڵمانەکانم بڵێ لە کاتی موجادەلە لەگەڵ کافرەکاندا جوانترین قسە بکەن و بە زبری لەگەڵیان مەدوێن تا نەبێتە مایەی ئاشووب. ئەوان شەیتان هانیان ئەدا بۆ ئاژاوەو لەوانەیە قسەی زبر ئەنجامی باش نەبێ و زیاتر بەرەو عەنادو سەرکێشییان بەرێ. بەڕاستی شەیتان دوژمنێکی ئاشکرای ئادەمیزادە .

رَّبُّكُمْ أَعْلَمُ بِكُمْ إِن يَشَأْ يَرْحَمْكُمْ أَوْ إِن يَشَأْ يُعَذِّبْكُمْ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ وَكِيلاً(٥٤)

پێیان بڵێن خودا زاناترە بە حاڵی ئێوەو بەوەی لە دڵتاندایە. ئەگەر بیەوێ ڕەحمتان پێ ئەکات و ئەگەر بیشیەوێ سزاتان ئەدات . ئێمە تۆمان نەناردووە کە وەکیلی ئەوان بی و بەزۆر ئیمانیان پێ بهێنی ، تۆ تەنها مژدەدەرو ترسێنەری .

وَرَبُّكَ أَعْلَمُ بِمَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَقَدْ فَضَّلْنَا بَعْضَ النَّبِيِّينَ عَلَى بَعْضٍ وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُورًا(٥٥)

خودای تۆ زاناترە بەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن و ، چاکتر ئەزانێ کێ بۆ پێغەمبەری ئەشێ. هەروەها هەندێ لە پێغەمبەرانمان فەزڵ داوە بەسەر هەندێکیتریانداو داوودمان بەوە گەورە کرد کە زەبوورمان بۆ ناردو لەو زەبوورەی ئەویشدا باسی پیرۆزیی ئایینی ئیسلام و گەورەیی حەزرەتی (محمد) کراوە (ولقد كتبنا في الزبور من بعد الذكر ان الارض يرثها عبادى الصالحون).مەبەست لەو بەندە چاکانەیش پێغەمبەرو ئوممەتی ئیسلامە .

قُلِ ادْعُواْ الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِ فَلاَ يَمْلِكُونَ كَشْفَ الضُّرِّ عَنكُمْ وَلاَ تَحْوِيلاً (٥٦)

پێیان بڵێ ئادەی بانگ لەوانە بکەن کە غەیری خودای پەروەردگار بە خودای خۆتانیان ئەزانن ، وەك فریشتەو عیساو عوزەیر ، بزانن هیچتان بۆ ئەکەن ؟ ئەوانە ناتوانن بەلاو ناخۆشیتان لێ لادەن، یا بیدەن بەسەر کۆمەڵێکیتردا . ئەمە تەنها خودای تاك و تەنیا ئەتوانێ بیکا.

أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا(٥٧)

ئەوانەی ئەو کافرانە بانگیان لێ ئەکەن تا بەهاواریانەوە بێن و فریایان بکەون ،کامیان بە خوداپەرستیو لە خودا ترسان لێیەوە نزیکترن ، بۆخۆیان لە هۆیەك ئەگەڕێن پێی نزیك ببنەوە لێیو، بە تەمای میهرەبانینیو لە سزای ئەترسن. ئیتر چۆن ئێوە هاوار ئەکەنە ئەوانە؟! بەڕاستی سزای خودا شتێکی سەختەو شایانی ئەوەیە هەموو کەس لێی بترسێ.

وَإِن مِّنْ قَرْيَةٍ إِلاَّ نَحْنُ مُهْلِكُوهَا قَبْلَ يَوْمِ الْقِيَامَةِ أَوْ مُعَذِّبُوهَا عَذَابًا شَدِيدًا كَانَ ذَلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا(٥٨)

هەرچی ئاوەدانییەك هەیە ئێمە پێش ڕۆژی قیامەت وێرانی ئەکەین یا سزایێکی سەختی بەسەردا ئەدەین، ئەمە لە(لوح المحفوظ)دا نووسراوە.

وَمَا مَنَعَنَا أَن نُّرْسِلَ بِالآيَاتِ إِلاَّ أَن كَذَّبَ بِهَا الأَوَّلُونَ وَآتَيْنَا ثَمُودَ النَّاقَةَ مُبْصِرَةً فَظَلَمُواْ بِهَا وَمَا نُرْسِلُ بِالآيَاتِ إِلاَّ تَخْوِيفًا(٥٩)

ئێمە بۆیە ئەو موعجیزانە نانێرین کە قورەیش داوایان ئەکەن چونکە ناردنمان بۆ قەومەکانی پێش ئەمان و باوەڕیان پێ نەکردن و ئەنجام ئەوەبوو لەناومان بردن. ئەگەر بۆ ئەمانیشی بنێرین و باوەڕی پێ نەکەن ئەبێ بیانفەوتێنین و بنەبڕیان بکەین. ئێمەیش نامانەوێ بیانفەوتێنین. یەکێ لەو قەومانە کە موعجیزەمان بۆ ناردن قەومی سەموود بوو کە وشترێکمان لەسەر داواکردنی خۆیان بۆ ناردن ببێ بە هۆی تێگەیشتنی خاوەن عەقلان، کەچی ستەمیان لێ کردو بە زیندوویی چوارپەلیان بڕییەوە. ئێمە بۆیە ئەو موعجیزانە ئەنێرین لە ناردنی عەزاب بترسن و باوەڕی پێبکەن و عادەتمان وا کردووە ئەگەر باوەڕی پێنەکەن لەناویان ببەین و کەسیان نەهێڵین. لەبەرئەوە بۆیان نانێرین، لەناویان نەبەین.

وَإِذْ قُلْنَا لَكَ إِنَّ رَبَّكَ أَحَاطَ بِالنَّاسِ وَمَا جَعَلْنَا الرُّؤيَا الَّتِي أَرَيْنَاكَ إِلاَّ فِتْنَةً لِّلنَّاسِ وَالشَّجَرَةَ الْمَلْعُونَةَ فِي القُرْآنِ وَنُخَوِّفُهُمْ فَمَا يَزِيدُهُمْ إِلاَّ طُغْيَانًا كَبِيرًا(٦٠)

یادی ئەوە بکە کە وەحیمان بۆ کردی بەڕاستی خودای تۆ

دەوری کافرەکانی داوەو لە دەستی دەرناچن .ئەوخەوەیش پێشانمان دای کە ئەوە بوو ئەچیتە ناو مەککەوە ، بۆ بەراوردکردنی موسوڵمان و ناموسوڵمان بوو . دیارە خەوی پێغەمبەران ڕاستەو زوو بێ یا درەنگ هەر دێتەدی . هەروەها بای دارە لەعنەتییەکە کە ناوی زەققوومە، بوو بە هۆی تاقی کردنەوەیان . دیارە ئینسانی موسوڵمان باوەڕی بەوە هەیە کە بۆ توانی خودا فەرقی ئاووخاك و ئاگر نییەو ، لە هەر شوێنێ مەیلی لێ بێ ئەیڕوێنێ ، بەڵام کافرەکان باوەڕی پێ ناکەن . ئێمە بە هەموو جۆرێ ئەو کافرانە ئەترسێنین ، بەڵام ئەوترساندنە هەر سەرکەشیو لەخۆباییبوونیان زیاد ئەکات .

وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلاَئِكَةِ اسْجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إَلاَّ إِبْلِيسَ قَالَ ءَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا(٦١)

یادی ئەوە بکە کە بە مەلائیکەکانمان وت سوجدە بەرن بۆ ئادەم ، هەموو سوجدەیان بۆ برد ئیبلیس (شەیتان) نەبێ کە وتی : من سوجدە بەرم بۆ یەکێ کە لە قوڕت دروست کردووە ؟ !

قَالَ أَرَأَيْتَكَ هَذَا الَّذِي كَرَّمْتَ عَلَيَّ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُ إِلاَّ قَلِيلاً(٦٢)

هەروەها وتی ئاگادارمکە دەربارەی ئەو کەسەی گەورەت کردووە بەسەرمنداو فەرمانم پێئەدەی سوجدەی بۆ بەرم ، بۆچی گەورەت کردووە بەسەر مندا ؟! ئەگەر دوام بخەیت و مۆڵەتم بدەی تا ڕۆژی قیامەت ، هەرچی نەتەوەی ئەوکەسە هەیە ، کەمێکیان نەبێ ، بە گومڕاکردن، لە ڕەگ و ریشەیان دەرئەهێنم .

قَالَ اذْهَبْ فَمَنْ تَبِعَكَ مِنْهُمْ فَإِنَّ جَهَنَّمَ جَزَاؤُكُمْ جَزَاءً مَّوْفُوراً(٦٣)

خودا یش فەرمووی دە برۆ ، مۆڵەتت بێ. هەرکەس لەوان دوای تۆ بکەوێ ئەوا دۆزەخ پاداشتانە پاداشێکی وا حەقی خۆیان بۆ تەواو بکا.

وَاسْتَفْزِزْ مَنِ اسْتَطَعْتَ مِنْهُمْ بِصَوْتِكَ وَأَجْلِبْ عَلَيْهِم بِخَيْلِكَ وَرَجِلِكَ وَشَارِكْهُمْ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلادِ وَعِدْهُمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلاَّ غُرُوراً(٦٤)

هەرکەست پێ بکرێ لەوان ، بە بانگ کردنی بۆ کردەوەی خراپ سووکی بکە .بە سوارەو پیادەتەوە پەلاماریان بدە. هەموو هێزێکت بۆ هەڵخەڵەتاندنیان بخەرەکار . لە ماڵی حەرام و ئەولادی حەرامدا هاوبەشیان بە. بە درۆو دەلەسە بەڵێنیان بدەرێ . بەڵێنی شەیتان تەنها بەوەیە کە کاری خراپ و ڕەوشتی ناشیرینیان لە بەرچاو جوان بکات .

إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ وَكَفَى بِرَبِّكَ وَكِيلاً(٦٥)

ئەوانەی بەندەی منن و من ئەپەرستن تۆ دەستت بە سەریاندا ناڕوات. ئەوان خودایان بەسە کە پشتی پێ ببەستن و پەنای پێ بگرن لە تۆ.

رَبُّكُمُ الَّذِي يُزْجِي لَكُمُ الْفُلْكَ فِي الْبَحْرِ لِتَبْتَغُواْ مِنْ فَضْلِهِ إِنَّهُ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا(٦٦)

خودای ئێوە ئەو خودایە کەشتیتان لە دەریادا بۆ بەڕێوەئەبات تا بگەڕێن و لە لوتفی خودا شتومەکتان دەست بکەوێو قازانج بکەن . بەڕاستی خودا میهرەبانە لە گەڵتان .

وَإِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَنْ تَدْعُونَ إِلاَّ إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى

الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ وَكَانَ الْإِنْسَانُ كَفُوراً(٦٧)

کاتێ لە ناو دەریادا تووشی ناڕەحەتی ئەبن ، ئەوانەی هاواریان لێ ئەکەن هەموو ون ئەبن و لەیادتان ئەچن چونکە ئەزانن هیچیان لەبارەدا نی‌یەو هیچیان پێناکرێ خودا خۆی نەبێ. جا کە خودا ڕزگاری کردن و گەیاندنیە وشکانی، پشتی لێ هەڵئەکەن و موبالاتی پێ ناکەن و لێی ناپاڕێنەوەو ئەکەونەوە پاڕانەوە لە بتە هیچوپووچەکانتان. بەڕاستی ئینسان ناشوکرە بە نیعمەتی خوداو باوەڕی پێی نی‌یە .

أَفَأَمِنتُمْ أَنْ يَخْسِفَ بِكُمْ جَانِبَ الْبَرِّ أَوْ يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا ثُمَّ لاَ تَجِدُواْ لَكُمْ وَكِيلاً(٦٨)

بۆ وائەکەن و بۆ وائەزانن خوا هەر لە دەریادا ئەتوانێ غەزەبتان لێ بگرێ ؟ ئایا ئێوە لەوە ناترسن لە وشکانیشدا بتانبات بە ناخی زەویداو بیتەپێنێ بەسەرتاندا ؟ یا لەوە ناترسن بایەك بنێرێتە سەرتان بەردەبارانتان بکات و، کەستان دەست نەکەوێ بتانپارێزێو ڕزگارتان بکات لێی ؟

أَمْ أَمِنتُمْ أَنْ يُعِيدَكُمْ فِيهِ تَارَةً أُخْرَى فَيُرْسِلَ عَلَيْكُمْ قَاصِفًا مِّنَ الرِّيحِ فَيُغْرِقَكُمْ بِمَا كَفَرْتُمْ ثُمَّ لاَ تَجِدُواْ لَكُمْ عَلَيْنَا بِهِ تَبِيعًا(٦٩)

یا ناترسن لەوەی جارێکی‌تر خوا بەهۆی پێویستییەکەوە یا بۆ کارێکی‌تر، بتانگێڕێتەوە بۆ ناودەریاو سواری کەشتی ببنەوەو، بەهۆی کوفرتان یان ناشوکریتانەوە بایەکی توندی تێکشکێنتان بنێرێتە سەرو نوقمتان بکات و ، ئیتر کەستان دەست نەکەوێت دوای ئێمە بکەوێو داوای ڕزگارکردنتان بکات لێمان ؟

وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً(٧٠)

بەڕاستى ئێمە قەدرى ئادەمزادمان گرتووە بە ديمەنى جوان و سروشتى چاك و بالاّى ڕێكوپێك و هێزى تێگەياندن بە قسەو نووسين و ئيشارە كردن و بە هۆش و فام و شارەزا كردنى ڕيگەى ژيان و دەست بەسەر زەويدا گرتن و پيشاندانى ڕێگاى چاكەو خراپەو بە گەلێ نيعمەتى‌تر كە لە ژماردن نايەن. لە وشكانيدا بەسەر ولاّخەوە، لە دەريادا لەناو كەشتيدا هەڵمانگرتوون . ڕۆزيى پاك و پوختەمان پێ داون، چ ئەوەى خۆيان ئامادەى ئەكەن و چ ئەوەى بۆيان ئامادە كراوە. هەروەها گەورەمان كردوون بە گەورەكردن بەسەر زۆر شتدا لەوانەى دروستمان كردوون .

يَوْمَ نَدْعُوا كُلَّ أُنَاسٍ بِإِمَامِهِمْ فَمَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ فَأُوْلَئِكَ يَقْرَءُونَ كِتَابَهُمْ وَلاَ يُظْلَمُونَ فَتِيلاً(٧١)

يادى ڕۆژێ بكە كە لەو ڕۆژەدا هەر تاقمێ بە ناوى پێشەواى خۆيانەوە بانگ ئەكەين . جا لەو ڕۆژەدا هەركەسێ نامەى خۆيان بە شادمانييەوە ئەخوێننەوە وئەوەندەى توزقاڵێ ستەميان لێ ناكرێ .

وَمَنْ كَانَ فِي هَذِهِ أَعْمَى فَهُوَ فِي الآخِرَةِ أَعْمَى وَأَضَلُّ سَبِيلاً(٧٢)

هەركەسێكيش لەم دنيادا كوێر بێ و چاوى ڕێگەى ڕاست نەبينێ، ئەوە لە پاشەڕۆژيشدا هەر كوێرەو گومڕاترەو ڕێگە بە بەهەشت نابات.

وَإِنْ كَادُوا لَيَفْتِنُونَكَ عَنِ الَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ لِتَفْتَرِيَ عَلَيْنَا غَيْرَهُ وَإِذًا لاَتَّخَذُوكَ خَلِيلاً(٧٣)

بەڕاستی نزیك بوو، خودا نەخواستە ، ئەو كافرانە لات بدەن لە كەوتنە شوێنی ئەوەی وەحیمان كردووە بۆت تا غەیری ئەوەمان لێ نیسبەت بدەی، جا ئەوكاتە ئەیانكردی بە دۆستی خۆیان .

وَلَوْلاَ أَن ثَبَّتْنَاكَ لَقَدْ كِدتَّ تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْئًا قَلِيلاً(٧٤)

ئەگەر بە میهرەبانیی خۆمان دڵمان لەسەر حەق قایم نەكردیتایە لەوانەبوو كەمێك مەیل بكەی بە لای ئەواندا .

إِذًا لَّأَذَقْنَاكَ ضِعْفَ الْحَيَاةِ وَضِعْفَ الْمَمَاتِ ثُمَّ لاَ تَجِدُ لَكَ عَلَيْنَا نَصِيرًا(٧٥)

جا ئەگەر وا بوایەو نزیكیان ببوویتایەتەوە، سزای ژیان و سزای مردن، سزای دنیاو سزای قیامەتمان، دووقاتی خەڵكیتر، دەرخوارد ئەدایت ، چونكە تۆ گەورەیت وگوناهی گەورەیش لە گوناهی خەڵكیتر گەورەترە. ئەوكاتە كەست دەست نەئەكەوت یارمەتیت بدات و سزات لێ لادات.

وَإِن كَادُواْ لَيَسْتَفِزُّونَكَ مِنَ الأَرْضِ لِيُخْرِجُوكَ مِنْهَا وَإِذًا لاَّ يَلْبَثُونَ خِلافَكَ إِلاَّ قَلِيلاً(٧٦)

بەڕاستی نزیك بوو ئەهلی مەككە نارەحەتت كەن تا لە خاكی مەككە دەرت كەن . جا ئەگەر دەرچوویتایە، ئەوان پاش تۆ ماوەیێكی كەم نەبێ نەئەمانەوە . ئەوەبوو كە پێغەمبەر (د.خ) لە مەككە دەرچوو ئەوەندەی نەبرد غەزای بەدر ڕوویداو كافرەكانی مەككە زۆریان لێ كوژراو سوپاكەیان شكا .

سُنَّةَ مَن قَدْ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِن رُّسُلِنَا وَلاَ تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلاً(٧٧)

ئەمە یاسایەكە ئێمە دامانناوە دەربارەی ئەو پێغەمبەرانەی پێش تۆ

نـــاردوومـــانن کـــه هـــه‌ر قـــه‌ومیّ پێغه‌مبه‌ره‌که‌یان ده‌رکردبیّ له‌ناومان بردوون . بیّ‌گومان یاسای خودا گۆڕانی بۆ نی‌یه .

أَقِمِ الصَّلاَةَ لِدُلُوكِ الشَّمْسِ إِلَى غَسَقِ اللَّيْلِ وَقُرْآنَ الْفَجْرِ إِنَّ قُرْآنَ الْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا(٧٨)

نوێژه‌کانت ڕاگــره‌و بیانکه هـــه‌ر لـــه لادانی خۆره‌وه له ناوه‌ڕاستی ئاسمان تا تاریکایی شه‌و دادیّ ، واته : نوێژه‌کانی نیوه ڕۆو عـــه‌سرو مه‌غریب و عیشا . هه‌روه‌ها نوێژی به‌یانی بکه ، بـه‌ڕاستی فریشته کانی شه‌وو ڕۆژ ئاگایان له نوێژی به‌یانیانه .

وَمِــنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِــهِ نَافِلَةً لَّــكَ عَسَى أَن يَبْعَثَكَ رَبُّــكَ مَقَــامًا مَّحْمُودًا(٧٩)

لـه هـه‌ندیّ کـاتی شه‌ودا واز لـه خـه‌و بێنه‌و شـه‌ونوێژ بکه . ئه‌م شه‌ونوێژه بـه‌تـایبه‌تی لــه‌سه‌ر تـۆ فـه‌رزکراوه‌و زیـاده پاداشی تێدایه بۆت . ڕجا وایه به‌هۆی ئـه‌م خودا په‌رستییانه‌وه خودا به‌رزت بکاته‌وه بۆ پایه‌یێکی باشی ستایش کراو .

وَقُل رَّبِّ أَدْخِلْنِي مُدْخَلَ صِدْقٍ وَأَخْرِجْنِي مُخْرَجَ صِدْقٍ وَاجْعَل لِّي مِن لَّدُنْكَ سُلْطَانًا نَّصِيرًا(٨٠)

تـۆ بڵیّ : ئـه‌ی خـوای پـه‌روه‌ردگـار ! به‌جۆرێکی باش بمخه‌ره ناو قـه‌بـرو ، بـه‌جـۆرێـکی بـاشیش لـه قـه‌بـرم ده‌رکـه بـۆ حـه‌شـرو ، یارمه‌تیده‌رێکی به‌هێزم لای خۆته‌وه بۆ بنێره .

وَقُلْ جَاءَ الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا(٨١)

هه‌روه‌ها بڵیّ : حـه‌ق کـه ئـایینی ئیسلامه هات و به‌تالّ که کوفره

لەناوچوو. بێگومان شتی پووچ و بێمایە خۆی ناگرێو لە ناو ئەچێ.

وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إِلاَّ خَسَاراً(٨٢)

ئێمە لە ئایەتی قورئان ئایەتیوا نازڵ ئەکەین کە شیفایەو ڕزگارییە لە نەخۆشیی مایەیی‌و مەعنەوی بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە خودا هەیە، بەڵام قورئان هیچ بۆ ستەمکاران زیاد ناکات زیان نەبێ.

وَإِذَا أَنْعَمْنَا عَلَى الإِنسَانِ أَعْرَضَ وَنَأَى بِجَانِبِهِ وَإِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ كَانَ يَئُوساً(٨٣)

کە نیعمەت ئەدەین بە ئینسان و، لەش ساغ و دەوڵەمەندی ئەکەین، ڕوولە ناوی خودا وەرئەچەرخێنیو خۆی بە زل ئەزانیو لە خودا دوور ئەکەوێتەوە. کە تووشی ناڕەحەتییەکیش ئەبێ، نەخۆش ئەکەوێ یا هەژار ئەبێ. ناهومێدی لە ڕەحمەتی فراوانی خودا دائەگرێو هیوای ئەبڕێ.

قُلْ كُلٌّ يَعْمَلُ عَلَى شَاكِلَتِهِ فَرَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَنْ هُوَ أَهْدَى سَبِيلاً(٨٤)

تۆ بڵێ: هەرکەس لەسەر ڕەوشت و مەزاج و عادەتی خۆی ئیش ئەکات و ئەجووڵێتەوە، جا خودای ئێوە باشتر ئەزانێ کێ ڕێگای ڕاستی باشتر گرتووە.

وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّنَ الْعِلْمِ إِلاَّ قَلِيلاً(٨٥)

لەبارەی ڕۆحەوە لێت ئەپرسن کە چییە؟ بڵێ: ڕۆح لەو مەخلووقانەیە کە بە ئەمرو فەرمانی خودای من پەیدا بوون و، هەر

خــودا خــۆی ئــەزانێ چییە . ئێوە ئەندازەییێکی کەم نەبێ زانیاریتان پێنەدراوە ، دیارە عەقڵی ماددیی کەموکووڕی ئێوە پــەی بــە شتی نامەحدوود ناباو نایزانێ .

وَلَئِنْ شِئْنَا لَنَذْهَبَنَّ بِالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ ثُمَّ لاَ تَجِدُ لَكَ بِهِ عَلَيْنَا وَكِيلاً(٨٦)

ئەگەر بمانویستایە ئەو قورئانـەمـان کـە وەحیمان کردووە بۆ تۆ لە سینە و لەسەر لاپەڕەکان مەحو ئەکردەوە ، ئەوکاتە کەسێکت دەست نەئەکەوت لەجیاتیی ئێمە بۆت بگەڕێنێتەوە .

إِلاَّ رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ إِنَّ فَضْلَهُ كَانَ عَلَيْكَ كَبِيرًا(٨٧)

بەلام خودا بەمیهرەبانیی خۆی لای نەبرد . بەڕاستی فەضڵ و چاکەی خودا بەسەر تۆوە گەورەیە .

قُـلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُواْ بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لاَ يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا(٨٨)

تۆ بڵێ ئەگەر هەموو ئینسان و جینن کۆببنەوە بۆئەوەی وێنەی ئەم قورئــانــە بێنن نـاتوانن وێنەی بێنن هــەرچەند لەناو خۆیشیاندا پشتی یەکتر بگرن .

وَلَقَدْ صَرَّفْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْآنِ مِنْ كُلِّ مَثَلٍ فَأَبَى أَكْثَرُ النَّاسِ إِلاَّ كُفُورًا(٨٩)

بەڕاستی ئێمە لەم قورئانەدا هەموو جۆرە نموونەو ڕووداوێکی سەیرو عەجایەبمان بۆ خەڵك هێناوەتەوە تا بیربکەنەوەو ئیمان بهێنن ، کــەچی بەشی زۆری ئادەمزاد لە کافری بەولاوە ڕێگایەکی‌تریان ئیختیار نەکرد.

وَقَالُوا لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّى تَفْجُرَ لَنَا مِنَ الْأَرْضِ يَنبُوعًا(٩٠)

وتیان: تا کانییەکمان لە زەوی بۆ هەڵنەقوڵێنی، باوەڕت پێ ناکەین و ئیمانت پێ ناهێنین.

أَوْ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَعِنَبٍ فَتُفَجِّرَ الْأَنْهَارَ خِلَالَهَا تَفْجِيرًا(٩١)

یا ئەبێ باغێکی دارخورماو دارمێوت هەبێ چەند جۆگای بەناودا بتەقێنی بە تەقاندن.

أَوْ تُسْقِطَ السَّمَاءَ كَمَا زَعَمْتَ عَلَيْنَا كِسَفًا أَوْ تَأْتِيَ بِاللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ قَبِيلًا(٩٢)

یا وەك خۆت ئەڵێیت پارچە پارچە ئاسمان بدەیت بەسەرماندا ، یا خوداو فریشتەکان بێنیتە سەرمان کە شاهید بن لەسەر ڕاستیی قسەکانت.

أَوْ يَكُونَ لَكَ بَيْتٌ مِّن زُخْرُفٍ أَوْ تَرْقَى فِي السَّمَاءِ وَلَن نُّؤْمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّى تُنَزِّلَ عَلَيْنَا كِتَابًا نَّقْرَؤُهُ قُلْ سُبْحَانَ رَبِّي هَلْ كُنتُ إِلَّا بَشَرًا رَّسُولًا(٩٣)

یا خانوویێکی ئاڵتوونت هەبێ، یا بەرز بیتەوە بۆ ئاسمان و، لەگەڵ ئەوەیشدا تا کتێبێکمان بۆ نەهێنی بیخوێنینەوە تیا نووسرابێ بەرزبوویتەوە، باوەڕ بە بەرزبوونەوەکەت ناکەین. تۆیش بڵێ: پاکی و بێخەوشی بۆ خودای منە. ئێوە چۆن داوای شتی وەها لە من ئەکەن؟ بۆ من لە بنیادەمێکی فروستادەی خوا بەولاوە هیچ هەم؟ واتە: من مرۆیەکم توانم کەموکورت و سنووردارە، چۆن ئەتوانم ئەم

شتانە بکەم ؟

وَمَا مَنَعَ النَّاسَ أَنْ يُؤْمِنُواْ إِذْ جَاءَهُمْ الْهُدَى إِلاَّ أَنْ قَالُواْ أَبَعَثَ اللَّهُ بَشَرًا رَّسُولاً(٩٤)

هیچ شتیٚ مانیعی ئەو خەڵکە نەبوو پاش هاتنی قورئان و دەرکەوتی حەق ئیمان بهێنن ئەوە نــەبیٚ کە ئەیانوت ئایا خودا ئادەمزادیکی بە فروستادەیی ناردووە ؟

قُل لَّوْ كَانَ فِي الأَرْضِ مَلائِكَةٌ يَمْشُونَ مُطْمَئِنِّيــنَ لَنَزَّلْنَا عَلَيْهِم مِّنَ السَّمَاءِ مَلَكًا رَّسُولاً(٩٥)

تۆ بڵیٚ بەو کافرانە ئەگەر لە ئەرزا مەلائیکە ببوونایە بە نیشتەجێیی بڕۆیشتنایە بــەسەر زەویداو وەکــو ئــادەمیزاد لــەویٚ بژیانــایە ، لــە ئــاسمانــەوە مــەلائیکەمــان ڕەوانە ئەکرد بۆ سەریان بە پێغەمبەری ، چونکە پێغەمبەر ئــەبیٚ لــە نــەوعی ئــەوانە بیٚ کە ڕەوانە ئەکریٚ بۆ سەریان . دەی مــادام ئێوە ئــادەمیزادن پێویستە ئــادەمیزادیش بێت بۆلاتان، ئیتر بۆچی داوای هاتنی مەلائیکە ئەکەن کە لە غەیری جینسی خۆتانە ؟

قُــلْ كَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ إِنَّــهُ كَـــانَ بِعِبَـــادِهِ خَبِيرًا بَصِيرًا(٩٦)

بڵیٚ خودا بەسە بــۆ شاهیدی لەنێوان من و ئێوەدا . خودا ئاگادارو بینایە بە حاڵی بەندەکانی خۆی .

وَمَــنْ يَهْدِ اللَّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ أَوْلِيَاءَ مِــنْ دُونِهِ وَنَحْشُرُهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى وُجُوهِهِمْ عُمْيًا وَبُكْمًا وَصُمًّا

مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ كُلَّمَا خَبَتْ زِدْنَاهُمْ سَعِيرًا(٩٧)

هەرکەس خودا هیدایەتی بدا ئەوکەسە شارەزای ڕێگای ڕزگاری بووەو ، هەرکەسیش خودا گومڕای بکات ئەو جۆرەکەسانە دۆستی وەهایان نابێ سوودیان بۆیان هەبێ‌و ، لە ڕۆژی قیامەتا لەپەوڕوو حەشریان ئەکەین‌و بە کوێری‌و کەڕو لاڵی بەکێشیان ئەکەین‌و جێگایان دۆزەخە ، هەرچەند بڵێسەی دامرکێتەوە ئێمە گڕەکەی زیاد ئەکەین.

ذَلِكَ جَزَاؤُهُمْ بِأَنَّهُمْ كَفَرُواْ بِآيَاتِنَا وَقَالُواْ أَئِذَا كُنَّا عِظَامًا وَرُفَاتًا أَئِنَّا لَمَبْعُوثُونَ خَلْقًا جَدِيدًا(٩٨)

ئەمە سزای ئەوانە چونکە باوەڕیان بە ئایەتەکانمان نەئەکردو ئەیانوت ئایا ئەگەر ئێمە مردین‌و بووین بە ئێسقان‌و ڕزین، ئایا تازە ئێمە بە دروست کردنێکی نوێ زیندوو ئەکرێینەوە ؟

أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ قَادِرٌ عَلَى أَنْ يَخْلُقَ مِثْلَهُمْ وَجَعَلَ لَهُمْ أَجَلاً لاَّ رَيْبَ فِيهِ فَأَبَى الظَّالِمُونَ إِلاَّ كُفُورًا(٩٩)

ئایا نازانن ئەوخودا توانایە کە ئاسمانەکان‌و زەویی دروست کردووە ئەتوانێ وێنەی ئەوانیش دروست بکاتەوەو ماوەیێکی بۆ مانەوەیان لە دنیاداو بۆ مردنیان‌و بۆ زیندوو کردنەوەیان داناوە هیچ گومانی تێدا نی‌یە ؟ بەلاَم ستەمکارەکان لەگەڵ ئاشکرایی ئەم ڕاستییەیشدا لە کافری بەولاوە هیچ ناکەن‌و هیچیان ناوێ .

قُل لَّوْ أَنتُمْ تَمْلِكُونَ خَزَائِنَ رَحْمَةِ رَبِّي إِذًا لَّأَمْسَكْتُمْ خَشْيَةَ الْإِنفَاقِ وَكَانَ الْإِنسَانُ قَتُورًا(١٠٠)

تۆ پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە خاوەنی گەنجینەکانی ڕەحمەتی خودای من بوونایە، لە ترسی تەواوبوونی هیچتان بە کەس نەئەدا. ئادەمزاد هەر لە بنەڕەتەوە ڕژدو دەست نووقاوە.

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى تِسْعَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ فَاسْأَلْ بَنِي إِسْرَائِيلَ إِذْ جَاءَهُمْ فَقَالَ لَهُ فِرْعَوْنُ إِنِّي لَأَظُنُّكَ يَا مُوسَى مَسْحُورًا(١٠١)

بەڕاستی ئێمە نۆ موعجیزەی ئاشکرامان دا بە مووسا کە هەموو دەلیل بوون لەسەر دەستەڵاتی خودا. ئەو نۆ موعجیزەیەش بریتی بوون لە عاساو، دەستی وەك چرا هەڵگیرساوو، بەرزکردنەوەی کێوی طوورو، لەت بوونی دەریاو، چەند ساڵێ قاتیوقڕیو بێڕزقیو، هێرشی ئەسپێ بۆ سەرعەماری ڕزقو بۆ سەر لەشیانو، هێرشی بۆق بۆ سەر خۆراکیانو، خوێن لەسەر نانو خوانیانو دەرهاتنی ئاو لە بەردەوە. دەی هەواڵی ئەوە لە بەنیئیسرائیلییەکان بپرسە کە مووسا هات بۆلایانو، فیرعەون وتی: ئەی مووسا تۆ پیاوێکی جادوولێکراوی.

قَالَ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا أَنزَلَ هَؤُلاءِ إِلاَّ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ بَصَائِرَ وَإِنِّي لَأَظُنُّكَ يَا فِرْعَوْنُ مَثْبُورًا(١٠٢)

مووسایش وتی: تۆ خۆت ئەزانی کەس ئەو موعجیزانەی نەناردووە خودا نەبێ کە ئەو موعجیزانەیش دەلیلن لەسەر ڕاستیی قسەی من. من بەڕاستی لاموایە تۆ لە ڕێی ڕاست لادراویو تەبیعەتت لەسەر شەڕ خوڵقاوە.

فَأَرَادَ أَنْ يَسْتَفِزَّهُم مِّنَ الْأَرْضِ فَأَغْرَقْنَاهُ وَمَن مَّعَهُ جَمِيعًا(١٠٣)

جا فیرعەون ویستی بەنیئیسرائیلییەکان سووكو بێنرخ بکاتو لە

میسریان دەربکات. ئێمەیش فیرعەون و ئەوانەی لەگەڵیا بوون هەموومان نوقم کردن و لەناومان بردن.

وَقُلْنَا مِنْ بَعْدِهِ لِبَنِي إِسْرَائِيلَ اسْكُنُواْ الْأَرْضَ فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ الْآخِرَةِ جِئْنَا بِكُمْ لَفِيفًا(١٠٤)

پاش نقوم کردنی فیرعەون و ئەوانەی لەگەڵیا بوون، بە بەنی ئیسرائیلییەکانمان وت: لەو ئەرزەدا دانیشن کە فیرعەون ویستی دەرتان کا لێی. کە وادەی ڕۆژی قیامەتیش هات، هەمووتان حازر ئەکەین، ئێوەیش و ئەوانیش و، موحاکەمەتان ئەکەین و بەختیارو بەدبەخت لە یەك جیا ئەکەینەوە.

وَبِالْحَقِّ أَنزَلْنَاهُ وَبِالْحَقِّ نَزَلَ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا(١٠٥)

ئێمە ئەم قورئانەمان بە حەق نازڵ کردووە کە هەر ئەبوو وا نازڵمان بکردایەو، بە حەق نازڵ بووە و پێویست بوو وا نازڵ ببێ، تۆیشمان نەناردووە بۆ ئەوە نەبێ مژدە بە گوێگر بدەیت و ئەوانە بترسێنی کە گوێ ناگرن.

وَقُرْآنًا فَرَقْنَاهُ لِتَقْرَأَهُ عَلَى النَّاسِ عَلَى مُكْثٍ وَنَزَّلْنَاهُ تَنزِيلاً(١٠٦)

ئێمە ئەم قورئانەمان بەش بەش ناردوەتە خوارەوە تا بە شێنەیی و لەسەرخۆ بۆ خەڵکی بخوێنیتەوەو ئەوانیش بە ئاسانی تێیبگەن. ئێمە قورئانمان بە پێی ڕووداوەکان پارچە پارچە ناردوەتە خوارەوە.

قُلْ آمِنُواْ بِهِ أَوْ لاَ تُؤْمِنُواْ إِنَّ الَّذِينَ أُوتُواْ الْعِلْمَ مِنْ قَبْلِهِ إِذَا يُتْلَى عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلأَذْقَانِ سُجَّدًا(١٠٧)

پێیان بڵێ ئیمان بێنن بە قورئان یا ئیمانی پێ نەهێنن ، نە بە ئیمانەکەتان قورئان زیاد ئەکات و نە بە ئیمان نەهێنانتان کەم ئەکات، خەڵکی لە ئێوە چاکتر ئیمانیان پێ هێناوە لەوانەی کە کتێبە پێشووەکانیان خوێندووە تەوەو ڕاستیی وەحی ئەزانن و فەرق لە بەینی حەق و ناحەقدا ئەکەن ، کاتێ کە قورئانیان بەسەردا بخوێنرێتەوە بە ڕوودا ئەکەون و سوجدە بۆ خودا ئەبەن .

وَيَقُولُونَ سُبْحَانَ رَبِّنَا إِنْ كَانَ وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولاً(١٠٨)

ئەڵێن پاکی و بێعەیبی بۆ خودایە ، بەڕاستی وەعدەی خودای ئێمە ئەبێ بێتەجێ .

وَيَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا(١٠٩)

بە ڕوودا ئەکەون و ئەگرین و بیستنی قورئان ترسیان لە خودا زیاد ئەکات .

قُلِ ادْعُواْ اللَّهَ أَوِ ادْعُواْ الرَّحْمَنَ أَيًّا مَّا تَدْعُواْ فَلَهُ الأَسْمَاءُ الْحُسْنَى وَلاَ تَجْهَرْ بِصَلاَتِكَ وَلاَ تُخَافِتْ بِهَا وَابْتَغِ بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلاً(١١٠)

تۆ بڵێ بە (یاالله) بانگ بکەنە خوا یا بە (یارحمان) دروستەو هیچ مانیعێکی تێدا نییە ، هەردووکیان جوانن و خودا ناوی جوان جوانی هەیە کە بە (الاسماء الحسنى) ناسراون و لە هەموو ناوێ جوانترن . نوێژ بە دەنگی بەرز مەکە کە کافرەکان گوێیان لێ بێ و دەست بکەن بە جنێودان ، بە دەنگی نزمی وەهایش مەیکە کە تەنانەت خۆیشت نەیبیسی . لەنێوان ئەم دوو جۆرەدا ڕێگایەکی مامناوەندی نە بەرز و

نە نزم بگرە .

وَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي لَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَلَمْ يَكُن لَّهُ وَلِيٌّ مِنَ الذُّلِّ وَكَبِّرْهُ تَكْبِيرًا (١١١)

تۆ بلّێ سەناو ستایش بۆ ئەو خودایە نەوەی بۆ خۆی قەرار نەداوەو هاوبەش و هاوکاریشی نی‌یە لە تەسەڕوفدا ، هەروەها یارمەتیدەریشی ناوێ لەبەر کزبوون و داماوی ، چونکە هەرگیز کز نابێ تا پێویستی بە یارمەتیدەر بێ . بە گەورەی جیهانی دابنێ و بلّێ خوا لە هەموو گەورەیێ گەورەترە .

سوورەتی (الكهف)

مەککەیی‌یە تەنها ئایەتی ٣٨ و لە ئایەتی ٨٣وە نەبیٚ تا ئاخری ئایەتی ١٠١ و ، (١١٠) ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَنزَلَ عَلَى عَبْدِهِ الْكِتَابَ وَلَمْ يَجْعَل لَّهُ عِوَجاً(١)

سەناو ستایش بۆ خودای (واجب الوجود)ە کە قورئانی پیرۆزی نازلٚ کردووەتە سەر بەندەی خۆی کە پیٚغەمبەرەو، لەو قورئانەدا کە ناردوویەتی هیچ جۆرە لاریو نالەبارییەك نی‌یە چ لەلایەن وشەوەو چ لەلایەن واتاوەو لە هیچ شتیٚکدا لە حەقو ڕاستی لای‌نەداوە.

قَيِّمًا لِّيُنذِرَ بَأْسًا شَدِيدًا مِّن لَّدُنْهُ وَيُبَشِّرَ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا حَسَنًا(٢)

قورئانیٚکە ڕاستو ڕەوانو میانەڕەوەو بەرژەوەندیی بەندەگانی خودا ئەپاریٚزیٚ.. بۆ ئەوە نیٚرراوەتە خوار کافران و بیٚئیمانان لە سزای سەخت بترسیٚنیٚو، مژدەی دواڕۆژی باش و پاداشی چاك بەوانە بدات کە باوەڕیان بە خودا هەیەو کردەوەی چاك ئەکەن.

مَّاكِثِينَ فِيهِ أَبَدًا(٣)

کە هەتا هەتایە لەو خۆشییەدا ئەمیٚننەوە.

وَيُنذِرَ الَّذِينَ قَالُوا اتَّخَذَ اللَّهُ وَلَدًا(٤)

هەروەها بۆئەوە نیٚرراوەتە خوارەوە ئەوانە بترسیٚنیٚ لە سزای سەخت کە ئەلٚیٚن خودا کوڕی هەیە.

مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ وَلَا لِآبَائِهِمْ كَبُرَتْ كَلِمَةً تَخْرُجُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ إِنْ

يَقُولُونَ إِلاَّ كَذِبًا(٥)

نە خۆیان ئاگایان لەمە هەیەو نە باووباپیریان ئاگایان لێ بووە!. بوختانێکی زۆر گەورەیە لە دەمیان دەرئەچێ و قسەکەیان درۆو دەلەسە نەبێ هیچیتر نییە.

فَلَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَّفْسَكَ عَلَى آثَارِهِمْ إِن لَّمْ يُؤْمِنُوا بِهَذَا الْحَدِيثِ أَسَفًا(٦)

لەوانەیە تۆ خۆت بە خەمو خەفەت بفەوتێنی لە داخی ئەو کافرانە کە باوەڕ بەم قورئانە پیرۆزە ناکەن.

إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى الْأَرْضِ زِينَةً لَّهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً(٧)

بێگومان هەرچی لەسەر ڕووی زەوییە لە گیاو گوڵو گوڵزارو دارو درەختو جۆراوجۆری میوەو هەمووجۆرە سەوزاییەك، ئێمە کردوومانن بە هۆی جوانیو ئارایشتی زەوی، تا خەڵکی سەرزەوییان پێ تاقی بکەینەوەو بەراوردیان بکەین ئاخۆ کامیان کاری جوانترەو هەڵسوکەوتی ڕاسترەو، باشتر سوودی دینو دنیا لەو بەرهەمانە وەرئەگرێ؟

وَإِنَّا لَجَاعِلُونَ مَا عَلَيْهَا صَعِيدًا جُرُزًا(٨)

هەروەها پاش ئەو ئارایشتو جوانییە دەیکەینەوە بە زەوییەکی بێگیانو بێگیاو ڕووتوقووت.

أَمْ حَسِبْتَ أَنَّ أَصْحَابَ الْكَهْفِ وَالرَّقِيمِ كَانُوا مِنْ آيَاتِنَا عَجَبًا(٩)

ئایا تۆ گومان وا ئەبەی ڕاگرتنو هێشتنەوەی گیانی کۆمەڵی ئەصحابولکەهف شتێکی سەیرەو، لەچاو موعجیزەو نیشانە زۆرەکانی

خودادا مایەی سەرسوورمانە ؟

إِذْ أَوَى الْفِتْيَةُ إِلَى الْكَهْفِ فَقَالُواْ رَبَّنَا آتِنَا مِن لَّدُنْكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا(١٠)

لەوکاتەدا کە کۆمەڵێ گەنجی خاوەن ئیمان لە دەست جەورو ستەمی کافری زۆردار هەڵاتن و پەنایان بردە بەر ئەشکەوت و خۆیان شاردەوەو، لە خودای خۆیان پاڕانەوە وتیان: خودایا! لەلایەن خۆتەوە ڕەحمەتمان بدەرێ و لە گوناهمان ببوورێ و ڕۆزیمان بدەرێو لە فێڵ و زۆری دوژمن ڕزگارمان بکەو، لەم کارەدا کە لەسەرینی ڕێگای ڕاستمان پیشان بدە.

فَضَرَبْنَا عَلَى آذَانِهِمْ فِي الْكَهْفِ سِنِينَ عَدَدًا(١١)

ئەوەبوو بۆ ماوەی چەند ساڵ لەو ئەشکەوتەدا خەواندنمان بەجۆرێ هیچ دەنگ و هەرایەك خەبەریان نەکاتەوە.

ثُمَّ بَعَثْنَاهُمْ لِنَعْلَمَ أَيُّ الْحِزْبَيْنِ أَحْصَى لِمَا لَبِثُواْ أَمَدًا(١٢)

پاشان بیدارمان کردنەوە تا بزانین لەو دوو تاقمە کە ئیختیلافیان لە ماوەی مانەوەیاندا هەبوو، کامیان ماوەی مانەوەیانی باشتر زانیوەو چاکتر بۆی چووە ؟

نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُمْ بِالْحَقِّ إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ آمَنُواْ بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَاهُمْ هُدًى(١٣)

ئێمە بەشێوەیێکی ڕاست باسی بەسەرهاتی ئەوانت بۆ ئەگێڕینەوە: ئەوانە کۆمەڵە لاوێك بوون ئیمانیان بە خودای خۆیان هێنابوو، ئێمەیش زیاتر باوەڕمان بەهێزکردبوون و زیاتر بەرچاومان ڕوون کردبوونەوە.

وَرَبَطْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُواْ فَقَالُواْ رَبُّنَا رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَاْ مِن دُونِهِ إِلَهًا لَّقَدْ قُلْنَا إِذًا شَطَطًا(١٤)

دڵمان لــــەسەر خۆگریو تەحەممول کردنی دووریی لە وڵاتو ماڵو منداڵو لەسەر دەربڕینی حەق لە ڕووی زۆرداری کافردا بەهێزکردبوون، ئەوەبوو لـــە بـــەردەمیدا هـــەستانە سەر پێو بەئاشکرا وتیان: خودای پەروەردگـــاری ئێمە خـــودای پـــەروەردگـــاری ئـاسمانەکانو زەوییەو، بێجگە لەو بانگ لە هیچ کەس ناکەینو کەس ناپەرستین ئەو نـــەبێ. ئەگەر بانگ لە غەیری ئەو بکەینو بێجگە لـــەو شتێکیتر بپەرستین، ئەوا قسەییێکی هەڵەو هیچوپووچ و دوور لە ڕاستیمان کردووە.

هَؤُلَاءِ قَوْمُنَا اتَّخَذُواْ مِن دُونِهِ آلِهَةً لَّوْلَا يَأْتُونَ عَلَيْهِم بِسُلْطَانٍ بَيِّنٍ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا(١٥)

ئا ئەوانە خێڵەکەی ئێمەن لـــە خودای (واجب الوجود) بەولاوە، چەند خوداییێکی درۆیینە ئـــەپـــەرستن! ئـــەوە بـــۆ بەڵگەییێکی دیارو ئاشکرا لەسەر ڕاستیو بەکەڵکیی ئـــەوانـــە نـــاهێننەوە؟ چۆن شت بێدەلیل دەکرێت بـــە خـــودا؟! کێ لـــەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ بۆ خودا هەڵبەستیو هاوبەشی بۆ دابنێ؟

وَإِذِ اعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ فَأْوُواْ إِلَى الْكَهْفِ يَنشُرْ لَكُمْ رَبُّكُم مِّن رَّحْمَتِهِ وَيُهَيِّئْ لَكُم مِّنْ أَمْرِكُم مِّرْفَقًا(١٦)

جا کۆمەڵە لاوەکـــە لە ترساندا لە کافرەکان جیا بووبوونەوە، لەناو خۆیانا وتبوویان: مادام ئێوە لەو قەومە خراپەو لەو بتانە جیابوونەوە کـــە ئەوان ئـــەیـــانپەرستنو خـــوا نـــاپەرستن، بڕۆنـــە ئەو ئەشکەوتە.

خودای گەورەیش لە میهرەبانیی خۆی بەشتان ئەدات و کارتان بۆ ئاسان ئەکات و هۆی حەسانەوەو ژیانتان بۆ ئامادە ئەکات.

وَتَرَى الشَّمْسَ إِذَا طَلَعَت تَّزَاوَرُ عَن كَهْفِهِمْ ذَاتَ الْيَمِينِ وَإِذَا غَرَبَت تَّقْرِضُهُمْ ذَاتَ الشِّمَالِ وَهُمْ فِي فَجْوَةٍ مِّنْهُ ذَٰلِكَ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ مَن يَهْدِ اللَّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِ وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُ وَلِيًّا مُّرْشِدًا(١٧)

وەزعی ئەشکەوتەکەیان واکەوتبوو کە خۆر هەڵئەهات بەلای ڕاستیا لای ئەداو کە ئاوا ئەبوو بەلای چەپیا لای ئەدا. هەتاو سوودی پێ ئەگەیاندن، بەڵام تیشك و گەرمای هەتاوەکە لێی نەئەدان. ئەوانیش لە ناوەڕاستی ئەشکەوتەکەدا بوون بە جۆرێ کە هەوای پاکیان پێ ئەگەیشت و شێ و تاریکیی ئەشکەوتەکە ئازاری نەئەدان. ئەمە کاری خودایە کە بەو جۆرە لەو ئەشکەوتەدا ئەحەسانەوەو، نیشانەیێکە لە نیشانەکانی میهرەبانیی ئەو. بێگومان هەرکەس خودا هیدایەتی بدات ئەوە بەڕاستی شارەزای ڕێگای ڕاست ئەبێ و، هەرکەسیش خودا گومڕای بکات هەرگیز نابینی دۆستێکی یاریدەدەرو ڕێ پیشا ندەری هەبێ.

وَتَحْسَبُهُمْ أَيْقَاظًا وَهُمْ رُقُودٌ وَنُقَلِّبُهُمْ ذَاتَ الْيَمِينِ وَذَاتَ الشِّمَالِ وَكَلْبُهُم بَاسِطٌ ذِرَاعَيْهِ بِالْوَصِيدِ لَوِ اطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ لَوَلَّيْتَ مِنْهُمْ فِرَارًا وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْبًا(١٨)

ئەگەر تەماشات بکردنایە وات ئەزانی بەخەبەرن، یا لەبەرئەوەی چاویان کراوە بوو یا لەبەرئەوەی جموجووڵیان ئەکرد، کەچی لەڕاستیدا نووستبوون. بەلای ڕاست و چەپدا هەڵمان ئەسووڕاندن تا

لەشیان نەڕزێ.. هەروەها سەگەکەیشیان لە بەردەرگای ئەشکەوتەکەدا هەردوو دەستی ڕاخستبوو. ئەگەر بڕۆیشتیتایەتە ڕاسەریان و سەیرت بکردنایە ڕات ئەکرد لێیان و گیانت پڕ ئەبوو لە ترس لە وەزعیان .

وَكَذَلِكَ بَعَثْنَاهُمْ لِيَتَسَاءلُوا بَيْنَهُمْ قَالَ قَائِلٌ مِّنْهُمْ كَمْ لَبِثْتُمْ قَالُوا لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالُوا رَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثْتُمْ فَابْعَثُوا أَحَدَكُمْ بِوَرِقِكُمْ هَذِهِ إِلَى الْمَدِينَةِ فَلْيَنظُرْ أَيُّهَا أَزْكَى طَعَامًا فَلْيَأْتِكُمْ بِرِزْقٍ مِّنْهُ وَلْيَتَلَطَّفْ وَلا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا(١٩)

جا هەروەك خەواندنمان خەبەریشمان کردنەوە . بێ گومان ئەم خەواندن و خەبەرکردنەوەیە نیشانەی دەستەڵات و توانی خودایە . بۆیە خەبەرمان کردنەوە تا لەناو خۆیانا پرسیار لە یەکتر بکەن و ڕاستییان بۆ دەرکەوێ و باوەڕیان بە توانی خودا زیاتر ببێ. جا یەکێکیان وتی : ئاخۆ چەندێکە لەم ئەشکەوتەدا خەوتووین ؟ هەندێکیان لە وەڵاما وتیان : ڕۆژێك یا هەندێ لە ڕۆژ . دوایی کە لە خۆیان ورد بوونەوە تەماشایان کرد نینۆك و موویان زۆر درێژ بووەو، خەوەکە هیی ڕۆژو دوو ڕۆژ نی یە، وتیان هەر خودا خۆی ئەزانێ چەند خەوتوون ؟ ئادەی یەکێکتان بنێرن بۆ شارو با ئەم دراوە زیوەیشتان لەگەڵ خۆی بەرێ و بزانێ کام دووکاندار خواردەمەنیی پاك و پوختەتری هەیە ڕزق و ڕۆزیی لێ بکڕێ بۆتان . با زۆر بەنەرمییش قسە لەگەڵ ئەهلی بازاڕ بکات و کارێکی وا نەکات کەس پێتان بزانێ .

إِنَّهُمْ إِن يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ يَرْجُمُوكُمْ أَوْ يُعِيدُوكُمْ فِي مِلَّتِهِمْ وَلَن تُفْلِحُوا إِذًا أَبَدًا(٢٠)

چونكە بەڕاستی ئەگەر بێتو ئەهلی شارەكە پێتان بزانن ئەوا یا بەردەبارانتان ئەكەن و ئەتانكوژن یاخۆ زۆرتان لێ ئەكەن و ئەتانگێڕنەوە بۆ سەر ئایینی خۆیان و ئیتر ئەگەر گەڕانەوە بۆ ئایینی ئەوان هەرگیز لە سزای خودا ڕزگار نابن .

وَكَذَلِكَ أَعْثَرْنَا عَلَيْهِمْ لِيَعْلَمُواْ أَنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَأَنَّ السَّاعَةَ لاَ رَيْبَ فِيهَا إِذْ يَتَنَازَعُونَ بَيْنَهُمْ أَمْرَهُمْ فَقَالُواْ ابْنُواْ عَلَيْهِم بُنْيَانًا رَّبُّهُمْ أَعْلَمُ بِهِمْ قَالَ الَّذِينَ غَلَبُواْ عَلَى أَمْرِهِمْ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيْهِم مَّسْجِدًا(٢١)

هەروەك خەواندنمان و زیندوومان كردنەوە ، وەهایش خەڵكمان لە وەزعیان ئاگادار كرد ، تا ئەو خەڵكە بزانن بەڵێنی خودا ڕاستەو هاتنی ڕۆژی قیامەت شتێكی ڕاست و بێ گومانە ، چونكە ئەوی بتوانێ ئەو ماوە زۆرە بنیادەم بخەوێنێ و دواییش زیندووی بكاتەوە ، دەستەڵاتی ئەوەی هەیە ڕۆژی قیامەتیش هەموو مردووان زیندوو بكاتەوە. لەو وەختەدا خەڵكەكە ئەوانەیان دی دەمەقاڵەیان بوو لە مەسئەلەی زیندووبوونەوەدا . جا كە پاشان ئەو كۆمەڵە لاوە بەتەواوی مردن ، خەڵكەكان وتیان خانوویەكیان بەسەرەوە بكەنەوە با شوێنەكە ببێتە ئاوەدانی.خودا زاناترە حاڵی ئەمانە چۆن بووە؟هەندێكی دەستەڵاتداریش وتیان : مزگەوتێكیان بەسەرەوە دروست ئەكەین .

سَيَقُولُونَ ثَلاَثَةٌ رَّابِعُهُمْ كَلْبُهُمْ وَيَقُولُونَ خَمْسَةٌ سَادِسُهُمْ كَلْبُهُمْ رَجْمًا بِالْغَيْبِ وَيَقُولُونَ سَبْعَةٌ وَثَامِنُهُمْ كَلْبُهُمْ قُل رَّبِّي أَعْلَمُ بِعِدَّتِهِم مَّا يَعْلَمُهُمْ إِلاَّ قَلِيلٌ فَلاَ تُمَارِ فِيهِمْ إِلاَّ مِرَاءً ظَاهِرًا وَلاَ تَسْتَفْتِ فِيهِم مِّنْهُمْ أَحَدًا(٢٢)

هەندێك لە ئەهلی كیتاب ئەڵێن : كۆمەڵی ئەشكەوتەكە سێ كەس بوون و چوارەمیان سەگەكەیان بووە . هەندێكیش لە گاورەكان ئەڵێن : پێنج بوون و سەگەكەیان شەشەمیان بووە . ئەمانە لە خۆیانەوە غەیب لێ ئەدەن و باسی شتێ ئەكەن ئاگایان لێ نی‌یە.موسوڵمانەكانیش ئەڵێن : حەوت كەس بوون و سەگەكەیان هەشتەمیان بووە . تۆ ئەی پێغەمبەری خودا بڵێ: خودا لە هەمووكەس چاكتر ئەزانێ چەند بوون. خەڵكێكی كەم نەبێ ، لەوانەی كە خودا ئاگاداری كردوون ، كەس نازانێ چەند بوون ؟ هەروەها تۆ ئەی پێغەمبەری خودا دەربارەی (اصحاب الكهف) بەشێوەیێكی سادە نەبێ موجادەلەیان لەگەڵ مەكەو دەربارەی بەسەرهاتیان لە كەس مەپرسە، چونكە ئەوانە نایزانن و بۆ ئەوەیش ناشێن پرسیاریان لێ بكرێ .

وَلا تَقُولَنَّ لِشَيْءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَلِكَ غَدًا(٢٣)

هەرگیز مەڵێ سبەی فلان كار ئەكەم .

إِلاَّ أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ وَاذْكُر رَبَّكَ إِذَا نَسِيتَ وَقُلْ عَسَى أَنْ يَهْدِيَنِ رَبِّي لأَقْرَبَ مِنْ هَذَا رَشَدًا(٢٤)

بێ ئەوەی بڵێی ئەگەر خودا خواستی لەسەر بێ ، واتە : بڵێ : ئەگەر خودا خواستی لەسەر بێ فلانەكار ئەكەم . جا ئەگەر لەبیرت چوو و كەوتەوە بیرت بڵێ (ان شاء الله) . هەروەها بڵێ تكام وایە خودا شارەزام بكات بۆ زانینی شتێ كە لە زانینی بەسەرهاتی (اصحاب الكهف) زیاتر لە پێغەمبەرایەتیم بگەیێنێ .

وَلَبِثُوا فِي كَهْفِهِمْ ثَلاثَ مِائَةٍ سِنِينَ وَازْدَادُوا تِسْعًا(٢٥)

ئەو كۆمەڵە سێسەدونۆ ساڵ بە خەوتووی لە ئەشكەوتەكەدا مانەوە .

قُلِ اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثُوا لَهُ غَيْبُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَبْصِرْ بِهِ وَأَسْمِعْ مَا لَهُمْ مِنْ دُونِهِ مِنْ وَلِيٍّ وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا(٢٦)

بڵێ : خودا زاناترە كە چەند ماونەتەوە تیادا . هەر ئەوە هەموو نهێنییەكانی زەوی و ئاسمانەكان ئەزانێ . ئای كە بینایە ، ئای كە شنەوایە و هیچی لێ ون نابێ . هەرچی ئەهلی ئاسمانەكان و زەوی هەیە ، خودا نەبێ ، كەس نییە سەرپەرشتییان بكات و كاریان راپەڕێنێ . خودا لە حوكم و دەستەڵاتی خۆیا كەسی نەكردوە بە هاوبەشی خۆی .

وَاتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنْ كِتَابِ رَبِّكَ لَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ وَلَنْ تَجِدَ مِنْ دُونِهِ مُلْتَحَدًا(٢٧)

ئەو قورئانە بخوێنەرەوە كە لەلایەن خودای پەروەردگارتەوە وەحی كراوە بۆت و گوێ مەدەرە قسەی كافران . كەس ناتوانێ فەرموودەی خوا بگۆڕێ خۆی نەبێ و ، بێجگە ئەو پەناو پشتێكت دەست ناكەوێ پشتی پێ ببەستی .

وَاصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُ عَنْ ذِكْرِنَا وَاتَّبَعَ هَوَاهُ وَكَانَ أَمْرُهُ فُرُطًا(٢٨)

نەفسی خۆت لەگەڵ ئەوانەدا ڕابگرە بەیانیان و ئێواران لە خودای خۆیان ئەپاڕێنەوەو ناوی ئەبەن و ڕەزامەندیی ئەویان مەبەستە . چاوت لە موسوڵمانان وەرمەچەرخێنەو لامەدە بڕوانیتە كافرەكان و مەبەستت

جوانیی ژیانی دنیاو سامانی دنیا بێ . بەگوێی ئەوکەسە مەکە کە دڵمان لە یادی خۆمان بێئاگا کردووەو دوای ئارەزووی نەفسی خۆی کەوتووەو لە حەق پێش ئەکەوێت و پشتی تێ ئەکاو بەگوێی ناکات .

وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا وَإِن يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا (٢٩)

تۆ ئەی پێغەمبەری خودا بڵێ : شتی حەق و ڕاست ئەوەیە کە لای خوداوە بەهۆی پێغەمبەرەوە بۆتان بێت ، ئیتر ئەوەی ئەیەوێ ئیمان بهێنێ با ئیمان بهێنێ و ڕێگەی ڕاست بگرێ و ، ئەوەی ئەیەوێ کافر بێ با کافر بێ و ڕێگای چەوت بگرێ . ئێمە ئاگرێکمان ئامادە کردووە بۆ ستەمکاران دەوران دوریان ئەگرێ و گەمارۆیان ئەدات . ئەگەر هاوارو فیغانیش بکەن و لە تینواندا داوای ئاو بکەن ، ئاوێکیان پێ ئەدرێ وەك لەشی تواوە گەرمەو دەموچاو ئەبرژێنێ . ئای کە ئاوێکی خراپە ! ئای کە ئاگر جێگا حەسانەوەییێکی بەدو ناخۆشە !

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ مَنْ أَحْسَنَ عَمَلًا (٣٠)

ئەو کەسانەی ئیختیاری ئیمانیان کردووەو ئیمانیان هێناوەو کردەوەی باشیان کردووە ، ئێمە پاداشی ئەوانە نافەوتێنین کە کردەوەی باشیان کردووە .

أُولَٰئِكَ لَهُمْ جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَيَلْبَسُونَ ثِيَابًا خُضْرًا مِّن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَّكِئِينَ

فِيهَا عَلَى الْأَرَائِكِ نِعْمَ الثَّوَابُ وَحَسُنَتْ مُرْتَفَقًا(٣١)

جێگاو پاداشی ئەو موسوڵمانە کردەوە باشانە بەهەشتی هەمیشەییە کە ڕووباریان لە بنەوە ئەڕوات. هەروەها بازنی زێڕ لە دەست ئەکەن و جلوبەرگی سەوزی سوندوس و ئاوریشمینی ئەستوور لەبەرئەکەن و لەسەر کورسیی جوان و ڕازاوە پاڵ ئەدەنەوە. ئەمە باشترین پاداش و جوانترین شوێنی حەسانەوەیە.

وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلاً رَّجُلَيْنِ جَعَلْنَا لِأَحَدِهِمَا جَنَّتَيْنِ مِنْ أَعْنَابٍ وَحَفَفْنَاهُمَا بِنَخْلٍ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمَا زَرْعًا(٣٢)

تۆ ئەی پێغەمبەر! نموونەی حاڵ و ئەنجامی کافرو موسوڵمان بۆ ئەوانە بهێنەرەوە بە دوو پیاو لە بەنیئیسرائیل یەکێکیان کافرو ئەویتریان خاوەن ئیمان بوو. دوو باغی ڕازاوەمان دابوو بە یەکێ لەو دوانە کە باغی تریێ بوون و دەوران دەوریانمان بە دار خورما گرتبوو. نێوانی ئەو دوو باغەیشمان کردبوو بە کشتوکاڵ.

كِلْتَا الْجَنَّتَيْنِ آتَتْ أُكُلَهَا وَلَمْ تَظْلِم مِّنْهُ شَيْئًا وَفَجَّرْنَا خِلَالَهُمَا نَهَرًا(٣٣)

هەردوو باغەکە هاتنە بەرو هیچ کات بەروبوومیان کەمی نەئەکرد. لەنێوان ئەودوو باغەیشدا جۆگایەکمان تەقاندبوو تا هەمیشە تێراو بن و جوان و بەرەونەق بن.

وَكَانَ لَهُ ثَمَرٌ فَقَالَ لِصَاحِبِهِ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَنَا أَكْثَرُ مِنكَ مَالاً وَأَعَزُّ نَفَرًا(٣٤)

خاوەنی دوو باغەکە بێجگە لەو دوو باغە ماڵ و سامانیشی هەبوو.

جا ئەم پیاوە ڕۆژێ لە کاتی قسەلەگەڵکردندا بە هاوڕێکەی وت: من دارایی‌و ماڵ‌و سامانم لە تۆ زۆرترەو لە تۆ زیاتر پایەو قەدرم هەیە

وَدَخَلَ جَنَّتَهُ وَهُوَ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ قَالَ مَا أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَذِهِ أَبَدًا(٣٥)

ڕۆیشتە ناو باغەکەی، لەکاتێکدا کە ستەمی لە خۆی کردو بە گومڕاهی مایەوە. وتی باوەڕ ناکەم ئەم باغ و سامانە هەرگیز بفەوتێ.

وَمَا أَظُنُّ السَّاعَةَ قَائِمَةً وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَى رَبِّي لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِّنْهَا مُنقَلَبًا(٣٦)

هەروەها وتی هەرگیز باوەڕ ناکەم ڕۆژی قیامەت بەرپا ببێ. خۆ ئەگەر زیندوویش بکرێمەوەو بگەڕێمەوە بۆ لای خودای خۆم، ئەوا لەم باغ و سامانەیش چاکترم دەست ئەکەوێت و ئەنجامم باشتر ئەبێ.

قَالَ لَهُ صَاحِبُهُ وَهُوَ يُحَاوِرُهُ أَكَفَرْتَ بِالَّذِي خَلَقَكَ مِن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ سَوَّاكَ رَجُلاً(٣٧)

هاوڕێ موسوڵمانەکەی کە قسەو گفتوگۆی لەگەڵ ئەکرد پێی‌وت: ئەوە کوفرت کردو باوەڕت بەو خودایە نی‌یە سەرەتا لە خۆڵ‌و دوایی لە نوتفە دروستی کردیت و، پاشان کردیتی بە ئینسانێکی نێرو گەیاندیتیە پایەی پیاوان؟

لَكِنَّا هُوَ اللَّهُ رَبِّي وَلَا أُشْرِكُ بِرَبِّي أَحَدًا(٣٨)

بەڵام من خودا پەروەردگارمەو هەرگیز کەس ناکەم بە هاوبەشی پەروەردگاری خۆم.

وَلَوْلَا إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَاءَ اللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ إِن تَرَنِ أَنَا أَقَلَّ مِنكَ مَالاً وَوَلَدًا(٣٩)

ئەوە بۆ کە چوویتە باغەکەت و سەیری ئەو هەموو جوانییەت کرد، نەتوت : (ما شاء الله) ، خودای گەورە بەدەستەلاتەو هەرچی مەیلی لێ بێ دروستی ئەکات و ، هەرچی نازو نیعمەتە هەمووی هی ئەوەو ، هەرچی هێزو توانە هەمووی هەر لە خوداوەیە . ئەگەر ئەمبینی من ماڵ و منال و سامانم لە تۆ کەمترە ، لات عەجایەب نەبێ ،

فَعَسَىٰ رَبِّي أَنْ يُؤْتِيَنِي خَيْرًا مِّنْ جَنَّتِكَ وَيُرْسِلَ عَلَيْهَا حُسْبَانًا مِّنَ السَّمَاءِ فَتُصْبِحَ صَعِيدًا زَلَقًا(٤٠)

لەوانەیە خودای گەورە لە دنیادا بێ یا لە قیامەتدا، لە باغەکەی تۆ جوانترم بداتێ . هەروەها لە خۆت بایی مەبە ، لەوانەیە خودا لە ئاسمانەوە هەورە تریشقەییێك بنێرێتە سەر باغەکەت و هەمووی بفەوتێنیێ و بیکاتە زەوییەکی لووسی خزیلگە ،

أَوْ يُصْبِحَ مَاؤُهَا غَوْرًا فَلَنْ تَسْتَطِيعَ لَهُ طَلَبًا(٤١)

یاخود ئاوەکەی بچێ بە ناخی زەویداو ون ببێ و ، هەرگیز نەتوانی بگەڕێی بەدوایدا بیگێڕیتەوە .

وَأُحِيطَ بِثَمَرِهِ فَأَصْبَحَ يُقَلِّبُ كَفَّيْهِ عَلَىٰ مَا أَنْفَقَ فِيهَا وَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَيَقُولُ يَا لَيْتَنِي لَمْ أُشْرِكْ بِرَبِّي أَحَدًا(٤٢)

ئەوەبوو وەك هاوڕێکەی وتی ، دەردو بەلاّ گەمارۆی باغەکانی داو بەروبوومی لەناوبردو هیچی بۆ نەمایەوە . جا لەوکاتەدا دەستی ئەماڵی بەدەستیداو خەفەتی ئەخواردو ئاخی هەڵئەکێشا بۆ ئەو هەموو ئەرکەی لەو باغانەدا کێشابووی و ئەیوت : خۆزگا هەرگیز هاوڕێ و هاوبەشم بۆ خودا بڕیار نەئەدا .

وَلَمْ تَكُن لَّهُ فِئَةٌ يَنصُرُونَهُ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَمَا كَانَ مُنتَصِرًا (٤٣)

لەو کاتە تەنگانییەدا ، بێجگە خودا ، نە کەسێکی هەبوو ، نە کۆمەڵێك یارمەتی بدەن و بێن بەهاواریەوەو ، ئەو هێزو دەستەڵاتەی ئەوسا هەیبوو هیچی نەما ، چونکە خودا تۆڵەی لیٚ کردەوە.

هُنَالِكَ الْوَلَايَةُ لِلَّهِ الْحَقِّ هُوَ خَيْرٌ ثَوَابًا وَخَيْرٌ عُقْبًا (٤٤)

لەو کاتەداو لەو بارو دۆخەدا یارمەتیدانی ڕاستەقینە هەر بۆ خودایەو، بێجگە ئەو کەس ناتوانیٚ یارمەتی بدات .خودا چاکتر پاداشی دۆستانی خۆی ئەداتەوەو چاکتر ئەنجامیان بۆ دائەنیٚ .

وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاءٍ أَنزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ الرِّيَاحُ وَكَانَ اللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ مُّقْتَدِرًا (٤٥)

ئەی پێغەمبەر ! بۆ جوانیو ڕەونەقی ژیانی دنیاو زوولاچوونی ، نموونە بهێنەرەوە بۆ خەڵك بەو ئاوەی لە ئاسمانەوە ئەینێرین و ، بەهۆی ئەو ئاوەوە دنیا پڕ ئەبیٚ لە گیاو سەوزیی جۆراوجۆرو ئەچن بەیەکدا ، کەچی زۆری پیٚناچیٚ وشك ئەبێتەوەو ئەبێتە پووش و پەلاشی وردو خاش و با ئەیباو شوێنەواری نامێنیٚ . خودای گەورە توانایەو دەستی بەسەر هەموو شتێکدا ئەڕوات .

الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا (٤٦)

ماڵ و سامان و ئەولاد جوانیی ژیانی دنیان و زوو لەناوئەچن . بەلاٚم کردەوە چاکەکان ، کە بەرهەمیان هتا هەتایە ئەمێنیٚ ، لای خودا

چاكترن بۆ بنیادەم لە لایەنی پاداشەوەو ، چاكترین شتێكن هیوایان پێ ببەسترێ .

وَيَوْمَ نُسَيِّرُ الْجِبَالَ وَتَرَى الْأَرْضَ بَارِزَةً وَحَشَرْنَاهُمْ فَلَمْ نُغَادِرْ مِنْهُمْ أَحَدًا(٤٧)

باسی ئەو ڕۆژە بكە كە كێوەكان ئەخەینە جموجوولْ و لە بن هەڵیانئەكەنین و ئەیانڕەوێنین و ، لەو كاتەدا تەختی زەوی بەئاشكرا ئەبینی ، چونكە هیچی لەسەر نابێو ، خەڵك هەموو كۆئەكەینەوەو كەسیان بەجێ ناهێڵین .

وَعُرِضُوا عَلَى رَبِّكَ صَفًّا لَقَدْ جِئْتُمُونَا كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ بَلْ زَعَمْتُمْ أَلَّن نَّجْعَلَ لَكُم مَّوْعِدًا(٤٨)

هەموو ئەمانە لە بەردەم خودادا ئەنوێنرێن تا فەرمانی خۆی بدات دەربارەیان. جا خودا ئەفەرموێ : ئەوا ئێوە بەڕاستی هاتن بۆ لامان وەك چۆن یەكەم جار بە ڕووتوقووتیو بێماڵو منالْ دروستمان كردن. ئێوە وەختی خۆی لە دنیادا ئەتانوت گوایە ئێمە كاتی زیندووكردنەوەمان بۆ دیاری نەكردوون و ، لاتان وابوو پێغەمبەران درۆیان لەگەڵ ئەكردن .

وَوُضِعَ الْكِتَابُ فَتَرَى الْمُجْرِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَاوَيْلَتَنَا مَالِ هَذَا الْكِتَابِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّا أَحْصَاهَا وَوَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِرًا وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا(٤٩)

لەو ڕۆژەدا نامەی كردەوە دائەنرێ، جا ئەبینی تاوانبارەكان، زۆر لەوە ئەترسن كە لەناو ئەو نامانەدا نووسراوەو ئەڵێن : ئەی هاوار

ماڵ‌ویران خۆمان ! ئه‌م نامه‌یه‌ نه‌ كاری گه‌وره‌و نه‌ كاری بچووك هیچی به‌جێ‌نه‌هێشتوه‌و هه‌مووی نووسیوه‌و دیاریی كردووه‌ ؟ چییان كردووه‌ له‌ دنیادا له‌وكاته‌دا هه‌مووی ئه‌بینن و به‌ته‌واوی بۆیان ده‌رئه‌كه‌وێ كه‌ په‌روه‌ردگاری تۆ سته‌م له‌ كه‌س ناكات و به‌ خۆڕایی سزای كه‌س نادات.

وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ الْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ أَفَتَتَّخِذُونَهُ وَذُرِّيَّتَهُ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِي وَهُمْ لَكُمْ عَدُوٌّ بِئْسَ لِلظَّالِمِينَ بَدَلًا(٥٠)

باسی ئه‌وه‌ بكه‌ كه‌ له‌ كاتی خۆیدا به‌ فریشته‌كانمان وت سوجده‌به‌رن بۆ ئاده‌م و ، له‌وێدا هه‌موویان به‌گوێیان كردین و سوجده‌یان بۆ برد ، شه‌یتان نه‌بێ كه‌ له‌ به‌ره‌ی جین بوو له‌ فه‌رمانی خودا ده‌رچوو و سوجده‌ی نه‌برد .جا ئایا له‌گه‌ڵ ئه‌م حاڵه‌دا ئێوه‌ شه‌یتان و نه‌وه‌كانی ئه‌كه‌نه‌ دۆستی خۆتان له‌جیاتیی من كه‌ ئه‌وانه‌ دوژمنی ڕاسته‌قینه‌تانن؟ بێ‌گومان شه‌یتان بریتییه‌كی زۆر خراپه‌ بۆ سته‌مكاران.مرۆی ژیر چۆن دوژمن ئه‌كاته‌ دۆستی خۆی ؟

مَا أَشْهَدْتُهُمْ خَلْقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَا خَلْقَ أَنْفُسِهِمْ وَمَا كُنْتُ مُتَّخِذَ الْمُضِلِّينَ عَضُدًا(٥١)

من شه‌یتان و نه‌وه‌كانیم ئاگادار نه‌كردووه‌ له‌ دروست كردنی ئاسمانه‌كان و زه‌وی . هه‌روه‌ها هه‌ندێكیانم ئاگادار نه‌كردوده‌ له‌ دروست كردنی هه‌ندێكیان ، به‌ڵكو ته‌نها به‌ زۆرو توانی خۆم دروستم كردوون . من هه‌رگیز ئه‌وانه‌ ناكه‌مه‌ یاریده‌ده‌ر كه‌ خه‌ڵك گومڕا

ئەكەن و، پشتیان پێ نابەستم .

وَيَوْمَ يَقُولُ نَادُوا شُرَكَائِيَ الَّذِينَ زَعَمْتُمْ فَدَعَوْهُمْ فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا لَهُمْ وَجَعَلْنَا بَيْنَهُم مَّوْبِقًا(٥٢)

باسی ئەو ڕۆژە بکە کە خودا بە کافرەکان ئەڵێت : ئادەی بانگ لە هاوبەشەکانم بکەن ، ئەوانەی ئێوە بە هاوبەشی منتان ئەزانین و ئەتانوت : ئەوانە تکاتان بۆ ئەکەن لای من. جا کافرەکانیش بانگیان لێ ئەکەن ، بەڵام ئەوان هیچ وەڵامیان نادەنەوەو فریایان ناکەون هەروەها ئاگری دۆزەخمان لەنێوان هەردوو لایاندا داناوە کە هەرکەسی تێکەوێ بە هیلاك ئەچێ .

وَرَأَى الْمُجْرِمُونَ النَّارَ فَظَنُّوا أَنَّهُم مُّوَاقِعُوهَا وَلَمْ يَجِدُوا عَنْهَا مَصْرِفًا(٥٣)

لەو ڕۆژەدا تاوانبارەکان ئاگری دۆزەخ ئەبینن و بەڕاستی ئەزانن کە ئەکەونە ناو ئەو ئاگرەو ، هیچ ماوەی خۆلێلادانیان نییە .

وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَذَا الْقُرْآنِ لِلنَّاسِ مِن كُلِّ مَثَلٍ وَكَانَ الْإِنسَانُ أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلًا(٥٤)

ئێمە بەڕاستی هەموو نموونەییێکی ڕوون و هەموو شتێکی باش و بەسوودمان لەم قورئانەدا بۆ بنیادەمە وشیارەکان باس کردووە ، بەڵام ئینسان لە هەمووشت زیاتر موجادەلەو چەنەبازی ئەکات و لەسەر ناحەق ئەڕوات .

وَمَا مَنَعَ النَّاسَ أَن يُؤْمِنُوا إِذْ جَاءَهُمُ الْهُدَى وَيَسْتَغْفِرُوا رَبَّهُمْ إِلَّا أَن تَأْتِيَهُمْ سُنَّةُ الْأَوَّلِينَ أَوْ يَأْتِيَهُمُ الْعَذَابُ قُبُلًا(٥٥)

ئـەو خەڵكە كە پێغەمبەریان بۆ نێرراو قورئانیان بۆ نازڵ كرا، بۆیە ئیمان نـاهێنن و داوا لـە خـودا نـاكـەن كە لـە گوناهیان خۆش بێ چونكە سـەرسـەختن و بـەتـەمـای ئـەوەن كـارەسـاتی نـەتـەوە پێشووە كـافرەكـانیان بـەسەردا بێت و بـەتـەواوی لـەنـاوببرێـن یا سزای ڕۆژی قیامەتیان بە ئاشكرا بۆ بێت .

وَمَا نُرْسِلُ الْمُرْسَلِينَ إِلاَّ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَيُجَادِلُ الَّذِيـــنَ كَفَرُواْ بِالْبَاطِلِ لِيُدْحِضُواْ بِهِ الْحَقَّ وَاتَّخَذُواْ آيَاتِي وَمَا أُنْذِرُواْ هُزُوًا(٥٦)

ئیمە پێغەمبەران ڕەوانە ناكەین بـۆ ئـەوە نـەبێ مژدەی پـاداشی چاك بە موسوڵمانان و چاكە كەران بدەن و، كافران و بەدكاران لە سزای دواڕۆژ بترسێنن . دروست كـردنی ئـایـەت و موعجیزەو بەجێ هێنانی خواستی كافران بە دەستی ئەوان نییە . كافرەكان بەرامبەر بە حەق و ڕاستی و دژی پێغەمبەر موجادەلـەو چەنـەبازیی هیچو پووچ ئـەكەن و ئەیانەوێ حەق ببەزێنن و لەناوی بەرن ، هـەروەهـا گـاڵتە بە قورئان و ئامۆژگارییەكانی پێغەمبەر ئەكەن

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ ذُكِّرَ بِآيَاتِ رَبِّهِ فَأَعْرَضَ عَنْهَا وَنَسِيَ مَا قَدَّمَتْ يَدَاهُ إِنَّا جَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَنْ يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا وَإِنْ تَدْعُهُمْ إِلَى الْهُدَى فَلَنْ يَهْتَدُواْ إِذًا أَبَدًا(٥٧)

كێ لەو كەسە ستەمكارترە كە بە قورئان ئـامۆژگاری بكرێ كەچی ڕوو لەو ئامۆژگارییە وەرچەرخێنێ و گوێی نەداتێ ، هەروەهـا كردەوە بەدە نابارەكانی خۆی لەبیربچێتەوە ؟ ئەمانـە ستەمكارن، ئێمە دڵمان مۆر كردوون و لەو ئامۆژگارییە نـاگـەن و ، گـوێیان لـە ئاستی حەقدا

گرانەو بانگیشیان بکەی بۆ شارەزا بوون هەرگیز شارەزا نابن و ڕێگای ڕاست ناگرن .

وَرَبُّكَ الْغَفُورُ ذُو الرَّحْمَةِ لَوْ يُؤَاخِذُهُمْ بِمَا كَسَبُواْ لَعَجَّلَ لَهُمُ الْعَذَابَ بَل لَّهُم مَّوْعِدٌ لَّنْ يَجِدُواْ مِنْ دُونِهِ مَوْئِلاً(٥٨)

خودای تۆ زۆر تاوان پۆش و میهرەبانە . ئەو ئەگەر ئەو ستەمکارانەی بەهۆی کردەوەی بەدیانەوە بگرتایە ، بە پەلەو زۆر زوو سزای ئەدان و تۆڵەی لێ ئەکردنەوە . بەلاّم ئەمانە کاتی تایبەتییان بۆ دیاری کراوە کە لەو کاتەدا بێجگە خودای گەورە پەنایێکیان دەست ناکەوێ و کەس بەهاواریانەوە نایەت .

وَتِلْكَ الْقُرَى أَهْلَكْنَاهُمْ لَمَّا ظَلَمُواْ وَجَعَلْنَا لِمَهْلِكِهِم مَّوْعِدًا(٥٩)

ئەو دێهات و ئاوەدانییانە کە نشینگەو شوێنی عادو سەموودو هاوچەشنەکانیان بوون کە خەڵکەکانیان دەستیان دایە ستەمکاریو بەدرۆزن دانانی پێغەمبەران و باوەڕپێ نەکردنیان ، لەناومان بردن و بە ڕچەڵەکیاندا چووینە خوارو کاتێکی تایبەتیمان بۆ لەناوبردنیان دیاری کرد .

وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِفَتَاهُ لاَ أَبْرَحُ حَتَّى أَبْلُغَ مَجْمَعَ الْبَحْرَيْنِ أَوْ أَمْضِيَ حُقُبًا(٦٠)

باسی ئەوە بکە کە ڕۆژێ مووسای کوڕی عیمران ، پێغەمبەری بەنی ئیسرائیل ، بە یووشەعی خزمەتکارو خوشکەزای خۆی وت : هەر ئەڕۆم و ناوەستم تا ئەگەمە ئەو شوێنەی دوو دەریاکە ئەگەنە یەك ، یا ماوەیێکی زۆر ئەڕۆم .

فَلَمَّا بَلَغَا مَجْمَعَ بَيْنِهِمَا نَسِيَا حُوتَهُمَا فَاتَّخَذَ سَبِيلَهُ فِي الْبَحْرِ سَرَبًا(٦١)

كە گەیشتنە شوێنی بەیەك گەیشتنی دوو دەریاكە ، ماسییەكەیان لەبیرچوو كە لە تۆشەبەرەیەكا بوو و ئامادە كرابوو بۆ خواردن . ماسییە كەیش بە فەرمانی خودای گەورە زیندوو بووەوەو ڕێگەی خۆی لە دەریادا گرتە بەرو ڕۆیی .

فَلَمَّا جَاوَزَا قَالَ لِفَتَاهُ آتِنَا غَدَاءَنَا لَقَدْ لَقِينَا مِنْ سَفَرِنَا هَذَا نَصَبًا(٦٢)

كە ئەو شوێنەیان بەجێ هێشت مووسا بە یووشەعی وت : ئا خواردەمەنییەكەی نێوەڕەۆمان بۆ بێنە ، بەڕاستی لەم سەفەرەماندا زۆر ماندوو بووین .

قَالَ أَرَأَيْتَ إِذْ أَوَيْنَا إِلَى الصَّخْرَةِ فَإِنِّي نَسِيتُ الْحُوتَ وَمَا أَنْسَانِيهُ إِلَّا الشَّيْطَانُ أَنْ أَذْكُرَهُ وَاتَّخَذَ سَبِيلَهُ فِي الْبَحْرِ عَجَبًا(٦٣)

یووشەع وتیْ : ئاگات لیْ نەبوو كە چووینە پالْ تاشە بەردەكە بۆ حەسانەوەو تۆ خەوت لیْكەوت ؟ لەوكاتەدا من ماسییەكەم لەبیرچوو و شەیتان نەبیْ كەس لە بیری نەبردمەوەو ، ماسییەكە بە شێوەیەكی سەیر ڕێگای خۆی لە دەریادا گرتەبەرو ڕۆیی .

قَالَ ذَلِكَ مَا كُنَّا نَبْغِ فَارْتَدَّا عَلَى آثَارِهِمَا قَصَصًا(٦٤)

مووسا وتی : دەرچونی ئەو ئەو ماسییە لە تۆشەبەرەكە بۆ ناو دەریا ئەوەبوو كە ئێمە ئەمانویست ، چونكە ئەوە نیشانەی جێگای گەیشتنە بەو بەندەیە كە خوا بە منی فەرموو . جا هەردوكیان دوابەدوا

گەڕانەوە وشوێن پێی خۆیانیان هەڵئەگرتەوە .

فَوَجَدَا عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَا آتَيْنَاهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَاهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا(٦٥)

جا كە گەڕانەوە بۆ شوێنی دەرچوونی ماسییەكە گەیشتن بە بەندەیێ لە بەندەكانی ئێمە كە ڕەحمەتی پێغەمبەرایەتیمان پێ دابوو و شتی وەهامان فێر كردبوو لە ڕێگای وەحی بۆ كردنی ئێمەوە نەبێ نازانرێ .

قَالَ لَهُ مُوسَى هَلْ أَتَّبِعُكَ عَلَى أَن تُعَلِّمَنِي مِمَّا عُلِّمْتَ رُشْدًا(٦٦)

مووسا پێی وت: ئایا ڕێگام ئەدەی دوات كەوم و لەگەڵتا بم بەمەرجێ لەوەی فێر كراوی لە هۆیەكانی ڕوشدو مەعریفەت فێرم بكەی ؟.

قَالَ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا(٦٧)

ئەویش وەڵامی مووسای دایەوەو وتی : تۆ ناتوانی لەگەڵ من بساچێنیو خۆت لەگەڵ من پێ ناگیرێ.

وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَى مَا لَمْ تُحِطْ بِهِ خُبْرًا(٦٨)

تۆ چۆن خۆت ئەگری لەسەر كارێ كە هەر دیوی دەری ئەبینیو نازانی دیوی ناوەوەی چییە ؟

قَالَ سَتَجِدُنِي إِن شَاءَ اللَّهُ صَابِرًا وَلَا أَعْصِي لَكَ أَمْرًا(٦٩)

مووسا وتی : ئەگەر خوا مەیلی لێ بێ ئەمبینی خۆگر ئەبم و لە هیچ شتێكدا بێگوێیت ناكەم .

قَالَ فَإِنِ اتَّبَعْتَنِي فَلَا تَسْأَلْنِي عَن شَيْءٍ حَتَّى أُحْدِثَ لَكَ مِنْهُ ذِكْرًا(٧٠)

وتی : باشە ، ئەگەر دوام کەوتی و لەگەڵم هاتی هەرچی ئەکەم لێم مەپرسە تا خۆم پێت ئەڵێم .

فَانطَلَقَا حَتَّى إِذَا رَكِبَا فِي السَّفِينَةِ خَرَقَهَا قَالَ أَخَرَقْتَهَا لِتُغْرِقَ أَهْلَهَا لَقَدْ جِئْتَ شَيْئًا إِمْرًا(٧١)

جـا پێکەوە ڕۆیشتن تـا گەیشتنە کەشتییەك و سواری بوون . هەر کە سوار بوون کابرا تەشوێیەکی هەڵگرت و کـەشتییەکەی کون کرد . مووسا پێی وت ئەوە کەشتییەکەت شکاند تا خەڵکەکەی نـاوی نوقوم بکەیت؟ بە ڕاستی کارێکی خراپی گەورەت کرد .

قَالَ أَلَمْ أَقُلْ إِنَّكَ لَنْ تَسْتَطِيعَ مَعِي صَبْرًا(٧٢)

پیاوەکە بە مووسای وت: پێم نەوتی تۆ لەگەڵم هەڵناکەی و خۆت پێ ڕاناگیرێ ؟

قَالَ لا تُؤَاخِذْنِي بِمَا نَسِيتُ وَلا تُرْهِقْنِي مِنْ أَمْرِي عُسْرًا(٧٣)

مووسا وتی : لێم مەگرە کە ئامۆژگارییەکەتم لـەبیرچوو و بارم بە توانج و تووڕە بوون گران مەکە .

فَانطَلَقَا حَتَّى إِذَا لَقِيَا غُلامًا فَقَتَلَهُ قَالَ أَقَتَلْتَ نَفْسًا زَكِيَّةً بِغَيْرِ نَفْسٍ لَقَدْ جِئْتَ شَيْئًا نُكْرًا(٧٤)

دوای ئەوەی لە کەشتییەکە دەرچوون کەوتنەوە ڕێ تا گەیشتن بە منداڵێکی نابـاڵغ و هـاوڕێکەی مـووسا کوشتی . مووسا وتی : ئەوە نەفسێکی بێ گوناهت کوشت بێئەوەی کەسێکی کوشتبێ ؟! بەڕاستی کارێکی زۆر ناشیرین و ناڕەوات کرد ! .

جوزئی شازدەهەم

قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكَ إِنَّكَ لَن تَسْتَطِيعَ مَعِيَ صَبْرًا(٧٥)

هاوڕێکەی مووسا وتی: ئاخر پێم نەوتی تۆ ناتوانی لەگەڵ من خۆت ڕاگری ؟

قَالَ إِن سَأَلْتُكَ عَن شَيْءٍ بَعْدَهَا فَلاَ تُصَاحِبْنِي قَدْ بَلَغْتَ مِن لَّدُنِّي عُذْرًا(٧٦)

مووسا وتی: ئەگەر پاش ئەم ڕووداوە دەربارەی هەر شتێ پرسیارم لێ کردی هاوڕێیەتیم مەکە. ئەم چەند جارە کە پرسیارم لێ ئەکردی عوزرم هەبوو.

فَانطَلَقَا حَتَّى إِذَا أَتَيَا أَهْلَ قَرْيَةٍ اسْتَطْعَمَا أَهْلَهَا فَأَبَوْا أَن يُضَيِّفُوهُمَا فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارًا يُرِيدُ أَنْ يَنقَضَّ فَأَقَامَهُ قَالَ لَوْ شِئْتَ لاَتَّخَذْتَ عَلَيْهِ أَجْرًا(٧٧)

جا کەوتنەوەڕێ تا گەیشتنە دێیەك. لەوکاتەدا برسییان بوو، داوای خواردەمەنییان لە خەڵکی دێکە کرد، ئەوانیش میوانداریان نەکردن. لەو دێیەدا دیواری خانوویێکیان دی خەریك بوو بڕووخێ. هاوڕێیەکەی مووسا ڕاستی کردەوە. مووسا پێی وت: ئەگەر بتویستایە کرێیەکت لەسەر چاك کردنەوەی ئەم دیوارە وەرئەگرت و دەفعی ئەم برسییەتییەی خۆمانمان پێ ئەکرد !

قَالَ هَذَا فِرَاقُ بَيْنِي وَبَيْنِكَ سَأُنَبِّئُكَ بِتَأْوِيلِ مَا لَمْ تَسْتَطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا(٧٨)

هاوڕێکەی مووسا کە ناوی (خضر) بوو، بە مووسای وت: ئێستا ئیتر کاتی لێك جیابوونەوەی من و تۆیەو، لەمەولا تۆ لەگەڵ من

هەڵناكەیت . وا ڕاستیو حەقیقەتی هۆی ئەو كارانەت پێ ئەڵێم كە خۆتت پێ ڕانەئەگیراو ڕەخنەت لێ ئەگرتم لەسەریان .

أَمَّا السَّفِينَةُ فَكَانَتْ لِمَسَاكِينَ يَعْمَلُونَ فِي الْبَحْرِ فَأَرَدتُّ أَنْ أَعِيبَهَا وَكَانَ وَرَاءَهُم مَّلِكٌ يَأْخُذُ كُلَّ سَفِينَةٍ غَصْبًا(٧٩)

هەرچی كەشتییەكە یە كە كونم كرد ، ئەوە موڵكی چەند كەسێكی هەژار بوو لە دەریادا كاریان ئەكرد و بە دەرامەتی ئەو كەشتییە ئەژیان . پادشایێك لەدوایانەوە بوو هەر كەشتییەكی ساغ و سەلیمی بدیایە داگیری ئەكرد ، منیش عەیبدارم كرد تا ئەوپادشایە داگیری نەكات .

وَأَمَّا الْغُلَامُ فَكَانَ أَبَوَاهُ مُؤْمِنَيْنِ فَخَشِينَا أَن يُرْهِقَهُمَا طُغْيَانًا وَكُفْرًا(٨٠)

هەرچی كوڕەكەیش بوو كە كوشتم ، باوك و دایكی موسوڵمان بوون. ترساین كە گەورە بوو ، بە لەخوایاخیبوون و كافریی خۆی ناڕەحەت و ماندوویان بكا .

فَأَرَدْنَا أَن يُبْدِلَهُمَا رَبُّهُمَا خَيْرًا مِّنْهُ زَكَاةً وَأَقْرَبَ رُحْمًا(٨١)

ویستمان خودا كوڕێكی لەو باشتریان بداتێ نەفسی پاكتر بێ و میهرەبانتر بێ لەگەڵیان و قازانجی ببێ بۆیان .

وَأَمَّا الْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلَامَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِي الْمَدِينَةِ وَكَانَ تَحْتَهُ كَنزٌ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَالِحًا فَأَرَادَ رَبُّكَ أَن يَبْلُغَا أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنزَهُمَا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ وَمَا فَعَلْتُهُ عَنْ أَمْرِي ذَٰلِكَ تَأْوِيلُ مَا لَمْ تَسْطِع عَّلَيْهِ صَبْرًا(٨٢)

دیوارەكەیش كە ڕاستم كردەوە هیی دوو منداڵی هەتیو بوو لە

شارەكەداو ، لە ژێر ئەو دیوارەدا غەزنەیێكی زێڕو زیویان هەبوو و باوكیشیان پیاوێكی چاك بوو . خودای تۆ ویستی ئەو منالآنە گەورە بن و فام پەیدا بكەن و ئەو غەزنەیان دەربێنن و سوودی لێ وەرگرن . جا ئەگەر دیوارەكە بڕووخایە خەڵكی بە غەزنەكەیان ئەزانیو ئەیانبرد بۆ خۆیان . ئەمەیش میهرەبانییەك بوو لە خوداوە دەربارەی ئەو منالآنە . ئیتر من لە خۆمەوە ئەو كارانەم نەكردوەو بە فەرمانی خودا كردوومن . ئەمە ڕاستیی ئەو كارانە بوو تۆ خۆتت پێ ڕانەگیراو ، ڕەخنەت لەسەر كردنیان لێ گرتم .

وَيَسْأَلُونَكَ عَنْ ذِي الْقَرْنَيْنِ قُلْ سَأَتْلُوا عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا(٨٣)

جوولەكەكان یا موشریكەكانی مەككە لەبارەی ئەسكەندەری زولقەرنەینەوە پرسیارت لێ ئەكەن كە ئەسكەندەری ڕۆمیی شای ڕۆم و فارسە ، پێیان بڵێ : لەمەودا لەبارەی ئەوەوە قورئانتان بۆ ئەخوێنمەوە .

إِنَّا مَكَّنَّا لَهُ فِي الْأَرْضِ وَآتَيْنَاهُ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا(٨٤)

بەڕاستی ئێمە دەستەلآت و هێزمان پێدابوو لە زەویداو ، هەرچی بویستایە بۆمان ئەسازاند . ئەوەبوو ویستی بگاتە ڕۆژاوا ، ئێمەیش هۆمان بۆ ئامادە كردو ،

فَأَتْبَعَ سَبَبًا(٨٥)

ئەویش دوای هۆیەكە كەوت و بەرەو ڕۆژاوا ڕۆیشت .

حَتَّى إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ الشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِي عَيْنٍ حَمِئَةٍ وَوَجَدَ عِنْدَهَا قَوْمًا قُلْنَا يَا ذَاالْقَرْنَيْنِ إِمَّا أَنْ تُعَذِّبَ وَإِمَّا أَنْ تَتَّخِذَ فِيهِمْ

حُسْنًا(٨٦)

تا كە گەیشتە شوێنێ خۆر بەناو سەرچاوەیێكی قوڕاودا ئاوا ئەبوو، واتە بەناو ئاوێكدا ئاوا ئەبوو كە لە دوورەوە وەكو قوڕاو ڕەشی ئەكردەوە ، لەویا قەومێكی دی بەدكردارو بێئایین بوون و ، لەبەر بێگوێیی و سەرپێچییان شایانی سزا بوون . ئێمەیش خستمانە دڵی زولقەرنەینەوەو تێمان گەیاند كە تۆ ئارەزووی خۆتە : یا بێ پشوودانیان سزایان ئەدەیت ، یا ڕووت لەگەڵیان خۆش بێو داوای تەوبەیان لێ بكەیت .

قَالَ أَمَّا مَنْ ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَى رَبِّهِ فَيُعَذِّبُهُ عَذَابًا نُكْرًا(٨٧)

ئەویش بە قەومەكەی وت : هەركەس بەگوێم نەكات و لەسەر كافریو ستەمكاری بمێنێتەوە ، سزای ئەدەین و دوایی لە ڕۆژی قیامەتدا ئەگەڕێتەوە بۆ لای خودای خۆیو ئەویش سزایێكی سەخت و ناهەمواری ئەدات .

وَأَمَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُ جَزَاءً الْحُسْنَى وَسَنَقُولُ لَهُ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا(٨٨)

هەر كەسێكیش ئیمان بە خودا بێنێ و كرداری چاك بكات ، لە هەردوو دنیادا باشترین پاداشی هەیەو ، ئێمەیش كاری سووك و ئاسانی بەسەردا ئەدەین .

ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا(٨٩).

پاش ئەوە كەوتە سەر ڕێگای ڕۆژهەڵات .

حَتَّى إِذَا بَلَغَ مَطْلِعَ الشَّمْسِ وَجَدَهَا تَطْلُعُ عَلَى قَوْمٍ لَّمْ نَجْعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتْرًا(٩٠)

تا كە گەیشتە ئەو شوێنەی هەتاوی لێ هەڵدێ ، سەیری كرد هەتاو لە قەومێ ئەكەوێ لە خۆر بەولاوە شتێ نەبوو دایانپۆشێ ، نە جلوبەرگ و نە خانوو .

كَذَلِكَ وَقَدْ أَحَطْنَا بِمَا لَدَيْهِ خُبْرًا(٩١).

كاری زولقەرنەین بەو جۆرە بوو كە باسمان كرد لە دەستەلاّت و پایەبەرزیدا و ، ئێمە ئاگادار بووین لەوەی كە هەیبوو لە زیرەكی و تەجرەبە لە كاروباری سوپاو ئەسبابی جەنگیدا . واتە : هەر ئێمە ئەمانزانی چەند دەستەلاّتی هەبوو .

ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا (٩٢)

هەروەها كەوتەوە شوێن ئەسبابی داگیركردنی دنیاو ڕێگایەكیتری گرتەبەر لە نێوان ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوادا بەرەو باكوور .

حَتَّى إِذَا بَلَغَ بَيْنَ السَّدَّيْنِ وَجَدَ مِن دُونِهِمَا قَوْمًا لاَّ يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ قَوْلاً(٩٣)

تا كە گەیشتە شوێنێ لەنێوان دوو كێودا بوو ، لە نێوانی ئەو دوو كێوەدا بەستێ كرابوو . لەوێدا قەومێكی دی لەوانە بوو لە قسە حاڵی نەبن .

قَالُوا يَا ذَا الْقَرْنَيْنِ إِنَّ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ فَهَلْ نَجْعَلُ لَكَ خَرْجًا عَلَى أَن تَجْعَلَ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمْ سَدًّا(٩٤)

كۆمەڵێ لە ژیرەكانی ئەو قەومە هاتنە لای زولقەرنەین و پێیان وت:

ئەی زولقەرنەین! نەتەوەی یەئجووج و مەئجووج لەم ناوانەدا نەتەوەیێکی بەدکارن لەسەر ئەم زەوییەو ، پیاو ئەکوژن و ماڵ تاڵان ئەکەن ! ئایا ڕازی ئەبی لە موڵك و ماڵی خۆمان خەراجێکی تایبەتیت بۆ دیاری بکەین بە مەرجێ بەستێك لەنێوان ئێمەو ئەواندا دروست بکەی ڕێگایان لێ بگرێت نەتواتن هێرش بێننە سەرمان ؟

قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا(٩٥)

ئەویش وتی : ئەوەی خودا بە منی داوە لە دارایی و زانیاری لەو خەراجەی ئێوە چاکترە . ئێوە تەنها بە هێزی کارگەران یارمەتیم بدەن تا لەنێوان ئێوەو ئەواندا بەستێکی بەرزو ئەستوور دروست بکەم .

آتُونِي زُبَرَ الْحَدِيدِ حَتَّى إِذَا سَاوَى بَيْنَ الصَّدَفَيْنِ قَالَ انفُخُوا حَتَّى إِذَا جَعَلَهُ نَارًا قَالَ آتُونِي أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا(٩٦)

ئێوە ئاسنی پارچە پارچەم بۆ بێنن و بیانخەنە سەر یەك . ئەوانیش بۆیان هێنا تا بەینی هەردوو کێوەکەی پڕکردەوە . جا بە وەستاو پیشەوەرەکانی وت دەمە لە سەر ئەو دیوارە ئاسنینە بدەمێنن و فووی پێدا بکەن ، ئەوانیش دەمەیان دەماندو فوویان پێدا کرد تا هەموو ئاسنەکانی ئەو دیوارە سوورەوە بوون ، ئەنجا پێی وتن : مسی تواوەم بۆ بێنن تا بیرێژم بەسەریا .

فَمَا اسْطَاعُوا أَنْ يَظْهَرُوهُ وَمَا اسْتَطَاعُوا لَهُ نَقْبًا(٩٧)

ئیتر پاش ئەوە قەومی یەئجووج و مەئجووج نەیانتوانی بەسەر بەستەکەدا سەرکەون و نەیشیانتوانی کونی بکەن .

قَالَ هَذَا رَحْمَةٌ مِّن رَّبِّي فَإِذَا جَاءَ وَعْدُ رَبِّي جَعَلَهُ دَكَّاءَ وَكَانَ وَعْدُ رَبِّي حَقًّا(٩٨)

زولقەرنەین وتی : ئەم بەستە قایمو سەختە میهرەبانییەکە لەلایەن خودای پەروەردگارمەوە. بەلأم کاتێ کە وەعدەی خودا هاتەدی بۆ دەرچوونی یەئجووجو مەئجووج یا بۆ بەرپابوونی ڕۆژی قیامەت ، بەستەکە ئەڕووخێنێو لەگەڵ زەوی تەختی ئەکات.بێگومان وەعدەی پەروەردگاری من ڕاستەو دێتەدی .

وَتَرَكْنَا بَعْضَهُمْ يَوْمَئِذٍ يَمُوجُ فِي بَعْضٍ وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَجَمَعْنَاهُمْ جَمْعًا(٩٩)

لەو ڕۆژەدا کە یەئجووجو مەئجووج لە پشتی بەستەکەوە دەرئەچن لێیان ئەگەڕێین دێن بەیەکاو بە ولأتاندا شەپۆل ئەدەن . یا لە ڕۆژی قیامەتدا خەڵکی بە سەرلێشێواوی و سەرسامی دێن بەیەکاو تێکەڵ ئەبن . هەروەها فوو ئەکرێ بە صووردا بۆ بەرپا بوونی قیامەتو هەموو خەڵکی کۆئەکەینەوە بۆ لێپرسینەوە .

وَعَرَضْنَا جَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ لِّلْكَافِرِينَ عَرْضًا(١٠٠)

لەو ڕۆژەدا دۆزەخ بۆ کافران دەرئەخەینو پیشانیان ئەدەین .

الَّذِينَ كَانَتْ أَعْيُنُهُمْ فِي غِطَاءٍ عَن ذِكْرِي وَكَانُوا لَا يَسْتَطِيعُونَ سَمْعًا(١٠١)

ئەو کافرانەی لە دنیادا چاویان پەردەی بە سەردا کێشرابوو و نیشانەکانی دەستەلأتی منیان نەئەبینیو ،گوێیان لە ئاستی قسەی من کەڕ بوو و شتی ڕاستیان بەگوێدا نەئەچوو .

أَفَحَسِبَ الَّذِينَ كَفَرُواْ أَن يَتَّخِذُواْ عِبَادِي مِنْ دُونِي أَوْلِيَاءَ إِنَّا أَعْتَدْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَافِرِينَ نُزُلاً(١٠٢)

ئـایـا کافرەکـان وا ئـەزانن پەرستنی بەندەکانی منو لادان لـە پەرستنی من بەکەڵکیان دێو سوودی هەیە بۆیان ؟! نەخەیر وا نییە، بەڕاستی ئێمە دۆزەخمان بـۆ شوێنی کافرەکـان ئامادە کردووەو بۆ سزای ئەوانمان داناوە .

قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالاً(١٠٣)

پێیان بڵێ : ئایا ئاگادارتان بکەین لەوانەی لە کردەوەدا لە هەموو کەس زیانبارترن ؟

الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الـدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا(١٠٤)

ئەوانەن بەهۆی کوفریانەوە لە ژیانی دنیادا ڕەنجیان بە زایە بووە ، کەچی ئەوەندە لەخۆباییـن وا ئـەزانن کـاری چـاك ئـەکـەنو لەسەر حەقن .

أُولَئِكَ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَلِقَائِهِ فَحَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَلا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا(١٠٥)

ئەوانە ئەو کەسانەن کە باوەڕیان بە قورئانو بـەو نیشانانە نییە کە دەلالەت لە یەکێتیو دەستەڵاتی خودا ئـەکـەنو بـاوەڕیـان بـە زیندووبوونەوەو لێپرسینەوە نییە. ئیتر هـەموو کـردەوێکی دنیایـان بەخەسار چووە، ئێمەیش لە قیامەتدا هیچ جۆرە نرخێکیان بۆ دانانێینو بە چاوی سووك سەیریان ئەکەین .

ذَلِكَ جَزَاؤُهُمْ جَهَنَّمُ بِمَا كَفَرُواْ وَاتَّخَذُواْ آيَاتِي وَرُسُلِي هُزُوًا(١٠٦)

ئەنجامی کار ئاوەها بوو ، پاداشیان دۆزەخ بوو چونکە کافر بوون و گاڵتەیان بە ئایەتەکانی من و بە پێغەمبەرانی من ئەکرد .

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّاتُ الْفِرْدَوْسِ نُزُلاً(١٠٧)

بەڕاستی ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاکیان کردووە (جنات الفردوس) یان بۆ ئامادە کراوە کە بەرزترین و چاکترین جێگای بەهەشتە

خَالِدِينَ فِيهَا لاَ يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلاً(١٠٨)

هەتاهەتایە تیایا ئەمێننەوەو داوای ئەوە ناکەن لەوێ بگوێزنەوە .

قُل لَّوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِّكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا(١٠٩)

تۆ ئەی پێغەمبەر بڵێ : ئەگەر دەریا مەرەکەب بێ بۆ نووسینی کەلیمەکانی زانیاری و دەستەڵات و توانی خودا ، دەریا تەواو ئەبێ پێش ئەوەی کەلیمەکانی خودا تەواو ببن ، هەرچەند ئەوەندی ئەو دەریایە دەریای تریش بێنین بۆ یارمەتی دانی، چونکە کەلیمەی خودا سووری نییەو تەواو نابێ و وەك زاتی خۆی قەدیمە لە ئەزەلەوە بووەو تا ئەبەد ئەمێنێ ، بەڵام دەریا سنووردارەو شتی سنوورداریش ئەبڕێتەوە.

قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَمَن كَانَ

يَرْجُواْ لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلاً صَالِحًا وَلاَ يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا(١١٠)

تۆ ئەی پێغەمبەر بڵێ من تەنیا بنیادەمێکم وەك ئێوەو گەزافی ئەوە لێنادەم کە هەموو کەلیمەکانی خودا ئەزانم . تەنیا بەوە لە ئێوە جیا ئەبمەوە کە وەحیم بۆ ئەکرێ و ئەوترێ کە بەڕاستی خودای ئێوە خودایێکی تاق و تەنیاو بێ هاوبەشە ، دەی هەرکەس بە هیوای ئەوەیە بە سەربەرزی و شادمانی بگاتە حوزووری خودا ، با کردەوەی چاك و بەسوود بکات بۆ خۆی و بۆ خەڵك و ، هیچ یەکێ نەکاتە هاوبەشی خودای خۆی .

سووره‌تی (مريم)

مه‌ككه‌يی‌يه ته‌نها ئايه‌تی

٥٨و ٧١ ی نه‌بیٚو ، (٩٨) ئايه‌ته

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

كٓهيعٓصٓ(١)

خودای گه‌وره خۆی ئه‌زانیٚ مه‌عنای چی‌يه .

ذِكْرُ رَحْمَتِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا(٢)

ئـه‌مـه بـاسی ميهره‌بانيی خـودای تۆيه له‌گه‌لٚ زه‌كه‌ريای به‌نده‌ی خۆی .

إِذْ نَادَى رَبَّهُ نِدَاءً خَفِيًّا(٣)

كاتیٚ كه زه‌كه‌ريا به په‌نهانی له خودای خۆی پاڕايه‌وه .

قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُنْ بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيًّا(٤)

وتی : خودايا مـن ئيٚسقانم بیٚهيٚز بـووه‌و بـه‌هـۆی پيريیه‌وه سه‌رم سپی بووه‌و، لـه‌مـه‌وپيٚش نـزاو پاڕانـه‌وه‌م ڕه‌د نـه‌كراوه‌ته‌وه‌و ، هه‌ر تكاييٚكم لیٚ كردبی جیٚبه‌جيٚت كردووه بۆم .

وَإِنِّي خِفْتُ الْمَوَالِيَ مِنْ وَرَائِي وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا فَهَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا(٥)

به‌ڕاستی من له خزمه‌كانم ئه‌ترسم كه پاش خۆم به چاكی شويٚنم نه‌گرنه‌وه‌و له دين لابده‌ن . ژنه‌كه‌يشم نه‌زۆكه‌و منالٚی نابیٚ، بـۆيه لـه

میهرەبانیی تۆ ئەپاڕێمەوە کوڕێکم پێ ببەخشی سەرداریی ئەم خانەدان و جێگاو ڕێگایە بکات .

يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ وَاجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا(٦)

ئەو کوڕە کوڕێکی وەها بێ میراتی پێغەمبەرایەتی لە من و لە ئالی یەعقووب وەربگرێ و جێگامان بگرێتەوە . خودایا بیشیکە بە کوڕێکی کردەوە پەسەند کە خۆت لێی ڕازی بیت .

يَا زَكَرِيَّا إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَامٍ اسْمُهُ يَحْيَى لَمْ نَجْعَل لَّهُ مِن قَبْلُ سَمِيًّا(٧)

لەلایەن خوداوە وەڵامی درایەوە : ئەی زەکەریا ! ئێمە مژدەت ئەدەینێ بە کوڕێك کە ناوی یەحیایەو لەوەپێش هاوناومان بۆ دانەناوە.

قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ الْكِبَرِ عِتِيًّا(٨)

زەکەریا کە ئەم مژدەیەی لە خواوە بیست لە خۆشییاندا وتی : خوایە ! من چۆن کوڕم ئەبێ کە ژنەکەم نەزۆکەو خۆم بەتەواوی پیر بووم و هێزم لێ بڕاوە .

قَالَ كَذَلِكَ قَالَ رَبُّكَ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِن قَبْلُ وَلَمْ تَكُ شَيْئًا(٩)

خودا فەرمووی کار وەها ئەبێت : خودا ئەفەرموێت ئەو کارە بۆ من ئاسانەو کاتی خۆی من تۆم دروست کرد کە هیچیش نەبوویت .

قَالَ رَبِّ اجْعَل لِّي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَ لَيَالٍ سَوِيًّا(١٠)

زەکەریا عەرزی خودای کرد وتی : خودایا ! نیشانەییکم بۆ دیاری بکە لەسەر بەجیٚهاتنی ئەم داخوازییە.خودا وەلاٚمی دایەوە فەرمووی: نیشانەت ئەوەیە سیٚ شەوو سیٚ رِۆژ ، بیٚئەوەیش کەرِو لالٚ بی، بە ئیشارە نەبیٚ ناتوانی قسە لەگەلٚ خەلٚك بکەیت و ، تەنها خەریکی یادی خودا ئەبی .

فَخَرَجَ عَلَى قَوْمِهِ مِنَ الْمِحْرَابِ فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ أَنْ سَبِّحُواْ بُكْرَةً وعَشِيًّا(١١)

جا کە ئەو حالەٚی بە سەردا هات لە میحرابەکەی هاتە دەرەوە بۆ ناو قەومەکەیو ئیشارەی بۆ کردن کە بەیانیان و ئیٚواران تەسبیحاتی خودای گەورە بکەن .

يَايَحْيَى خُذِ الْكِتَابَ بِقُوَّةٍ وآتَيْنَاهُ الْحُكْمَ صَبِيًّا(١٢)

جا کە یەحیا گەورە بوو و پیٚگەیشت پیٚمان وت : ئەی یەحیا ! بە هیٚزو ئیرادەو توانەوە تەورات هەلٚبگرەو کاری پیٚ بکەو بە خەلٚکی رِابگەییٚنە ، وەك پیٚغەمبەرە پیٚشووەکان . یەحیا هەر لە منالٚییەوە عەقلٚی تەواوو تیٚگەیشتنمان پیٚ داو فیٚری تەورات و حوکمەکانی بوو .

وحَنَانًا مِن لَّدُنَّا وزَكَاةً وكَانَ تَقِيًّا(١٣)

هەروەها بەزەیی و میهرەبانیمان خستە دلٚیەوە بەرامبەر بە خەلٚك و، بەتایبەتی هەژاران و بیٚهیٚزان ،لەگەلٚ خاویٚنیی دلٚدا . بەرِاستی یەحیا لەخوداترس بوو و خۆی لە گوناە ئەپاراست .

وبَرًّا بِوَالِدَيْهِ ولَمْ يَكُنْ جَبَّارًا عَصِيًّا(١٤)

لەگەلٚ باوك و دایکی چاك رِەفتارو شیرین گوفتار بوو و خۆی بە

گەورە نەئەزانیو سەرپێچ نەبوو .

وَسَلامٌ عَلَيْهِ يَوْمَ وُلِدَ وَيَوْمَ يَمُوتُ وَيَوْمَ يُبْعَثُ حَيًّا(١٥)

سەلام لەلایەن ئێمەوە لەسەر ئەو بێ لەو ڕۆژەدا لە دایك بووەو، لەو ڕۆژەدا ئەمرێتو ، لەو ڕۆژەدا کە بۆ حەشر زیندوو ئەکرێتەوە.

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذْ انتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَانًا شَرْقِيًّا(١٦)

لە قورئاندا باسی بەسەرهاتی مەریەم بکە کە چۆن لە ماڵی خۆیان جیا بووەوەو لە جێگایەکدا دانیشت لە ڕۆژهەڵاتی (بيت المقدس)ەوە .

فَاتَّخَذَتْ مِنْ دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا(١٧)

لەوێ پەردەیێکی لێدا بۆ خۆشۆردن کە بیشارێتەوە . لەو کاتەدا ئێمە فروستادەی خۆمان ، کە جیبرەئیلە ، ناردە لایو ، لە شێوەی بنیادەمێکی ڕێکو پێكو تەواودا خۆی پیشان دا .

قَالَتْ إِنِّي أَعُوذُ بِالرَّحْمَانِ مِنْكَ إِنْ كُنتَ تَقِيًّا(١٨)

مەریەم وتی : من پەنائەگرم بە خودا لە تۆ ئەگەر تۆ لەخواترس بی . واتە ، دەس بەردارم بە .

قَالَ إِنَّمَا أَنَا رَسُولُ رَبِّكِ لأَهَبَ لَكِ غُلامًا زَكِيًّا(١٩)

جیبرەئیل کە زانیی مەریەم لە وەزعەکە ترسا ، دڵنیای کردەوەو وتی : مەترسە ، من فروستادەی ئەو خودایەم کە تۆ پەنای پێ ئەگریتو ، من بۆ ئەوە هاتووم خودا بەهۆی منەوە کوڕێکی پاكو بێگوناهت پێ ببەخشێ .

قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا(٢٠)

مەريـەم وتی : مـن چـۆن کـورم ئـەبێ کە کەسم بە حەڵاڵی لێ نەکەوتووەو هەرگیزیش داوێن پیس نەبووم ؟!

قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَـةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَقْضِيًّا(٢١)

ئەویش وتی : فـەرمـان وەهایـە . خودا ئەفەرموێت : ئەوە بۆ من شتێکی ئاسانەو، ئەیکەم بە نیشانە بۆ ئادەمیزاد لەسەر توانی خۆم ، ئەیکەمە هۆی ڕەحمەت بۆ ئادەمیزادو ، فەرمانەکە بڕاوەتەوە .

فَحَمَلَتْهُ فَانْتَبَذَتْ بِهِ مَكَانًا قَصِيًّا(٢٢)

فووی پیا کردو سکی پڕ بوو و هەڵیگرت و، بە خۆیو سکەکەیەوە گۆشەگیر بوو و لە جێگاییێکی دوور لە کەسوکاری دانیشت .

فَأَجَاءَهَـا الْمَخَاضُ إِلَى جِذْعِ النَّخْلَةِ قَالَتْ يَالَيْتَنِي مِتُّ قَبْلَ هَـذَا وَكُنْتُ نَسْيًا مَنْسِيًّا(٢٣)

جا ژانی منالْبوون گرتی و ڕاپێچی کردو هێنای بۆ لای دار خورمایێك کە لەوێدا بوو، تا دەستی پێوە بگرێ. ئیتر لەوێدا منالەکـەی بوو . لەو کاتەدا دڵی زۆر نارەحەت بوو . وتی : خۆزگا پێش ئەمە بمردمایەو بە تەواوی لە بیر بچوومایەتەوە .

فَنَادَاهَا مِنْ تَحْتِهَا أَلَّا تَحْزَنِي قَدْ جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَرِيًّا(٢٤)

ئەنجا عیسای بوو . عیسا لە ژێر داوێنیەوە بانگی لێ کردو پێی وت : خـەم مەخۆ ، خودا یەکێکی پڕقەدری لەژێر داوێنتدا دروست کردووە کە لای خوداو لای بەندە پایەو حورمەتی هەیە .

وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا(٢٥)

ئەو دارخورمایە بەرەو لای خۆت ڕاوەشێنە خورماییێکی تەڕو تازەو پاکت بۆ ئەوەرێنێ .

فَكُلِي وَاشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيًّا(٢٦)

جا خورما بخۆو ئاو بخۆرەوەو، دڵ خۆش و چاو ڕوون بە . ئەگەر بنیادەمێکت دی بڵێ من لەسەر خۆمم نەزر کردووە بۆ خودا کە قسە لەگەڵ هیچ ئادەمیزادێك نەکەم ، بۆیە ئەمڕۆ قسە لەگەڵ هیچ کەسێ ناکەم .

فَأَتَتْ بِهِ قَوْمَهَا تَحْمِلُهُ قَالُوا يَامَرْيَمُ لَقَدْ جِئْتِ شَيْئًا فَرِيًّا(٢٧)

جا کوڕەکەی هەڵگرت و هاتەوە بۆ ناو قەومەکەی . کە چاویان پێ کەوت بە منداڵەکەوە هەڵیگرتبوو ، وتیان ئەی مەریەم شتێکی درۆو بێئەسڵت هێناوە ، واتە منداڵێکی بێباوکت هێناوە .

يَاأُخْتَ هَارُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ امْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا(٢٨)

ئەی هاوچەشنی هاروونی برای مووسا لە عیبادەت کردنا ، تۆ باوکت پیاوێکی خراپ نەبوو و دایکیشت داوێن پیس نەبوو، ئەم منداڵە چیە هەڵتگرتووە ؟

فَأَشَارَتْ إِلَيْهِ قَالُوا كَيْفَ نُكَلِّمُ مَنْ كَانَ فِي الْمَهْدِ صَبِيًّا(٢٩)

ئەویش ئیشارەتیکرد بۆ منداڵەکەی، واتە : قسە لەگەڵ ئەو منداڵە بکەن . ئەوانیش وتیان : چۆن قسە لەگەڵ منداڵێك بکەین ساوای ناو بێشکە بێ .

قَالَ إِنِّي عَبْدُ اللَّهِ آتَانِي الْكِتَابَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا(٣٠)

منداڵەکە هاتە جواب ، فەرمووی: من بەندەی خودام، خودا کتێبی داومیٚ و کردوومی بە پێغەمبەر .

وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا(٣١)

پیرۆزیشی کردووم لە هەرکوێیەك بم و، ئامۆژگاریی کردووم تا بە سەر زیندوو بم و لە دنیادا بژیم نوێژ بکەم و زەکاتی ماڵ دەرکەم .

وَبَرًّا بِوَالِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا(٣٢)

کردوویشمی بە ئینسانێکی چاکەکەر لەگەڵ دایکم و نەیکردووم بە ستەمکارێکی خراپەکەر.

وَالسَّلَامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا(٣٣)

سەلامی خوایشم لیٚ بیٚ لەو ڕۆژەدا لەدایك بووم و لەو ڕۆژەدا کە ئەمرم و لەو ڕۆژەیشا کە زیندوو ئەکرێمەوە .

ذَلِكَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ قَوْلَ الْحَقِّ الَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ(٣٤)

ئەو منداڵەی بەوجۆرە لە مەریەمی عەزرا لەدایك بوو ، ئەوە عیسای کوڕی مەریەم بوو . قسەی ڕاست وەربگرە ، ئەو قسەیەی ئەوان، واتە کافرەکان، گومانیان خراپە تیادا و هەرلاییٚ بەجۆریٚ قسەی لیٚ ئەکەن.

مَا كَانَ لِلَّهِ أَن يَتَّخِذَ مِن وَلَدٍ سُبْحَانَهُ إِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ(٣٥)

ئەڵێن کوڕی خودایە، واتە عیسا. حاشا لیللا . قەت ڕەوا نىيە بۆ خودا منداڵ دروست بکا بۆ خۆی. خودا، پاك و دوورە لەو جۆرە شتانە. هەرکاتیٚ فەرمان بە بوونی شتیٚ بداو خواستی لەسەر بوونی بیٚ ،

ئەفەرموێت : ببەو ، ئەو شتەیش دەستبەجێ ئەبێ

وَإِنَّ اللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ (٣٦)

بەڕاستییش خودای تەعالا پەروەردگاری منیش و ئێوەیشە ، کەواتە ئێوەیش بیپەرستن و عیبادەتی بۆ بکەن . ئەم خواپەرستییە ڕێگایەکی ڕاست و دروستە .

فَاخْتَلَفَ الْأَحْزَابُ مِنْ بَيْنِهِمْ فَوَيْلٌ لِلَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ مَشْهَدِ يَوْمٍ عَظِيمٍ (٣٧)

جا کۆمەڵەکانی سەردەمی مەریەم لەبارەی مەریەمەوە ناکۆکییان کەوتە نێوانەوە . دەی هاوار بۆ ئەوانەی کافر بوون لە هاتنە ڕووی کاری کۆمەڵی ڕۆژێکی زۆر مەزن کە ڕۆژی حەشرە .

أَسْمِعْ بِهِمْ وَأَبْصِرْ يَوْمَ يَأْتُونَنَا لَكِنِ الظَّالِمُونَ الْيَوْمَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (٣٨)

پەنا بەخوا ، ئەو ڕۆژەی ئەو کافرانە دێنە بەردەستمان ، زۆر شت ئەبیسن و زۆر شت ئەبینن . بەڵام ئەوانە ئەمڕۆ لە گومڕاهییەکی زەق و زۆپیدان .

وَأَنْذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ إِذْ قُضِيَ الْأَمْرُ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ وَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ (٣٩)

ئەو کافرانە بترسێنە لە ڕۆژی داخ و خەفەت خواردن کە پاش حیساب لەگەڵ کردن و لێپرسینەوەیەو ئیتر هەمووشتێ ئەبڕێتەوەو بەهەشتی و دۆزەخی لێك جوێ ئەکرێنەوەو ئەوانیش ئەمڕۆ لە غەفڵەت و فەرامۆشیدان و ئیمان ناهێنن .

إِنَّا نَحْنُ نَرِثُ الْأَرْضَ وَمَنْ عَلَيْهَا وَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ(٤٠)

به‌ڕاستی ئێمه‌ین زه‌وی‌و هه‌رکه‌س‌و هه‌رچی له‌سه‌ر زه‌وییه هه‌مووی ئه‌گه‌ڕێته‌وه بۆمان‌و که‌س خاوه‌نی هیچ نابێ.

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَبِيًّا(٤١)

تۆ باسی ئیبراهیم له قورئانا بکه بۆ خه‌ڵك. به‌ڕاستی ئیبراهیم پیاوێکی ڕاستگۆو پێغه‌مبه‌ری خوا بوو. مه‌به‌ست له‌و باسه‌ی حه‌زره‌تی ئیبراهیمه که به باوکی ئه‌ڵێ تۆ بۆ شتیٔ وا ئه‌په‌رستی که نه هیچ ئه‌بیسێ‌و نه هیچ دادێکی که‌س ئه‌دا.

إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِي عَنكَ شَيْئًا(٤٢)

که ئه‌وه‌بوو به باوکی وت: بابه تۆ بۆچی شتێ ئه‌په‌رستی هیچ نابیسێ‌و هیچ نابینێ‌و هیچ سوودێکت پێ ناگه‌یه‌نێ ؟

يَا أَبَتِ إِنِّي قَدْ جَاءَنِي مِنَ الْعِلْمِ مَا لَمْ يَأْتِكَ فَاتَّبِعْنِي أَهْدِكَ صِرَاطًا سَوِيًّا(٤٣)

ئه‌ی باوکی من! به‌ڕاستی من زانیارییه‌وام بۆ هاتووه بۆ تۆ نه‌هاتووه، ده که‌واته شوێنم که‌وه تا ڕێگایه‌کی ڕاستت پیشان بده‌م.

يَا أَبَتِ لَا تَعْبُدِ الشَّيْطَانَ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلرَّحْمَنِ عَصِيًّا(٤٤)

ئه‌ی باوکی من! شه‌یتان مه‌په‌رسته‌و عیباده‌تی مه‌که. شه‌یتان، به‌ڕاستی، یاخی‌و سه‌رکێشه له خوای میهره‌بان.

يَا أَبَتِ إِنِّي أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٌ مِّنَ الرَّحْمَنِ فَتَكُونَ لِلشَّيْطَانِ وَلِيًّا(٤٥)

ئەی باوکی مـن ، بـەڕاستی مـن ئـەترسم سزایێ لەلایەنی خواوە بتگرێتەوەو بەهۆی ئەوەوە ببی بە دۆستی شەیتان .

قَالَ أَرَاغِبٌ أَنْتَ عَنْ آلِهَتِي يَاإِبْرَاهِيمُ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ وَاهْجُرْنِي مَلِيًّا(٤٦)

باوکی ئیبراهیمیش بـە ئیبراهیمی وت : ئـەی ئیبراهیم ! ئایا تو ڕووت لە خواکانی من وەرگێڕاوە ، واتـە دەسبەرداری ئـەو بتانە بووی کـە من ئەیانپەرستم ؟ ئەگەر واز لەم بیروباوەڕەت نـەهێنی بـەردەبارانت ئەکەم. دە برۆ تا ئەتوانی لێم دوور بکەوەرەوە .

قَالَ سَلَامٌ عَلَيْكَ سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّي إِنَّهُ كَانَ بِي حَفِيًّا(٤٧)

ئیبراهیمیش بەئیحتیرامەوە بە باوکی وت : بابە سەلامەت لێ بێ ، من پاشان داوا لە خوای خۆم ئەکەم بۆت لێت خۆش ببێ . خوا بەڕاستی لەگەڵ من میهرەبانە .

وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَأَدْعُوا رَبِّي عَسَى أَلَّا أَكُونَ بِدُعَاءِ رَبِّي شَقِيًّا(٤٨)

جیایش ئـەبمەوە لێتان و کـەنـارتـان لێ ئـەگرم لە خۆتان و لەو بتانەیش لێیان ئەپارێنەوەو هاواریان لێ ئـەکـەن بێ لـە خواو ، هاوار ناکەنە خواو ، هاوار لە پەروەردگاری خۆم ئەکەم ، هیوام وایە لە هاوار لێکردنی خودای خۆما نائومێد نەبم .

فَلَمَّا اعْتَزَلَهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَكُلًّا جَعَلْنَا نَبِيًّا(٤٩)

جـا کاتێ جیابووەوە لەوان و لە بتەکان کە ئەیانپەرستن و لە خـوا

لایان ئەدا ، ئیسحاقیش و یەعقووبیشمان پێ بەخشیو هەردوکیشیانمان کرد بە پێغەمبەر .

وَوَهَبْنَا لَهُم مِّن رَّحْمَتِنَا وَجَعَلْنَا لَهُمْ لِسَانَ صِدْقٍ عَلِيًّا(٥٠)

بەهرەیەکی زۆریشمان لە میهرەبانیی خۆمانەوە پێ بەخشین و پایەو قەدرو حورمەتێکی بەرزمان بۆ دانان تا خەڵك بەڕاستی بە باش ناویان بهێنن.

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مُوسَى إِنَّهُ كَانَ مُخْلَصًا وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا(٥١)

تۆ لە قورئانا ناوی مووسای کوڕی عیمرانیش بهێنە . ئەو بەڕاستی دڵی خاوێن و بێگەرد کرابوو بۆ خواپەرستیو بەندەییی خواو ، پێغەمبەری خوا بوو بۆ سەر ئادەمیزادو پایەی بەلای خواوە بەرز بوو.

وَنَادَيْنَاهُ مِن جَانِبِ الطُّورِ الْأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَاهُ نَجِيًّا(٥٢)

لە لای ڕاستی کێوی توورەوە بانگمان لێ کردو نزیکمان خستەوە لە خۆمان و کردمان بە خاوەن ڕاز لەگەڵ خۆمان .

وَوَهَبْنَا لَهُ مِن رَّحْمَتِنَا أَخَاهُ هَارُونَ نَبِيًّا(٥٣)

لە میهرەبانیی خۆیشمان هاروونی برایمان پێبەخشی بە پێغەمبەری ، واتە کردمان بە پێغەمبەر بۆ خاتری ئەو تا لە گەیاندنی فەرمانی خوادا یارمەتیی بدا .

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا(٥٤)

ناوی ئیسماعیلیش لە قورئانا بهێنە . بەڕاستی ئەو پیاوێکی خاوەن گفت و وەعدەبەجێ بوو و پێغەمبەری خودا بوو بۆسەر خەڵك وخاوەنی

پایەی نوبووەت بوو .

وَكَانَ يَأْمُرُ أَهْلَهُ بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ وَكَانَ عِنْدَ رَبِّهِ مَرْضِيًّا(٥٥)

فەرمانیشی ئەدا بە ژن و منالّ و خزم و کەسوکارو شوێن کەوتووانی کە نوێژەکانیان بکەن و زەکاتی مالّیان بدەن و، ئینسانێکی‌وا بوو خوا لێی ڕازی بوو .

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِدْرِيسَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَبِيًّا(٥٦)

هەروا لە قورئانا ناوی ئیدریسیش بهێنە . ئەو بەڕاستی ئینسانێکی ڕاستگۆو پێغەمبەر بوو .

وَرَفَعْنَاهُ مَكَانًا عَلِيًّا(٥٧)

بلّندیشمان کردەوە بۆ شوێنێکی بەرز ، واتە بۆ ئاسمان ، یا بۆ پایەیەکی بلّند کە پایەی پێغەمبەرییە .

أُولَئِكَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ مِن ذُرِّيَّةِ آدَمَ وَمِمَّنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ وَمِن ذُرِّيَّةِ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْرَائِيلَ وَمِمَّنْ هَدَيْنَا وَاجْتَبَيْنَا إِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُ الرَّحْمَنِ خَرُّوا سُجَّدًا وَبُكِيًّا(٥٨)

ئەمانە کە خودا نیعمەتی خۆی ڕشتووە بەسەریانا لە پێغەمبەران لە نەوەی ئادەم و لە نەوەی ئەوانەی لەگەلّ نووح لە کەشتییەکەیدا هەلّمانگرتن و لە نەوەی ئیبراهیم و ئیسرائیل کە حەزرەتی یەعقووبە و ، لەوانەی هیدایەتمان داون و هەلّمانبژاردوون ، کاتێ فەرموودەی خوایان بەسەرا بخوێنرایەتەوە ، بەڕوودا ئەکەوتن و سوجدەیان ئەبرد بۆ خواو لە ترسی خوا دەستیان ئەکرد بە گریان .

فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلَاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ

يلقون غيًا(٥٩)

کەچی پاشماوە گەلێکیان لێ کەوتەوە نوێژیان نەئەکردو کەتبوونە شوێن ئارەزووبازی . ئەمانە سەرئەنجام بە جەزای گومڕاییی خۆیان ئەگەن .

إلاَّ مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلاَ يُظْلَمُونَ شَيْئًا(٦٠)

مەگەر کەسێ بگەڕێتەوە بۆلای خواو ئیمان بهێنێ‌و کردەوەی باش بکا ، ئەوانە ئەڕۆنە بەهەشت‌و کەم‌وزۆر ناهەقییان لەگەڵ ناکرێ .

جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدَ الرَّحْمَنُ عِبَادَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّهُ كَانَ وَعْدُهُ مَأْتِيًّا(٦١)

ئەو بەهەشتە (جنات العدن) ە کە خودای میهرەبان وەعدەی پێ داوە بە بەندەگانی خۆی لەکاتێکا کە هێشتا دیار نەبوەو بەرچاو نەبوە. وەعدەی خوا بەڕاستی دێتەدی .

لاَ يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا إِلاَّ سَلاَمًا وَلَهُمْ رِزْقُهُمْ فِيهَا بُكْرَةً وَعَشِيًّا(٦٢)

قسەی هیچوپووچ لەو بەهەشتەدا نابیسن ، بەڵکو هەر سەلام لەیەک کردن ئەبیسن‌و ، بەیانی‌و ئێوارە ڕزق‌و ڕۆزیی خۆیانیان لەو بەهەشتەدا هەیە .

تِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي نُورِثُ مِنْ عِبَادِنَا مَنْ كَانَ تَقِيًّا(٦٣)

ئەو بەهەشتە بەهەشتێکی‌وایە بە میرات ئەیدەین بە هەر کەسێ لە بەندەکانی خۆمان کە لەخواترس بێ .

وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلاَّ بِأَمْرِ رَبِّكَ لَهُ مَا بَيْنَ أَيْدِينَا وَمَا خَلْفَنَا وَمَا بَيْنَ ذَلِكَ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا(٦٤)

ئەو فریشتانەی لەئاسمانەوە دێنە خوار بە پێغەمبەرەکان ئەڵێن: ئێمە بە فەرمانی خوای تۆ نەبێ لە ئاسمانەوە نایەینە خوارەوە ، هەرچی لەپێشمانەوەیەو هەرچی لەپاشمانەوەیە هەمووی هی ئەو خوایە . خوای تۆ هیچ لە یاد ناکاو هیچی لە بیر ناچێتەوە .

رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَاعْبُدْهُ وَاصْطَبِرْ لِعِبَادَتِهِ هَلْ تَعْلَمُ لَهُ سَمِيًّا(٦٥)

خوای ئاسمان و زەوی‌و نێوانیانە. بیپەرستەو خۆڕاگرە لە پەرستنیا. ئایا هاوناوێکی ئەو ئەزانی ؟ دیارە نە ، چونکە کەس هاوناوی نی‌یە، لەبەرئەوە کە لەو بەولاوە کەس بەڕاستی خوا نی‌یە .

وَيَقُولُ الْإِنسَانُ أَئِذَا مَا مِتُّ لَسَوْفَ أُخْرَجُ حَيًّا(٦٦)

ئینسان – مەبەستی لە ئینسانی کافرە – ئەڵێ ئایا کە مردم ، لەوەپاش بەزیندوی لە گۆڕ دەرئەهێنرێمە دەرەوە ؟

أَوَلَا يَذْكُرُ الْإِنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن قَبْلُ وَلَمْ يَكُ شَيْئًا(٦٧)

ئایا ئەم ئینسانە کە وا ئەڵێ ، بیر لەوە ناکاتەوە کەوا ئێمە لەمەوبەر ئەومان دروستمان کردو ئەو ئەوکاتە هیچ نەبوو ؟

فَوَرَبِّكَ لَنَحْشُرَنَّهُمْ وَالشَّيَاطِينَ ثُمَّ لَنُحْضِرَنَّهُمْ حَوْلَ جَهَنَّمَ جِثِيًّا(٦٨)

قەسەم بە خوای تۆ هەموو ئەوانە لەگەڵ شەیتانەکانیانا کۆئەکەینەوەو پاشان هەموویان بەدەوری دۆزەخا خڕئەکەینەوە

لەسەر ئەژنۆو وا ئەمێننەوە تا ئەخرێنە ناودۆزەخ .

ثُمَّ لَنَنْزِعَنَّ مِنْ كُلِّ شِيعَةٍ أَيُّهُمْ أَشَدُّ عَلَى الرحْمَنِ عِتِيًّا(٦٩)

پاشان لە هەر تایەفەیەك کامیان لەخوا یاخیترو فیززلترو گوناهبارتر بووبێ، ئەوانەیان لە جێی خۆیان هەڵئەکەنین و فڕێیان ئەدەینە ناو ئاگری دۆزەخەوە .

ثُمَّ لَنَحْنُ أَعْلَمُ بِالَّذِينَ هُمْ أَوْلَى بِهَا صِلِيًّا(٧٠)

پاش ئەمەیش ، ئێمە لە هەمووکەس باشتر ئەزانین ئەوانە کامیان شایانتری ئەوەن بچنە ناو ئاگری دۆزەخ .

وَإِن مِّنكُمْ إِلاَّ وَارِدُهَا كَانَ عَلَى رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا(٧١)

کەس لە ئێوە نی‌یە نەچێتە ناو دۆزەخ . ئەمە کارێکە بڕیاردراوەو لەسەر خوا پێویستە جێبەجێی بکا، واتە خوا خۆی بڕیاری داوەو پێویستی کردووە لەسەر خۆی هەموو کەسێ بەرێتە دۆزەخ و سەری لەوێ پێ بدا .

ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَواْ وَنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا(٧٢)

جا پاش ئەوەی هەموومان بردنە دۆزەخەوە، ئەوانەیان کە باوەڕیان بە خوا بووە و لەخوا ترساون ڕزگاریان ئەکەین و ئەیانهێنینە دەرەوەو، ستەمکارەکان لەسەر ئەژنۆ لەوێ ئەهێڵینەوە .

وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ لِلَّذِينَ آمَنُواْ أَيُّ الْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَّقَامًا وَأَحْسَنُ نَدِيًّا(٧٣)

کاتێ ئایەتەکانی ئێمە بخوێنرێنەوە بەسەریانا، کافرەکان بە موسوڵمانەکان ئەڵێن کام تاقم لە ئێمەو لە ئێوە پایەو مەقامی

باشترەو کۆڕو مەجلیسی خۆشترە ؟

وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنْ قَرْنٍ هُمْ أَحْسَنُ أَثَاثًا وَرِئْيًا (٧٤)

پێش ئەمانەیش زۆرمان لە ئەهلی چەرخ و زەمانەی تر لەناوبردووە کە کەلوپەل و دارایی و شتی لەبەرچاوی جوانتر لە هیی ئەمانەی ئێستایان بووە . واتە مالّی دنیا شتێ نییە پیاو شانازیی پێوە بکاو بە بەلگەی پایەبلّندیی لای خوای بزانێ .

قُلْ مَن كَانَ فِي الضَّلَالَةِ فَلْيَمْدُدْ لَهُ الرَّحْمَنُ مَدًّا حَتَّى إِذَا رَأَوْا مَا يُوعَدُونَ إِمَّا الْعَذَابَ وَإِمَّا السَّاعَةَ فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضْعَفُ جُندًا (٧٥)

تۆ بلّێ ئەی پێغەمبەر : ئەوکەسەی لە گومڕاهیدایە با خودا هەر درێژە بە ئەحوالّی بداو جلّەوی بۆ شۆڕ بکا . جا ، کاتێ چاویان بەو شتە ئەکەوێ کە خوا گفتی پێداون کە یا هاتنی سزای دنیایە یا هاتنی ڕۆژی قیامەتە ، ئەوکاتە ئەزانن و تێئەگەن کێ لەبارەی پایەو پلەوە شوێنی خراپترەو لەبارەی لەشکرو یارمەتیدەرەوە لاوازترو بێدەسەلاتترە .

وَيَزِيدُ اللَّهُ الَّذِينَ اهْتَدَوْا هُدًى وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ مَّرَدًّا (٧٦)

خودا هیدایەت و ڕێدەرکردن زیاد ئەکا بۆ ئەوانەی هیدایەت دراون و ڕێنموونی کراون و، ئەو کردەوانەی ئەمێننەوە بۆ ڕۆژی قیامەت باشترن بۆ ئادەمیزاد بەلای خواوەو لە ڕووی پاداشیشەوە چاکترن و لەبارەی هیوا پێدارییەوە باشترن ، واتە بۆ ئەوە ئەشێن ئینسان چاوەڕوانیان

بیّو بەتەمایان بیّ .

أَفَرَأَيْتَ الَّذِي كَفَرَ بِآيَاتِنَا وَقَالَ لَأُوتَيَنَّ مَالاً وَوَلَدًا(٧٧)

ئاگات لە حالّی ئەو کابرا هەیە کە ئینکاری نیشانەکانی ئێمە ئەکاو ئەلّیّ من لەو دنیایش ئەگەر زیندوو کرامەوە مالّو ئەولادم هەر ئەدرێتیّ ؟

أَطَّلَعَ الْغَيْبَ أَمِ اتَّخَذَ عِنْدَ الرَّحْمَنِ عَهْدًا(٧٨)

ئاخۆ ئەم کابرا ئاگای لە عیلمی غەیب هەیە کەوا مالّو ئەولادی ئەدرێتیّ ، یان عەهدو پەیمانی لە خودای میهرەبانەوە وەرگرتووە کە وای مامەلّە لەگەلّ ئەکا ؟

كَلَّا سَنَكْتُبُ مَا يَقُولُ وَنَمُدُّ لَهُ مِنَ الْعَذَابِ مَدًّا(٧٩)

حاشا ، هیچکام لەم دوانە لەئارادا نییەو ، ئەو قسەیەی ئەم ئینسانە کافرە ئەیکا ئێمە لای خۆمان ئەینووسین لەسەریو سزایشی بۆ درێژ ئەکەینەوە تا پڕبەپێستی تاوانەکانی بیّ .

وَنَرِثُهُ مَا يَقُولُ وَيَأْتِينَا فَرْدًا(٨٠)

کە مردیش هەرچی کە ئەیلّیّو هەیەتی لە مالّو ئەولاد هەمووی لیّ وەرئەگرینەوە و نابیّ بە خاوەنی هیچیو خۆی بە تاقی تەنیا دێتە بەردەستمان .

وَاتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لِيَكُونُوا لَهُمْ عِزًّا(٨١)

ئەو کافرە هاوبەش بۆ خوا دانەرانە چەند خوایەکیان لە خوای عالەم بەولاوە بۆخۆیان داناوە بۆئەوەی لە دنیاو لە قیامەتا بۆیان ببن بە پشتو پەناو مایەی شانو شکۆ .

كَلاَّ سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدًّا(٨٢)

حاشا ، ئەمانە هیچ نافامن و ئەم بتانەی کردوویانن بە هاوبەشی خوا لە ڕۆژی قیامەتدا ئینکاری ئەوە ئەکەن کە ئەو بت پەرستانە پەرستبنیان ، چونکە خۆیان بە شایانی پەرستن نازانن و دژیان ئەوەستن .

أَلَمْ تَرَ أَنَّا أَرْسَلْنَا الشَّيَاطِينَ عَلَى الْكَافِرِينَ تَؤُزُّهُمْ أَزًّا(٨٣)

ئایا تۆ نابینی ئێمە شەیتانەکان ئەنێرینە سەر کافرەکان و ئەوانیش بە خەیالاتی هیچوپووچ ئەیانجوولێننەوەو ئەیانبزوێنن ؟

فَلا تَعْجَلْ عَلَيْهِمْ إِنَّمَا نَعُدُّ لَهُمْ عَدًّا(٨٤)

تۆ لەبارەی ئەو کافرانەوە پەلەت نەبێ . ئێمە ڕۆژیان بە ژماردن لەسەر ئەژمێرین ، واتە : زۆریان نەماوە .

يَوْمَ نَحْشُرُ الْمُتَّقِينَ إِلَى الرَّحْمَنِ وَفْدًا(٨٥)

ئەو ڕۆژەی ئێمە لەخواترسەکان کۆئەکەینەوەو بە کۆمەڵ کۆمەڵی پڕقەدرو حورمەت ئەیانبەین بۆ لای خوا .

وَنَسُوقُ الْمُجْرِمِينَ إِلَى جَهَنَّمَ وِرْدًا(٨٦)

تاوانبارەکانیش ئەدەینەبەر بۆ دۆزەخ و لێیان ئەخوڕین وەك گەلەیێ ئاژەڵی تینوو کە ببرێ بۆسەر ئاو .

لا يَمْلِكُونَ الشَّفَاعَةَ إِلاَّ مَنِ اتَّخَذَ عِنْدَ الرَّحْمَنِ عَهْدًا(٨٧)

لەوڕۆژەدا ئەوانە کەسیان خاوەن تکا نین لای خوا کەسێ نەبێ خوا خۆی بەهۆی خواپەرستنیەوە ڕێی تکاکردنی دابێ و گفتی درابێتێ کە تکای لێ قوبووڵ ئەکرێ .

وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا(٨٨)

کافرەکان وتیان: خودای میهرەمبان ئەولادی بۆخۆی ڕاگرتووە .

لَقَدْ جِئْتُمْ شَيْئًا إِدًّا(٨٩)

ئەی کافرینە ! بەڕاستی ، ئێوە بەم قسەیەتان کارێکی ناڕەواتان کردووە.

تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ الْأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا(٩٠)

لەوانەیە ئاسمانەکان لەم قسە ناشیرینە لەت لەت ببن و زەوی شەق ببیٚو کێوەکان بکەون و بڕووخێن .

أَنْ دَعَوْا لِلرَّحْمَنِ وَلَدًا(٩١)

لەبەرئەوە کە نیسبەتی ئەولادیان داوەتە پالٚ خوا .

وَمَا يَنبَغِي لِلرَّحْمَنِ أَنْ يَتَّخِذَ وَلَدًا(٩٢)

بۆخودای میهرەبان ناشیٚ ئەولادی ببیٚ .

إِنْ كُلُّ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِلَّا آتِي الرَّحْمَنِ عَبْدًا(٩٣)

کەس لە ئاسمان و ئەرزا نىیە بە بەندەیی نەیەتە بەردەستی خودای میهرەبان .

لَقَدْ أَحْصَاهُمْ وَعَدَّهُمْ عَدًّا(٩٤)

خوا ئاگای لە هەموو ئەو بەندانەی هەیەو دەستی بەسەرا گرتوون و بە ژمارە سەرژمێری خۆیان و کرداری کردوون .

وَكُلُّهُمْ آتِيهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَرْدًا(٩٥)

هەموویشیان ڕۆژی قیامەت یەکەیەکە دێنە حوزووری خودا .

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَيَجْعَلُ لَهُمُ الرَّحْمَنُ وُدًّا(٩٦)

بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان بە خـوا بووەو كاری چاكیان كردووە، خودای میهرەبان لـەمـەوپاش هـەر لـە دنیادا یـا لـە قیامـەتدا خۆشەویستییان ئەخاتە دڵی یەكتریانەوە یا ئەیخاتە دڵی مەلائیكەتەوە.

فَإِنَّمَا يَسَّرْنَاهُ بِلِسَانِكَ لِتُبَشِّرَ بِهِ الْمُتَّقِينَ وَتُنذِرَ بِهِ قَوْمًا لُّدًّا(٩٧)

جا بۆیە ئێمە ئەم قورئانەمان بـە زمانەكەی تۆ كە زمانی عەرەبییە ناردووە بۆ خەڵك، یا بـۆیە لەسەر زمانی تۆ، واتە لە ڕێگای تـۆوە، ناردوومانە بـۆ خـەڵك، بـۆئەوەی مژدەی پێ بدەی بە لەخواترسان و ئەوكەسانەی پێ بترسێنی كە كەللەڕەق و سەختگیرن لە دوژمنایەتیدا.

وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنْ قَرْنٍ هَلْ تُحِسُّ مِنْهُم مِّنْ أَحَدٍ أَوْ تَسْمَعُ لَهُمْ رِكْزًا(٩٨)

ئەی پێغەمبەر! گوێ مەدە بەو كافرانەو ترست لێیان نەبێ. ئێمە بـەر لـەوان خـەڵكی چەندین چەرخ و زەمانمان تەفروتوونا كرد. تۆ ئێستا هەست بە كەسیان ئەكەی یا نووزەیەك چییە لێیانی ئەبیسی؟

سوورەتی (طه)

مەککەیی‌یە تەنها دوو ئایەتی

١٣و ١٣١ی نەبێ و ، (١٣٥) ئـایەتـە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

طه(١)

خوا خۆی ئەزانێ مەبەستی بەم وشەیە چی‌یە . هەندێکیش ئەڵێن ناوی سوورەتەکەیە .

مَا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لِتَشْقَى(٢)

ئێمە قورئانمان بۆ ئەوە نازڵ نەکردووەتە سەر تۆ ماندوو ببی‌و نارەحەت ببێ کەوا کافرەکانی قورەیش باوەڕیان پێ نەکردوویت و موسوڵمان نەبوون .

إِلاَّ تَذْكِرَةً لِّمَن يَخْشَى(٣)

بەڵکو بۆ ئەوەمان بۆ ناردووی ببێتە بەهۆی یادکردنەوەی خوا ، بۆ ئەوکەسانەی لە خوا ئەترسن .

تَنزِيلاً مِّمَّنْ خَلَقَ الْأَرْضَ وَالسَّمَاوَاتِ الْعُلَى(٤)

بە پلەپلە نێرراوەتە خوارەوە لەلایەن خوایەکەوە کە زەویی نزم و ئاسمانە بەرزەکانی دروست کردووە .

الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى(٥)

خودای میهرەبان عەرشی داگیرکردووە .

لَـهُ مَـا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَـا فِي الْأَرْضِ وَمَـا بَيْنَهُمَا وَمَا تَحْتَ الثَّرَى(٦)

هەر بۆ ئەوە بەتایبەتی هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەوی‌و لە ژێر زەویدا هەیە .

وَإِن تَجْهَرْ بِالْقَوْلِ فَإِنَّهُ يَعْلَمُ السِّرَّ وَأَخْفَى(٧)

تۆ ئەگەر بەئاشکرا ناوی خـوا بێنی خـوا پێویستی بەوە نی‌یە ، چونکە بە هەموو شتێکی نهێنی‌و لەو نهێنییەیش نهێنیتر ئەزانێ.

اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى(٨)

ئەو زاتە ناوی (الله)یە ، کەس نی‌یە بەڕاستی بـەندەییی بـۆ بکرێ ئەو نەبێ . ئەوە ناوە جوانەکانی هەیە کە نەوەدونۆ ناون .

وَهَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ مُوسَى(٩)

ئایا باسی مووسات پێگەیشتوە ؟

إِذْ رَأَى نَارًا فَقَالَ لِأَهْلِهِ امْكُثُوا إِنِّي آنَسْتُ نَارًا لَّعَلِّي آتِيكُم مِّنْهَا بِقَبَسٍ أَوْ أَجِدُ عَلَى النَّارِ هُدًى(١٠)

کاتێ کە ئاگرێکی بینی ، بەکەسوکارو خێزانەکەی خۆی فەرمووی من ئاگرێکم بەدیکردووە بەڵکو بچم دەسەچیلە یەکتان لەو ئاگرە بۆ بێنم یا شارەزاییەکم لە دانیشتووانی سەر ئـەو ئـاگرەوە دەس کەوێ . ئەمە کاتێ بووە دایك و کەسوکارەکەی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ شوێنێ بچن ، لە یەکێ لە شیوەکانی کێوی توور شەویان بەسەردا دێو شەوەکـەی سارد ئەبێ ، ئیتر لەوێدا ئاگرەکە بەدی‌ئەکاو ئەم فەرمایشە ئەفەرموێ.

فَلَمَّا أَتَاهَا نُودِيَ يَا مُوسَى(١١)

کە هاتە سەر ئاگرەکە بانگی لێ کرا : ئەی مووسا .

إِنِّي أَنَا رَبُّكَ فَاخْلَعْ نَعْلَيْكَ إِنَّكَ بِالْوَادِ الْمُقَدَّسِ طُوًى(١٢)

بەڕاستی من خوداو پــەروەردگاری تۆم ، تۆیش پێڵاوەکانت داکەنە لە پێت . بەڕاستی تۆ لە شیوێکی پیرۆزدای کە ناوی تووا (طوی)یە.

وَأَنَا اخْتَرْتُكَ فَاسْتَمِعْ لِمَا يُوحَى(١٣)

من لەناو بەنیئیسرائیلا هەڵمبژاردووی بۆ پێغەمبەرایەتی ، دەسا گوێ شل کە بۆ ئەوەی وەحی ئەکرێت بۆت .

إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلاَةَ لِذِكْرِي(١٤)

بەڕاستی من خودا (الله)م ، هیچ خوایەکی ڕاستی نییە عیبادەتی بۆ بکرێ من نەبێ ، کــەواتــە عیبادەت و بــەندەییم بکــەو نــوێژەکــانت بەجێبێنە بۆئەوەی ناوم بهێنی و یادم بکەیتەوە.

إِنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ أَكَادُ أُخْفِيهَا لِتُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَا تَسْعَى(١٥)

بــەڕاستی ڕۆژی قیامەت دێت ، ئەمەوێ بیشارمەوە کــەی دێــت ، بۆیەیش دێت بۆئەوەی هــەرکــەسێ بەگوێرەی کرداری خۆی لە دنیادا پاداشی بدرێتەوە .

فَلاَ يَصُدَّنَّكَ عَنْهَا مَن لاَّ يُؤْمِنُ بِهَا وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَتَرْدَى(١٦)

دەی ئاگادار بە ، با ڕێت لێ نەگرێ لە بــاوەڕ بــە ڕۆژی قیامــەت کەسێ کە خۆی باوەڕی بە ڕۆژی قیامەت نییەو شوێن ئــارەزووبازیی خۆی کەوتووەو ، تۆیش بەو ڕێ لێگیرانەت بە هیلاك بچی .

وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَا مُوسَى(١٧)

مووسا ئەوە چییە بە دەستی ڕاستتەوە ؟ خوا پرسیاری لێ ئەکا . ئەویش وەڵامی ئەداتەوە .

قَالَ هِيَ عَصَايَ أَتَوَكَّأُ عَلَيْهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَى غَنَمِي وَلِيَ فِيــــهَا

مَآرِبُ أُخْرَى(١٨)

مووسا وه‌لآمی دایه‌وه وتی : ئه‌وه عاساكه‌ی ده‌ستمه . خۆمی ئه‌ده‌م به‌سه‌ردا و گه‌لآداری پیّ دائه‌وه‌ریّنم بـۆ مــه‌ڕه‌كـانم و چه‌نـد ئیشیّكی بایه‌خداری‌تریشم پیّی هه‌یه .

قَالَ أَلْقِهَا يَا مُوسَى(١٩)

خوا فه‌رمووی : ئه‌ی مووسا عاساكه‌ت هه‌لّده .

فَأَلْقَاهَا فَإِذَا هِيَ حَيَّةٌ تَسْعَى(٢٠)

ئــه‌ویش عاساكه‌ی هه‌لّدا ، ده‌سبه‌جیّ بوو به ماریّك ئه‌كشا به‌م لاو به‌ولادا .

قَالَ خُذْهَا وَلا تَخَفْ سَنُعِيدُهَا سِيرَتَهَا الْأُولَى(٢١)

خودا فه‌رمووی : ماره‌كه بگره‌و مه‌ترسه . ئیّمه پاشان ئــه‌یبـــه‌ینه‌وه سه‌ر شیّوه پیّشووه‌كه‌ی كه عاسایه‌ك بوو به‌ده‌سته‌وه ئه‌گیرا .

وَاضْمُمْ يَدَكَ إِلَى جَنَاحِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ آيَةً أُخْرَى(٢٢)

ده‌ستیشت بـــه‌ره بــۆ لاته‌نیشتت لــه‌ژیّر قۆلّتا ، دیّته ده‌ره‌وه بــه سپیّتی وه‌ك بلّیّی بدره‌وشیّته‌وه ، بیّئه‌وه‌ی ده‌ردیّكی وه‌ك به‌لّــه‌كی‌و شتی‌وای پیّوه‌بیّ . ئه‌مه‌یش موعجیزه‌و په‌رجوویه‌كی‌تره جگه له‌وه كه عاساكه‌ت بووه به مار .

لِنُرِيَكَ مِنْ آيَاتِنَا الْكُبْرَى(٢٣)

ئه‌مانه‌مان دایتیّ بۆئه‌وه‌ی هه‌ندیّ له موعجیزه گه‌وره‌كانی خۆمانت پیشان بده‌ین .

اذْهَبْ إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى(٢٤)

برۆ بۆسەر فیرعەون، ئەو بەڕاستی توغیانی کردووەو بەلەسە بووە.

قَالَ رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي(٢٥)

مووسایش بە خوای وت: خوایە سینەم بە نووری خۆت نوورانی بکە.

وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي(٢٦)

کاری گەیاندنی پەیامی خۆتیشم بە فیرعەون بۆ ئاسان بکە.

وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِي(٢٧)

گرێی سەرزمانیشم بۆ بکەرەوە تا قسەم ڕەوان بێ.

يَفْقَهُوا قَوْلِي(٢٨)

بۆئەوەی لە قسەم حاڵی ببن و تێیبگەن.

وَاجْعَل لِّي وَزِيرًا مِّنْ أَهْلِي(٢٩)

وەزیرێکیشم لە کەسوکاری خۆم بۆ دانێ یارمەتیم بدا لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانما.

هَارُونَ أَخِي(٣٠)

هاروونی برام بێ.

اشْدُدْ بِهِ أَزْرِي(٣١)

پشتمی پێ بگرەو پێیی بەهێز بکە.

وَأَشْرِكْهُ فِي أَمْرِي(٣٢)

بیشیکە بە هاوبەشم لەم کاری پێغەمبەرێتییەما بۆسەر فیرعەون.

كَيْ نُسَبِّحَكَ كَثِيرًا(٣٣)

تا (سبحان الله .. سبحان الله)ت زۆر بـۆ بكەین و زۆر بڵێین خوا پاك و بێگەردە .

وَنَذْكُرَكَ كَثِيرًا(٣٤)

زۆریشت ناو بهێنین بە زمان و بە دڵ .

إِنَّكَ كُنتَ بِنَا بَصِيرًا(٣٥)

خوایە بەڕاستی تۆ چاوت لێمان بووە .

قَالَ قَدْ أُوتِيتَ سُؤْلَكَ يَا مُوسَى(٣٦)

خوا فەرمووی : ئـــەی مووسا وا بەڕاستی ئەوەت درایە كە داوات كرد هەر لە داوای نوورانی كردنی سینەتەوە بیگرە تـا ئەگاتە كردنی هاروونی برات بە پێغەمبەر لەگەڵتدا .

وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَيْكَ مَرَّةً أُخْرَى(٣٧)

بەڕاستی ئێمە جارێكی تریش نیعمەتی خۆمان بەسەردا ڕشتی .

إِذْ أَوْحَيْنَا إِلَى أُمِّكَ مَا يُوحَى(٣٨)

كاتی كە ئەو شتەی بە وەحی بـــە پێغەمبەران ئەوترێ بە ئیلهام خستمانە دڵی دایكت .

أَنِ اقْذِفِيهِ فِي التَّابُوتِ فَاقْذِفِيهِ فِي الْيَمِّ فَلْيُلْقِهِ الْيَمُّ بِالسَّاحِلِ يَأْخُـــذْهُ عَدُوٌّ لِّي وَعَدُوٌّ لَّهُ وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّي وَلِتُصْنَعَ عَلَى عَيْنِي(٣٩)

تێمان گەیـانـد مـووسا بخەرە ناو سندووقێكەوەو بیدە بەدەم ئاوی نیلەوە ، بـا ئـاوەكەیش فڕێی بـداتە كەنارەوە ، دوژمنێكی منیش و ئەو خۆیشی بیگریتەوەو خۆشەویستییەكتم لەخۆمەوە خستە دڵان، هەركەس

بتبینیّ خۆشی بویّیت . ئـەمـەم بۆ کردی ، ئەی مووسا ، تا له بەرچاوی خۆمـدا دروست بکریّیت و پـەروەردە بکـریّیت . ئـەمـەیش کینایەیە له چاودیّریو ئاگاداریکردن.

إِذْ تَمْشِي أُخْتُكَ فَتَقُولُ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى مَنْ يَكْفُلُهُ فَرَجَعْنَاكَ إِلَى أُمِّكَ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ وَقَتَلْتَ نَفْسًا فَنَجَّيْنَاكَ مِنَ الْغَمِّ وَفَتَنَّاكَ فُتُونًا فَلَبِثْتَ سِنِينَ فِي أَهْلِ مَدْيَنَ ثُمَّ جِئْتَ عَلَى قَدَرٍ يَا مُوسَى(٤٠)

جا لەوکاتەدا کـە دامـابـوون بـۆ دایەنیّك بەخیّوت بکا ، خوشکەکەت رۆیشت بـۆ حـەرەمسەرای فیرعەون و پیّیوتـن : ئەتانەویّ کەسیّکتان پیشان بدەم ئـەو منالّـه بگریّتە ئەستۆی خۆیو سەرپەرشتیی بکا ؟ ئەوانیش ڕازی بـوون بـەوەو گیّڕامانیتەوە بۆ دایکت ، بۆئەوەی چاوی ڕوون ببیّتەوە پیّت و لـە دووریت خـەفەتبار نـەبـیّ . تـۆیش پـاش گەورەبوونت لـە بـارەگای فیرعەونـدا کـابـرایـەکی قیبتیت کوشت و خەفەتبار بوویت ئەترسایت بتگرن و ئیّمە لەو ترسە ڕزگارمان کردیت و بـە ئـازاری دوورکـەوتنەوە لـە کـەسوکارو چوون بۆ خاکی مەدیەن گرفتارمـان کـردی وچەنـد سالّ لـەویّ مـایتەوەو ، پـاشان لـەسەر تەقدیریّکی تایبەتی هاتیتەوە بۆ میسر .

وَاصْطَنَعْتُكَ لِنَفْسِي(٤١)

من دروستم کردی بـۆ خۆم و سازم کردی بۆ خزمەتی ئەو پەیامەی ویستم له ڕیّگای تۆوە بیگەیەنم .

اذْهَبْ أَنْتَ وَأَخُوكَ بِآيَاتِي وَلَا تَنِيَا فِي ذِكْرِي(٤٢)

تۆو هـاروونی برات بـەم موعجیزانەی منەوە برۆن و سستی مەکەن

لە یاد کردنەوەو ناوهێنانی مندا .

اذْهَبَا إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى(٤٣)

بـڕۆن بـۆلای فیرعـــەون، ئـەو بەڕاستی توغیانی کردووەو لەڕادە دەرچووە.

فَقُولا لَهُ قَوْلاً لَّيِّنًا لَّعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَى(٤٤)

کە چوونە لای قسەی نەرمی لـەگەڵ بکەن بـەڵکو بیری بکاتەوەو پاشگەز ببێتەوە لە خراپە یا بەهۆی قسەکانی ئێوەوە بترسێ .

قَالا رَبَّنَا إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفْرُطَ عَلَيْنَا أَوْ أَن يَطْغَى(٤٥)

ئەوانیش وتیان: پەروەردگارا ! ئێمە ئەترسین دەستوبـرد بکـا بـۆ سزادانمان یا لە جاران بەلەسەتر ببێو بێئەدەبیی زیاتر بکا لەئاستی تۆدا .

قَالَ لا تَخَافَا إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَى(٤٦)

خوایش فەرمووی: مەترسن ، بەڕاستی من لەگەڵتانم گوێم لێیە چی ئەڵێو چاوم لێیە چی ئەکا لەگەڵتان ، هـەرچی پێویست بێ بۆ لادانی شەڕی لێتان ئەیکەمو ڕێی لێ ئەگرم .

فَأْتِيَاهُ فَقُولا إِنَّا رَسُولا رَبِّكَ فَأَرْسِلْ مَعَنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلا تُعَذِّبْهُمْ قَدْ جِئْنَاكَ بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكَ وَالسَّلامُ عَلَى مَنِ اتَّبَعَ الْهُدَى(٤٧)

بێنە لایو پێی بڵێن ئێمە دووکەسی فروستادەی خوای پەروەردگارتین، دەسا تۆیش بەنی ئیسرائیل ئازادکەو بیاندەرە دەستمان و لەگەڵمانیان بنێرەو ئازارو سزایان مـەدە . ئێمە بەڕاستی موعجیزەمان لای خواوە هێناوەتە لات ، سەلامی خـوایش لـەو کـەسەی شوێنی ڕێگەی ڕاست

ئەکەوێ .

إِنَّا قَدْ أُوحِيَ إِلَيْنَا أَنَّ الْعَذَابَ عَلَى مَنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى(٤٨)

ئێمە بەڕاستی وەحیمان بۆ کراوە لای خواوە کەوا عەزابی خوا بۆ ئەوکەسانەیە پێغەمبەرانی خوا بە درۆئەخەنەوەو پشتیان لێ هەڵئەکەن.

قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَا مُوسَى(٤٩)

فیرعەون وتی: ئەی مووسا بۆچی خوای ئێوە کێیە ؟

قَالَ رَبُّنَا الَّذِي أَعْطَى كُلَّ شَيْءٍ خَلْقَهُ ثُمَّ هَدَى(٥٠)

وتی: خوای پەروەردگاری ئێمە ئەوکەسەیە کە هەموو بوونەوەرێکی دروست کردووەو سیفەتی بوونی داوەتیۆ ڕێگای پیشان داوە چۆن بۆخۆی بجوولێتەوە .

قَالَ فَمَا بَالُ الْقُرُونِ الأُولَى(٥١)

ئەنجا فیرعەون وتی: باشە ، ئەی ئەم گشتە ڕشتەی ئادەمیزادە کە لە سەدەکانی پێشوودا بوون حاڵیان چۆنەو ئەنجامیان چیيە ؟

قَالَ عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي فِي كِتَابٍ لاَّ يَضِلُّ رَبِّي وَلاَ يَنسَى(٥٢)

مووسا وتی : زانینی ئەحواڵی ئەو میللەتە دێرینانە لای خوای پەروەردگارمەو لە لەوحولمەحفووزدا نووسراوە. خودا نە هیچی لێ ون ئەبێو نە هیچی لەیادئەچێ .

الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْدًا وَسَلَكَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلاً وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِّن نَّبَاتٍ شَتَّى(٥٣)

ئەوخودایەی زەویی کردووە بە بێشکە بۆ ئێوەی ئادەمیزاد ئارام ئەگرن و پێئەگەن تیایاو ڕێگای بۆ تێدا دروست کردوون هاتوچوویان

پیا بکەن و ئاوی بارانی لە ئاسمانەوە بۆ باراندوون ، جا بەو بارانە چەند جۆرمان گژوگیاو دارو درەخت لە زەویدا بۆ ڕواندوون .

كُلُوا وَارْعَوْا أَنْعَامَكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِأُولِي النُّهَى (٥٤)

پێیشم وتوون بۆخۆتان لەو گژوگیایانە و لەو بەری دارو درەختانە بخۆن و چوارپێکانیشتان بلەوەڕێنن . ئەمەی ئێمە بۆمان کردوون نیشانەی زۆری تیایە بۆ کەسانێ وێڵ و کەماڵیان بێ و فامێکی وایان بێ بییانگێڕێتەوە لە کاری بەد .

مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَى (٥٥)

لەو ئەرزە ئێوەمان دروست کردووەو پاش مردنیش ئەتانگێڕینەوە بۆ ناو ئەو ئەرزەو جارێکی تریش کە لە ڕۆژی قیامەتدا مردوو زیندوو ئەکرێتەوە لەو ئەرزەتان ئەهێنینە دەرەوە .

وَلَقَدْ أَرَيْنَاهُ آيَاتِنَا كُلَّهَا فَكَذَّبَ وَأَبَى (٥٦)

بەڕاستی ئێمە هەموو نیشانەو موعجیزەکانی خۆمانمان پیشانی فیرعەون دا ، بەڵام ئەو هەر مووسای بە درۆزن داناو قایل نەبوو ئیمانی پێ بهێنێ و باوەڕی پێ بکا .

قَالَ أَجِئْتَنَا لِتُخْرِجَنَا مِنْ أَرْضِنَا بِسِحْرِكَ يَا مُوسَى (٥٧)

بە مووسای وت ئەی مووسا ! تۆ بۆ ئەوە هاتووی بە سیحرو جادووی خۆت ئێمە لەم خاکی خۆمانە دەرپەڕێنی ؟

فَلَنَأْتِيَنَّكَ بِسِحْرٍ مِثْلِهِ فَاجْعَلْ بَيْنَنَا وَبَيْنَكَ مَوْعِدًا لَا نُخْلِفُهُ نَحْنُ وَلَا أَنْتَ مَكَانًا سُوًى (٥٨)

بەڕاستی ئێمەیش جادوویەکی وەك جادووەکەی تۆ دێنین ، دەی سا

کاتیٚ لەنیٚوان ئیٚمەو ئیٚوەدا بڕیار بدە بۆ جادووبـازی هیچ لایـەکمـان پشتگوێی نەخەین و لە شوێنێکا بیٚ بۆ هەمووکەسیٚ چون یەك بیٚ.

قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ الزِّينَةِ وَأَنْ يُحْشَرَ النَّاسُ ضُحًى(٥٩)

مووسایش وتی: کاتەکەی نیٚوانمان ڕۆژی جوانی بیٚ کە هەمووکەسیٚ ئەزانیٚ چ ڕۆژێکەو ، خەڵکەکەیش لە چێشتانگادا کۆبکرێنەوە .

فَتَوَلَّى فِرْعَوْنُ فَجَمَعَ كَيْدَهُ ثُمَّ أَتَى(٦٠)

جا فیرعەون پشتی پیٚ هەڵکرد و ڕۆیی‌و پـاشان هۆیـەکانی سیحرو جادووی خۆی کۆکردەوەو پاش ئەوەیش لە ڕۆژو کـاتی دیـاری کراوا هات و ئامادە بوو.

قَالَ لَهُم مُّوسَى وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ كَذِبًا فَيُسْحِتَكُمْ بِعَذَابٍ وَقَدْ خَابَ مَنِ افْتَرَى(٦١)

مووسا بە سیحربازەکـانی فیرعونی وت : هـاوار بـۆ حاڵی ئیٚوە ! بوختانی درۆ بـەدەم خـوداوە مـەکـەن بڵێن مـوعجیزەکـانی کـە مـن پیشانیان ئەدەم سیحرو جادوون و خوایش لە سزای ئەوەدا بە عـەزابی سەختی خـۆی تـەفروتووناتان بکا. ئـەوەی درۆ بـەدەم خواوە بکاو موعجیزەکانی بە سیحرو جادوو دابنیٚ سەرەنجام نائومێد ئەبیٚ .

فَتَنَازَعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ وَأَسَرُّوا النَّجْوَى(٦٢)

سیحربازەکانی فیرعەون لـەنیٚوانی خۆیانا کـەوتنە دەمەقاڵ و قسە ڕەدوبەدەڵ کردن بەرانبەر بـە یەك و هـەندێکیان وتیان ئـەم قسانەی مووسا لە قسەی جادووگەر ناچن و بە پەنـامـەکی هەندیٚ پچەپچیان کرد .

قَالُـــوا إِنْ هَذَانِ لَسَاحِـــرَانِ يُرِيدَانِ أَنْ يُخْرِجَاكُـــمْ مِّنْ أَرْضِكُـــمْ بِسِحْرِهِمَا وَيَذْهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ الْمُثْلَى(٦٣)

لە ئەنجاما وتیان: ئەم دوانە، واتە مووساو هاروون، دوو جادووگەرن ئەیانەوێ لە خاکی خۆتانتان وەدەرنێن و داگیری کەن بۆخۆیان و ئایین و ڕاورەسمە باشەکەتان لەناوا نەهێڵن .

فَأَجْمِعُوا كَيْدَكُمْ ثُمَّ ائْتُوا صَفًّا وَقَدْ أَفْلَحَ الْيَوْمَ مَنِ اسْتَعْلَى(٦٤)

کەواتە هەرچی سیحرو جادوو ئــەزانن هــەمووی کۆکەنەوەو بە ڕیز بێن بۆ مــەیدانی سحر پیشاندان . بــەڕاستی ئــەوەی ئەمڕۆ زاڵ ببێ بەسەر دوژمنا ، ئەوە سەربەرز ئەبێ .

قَالُوا يَا مُوسَى إِمَّا أَنْ تُلْقِيَ وَإِمَّا أَنْ نَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَى(٦٥)

جادووگەرەکانی فیرعەون وتیان: ئــەی مووسا یا تــۆ عاسای خۆت هەڵدە یا ئێمە یەکەم کەس ئەبین مارەکانمان هەڵئەدەین .

قَالَ بَلْ أَلْقُوا فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِنْ سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى(٦٦)

مووسا وتی: نەخێر ئێوە لەپێشا ئەسبابی جادووی خۆتان هەڵدەن . زۆری نەبرد گوریسەکانیان و عاساکانیان بەهۆی ئەو جادووەوە تیایانا کرابوو کە جیوەیان لێ دابوون، وا ئەهاتنە بەر چاوی مووسا بجووڵێن و بکشێن .

فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِ خِيفَةً مُّوسَى(٦٧)

مووسا لە دڵی خۆیا ترسی لەم وەزعە لێ نیشت .

قُلْنَا لاَ تَخَفْ إِنَّكَ أَنْتَ الْأَعْلَى(٦٨)

بە مووسامان وت : ئەی مووسا ! لە جادووەکەیان مەترسێ ، بەڕاستی هەر تۆ بڵندو بالای .

وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوا إِنَّمَا صَنَعُوا كَيْدُ سَاحِرٍ وَلَا يُفْلِحُ السَّاحِرُ حَيْثُ أَتَى(٦٩)

ئەوەی بەدەستتەوەیە کە عاساکەتە هەڵیدە ، ئەوەی ئەوان کردوویانە هەمووی قووت ئەداو هەڵیئەلووشێ . ئەوەی ئەوان کردوویانە فڕوفێڵی سیحربازێکەو سیحربازیش هەرچی بکاو لە هەر ڕێگایەکەوە بێتە مەیدانەوە سەرناکەوێو نایباتەوە .

فَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سُجَّدًا قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ هَارُونَ وَمُوسَى(٧٠)

جا پاش ئەوەی مووسا عاساکەی خۆی فڕێداو، عاساکەی جادووی جادووگەرەکانی هەڵلووشی، هێزی موعجیزەکەی مووسا جادووگەرەکانی فیرعەونی لەپەڕوو خست و خستنیە حاڵی سوجدە بردنەوەو وتیان وا ئیمانمان بە خوای هاروون و مووسا هێناو باوەڕمان پێ کرد.

قَالَ آمَنتُمْ لَهُ قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ إِنَّهُ لَكَبِيرُكُمُ الَّذِي عَلَّمَكُمُ السِّحْرَ فَلَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَافٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ فِي جُذُوعِ النَّخْلِ وَلَتَعْلَمُنَّ أَيُّنَا أَشَدُّ عَذَابًا وَأَبْقَى(٧١)

کە فیرعەون بەمەی زانی لێیان تووڕە بوو و پێی وتن : ئەوە ئێوە بەرلەوەی من ڕێگەتان بدەم لە خۆتانەوە ئیمانتان پێ هێناو باوەڕتان پێ کرد ؟ دیارە ئەو گەورەکەتانە کە فێری سیحری کردوون . بەڕاستی دەست و قاچتان ڕاست و چەپ ، واتە دەستی ڕاست و قاچی چەپتان ئەبڕمەوەو بە لقی دارخورماتاندا هەڵئەواسم ، جا ئەوکاتە بەڕاستی

ئەزانن کام لامان سزای سەخت ترو پایەدارترە ؟ .

قَالُوا لَن نُّؤْثِرَكَ عَلَى مَا جَاءَنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالَّذِي فَطَرَنَا فَاقْضِ مَا أَنتَ قَاضٍ إِنَّمَا تَقْضِي هَذِهِ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا (٧٢)

ئەوانیش وتیان: ئێمە هەرگیز تۆمان لا چاکتر نییە لەو بەلگەو موعجیزانەی لەو خوداوەندەوە هاتوون بۆمان کە دروستی کردووین، دەسا تۆیش چیت پێ ئەکرێ بیکە، تۆ هەر لەم ژیانە دوونەی دنیادا حوکمو دەسەلاتت هەیە .

إِنَّا آمَنَّا بِرَبِّنَا لِيَغْفِرَ لَنَا خَطَايَانَا وَمَا أَكْرَهْتَنَا عَلَيْهِ مِنَ السِّحْرِ وَاللَّهُ خَيْرٌ وَأَبْقَى (٧٣)

ئێمە ئیمانمان هێناوە بە خودای خۆمان بۆئەوەی لە تاوانمان خۆش ببێو ئەو جادووگەرییەمان ببەخشێ کە تۆ بەزۆر پێت کردینو ، خوا خۆی لە هەمووکەسێ باشترو پایەدارترە .

إِنَّهُ مَن يَأْتِ رَبَّهُ مُجْرِمًا فَإِنَّ لَهُ جَهَنَّمَ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَا (٧٤)

بەڕاستی هەرکەسێ بە کافریو تاوانباری بێتە حوزووری خوداوەند، ئەوە دۆزەخ بەشیەتیو بۆ ئەوەو نە ئەمرێ تیایا تا بحەسێتەوەو نە بە ژینێکی خۆشیش تیا ئەژی .

وَمَن يَأْتِهِ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ الصَّالِحَاتِ فَأُولَئِكَ لَهُمُ الدَّرَجَاتُ الْعُلَى (٧٥)

هەرکەسیش بە خاوەن باوەڕی بێتە خوزووری خواوەندو کرداری چاکی کردبێ، ئەو جۆرەکەسانە پایەی بەرزیان هەیە لە بەهەشتا .

جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ جَزَاءُ مَنْ

تَزَكَّى(٧٦)

ئەو پایەبەرزانە بەهەشتی عەدنن کە جۆگای ئاو بەناویانا ڕەوانن و هەمیشە لەو بەهەشتی عەدنەدا ئەمێننەوەو ، ئەمەیش پاداشی ئەوکەسانەیە کە خۆیان لە کافریو لە تاوان خاوێن کردووەتەوە .

وَلَقَدْ أَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِي فَاضْرِبْ لَهُمْ طَرِيقًا فِي الْبَحْرِ يَبَسًا لا تَخَافُ دَرَكًا وَلا تَخْشَى(٧٧)

بەڕاستی وەحیمان کرد بۆ مووسا کە شەوڕەوی بە بەندە بەنی ئیسرائیلییەکانم بکەو ڕێیەکی وشکانیان لە ئاوی نیلدا بۆ ئامادە بکەو لەوە مەترسە کە سوپای فیرعەون پێتان بگاتەوەو لە خنکانیش مەترسە لە ئاوی نیلدا .

فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ بِجُنُودِهِ فَغَشِيَهُمْ مِنَ الْيَمِّ مَا غَشِيَهُمْ(٧٨)

کە ئەوان بەڕێکەوتن فیرعەونیش بە سەربازەکانیەوە کەوتە شوێنیان و ئەوەی لە دەریا داپۆشین و نوقمی کردن ، داپۆشین .

وَأَضَلَّ فِرْعَوْنُ قَوْمَهُ وَمَا هَدَى(٧٩)

فیرعەون قەومەکەی خۆی گومڕا کردو ڕێگای ڕاستی پیشان نەدان.

يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ قَدْ أَنجَيْنَاكُمْ مِنْ عَدُوِّكُمْ وَوَاعَدْنَاكُمْ جَانِبَ الطُّورِ الْأَيْمَنَ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى(٨٠)

بە بەنیئیسرائیلییەکانمان وت : ئەی بەنیئیسرائیل ! بەڕاستی ئێمە ئێوەمان لە دەستی دوژمنەکەتان ڕزگارکرد کە فیرعەون بوو، وەعدەیشمان داونەتێ پیرۆزیتان پێبدەین لە تەنشتی ڕاستی لای توورەوە ، لە سەحرایشدا گەزۆو پەلەوەری شەلاقەمان بۆ داباراندن . ئەم قسە لەگەڵ

بەنیئیسرائیل کردنەیش لە ڕێگای وەحیکردنەوە بووە بۆ مووسا .

كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَلَا تَطْغَوْا فِيهِ فَيَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبِي وَمَنْ يَحْلِلْ عَلَيْهِ غَضَبِي فَقَدْ هَوَى (٨١)

لەو خواردنە پاك و خۆشە بخۆن بە ڕۆزی پێمان داون و توغیان مەکەن و لە خۆتان بایی مەبن و حەرام مەخۆن تا غەزەبی منتان بەسەردا نەیەت . هەرکەس غەزەبی منی بەسەردا بێت ئەکەوێت .

وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِمَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا ثُمَّ اهْتَدَى (٨٢)

من بەڕاستییش تاوانبەخشی ئەوکەسانەم کە تۆبە ئەکەن و کردەوەی باش ئەکەن و پاش ئەوەیش بۆ دوا ڕۆژیان شارەزای ڕێگای چاکە ئەبن.

وَمَا أَعْجَلَكَ عَنْ قَوْمِكَ يَا مُوسَى (٨٣)

خوا فەرمووی بە مووسا : ئەی مووسا ! چی تۆی بەپەلە هێنا بۆ کێوی توور بەر لە قەومەکەت ؟

قَالَ هُمْ أُولَاءِ عَلَى أَثَرِي وَعَجِلْتُ إِلَيْكَ رَبِّ لِتَرْضَى (٨٤)

مووسایش وتی : خودایە ! ئەوانیش وان لەدوامەوە بەشوێنما دێن ، بەڵام من پەلەم کرد بۆ هاتن بۆ لای تۆ بەڵکو تۆ ڕازی بی لێم .

قَالَ فَإِنَّا قَدْ فَتَنَّا قَوْمَكَ مِنْ بَعْدِكَ وَأَضَلَّهُمُ السَّامِرِيُّ (٨٥)

خودایش فەرمووی : بەڕاستی ئێمە پاش دەرچوونت لەناو قەومەکەت ، تاقیمان کردنەوەو گرفتارمان کردن و ، سامیرییش گومڕای کردن و سەری لێ شێواندن و وای لێ کردن دەست بدەنە گوێرەکەپەرستن .

فَرَجَعَ مُوسَى إِلَى قَوْمِهِ غَضْبَانَ أَسِفًا قَالَ يَاقَوْمِ أَلَمْ يَعِدْكُمْ رَبُّكُمْ وَعْدًا حَسَنًا أَفَطَالَ عَلَيْكُمُ الْعَهْدُ أَمْ أَرَدْتُمْ أَنْ يَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبٌ مِنْ

رَبِّكُمْ فَأَخْلَفْتُمْ مَوْعِدِي(٨٦)

جـا مووسا بـه تووڕەیی و خـەم و پـەژارەوە گـەڕایـەوە بۆ ناو قەومەکەی و پێی‌وتن: ئەی قەومەکەی من ! ئایا خودا وەعدەی ئەنجامی جوان و بـاشی نـەدابوونێ کـە تـەوراتتان بـۆ بنێرێ ؟ ئایا ماوەی وەعدەکەی دوورو درێژ بوو پێتان تـەحەممول نـەکرا ، یا ویستتان غـەزەبی خـوای خۆتانتان بـەسەردا بێ وا بـەپێچەوانەی ئەو گفتە جوولاّنەوە کـە بـە منتان دابوو کـەوا لـەسەر خواپەرستیی خوتان بەردەوام بن ، کەچی گوێرەکەتان پەرست ؟

قَالُوا مَـا أَخْلَفْنَا مَوْعِدَكَ بِمَلْكِنَا وَلَكِنَّا حُمِّلْنَا أَوْزَارًا مِّنْ زِينَةِ الْقَوْمِ فَقَذَفْنَاهَا فَكَذَلِكَ أَلْقَى السَّامِرِيُّ(٨٧)

ئـەوانیش وتیـان: ئێمە بـە دەستەلاّت و ئـارەزووی خۆمان خیلاف وەعدەمان لەگەلّ نـەکـردیو بەپێچەوانەی ئەو گفتە نەجوولاّینەوە کە پێمان دابـووی ، بـەلاّم بـارێکی قورسی خشلّی گرۆی قیبتییەکانمان درابوو بـەکۆلّـدا ، بـە فـەرمانی هاروون فرێمان دایە ناو ئاگرەوەو ، سامیرییش ئەوەی لای بوو فرێیدایە ناو بۆتەکەیەوەو ڕشتیە ناویەوە.

فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلاً جَسَدًا لَّهُ خُوَارٌ فَقَالُوا هَذَا إِلَهُكُمْ وَإِلَهُ مُوسَى فَنَسِيَ(٨٨)

جا سامیری لەو خشلّە تواوەی ڕشتیە نـاو بۆتەکەیەوە ، پەیکەری گوێرەکەیەکی بۆ دروست کردن قۆڕەی لێوە ئـەهات وەك گوێرەکەی‌ترو بـە بـەنی‌ئیسرائیلییەکانی وت: ئەمـە خودای ئێوەو مـووسایەو، ئەوەی لەبیرچوو کە ئەوە خودای مووسا نی‌یەو خودای دەسکردی خۆیەتی .

أَفَلاَ يَرَوْنَ أَلاَّ يَرْجِعُ إِلَيْهِمْ قَوْلاً وَلاَ يَمْلِكُ لَهُمْ ضَرًّا وَلاَ نَفْعًا(٨٩)

ئایــا ئەو گرۆیە نابینن و نازانن کەوا ئەو گوێرەکە وەڵامی قسەیان ناداتەوەو هیچ زیان و قازانجێکی بۆیان نییە ؟

وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَارُونُ مِنْ قَبْلُ يَاقَوْمِ إِنَّمَا فُتِنْتُمْ بِهِ وَإِنَّ رَبَّكُمُ الرَّحْمَنُ فَاتَّبِعُونِي وَأَطِيعُواْ أَمْرِي(٩٠)

بەڕاستی هاروونیش پێشتر پێیوتبوون : ئـەی قـەومـەکەی من ! ئێوە بەهۆی ئەو گوێرەکەوە گـرفتار بــوون ، ئـەمـە خودای ئێوە نییە ، خودای ئێوە خودای میهرەبانە ، دە شوێنی کـەون و بـەگوێی فەرمانی من بکەن.

قَالُواْ لَن نَّبْرَحَ عَلَيْهِ عَاكِفِينَ حَتَّى يَرْجِعَ إِلَيْنَا مُوسَى(٩١)

ئەوانیش وتیان :دەست بەرداری ئەم گوێرەکە نابین و هــەر بەردەوام ئەبین لەسەر پەرستنی تا مووسا ئەگەڕێتەوە بۆ ناومان .

قَالَ يَا هَارُونُ مَا مَنَعَكَ إِذْ رَأَيْتَهُمْ ضَلُّواْ(٩٢)

مووسایش کــە گــەڕایەوە بە هاروونی وت:هاروون کە دیتنت گومڕا بوون ، چی ڕێی لێ گرتی ،

أَلاَّ تَتَّبِعَنِ أَفَعَصَيْتَ أَمْرِي(٩٣)

کـەوا شوێنی مــن و ڕێگــای من بکەوی‌و بچی بەگژیانا یا بەجێیان بهێڵی‌و بێی بۆ لام ؟ ئــەوە بێفەرمانیی منت کرد کە پێم وتبووی لە کاروباری ئاییندا توندو سەختگیر بیت ؟

قَالَ يَبْنَؤُمَّ لاَ تَأْخُذْ بِلِحْيَتِي وَلاَ بِرَأْسِي إِنِّي خَشِيتُ أَن تَقُولَ فَرَّقْتَ بَيْنَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلَمْ تَرْقُبْ قَوْلِي(٩٤)

هاروون لە وەلامی مووسای برایا وتی: ئەی کوڕی دایکم! مووی ڕیش و سەرم ڕامەکێشە.من بۆیە نەچووم بەگژیانا یا لێیان جویٚ نەبوومەوە، لەوە ترسام تۆ بلێی دووبەرەکیت خستە نێوان بەنیئیسرائیل و قسەی منت ڕانەگرت .

قَالَ فَمَا خَطْبُكَ يَا سَامِرِيُّ(٩٥)

جا مووسا ڕووی دەمی کردە سامیری و پێی وت: ئەی سامیری ! تۆ بۆ وات کردو چیت ئەویست وا ئەم کارەت کرد ؟

قَالَ بَصُرْتُ بِمَا لَمْ يَبْصُرُوا بِهِ فَقَبَضْتُ قَبْضَةً مِّنْ أَثَرِ الرَّسُولِ فَنَبَذْتُهَا وَكَذَلِكَ سَوَّلَتْ لِي نَفْسِي(٩٦)

سامیری لە وەلامی مووسادا وتی : من ئەوەم دیبوو کە بەنیئیسرائیلییەکان نەیاندیبوو ،چاوم بەو فریشتەیە کەوتبوو کە لە شێوەی سوارێکدا هاتبوو و لەگەڵماندا بوو، هەر شوێنیٚ ولاٚخەکەی پێی ئەنایە سەر گورج گیای لیٚ ئەڕوا ،منیش مشتیٚ خاکم لە شوێن پێیەکی ولاٚخەکەی هەڵگرت و پرژاندم بەو خشڵەدا کە لە بۆتەکەمدا تواندبوومەوە ،کە کردمە ناو قاڵبەوە ئەو گوێرەکەیەی لیٚ پەیدا بووو نەفسم ئەو کارەی لا جوان کردم.

قَالَ فَاذْهَبْ فَإِنَّ لَكَ فِي الْحَيَاةِ أَنْ تَقُولَ لَا مِسَاسَ وَإِنَّ لَكَ مَوْعِدًا لَّنْ تُخْلَفَهُ وَانظُرْ إِلَى إِلَهِكَ الَّذِي ظَلْتَ عَلَيْهِ عَاكِفًا لَّنُحَرِّقَنَّهُ ثُمَّ لَنَنسِفَنَّهُ فِي الْيَمِّ نَسْفًا(٩٧)

مووسا بە سامیریی وت:بڕۆ لاچۆ لاما ، تۆ لەم ژیانەتا دەردێکت تووش ئەبیٚ بلێیت کەس توخنم نەکەوێ‌ و لە قیامەتیشا وەعدەیەکت

هەیە بۆ سزادران خـوا پشتگوێی نـاخـات و بـۆت دێنێتەدی . سەیری گوێرە کەکەیشت بکە کە کردبووت بـە خـوای خـۆت و ئەتپەرست و لەسەری بەردەوام بووی لێت لانەئەدا ، باش باش ئەیسووتێنین و ورد وردی ئەکەین و فرێی ئەدەینە ناو دەریاو لەوێ پرژوبلاو ئەبێتەوە .

إِنَّمَا إِلَـٰهُكُمُ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ وَسِعَ كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا(٩٨)

بەڕاستی خودای ئێوە زاتێکی پاکی وایە پەرستراوێکی بەڕاست لەم دنیادا نیەیە لەو بەولاوەو هەرچی بۆ ئـەوە بشێ پێی بزانرێ ئەو پێی ئەزانێ .

كَذَلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَاءِ مَا قَدْ سَبَقَ وَقَدْ آتَيْنَاكَ مِن لَّدُنَّا ذِكْرًا(٩٩)

ئاوەها دەنگوباسی ڕووداوی ڕابـووردووت بـۆ ئەگێڕینەوەو بەڕاستی کتێبێکمان لەلای خۆمانەوە داویتێ باسی ئـەم ڕووداوو دەنگوباسانەی هەموو تیایە .

مَنْ أَعْرَضَ عَنْهُ فَإِنَّهُ يَحْمِلُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وِزْرًا(١٠٠)

هـەرکـەسێ پشت لـەو کتێبە بکـاو گـوێی نەداتێ ئەوە لە ڕۆژی قیامەتا بارێکی قورسی گوناه هەڵئەگرێ .

خَالِدِينَ فِيهِ وَسَاءَ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حِمْلًا(١٠١)

ئەوکەسانە بەردەوام لەو حاڵەیانا ئەمێننەوە . ئەو حاڵە بارێکی زۆر گران و خراپە بەکۆڵیانەوە لە ڕۆژی قیامەتا .

يَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ وَنَحْشُرُ الْمُجْرِمِينَ يَوْمَئِذٍ زُرْقًا(١٠٢)

لە ڕۆژێکا کە فوو ئـەکـرێ بـە سووردا و تـاوانباران خڕئەکرێنەوە

لەوڕۆژەداو چاویان شین بووە .

يَتَخَافَتُونَ بَيْنَهُمْ إِن لَّبِثْتُمْ إِلاَّ عَشْراً(١٠٣)

لەناو خۆیانا ئەکەونە چپە چپ و ئەڵێن لە دە ڕۆژ زیاتر لە دنیادا نەژیاون . مەبەست لەوەیە وەزعیان ئەوەندە ناخۆش ئەبێ هەموو خۆشییەکی لەوەپێشیان لەبیرئەچێتەوە .

نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ إِذْ يَقُولُ أَمْثَلُهُمْ طَرِيقَةً إِن لَّبِثْتُمْ إِلاَّ يَوْمًا(١٠٤)

ئێمە چاکتر ئەوە ئەزانین کە ئەوان ئەیڵێن لەوکاتەدا کە هەرە زیرەکیان ئەڵێ لە ڕۆژێ زیاتر لە دنیادا نەماونەتەوە .

وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْجِبَالِ فَقُلْ يَنسِفُهَا رَبِّي نَسْفًا(١٠٥)

پرسیارت لێئەکەن لەبارەی کێوەکانی ڕووی زەوییەوە کە سەرەنجام چییان بەسەر دێت ؟ تۆیش لە وەلامی پرسیارەکەیانا بڵێ : خوا بە داڕووخاندن دایان ئەڕووخێنێو ئەیانکا بە خۆڵو ،

فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا(١٠٦)

شوێنەکانیان ئەهێڵێتەوە بە دەشتێکی سافی وا ،

لا تَرَى فِيهَا عِوَجًا وَلاَ أَمْتًا(١٠٧)

لاریو لەواریو بەرزیو نزمیی تیا بەدیناکەی .

يَوْمَئِذٍ يَتَّبِعُونَ الدَّاعِيَ لاَ عِوَجَ لَهُ وَخَشَعَتِ الْأَصْوَاتُ لِلرَّحْمَنِ فَلاَ تَسْمَعُ إِلاَّ هَمْسًا(١٠٨)

لەوڕۆژەدا ئەم خەڵکە گشت ئەکەونە دوای ئەو بانگەوازکەرەی بەفەرمانی خوا بانگیان ئەکا بۆ مەیدانی حەشرکردنیان و هەموو خاوەن

دەنگێ مل کەچ ئەکا لە ترسی خوادا و لە دەنگی ژێرلێو بەولاوەت بەرگوێ ناکەوێ .

يَوْمَئِذٍ لا تَنفَعُ الشَّفَاعَةُ إِلاَّ مَنْ أَذِنَ لَهُ الرَّحْمَنُ وَرَضِيَ لَهُ قَوْلاً(١٠٩)

لەوڕۆژەدا تکاکردنی هیچکەسێ سوود نابەخشێ تەنها تکاکردنی ئەوانە نەبێ کە خوای میهرەبان خۆی ڕێگای دابن و ڕازی بێ لە قسەکردنیان لەحوزووریا لەبەر پایەو پلەیان لای خوا .

يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلا يُحِيطُونَ بِهِ عِلْمًا(١١٠)

خوا ئەوزاع و ئەحواڵی بەرودواو ڕابووردوو و داهاتووی ئەو خەڵکە ئەزانێ، بەڵام ئەوان ئەوە نازانن کە خوا ئەیزانێ .

وَعَنَتِ الْوُجُوهُ لِلْحَيِّ الْقَيُّومِ وَقَدْ خَابَ مَنْ حَمَلَ ظُلْمًا(١١١)

هەموو چیهرەو ڕوخسارێ دائەنەوێتەوەو سەر شۆڕو مل کەچ ئەکا بۆ خواوەندی هەمیشە زیندووی جیهان ڕاگرو هەرکەسێ باری تاوانی هەڵگرتبێ نائومێد ئەبێ .

وَمَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلاَ يَخَافُ ظُلْمًا وَلاَ هَضْمًا(١١٢)

هەرکەسێکیش هەندێ چاکەی کردبێ و باوەڕی بە خوا هەبێ، ئەوکەسە ترسی ئەوەی نابێ ستەمی لێ بکرێ و حەقی بفەوتێنرێ .

وَكَذَلِكَ أَنزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا وَصَرَّفْنَا فِيهِ مِنَ الْوَعِيدِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا(١١٣)

ئاوەها قورئانێکی عەرەبیمان ناردە خوارەوەو جۆرەها هەڕەشەمان

تیا گۆڕی بەڵکو ئەو قورئانە پەندێ بخاتە دڵیانەوە .

فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ وَلَا تَعْجَلْ بِالْقُرْآنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يُقْضَى إِلَيْكَ وَحْيُهُ وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا(١١٤)

زۆر بەرزو بالآیە لە زات و لە سیفاتدا ئەو خوایەی کە پادشاهی ڕاستەقینەی ئەم گێتییەیە ، دەستی دەستدارو هۆشی هوشیاری پێ ناگا. پەلەپەل مەکە بۆ خوێندنەوەی قورئان بەرلەوەی وەحیەکەیت بەهۆی جوبرەئیلەوە پێ ڕاگەیەنرێو بگاتە لات و، بڵێ : خوایە زانستم زیاد بکە .

وَلَقَدْ عَهِدْنَا إِلَى آدَمَ مِنْ قَبْلُ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُ عَزْمًا(١١٥)

بەڕاستی لەمەوپێش ئامۆژگاریی ئادەممان کرد توخنی درەختی گەنم نەکەوێ ، کەچی ئامۆژگارییەکەمانی لەبیرچوو و بە خاوەن عەزم و توانمان نەدی ئەو ئامۆژگارییەمانی پێ ڕابگیرێ .

وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَى(١١٦)

یادی ئەوە بکەرەوە کە بە فریشتەکانمان وت:سوجدەی حورمەت لێگرتن بۆ ئادەم بەرن، ئەوانیش هەموو سوجدەیان بۆ برد تەنها شەیتان نەبێ گوێی بە فەرمانەکەمان نەداو سوجدەی نەبرد .

فَقُلْنَا يَا آدَمُ إِنَّ هَذَا عَدُوٌّ لَكَ وَلِزَوْجِكَ فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنَ الْجَنَّةِ فَتَشْقَى(١١٧)

جا بە ئادەممان وت: بە ڕاستی ئەم شەیتانە دوژمنە بۆت و بۆ ژنەکەت ، دەسا ئاگادار بە دەرتان نەپەڕێنێ لە بەهەشت و گیرۆدەی نارەحەتی ببی.

إِنَّ لَكَ أَلاَّ تَجُوعَ فِيهَا وَلاَ تَعْرَى(١١٨)

بێگومان ئەمە بۆ تۆ لە بەهەشتا هەیە کەوا نە برسیت ببێ تێداو نە بێبەرگ و پۆشاك بی .

وَأَنَّكَ لاَ تَظْمَؤُا فِيهَا وَلاَ تَضْحَى(١١٩)

تینوویشت نەبێ تیایاو گەرمات نەبێ .

فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ الشَّيْطَانُ قَالَ يَا آدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لاَّ يَبْلَى(١٢٠)

پاشان شەیتان وەسوەسەو خەیالاتی پڕوپووچی خستە ناو دڵیەوە، پێی وت ئەی ئادەم ئایا شارەزاییت بکەم بۆ دارێ کە لێخواردنی ئەبێ بەهۆی ئەوە هەتا هەتایە بژیت و، موڵك و ماڵێکت پیشان بدەم کە هەرگیز نافەوتێو نابڕێتەوە ؟

فَأَكَلاَ مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْآتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِنْ وَرَقِ الْجَنَّةِ وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى(١٢١)

ئادەم بەو وەسوەسەی شەیتانە هەڵخەڵەتا ، خۆیو ژنەکەی لە بەری ئەو دارەیان خوارد ، لەئەنجامی ئەوەدا ئەو توێکڵە سەدەفەی بەسەر لەشیانەوە بوو لاچوو و عەورەتیان دەرکەوت ، ئەوانیش دەستیان کرد بە شاردنەوەی عەورەتیان بە گەڵاداری بەهەشت . ئادەم لە فەرمانی خوای خۆی دەرچوو و گومڕا بوو .

ثُمَّ اجْتَبَاهُ رَبُّهُ فَتَابَ عَلَيْهِ وَهَدَى(١٢٢)

پاش ئەوە خوا بە ڕەحمەتی خوی هەڵیبژارد بۆ پێغەمبەرایەتیو لێی بووردو ڕێگای پیشان دا بۆ لانەدان لەو تەوبەیەی کردی .

قَالَ اهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَى(١٢٣)

خوا بە ئادەم و ژنەکەی و بە شەیتانی وت: لە بەهەشت داپەڕن بۆ سەرزەوی، هەندێ لە ئێوە (لە ئادەمزادو لە جنۆکە) دوژمنی هەندێکتانن (ئەوەتا ئادەمزادو جنۆکەی خواپەرست و ئادەمزادو جنۆکەی کافر دوژمنی یەکترن). جا کاتێ کە لە منەوە ڕێ پیشاندانێکتان بۆ دێ هەرکەسێ شوێنی ئەو ڕێپیشاندانەی من بکەوێ ڕێ گوم ناکاو ناڕەحەت و کلۆڵ نابێ.

وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى(١٢٤)

هەرکەسێکیش پشت لە یادکردنەوەی من هەڵکا ژیانێکی تەنگ و ناخۆش ئەژی لە دنیادا چونکە هەموو قورساییی کارو بیری خۆی خستووەتە سەر کۆکردنەوەی ماڵی دنیاو هیچ ڕەحەتییەکی دڵی نابێ، لە ڕۆژی قیامەتیشا بەکوێری حەشری ئەکەین.

قَالَ رَبِّ لِمَ حَشَرْتَنِي أَعْمَى وَقَدْ كُنتُ بَصِيرًا(١٢٥)

ئەویش ئەڵێ: خوایە بۆ بەکوێری حەشرت کردم لەکاتێکا من لە دنیادا چاوساغ و بینا بووم؟.

قَالَ كَذَلِكَ أَتَتْكَ آيَاتُنَا فَنَسِيتَهَا وَكَذَلِكَ الْيَوْمَ تُنسَى(١٢٦)

خوا فەرمووی: وامان پێکردی چونکە لە دنیادا ئایەتی ئێمەت بۆ هات کەچی فەرامۆشت کردو گوێت تەدایێ، تۆیش هەروا ئەمڕۆ لە بەرچاو ئەکەوی و فەرامۆش ئەکرێی.

وَكَذَلِكَ نَجْزِي مَنْ أَسْرَفَ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِآيَاتِ رَبِّهِ وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَشَدُّ وَأَبْقَى(١٢٧)

هەر بەم جۆرەیش پاداشی ئەوکەسانە ئەدەینەوە کە زیادەڕەوی بکەن لە بێدینیو ئارەزووپەرستیداو باوەڕ بەو بەڵگەو نیشانانە نەکەن کە خوا نیشانیان ئەداو، سزای ئەو دنیایش زۆر لە سزای ئەم دنیایە سەختترو بەردەوامترو درێژخایەنترە .

أَفَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ الْقُرُونِ يَمْشُونَ فِي مَسَاكِنِهِمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّأُولِي النُّهَى(١٢٨)

ئایا ئەو کارەساتانەی هێناومانن بەسەر کافرە پێشووەکانا ئەم کافرانەی مەککەی شارەزا نەکرد بۆ ڕێگەی ڕاست ، کە ئەوەبوو خەڵکی سەدە پێشوونەکانمان بەربادکرد کە ئێستا ئەمانە کە ئەڕۆن بۆ کاروان بە شوێنەوارەکانی ئەوانا تێئەپەڕن . بەڕاستی ئەمە گەلێ ئایەتو بەڵگەی تیایە بۆ ئەوانەی عەقڵێکی ساغیان هەیە.

وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَكَانَ لِزَامًا وَأَجَلٌ مُّسَمًّى(١٢٩)

ئەگەر فەرمانێ لەپێشتر لە خوای تۆوە دەرنەچووبوایە بە دواخستنی سزادانی ئەم ئوممەتە بۆ ڕۆژی قیامەتو ئەگەر وادەیێ دانەنرابوایە بۆ سزادانیان کە لە ڕۆژی قیامەتا ئەبێ ، بەربادکردنی ئەم کافرانەیش وەك کافرە پێشینەکان کارێکی پێویست بوو ، بەڵام خواوەند هەر لەپێشەوە سزای ئەمانەی دواخستووە بۆ ڕۆژی قیامەتو ئەو ڕۆژەی بۆ دەستنیشانو دیاری کردوونو، بڕیاری ئەویش هەڵوەشاندنەوەی بۆ نییە .

فَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا وَمِنْ آنَاءِ اللَّيْلِ فَسَبِّحْ وَأَطْرَافَ النَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرْضَى (١٣٠)

دەسا خۆت ڕاگرەو سەبر بکە بەرانبەر ئەو قسە نارەوایانەی کافرەکان ئەیانکەن و سوبحانەڵلا بکەو سوپاسی خودای خۆت بکە بەر لە خۆرهەلاتن و بەر لە ئاوابوونی (مەبەست لە نوێژی بەیانی و نوێژی نیوەڕۆو عەسرو ئێوارەیە)و لە هەندێ کاتی شەودا (مەبەست لە شەو نوێژە)و لە هەندێ کاتی هەردوو چمکەکەی ڕۆژدا (دیسانەوە مەبەست لە نوێژی بەیانی و ئێوارەیە) . ئومێد وایە پاداشێکی وات بەرانبەر بەم تەسبیح و سوپاسی خودایە لە خوای گەورەوە دەسگیر ببێ پێی ڕازی ببی .

وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَى مَا مَتَّعْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِّنْهُمْ زَهْرَةَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَى (١٣١)

چاو مەبڕەرە ئەوەی ژیانی چەند تاقمێکمان لەو کافرانە پێ خۆش کردووە لە دارایی دنیاو ژن و منالّو دەستەو بەستەیان کە مایەی خۆشیی ژیانی دنیان ، ئەوانەمان بۆئەوە داونێ تاقییان بکەینەوە پێیان یا لە قیامەتا سزایان بدەین بەهۆی ئەو خۆشییانەوە . ئەو ڕزق و ڕۆزییەی پێمان داوی کە بریتییە لە نیعمەتی پێغەمبەرایەتی لە هەموو شتێ باشترو بەسوودترو پایەدارترە .

وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلَاةِ وَاصْطَبِرْ عَلَيْهَا لَا نَسْأَلُكَ رِزْقًا نَّحْنُ نَرْزُقُكَ وَالْعَاقِبَةُ لِلتَّقْوَى (١٣٢)

فەرمانیش بدە بە ژن و منالّو کەسوکارو دەستەو بەستەت کە

نوێژ بکەن و بۆخۆیشت بەردەوام بە لەسەر ئەم نوێژکردنە لە خۆشیو ناخۆشیدا . ئێمە داوای ڕزق و ڕۆزی لـە تۆ ناکەین بۆ کەس . ئێمە ڕزق و ڕۆزی بە تۆ ئەدەین و ، ئەنجامی باشیش بۆ ئەوانەیە لـە خوا ئەترسن و خۆیان لە کاری خراپ ئەپارێزن .

وَقَالُوا لَوْلَا يَأْتِينَا بِآيَةٍ مِّن رَّبِّهِ أَوَلَمْ تَأْتِهِم بَيِّنَةُ مَا فِي الصُّحُفِ الْأُولَى(١٣٣)

کافرەکان وتیان: بۆچی موحەممەد بەڵگەیەك لەلایەن خوای خۆیەوە ناهێنێ بۆمان کە نیشانەی ئەوەبێ پێغەمبەری خوایە ؟ ئەی بەڵگەی ئەوەیان بۆ نەهاتووە کە لە کتێبە پێشووەکانی خوادایە بۆ پێغەمبەران کە تەورات و ئینجیل و کتێبەکانی‌ترن ؟ مەبەست لەوەیە لەو کتێبانەدا باسی پێغەمبەری ئاخرزەمان کراوە کە کێیەو سیفاتی چۆنەو ، ئەبوو بەوپێیە باوەڕ بە پێغەمبەرایەتیی موحەممەد بکەن . یا مەبەست لەوەیە بەڵگەکە ئەوەیە موحەممەدیش باسی خواو سیفاتی خواو بیروباوەڕە گشتییەکانی بەوجۆرە کردووە کە لە کتێبە پێشووەکانی خوادا بۆ پێغەمبەران کراوەو ، ئەبوو بەو پێیە ئیمانی پێ بهێنن و باوەڕی پێ بکەن .

وَلَوْ أَنَّا أَهْلَكْنَاهُم بِعَذَابٍ مِّن قَبْلِهِ لَقَالُوا رَبَّنَا لَوْلَا أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ آيَاتِكَ مِن قَبْلِ أَن نَّذِلَّ وَنَخْزَى(١٣٤)

ئەگەر ئێمە ئەو کافرانەمان بەر لە ناردنی موحەممەدو نازڵکردنی قورئان بۆسەر خەڵك بەرباد بکردایە بە سزایێ ، لەتاو ئەو سزایە ئەیانوت: خوایە ئەوە بۆ پێغەمبەرێکت نەنارده سەرمان تا ئێمەیش

شوێنی ئـایەتـەکـانی تۆ بکەوتینایە بەرلەوەی زەلیلی دنیاو ڕسوای قیامەت ببین .

قُلْ كُلٌّ مُّتَرَبِّصٌ فَتَرَبَّصُواْ فَسَتَعْلَمُونَ مَنْ أَصْحَابُ الصِّرَاطِ السَّوِيِّ وَمَنِ اهْتَدَى(١٣٥)

تـۆ لـە وەڵامی ئەو قسەیـەی کافرەکانا پێیان بڵێ : ئێمەو ئـەوان هەردوولا چـاوەڕوانی ئـەنجامی ئـەولاکەمانین کـە چیی بەسەردێ . دەیسا چاوەڕێ بن ، لـەمەولا ئـەزانن کێ خـاوەنی ڕێی ڕاستەو کێ شارەزای ڕێگای خوا بووەو بە باشی ئەیزانێ و ئەیگرێتەبەر .

جوزئی حەڤدەھەم
سوورەتی (الأنبیاء)
مەککەیی‌یەو (١١٢) ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

اقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ مُّعْرِضُونَ (١)

نزیك بووەتەوە بۆ خەڵك لێپرسینەوەی بیروباوەڕو گوفتارو کرداریان کە لە ڕۆژی قیامەتا ئەبێ، کەچی ئەوان لە بێئاگاییدان و خۆیان لە لێپرسینەوەی ئەو ڕۆژە لائەدەن.

مَا يَأْتِيهِم مِّنْ ذِكْرٍ مِّن رَّبِّهِم مُّحْدَثٍ إِلَّا اسْتَمَعُوهُ وَهُمْ يَلْعَبُونَ (٢)

هیچ وەبیرهێنانەوەیەکی نوێیان لە خواوە بۆ نایەت ئیللا کاتێ کە ئەیبیسن گاڵتەی پێئەکەن.

لَاهِيَةً قُلُوبُهُمْ وَأَسَرُّوا النَّجْوَى الَّذِينَ ظَلَمُوا هَلْ هَذَا إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ أَفَتَأْتُونَ السِّحْرَ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ (٣)

حاڵیان وایە دڵیان بێئاگایە لە کاتی بیستنی ئەو وەبیرهێنانەوەی خواداو، ئەو ستەمکارانە ئەکەونە پچەپچ، پێیان وایە پێغەمبەری خوا نابێ ئادەمیزاد بێ، ئەڵێن ئایا ئەم ئیددیعای پێغەمبەرایەتی کردووە لە بنیادەمێکی وەك ئێوە بەولاوە هەیە جادووتان لێ ئەکا؟ ئێوە ئایا دێن بۆ لای جادوو کە بە چاوی خۆتان ئەبینن ئەوە جادووە؟

قَالَ رَبِّي يَعْلَمُ الْقَوْلَ فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (٤)

پێغەمبەریش بەو نەفامانەی وت: خوای من بە هەموو قسەیەك ئەزانێ کە بە ئاشکرا یا بە چپە لە ئەرز یا لە ئاسمانا بکرێ، ئەو

گوێی لە هەموو قسەیەکەو بە هەمووشتێ ئەزانێ .

بَلْ قَالُواْ أَضْغَاثُ أَحْلاَمٍ بَلِ افْتَرَاهُ بَلْ هُوَ شَاعِرٌ فَلْيَأْتِنَا بِآيَةٍ كَمَا أُرْسِلَ الأَوَّلُونَ (٥)

تۆ لادە لەوە کە ئەمانە ئەڵێن قسەکانی پێغەمبەر سیحرن ، ئەیشڵێن خەوی پڕوپووچن ، ئەیشڵێن درۆو ساختەو دەست هەڵبەستی خۆینی ، ئەیشڵێن شاعیرەو شیعر دائەنێ ، ئەگەر ڕاست ئەکا با موعجیزەیەکمان پێشان بدا وەك چۆن پێغەمبەرانی پێشوو ڕەوانە کرابوون و هەریەکە موعجیزەیەکیان هەبوو .

مَا آمَنَتْ قَبْلَهُم مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا أَفَهُمْ يُؤْمِنُونَ (٦)

خەڵکی ئەو ئاوەدانییانەی پێش ئەمان کە بەربادمان کردن و فەوتاندمانن کە داوای موعجیزەیان لە پێغەمبەرەکانیان ئەکردو ئەوانیش پیشانیان ئەدان و ، بەو موعجیزانەیش ئیمانیان نەئەهێنا ، ئێستە ئەمانە ئیمان دێنن ئەگەر موعجیزەیان پیشان بدەین ؟

وَمَا أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ إِلاَّ رِجَالاً نُّوحِي إِلَيْهِمْ فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ (٧)

پێش تۆ لە چەند پیاوێ بەولاوەمان نەناردووە کە وەحیمان بۆ ئەکردن ، واتە پێش تۆیش هەر ئادەمزادمان بە پێغەمبەری ئەناردو هەرگیز فریشتەمان بە پێغەمبەری نەناردووە . دەی ئەگەر خۆتان نازانن لەوانە بپرسن کە ئاگایان لەو کتێبانە هەیە کە لە ڕێگای پێغەمبەرانەوە بۆ خەڵکمان ناردوون .

وَمَا جَعَلْنَاهُمْ جَسَدًا لاَّ يَأْكُلُونَ الطَّعَامَ وَمَا كَانُوا خَالِدِينَ (٨)

ئـەو پێغەمبەرانـەی ناردبوومانن وامان دروست نەکردبوون کە تەنها لاشەیـەك بـن خۆراك نـەخۆن و ، لە دنیایشدا بـۆ هەمیشە نەبوون و سەرەنجام مردوون .

ثُمَّ صَدَقْنَاهُمُ الْوَعْدَ فَأَنجَيْنَاهُمْ وَمَن نَّشَاءُ وَأَهْلَكْنَا الْمُسْرِفِينَ (٩)

پـاش ئـەوەیش هـەر گفتێکمان دابوونێ ڕاستمان لەگەڵ کردوون و بۆمان هێناونەدیو ئەوان و هەرکەسیتـر کـە خواستمان لەسەر بووبێ ڕزگارمان کردوون و ئەوانەمان بەرباد کردووە کە لە کافریو گوناهباریدا لە سنوور دەرچووبوون .

لَقَدْ أَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ كِتَابًا فِيهِ ذِكْرُكُمْ أَفَلَا تَعْقِلُونَ (١٠)

بەڕاستی ئێمە کتێبێکمان بۆ ناردوون کە قورئانە پەندو ئامۆژگاریتانی تیایە ، دەی بۆ عەقڵتان پێ ناشکێ تا ئیمانی پێ بهێنن و پەیڕەویی لێ بکەن ؟

وَكَمْ قَصَمْنَا مِنْ قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً وَأَنشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْمًا آخَرِينَ (١١)

ئێمە زۆر ئـاوەدانیمان تێکشکاندووە کـە خەڵکـەکانیان ستەمکارو لەخوانەترس بـوون و خـەڵکێکی ترمان لـەو شوێنانەدا دروست کردووەو دامەزراندووە .

فَلَمَّا أَحَسُّوا بَأْسَنَا إِذَا هُم مِّنْهَا يَرْكُضُونَ (١٢)

کـاتێ کـە ئـەوانە هـەستیان بـە هێزو بـە سەختیی سزای ئێمە کردووە بەپەلە لەوشوێنانە هەڵاتوون و ڕایانکردووە .

لَا تَرْكُضُوا وَارْجِعُوا إِلَى مَا أُتْرِفْتُمْ فِيهِ وَمَسَاكِنِكُمْ لَعَلَّكُمْ

تُسْأَلُونَ(١٣)

خـوایش پێی فـەرمـوموون: هەڵمەیەن و بگەڕێنەوە بۆ ئەو شتانەی زیادەڕەویتان تیا کردن وەکو ڕابواردن و خۆشیو لـەزەتی دنیا بیّو، بگەڕێنەوە بـۆ مـاڵو مـەنـزڵی خـۆتان بەڵکو لێتان بپرسرێتەوە لەو خراپانەی کردووتانن .

قَالُوا يَاوَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ(١٤)

وتیان: هاوار بۆ ئێمە ! ئێمە بەڕاستی کەسانێکی ستەمکار بووین.

فَمَا زَالَت تِّلْكَ دَعْوَاهُمْ حَتَّى جَعَلْنَاهُمْ حَصِيدًا خَامِدِينَ(١٥)

جـا بەردەوام هەر ئەوەیان ئـەوت تا کردمانن بە پووشی درواوەی بیٚگیان و وشك هەڵاتوو.

وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَاعِبِينَ(١٦)

ئێمە ئاسمان و ئەرزو نێوانیانمان بە گاڵتە دروست نەکردووە .

لَوْ أَرَدْنَا أَن نَّتَّخِذَ لَهْوًا لَّاتَّخَذْنَاهُ مِن لَّدُنَّا إِنْ كُنَّا فَاعِلِينَ (١٧)

ئـەگـەر بمانویستایە ئەسبابی بیٚئاگاییو ڕابـواردن دروست بکەین هەر لای خۆمان دروستمان ئەکرد ئەگـــەر مەبەستمان کردنی شتیوا بوایە.

بَلْ نَقْذِفُ بِالْحَقِّ عَلَى الْبَاطِلِ فَيَدْمَغُهُ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ وَلَكُمُ الْوَيْلُ مِمَّا تَصِفُونَ (١٨)

ئێمە ئەسبابی بیٚئاگـایی و ڕابـواردن دروستکەر نین، بـەڵکو حەق ئەدەین بەسەر ناحەقا جا حەقەکە سەری نـاحـەقەکە پان ئەکاتەوەو ناحەقەکە ئەفەوتیٚو قوڕبەسەر ئێوەیش و هاوار بۆتان لەو هاوبەش بۆ

خوا دانانەتان .

وَلَهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَنْ عِنْدَهُ لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ وَلَا يَسْتَحْسِرُونَ (١٩)

بۆ خوا خۆیەتی هەرکەس و هەرچی لە ئاسمانەکان و لە ئەرزا هەن و ئەو فریشتانەیش کە لای خۆین ، ئەمانە خۆ بە زل نازانن لەوە کە خوا بپەرستن و بەندەییی بۆ بکەن و، لە گوێڕایەڵیکردنیا ماندوو نابن .

يُسَبِّحُونَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ لَا يَفْتُرُونَ (٢٠)

بە شەوو بە ڕۆژ سوبحانەڵلاّ ئەکەن و لە بەگوێکردنیا هیچ درێغی ناکەن .

أَمِ اتَّخَذُوا آلِهَةً مِّنَ الْأَرْضِ هُمْ يُنشِرُونَ (٢١)

هەی هەی ! ئەمانە بە خەیاڵی بەتاڵی خویان هەندێ شتی سەرزەوییان بۆ خۆیان کردووە بە خواو ئەیانپەرستن گوایە ئەمانەن مردوو زیندوو ئەکەنەوە .

لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا فَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ (٢٢)

ئەگەر خودای ڕاستەقینە لە زاتی خودا بەولاوە لە ئاسمانەکان و لە ئەرزا ببوایە ، ئاسمان و ئەرز تێك ئەچوون . کەواتە خوای پەوەردگاری عەرش پاك و خاوێنە لەوەی کافرەکان باسی ئەکەن کە ئەوەتە خوا هاوبەشی ببێ .

لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ (٢٣)

خوا پرسیاری لیٚ ناکریٚ لە هەر کاریٚ کە ئەیکا، بەلاّم خەلّك پرسیاریان لیٚ ئەکریٚو حیساب و کیتابیان بۆ دائەنریٚ، جا یا پاداشی چاکەیان وەرئەگرن یا تۆلّەی خراپەیان لیٚ ئەستیٚنریٚ.

أَمِ اتَّخَذُواْ مِنْ دُونِهِ آلِهَةً قُلْ هَاتُواْ بُرْهَانَكُمْ هَذَا ذِكْرُ مَن مَّعِيَ وَذِكْرُ مَنْ قَبْلِي بَلْ أَكْثَرُهُمْ لا يَعْلَمُونَ الْحَقَّ فَهُم مُّعْرِضُونَ(٢٤)

یاخەیر چەند خوایەکیان لە زاتی واجب الوجود بەولاوە بۆخۆیان ڕاگرتووە، دەی پیٚیان بلّیٚ بەلگەو دەلیلی خۆتان بیٚنن لەسەر ڕاستیی ئەوەی کردووتانە. ئەم کتیٚبەی بۆ من هاتووە پەندو ئامۆژگاریی منو ئەو پیٚغەمبەرانەی‌ترە کە پیٚش من هاتوون کە هەموویان خوایان هەر بە یەکیٚ داناوە، بەلّکو زۆرتری ئەمانە کە هاوبەش بۆ خوا دائەنیٚن ئەزانن ڕاستییەکە کامەیەو لیٚی لائەدەنو پشتی تیٚئەکەن.

وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلاَّ نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنَا فَاعْبُدُونِ(٢٥)

پیٚش تۆ هیچ پیٚغەمبەریٚکمان نەناردووە ئیللا وەحیمان بۆ کردووە کەوا کەسیٚ نی‌یە بپەرستریٚ من نەبیٚ، دەسا بیٚن بمپەرستنو عیبادەتم بۆ بکەن.

وَقَالُواْ اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ(٢٦)

کافرەکان ئەلّیٚن: خوا منالّی بۆ خۆی قەرارداوە. خوا پاکە لەوە کە منالّی ببیٚ، بەلّکو فریشتەی هەن کە بەندەی بەقەدرو حورمەتی خوان.

لا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُمْ بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ (٢٧)

پێش خوا ناکەون لە قسەدا واتە بێگوێیی ناکەن و ، ئەوانە بە فەرمانی خوا کارئەکەن و ئەجووڵێنەوە .

يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلاَ يَشْفَعُونَ إِلاَّ لِمَنِ ارْتَضَى وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ (٢٨)

خوا زانایە بە هەرچی لە بەردەمیانایە و بە هەرچی لەدوایانەوەیە ، واتە هەرچییان لەمەوپێش کردووە و هەرچی لەمەوپاش ئەیکەن هەمووی ئەزانێ و ئاگای لێیەو ، تکایش ناکەن بۆ کەسێ نەبێ خوا ڕازیی لێ بێ‌و لە قاری خوا ئەترسن .

وَمَنْ يَقُلْ مِنْهُمْ إِنِّي إِلَهٌ مِّنْ دُونِهِ فَذَلِكَ نَجْزِيهِ جَهَنَّمَ كَذَلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ(٢٩)

هەرکامێکیش لەو فریشتانە بڵێ من خودام و خودا نەپەرستێ ، پاداشی بە دۆزەخ ئەدەینەوەو هەروەهایش پاداشی ستەمکاران ئەدەینەوە .

أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُواْ أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلاَ يُؤْمِنُونَ(٣٠)

ئایا کافرەکان نازانن کەوا ئاسمانەکان و زەوی پارچەیەکی پێکەوە لکاو بوون و لێکمان کردنەوەو ، هەمووشتێکی زیندوومان لە ئاو دروست کردووە ؟ دەی ئایا هێشتا هەر ئیمان ناهێنن ؟

وَجَعَلْنَا فِي الأَرْضِ رَوَاسِيَ أَنْ تَمِيدَ بِهِمْ وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلاً لَّعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ (٣١)

چەند کێوێکی دامەزراوو چەسپاویشمان لـە زەویدا دروست کردوون نەکا ئەرز لە هەڵسووڕانا لاریبێتەوە بەوانەی بەسەریەوەن و، کەلەبەری بلاویشمان لەو کێوانەدا کردووە بە ڕێگا بەهیوای ئەوەی ڕێگای دابین کردنی ڕزق و ڕۆزی بۆ ژیانی خۆیان لەو شیوو دۆڵانەدا بدۆزنەوە .

وَجَعَلْنَا السَّمَاءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا وَهُمْ عَنْ آيَاتِهَا مُعْرِضُونَ(٣٢)

ئاسمانیشمان کردووە بە سەربانێکی پارێزراو لـە کـەوتن ، کەچی کافرەکان لووتەلان و پشتیان لـەو نیشانانەی یـەکێتیو توانایی خوا هەڵکردووە کە لەو ئاسمانانەدا هەن .

وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ(٣٣)

خـوا ئەو خوایە شەوو ڕۆژو خۆرو مانگی دروست کردووە ، هەریەك لەوانە لەناو بازنەیەکا وەك مەلەوان دێن و ئەچن .

وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ الْخُلْدَ أَفَإِيْن مِّتَّ فَهُمُ الْخَالِدُونَ(٣٤)

ئێمە نەمریمان بۆ هیچ ئادەمزادێك بەر لە تۆ بڕیار نەداوەو کەسمان نـەمر نـەکردووە . ئـاخۆ ئەگەر تۆ بمری ئەوان بە نەمری ئەمێننەوە؟ نەخەیر، ئەوانیش وەك تۆ ئەمرن و دنیا تا سەر بۆ کەس نابێ .

كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَنَبْلُوكُم بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ(٣٥)

هـەمـوو گیانلەبـەرێ مەرگ ئەچێژێو ئێمە بە خراپەو بە چاکە تاقیتان ئەکەینەوە بۆ دەرکـەوتنی هـەڵوێستتان لـە خۆشیو لە ناخۆشیداو سەرەنجامیش ئەگەڕێنرێنەوە بۆ لای خـۆمـان و هەرکەس

پاداشی شایانی خۆی وەرئەگرێ .

وَإِذَا رَآكَ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلاَّ هُـزُواً أَهَـذَا الَّـذِي يَذْكُرُ آلِـهَتَكُمْ وَهُمْ بِذِكْرِ الرَّحْمَنِ هُمْ كَافِرُونَ(٣٦)

کاتێ کە کافرەکان ئەتبینن بە هیچت ناکەن بە گاڵتەجاڕی خۆیان نەبێو بە گاڵتە پێکردنـەوە ئەڵێن ئا ئەمەیە ناوی خواکانی ئێوە بە سووکی ئـەبا ؟ کـەچی خۆیان ناوی خودای میهرەبان ناهێنن ، بۆیە ئەوان ، نەك تۆ ، شایانی ئەوەن گاڵتەیان پێ بکرێ .

خُلِقَ الْإِنسَانُ مِنْ عَجَلٍ سَأُوْرِيكُمْ آيَاتِي فَلَا تَسْتَعْجِلُونِ(٣٧)

ئادەمزاد ئەوەندە بە پەلەو هەڵپەیە وەك بڵێی بۆخۆی لـە پەلەپەل دروست کراوە . با پەلە نەکەن بۆ چاوکەوتنیان بـە نیشانـەی قەهرو غەزەبی من ، پاش وەخت لە کاتی خۆیا پیشانیان ئەدەم .

وَيَقُولُونَ مَتَى هَذَا الْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ(٣٨)

ئەڵێن ئەم وادەی هاتنی سزایە کەیە ئەگەر ڕاست ئەکەن دێت ؟

لَوْ يَعْلَمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ حِيـنَ لَا يَكُفُّونَ عَنْ وُجُوهِهِمُ الـنَّارَ وَلَا عَنْ ظُهُورِهِمْ وَلَا هُمْ يُنْصَرُونَ(٣٩)

ئەگەر ئەو کافرانە بزانن کاتێ کـە ئەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوەو ناتوانن ئاگر نە لە چرچاویان و نـە لـە پشتیان بگێڕنەوەو کەس نایێ بەهاواریانەوە یارمەتییەکیان بدات ، بزانن حاڵیان چۆن ئەبێ ، پەلـە ناکەن بۆ زانینی وادەی هاتنی ئەو سزایەی خوا .

بَلْ تَأْتِيهِمْ بَغْتَةً فَتَبْهَتُهُمْ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ رَدَّهَا وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ(٤٠)

بەڵکو ڕۆژی قیامەت یا سزای خوایی لە دنیادا یا ئاگری دۆزەخیان

لەپڕ بۆ دێت و سەرگەردانیان ئەکا ، ئیتر ناتوانن بیگێڕنە دواوەو مۆڵەتیشیان نادرێ‌و بۆیان دواناخرێ.

وَلَقَدِ اسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّنْ قَبْلِكَ فَحَاقَ بِالَّذِينَ سَخِرُوا مِنْهُم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ(٤١)

بەڕاستی گاڵتە بە گەلێ پێغەمبەری پێش تۆیش کراوەو لەئەنجامی ئەوەدا سزای ئەو گاڵتەکردنە گەمارۆی گاڵتەکەرەکانی داو تەفرو تووناى کردن.

قُلْ مَنْ يَكْلَؤُكُمْ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ مِنَ الرَّحْمَنِ بَلْ هُمْ عَنْ ذِكْرِ رَبِّهِم مُّعْرِضُونَ(٤٢)

تۆ بەو کافرانە بڵێ ئەوە کێیە بە شەوو بە ڕۆژ لە عەزابی خواتان ئەپارێزێ ، بەڵام تۆ لێیان گەڕێ‌و وازیان لێ بێنە ، ئەوانە پشتیان لە ناوی خوداو لە یادی خوا هەڵکردووەو گوێی نادەنێ .

أَمْ لَهُمْ آلِهَةٌ تَمْنَعُهُم مِّنْ دُونِنَا لا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَ أَنفُسِهِمْ وَلا هُمْ مِنَّا يُصْحَبُونَ(٤٣)

یان ئەوانە بە خەیاڵی خۆیان خواگەلێکیان هەن ڕێی سزای ئێمەیان لێ‌ئەگرن و ناهێڵن تووشیان ببێ . نەخێر ئەو خوا خەیاڵییانەی ئەوان توانی یارمەتیدانیانیان نی‌یەو لای ئێمەیشەوە نیگابان و پارێزگاریان بۆ ڕەوانە ناکرێ لەگەڵیان بن و سزای ئێمەیان لێ لادەن .

بَلْ مَتَّعْنَا هَؤُلاءِ وَآبَاءَهُمْ حَتَّى طَالَ عَلَيْهِمُ الْعُمُرُ أَفَلا يَرَوْنَ أَنَّا نَأْتِي الأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا أَفَهُمُ الْغَالِبُونَ(٤٤)

بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە ئێمە گوزەرانی خۆشمان داوە بەو کافرانەو

بە باوك و باپیرانیان تا ماوەی ژیانیان بەوجۆرە درێژەی كێشاو لە خۆیان بایی بوون و وایانزانی ئەو خۆشی و ڕابواردنەیان تا سەرەو هەرگیز نابڕێتەوە . ئایا ئەمانە سەیرناكەن ئێمە پەیدەرپەی لە خاكی كافران كەم ئەكەینەوەو ئەیخەینە ژێر دەسەلاتی موسوڵمانان؟ ئایا لەگەڵ ئەمەیشا خۆیان بە زاڵتر ئەزانن بەسەر موسوڵمانانناو وائەزانن ئەو خۆشیو ڕابواردنەیان دوایی نایەت ؟

قُلْ إِنَّمَا أُنذِرُكُم بِالْوَحْيِ وَلَا يَسْمَعُ الصُّمُّ الدُّعَاءَ إِذَا مَا يُنذَرُونَ(٤٥)

تۆ بەو كافرانە بڵێ من ئێوە ئەترسێنم بەو ئایەتانەی لای خواوە بۆم دێن ، بەلام مرۆی كەڕ گوێی لە هاوار لێكردنی كەس نییە لەوكاتا كە ئەترسێنرێ .

وَلَئِن مَّسَّتْهُمْ نَفْحَةٌ مِّنْ عَذَابِ رَبِّكَ لَيَقُولُنَّ يَاوَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ(٤٦)

ئەم كافرانە ئەگەر كەمترین سزای خوای تۆیان پێ بگا ئەكەونە هاوار هاوارو ئەڵێن : ئەی قوڕبەسەر خۆمان ! بەڕاستی ئێمە كەسانێكی ستەمكار بووین .

وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا وَكَفَى بِنَا حَاسِبِينَ(٤٧)

ئێمە ترازووی سەرنەكردوو دائەنێین لە ڕۆژی قیامەتا بۆ كێشانەی چاكەو خراپەی خەڵك ، ئیتر هیچ كەسێ ستەمی لێ ناكرێو هەقی خۆی ئەدرێتێ ، ئەگەر كەسێكیش دانە خەردارەیێ چاكە یا خراپەی

هەبیٚ ئەیهێنینە مەیدانی حیسابەوەو بۆیی حیساب ئـەکـەیـن و ئێمە بەسین بۆ حیساب کردنی چاکەو خراپەی بەندە.

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى وَهَارُونَ الْفُرْقَانَ وَضِيَاءً وَذِكْرًا لِّلْمُتَّقِينَ(٤٨)

ئێمە بەڕاستی کتێبێکمان دا بـە مـووساو بـە هاروون کـە حەق و ناحەقی لێك جویئەکردەوەو ڕووناکی بـوو بـۆ دڵی ئـەوی بییەویٚو مایەی یادی خوا بوو بـۆ ئـەوانـەی لـە خـوا ئەترسن . هەندێکیش وتوویانە مەبەست لە (فورقان) عاساکەی مووسایە کە نیلی پیٚ کەرت کرد تا بەنیئیسرائیل لێی بپەڕنەوەو، مەبەست لە(ضیاء) ڕووناکییەکەی دەستیەتیو ، مەبەست لە تەنها (ذکر) ەکە تەوراتە .

الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ بِالْغَيْبِ وَهُم مِّنَ السَّاعَةِ مُشْفِقُونَ(٤٩)

ئەو لەخواترسانەی دڵیان ئەکەوێتە لەرزە لەوەی کە خوایان لە خۆیان ناڕازی کردبیٚو لـە ڕۆژی قیامـەت ئـەترسن . ئەم ئایەتە باسی ئەو لەخواترسانەیە لە ئایەتی پێشوودا ناویان هات.

وَهَذَا ذِكْرٌ مُّبَارَكٌ أَنزَلْنَاهُ أَفَأَنْتُمْ لَهُ مُنكِرُونَ(٥٠)

ئەم قورئانەیش قورئانێکی پیرۆزە ناردوومانـەتە خـوارەوە بۆ سەر پێغەمبەر ، جا ئێوە ئەی کافرەکان ئینکاری ئەکەن ؟

وَلَقَدْ آتَيْنَا إِبْرَاهِيمَ رُشْدَهُ مِن قَبْلُ وَكُنَّا بِهِ عَالِمِينَ(٥١)

بـەڕاستی ئێمە بـەر لـە مووساو هاروونیش توانی دۆزینەوەی ڕێی چاکەمان دا بـە ئیبراهیم و حـاڵیمان ئەزانیو ئەمانزانی کەوا بەکەڵکی خەلاتی پێغەمبەرایەتی دیٚ.

إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِ مَا هَذِهِ التَّمَاثِيلُ الَّتِي أَنتُمْ لَهَا عَاكِفُونَ(٥٢)

کە بە باوکیو بە خێڵەکەیی وت: ئەم یەیکەرانە چین وا ئێوە بە دەوروخولیانا دانیشتوون ؟

قَالُواْ وَجَدْنَا آبَاءنَا لَهَا عَابِدِينَ(٥٣)

وتیان: باوك و باپیرانی خۆمانمان وا دیوە ئەم پەیکەرانەیان ئەپەرست.

قَالَ لَقَدْ كُنتُمْ أَنتُمْ وَآبَاؤُكُمْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ(٥٤)

ئیبراهیمیش وتی : ئێوەیش و باوباپیرانیشتان لە گومڕاهییەکی ئاشکرادا بوون.

قَالُواْ أَجِئْتَنَا بِالْحَقِّ أَمْ أَنتَ مِنَ اللَّاعِبِينَ(٥٥)

ئەوانیش پێیان وت: ئایا تۆ ڕاستیت بۆ هێناوین لەم قسانەتدا کە ئەیانکەیت یاخود لەوکەسانەی کە گاڵتە ئەکەن و بە ڕاستت نییە ؟

قَالَ بَل رَّبُّكُمْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الَّذِي فَطَرَهُنَّ وَأَنَا عَلَى ذَلِكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ(٥٦)

ئیبراهیمیش وتی : بەڵێ من بەڕاستمەو گاڵتە ناکەم خوای ئێوە ئەو خوایەی ئاسمان و زەوییە کە دروستیکردوون و من شایەتی ئەم ڕاستییەم.

وَتَاللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَامَكُم بَعْدَ أَن تُوَلُّوا مُدْبِرِينَ(٥٧)

سوێندیش ئەخۆم بەخوا پاش ئەوەی ئێوە پشت پێ هەڵکەن و بڕۆن و ئەم شوێنە بەجێبێڵن کەتنێك بە بتەکانتان ئەکەم.

فَجَعَلَهُمْ جُذَاذًا إِلَّا كَبِيرًا لَّهُمْ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ(٥٨)

گشت بتەکانیانی پارچە پارچە کردو شکاندنی بەسەر یەکدا تەنها

بتە گەورەکەیان نەبێ بەهیوای ئەوەی خێڵە بتپەرستەکەی بگەڕێنەوە سەر ئەو بتە گەورەیەو لێیبپرسن کێ وای لەو بتانە کردووەو شکاندوونی بەسەر یەکاو وردو خاشی کردوون ؟

قَالُواْ مَنْ فَعَلَ هَذَا بِآلِهَتِنَا إِنَّهُ لَمِنَ الظَّالِمِينَ(٥٩)

کە بتپەرستەکان هاتنەوە بۆ بتخانەکەو دییان بتەکان هەموو پارچە پارچە کراون وتیان: کێ وای بەم بتانە کردووە. بەڕاستی ئەوکەسە یەکێکە لە ستەمکاران.

قَالُواْ سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُ إِبْرَاهِيمُ(٦٠)

وتیان: گوێمان لە کوڕێ بوو بەخراپ باسی بتەکانی ئەکرد ناوی ئیبراهیم بوو ڕەنگ بێ ئەو وای لێ کردبن و بەو دەردەی بردبن.

قَالُواْ فَأْتُواْ بِهِ عَلَى أَعْيُنِ النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَشْهَدُونَ(٦١)

وتیان: ئەو کوڕە بێنن بۆ بەرچاوی ئەم خەڵکە بەڵکو بیناسنەوەو شایەتیی لەسەر بدەن کە ئەو ئەم کەتنەی کردووە.

قَالُواْ أَأَنتَ فَعَلْتَ هَذَا بِآلِهَتِنَا يَا إِبْرَاهِيمُ(٦٢)

کە هێنایان و خەڵکەکە شایەتییان لێدا کە ئەو بوو باسی بتەکانی بە خراپ ئەکرد، پێیان وت: ئیبراهیم تۆ وات بە خواکانمان کردووە ؟

قَالَ بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَذَا فَاسْأَلُوهُمْ إِن كَانُوا يَنطِقُونَ(٦٣)

ئیبراهیمیش وتی: من نەبووم، ئەم بتە گەورەیەیان بوو وای لێ کردن. ئەیوت چۆن تا من ببم ئەبێ ئەمانە بپەرسترێن؟ دەی ئەگەر ئەمانە ئەتوانن بێنەدەنگ قسە بکەن، لێیشیان بپرسن بزانن کێ وای لێ کردوون ؟

فَرَجَعُواْ إِلَى أَنفُسِهِمْ فَقَالُواْ إِنَّكُمْ أَنتُمُ الظَّالِمُونَ(٦٤)

ئەوانیش گەڕانەوە بۆسەر خۆیان و لەناو خۆیانا کەوتنە ڕاوێژ، بە خۆیانیان وت: ئێوە خۆتان خەتابارو ستەمکارن کەوا ئەم بتە داتاشراوانە ئەپەرستن .

ثُمَّ نُكِسُواْ عَلَى رُءُوسِهِمْ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا هَؤُلاَءِ يَنطِقُونَ(٦٥)

پاشان ، دیسانەوە پاش ئەوەی کەمێك عەقڵیان هاتەوە سەریان ، سەری سەرشۆڕییان دانەواندو بە ئیبراهیمیان وت: تۆ خۆت ئەزانی ئەو بتانە قسە ناکەن ، تۆ خۆت بڵێ کێ وای لێ کردن؟

قَالَ أَفَتَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لاَ يَنفَعُكُمْ شَيْئًا وَلاَ يَضُرُّكُمْ(٦٦)

ئیبراهیمیش پێیوتن: کەواتە ئاخۆ ئێوە غەیری خوا شتێ ئەپەرستن نە هیچ قازانجێکتان پێئەگەیەنێو نە زیانێ ؟

أُفٍّ لَّكُمْ وَلِمَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ(٦٧)

هاوار بۆ ئێوەو بۆ ئەو شتانەی غەیری خوا کە ئێوە ئەیانپەرستن ، ئەوە ئێوە هیچ نافامن ؟

قَالُواْ حَرِّقُوهُ وَانصُرُواْ آلِهَتَكُمْ إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ(٦٨)

خێڵەکەی ئیبراهیم کە ڕقیان هەستابوو ، لەبەر کەللەڕەقیی خۆیان وتیان : باش باش بیسووتێنن و لەسەر خواکانی خۆتان بکەنەوە ئەگەر کارێکتان لەدەس دێ .

قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلاَمًا عَلَى إِبْرَاهِيمَ(٦٩)

کە ئیبراهیمیان گرت و فڕێیان دایە ناو ئاگرەوە ، بە ئاگرەکەمان وت: ئاگرەکە ! سارد بەرەوەو ببە بە مایەی سەلامەتیو زیان نەگەیشتن

بە ئیبراهیم.

وَأَرَادُوا بِهِ كَيْدًا فَجَعَلْنَاهُمُ الْأَخْسَرِينَ(٧٠)

ئەوان خواستیان وابوو زیانی پیّبگەیەنن، ئیّمەیش ئەوانمان کرد بە هەرەخەسارەتبارو دۆڕاو.

وَنَجَّيْنَاهُ وَلُوطًا إِلَى الْأَرْضِ الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا لِلْعَالَمِينَ(٧١)

خۆیو لووطی برازایشیمان ڕزگارکردو بردمانن بۆ ئەو خاکەی بەرەکەتمان تیّخستووە بۆ هەرکەس لە خەڵکی ئەم جیهانە کە لەویّ بیّ کە وڵاتی شامە.

وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ نَافِلَةً وَكُلًّا جَعَلْنَا صَالِحِينَ(٧٢)

ئیسحاقیشمان پیّبەخشیو یەعقووبیش بە زیادە بە کوڕەزاییو هەموویانمان کرد بە پیاوی چاكو بۆ خودا سوڵحاو.

وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِمْ فِعْلَ الْخَيْرَاتِ وَإِقَامَ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءَ الزَّكَاةِ وَكَانُوا لَنَا عَابِدِينَ(٧٣)

کردمانیشن بە پیّشەوا بۆ ئادەمیزادی دەوروبەریان، بە فەرمانی ئیّمە ڕیّی ڕاست بە خەڵك پیّشان بدەنو بە وەحی حاڵیمان کردن چاکە بکەنو نویّژ بکەنو زەکات بدەنو ئەوانیش ئیّمەیان ئەپەرست.

وَلُوطًا آتَيْنَاهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْقَرْيَةِ الَّتِي كَانَت تَّعْمَلُ الْخَبَائِثَ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمَ سَوْءٍ فَاسِقِينَ(٧٤)

پیّغەمبەرایەتیو زانستمان بە لووطیش داو ڕزگارمان کرد لەو گوندەی خەڵکەکەی کاری پیسو چەپەڵیان ئەکرد. ئەوانە گرۆهی کردەوەی خراپ بوونو فاسق بوون.

وَأَدْخَلْنَاهُ فِي رَحْمَتِنَا إِنَّهُ مِنَ الصَّالِحِينَ(٧٥)

خستیشمانە ناو ڕەحمەت و مهرەبانیی خۆمانەوەو ئەو ، واتە لووط ، بەڕاستی لە پیاوچاکان بوو .

وَنُوحًا إِذْ نَادَى مِنْ قَبْلُ فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَنَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ مِنَ الْكَرْبِ الْعَظِيمِ(٧٦)

باسی نووحیش بکە کە بەر لەم پێغەمبەرانە هاواری کردە ئێمەو ئێمەیش خۆیو ماڵ و منالیمان لەو بەلا ناهەموارو گەورەیە ڕزگارکرد کە هاتبوە ڕێیان ، کە یا تۆفانەکەیە یا خراپیو بەدکرداریی خێڵەکەیەتی.

وَنَصَرْنَاهُ مِنَ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمَ سَوْءٍ فَأَغْرَقْنَاهُمْ أَجْمَعِينَ(٧٧)

یارمەتیشیمان داو ڕزگارمان کرد لەو خێڵەی کە ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ دانابوو . ئەوانە خێڵێکی خراپ بوون ، ئێمەیش هەموویانمان لە ئاوی تۆفانا خنکاندو نوقممان کردن .

وَدَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ إِذْ يَحْكُمَانِ فِي الْحَرْثِ إِذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ الْقَوْمِ وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شَاهِدِينَ(٧٨)

باسی ئەوەی داوودو سولەیمانیش بکە کە خەریک بوون لەبارەی باخ و کشتوکاڵی موسوڵمانێکەوە بڕیاریان ئەدا ، مەڕوماڵاتی خێڵێکی تێچووبوو و خواردبوویو ، ئێمەیش ئاگامان لە بڕیارەکەیان بوو کە خەریک بوون ئەیاندا لەو مەسەلەدا .

فَفَهَّمْنَاهَا سُلَيْمَانَ وَكُلًّا آتَيْنَا حُكْمًا وَعِلْمًا وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُودَ الْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَالطَّيْرَ وَكُنَّا فَاعِلِينَ(٧٩)

جـا مـەسەلـەکـەمـان پیشانی سولەیمان داو تێمانگەیاندو زانینی چۆنیەتیی بڕیاردانی نێوان خەڵك و زانستیشمان تێکرا بە هـەردوکیان بەخشیو، کێوەکانمان ڕام کـرد بۆ داوود تـەسبیحاتیان لەگەڵی ئەکرد بۆ خواو، پەلـەوەرەکانیشمان هەروا بۆ ڕام کرد ئەوانیش تەسبیحاتیان لەگەڵی ئەکردو ئێمە ئەم کارانەمان بۆ کرد.

وَعَلَّمْنَاهُ صَنْعَةَ لَبُوسٍ لَّكُمْ لِتُحْصِنَكُم مِّنْ بَأْسِكُمْ فَهَلْ أَنْتُمْ شَاكِرُونَ(٨٠)

فێریشمان کرد زرێو تاس کڵاوی جەنگیتان بـۆ دروست بکا بۆئەوەی لە جەنگا بتانپارێزێ، جـا ئـایا ئێوە سوپاسی خوا ئەکەن بەرانبەر بەم نیعمەتە گەورەیە ؟

وَلِسُلَيْمَانَ الرِّيحَ عَـاصِفَةً تَجْرِي بِأَمْرِهِ إِلَى الْأَرْضِ الَّتِي بَـارَكْنَا فِيهَا وَكُنَّا بِكُلِّ شَيْءٍ عَالِمِينَ(٨١)

بـای سەختی بـەگوژمیشمان ڕام کرد بۆ سولەیمان بە فەرمانی ئەو ئـەچوو بـۆ ئـەو خـاکەی بـەرەکـەتمان تێخستبوو چیی بـویستایە بۆی ئەهێناو ئەبردو ئێمە ئاگامان لە هەموو شتێ هـەبوو و ئەمانزانی چیی ئەوێ.

وَمِنَ الشَّيَاطِينِ مَنْ يَغُوصُونَ لَهُ وَيَعْمَلُونَ عَمَلاً دُونَ ذَٰلِكَ وَكُنَّا لَهُمْ حَافِظِينَ(٨٢)

لە دێویش ئەوانەیانمان بۆ ڕام کردبوو کە ئەچوونە بنی دەریاو دوڕو مەرجانیان بۆ دەرئەهێناو کـاریتریشیان لـەوە بەولاوە بـۆ ئـەکردو ئێمە ئاگاداریمان ئەکردن لە فەرمانی دەرنەچن.

وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنْتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ(٨٣)

یادی ئەییووبیش بکەرەوە لەوکاتەیا کە بانگی کردە خوای خۆیو هاواری لێ کرد وتی: خوایە من تووشی دەردو بەلاَ هاتوومو تۆیش لە هەموو میهرەبانێ میهرەبانتری .

فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَكَشَفْنَا مَا بِهِ مِنْ ضُرٍّ وَآتَيْنَاهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنْ عِنْدِنَا وَذِكْرَى لِلْعَابِدِينَ(٨٤)

ئێمەیش بەدەنگیەوە هاتینو چی ئێشو ئازاری پێوەبوو هەموومان لاداو بە ژمارەی منالە مردووەکانی منالمان دایەو ئەوەندیتریش بە میهرەبانیی خۆمان بۆئەوەی ببێ بە پەندو ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی خوای خۆیان ئەپەرستن .

وَإِسْمَاعِيلَ وَإِدْرِيسَ وَذَا الْكِفْلِ كُلٌّ مِّنَ الصَّابِرِينَ(٨٥)

یادی ئیسماعیلو ئیدریسو ذولکیفلیش بکەرەوە ، ئەمانە هەموو لەوانە بوون سەبریان ئەکرد لەسەر دەردو مەینەتو خۆیان ڕائەگرت .

وَأَدْخَلْنَاهُمْ فِي رَحْمَتِنَا إِنَّهُم مِّنَ الصَّالِحِينَ(٨٦)

ئەمانەمان خستە ناو لێشاوی ڕەحمەتی خۆمانەوە ، ئەمانە لە پیاو چاکان بوون.

وَذَا النُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَاضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَن لاَّ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ(٨٧)

باسی ذوننوون واتە یوونسیش بکە کاتێ کە بە تووڕەیییەوە خێڵەکەی خۆی بەجێهێشتو سووسەیێ گومان کەوتبوە دڵیەوە گوایە هیچمان پێ ناکرێ دەرهەق خێڵەکەی. تا سەرەنجام لە تاریکەشەوێکا

یا لەناو دەریادا یا لەناو سکی ماسیدا گیری خواردبوو هاواریکرد خوایە لە تۆ بەولاوە خوایەکیتر نییە بەحەق بپەرستریّ ، تۆ لە هەموو کەموکورتیو ناتەواوییەك پاکیو ، منیش یەکیّ بووم لەوانەی ستەمیان لە خۆیان کردووە ، دەیسا فریام کەوە .

فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْغَمِّ وَكَذَلِكَ نُنْجِي الْمُؤْمِنِينَ(٨٨)

ئێمەیش بەفریایەوە هاتینو لە خەمو خەفەت ڕزگارمان کردو هەر بەوجۆرەیش هەموو خاوەن باوەڕەکان ڕزگار ئەکەین .

وَزَكَرِيَّا إِذْ نَادَى رَبَّهُ رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ(٨٩)

یادی زەکەریایش بکەرەوە ئەوکاتەی کە هاواری کردە خوای خۆی وتی : خودایە ! بەتەنیام مەهێڵەوە بیّکەسو بیّدەرو ، تۆ چاکترین کەسێکی بۆ ئینسان بمێنێتەوە .

فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَوَهَبْنَا لَهُ يَحْيَى وَأَصْلَحْنَا لَهُ زَوْجَهُ إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ(٩٠)

ئیمەیش بەدەنگیەوە هاتینو دوعاکەمان لیّ قووبوولکردو یەحیامان پیّ بەخشیو ژنەکەیمان بۆ چاك کردو وامان لیّ کرد سکوزا بکاو منالّی ببیّ ، چونکە ئەم پێغەمبەرانەی ناومان هێنان مرۆی چاك بوونو دەستوبردیان ئەکرد بۆ کردنی چاکەو بەهیوای چاکەو لەترسی سزای دواڕۆژ لێمان ئەپاڕانەوەو ملکەچی فەرمانمان بوون .

وَالَّتِي أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهَا مِنْ رُوحِنَا وَجَعَلْنَاهَا وَابْنَهَا آيَةً لِّلْعَالَمِينَ(٩١)

یادی ئەو ئافرەتەیش بکە کە داوێنی خۆی پاراست لەوەی کەس دەسی بۆ بەرێو ، جا ئێمەیش لە ڕێگای فریشتەی خۆمانەوە کە جوبرەئیلە فوومان پێدا کردو خۆی و کوڕەکەی کە عیسایە کردمانن بە نیشانەی گەورەیی‌و دەسەڵاتی خۆمان بۆ هەموو جیهان .

إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ(٩٢)

بە پێغەمبەرەکانیشمان وت ئەم ئایینانەی بە ئێوەدا ناردوومانن بۆ ئادەمیزاد ، هەموو یەك ئایینن کە ئایینی خوا بەیەك‌زانینەو منیش خوای ئێوە هەمووتانم ، کەواتە عیبادەتم بکەن‌و بمپەرستن .

وَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ كُلٌّ إِلَيْنَا رَاجِعُونَ(٩٣)

کەچی ئەوخەڵکانەی پێغەمبەرەکانمان ناردبوونە سەریان ئایینەکەیان لەنێوان خۆیانا پارچە پارچە کردو هەریەکە بەلایەکا ڕۆیشتن‌و لە خوا بەیەك‌زانین لایان دا ، بەڵام سەرەنجام هەموو دێنەوە بەردەستمان‌و هەریەکە سزای بەحەقی خۆی وەرئەگرێ .

فَمَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَا كُفْرَانَ لِسَعْيِهِ وَإِنَّا لَهُ كَاتِبُونَ(٩٤)

جا هەرکەس کاری چاکی کردبێ‌و باوەڕیشی بە خوای تاك‌و تەنیا بووبێ ، کردەوەی چاکی پشتگوێ ناخرێ‌و ئێمە بۆی ئەنووسین‌و پاداشی چاکی لەسەر ئەو کردەوە چاکانەی ئەدەینەوە .

وَحَرَامٌ عَلَى قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا أَنَّهُمْ لَا يَرْجِعُونَ(٩٥)

حەرامە لەسەر خەڵکی ئاواییەك ئێمە ڕۆژێ لەبەر کافری‌و گوناهبارییان وێرانمان کردبێ، تازە پاشگەز ببنەوەو تۆبە بکەن یا

بگەڕێنەوە بۆ دنیاو بژیێنەوە .

حَتَّى إِذَا فُتِحَتْ يَأْجُوجُ وَمَأْجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٍ يَنسِلُونَ(٩٦)

تا کاتێ کە ڕێگای یاجووج و ماجووج ئەکرێتەوە ، واتا تا ڕۆژی قیامەت دێ‌و یاجووج و ماجووج لە هەموو ملەو بەرزاییەکەوە بەپەلە ئەکەونەڕێ ، ئەوکاتە خەڵکی ئەو ئاواییە وێرانکراوانەیش زیندوو ئەکرێنەوە .

وَاقْتَرَبَ الْوَعْدُ الْحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَاخِصَةٌ أَبْصَارُ الَّذِينَ كَفَرُوا يَا وَيْلَنَا قَدْ كُنَّا فِي غَفْلَةٍ مِّنْ هَذَا بَلْ كُنَّا ظَالِمِينَ(٩٧)

زیندوو نابنەوە تا کاتێ کە گفتی ڕاست نزیك ئەبێتەوە کە هاتنی ڕۆژی قیامەتەو چاوی کافرەکان ئەبلەق ئەبێ‌و ئەڵێن : ئەی هاوار ! ئێمە ئاگامان لەم ڕۆژە نەبوو ، ئێمە کەسانێکی ستەمکار بووین ستەممان لە خۆمان کرد .

إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنتُمْ لَهَا وَارِدُونَ(٩٨)

ئەی کافرینە ! ئێوە خۆتان و ئەو شەیتانانەی ئەیانپەرستن لەجیاتیی ئەوەی خوا بپەرستن، هەمووتان چڵوچێوی سووتەمەنیی دۆزەخن و هەموو ئەڕۆنە ناو دۆزەخ .

لَوْ كَانَ هَؤُلَاءِ آلِهَةً مَّا وَرَدُوهَا وَكُلٌّ فِيهَا خَالِدُونَ(٩٩)

ئەگەر ئەو بتانە خوا بوونایە نەئەچوونە دۆزەخەوە ، کەچی هەموو بتەکانیش و بت پەرستەکانیش هەتاهەتایە هەر لە دۆزەخا ئەبن .

لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَهُمْ فِيهَا لَا يَسْمَعُونَ(١٠٠)

هاوارو نرکەو ناڵەیانە لە دۆزەخاو شتێکی تیا نابیسن دڵیان خۆش بکا.

إِنَّ الَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُم مِّنَّا الْحُسْنَى أُوْلَئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ(١٠١)

ئەوانەیش کە لەلایەن ئێمەوە چاکەیان بۆ بڕیاردراوە کە بریتییە لە خواپەرستیو دەرنەچوون لە فەرمانی ، ئەوانە لەو ئاگری دۆزەخە دوور خراونەتەوە .

لا يَسْمَعُونَ حَسِيسَهَا وَهُمْ فِي مَا اشْتَهَتْ أَنفُسُهُمْ خَالِدُونَ(١٠٢)

هەرگیز دەنگی ناڵەباری دۆزەخ نابیسن و هەتا هەتایە لە دڵخوازی خۆیانان .

لا يَحْزُنُهُمُ الْفَزَعُ الْأَكْبَرُ وَتَتَلَقَّاهُمُ الْمَلائِكَةُ هَذَا يَوْمُكُمُ الَّذِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ(١٠٣)

ترسی لە هەموو ترسیٚ بەدتر کە ترسی مانەوەی هەمیشەییی بیٚباوەڕانە لە دۆزەخدا زویرو دڵتەنگیان ناکاو فریشتە دێن بەدەمیانەوە پێشوازییان لیٚ ئەکەن و پێیان ئەڵێن ئەمە ئەو ڕۆژەی خۆتانە کە گفتتان ئەدرایٚ پێی .

يَوْمَ نَطْوِي السَّمَاءَ كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُ وَعْدًا عَلَيْنَا إِنَّا كُنَّا فَاعِلِينَ(١٠٤)

ئەمەیش لەو ڕۆژەدا ئەبیٚ کە ئاسمان ئەپێچینەوە وەك چۆن تۆماری نووسراو ئەپێچرێتەوە . ئێمە وەك چۆن دنیامان یەکەمجار دروست کرد هەروەها تازەیشی ئەکەینەوە . ئەمە وەعدەیەکە لەسەر شانمان و ئێمە هەرچیمان بویٚ جیٚبەجێی ئەکەین .

وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ(١٠٥)

ئێمە بەڕاستی پاش تەورات، لە (زەبوور) دا ، نووسیومانە: بەهەشت یا ڕووی زەوی بۆ بەندە لەگەڵ خوای خۆ ڕاست و باشەکانم ئەمێنێتەوە، وەك چۆن میرات بۆ میراتگر ئەمێنێتەوە .

إِنَّ فِي هَذَا لَبَلاغًا لِّقَوْمٍ عَابِدِينَ(١٠٦)

بەڕاستی لەم ئایەتانەدا! ڕاگەیاندنێ هەیە بۆ کەسانێ کە خواپەرستن.

وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ(١٠٧)

ئەی موحەممەد! تۆیشمان بە هیچ حاڵێ نەناردووە بە ڕەحمەت و خێرو بەرەکەت نەبێ بۆ هەموو ئەهلی جیهان بۆ فێرکردنی خواپەرستی و خوا بەیەك زانین و فێری زانست و ڕەوشتی چاك بوون .

قُلْ إِنَّمَا يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَهَلْ أَنْتُمْ مُّسْلِمُونَ(١٠٨)

تۆ ئەی موحەممەد! بەو خەڵکە بڵێ من لە بابەتی یەکێتیی خواو هاوبەش بۆ دانەنانیەوە هەر ئەوەم بە وەحی بۆ دێ کە خوای ئێوە تاقە یەك خوایەو هاوبەشی نی‌یە ، دەی ئێوە مل بۆ ئەم ڕاستییە کەچ ئەکەن ؟

فَإِن تَوَلَّوْا فَقُلْ آذَنتُكُمْ عَلَى سَوَاءٍ وَإِنْ أَدْرِي أَقَرِيبٌ أَمْ بَعِيدٌ مَّا تُوعَدُونَ(١٠٩)

جا ئەگەر خەڵکە کە پشتیان لە ڕاستی هەڵکرد ، تۆیش پێیان بڵێ من ئێوەم وەك یەك ئاگادار کردەوەو، نایشزانم ئەوەی وەعدەتان پێدراوە ئەبێ و دێتەدی کە ڕۆژی قیامەتە ، نزیکە یا دوورە .

إِنَّهُ يَعْلَمُ الْجَهْرَ مِنَ الْقَوْلِ وَيَعْلَمُ مَا تَكْتُمُونَ(١١٠)

بەڕاستی خوا ئاگادارە لە هەرچی بەئاشکرا ئەوترێ و ئاگاداریشە

لەوەی بەدزییەوە ئەیلێن و ئەیشارنەوە.

وَإِنْ أَدْرِي لَعَلَّهُ فِتْنَةٌ لَّكُمْ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ(١١١)

من نازانم ، لەوانەیشە ئەوەی من پێتان ڕائەگەیەنم کە دواخستنی سزادانتانە تا ڕۆژی قیامەت بۆ تاقیکردنەوەتان بێو بۆ ئەوە بێ تا ماوەیەك بۆ خۆتان ڕابوێرن .

قَالَ رَبِّ احْكُمْ بِالْحَقِّ وَرَبُّنَا الرَّحْمَنُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ(١١٢)

موحەممەد وتی: خوایە ! بڕیاری بەڕاست بدە لەنێوان من و ئەم لەخوانەترسانەدا . هەر خوای میهرەبانی هەموولایەکمان پەنای ئەبرێتەبەرو داوای یارمەتیی لێ ئەکرێ لەبارەی ئەو شتانەوە ئێوە باسیان ئەکەن .

سوورەتی (الحج)

مەدینەیی‌یە ئایەتەکانی ٥٢-٥٥ی نەبێ‌و ،

(٧٨) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرحمنِ الرحِيمِ

يَاأَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمْ إِنَّ زَلْزَلَةَ السَّاعَةِ شَيْءٌ عَظِيمٌ(١)

خەڵکینە ! لە خوا بترسن ، بەڕاستی بوومەلەرزەی زەوی کە لەپێش قیامەتدا ڕووئەدا شتێکی گەورەو سامناکە .

يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُمْ بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ(٢)

ئەوڕۆژەی ئەو بوومەلەرزەیە ئەبینن ، هەرچی ئافرەتی منداڵ‌بەبەرە کە شیر بە منداڵەکەی ئەدا ، ئاگای لە منداڵە شیرەخۆرەکەی نامێنێ‌و ، هەرچی ئافرەتی دووگیانە بەراویتە ئەبێ‌و ، ئەبینی خەڵك سەرخۆشن‌و لەڕاستییشدا سەرخۆش نین ، بەڵام سزاکەی خوا زۆر سەختەو لەتاواندا خەڵکەکە وایان بەسەرهاتووە .

وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّبِعُ كُلَّ شَيْطَانٍ مَرِيدٍ(٣)

لەناو ئەم خەڵکەدا کەسانێکی‌وا هەن ئەکەونە دەمەدەم لەبارەی بوونی خواوە بێ‌ئەوەی هیچی لێ بزانن‌و ، شوێنی هەر شەیتانێکی لەخواعاسی ئەکەون .

كُتِبَ عَلَيْهِ أَنَّهُ مَنْ تَوَلَّاهُ فَأَنَّهُ يُضِلُّهُ وَيَهْدِيهِ إِلَى عَذَابِ السَّعِيرِ(٤)

شەیتانێکی ئـەوتـۆ وای بـۆ بـڕیـاردراوە هــەرکەس شوێنیبکەوێ گومڕای ئەکاو ڕێبەدێیی ئەکا بۆ ناو سزای دۆزەخ.

يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنْ كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّنْ تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِنُبَيِّنَ لَكُمْ وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلاً ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ وَمِنْكُم مَّنْ يُتَوَفَّى وَمِنْكُم مَّنْ يُرَدُّ إِلَى أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْلا يَعْلَمَ مِنْ بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا وَتَرَى الْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَا أَنـــزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنْبَتَتْ مِنْ كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ(٥)

خەڵکینە! ئەگەر ئێوە گومانتان لە زیندووبوونەوەی خۆتان لە ڕۆژی قیامەتدا هەیە، چاری ئەو گومان و دوودڵییەتان بەوە بکەن وردببنەوە من ئێوەم لە گڵ دروست کردووە چونکە باوکە گەورەی ئادەمیزاد کە ئادەمە لە گڵ دروست کراوە، لەوەپاش لە تۆوی باوك و دایکم دروست کردوون، ئەمجا لە پارچە خوێنێکم دروست کردوون، ئەمجا لە پارچە گۆشتێکم دروست کردوون، هەیەتی خراوەتــە شێوەی ئادەمیزادەوەو هەیەتی نەخراوەتە شێوەی ئادەمیزادەوە. ئەمەتان بۆیە بۆ باس ئەکەم تا بزانن چۆنم دروست کردوون. ئێمە چیمان بوێ لە کوڕو لە کچ لە منداڵدانی ئافرەتدای دائەنێین تا وادەی دیاریکراوی خۆی، ئـەمجا بە منداڵی لە سکی دایکتان ئەهێنینە دەرەوە، ئەمجا پەروەردەتان ئەکەین بۆئەوەی بگەنە هەرەتی هێزی لەشتان. هیی‌وایشتان تیایە پێش ئەوە گیانی وەرئەگیرێتەوە و ئـەمرێ. هیی‌وایشتان تیایــە ئــەهێڵرێتەوە تا ئــەگــەیــەنــرێتە تــەمــەنێ لە هەموو تەمەنێکی لەوەپێشتری لاوازترو

بێدەسەڵاتتر ئەبێ، تا وایلێدێ پاش ئەو گشتە شتەی زووتر زانیویە هیچ شتێ نەزانێ. ئەمە وەك ئـەوە وایـە تۆ زەوی ئەبینی کشومات و وشك و بێڕەونەقە، جا کـە بارانمان بەسەردا باراند ئەکەوێتە جووڵەو هەڵاوسێ و لە هەموو جۆرە گیاوگوڵێکی جوان لەناو خۆیدا ئەڕوێنێ.

ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّهُ يُحْيِي الْمَوْتَى وَأَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٦)

ئەمـە گشتی لـەوەوەیەو لـەبەرئـەوەیە خـوا حـەقە و ڕاستەو هەمووشتێکی لە دەستەڵاتدا هەیەو هەموو مردوویێ زیندوو ئەکاتەوەو توانی بەسەر هەموو شتێکدا ئەشکێ.

وَأَنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَأَنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ مَنْ فِي الْقُبُورِ (٧)

لـەبەرئەوەیشە کە ڕۆژی قیامەت بەڕاستی دێ‌و، خوا بەڕاستی هەموو ئەو مردووانەی لە گۆڕدان زیندوویان ئەکاتەوە.

وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُنِيرٍ (٨)

کەسانیوا هەن ئەکەونە دەمەدەم لەبارەی بوونی خواوە بێئـەوەی هیچ بـزانـن و کـەسێ شارەزای کـردبن و کتێبێکیان بەدەستەوە بێ بەرچاوو دڵیان ڕوون بکاتەوە.

ثَانِيَ عِطْفِهِ لِيُضِلَّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ لَهُ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ وَنُذِيقُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَذَابَ الْحَرِيقِ (٩)

ملپێچی ئـەکـاو مل لائەدا لـە وەرگرتنی ئامۆژگاریی پێغەمبەران، بۆئەوەی خـەڵك لـە ڕێی خوا لابداو گومڕایان بکا. ئەم جۆرە کەسانە

لە دنیادا ڕسوایی‌و سەرشۆڕییان بۆ هەیەو لە قیامەتیشا سزای ئاگری سۆزندەیان پێ ئەچێژین .

ذَلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ يَدَاكَ وَأَنَّ اللَّهَ لَيْسَ بِظَلاَّمٍ لِّلْعَبِيدِ(١٠)

پێیشی ئەوترێ ئەم سزایەت لەسەر ئەو کردەوانەت ئەدرێ کە کردووتن و وەك دیاریی دەست لەپێش مردنتا حەواڵەی ئەو دنیات کردوون و خوایش هەرگیز ستەم لە بەندەگانی خۆی ناکات .

وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَعْبُدُ اللَّهَ عَلَى حَرْفٍ فَإِنْ أَصَابَهُ خَيْرٌ اطْمَأَنَّ بِهِ وَإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ انْقَلَبَ عَلَى وَجْهِهِ خَسِرَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةَ ذَلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ(١١)

لەناو ئەم خەڵکەدا کەسانێکی‌وا هەن لەسەر لایێ واتە بەمەرج خوا ئەپەرستن ، ئەگەر خێریان هاتەڕێ پێیان خۆش ئەبێ‌و دڵیان دائەمەزرێ . ئەگەر زیانیشیان پێ‌گەیشت بەسەر ڕوودا ئەکەون واتە ئەکەونە شین و شەپۆڕو سوپاسی خوا ناکەن . ئەم جۆرە کەسانە دنیاو قیامەنیان لەکیس چووەو زیانی گەورەو ئاشکرایش ئەوەیە بنیادەم دنیایش و قیامەتیشی بەجارێ لەدەست بچێ . مەبەست لەوەیە موسوڵمان لە خۆشییشی و لە ناحوشییشیا هەر ڕازی بێ بە بەشی خواو شوکرانەبژێر بێ .

يَدْعُوا مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لاَ يَضُرُّهُ وَمَا لاَ يَنْفَعُهُ ذَلِكَ هُوَ الضَّلاَلُ الْبَعِيدُ(١٢)

بنیادەمی‌وا لەجیاتیی ئەوەی هەر لە خوا بپاڕێتەوەو ڕووی دەستی دوعای لەو بکا ، لە شتێ ئەپاڕێتەوە نە زیانی پێ‌ئەگەیەنێ‌و

نــــە قازانج، واتــــە دەستەلاتی هیچی نیەیــــە وەك بت. گومڕاهیی دوور ڕۆیشتوو پاڕانەوە یە لەم جۆرە شتانە لەجیاتیی پاڕانەوە لە خوا.

يَدْعُواْ لَمَنْ ضَرُّهُ أَقْرَبُ مِن نَّفْعِهِ لَبِئْسَ الْمَوْلَى وَلَبِئْسَ الْعَشِيرُ(١٣)

بەڵکو لە کەسێ ئەپاڕێتەوەو هاواری تێئەکـا زیانی لــــە قــازانجی نزیکترە . هاوار لێکراویوا خراپ یارمەتیدەرێکەو خراپ هاوڕێیەکە .

إِنَّ اللَّهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ(١٤)

ئەوکەسانەی ئیمانیان بە خواو بــە پێغەمبەرانی خوا هێناوە ، خوا ئــەیـانخاتە نــاو بەهەشتیوا جۆگە ئاو بەژێریانا ئەڕوا . بەڕاستی خوا ئارەزووی لە هەرچی ببێ ئەیکا .

مَن كَانَ يَظُنُّ أَن لَّن يَنصُرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى السَّمَاءِ ثُمَّ لْيَقْطَعْ فَلْيَنظُرْ هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُ مَا يَغِيظُ(١٥)

ئــەوکــەسەی گــومــانی وایە کە خوا لە دنیاو لە قیامەتا یارمەتیی پێغەمبەری خۆی نادا، با لەداخانا پەتێ لە ئاسمانی، واتە لە بنەبانی، ماڵەکەی خۆیەوە، هەڵخاو شۆڕیکاتەوە بۆخوارەوەو لە گەردنی خۆیی بئاڵێنێو پاشان پەتەکە بەخۆیەوە بەرداتەوە تــا بخنکێ ، ئاخۆ ئەو کارەی کردی لەوانەیە ڕق و کینەو تووڕەیییەکەی دامرکێنێو دوایی پێ بێنێ ؟

وَكَذَلِكَ أَنزَلْنَاهُ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَأَنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يُرِيدُ(١٦)

ئێمە هــەر بــــەم جۆرە قورئانمان ناردووەتە خوارەوە کە حاڵی وایە

کۆمەڵێ ئایەتی ڕۆشنەو، خوای تەعالا هەرکەسی ئارەزوو لێ بێ هیدایەتی ئەداو ئەیخاتە سەر ڕێی ڕاست.

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَادُواْ وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَى وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُواْ إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ(١٧)

ئەوانەی ئیمانیان بە خواو بە پێغەمبەرانی خوا هێناوەو ئەوانەی ئایینی جوولەکەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووەو سابیئییەکان و گاورە (مەسیحی) یەکان و مەجووسە (زەردەشتی) یەکان و ئەوانەی هاوبەش بۆ خوا دائەنێن، خوا خۆی لە ڕۆژی قیامەتا چاک و خراپیان لە یەك جوێئەکاتەوەو، خوا خۆی ئاگای لە هەموو شتێ هەیە.

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَسْجُدُ لَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ وَالنُّجُومُ وَالْجِبَالُ وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُّ وَكَثِيرٌ مِّنَ النَّاسِ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ الْعَذَابُ وَمَن يُهِنِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن مُّكْرِمٍ إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ(١٨)

ئایا تۆ نابینی یاخود نازانی کەوا خوای تەعالا هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیە سوجدەی بۆ ئەبەن و بە گەورەی ئەزانن و، هەروەها خۆرو مانگ و ئەستێرەو کێوەکان و درەخت و ئەو گیاندارانەی بەسەر زەویدا ئەڕۆن و زۆر لە ئادەمیزادیش هەموو سوجدەی بۆ ئەبەن و، زۆری تریش لە ئادەمیزاد کە ناپەرستن و سوجدەی بۆ نابەن لەبەر ئەو بێدینییەیان سزادانیان پێویست بووەو، ئەوەیش خوا سووکی بکا کەس ناتوانێ بیکا بە حاوەن قەدر.خوا هەرچیی مەیل لێ بێ ئەیکا.

هَذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِّن نَّارٍ يُصَبُّ مِنْ فَوْقِ رُءُوسِهِمُ الْحَمِيمُ(١٩)

ئه‌م دوو ده‌سته‌و تاقمه كه كافرو موسوڵمانن له‌باره‌ی خواوه دوژمنی یه‌كن‌و هه‌رایانه: كافره‌كان هاوبه‌شی بۆ دائه‌نێن‌و بته‌كانیان ئه‌كه‌ن به هاوبه‌شی‌و موسوڵمانه‌كانیش ئه‌ڵێن كه‌سی هاوبه‌ش نی‌یه. ئه‌وانه‌ی كه كافرن جلی له ئاگر دروست كراویان به بالا بڕاوه له دۆزه‌خدا ئه‌كرێته به‌ریان‌و ئاوی كوڵ‌به‌كوڵیان به‌سه‌ردا ئه‌كرێ.

يُصْهَرُ بِهِ مَا فِي بُطُونِهِمْ وَالْجُلُودُ(٢٠)

هه‌رچی له‌ناو سكیانایه‌و پێسته‌كه‌ی به‌ریشیان به‌و ئاوه كوڵ‌به‌كوڵه ئه‌توێنرێته‌وه.

وَلَهُم مَّقَامِعُ مِنْ حَدِيدٍ(٢١)

گورزی ئاسنیشیان هه‌یه بۆ سزادانیان، به‌ده‌ست مه‌ئمووری سزادانیانه‌وه‌ن.

كُلَّمَا أَرَادُوا أَنْ يَخْرُجُوا مِنْهَا مِنْ غَمٍّ أُعِيدُوا فِيهَا وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ(٢٢)

هه‌رچه‌ند بییانه‌وێ له‌به‌ر ناڕه‌حه‌تی‌و داخ و خه‌فه‌تی دڵیان له‌و ئاگره ده‌رچن، ئه‌گێڕرێنه‌وه بۆ ناوی‌و پێیان ئه‌وترێ ده بخۆن ئاگری له‌شسووتێن بچێژن.

إِنَّ اللَّهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِنْ ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ(٢٣)

بەڕاستی خوا ئەوانەی کە ئیمانیان پێی هێناوەو کرداری چاکەیان کردووە ئەیانخاتە ناو بەهەشتگەلیّ‌واوە جۆگەئاو بەژێریانا ئەڕواو ، لەو بەهەشتگەلەدا بە بازنی زێڕین و بە مرواری جوان ئەکرێن و ئەڕازێنرێنەوەو بەرگیان لە بەهەشتدا ئاوریشمە .

وَهُدُوا إِلَى الطَّيِّبِ مِنَ الْقَوْلِ وَهُدُوا إِلَى صِرَاطِ الْحَمِيدِ(٢٤)

ئەمانە کە لە دنیادا بوون خراونەتە سەر ڕێی قسەی پاك و چاك کە خوا بە یەك زانین و سوپاس کردنیەتی‌و خراونەتە سەر ڕێگایەك کە ئەنجامەکەی باشە کە چوونە بەهەشتەو ، ئەو ڕێگایەیش ڕێگای باوەڕکردنە بە خوا .

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ الَّذِي جَعَلْنَاهُ لِلنَّاسِ سَوَاءً الْعَاكِفُ فِيهِ وَالْبَادِ وَمَنْ يُرِدْ فِيهِ بِإِلْحَادٍ بِظُلْمٍ نُذِقْهُ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ(٢٥)

بەڕاستی ئەوکەسانەی کە کافرن و ڕێگا لەخەڵك ئەگرن لەوەی ڕێگای خوا بگرنەبەر کە ئایینی ئیسلامەو ناهێڵن بڕۆن لە مزگەوتی حەرامی مەککەدا خواپەرستی بکەن کە چون یەکە چ بۆ ئەوانەی تێیدا نیشتەجێن و چ بۆ ئەوانەی بە ڕێگوزەر ڕێیان تێی ئەکەوێ ، ئەوانە سزای سەخت ئەچێژن . هەرکەسیش ئارەزووی لەوە بێ بەهۆی ستەمکاریی خۆیەوە لە ڕێگای ئایین لابدا سزایەکی سەختی پڕئازاری پێ ئەچێژین.

وَإِذْ بَوَّأْنَا لِإِبْرَاهِيمَ مَكَانَ الْبَيْتِ أَنْ لَا تُشْرِكْ بِي شَيْئًا وَطَهِّرْ بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْقَائِمِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ(٢٦)

یادی ئەوە بکــەرەوە کــە جێگای مزگەوتی حەرامی مەککەمان بۆ ئیبراهیم دەستنیشان کردو پێمان وت: نەکەی هاوبەش بۆ خوا دابنێیو ماڵەکەم پاك بکەرەوە بــۆ ئــەوانــەی دێن زیارەتی ئەکەن و بەدەوریا ئەسوورێنەوەو بۆ ئەوانەی لــەوێ دانیشتوون و خوای تێدا ئەپەرستن و بــۆ ئــەوانــەی نوێژی تێدا ئەکەن و ڕوکووع و سوجدەی بۆ خوا تێدا ئەبەن .

وَأَذِّنْ فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالاً وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِنْ كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ(٢٧)

جاڕبدە بەناو خەڵکدا بێن بۆ حەج ئەوانیش دێن بــۆ لات بە پیادەو بەسەر پشتی هەموو وشترێکی لاوازەوەو لە هەموو ڕێگایەکی دوورەوە.

لِيَشْهَدُواْ مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُواْ اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّـــامٍ مَّعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّنْ بَهِيمَةِ الأَنْعَامِ فَكُلُواْ مِنْهَا وَأَطْعِمُواْ الْبَائِسَ الْفَقِيرَ(٢٨)

بۆئەوەی حازری هــەنــدێ سوودو قــازانجی خۆیــان ببن و لــە چەند ڕۆژێکدا کە ڕۆژانی حەجن ناوی خودا ببەن و زیکری بکەن بەرانبەر بەو ڕزق و ڕۆزیی مەڕو ماڵات و وشترو گــاو مانگایەی پێی داون ، دە خۆیشتان لێیان بخۆن و خۆراکی کەسانی نەداری هەژاریشی لێ بدەن .

ثُمَّ لْيَقْضُواْ تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُواْ نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُواْ بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ(٢٩)

پاشان بــا بــە بــەرسمێڵ کردن و نینۆك کردن و تووکی بن باخەڵ هەڵکێشان و شتیوا کــە لــە قۆناغی یەکەمدا حەرامن و پاشان حەلاڵ ئــەبنــەوە ، چڵك و چەپەڵیی خۆیان لابەرن و چییان لــەسەر خۆیــان نەزرکردووە بەجێی بێنن و بە دەورو خولی کۆنە ماڵی خوادا بگەڕێن .

ذَلِكَ وَمَنْ يُعَظِّمْ حُرُمَاتِ اللَّهِ فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ عِنْدَ رَبِّهِ وَأُحِلَّتْ لَكُمُ الْأَنْعَامُ إِلا مَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ فَاجْتَنِبُوا الرِّجْسَ مِنَ الْأَوْثَانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ (٣٠)

ئەمە وەربگرن فەرمانی خوایەو هەرکەس ئەو شتانەی خوا حورمەتی گرتوون وەك حەلاڵو حەرام ، بە گەورەیان بگرێ ، ئەوە باشترین شتە بۆی لای خوای خۆی . بزن و مەڕو حوشترو ڕەشەولاخیشتان بۆ حەلاڵ کراوە ئەوانەیان نەبێ باسی حەرامییانتان بەسەردا خوێنراوەتەوە وەك مردارەوەبوویان و ئەوانەیان لە کاتی سەربڕینیاندا ناوی غەیری خوایان بۆ هێنرابێ . کەواتە خۆتان لە پیسیی بت و لە قسەی درۆ بپارێزن .

حُنَفَاءَ لِلَّهِ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ (٣١)

حاڵتان وابێ لە بێباوەڕییەوە لابدەن بۆ باوەڕداری ، بۆ ڕەزامەندیی خوا. هاوبەشیش قەرار مەدەن بۆ خوا . هەرکەس هاوبەش قەرار بدا بۆ خوا وەك ئەوە وایە لە ئاسمانەوە بەربیێتە خوارەوەو پەلەوەر بێنە سەر کەلاکەکەیو گۆشتەکەی بفڕێنن و بیخۆن ، یاخود وەك کەسێك وایە بایەکی توند هەڵگاو ببیا فڕێی بداتە شوێنێکی دووریوا کەس پێی نەزانێ . مەبەس لەوەیە ئەوکەسە کابرایەکی بێسەروشوێنە .

ذَلِكَ وَمَنْ يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِنْ تَقْوَى الْقُلُوبِ (٣٢)

مەسەلە ئەوەیە کە وتمان و ، هەرکەسیش ئادابی خواپەرستی بە گەورە بگرێو لێیلانەدا ئەوە ئەو ڕەوشتەی ڕەوشتی ئەوانەیە بە دڵ

لە گوناه و خراپە پارێز ئەکەن .

لَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ مَحِلُّهَا إِلَى الْبَيْتِ الْعَتِيقِ(٣٣)

ئەو چوارپێیانەی باسمان کردن هەندێ قازانجیان تا ماوەیەکی دیاری بۆ ئێوە تیایە وەك شیرو کوڵك و موو و خوریو سواربوونیان و بەچکەکانیان تا کاتی سەربڕینیان دێو پاشان سەرەنجام ئەهێنرێنە ماڵی کۆنی خوا کە مزگەوتی حەرامی مەککەیە لەوێ سەرئەبڕێن و گۆشتەکەیان ئەبەخشرێتەوە .

وَلِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا لِّيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَإِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَلَهُ أَسْلِمُوا وَبَشِّرِ الْمُخْبِتِينَ(٣٤)

بۆ هەر میللەتێ سەربە هەر ئایینێ بێ جۆرە قوربانیدانێکمان بڕیار داوە تا ناوی خوا لەسەر ئەو قوربانییەیان بێنن بەرانبەر بەوەی ئەو حوشترو ڕەشەوڵاخ و ئاژەڵەمان پێ بەخشیون . دەی خوای ئێوە تاقە یەك خوایە ، فەرمانبەرداریی بکەن و ملی بۆ کەچ بکەن و مژدە بەوکەسانەیش بدە کە خۆیان بە کەم ئەزانن و فیزو دەعیە ناکەن ،

الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَالصَّابِرِينَ عَلَى مَا أَصَابَهُمْ وَالْمُقِيمِي الصَّلَاةِ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ(٣٥)

ئەوانەی کە ناوی خوا ببرێ لایاندا دڵیان دێتە لەرزە لەترسانا و، هەر مسیبەتێکیان تووش ببێ خۆیانی لە بەرابەردا ڕائەگرن و ، نوێژەکانیان ئەکەن و ئەو داراییەی پێمان بەخشیون لە ڕێی خوادا لێی خەرج ئەکەن .

وَالْبُدْنَ جَعَلْنَاهَا لَكُم مِّن شَعَائِرِ اللَّهِ لَكُمْ فِيهَا خَيْرٌ فَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ

عَلَيْهَا صَوَافَّ فَإِذَا وَجَبَتْ جُنُوبُهَا فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْقَانِعَ وَالْمُعْتَرَّ كَذَلِكَ سَخَّرْنَاهَا لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ(٣٦)

ئەو وشترانەی ئەیانبەن بۆ مەککە تا لە حەجدا سەریان ببڕن، بۆمان کردوون بە بەشیٚ لە نیشانەکانی خواپەرستی. خێرو بەرەکەت بۆ ئێوە هەیە لەو وشترانەدا وەك شیرو بەروبوومەکانی‌و سواربوونیان و گۆشت و موو. کەواتە لە کاتی سەربڕینیاندا کە قنج لەسەر چواریەلیان ڕاوەستاون ناوی خوا بهێنن. جا کاتیٚ کە تەنیشتیان کەوتە سەر زەوی واتە سەربڕران و مردن، لە گۆشتەکەیان بخۆن و بەشی هەژاری قنیاتکارو داواکەریشی لیٚ بدەن. ئێمە ئاوا ئەو حەیوانی قوربانییانەمان بۆ وا لێکردوون مل بدەن بۆتان سەریان ببڕن، بەڵکو ئەمە خوایە سوپاسی ئەم نیعمەتانەی ئێمە بکەن.

لَنْ يَنَالَ اللَّهَ لُحُومُهَا وَلا دِمَاؤُهَا وَلَكِنْ يَنَالُهُ التَّقْوَى مِنْكُمْ كَذَلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمْ لِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَبَشِّرِ الْمُحْسِنِينَ(٣٧)

گۆشت و خوێنی ئەو قوربانییانە ناگا بە خواو خوا ئەوەی لە ئێوە ناویٚ، بەڵام ئەگەر فەرمانبەرداریی خوا بکەن و خۆتان لە بیٚفەرمانیی ئەو بپارێزن ئەوە لای ئەو پەسەندو قوبووڵە. خوا ئەو حەیوانی قوربانییانەی بۆ ئێوە ئاوا لێکردوون ملتان بۆ بدەن بۆ سەربڕینیان، بۆئەوەی لە کاتی سەربڕینیاندا (الله أكبر) بکەن کەوا ڕێگای موسوڵمانەتیی پیشان داون و، مژدە بدەن بە پیاوچاکان و چاکەکاران. ئەڵێن بت پەرستەکانی مەککە کە قوربانییان ئەکرد خوێنەکەیان ئەدا لە دیواری کەعبە گوایە ئەوە بۆ خوایە. ئایەتەکە بەرپەرچی ئەو

کردارەی بت پەرستەکان ئەداتەوە .

إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ خَوَّانٍ كَفُورٍ (٣٨)

بەڕاستی خوا داکۆکی ئەکا لەو کەسانەی باوەڕیان پێ کردووە . خوا کەسانی خائین و کافری خۆش ناوێ کە لەگەڵ خوا ئەمین نەبن و بت بپەرستن .

أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ (٣٩)

خوا ڕوخسەتی داوە بەو موسوڵمانانەی کە کافرەکان جەنگیان لەگەڵ ئەکەن ، ڕوخسەتی وەڵام دانەوەو شەڕکردنی لەگەڵیان داوە چونکە ستەمیان لێ کراوەو ، خوا توانی ئەوەی هەیە یارمەتییان بداو سەریان بخا بەسەر ئەو کافرانەدا .

الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ (٤٠)

ئەوانەی بە ناهەق لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەرکراون تەنها لەبەرئەوەی ئەڵێن پەروەردگاری تاك و تەنیای ئێمە زاتی خوایە . ئەگەر خوا هەندێ کەسی بە هەندێ کەسی‌تر لەناو نەبردایە،چەندین پەرستگای ڕەبەنەکان و چەند کلیسەی گاوران و چەند کەنشتی جوولەکەو چەند مزگەوتی موسوڵمانان کاول ئەبوون کە هەموو ناوی خوایان تێدا ئەهێنرێ . بەڕاستی خوا یارمەتیی هەرکەسێ ئەدا کە ئەویش یارمەتیی

ئایینی خوا بدا . خوا بەهێزە ، ئەتوانێ یارمەتیی ئەوکەسانە بداو هیچ شتێ ڕێی لێ ناگرێ .

الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقَامُواْ الصَّلاةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ وَأَمَرُواْ بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْاْ عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الأُمُورِ (٤١)

ئەو لە ماڵی خۆ دەرکراوانەی ئەگەر ئێمە جێگیریان بکەین و دایانمەزرێنین لە ئەرزدا نوێژ ئەکەن و زەکات ئەدەن و فەرمان بە چاکە ئەدەن و نەهی لەخراپە ئەکەن و ، ئەنجامی هەرکارێکیش هەر بۆ خودا ئەگەڕێتەوە .

وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَثَمُودُ (٤٢)

ئەگەر ئەم کافرانە باوەڕ بە تۆ نەکەن و بە درۆزنت دانێن ، تۆ تاقە پێغەمبەر نێت خێڵەکەی بە درۆزنیان دانابێ . بەر لە تۆیش خێڵەکەی نووح پێغەمبەرو خێڵەکەی عادو سەموودیش ، پێغەمبەری خۆیانیان بە درۆزن ئەدایە قەڵەم .

وَقَوْمُ إِبْرَاهِيمَ وَقَوْمُ لُوطٍ (٤٣)

هەروا خێڵەکەی ئیبراهیم پێغەمبەرو خێڵی لووط پێغەمبەریش، پێغەمبەری خۆیانیان بە دروزن ئەدایە قەڵەم .

وَأَصْحَابُ مَدْيَنَ وَكُذِّبَ مُوسَى فَأَمْلَيْتُ لِلْكَافِرِينَ ثُمَّ أَخَذْتُهُمْ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ (٤٤)

ئەهلی مەدیەنیش کە شوعەیب پێغەمبەریان هاتەسەر ، شوعەیبی پێغەمبەری خۆیانیان بە درۆزن دانا . مووسا پێغەمبەریش هەر لەلایەن فیرعەون و قیبتییەکانەوە بە درۆزن دانرا . منیش جڵەوم بۆ کافرەکان

شۆڕ کرد لەسەر کافریی خۆیان بەردەوام بن تا وادەی خۆیان هات ، جا چۆن بوو لێ تێکدانم بۆیان و بە چ دەردێکم بردن ؟

فَكَأَيِّن مِّنْ قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَى عُرُوشِهَا وَبِئْرٍ مُّعَطَّلَةٍ وَقَصْرٍ مَّشِيدٍ(٤٥)

گەلێ ئاوەدانیمان وێران و کاول کرد لەحاڵێکا کە دانیشتووانیان ستەمکار بوون و ، ئێستا ئەو ئاوەدانییانە بەسەر بنچینەکانیانا کەوتوون و داتەپیون و ، زۆر بیری ئاو هەن ئێستا پەکیان کەوتووەو کوێر بوونەتەوەو زۆر کۆشکی دروست کراو هەن ئێستا تاقە کەسێکیشمان تێیاندا نەهێشتووە .

أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ(٤٦)

ئایا ئەمانە بەسەر ئەرزا نەڕۆیشتوون تا دڵێکیوایان ببێ بەهۆی ئەو دڵەوە عەقڵیان ببێو بزانن ئەبێ چیبکەن کە خوا بە تاک و تەنیا زانینە ، یا گوێیەکیوایان ببێ شتی پێ ببیسن و بزانن ئەبێ ئادەمیزاد گوێ بۆ چی شل بکا ، چونکە تەنها دیتن بە چاو بەس نییە، وائەبێ چاو کوێر نەبوە ئەبینێ بەلام سوودیشی نییە چونکە دڵ کە لە سنگدایە ئەو کوێر ئەبێ .

وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَلَن يُخْلِفَ اللَّهُ وَعْدَهُ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ(٤٧)

ئەو کافرانە پەلەپەلت لێ ئەکەن بۆئەوەی عەزابی خوایان بەسەردا

بیّو ، خوایش هەرگیز پیّچەوانەی وەعدەی خۆی ناجوولّیّتەوەو عەزابیان هەر ئەداو شتەکە پەلەپەلی ناویّو ، یەك ڕۆژی خوایی وەك هەزار سالّ وایە لەو سالاّنەی ئیّوە ئەیانژمیّرن .

وَكَأَيِّن مِّنْ قَرْيَةٍ أَمْلَيْتُ لَهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ ثُمَّ أَخَذْتُهَا وَإِلَيَّ الْمَصِيرُ(٤٨)

گەلیّ ئاوەدانی هەبوون خەلّکەکانیان ستەمکار بوون ، مۆلّەتم دان تا کاتی خۆیان هات ، پاشان سزام دان و سەرەنجامی هەر شتیّ هەر بۆ لای خۆمە.

قُلْ يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّمَا أَنَا لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ(٤٩)

تۆ ئەی موحەممەد بەم خەلّکە بلّیّ : خەلّکینە ! من هەر پیّغەمبەریّکم بەئاشکرا ئەتانترسیّنم لە سزای خوا بۆئەوەی باوەڕی پیّ بکەن و ڕیّگەی چاکە بگرنەبەر .

فَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ(٥٠)

پاش ئەوەی من ترسی سزای خوام نانەبەر ، ئەوانەی باوەڕ بە خوای خۆیان ئەکەن و باش ئەجوولّیّنەوەو چاکە ئەکەن ، خوا لە گوناهیان خۆش ئەبیّو ڕۆزییەکی دەس بلاّوانەیان ئەداتیّ کە بەهەشت و نازو نیعمەتی بەهەشتە.

وَالَّذِينَ سَعَوْاْ فِي آيَاتِنَا مُعَاجِزِينَ أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ(٥١)

ئەوانەیش کە هەولّ ئەدەن بۆ بەرپەرچدانەوەی ئایەتەکانی ئیّمەو ئەکەونە پیّشبڕکە بۆ ناڕەحەت کردنمان ، ئەوانە هاوڕیّی دۆزەخن .

وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ وَلاَ نَبِيٍّ إِلاَّ إِذَا تَمَنَّى أَلْقَى الشَّيْطَانُ

فِي أُمْنِيَّتِهِ فَيَنْسَخُ اللَّهُ مَــا يُلْقِي الشَّيْطَــانُ ثُمَّ يُحْكِمُ اللَّهُ آيَاتِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ(٥٢)

ئێمە ، بەر لــە تۆ ،هچ پێغەمبەرێکی خاوەن کتێب و بێ کتێبمان نەناردووە بۆ سەر خەڵك ئیللا وا بووە کە هەرچەند ئارەزووی شتێکی کردبێ کە بە دڵیا هاتبێ شەیتان بە وەسوەسە هەندێ شتی نامۆناسبی خستووەتە دڵیەوە ،جا خوا ئەوشتانەی لە دڵی داشۆردووە کە شەیتان بە وەسوەسە خستیوونیە دڵیەوە ، پاش ئەوە خوا ئایەتەکانی خۆی لە دڵی ئەو پێغەمبەرەدا ئەچەسپێنێ کە داوای لێ ئەکەن هەر بیر لە خواو لە ڕۆژی قیامەت بکاتەوەو ، خوا زاناو خاوەن حیکمەتە .

لِيَجْعَلَ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ فِتْنَةً لِّلَّذِيــنَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ وَإِنَّ الظَّالِمِينَ لَفِي شِقَاقٍ بَعِيدٍ(٥٣)

خوا بۆیە دەرفەتی شەیتان ئەدا ئــەو وەسوەسەیە بخاتە دڵی ئەو پێغەمبەرانــەوە تــا ئــەو شتەی خراوەتــە دڵیانەوە بکا بە مایەی تاقیکردنەوە بۆ منافقە دوودڵەکان و بت پەرستە دڵڕەقەکــان . بەڕاستی ئەم دوو تاقمە ستەمکارە لە خراپەیەکی دوور لە ڕاستییەوەدان .

وَلِيَعْلَمَ الَّذِيــنَ أُوتُوا الْعِلْمَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ فَيُؤْمِنُوا بِهِ فَتُخْبِتَ لَهُ قُلُوبُهُمْ وَإِنَّ اللَّهَ لَهَادِ الَّذِينَ آمَنُوا إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ(٥٤)

هــەروا تــا ئەوکەسانەیش کە زانیارییان دراوەتێ بزانن ئەم قورئانە ڕاستەو لــە خــوای تۆوە هاتووەو ئیمانی پێ بهێنن و لەئەنجامی ئەو ئیمانەیاندا دڵیان لێی بترسێ . بــەڕاستی خــوا ڕێ بەدێیی ئەوکەسانە ئەکا کە باوەڕیان پێی هێناوەو ئــەیــانخاتــە سەر ڕێیەکی ڕاست کە

وردبوونه‌وه‌یه‌کی ئه‌وتۆیه بیبیانگه‌یه‌نێته ئامانجێکی ڕاست و دروست .

وَلا يَزَالُ الَّذِينَ كَفَرُواْ فِي مِرْيَةٍ مِّنْهُ حَتَّى تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً أَوْ يَأْتِيَهُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَقِيمٍ(٥٥)

ئه‌وکه‌سانه‌یش که کافرن، هه‌میشه گومان و دوودڵییان له ڕاستیی قورئانا هه‌یه تا قیامه‌تیان له‌پڕ دێ به‌سه‌ردا یاخود سزای ڕۆژێکی بێخێرو به‌ره‌که‌ت دێ بۆیان .

الْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فَالَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ(٥٦)

فه‌رمان و فه‌رمانڕه‌وایی له‌وڕۆژه‌دا بۆ زاتی خوایه‌و ئه‌و بڕیار ئه‌دا له‌ناو ئه‌و خه‌ڵکه‌دا . جا ئه‌وکه‌سانه‌ی باوه‌ڕیان به خوا هێناوه‌و کرده‌وه‌ی چاکیان کردووه له به‌هه‌شتی پڕ نازو نیعمه‌تدان .

وَالَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَأُوْلَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ(٥٧)

ئه‌وکه‌سانه‌یش که کافرن و ئایه‌ته‌کانی ئێمه به درۆ ئه‌زانن ، ئه‌وانه سزایه‌کیان بۆ هه‌یه سووک و ڕه‌زیل و سه‌فیلیان ئه‌کا .

وَالَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ قُتِلُواْ أَوْ مَاتُواْ لَيَرْزُقَنَّهُمُ اللَّهُ رِزْقًا حَسَنًا وَإِنَّ اللَّهَ لَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ(٥٨)

ئه‌وکه‌سانه‌یش که له ڕێگای خوادا کۆچیان له وڵاتی خۆیان کردو پاشان کوژران یا به مردن مردن ، ئه‌وانه به‌ڕاستی خوا له قیامه‌تدا ڕۆزییه‌کی جوانیان ئه‌داتێ له به‌هه‌شتا.خوا چاکترینی هه‌موو ڕۆزیده‌رانه .

لَيُدْخِلَنَّهُم مُّدْخَلاً يَرْضَوْنَهُ وَإِنَّ اللَّهَ لَعَلِيمٌ حَلِيمٌ(٥٩)

ئه‌یانخاته شوێنێکه‌وه پێی ڕازی بن و، خودا به‌ڕاستی زاناو به‌حیلم و

حەوسەڵەیە .

ذَلِكَ وَمَنْ عَاقَبَ بِمِثْلِ مَا عُوقِبَ بِهِ ثُمَّ بُغِيَ عَلَيْهِ لَيَنصُرَنَّهُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ (٦٠)

ئەمە شتێکی ڕاستەو هەرکەسێ سزای یەکێ بدا بەوجۆرەی کە ئەو سزای ئەمی داوەو پاشان دەسدرێژیی بکرێتە سەر ، خوا یارمەتیی ئەدا . خوا بەڕاستی تاوانپۆش و لێبووردووە.

ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَأَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ (٦١)

ئەمە لەبەرئەوەیە کە بەڕاستی خوا توانایەو هەموو شتێکی پێ ئەکرێو شەو ئەبا بەناو ڕۆژاو ڕۆژ ئەبا بەناو شەوا، واتە ئەیانگەیەنێ بە یەك و لە یەکێکیان زیاد ئەکاو لە یەکێکیان کەم ئەکاو ، خوا بەڕاستی شنەواو بینندەیە هەموو شتێ ئەبیێ و هەمووشتێ ئەبینێ .

ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ (٦٢)

ئەمە لەبەرئەوەیە کە بەڕاستی خوا هەر خۆی ڕاستەو، ئەوشتانەی ئەوان هاواریان ئەکەنێ هەر ئەوان هیچوپووچن و، بەڕاستی هەر خوا بەرزو بلندو گەورەیە .

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَتُصْبِحُ الْأَرْضُ مُخْضَرَّةً إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ (٦٣)

ئایا تۆ نابینی خوا ئاو لە ئاسمانەوە دائەکاو پاش ئەوە زەوی سەوز هەڵئەگەڕێ . خوا ناسکە، زانستی بە هەموو شتێکا ئەگاو لە

هەموو شتێکی نهێنیو ئاشکرا شارەزایە .

لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَإِنَّ اللَّهَ لَهُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ(٦٤)

هەرچی لە زەویو لە ئاسمانەکانایە هەموو هیی ئەوەو ، بەڕاستی خوا هەر خۆی دەوڵەمەندەو ئیحتیاجی بە هیچو بە کەس نییەو هەر خۆی ستایش کراوە.

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ وَالْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَيُمْسِكُ السَّمَاءَ أَن تَقَعَ عَلَى الْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ(٦٥)

ئایا تۆ نابینی خوا هەرچی لە زەویدا هەیەو پاپۆڕەکانیشی بۆ ئێوە ڕام کردووە کە بە فەرمانی ئەو بەناو دەریادا ئەڕۆن و ، ئاسمانەکانی ڕاگرتووەو ناهێڵێ بکەونە خوارەوە بەسەر زەویدا مەگەر بە ڕەزامەندیو ڕێگادانی ئەو . بەڕاستی خوای گەورە بەزەیی بە خەڵکدا دێتەوەو ڕەحمیان پێ ئەکا .

وَهُوَ الَّذِي أَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ إِنَّ الْإِنسَانَ لَكَفُورٌ(٦٦)

خوا ئەو خوایە ئێوەی دروست کردووەو زیندووی کردوون و لەپاشا ئەتانمرێنیو پاشتر زیندووتان ئەکاتەوە.بەڕاستی ئادەمیزاد بەرانبەر بە نیعمەتی خوا سپڵەو ناسوپاسە .

لِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا هُمْ نَاسِكُوهُ فَلَا يُنَازِعُنَّكَ فِي الْأَمْرِ وَادْعُ إِلَى رَبِّكَ إِنَّكَ لَعَلَى هُدًى مُّسْتَقِيمٍ(٦٧)

بۆ شوێنکەوتووانی هەر ئایینێ بەر لە ئێوە پەرستگایەکمان دانابوو

خـوایـان تیـا ئـەپـەرست ، بـۆ شوێنکەوتووانی هەر ئایینێ جۆرە پەرستنێکمان دانابوو خوایان بەوجۆرە ئەپەرست ، کـەواتـە ئیتر با شوێنکەوتووانی ئایینەکانیتر لەگەڵ تۆ نەکەونـە هـەرا لـە کاروباری ئایینا چونکە مەسەلەی ئایینی تۆ لەوە دیاریترە هەرا هەڵبگرێو ، تۆ خەڵك بانگ بکە بۆ لای خـوا ، تـۆ بـەڕاستی لەسەر ڕێگەی ڕاستی هیدایەت و خواناسیت .

وَإِنْ جَادَلُوكَ فَقُلِ اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ (٦٨)

جا ئەگەر کەوتنە موجادەلە لەگەڵتا پێیان بڵێ خوا لە هەمووکەس چاکتر ئەزانێ ئێوە چیئەکەن .

اللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ (٦٩)

خوا حوکم ئەدا لـەنێوانتانا لـە ڕۆژی قیامەتـا لـەو شتانەدا کە قسەتان یەك ناکەوێ تیایانداو هەرلایێ بەجۆرێ بۆی ئەچن .

أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِنَّ ذَلِكَ فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ (٧٠)

ئـایـا تۆ نەتزانیوە کەوا بەڕاستی خوا ئەزانێ چی لە ئاسمان و لە ئەرزا هەیە ، هەموو ئەو شتانە لـە لـەوحولمـەحفووزدا نـووسراون . ئەمە بەڕاستی بۆ خوا ئاسانە.

وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَمَا لَيْسَ لَهُمْ بِهِ عِلْمٌ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ نَصِيرٍ (٧١)

ئەم کافرانە لەجیاتیی ئەوەی خوا بپەرستن شتگەلێ ئەپەرستن خوا بەڵگەیەکی نـەنـاردووە کـە ڕاستن و شایـانی پـەرستنن و ، شتیوا

ئەپەرستن خۆیان نازانن چین. ئـەمـانــە ستەم لــە خۆیان ئەکەن و ستەمکاریش هیچ یارمەتیدەرێکی نی‌یە.

وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ تَعْرِفُ فِي وُجُوهِ الَّذِينَ كَفَرُوا الْمُنْكَرَ يَكَادُونَ يَسْطُونَ بِالَّذِينَ يَتْلُونَ عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا قُلْ أَفَأُنَبِّئُكُمْ بِشَرٍّ مِنْ ذَلِكُمُ النَّارُ وَعَدَهَا اللَّهُ الَّذِينَ كَفَرُوا وَبِئْسَ الْمَصِيرُ(٧٢)

کــە ئــایەتــە ڕوون و ئاشکراکانی ئێمەیان بەسەرا ئەخوێنرێنەوە لە ناوچاوانی کــافرەکــانــا ئینکارو مــل نەدان بەدی‌ئەکرێ چونکە ڕقێکی زۆریان لە ڕاستی لە دلآیە ، لەوانەیە پەلاماری ئــەو موسوڵمانانە بدەن کە ئایەتەکاتی ئێمەیان بەسەرا ئەخوێننەوە. تــۆ ئــەی مــوحەممەد ! پێیان بڵێ : هــەواڵی شتێکی لـــەو ڕق و تورەیی خۆتــانە خراپترتان بدەمێ ؟ ئــەو شتە ئــاگری دۆزەخە کــە خــوا وەعــدەی پێ‌داوە بە کافران و ئاگری دۆزەخ ئەنجامێکی زۆر بەدە .

يَاأَيُّهَا النَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَاسْتَمِعُوا لَــهُ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَنْ يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَــهُ وَإِنْ يَسْلُبْهُمُ الذُّبَــابُ شَيْئًا لَا يَسْتَنْقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ(٧٣)

خەڵکینە ! پەندێك هێنراوەتەوە گوێی بۆ شل کەن . بەڕاستی ئەو بتانەی ئێوە هاواریان لێ‌ئەکەن و هاوار لە خوا ناکەن ئەگەر هەموویشیان خڕببنەوە مێشێ دروست بکــەن ئــەو میشەیــان پێ دروست ناکرێ . تەنــانــەت ئەگەر مێش شتێکیان لێ زەوت بکا هــەرگیز ناتوانن لێی بستێننەوە . زۆر لاوازو بێ‌کارەیە ئەوکــەسەی داوای هاتنەدیی مرازی خۆی لە بت ئــەکــاو ، زۆریش لاوازو بێ‌کــارەیــە ئــەو بتەی داوای

هێنانەدیی مرازی لێ ئەکرێ !

مَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ (٧٤)

ئەم کافرە هاوبەش بۆ خوا دانەرانە خوایان وا نەناسیوە کە پێویستە بیناسن . خوا زۆر بەهێزەو بەسەر هەموو شتێکا زاڵە .

اللَّهُ يَصْطَفِي مِنَ الْمَلَائِكَةِ رُسُلاً وَمِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ (٧٥)

خوا لەناو فریشتەکانا چەند فروستادەیێ بۆ لای پێغەمبەران هەڵئەبژێرێ . لەناو خەڵکیشا چەند فروستادەیێ بۆ لای خەڵك هەڵئەبژێرێ کە پێغەمبەرانن ئەیاننێرێتە سەر ئادەمیزاد . خوا بەڕاستی گوێی لە هەموو شتێکەو هەموو شتێ بەدیئەکا .

يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ (٧٦)

هەموو ئەو شتانە ئەزانێ کە ئەم خەڵکە لەمەوپێش کردوویانن و لەمەوپاش ئەیانکەن . هەرچی کارێکیش هەیە هەمووی بۆلای خوا خۆی ئەگەڕێتەوەو هەمووی بەدەستی ئەوە .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا وَاعْبُدُوا رَبَّكُمْ وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٧٧)

ئەی ئەوکەسانەی ئیمانتان بە خواو بە پێغەمبەر هێناوە ڕوکوع و سوجدە بەرن بۆ خواو خوای خۆتان بپەرستن و چاکە بکەن بەڵکو ڕزگار ببن لە سزای دۆزەخ .

وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِنْ قَبْلُ وَفِي هَذَا

لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ هُوَ مَوْلَاكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرُ(٧٨)

غەزا بکەن و تێبکۆشن لە ڕێگای خوادا بەرانبەر بە دوژمنانی دینی خوا بە غەزاو تێکۆشانێکی ڕاستەقینە ، ئەو خۆی ئێوەی هەڵبژاردووە بۆ ئەم ئەرکەو ، کارێکی لە ئایینا پێویست نەکردووە لەسەرتان کە نارەحەتتان بکاو نەتوانن بیکەن . ئەم ئایینی خوا بە یەك زانینە ئایینی ئیبراهیمی باوکتانە (کە باوکە گەورەی پێغەمبەری خۆتانەو وەك باوکە گەورەی خۆتان وایە) . ئیبراهیم ناوی ئێوەی ناوە موسوڵمان بەرلەوەی قورئان ئەم ناوەتان لێ بنێو لەم قورئانەیشدا کە خوا ناردوویە بۆسەر پێغەمبەری خۆی هەر بە موسوڵمان ناوبراون. بۆئەوەیش ناونراون موسوڵمان تا پێغەمبەر ببێ بە شایەت بۆتان کە ئایینی خوای پێگەیاندوون و ، ئێوەیش ، ئەی موسوڵمانان ، شایەت بن بەسەر خەڵکی ترەوە کە ئێوەیش ئەو ئایینەتان گەیاندووە بە خەڵکی تر. کەواتە نوێژ بکەن و زەکات بدەن و لە هەموو کاروبارێکتاندا خوا بکەن بە پشت و پەنای خۆتان ، ئەو گەورەو یارمەتیدەرتانە لە هەموو کاروبارێکا . ئەو باشترین گەورە و باشترین یارمەتیدەری ئادەمیزادە .

جوزئی هەژدەهەم

سوورەتی (المؤمنون)

مەككەيىيەو (١١٨) ئايەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحيمِ

قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ(١)

بەڕاستی خاوەن باوەڕەكان ڕزگاريان بووە .

الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ(٢)

ئەو خاوەن باوەڕانەی لە نوێژەكانيانا لەخواترس و ئارامن .

وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ(٣)

كە لە گوتارو كرداری بێسووديش خۆيان لائەدەن .

وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ(٤)

كە زەكاتی ماڵی خۆيشيان دەرئەكەن .

وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ(٥)

كە عەورەتی بەرودوای خۆيشيان ئەپارێزن .

إِلَّا عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ(٦)

تەنها بۆ هاوسەری شەرعيی خۆيان يا بۆ كەنيزەكيان نەبێ كە بەگوێرەی شەرع بووبن بە هيی ئەوان ، بەڕاستی ئەوانە لۆمەيان ناكرێ ئەگەر بچنە لای ئەو جۆرەكەسانە .

فَمَنِ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُولَئِكَ هُمُ الْعَادُونَ(٧)

دەی كەسانێ بەدوای لەو دوو ڕێگا شەرعييەی پێوەندی نێوان پياوو ئافرەت بەولاوە بكەون ، ئەوانە يەجگار زۆر دەسدرێژييان كردووە.

وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ(٨)

هەروەها ئەو موسوڵمانانە ڕزگار بوون کە ئەگەر ئەمانەتێکیان لا دانرابێ و گفت و پەیمانێکیان دابێ ئاگاداریی بکەن و دەس پیسی لە ئەمانەتەکەدا نەکەن و گفت و پەیمانەکە نەشکێنن.

وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَوَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ (٩)

ئەوانەیش کە پارێزگاریی نوێژەکانیان ئەکەن و ناهێڵن نوێژیان بچێ.

أُوْلَئِكَ هُمُ الْوَارِثُونَ(١٠)

ئەوانەن ئەو کەسانەی بەهەشت بە میرات ئەبەن بۆ خۆیان.

الَّذِينَ يَرِثُونَ الْفِرْدَوْسَ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ(١١)

ئەوانەی بەهەشت بە میرات وەرئەگرن هەمیشە تیایا ئەمێننەوەو نامرن.

وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن سُلَالَةٍ مِّن طِينٍ(١٢)

بەڕاستی ئێمە ئادەمیزادمان لە پوختەیەك لە قوڕ دروست کردوە.

ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ(١٣)

پاش ئەوە نەوەی ئەو پوختەی گڵەمان کرد بە تۆمێ کە لە جێگایەکی پارێزراوا ڕامانگرتووە کە منالّدانی دایکە.

ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ(١٤)

پاش ئەوە ئەو تۆمەمان کرد بە پارچەیێ خوێن، پاشان ئەو پارچە خوێنەمان کرد بە پارچە گۆشتێ، پاش ئەوە ئەو پارچە گۆشتەمان

کرد بە ئێسقان ، ئەوجا گۆشتمان کردە بەری ئێسقانەکە ، ئەوجا کردمان بە دروستکراوێکی‌تر کە ئەو منداڵەیە لە منداڵدانی دایکی دێتە دەرەوەو لەدایک ئەبێ. ماشەڵلا چەند گەورەو پیرۆزە خوا کە جوانترین دروستکەرێکە بە خەیاڵی ئادەمیزادا بێت .

ثُمَّ إِنَّكُمْ بَعْدَ ذَلِكَ لَمَيِّتُونَ(١٥)

پاش ئەمانەیش ئێوە بەڕاستی ئەمرن.

ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تُبْعَثُونَ(١٦)

پاش مردنیش لە ڕۆژی قیامەتا زیندوو ئەکرێنەوە بۆ حیساب و کیتاب لەگەڵ کردن و لێپرسینەوەی چاکەو خراپەتان.

وَلَقَدْ خَلَقْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعَ طَرَائِقَ وَمَا كُنَّا عَنِ الْخَلْقِ غَافِلِينَ(١٧)

بەڕاستی ئێمە جەوت ئاسمانمان بە ژوور سەری ئێوەوە دروست کردووە کە ڕێگای هاتوچۆکردنی فریشتەکانن و ، ئێمە هەرگیز بێ‌ئاگا نەبووین و نین لەو شتانەی دروستمان کردوون.

وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّاهُ فِي الْأَرْضِ وَإِنَّا عَلَى ذَهَابٍ بِهِ لَقَادِرُونَ(١٨)

ئێمە ، بەئەندازەیێ کە بۆ ڕواندنی گژوگیاو دارودرەخت و ژیاندنی هەموو گیانداران پێویست بێ ئاوی باران و بەفرمان لە ئاسمانەوە ڕشتووەتە سەر زەویو لەوێ جێگیرمان کردووە لە شێوەی دەریاو ڕووبارو چەم و جۆگاو کانیاوداو ئەیشتوانین ئەو ئاوانە لابەرین.

فَأَنشَأْنَا لَكُم بِهِ جَنَّاتٍ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ لَّكُمْ فِيهَا فَوَاكِهُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ(١٩)

جا پاش ئەوەی ئەو ئاوەمان لــە ئــاسمانەوە ڕژاندە سەر زەوی، گەلێ باخ و باخاتی خورماو مێومان بــەو ئــاوە بــۆ دروست کردن کە میوەی زۆریان تیایە بۆتان و لێیشی ئەخۆن .

وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِنْ طُورِ سَيْنَاءَ تَنْبُتُ بِالدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْآكِلِينَ (٢٠)

درەختێکیشمان بــۆ داهێناون لــە تووری سەینا ئەڕوێ، بە ڕۆنەوە سەوز ئــەبێ ، واتــە ڕۆنی پێوەیــە . ڕۆنەکەی ئەگیرێ بۆ گەلێ شت و پێخۆریشی لێ دروست ئەکرێ بۆ بخۆران .

وَإِنَّ لَكُمْ فِي الْأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُّسْقِيكُمْ مِمَّا فِي بُطُونِهَا وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ (٢١)

بەڕاستی هەیە بۆ ئێوە ئەی نەوەی ئادەمیزاد پەندو ئامۆژگاری لە ئاژەڵ و وشترو ڕەشەوڵاخدا کە باوەڕ بە خواو بە نیعمەتی خوا بکەن، ئەوەتا شیری نــاوسکیانتان دەخــوارد ئــەدەیــن بیخۆنەوەو سوودی زۆریان تیایە بۆتان وەك جووت پێکردن و بــارپێ بردنی هــەندێکیان و پێست و خوریی هەندێکی تریان و، لێیشیان ئەخۆن کە ئەوەتا سەریان ئەبڕن و گۆشتەکەیان ئەخۆن .

وَعَلَيْهَا وَعَلَى الْفُلْكِ تُحْمَلُونَ (٢٢)

بە کۆڵیانەوەو بە کۆڵی کــەشتییش هەڵئەگیرێن و ڕێگای وشکــانیان پێ ئەبڕن و لە چەم و ڕووبارو لە دەریا ئەپەڕێنرێنەوە .

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَاقَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ أَفَلَا تَتَّقُونَ (٢٣)

بەڕاستی ئێمە نووحمان بە پێغەمبەری نــارد بۆلای قەومەکەی ، جا

فەرمووی ! ئـەی قـەومـەکـەم ! خوا بپەرستن ، ئێوە لـە خوا بەولاوە کەسێکتان نی‌یە خوا بێو شایانی پەرستن بێ ، ئەوە ئێوە هێشتا لە خوا ناترسن ؟

فَقَالَ الْمَلأُ الَّذِيـنَ كَفَرُوا مِنْ قَوْمِهِ مَا هَذَا إِلاَّ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُرِيـدُ أَنْ يَتَفَضَّلَ عَلَيْكُمْ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لأَنـزَلَ مَلائِكَةً مَّا سَمِعْنَا بِهَذَا فِي آبَائِنَا الْأَوَّلِينَ(٢٤)

جا کۆمەڵەی پیاوە گەورەکانی قەومەکەی کە کافر بوون وتیان: ئەم نووحە لـە بنیادەمێکی وەك ئێوە بـەولاوە نی‌یـە ئەیەوێ خۆی بەم ئیددیعای پێغەمبەرێتییەی بەسەر ئێوەوە گـەورە بکـا . ئـەگـەر خوا بیویستایە پێغەمبەرێ بنێرێتە سەرتان فـریشتەیـەکی بـە پێغەمبەری ئەناردە سەرتان نەك بنیادەمێکی وەك نـووح . ئێمە شتی‌وامـان لـە باوك و باپیرانی پێشووی خۆمانەوە نەبیستووە کە نووح ناوێ خوا بە پێغەمبەری ئەینێرێتە سەرمان .

إِنْ هُوَ إِلاَّ رَجُلٌ بِهِ جِنَّةٌ فَتَرَبَّصُوا بِهِ حَتَّى حِينٍ(٢٥)

ئەم نووحە لە پیاوێ بەولاوە نی‌یە کـە شێتییەکی لەگەڵە ، ئەگینا ئیددیعای‌وای نەئەکرد. ماوەیێ لێی‌گەڕێن و تـەحـەممولی بکـەن و چاوەڕوان بن بەڵکو بێتەوە سەر خۆی‌و دەسبەرداری ئەم جۆرە قسـەو ئیددیعایانە ببێ .

قَالَ رَبِّ انْصُرْنِي بِمَا كَذَّبُونِ(٢٦)

نووحیش کە ئەم قسانەی لە کـافرەکانی قەومەکەی بیست لە خوا پاڕایەوە وتی: خوایە کۆمەکم بکـەو یـارمـەتیم بدە بـەرانبەر بـەم

قەومەم کە بە درۆزنیان دانام .

فَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِ أَنِ اصْنَعِ الْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا فَإِذَا جَاءَ أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ فَاسْلُكْ فِيهَا مِنْ كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَنْ سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ مِنْهُمْ وَلَا تُخَاطِبْنِي فِي الَّذِينَ ظَلَمُوا إِنَّهُمْ مُغْرَقُونَ(٢٧)

ئێمەیش وەحیمان کرد بۆ نووح کەوا لەژێر چاودێریی ئێمەداو بە فەرمانی ئێمە کەشتی دروست بکە (واتە ئاگامان لێ ئەبێ ناهێڵین لە دروست کردنەکەیا هەڵە بکەی)، جا کاتێ کە فەرمانی ئێمە هات کە سواری کەشتییەکە ببی‌و تۆفانەکە گەیشتە ڕادەیەك تەنووری نان کردن ئاوی لێ هەڵقوڵێ، لە هەر نێرومێیەك لە گیانداران دوانی تێ‌بخەو ماڵ‌و منالی خۆیشتی تێ‌بخە ئەوانەیان نەبێ کە پێشتر فەرمانی خنکانیان دەرچووەو، لەبارەی ستەمکارانی گوێ بۆ فەرمانی خوا شل نەکردووەوە هیچمان لەگەڵ مەڵێ‌و تکا بۆ کەسیان مەکە، ئەوانە بێ‌گومان لە ئاوا نوقم ئەکرێن .

فَإِذَا اسْتَوَيْتَ أَنْتَ وَمَنْ مَعَكَ عَلَى الْفُلْكِ فَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي نَجَّانَا مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ(٢٨)

جا کاتێ کە تۆو ئەوانەی لەگەڵتان لەسەر پشتی کەشتییەکە جێگیر بوون و دامەزران، بڵێ: سوپاس بۆ ئەو خودایەی لە خێڵی ستەمکارانی ڕزگار کردین .

وَقُلْ رَبِّ أَنْزِلْنِي مُنْزَلًا مُبَارَكًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْمُنْزِلِينَ(٢٩)

بیشڵێ خوایە لە جێ‌دابەزینێکی پیرۆزو بە فەڕو بەرەکەتدا لەنگەرم پێ بگرەو تۆ باشترین کەسێکی بەندەی خۆی لە شوێنی باشا

دابەزێنیٚ .

إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ وَإِنْ كُنَّا لَمُبْتَلِينَ(٣٠)

بەڕاستی لەم ڕووداوەدا چەند نیشانەو بەلگەییٚ هەیە لەسەر توانایی خواو، بەڕاستی ئێمە ئەوانەمان بەراورد کردو تاقیمان کردنەوەو مەینەتمان هێنایە ڕێیان .

ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنْ بَعْدِهِمْ قَرْنًا آخَرِينَ(٣١)

ئەنجا پاش ئەوان وەچەیەکیتری ئادەمیزادمان دروست کرد .

فَأَرْسَلْنَا فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْهُمْ أَنِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ أَفَلاَ تَتَّقُونَ(٣٢)

جا پێغەمبەرێکمان لە خۆیان ناردە سەریان پێیان بلیٚ: خوا بپەرستن . ئێوە لەو بەولاوە خوایەکیترتان نییە بیپەرستن . ئەوە بۆ لە خوا ناترسن.

وَقَالَ الْمَلأُ مِنْ قَوْمِهِ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِلِقَاءِ الآخِرَةِ وَأَتْرَفْنَاهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا مَا هَذَا إِلاَّ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يَأْكُلُ مِمَّا تَأْكُلُونَ مِنْهُ وَيَشْرَبُ مِمَّا تَشْرَبُونَ(٣٣)

جا کۆمەلەی گەورە گەورانی قەومەکەی لەوانەی کە کافر بوون و دیداری ڕۆژی قیامەتیان بەلاوە درۆ بوو و لە ژیانی دنیادا نازو نیعمەتی زۆرمان دابوونیٚ ، وتیان: ئەم کابرا کە ئیددیعای پێغەمبەرایەتی ئەکا لە مرۆیەکی وەك ئێوە خۆتان بەولاوە نییە، ئێوە چی ئەخۆن ئەویش لەوە ئەخواو چی ئەخۆنەوە ئەویش هەر لەوە ئەخواتەوە ، گوایە پێغەمبەر ئەبیٚ مرۆیەکی تایبەتی بیٚو لە چەشنی ئەم خەلکی خوایە نەبیٚ !

وَلَئِنْ أَطَعْتُمْ بَشَرًا مِّثْلَكُمْ إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَاسِرُونَ(٣٤)

ئەگەریش ئێوە گوێ بۆ قسەی کابرایەکی وەك خۆتان شل بکەن، ئەوا ئێوە بەڕاستی زەرەرتان تووش بووە .

أَيَعِدُكُمْ أَنَّكُمْ إِذَا مِتُّمْ وَكُنتُمْ تُرَابًا وَعِظَامًا أَنَّكُم مُّخْرَجُونَ(٣٥)

ئایا ئەو گفتی ئەوەتان ئەداتێ کە مردن و ڕزین و بوون بە خۆڵ و ئێسك ، بەڕاستی زیندوو ئەکرێنەوەو لە گۆڕ دەرئەهێنرێنە دەرەوە ؟

هَيْهَاتَ هَيْهَاتَ لِمَا تُوعَدُونَ(٣٦)

دوورە زۆر دوورە ئەوەی ئەوپیاوە گفتتان ئەداتێ بێتەدی .

إِنْ هِيَ إِلاَّ حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ(٣٧)

ژیان نییە لەم ژیانە بەولاوە کە نزیکە لێمانەوەو ئێستایەو ، ئەمرین و هیتر مان دێتە دنیاو ئێمە هەرگیز زیندوو ناکرێینەوە .

إِنْ هُوَ إِلاَّ رَجُلٌ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا وَمَا نَحْنُ لَهُ بِمُؤْمِنِينَ(٣٨)

ئەم شەخسەیش کە ئیددیعای پێغەمبەرایەتی ئەکا لە کابرایێ بەولاوە نییە کە درۆ بەدەم خواوە ئەکاو ئێمە باوەڕی پێ ناکەین .

قَالَ رَبِّ انْصُرْنِي بِمَا كَذَّبُونِ(٣٩)

پێغەمبەرەکەیش فەرمووی : خوایە یارمەتیم بدە لەبەرئەوە کە ئەم خەڵکە بە درۆزنیان دانام .

قَالَ عَمَّا قَلِيلٍ لَّيُصْبِحُنَّ نَادِمِينَ(٤٠)

خوایش فەرمووی : ئەمانە لە ماوەیەکی کەما لە کردەوەی خۆیان پەشیمان ئەبنەوە .

فَأَخَذَتْهُمُ الصَّيْحَةُ بِالْحَقِّ فَجَعَلْنَاهُمْ غُثَاءً فَبُعْدًا لِّلْقَوْمِ

الظَّالمِينَ(٤١)

جا دەنگێ لە ئاسمانەوە وەك هەورە برووسکە هات و بەڕاستی گرتنیەوەو لێیدان و کردنی بە پووشی ئاومالّك کە لافاو ڕایئەمالّێ. دەسا دووری لە ڕەحمەتی خوا بۆ قەومی ستەمکارو گوێ لەخوا ڕانەگر.

ثُمَّ أَنشَأْنَا مِنْ بَعْدِهِمْ قُرُونًا آخَرِينَ(٤٢)

جا پاش بەربادکردنی ئەوان چەند وەچەیەکیتری ئادەمیزادی غەیری ئەوانمان دروست کرد.

مَا تَسْبِقُ مِنْ أُمَّةٍ أَجَلَهَا وَمَا يَسْتَأْخِرُونَ(٤٣)

هیچ ئوممەتێ پێشی ئاکامی دیاریکراو بۆ بڕانەوەی خۆی ناکەوێو لێیشی دوا ناکەوێ، واتە هەرکەسێ بەو ئاکامەی خۆی ئەمرێ کە بۆی دەسنیشان کراوە.

ثُمَّ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا تَتْرَا كُلَّ مَا جَاءَ أُمَّةً رَّسُولُهَا كَذَّبُوهُ فَأَتْبَعْنَا بَعْضَهُمْ بَعْضًا وَجَعَلْنَاهُمْ أَحَادِيثَ فَبُعْدًا لِّقَوْمٍ لَّا يُؤْمِنُونَ(٤٤)

پاش ئەمەیش پێغەمبەرانی خۆمانمان نارد یەك بەدوای یەکا ئەهاتن. هەرکاتێ پێغەمبەرێ ئەهات بۆسەر ئوممەتێ ئەو ئوممەتە بە درۆزنیان دائەنا، ئێمەیش چینێ لەو ئوممەتانەمان ئەفەوتاندو چینێکی ترمان بەدوایا ئەهێناو ئەمانکردن بە مایەی قسەی سەرزاری خەڵکیتر کە لێیان ئەدوان و سەرگوزەشتەیانیان ئەگێڕایەوە چۆن پێغەمبەریان ئەهاتە سەرو چۆن بە درۆزنیان دائەناو چۆن بەربادمان ئەکردن. سا خوا کەسانی بێباوەڕ هەر دوورتر بخاتەوە لە ڕەحمەتی خۆی.

ثُمَّ أَرْسَلْنَا مُوسَى وَأَخَاهُ هَارُونَ بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ(٤٥)

پـاشان موساو هـاروونی بـرایمـان بـه ئـایـەتەکانی خۆمانەوەو به موعجیزەیەکی ئاشکراوه نارد .

إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ فَاسْتَكْبَرُوا وَكَانُوا قَوْمًا عَالِينَ(٤٦)

بۆ لای فیرعەون و کۆمەڵە پیاوماقووڵەکانی ، ئەوانیش خۆیان بە زل زانیو گوێیان بۆ شل نەکردن و تاقمێکی لووت بەرز بوون .

فَقَالُوا أَنُؤْمِنُ لِبَشَرَيْنِ مِثْلِنَا وَقَوْمُهُمَا لَنَا عَابِدُونَ(٤٧)

وتیان : ئێمە ئیمان بێنین بە دوو بنیادەمی وەك خۆمان لـە حاڵێکا کـە قـەومـەکـەیان هەردەم خزمەتکاری ئەکەن بۆ ئێمە وەك بەندەی زەڕخڕید ؟

فَكَذَّبُوهُمَا فَكَانُوا مِنَ الْمُهْلَكِينَ(٤٨)

مووساو هاروونیان بە درۆزن دانا ، جا ئەنجامیان وابوو لەوانە بوون کە فەوتێنراون.

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ(٤٩)

ئێمە بـەڕاستی کتێبی تـەوراتمان دا بـە مووسا بەڵکو ئەمە خوایە قەومەکەی بێنە سەر ڕێی خواناسی .

وَجَعَلْنَا ابْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُ آيَةً وَآوَيْنَاهُمَا إِلَى رَبْوَةٍ ذَاتِ قَرَارٍ وَمَعِينٍ(٥٠)

عیسای کوڕی مـەریەم و دایکیمان کـرد بـە نیشانەی گـەورەیی و خوایەتیی خۆمان و نیشتەجێمان کردن لە بەرزاییەکی وادا بۆ نیشتمان بشێ و سەرچاوەی ئاوی سافی هەبێ .

يَاأَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ (٥١)

ئێمە بە هەموو پێغەمبەرانمان وت، هەرکام لە سەردەمی خۆیا: ئێوە ڕزق و ڕۆزیی پاك و خاوێن بخۆن و کردەوەی چاك بکەن، ئێوە هەرچی بکەن من پێتان ئەزانم .

وَإِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاتَّقُونِ (٥٢)

ئەم ئوممەتانەیش کە ئێوە هاتوونەتە سەریان و ئەوانیش باوەڕیان بە ئێوە کردووە، هەموو یەك ئوممەتن و ئایین و باوەڕیان یەك ئایین و باوەڕە کە خوا بە تاك و تەنیا دانانەو منیش خوای ئێوەم، کەواتە خۆتانم لێ بپارێزن و ملپێچی لە فەرمانەکانم مەکەن .

فَتَقَطَّعُوا أَمْرَهُمْ بَيْنَهُمْ زُبُرًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ (٥٣)

کەچی ئەو ئوممەتانە ئایینی خۆیانیان تێکداو کاری خۆیانیان پارچە پارچە کرد بە چەند بەشێك کە هەر تاقمێکیان دڵیان بە بیروباوەڕی خۆیان خۆشە .

فَذَرْهُمْ فِي غَمْرَتِهِمْ حَتَّى حِينٍ (٥٤)

دە لێیان گەڕێ با هەرلە گێژاوەی خۆیانا بن تا کاتی خۆیان دێ .

أَيَحْسَبُونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُمْ بِهِ مِنْ مَالٍ وَبَنِينَ (٥٥)

ئایا گومان وا ئەبەن ئەوەی ئێمە بۆیان زیاد ئەکەین لە ماڵ و لەکوڕگەل .. (قسەکە لە ئایەتەکەی پاشەوەدا ئەبڕێتەوە) .

نُسَارِعُ لَهُمْ فِي الْخَيْرَاتِ بَل لَّا يَشْعُرُونَ (٥٦)

خێروبێریان بەوە بۆ زۆر ئەکەین ؟ حاشا ، ئەوان شوعووریان

نی‌یەو هەست ناکەن کەوا ئەو زۆرکردنی ماڵ‌و کـوڕە بەدەمەوەدان و جڵەو بۆ شۆڕکردنەو خێروبێر زیاد کردنی ڕاستی نی‌یە .

إِنَّ الَّذِينَ هُمْ مِنْ خَشْيَةِ رَبِّهِمْ مُشْفِقُونَ(٥٧)

بەڕاستی ئەوانەی لە سزای خوای خۆیان ئەترسن ،

وَالَّذِينَ هُمْ بِآيَاتِ رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ(٥٨)

ئەوانەیش کە باوەڕیان بە ئایەتەکانی خوای خۆیان هەیە ،

وَالَّذِينَ هُمْ بِرَبِّهِمْ لَا يُشْرِكُونَ(٥٩)

هەروا ئەوانەیش کە هاوبەش بۆ خوای خۆیان دانانێن ،

وَالَّذِينَ يُؤْتُونَ مَا آتَوا وَقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَى رَبِّهِمْ رَاجِعُونَ(٦٠)

ئەوانەیش کە هەرچی لە ڕێی خوادا ئەبەخشن لە حاڵێکا ئەیبەخشن لـەوە ئـەترسن کـە خوا لێیان قوبووڵ نەکا چونکە ئەوان سەرەنجام ئەگەڕێنەوە بـۆ لای خـواو پێویستیان بـەوە هـەیـە پێش مردنیان خێراتیان کردبێ‌و لای خوا بۆیان نووسرابێ ،

أُولَئِكَ يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَهُمْ لَهَا سَابِقُونَ(٦١)

ئەوانەن دەستوبرد ئەکەن بۆ دەست خستنی چاکەو پێش خەڵکی‌تر ئەکەون لە دەست پێشخەری کردنا بۆی .

وَلَا نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا وَلَدَيْنَا كِتَابٌ يَنْطِقُ بِالْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ(٦٢)

ئێمە ئەرك ناخەینە ئەستۆی هیچ‌کەسێ ئەوەندە نەبێ کە لە وزەیا بێ جێبەجێی بکاو ، کتێبێکمان لایە ڕاست ئـەڵێ‌و بـاسی کردەوەی

خەڵك بێ زیادو کەم ئەکاو ئەوخەڵکە کەسیان ناهەقیی لەگەڵ ناکرێ .

بَلْ قُلُوبُهُمْ فِي غَمْرَةٍ مِّنْ هَذَا وَلَهُمْ أَعْمَالٌ مِّنْ دُونِ ذَلِكَ هُمْ لَهَا عَامِلُونَ(٦٣)

بەڵکو دڵی ئەو کافرانە بێ ئاگایە لەم کتێبەی باسمان کرد کە کارو کردەوەی چاك و خراپی هەمووکەسێکی گرتووەتە خۆی و ئەم کافرانە کرداری خراپتری تریشیان هەیە کە کردوویانن و ئەیانکەن .

حَتَّى إِذَا أَخَذْنَا مُتْرَفِيهِمْ بِالْعَذَابِ إِذَا هُمْ يَجْأَرُونَ(٦٤)

تا کاتێ کە گەورە نازو نیعمەتدارەکانیانمان بە قارو غەزەبی خۆمان گرت تەماشائەکەی دەسبەجێ کەوتنە هاوارو دادو بێداد .

لَا تَجْأَرُوا الْيَوْمَ إِنَّكُمْ مِنَّا لَا تُنْصَرُونَ (٦٥)

ئەمرۆ هاوارو دادو بێداد مەکەن . ئێوە بەرانبەر بە ئێمە یارمەتی نادرێن و کەس لە دەستی ئێمەتان ڕزگار ناکا .

قَدْ كَانَتْ آيَاتِي تُتْلَى عَلَيْكُمْ فَكُنْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ تَنْكِصُونَ(٦٦)

بەڕاستی ئایەتەکانی منتان بەسەرا ئەخوێنرایەوەو ئێوەیش لەسەر پاژنە پاشەوپاش ئەگەڕانەوە .

مُسْتَكْبِرِينَ بِهِ سَامِرًا تَهْجُرُونَ(٦٧)

فیزتان بە ماڵی مەککەوە ئەکرد کە گوایە هیی ئێوەیەو شەونوخونیتان ئەکرد بۆ تانەو تەشەردان لە قورئان و خۆتان لە گوێ بۆ شل کردنی دوورئەخستەوە .

أَفَلَمْ يَدَّبَّرُوا الْقَوْلَ أَمْ جَاءَهُمْ مَا لَمْ يَأْتِ آبَاءَهُمُ الْأَوَّلِينَ(٦٨)

ئایا ئەوە بیریان نەکردەوە لە واتای قورئان و قسەکانی پێغەمبەر ،

یا شتیوایان بۆ هاتووە کە بۆ باوك و باپیرە پێشووەکانیان نەهاتووە بۆیە نەترسان ، وەك باوك و باپیرە پێشووەکانیان ئەترسان کە پێغەمبەریان لە خواوە هاتبوەسەر.

أَمْ لَمْ يَعْرِفُوا رَسُولَهُمْ فَهُمْ لَهُ مُنكِرُونَ(٦٩)

یا پێغەمبەرەکەی خۆیان ناناسن بەو دەست پاکیو ڕاستگۆییو ڕەوشت بەرزیو زانایییەدا کە هەیەتی لەگەڵ ئەوەیش کە خوێندەوار نییەو ، لەبەرئەوە ئینکاری ئیددیعای پێغەمبەرایەتییەکەی ئەکەن و باوەڕی پێ ناکەن .

أَمْ يَقُولُونَ بِهِ جِنَّةٌ بَلْ جَاءَهُمْ بِالْحَقِّ وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ(٧٠)

یا ئەڵێن ڕەگێکی شێتیی پێوەیە بۆیە گوێ لە قسەی ناگرن ؟ نەخێر هیچ کام لەوانە نییەو ، ئەو شتی ڕاست و دروستی لای خواوە بۆ هێناون ، بەڵام ئەوان بەشی زۆریان خۆشیان لە ڕاستی نایە بۆیە بەگوێی ناکەن.

وَلَوِ اتَّبَعَ الْحَقُّ أَهْوَاءَهُمْ لَفَسَدَتِ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ وَمَنْ فِيهِنَّ بَلْ أَتَيْنَاهُمْ بِذِكْرِهِمْ فَهُمْ عَنْ ذِكْرِهِمْ مُعْرِضُونَ(٧١)

ئەگەر حەق و ڕاستی شوێن ئارەزووی ئەوان بکەوتایەو هەرچی ئەوان ئارەزوویان لێ بوایە حەق و ڕاستی بوایە ، ئاسمانەکان و زەویو چییان تیایە هەموو تێك ئەچوون . بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ئێمە ئەو پەندو ئامۆژگارییەمان هێنانەسەر کە بێداریان ئەکاتەوەو ئەوانیش لە پەندو ئامۆژگاریی خۆیان لووتەلان.

أَمْ تَسْأَلُهُمْ خَرْجًا فَخَرَاجُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ(٧٢)

یان تۆ داوای کرێیان لێ ئەکەی بەرانبەر بەوە کە نامەی خوات پێ گەیاندوون و ئەوانیش ناتوانن بتدەنێ . ئەو ڕزق و ڕۆزییەی خوا بتداتێ لە هەمووی چاکترەو خوا خۆی باشترین ڕۆزیدەرێکە .

وَإِنَّكَ لَتَدْعُوهُمْ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ(٧٣)

تۆ بەڕاستی ئەوانە بانگ ئەکەی بێنە سەر ڕێیەکی ڕاست کە ڕێگای باوەڕ بە خواو هاوبەش بۆ دانەنانیەتی .

وَإِنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ عَنِ الصِّرَاطِ لَنَاكِبُونَ(٧٤)

بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت نی‌یە شانیان لە ڕێگای ڕاست هەڵتەکاندووە .

وَلَوْ رَحِمْنَاهُمْ وَكَشَفْنَا مَا بِهِم مِّن ضُرٍّ لَّلَجُّوا فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ(٧٥)

ئەگەر ئێمە ڕەحم و میهرەبانییشمان لەگەڵیان کردبایەو ئەو مەینەتی قاتیو گرانییەی تووشیان هاتووە لێمان لادابان ، ئەوان هەر دەسیان لە عەنادو کەللەڕقیی خۆیان هەڵنەئەگرت و بە سەرگەردانی ئەمانەوە .

وَلَقَدْ أَخَذْنَاهُم بِالْعَذَابِ فَمَا اسْتَكَانُوا لِرَبِّهِمْ وَمَا يَتَضَرَّعُونَ(٧٦)

ئێمە بەڕاستی گرفتاری ئازارو سزامان کردن [مەبەستی لە شکست خواردنی کافرەکانە لە ڕۆژی غەزای بەدرا] کەچی هێشتا بچووکیو ملکەچیی خۆیان بۆ خوای خۆیان پیشان نەداوەو نایشپاڕێنەوە لە خوا کە لەو تاوانی مل کەچ نەکردنەیان خۆش ببێ .

حَتَّى إِذَا فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا ذَا عَذَابٍ شَدِيدٍ إِذَا هُمْ فِيهِ مُبْلِسُونَ(٧٧)

تا کاتێ کە دەرگای سزایەکی سەختمان لێ کردنەوە کە سزای

قاتی‌وقڕی بـوو ، دەسبەجێ نـائومێدی و سـەرسامی‌و سەرگـەردانـی لەوحاڵەدا دایگرتن‌و نەیانئەزانی چۆن چاری دەردی خۆیان بکەن .

وَهُوَ الَّذِي أَنشَأَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ قَلِيلاً مَّا تَشْكُرُونَ(٧٨)

خـوا ئـەو خوایـە گوێی داونەتێ پێی ببیسن‌و چاوی داونەتێ پێی ببینن‌و دڵی داونـەتێ بیری پێ‌بکەنـەوە ، کـەچی ئێوە لەگەڵ ئەم گشتە نیعمەتەیشا زۆر کەم وائەبێ سوپاسی خوای خۆتان بکەن !

وَهُوَ الَّذِي ذَرَأَكُمْ فِي الْأَرْضِ وَإِلَيْهِ تُحْشَرُونَ(٧٩)

خـوا هـەر ئـەو خـوایشەیـە بەڕووی زەوییا بڵاوی کردوونەتەوەو سەرەنجام بۆ لای خۆی ڕاپێچ ئەکرێنەوە .

وَهُوَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ وَلَهُ اخْتِلَافُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ(٨٠)

دیسان خـوا ئـەو خـوایـە گیانتان ئـەکا بـەبـەراو ئەتانمرێنێ‌و بەدووی‌یەکاهاتنی شـەوو ڕۆژ بە دەستی خـۆیـەتی ، دەسا بـۆ بیر ناکەنەوەو ئەقڵ ناگرن‌و نافامن تا بزانن خـوای شایـانی پەرستن هەر ئەوەو هاوبەشی نی‌یە .

بَلْ قَالُوا مِثْلَ مَا قَالَ الْأَوَّلُونَ(٨١)

بەڵکو ئەمانیش هەر هـەمـان جـۆرە شتیان وت کـە باوك‌و باپیرە پێشینەکانیان ئەیانوت .

قَالُوا أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ(٨٢)

وتیان : ئایا ئێمە ئەگەر مردین‌و بووین بـە خۆڵ‌و ئێسك ، زیندوو

ئەکرێینەوە ؟

لَقَدْ وُعِدْنَا نَحْنُ وَآبَاؤُنَا هَذَا مِنْ قَبْلُ إِنْ هَذَا إِلاَّ أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ(٨٣)

بەڕاستی ئێمەو باوباپیرانمان لەمەوپێش ئەم گفتەمان درابوویێ. ئەم باسە لە ئەفسانەی پێشینان بەولاوە نییە.

قُلْ لِمَنِ الْأَرْضُ وَمَنْ فِيهَا إِنْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ(٨٤)

تۆ پێیان بڵێ:سەرزەوی و هەرکەسی تیایە هی کێن ئەگەر ئێوە ئەزانن ؟

سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلاَ تَذَكَّرُونَ(٨٥)

ئەڵێن:هی خوان . دەی بڵێ:ئەوە ئێوە بیرناکەنەوە تا بزانن ئەو خوایەی کەوا سەرزەوی و هەرچی تیایەی دروست کردووە. ئەتوانێ مردووی ڕزیویش دروست و زیندوو بکاتەوە .

قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ(٨٦)

تۆ بڵێ:کێ خوای حەوت ئاسمانەکان و خوای عەرشی مەزنە ؟

سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلاَ تَتَّقُونَ(٨٧)

ئەڵێن: هی خوایە. بڵێ کەواتە لەو خوایە ناترسن کە خاوەنی هەموو ئەوانەیە ؟

قُلْ مَنْ بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلاَ يُجَارُ عَلَيْهِ إِنْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ(٨٨)

بڵێ : کێیە تەسەڕوف کردن لە هەموو شتێکا بەدەست ئەوەو، ئەتوانێ پەنای داماوان بداو ، کەس نییە بتوانێ پەنای یەکێ بدا لە دەس ئەو

ئەگەر بەڕاستی شت ئەزانن ؟

سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ فَأَنَّى تُسْحَرُونَ(٨٩)

لە وەلاما ئەڵێن: هیی خوایە . بڵێ کەواتە چۆن وا جادووتان لێ ئەکرێ و عەقڵتان لێ ئەسەنرێ ؟

بَلْ أَتَيْنَاهُمْ بِالْحَقِّ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ(٩٠)

بەڵکو ئێمە بە ئاییینی ڕاستەوە هاوتووینەتە لای ئەوان و ئەوان بەڕاستی درۆزنن .

مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِنْ وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَهٍ إِذًا لَذَهَبَ كُلُّ إِلَهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ(٩١)

خوا منداڵی بۆخۆی ڕانەگرتووە چونکە کەسی لە وێنە نییەو هیچ خوایەکی لە خۆی بەولاوەیشی لەگەڵ نەبوەو نییە . ئەگەر خوایەکی کەی لەگەڵ بوایەو هاوبەشی هەبوایە ، هەر خوایەك لە خوایەکان بەشە دروستکراوی خۆی ئەبرد بۆ خۆی ئەبوو بە شەڕیان و ئەچوون بەگژی یەکداو هەندێکیان زاڵ ئەبوون بەسەر هەندێکیانا . خودا پاك و دوورە لەو قسە پڕوپووچانەی ئەوهاوبەش بۆ خوا دانەرانە ئەیانڵێن و دێن بە دەمیانا .

عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ(٩٢)

ئەو خوایەی هەموو شتێکی پەنهان و ئاشکرا ئەزانێ و کەواتە پاك و دوورە لەو قسە پڕوپووچانەی هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان ئەیانکەن کە ئەڵێن خوا هاوبەشی هەیە .

قُلْ رَبِّ إِمَّا تُرِيَنِّي مَا يُوعَدُونَ(٩٣)

تـۆ بڵێ: خوایە ئـەگـەر پێویستە ئـەو سزایـەم پیشان بدەی کە هەڕەشەی لە هاوبەش بـۆ خـوا دانـەرەکـان پێکراوە (وەڵامەکەی لە ئایەتی پاشەوەدایە)،

رَبِّ فَلَا تَجْعَلْنِي فِي الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ(٩٤)

خوایە مـەمخەرە نـاو تاقمی ستەمکـارەکان و مەمکە بە هاوبەشی سزاکەیان .

وَإِنَّا عَلَى أَن نُّرِيَكَ مَا نَعِدُهُمْ لَقَادِرُونَ(٩٥)

ئێمە توانی ئەوەمان هەیە ئەوەت پیشان بدەین کە هەڕەشەمان لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان پێ کردووە .

ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ السَّيِّئَةَ نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَصِفُونَ(٩٦)

تۆ خراپەی ئەو کافرانـە بـە کردارو گوفتاری چاك لابدەو بـەر لێ بگرە. ئێمە لە تۆ چاکتر ئەزانین ئەوان چی ئەڵێن و خۆمان ئەزانین، ئەگەر بمانەوێ، چۆنیان سزائەدەین .

وَقُل رَّبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ(٩٧)

بیشڵێ: خوایە من پەنا ئەگرم بە تـۆ لـە وەسوەسەی شەیتانەکان کە ئەیخەنە دڵی ئادەمیزادەوە .

وَأَعُوذُ بِكَ رَبِّ أَن يَحْضُرُونِ(٩٨)

پەنایش ئەگرم بە تۆ خوایە لەوەکە ئەم شەیتانانە بێنە بن دەستم.

حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ(٩٩)

هـەرکـام لـەم کافرانە هەر لەسەر ئەم پێودانە ئەڕۆا تا کاتێ کە مەرگ لەپڕ دێتە سەر یەکێکیان پەشیمان ئەبێتەوە لە کردارو گوفتاری

بەدی خۆیو ئەڵێ: خوایە بمگێڕنەوە بۆ ژیان ..

لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِنْ وَرَائِهِمْ بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ(١٠٠)

بە هیوای ئەوەی کردەوەیەکی چاك بکەم لەگەڵ ئەو باوەڕەدا کە کاتی خۆی تەرکم کردبوو ، واتە باوەڕ بە خوای تەنیاو بێهاویەش بکەم و کردەوەی چاکیش لەگەڵ باوەڕەکەم بکەم . نەخێر ئەمە نابێو ئەم قسەیەی ئێستە ئەیکا قسەیەکی ڕووتە ئەیڵێو بەدەمیا دێو بەڕاستی نییەو ئەگەر بگێڕێتەوە بۆ ژیان هەر لەسەر پێودانەکەی جارانی ئەڕواو ئەمانە عالەمێکی بەرزەخی نێوان مەرگ و زیندووکردنەوەیان لەپێشە تا ئەو ڕۆژەی لە قیامەتا زیندوو ئەکرێنەوە درێژە ئەکێشێ .

فَإِذَا نُفِخَ فِي الصُّورِ فَلَا أَنْسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَاءَلُونَ(١٠١)

جا کاتێ کە فوو کرا بە سووراو قیامەت هات هەرکەسێ ئەکەوێ بە کۆستی خۆیاو بنەچەو نەوە نامێنێ لەنێوانیاناو کەس سوودی بۆ کەس نابێو کەس لە کەس ناپرسێتەوە .

فَمَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ(١٠٢)

جا ئەو ڕۆژە هەرکەس ترازووی قورس بێو کردەوەی چاکی زۆری لە تای ترارزوودا هەبێ، ئەوانە لە سزای دۆزەخ ڕزگار بوون .

وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُولَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ فِي جَهَنَّمَ خَالِدُونَ(١٠٣)

هەرکەسیش ترازووی سووك بێو چاکەی کەم لە تای ترازوویا هەبێ، ئەوە ئەوکەسانە خۆیان فەوتاندووەو خۆیان لەکیس داوەو نەیانهێشتووە

بـه ڕێگای ڕاست و دروستی خـواناسیدا پێ‌بگه‌ن و هه‌تا هه‌تایه له‌ناو دۆزه‌خدا ئه‌مێننه‌وه .

تَلْفَحُ وُجُوهَهُمُ النَّارُ وَهُمْ فِيهَا كَالِحُونَ(١٠٤)

ئاگری دۆزه‌خ ڕوخساریان ئـه‌سووتێنێ و هالاوی گه‌رمی خۆییان پیا ئه‌کاو له‌ناو ئاگرا گرژئه‌بنه‌وه‌و هه‌ڵئه‌قرچێن .

أَلَمْ تَكُنْ آيَاتِي تُتْلَى عَلَيْكُمْ فَكُنتُمْ بِهَا تُكَذِّبُونَ(١٠٥)

خوای تـه‌عالایش له وه‌لاما پێیان ئه‌فه‌رموێ : ئه‌وه نـه‌بوو ئایه‌ته‌کانی منتان به‌سه‌را ئه‌خوێنرایه‌وه‌و به درۆتان ئه‌زانین و ئه‌تانوت درۆن ؟

قَالُوا رَبَّنَا غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا وَكُنَّا قَوْمًا ضَالِّينَ(١٠٦)

ئـه‌وانیش ئه‌ڵێن : خوایه به‌دبه‌ختییه‌که‌مان زاڵ‌بوو بـه‌سه‌رماناو ئێمه کۆمه‌ڵێکی گومڕا بووین ڕێگای ڕاستمان به‌دی‌نه‌کرد .

رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْهَا فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَالِمُونَ(١٠٧)

خوایه له‌م ئاگری دۆزه‌خه‌مان ده‌رکه ، ئه‌گه‌ر گه‌ڕاینه‌وه بۆ کافری‌و فـه‌رمـانبه‌رداری نـه‌کردنت ، ئه‌وه به‌ڕاستی ئێمه سته‌مکارین و خۆمان وامان له خۆمان کردووه‌و شایانی ئاگری دۆزه‌خین .

قَالَ اخْسَئُوا فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ(١٠٨)

خوایش ئه‌فه‌رموێ : بـه سه‌رشۆڕیی خۆتانه‌وه بێ‌ده‌نگ بن بۆخۆتان له‌ناو ئاگری دۆزه‌خداو لـه‌م بـاره‌وه قسه‌م له‌گه‌ڵ مه‌که‌ن چونکه ئه‌و جێگه‌یه هه‌ڵبژارده‌ی خۆتانه .

إِنَّهُ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْ عِبَادِي يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا وَأَنْتَ خَيْرُ الرَّاحِمِينَ(١٠٩)

مەسەلەکە بەڕاستی ئەوەیە وەختی خۆی تاقمێ بەندەی من هەبوون ڕوویان تێ ئەکردم و ئەیانوت: خوایە! ئێمە باوەڕمان بە تۆ کردووە ، سا تۆیش لە گوناهمان خۆش ببەو ڕەحممان پێبکەو تۆ چاکترین ڕەحمکەرێکی.

فَاتَّخَذْتُمُوهُمْ سِخْرِيًّا حَتَّى أَنسَوْكُمْ ذِكْرِي وَكُنتُم مِّنْهُمْ تَضْحَكُونَ(١١٠)

ئێوەیش ئەو بەندە چاکانەی منتان کردبوو بە گاڵتەجاڕی خۆتان و گاڵتەتان پێ ئەکردن بەجۆرێ کە گاڵتە پێکردنیان ناوی منی لەیاد بردبوونەوەو ئێوە پێیان پێئەکەنین.

إِنِّي جَزَيْتُهُمُ الْيَوْمَ بِمَا صَبَرُوا أَنَّهُمْ هُمُ الْفَائِزُونَ(١١١)

ئەمڕۆ وا من جەزای ئەوانم دایەوە بەرانبەر بەخۆڕاگرتن و بوردەبارییان کە ئەو گشتە سووکی پێکردنەی ئێوەیان تەحەممول کردو جەزاکەیشیان ئەوەیە کە بە خێرو خۆشیی هەمیشە گەیشتوون لە بەهەشتاو ئەوان بردوویانەتەوە.

قَالَ كَمْ لَبِثْتُمْ فِي الْأَرْضِ عَدَدَ سِنِينَ(١١٢)

خوا لەو کافرانەی پرسی کە لە دۆزەخدان: بە ژمارەی ساڵ چەند ساڵ لەسەر زەوی مانەوەو چەند ساڵ ژیان ؟

قَالُوا لَبِثْنَا يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ فَاسْأَلِ الْعَادِّينَ(١١٣)

وتیان: ساڵ نا ، ڕۆژێ یا بەشێ لە ڕۆژێ لەسەر زەوی ماینەوە. لەوانە بپرسە کە شت ئەژمێرن ئەوان چاکی لێ ئەزانن.

قَالَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا لَّوْ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ(١١٤)

خــوا فــەرمووی : مــاوەیــەکی کەم نەبێ لەسەر زەوی نەماونەتەوە ئەگەر بزانن .

أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لاَ تُرْجَعُونَ(١١٥)

ئاخۆ ئێوە واتان گومان ئەبرد ئێمە ئێوەمان بێسوودو بێمەبەست دروست کردووەو ئێوە ناگەڕێنەوە بۆ لای ئێمەو هیچ پرسیارو وەلآمێ لەئارادا نییە ؟

فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ(١١٦)

بەرزو بالآیە خوای پادشای ڕاستەقینە ، هیچ خوایێ لــەو بەولاوە نییە ، خوای عەرشی پڕقەدرو حورمەتە .

وَمَنْ يَدْعُ مَــعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لاَ بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِنْدَ رَبِّهِ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ(١١٧)

هەرکەسێ لەگەڵ بانگ و هــاوار کردنــە خوادا بانگ و هاوار بکاتە خوایەکیتر کە هیچ بەڵگەیەکیشی بــەدەستەوە نییە کەوا ئەو خوایە بەڕاستی خوایە، جەزای ئەوکەسە لای پەروەردگاری خۆیەتیو، بەڕاستی کافران ڕزگار نابن .

وَقُلْ رَبِّ اغْفِرْ وَارْحَمْ وَأَنْتَ خَيْرُ الرَّاحِمِينَ(١١٨)

جا بڵێ : خوایە لێم خۆش ببەو ڕەحمم پێبکە ، تۆ چاکترینی هەموو خاوەن ڕحمەکانی .

سوورەتی (النور)

مەدینەییەو (٦٤) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سُورَةٌ أَنزَلْنَاهَا وَفَرَضْنَاهَا وَأَنزَلْنَا فِيهَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ لَّعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ(١)

ئەمە سوورەتێکە لە عالەمی غەیبەوە ناردوومانەتە خوارو چەند حوکمێکی شەرعیمان تێدا فەرزکردووە لەسەر موسوڵمانان و چەند ئایەتێکی ڕۆشن و مەعنا ئاشکرامان تیا ناردووەتە خوار بەهیوای ئەوەی بیرێ بکەنەوە لە فەرمانەکانی خواو لە سەرەنجامی خۆتان لە ڕۆژی دواییدا.

الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ(٢)

ئەو ژنەی زینای کردبێ‌و ئەو پیاوەی زینای کردبێ یەکی سەد داریان لێ بدەن و بەزەییتان پیایانا نەیەتەوە لە بڕیارێکی ئاییندا کە خوا بڕیاری دابێ بەجۆرێ کە دارلێدانەکەیان لەسەر هەڵگرن ، ئەگەر باوەڕتان بە خواو بە ڕۆژێ دوایی هەیەو، با کۆمەڵێ لە موسوڵمانانیش لە سزادانەکەیانا حازر بن.

الزَّانِي لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ وَحُرِّمَ ذَلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ(٣)

پیاوێ زینای کردبێ ژنی زیناکردوو یا ژنی هاوبەش بۆ خوا دانەر

نەبێ مـارە نـاكـاو ، ژنێ زینای كردبێ شووناكا بە پیاوێ نەبێ كە زینای كردبێ یا هاوبەش بۆ خوا دانێو ، مارەكردنی ژنی زیناكردوو و شووكردن بە پیاوی زیناكردوو حـەرامـە لـەسەر موسوڵمانانی خاوەن بڕوا . ئەم ئایەتە بە ئایەتی (وأنكحوا الأيامى منكم ...) هەڵوەشێنراوەتەوە یا تەنیا تایبەتە بەوحاڵەوە كە تیایا هاتووەتە خوارەوە.

وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ(٤)

ئەوكەسانەی نیسبەتی زینا ئەدەن لـە ژنانی داوێن پـاكو پاشان چوار شایەت ناهێنن بۆ ئیسپات كردنی ئـەو قسەی داویانەتە پاڵ ئەو ژنانە ، یەكی هەشتا داریان لێ بدەن لە سزای ئـەو بـوختانـەدا كـە بەدەم ئەو ژنانەیانەوە كردووەو تا ماون شایەتییان لێ قوبووڵ مەكەنو ئەوانە فاسقنو لە سنووری شەرع دەرچوون .

إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ(٥)

ئەوانەیان نەبێ كە پـاش بـوختانەكـەی كردیان تۆبەیان كردووەو پاشگەزبوونەتەوەو خۆیان ڕاست كردووەتـەوە و كـرداری چـاكیـان كردووە، ئەوانـە شایەتییان لێ قوبـووڵ ئـەكـرێ چونكـە پـاشگەز بـوونەتەوەو خوایش بەخشندەو میهرەبانە .

وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ شُهَدَاءُ إِلَّا أَنْفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ(٦)

ئەو پیاوانەیش كە نیسبەتی زینا ئەدەن لە ژنی خۆیانو لە خۆیان بەولاوە شایەتیان نییە بۆ ئیسپاتكردنی قسەكەیان ،ئەوە ئەبێ هەركام

لــەو جۆرە کــەسانە چوار جــار بڵێ: من خوا بە شایەت ئەگرم کەوا لەم نیسبەتدانی زینایەدا بۆ ژنەکەم ، ڕاست ئەکەم.

وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ(٧)

شایەتیدانی پێنجەمیشی ئــەوەیــە کــەوا بڵێ: لەعنەتی خوام لێ بێ ئەگەر درۆ بکەم.

وَيَــدْرَؤُا عَنْهَــا الْعَذَابَ أَنْ تَشْهَدَ أَرْبَــعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّــهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ(٨)

سزا لە کۆڵی ژنەکەیش ئەکاتەوە ئەوە کە چوار جــار شایەتی بداو بڵێ: من خوا بە شایەت ئەگرم کەوا ئەم پیاوە درۆئەکــا کــە نیسبەتی زیناکردن ئەدا لە من.

وَالْخَامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ(٩)

شایەتیی پێنجەمیشی ئەوەیە کــە بڵێ: غەزەبی خوام لێ بێ ئەگەر ئەو پیاوە ڕاست بکاو من زینام کردبێ.

وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ وَأَنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ حَكِيمٌ(١٠)

ئەگەر فەزڵ و گەورەیی و ڕەحمی خوا نەبوایە لەگەڵتان و لەبەرئەوە نەبوایە کە خوا تۆبەی بەندەی خۆی قوبووڵ ئەکاو خاوەن حیکمەتە، قارو غەزەبی لێ ئەگرتن.

إِنَّ الَّذِينَ جَــاءُو بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِنْكُــمْ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَكُمْ بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَكُمْ لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ مَا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ(١١)

بەڕاستی ئەوانەی ئەو درۆ نابارەو ئەو بوختانە نــاهەموارەیان هێنا

کـە ئـەوەبـوو بـوختانیان بـەدەم حەزرەتی عائیشەوە کردو بـەناو خەڵکیانا بڵاوکردەوە تاقمێکن لە خۆتان، وامەزانن شتێکی خراپە بۆتان، چاکە بـۆتـان، چونکـە ئـەبێ بەهۆی داشۆردنی وردە گوناهتان و بۆ لەمەولای ژیانتان هوشیارتان ئەکاتەوەو خـوا خـۆی شایەتی ئەدا بۆ پاکی و بێگـونـاهیی ئـەوکـەسەی بـوختانـەکـەی بەدەمەوە کراوە. ئەوانەیش کە بوختانەکەیان کردووەو بەناو خەڵکیانا بڵاوکردووەتەوە، هـەریەکـە بـەشە گوناهی خۆی ئەکەوێتە ئەستۆی. ئەوکەسەیش کە بـەشی زۆری بڵاوکـردنـەوەی بـوختانـەکـەی لەئەستۆی خۆی گرت لەناویانا، سزایەکی گـەورەی هـەیـە. ئەو کابرایش عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی بوو کە سەرکردەی منافقەکانی ناو شاری مەدینە بوو.

لَّوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْرًا وَقَالُوا هَذَا إِفْكٌ مُّبِينٌ(١٢)

ئەوە بۆچی کاتێ کە ئەوقسەیەتان بیست، پیاوو ژنە موسوڵمانەکان گومانی چاکەیان بە خۆیان نەبردو ئەو قسەیان بـە درۆ نەزانی و بڵێن ئەم قسە بوختانێکی ئاشکراو دیارە ؟

لَّوْلَا جَاءُو عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا بِالشُّهَدَاءِ فَأُولَئِكَ عِندَ اللَّهِ هُمُ الْكَاذِبُونَ(١٣)

ئەوە بۆ چوار شایەتیان نـەهێنا شایەتی بـدەن بـۆ ڕاستیی ئـەو قسەیەی کردیان؟ مادەم چوار شایەتەکەیان نەهێنا ئەوانە هەر خۆیان لای خوا بە درۆزن دائەنرێن .

وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ لَمَسَّكُمْ فِي مَا

أَفَضْتُمْ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ(١٤)

ئەگەر فەزڵ و گەورەیی و ڕەحمەتی خوا نەبوایە بەسەرتانەوە لە دنیاو لە قیامەتا، لەم باسەدا کە کەوتە ناوتان و هەرکەسێ قسەیێکی تیا ئەکرد، عەزابێکی گەورە ئەیگرتنەوە و لێی ئەدان.

إِذْ تَلَقَّوْنَهُ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُم مَّا لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّنًا وَهُوَ عِندَ اللَّهِ عَظِيمٌ(١٥)

کاتێ ئەو عەزابە گەورەیەی خوا لێی ئەدان کە ئەو قسەیە بە زمان ئەقۆزنەوەو بەدەم و زمانی خۆتان قسەیوا ئەکەن کە ئاگاتان لێ نییە ڕاستە یان درۆیەو لاتان وایەو وا گومان ئەبەن ئەو قسەیەی ئەیکەن شتێکی ئاسانە بەلاَم لای خودا گەورەیە .

وَلَوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ قُلْتُم مَّا يَكُونُ لَنَا أَن نَّتَكَلَّمَ بِهَذَا سُبْحَانَكَ هَذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ(١٦)

ئەوە بۆ کاتێ کە ئەو قسەیەتان بیست نەتانوت ئێمە بۆمان نییە قسەیوا بەدەممانا بێت ؟ خوایە پاك و بێگەردی بۆ تۆیە ، ئەم قسەیەی ئەم خەڵکە ئەیکەن بوختانێکی گەورەیە .

يَعِظُكُمُ اللَّهُ أَن تَعُودُوا لِمِثْلِهِ أَبَدًا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ(١٧)

خودا ئامۆژگاریتان ئەکاو پەندتان دائەدا نەکەن هەرگیز جارێکیتر بگەڕێنەوە بۆ وێنەی ئەم جۆرە قسەیە ئەگەر موسوڵمانن و باوەڕتان بە خوا هەیە .

وَيُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ(١٨)

خوا ئایەتیواتان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە تێتان بگەیەنێ چیبکەن و

چۆن بجووڵێنەوە . خـوا هەموو شتێ ئەزانیٚو بـه حیکمەتـەو کاری ڕێکوپێك ئەکا .

إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ(١٩)

بەڕاستی ئەوکـەسانەی پێیان خۆشە قسەی نـاشیرین و بـوختانی نارەوا لەناو ئەهلی ئیمان و بـاوەڕا بڵاو ببێتەوە ، لە دنیاو لە قیامەتا سزای سەختیان بۆ هەیـە. خـوا خۆی ئەزانێ چییان لەناو دڵا هەیەو ئێوە نازانن .

وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ وَأَنَّ اللَّهَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ(٢٠)

ئەگەر فەزڵ و گەورەیی‌و ڕەحمەتی خوا نـەبوایە لـەگەڵتان و ئەوە نەبوایە کە خوا میهرەبان و بەڕەحمە، بەهۆی ئـەم کارەساتی بوختان کردن و بەدناوکردنەوە غەزەبی خـوا ئەیگرتنەوە ، بەڵام خوا بەڕەحم و میهرەبانەو لە گوناه ئەبووریٚ .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ وَمَنْ يَتَّبِعْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ فَإِنَّهُ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ مَا زَكَى مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَكِنَّ اللَّهَ يُزَكِّي مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ(٢١)

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە شوێن هەنگـاوی شەیتان مـەکـەون. هـەرکـەسێ شوێـن هـەنگـاوی شەیتـان بکـەوێ گیرۆدە ئـەبـێ چونکـە شەیتـان فـەرمـان بە کاری بێحورمەتانەو ناپەسەند ئەدا . ئەگەر فەزڵ و گەورەیی‌و ڕەحمەتی خـوا نـەبوایە کەستان بە خاوێنی

نەئەمانەوەو هەموو ئەکەوتنە داوی فەرمانبەرداریی شەیتانەوە ، بەڵام خوا کێی ئارەزوو لێ بێ کە بە پاکی بمێنێتەوە بە پاکی ئەیهێڵێتەوە ، خوا گوێی لــە هەموو قسەیــەکی ئـاشکراو نهێنییەو بە هەموو شتێ ئەزانێ، گوێی لێیە خوا نەناسەکان چی ئەڵێن و ئەزانێ چی ئەکەن .

وَلا يَأْتَلِ أُولُوا الْفَضْلِ مِنْكُمْ وَالسَّعَةِ أَنْ يُؤْتُوا أُولِي الْقُرْبَى وَالْمَسَاكِينَ وَالْمُهَاجِرِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلْيَعْفُوا وَلْيَصْفَحُوا أَلا تُحِبُّونَ أَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ(٢٢)

بـا خـاوەن دارایی‌و گوشاد ڕۆزییەکانتان سوێند نەخۆن کەوا هیچ نادەن بە خزمەکانیان و بە هەژاران و گەدایان و بەوانەی لەپێناوی خوادا ماڵ‌و حاڵی خۆیان بـەجێهێشتووەو کۆچیان کردووەو، با لێیان خۆش بن و لێیان ببوورن ئـەگـەر هـەڵەیـان کردبێ . ئایا ئێوە حەزناکەن خوایش لە ئێوە خۆش ببێ‌و، خـوا گـوناهبەخش و بەڕەحمە . ئەگەر پێتان خۆشە خوا لێتان خۆش ببێ، ئێوەیش لـە خـەتـای خەتاکاران خۆش بن .

إِنَّ الَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلاتِ الْمُؤْمِنَاتِ لُعِنُوا فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ(٢٣)

بەڕاستی ئەوکەسانەی بوختان بـۆ ئـافرەتانی داوێن پاکی لە تاوان بێ‌ئاگای خاوەن باوەڕ ئەکەن، لە دنیاو لە قیامەتا لەعنەتیان لێ کراوەو سزایەکی قورسیان بۆ هەیە .

يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ(٢٤)

سزاکەیان لەوڕۆژەدا ئەبێ کەزمانیان و دەست و پێیان شایەتیی ئەو تاوانانەیان لێ ئەدەن کە لە دنیادا بەهۆی ئەوانەوە کردوویانن .

يَوْمَئِذٍ يُوَفِّيهِمُ اللَّهُ دِينَهُمُ الْحَقَّ وَيَعْلَمُونَ أَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ الْمُبِينُ(٢٥)

لەوڕۆژەدا خوا ئەو پاداشەیان ئەداتەوە کە ڕاستەو موستەحەق و شایانینیو ئەزانن کە خوا خوایەکی ڕاست و ئاشکرایە لە خوایەتیی خۆیا .

الْخَبِيثَاتُ لِلْخَبِيثِينَ وَالْخَبِيثُونَ لِلْخَبِيثَاتِ وَالطَّيِّبَاتُ لِلطَّيِّبِينَ وَالطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَاتِ أُوْلَئِكَ مُبَرَّءُونَ مِمَّا يَقُولُونَ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ(٢٦)

ژنە پیسەکان بۆ پیاوە پیسەکان و پیاوە پیسەکان بۆ ژنە پیسەکان و ژنە پاکەکان بۆ پیاوە پاکەکان و پیاوە پاکەکان بۆ ژنە پاکەکان . ئەوانەی بوختانەکەیان بۆ کراوە بەرین لەو بوختانەی بوختانکەرەکان کردوویانە چونکە خوا شایەتیی خاوێنیی بۆ داون . ئەوانە خوا لێیان خۆش بووەو لە بەهەشتیشا نیعمەت و ڕۆزییەکی باشی بۆ داناون .

يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لا تَدْخُلُواْ بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُواْ وَتُسَلِّمُواْ عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ(٢٧)

ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە بەخواو بە پێغەمبەر! مەڕۆنە ناو خانووی غەیری خانووی نشیمەنی خۆتان تا پرس بەوانە ئەکەن لەو خانوەدا ئەژین و ڕێگاتان ئەدەن و ئێوەیش سەلام لە دانیشتووانی ناوماڵەکە ئەکەن. ئاوا بۆ ئێوە چاکترە . ئەم پەندەتان دائەدەین

بەڵکو ئێوەیش بیربکەنەوەو ئەوەتان بیر بکەوێتەوە کـــە ئەبێ چۆن بکەن .

فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّى يُؤْذَنَ لَكُمْ وَإِن قِيـــلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا هُوَ أَزْكَى لَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ (٢٨)

جا ئەگەر کەستان وەگیر نەکەوت لە ماڵەکەدا ، لەخۆتانەوە مەڕۆنە ناوی تا ڕێگاتان ئەدرێ‌و ، ئەگـەر ڕێگایـان نـــەدان‌و وتیان بگەڕێنەوە بگەڕێنە دواوە ، ئـــەو گەڕانەوەیـــە پاکترە بۆتان‌و بێگەردترە لەوەی لەخۆتانـــەوە بێپرس بچنە ژوورەوەو هـــەرچییش بکـــەن خـــوا پێتان ئەزانێ‌و لێی ون نابێ .

لَّيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَدْخُلُـــوا بُيُوتًا غَيْرَ مَسْكُونَةٍ فِيهَـــا مَتَاعٌ لَّكُمْ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ (٢٩)

گوناهبار نابن ئەگەر بڕۆنە ناو چەند هۆدەیەکەوە کە کـەسیان تیا نیشتەجێ نەبێ‌و کەلوپەلی خۆتانیان تیابێ . خوا بە هەرچی ئەزانێ کە ئێوە ئاشکرای بکەن یـــا بیشارنەوە ، چی دەربخـەن‌و چی بشارنەوە خوا بە هەمووی ئەزانێ .

قُـــل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ (٣٠)

بە پیاوە خاوەن باوەڕەکان بڵێ چاو بنێن بەیەکداو نەڕوانن بۆ ژنی بێگانەو عەورەتی خۆیان بپارێزن لـــە تێکەڵ بـــوون لەگەڵ غەیری ژنی خۆیان ، ئەوە پاکترو بێگەردترە بۆیـــان‌و ، هـــەرچییش بکـــەن خـــوا ئاگای لێیە .

وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُولِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاءِ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٣١)

بە ژنــە خــاوەن ئیمانەکــان بڵێ بــا چاو بەیەکا بنێن و نەڕوانن بۆ پیاوی بێگانەو عەورەتی خۆیان بپارێزن لــە کاری ناشەرعیو جوانیی لەشی خۆیان دەرنەخەن ئەوەی نــەبێ کــە بۆخۆی بەدەرەوەیە وەك دەموچاوو دەستیان تــا ئــەگــاتــە مووچیان و ئەویتری داپۆشن و با سەرپۆش بدەن بەسەر گەردن و مل و سنگ و بەرۆکیاناو جوانیوخشڵ و متوموورووی خۆیان دەرنەخەن لای مێردەکانیان یــا بــاوکیان یا باوکی مێردەکانیان یا کوڕی خۆیان یا کوڕی مێردەکانیان یا برای خۆیان یا کوڕی برا یا کوڕی خوشکیان نەبێ یا بۆ ژنانی لە خۆیان واتە ژنانی موسوڵمانان، یا بۆ مولکی خــۆیــان واتە بەندەو کەنیزەکیان، یا بۆ ئەو پیاوانەی بۆ سواڵ یا بۆ خزمەتکاریو شتیوا دوای ژنان ئەکەون و هیچ ئیحتییاجییەکی نێرانەیان بە مێیینە نەماوە ئەوەند پیرو پەککەوتە بوون، یا بۆ ئەو منالانەی هێشتا وایان لێ نەهاتووە ئاگادارییەکیان لە عەورەتی ژنان هەبێ. هــەروا پێیان بڵێ با پێی خۆیان توند نەکوتن

بەزەویدا بۆ ئەوەی خەڵك بەو خشڵانەیان بزانن کە شاردوویاننەتەوەو دیار نین لە بەرچاوداو ، ئەی خاوەن باوەڕەکان هەمووتان بگەڕێنەوە بۆ لای خوداو تـۆبە بکـەن و پـەشیمان ببنەوە لــەو گـونــاهــانـەی کردووتانن بەڵکو ئەمە خوایە ڕزگارتان ببێ لە سزای ڕۆژی دوایی .

وَأَنكِحُوا الْأَيَامَى مِنْكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِنْ يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ(٣٢)

ژنانی بێشووی خـۆتـان بـدەن بــە شوو و ژن بـۆ پیاوچاکانی بەندەکانی خۆتان بێنن و کەنیزەکە چاکــەکانتان بـدەن بـە شوو . ئەگەر ئەمانە گەدایش بن و نەتوانن ئـەرکی ژن و ماڵداری بەڕێوەبەرن خوا لە گەورەیی و ڕەحمەتی خۆی دەوڵەمەندیان ئـەکـا ، خوا بەری بلاوەو نان و نیعمەتی لە بڕانەوە نایەت و ئاگای لە هەموو شت هەیەو پێی ئەزانێ .

وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّى يُغْنِيَهُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ وَالَّذِينَ يَبْتَغُونَ الْكِتَابَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا وَآتُوهُمْ مِنْ مَالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَنْ يُكْرِهْهُنَّ فَإِنَّ اللَّهَ مِنْ بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ غَفُورٌ رَحِيمٌ(٣٣)

با ئەوانەی داراییيان نی یە تا بتوانن ژن بهێنن ، خۆیان بە خاوێنی ڕاگرن و داوێنیان پیس نــەکــەن تــا ئـەوڕۆژەی خوا لــە فەزڵی خۆی دەوڵەمەندیان ئەکا. ئەو بەندانەیشتان کە داواتان لێ ئەکەن موکاتەبەیان لەگەڵ بکەن (کـە ئـەوەتــە خــاوەن بەندە بە بەندەکەی بڵێ هەرکاتێ

ئەوەندەت پـارە بۆ هێنام ئـازاد بی) ئەگەر چاکەتان تیا بەدیکردن واتە لاتان وابوو ئەمینن و پارەکە دێنن ، لەو داراییەی خوا کە هەندێکی لیٚ پێداون بـەشیان بدەن . زۆریش لە کەنیزەکە کانتان مەکەن برۆن بازرگانی بـە لەشیانەوە بکەن مادەم ئەوان خۆیان بیبانەوێ خۆیان بە خاوێنی ڕاگرن ، هـەر بۆئـەوەی هەندێ پارەتان بە خۆفرۆشتنی ئەو کەنیزەکانەتـان دەست کەوێ . هەرکەس زۆریان لیٚ بکا خۆیان بفرۆشن ئەوە خوا لـەو ئافرەتانە خۆش ئەبێ پاش زۆر لێکردنەکەیان چونکە ئەو کارەیان بە ئارەزووی خۆیان نەکردووە .

وَلَقَدْ أَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ آيَاتٍ مُّبَيِّنَاتٍ وَمَثَلاً مِّـنَ الَّذِينَ خَلَوْا مِـنْ قَبْلِكُمْ وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ(٣٤)

بەڕاستی نازڵمان کردووە بۆ لای ئێوە چەند ئایەتێکی وا کە حوکمەکانی خواتان بۆ ڕوون ئەکەنەوە، هەروەها چەند نموونەیەکی سەیرو سەمەرەمان بۆ نازڵ کردوون لەوانەی لەمەوپێش بوون و بەسەرچوون ، چەند پەندو ئامۆژگارییەکیشمان نازڵ کردووە بۆ ئەوانەی خۆیان لە گوناه ئەپارێزن .

اللَّهُ نُـورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ مَثَلُ نُـورِهِ كَمِشْكَاةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ الْمِصْبَاحُ فِي زُجَاجَـةٍ الزُّجَاجَـةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ يُوقَدُ مِنْ شَجَرَةٍ مُّبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لاَّ شَرْقِيَّةٍ وَلاَ غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ نُّـورٌ عَلَى نُورٍ يَهْدِي اللَّهُ لِنُورِهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ(٣٥)

خـوا ڕووونـاکیی ئـاسمان و زەوییە . نموونـەی ڕونـاکیی ئـەو وەك ڕوونـاکیی تـاقێکی بیٚکەلێنە چرایەکی داگیرساوی تیا بیٚو چراکە لە

بلوورێکا بێو بلوورەکە وەك ئەستێرەیەکی درەخشان وابێ ، چراکە لە ڕۆنی دارێکی پیرۆز داگیرسابێ کە دارزەیتوونێ بێ نە ڕۆژهەلاتی بێو نە ڕۆژاوایی کە هەرگیز خۆر لێی نەدا ، بەڵکو بەدرێژاییی ڕۆژ خۆر لێیبدا ، لەوانەبێ ڕۆنەکەی هەڵبگیرسێ با ئاگریشی لێ نەکەوێ ، پڕتەوی چراکە لەسەر پڕتەوی بلوورەکە بێ . خوایش ئارەزووی لە ڕێپیشاندانی هەرکەسێ بێ ڕێی پیشان ئەدا بۆلای ڕووناکیی خۆی . خوا نموونە ئەهێنێتەوە بۆ خەڵك تا لە شت حاڵی بن و ، زانایە بە هەمووشتێ .

فِي بُيُوتٍ أَذِنَ اللَّهُ أَنْ تُرْفَعَ وَيُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ يُسَبِّحُ لَهُ فِيهَا بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ(٣٦)

واتای ئەم ئایەتە پێوەندی بە واتای ئایەتی پێشووەوە هەیە ، واتە: لە کۆمەڵە خانوویەکا ڕێی پیشان ئەدا بۆ لای ڕووناکیی خۆی کە ڕێگای داوە بینایان بەرز بکرێتەوەو ناوی خوایان تیا بهێنرێو بە بەیانیو ئێوارەدا سوبحانەڵڵایان تیا بکەن و باسی پاکیو بێگەردیی خوایان تیا بکەن ، پیاوانێ .. (ڕستەکە لە ئایەتی پاشەوەدا دوایی دێ).

رِجَالٌ لَا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ وَالْأَبْصَارُ(٣٧)

پیاوانێ سوبحانەڵڵاو باسی پاکیو بێگەردیی خوایان تیا ئەکەن بازرگانیو کڕین و فرۆشتن لە یادی خواو ناوهێنانی خواو نوێژکردن و زەکاتی ماڵ دانیان بێئاگا ناکاو هەمیشە خواپەرستیی خۆیان ئەکەن و لە ڕۆژێکیوا ئەترسن کە چاوو دڵی لەترسی خوا تیا هەڵئەگەڕێتەوە

کە ڕۆژی قیامەتە.

لِيَجْزِيَهُمُ اللَّهُ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِ وَاللَّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ(٣٨)

بۆیە وا خواپەرستی ئەکەن تا خوا پاداشی باشترین کرداریان بداتەوەو لە فەزڵی خۆیشی لەو ئەندازەیان بۆ زیاد بکا کە موستەحەقینیو ، خوایش بێ حیساب و پرسینەوە چیی ئارەزوو لێ بێ ڕزق و ڕۆزیی هەرکەسێ ئەدا کە خۆی بیەوێ.

وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَعْمَالُهُمْ كَسَرَابٍ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ الظَّمْآنُ مَاءً حَتَّى إِذَا جَاءَهُ لَمْ يَجِدْهُ شَيْئًا وَوَجَدَ اللَّهَ عِندَهُ فَوَفَّاهُ حِسَابَهُ وَاللَّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ(٣٩)

ئەوانەیش کە کافرن کردەوەکانیان بێسوودو نابوودە وەك تراویلکەی بەردەخوێ لە دەشتێکی پانا کە ئینسانی تینوو لە دوورەوە وا گومان ئەبا ئاوەو کاتێ ئەگاتە لای ئەبینێ هیچ نییەو هیچی لا دەسگیر نابێو تەنها خودا ئەبینێ لەویاداو ئەویش حسێبی خۆی بۆ جێبەجێ بکاو تۆڵەی چەند گوناهی لەسەر بێ لێی بسەنێتەوەو خوایش حسێبی خۆی زوو جێبەجێ ئەکا.

أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُّجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ سَحَابٌ ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَا أَخْرَجَ يَدَهُ لَمْ يَكَدْ يَرَاهَا وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا فَمَا لَهُ مِن نُّورٍ(٤٠)

یاخود کردەوەکانیان وەك چەند پەردەی یەك لەسەریەکی تاریکی وایە لە دەریایەکی قووڵی بێبنا ، ئەو دەریایە شەپۆلی بەسەرا بێت و

بەسەر شەپۆلەکەیشا شەپۆلی‌تر بێت و بەسەر هەموو شەپۆلەکانیشەوە هەورێکی ڕەش ببێ، تاریکستانێك بێ هەندێکی بەسەر هەندێکی‌تریەوە، تەنانەت کە کابرا دەستی دەرکا لەوانەبێ لەبەر تاریکی نەیبینێ.
ڕاستەکەیشی ئەوەیە کەسێ خوا ڕووناکیی پێ نەبەخشیبێ هیچ ڕووناکییەکی نابێ.

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُسَبِّحُ لَهُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالطَّيْرُ صَافَّاتٍ كُلٌّ قَدْ عَلِمَ صَلَاتَهُ وَتَسْبِيحَهُ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَفْعَلُونَ (٤١)

ئایا نازانی کەوا خوا هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیەو پەلەوەرە ڕیزبەستووەکانیش بەهەواوە هەریەکە بە زمانی حاڵی خۆی باسی پاکی‌و بێگەردیی ئەو ئەکاو ئەویش بەم باسی پاکی و بێگەردیی کردنەی ئەمانە ئەزانێ و، خوا ئاگادارەو ئەزانێ چی ئەکەن.

وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ (٤٢)

هەر بۆ خوایە موڵکی ئاسمانەکان و زەوی‌و، گەڕانەوەی هەمووشتێ هەر بۆ لای خوایە.

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَامًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ جِبَالٍ فِيهَا مِنْ بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَصْرِفُهُ عَنْ مَنْ يَشَاءُ يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِ يَذْهَبُ بِالْأَبْصَارِ (٤٣)

ئایا تۆ نابینی خوا پەڵە هەور پاڵ پێوە ئەنێ‌و ئەیانخاتە گەڕو پاشان ئەیانداتە دەم یەك و ڕێکیان ئەخاو پاشان ئەیاننیشێنێتە سەریەك و کەڵەکەیان پێ ئەکا، جا ئەبینی بارانی لێوە دائەبارێ‌و،

له‌ ئاسمانه‌وه‌ له‌ كێوانی ته‌رزه‌وه‌ كه‌ له‌ هه‌وادان ته‌رزه‌ دائه‌وه‌رێنیّو باخ و باخات و ده‌غلّودان و ئاوه‌دانیی هه‌ركه‌سیّ ئاره‌زووی لیّ بیّ به‌و ته‌رزانه‌ دائه‌گرێته‌وه‌و هه‌ركه‌سیشی ئاره‌زوو لیّ بیّ لێی لائه‌داو برووسكه‌یش له‌و هه‌وره‌ ده‌رئه‌چیّ كه‌ له‌وانه‌یه‌ تیشكه‌كه‌ چاوی ئاده‌میزاد كوێر بكاو ڕووناكییه‌كه‌ی به‌ریّ.

يُقَلِّبُ اللَّهُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لِّأُولِي الْأَبْصَارِ (٤٤)

خوا شه‌ووڕۆژ سووڕئه‌دا به‌دوای یه‌كا یا كه‌م و زیادیان پیّ ئه‌كا یا گه‌رماو سه‌رمایان ئه‌گۆڕیّ . له‌م كاره‌ی خوادا په‌ندو ئامۆژگاری هه‌یه‌ بۆ ئه‌وانه‌ی بیناییان هه‌یه‌و شت ئه‌بینن.

وَاللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَابَّةٍ مِّن مَّاءٍ فَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَى بَطْنِهِ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَى رِجْلَيْنِ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَى أَرْبَعٍ يَخْلُقُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٤٥)

خوا هه‌موو گیانله‌به‌رێكی به‌سه‌ر ئه‌رزا ڕۆیشتووی له‌ ئاو دروست كردووه‌ كه‌ ئاوی تۆمه‌ یا ئاوێكی‌تری تایبه‌تییه‌ كه‌ ئه‌و گیانله‌به‌ره‌ی لیّ دروست ئه‌بیّ، جا هیی‌وایان هه‌یه‌ له‌سه‌ر سك ئه‌خشێن و هیی‌وایان هه‌یه‌ له‌سه‌ر دوو پیّ ئه‌ڕۆن و هیی‌وایان هه‌یه‌ له‌سه‌ر چوار پیّ ئه‌ڕۆن. خوا هه‌رچی خواستی له‌سه‌ر بیّ دروستی‌ئه‌كا. خوا ده‌سه‌ڵاتی به‌سه‌ر هه‌موو شتێكا ئه‌شكیّ .

لَقَدْ أَنزَلْنَا آيَاتٍ مُّبَيِّنَاتٍ وَاللَّهُ يَهْدِي مَن يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (٤٦)

به‌ڕاستی ئێمه‌ ناردوومانه‌ته‌ خواره‌وه‌ بۆ سه‌ر تۆ چه‌ند ئایه‌تیّ كه‌

هەمووجۆرە ڕاستییەکی ئایینیو دنیایی ڕوون ئەکەنەوە،خوا هەرکەسی ئارەزوو لیٚ بیٚ هیدایەتیئەدا بۆ ڕێگایەکی ڕاست .

وَيَقُولُونَ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِّنْهُمْ مِّنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَمَا أُولَئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ(٤٧)

ئەو منافقانە ئەڵێن باوەڕمان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەری خواو فەرمانبەرداریمان کردوون ، کەچی پاش ئەم قسەیەیان تاقمێکیان پشت لە ڕاستی هەڵئەکەن. ئەمانە بەڕاستی باوەڕیان بە خواو پێغەمبەر نییەو درۆ ئەکەن کە ئەڵێن هەمانە .

وَإِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم مُّعْرِضُونَ(٤٨)

کاتیٚ ئەمانە بانگ بکرێن بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا تا ئەوان بڕیاردەر بن لە هەر ناکۆکییەکا لەگەڵ کەسێکیتریان هەبیٚ ، کوتوپڕ تاقمێکیان پشت پیٚهەڵئەکەن و نایەن چونکە ئەزانن لەسەر حەق نین و ئەو بڕیارەی ئەیدەی لە قازانجی ئەوان نییە .

وَإِن يَكُن لَّهُمُ الْحَقُّ يَأْتُوا إِلَيْهِ مُذْعِنِينَ(٤٩)

ئەگەریش حەق بۆ ئەوان بیٚ بە مل بۆکەچکردوویی دێن بۆلای چونکە قازانجی خۆیانی تیایەو ئەوانیش هەر شتیٚ بە ترازووی قازانج و زیانی خۆیان ئەکێشن .

أَفِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَمِ ارْتَابُوا أَمْ يَخَافُونَ أَن يَحِيفَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَرَسُولُهُ بَلْ أُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ(٥٠)

ئایا ئەمانە نەخۆشی لە دڵیانایە یا گومانیان لە ڕاستیی تۆدا

هەیەو باوەڕت پێ ناکەن یا ئەترسن خواو پێغەمبەری خـوا ناهەقییان لەگەڵ بکەن ؟ نەخەیر هیچ کام لەم دوانەی دوایی نی‌یەو ئەمانە خۆیان لە حەق لادەرو ستەمکارن .

إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ(٥١)

قسەی ئەوانەی خاوەن باوەڕن هەرئەوەیە کاتێ بانگ ئـــەکرێن بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا بۆئەوەی حوکم بدا لەنێوانیانا ، بڵێن: گوێمان لە فەرمانەکە بوو و گوێڕایەڵین بۆی و ئەوانەی وا ئەڵێن ئەوانەن ڕزگار ئەبن و بەر ڕەحمەتی خوا ئەکەون .

وَمَــنْ يُطِــعِ اللَّهَ وَرَسُولَــهُ وَيَخْشَ اللَّهَ وَيَتَّقْــهِ فَــأُولَٰئِكَ هُــمُ الْفَائِزُونَ(٥٢)

ئـــەوانـــەی فـــەرمـــانبەرداریی خواو پێغەمبەری خوا ئەکەن و لە خوا ئەترسن لەبەر ئەو گوناهانەی کردوویانەو لە پاشماوەی ژیانیانا خۆیان لە بێفەرمانیی خوا ئەپارێزن ، ئەوانەن بە پیرۆزیی دنیاو قیامەت ئەگەن.

وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْــدَ أَيْمَانِهِمْ لَئِنْ أَمَرْتَهُمْ لَيَخْرُجُنَّ قُلْ لَا تُقْسِمُوا طَاعَةٌ مَعْرُوفَةٌ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ(٥٣)

سوێند ئەخۆن بە خوا بە سوێندێکی جەخت لەسەرکراو کەوا ئەگەر تۆ فەرمانیان پێ بدەی دەس لـە مـاڵ و دارایی خۆیان هەڵبگرن بۆ خودا ، دەستی لێ هەڵئەگرن و بەجێی ئەهێڵن . تۆیش بڵێ پێیان: بەدرۆ سوێند مەخۆن ، ئەوەی داوای ئەکرێ لێتان فەرمانبەردارییەکی خوایە کە هەمووکەسێ ئەیزانێ چییەو چۆنەو سوێندی درۆ نی‌یەو خوا خۆی

ئاگای لێیە ئێوە چیئەکەن.

قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُم مَّا حُمِّلْتُمْ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ (٥٤)

پێیان بڵێ فەرمانبەرداریی خواو پێغەمبەری خودا بکەن، جا ئەگەر پشتیان هەڵکرد ئەوە لەسەر پێغەمبەرە ئەوەی دراوە بەسەر شانیا کە ئامۆژگاری کردن و ڕێ پیشاندانی خەڵکە بۆ ئیسلامەتیو، لەسەر ئێوەیشە ئەوەی دراوە بەسەر شانتانا کە گوێ بۆ شل کردنیەتی. ئەگەر فەرمانبەرداریيشی بکەن هیدایەت ئەدرێن و ئەکەونەسەر ڕێی ڕاستو، پێغەمبەریش لەوە زیاتری لەسەر نییە کە فەرمانی خوا بە ڕاستو ڕەوانی بە خەڵك ڕابگەیەنێ.

وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (٥٥)

خوا گفتی داوە بەوانەتان کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی باشیان کردووە ئەیانکا بە جێنشینی ئەوانەی پێش ئەوان دەسەڵاتدار بوون بەسەر زەویدا وەك ئەوانی پێشوویشی کرد بە جێنشینی دەسەڵاتدار لەجێی پێشینانی خۆیانو، ئەو ئایینەیان بۆ دائەمەزرێنێ کە بۆی پەسەند کردوون و، لەجیاتیی ئەو ترسەی بەسەریانەوەیە لە زۆرداران ئەمن و ئاسایشیان بۆ دێنێ بەمەرجێ ئەوانیش بەندەییو فەرمانبەرداریی

من بکەن و کەس نەکەن بە هاوبەشم لە خوایەتیدا ، هەرکەسیش لەپاش ئەم پایەو مایەیە کە خوا ئەیداتیّ کافر ببیّو لە فەرمانی خوا دەربچیّ ئەوانە فاسقن و لە فەرمانی خوا دەرچوون و لایانداوە .

وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ(٥٦)

نوێژ بکەن و زەکاتی ماڵ بدەن و گوێڕایەڵی پێغەمبەر بن بەڵکو ڕەحمتان پیّ بکریّ لەلایەن خواوە .

لَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مُعْجِزِينَ فِي الْأَرْضِ وَمَأْوَاهُمُ النَّارُ وَلَبِئْسَ الْمَصِيرُ(٥٧)

گومان مەبەن کەوا ئەوانەی کافرن کاریّ لە خوا ئەکەن نەتوانیّ لەم زەوییەدا لەناویان بەریّ . ئەتوانیّ هەرچی ئارەزووی لیّ بیّ لێیان بکاولەو دنیایش جیگایان لە دۆزەخایەو ، دۆزەخیش خراپترین سەرەنجامە بۆ هەرکەس تووشی ببیّ .

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِيَسْتَأْذِنكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ مِّن قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ وَمِن بَعْدِ صَلَاةِ الْعِشَاءِ ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَّكُمْ لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ بَعْدَهُنَّ طَوَّافُونَ عَلَيْكُم بَعْضُكُمْ عَلَى بَعْضٍ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ(٥٨)

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە با ئەوکەسانەی موڵکی ئێوەن واتە بەندەی ئێوەن و ئەوانەی نەگەیشتوونەتە قۆناغی شەیتانیبوون و باڵغ نەبوون ئەگەر ویستیان بێنە ژوورەوە بۆ ناو ماڵ بۆ لاتان لە سیّ

کاتا ته‌قه بده‌ن له ده‌رگاو پرستان پی‌بکه‌ن و له‌و سی‌کاته‌دا بی پرس پی‌کردن و رێگادانیان نه‌یه‌نه ژووره‌وه نه‌وه‌ك ئێوه ڕووت بن و له‌گه‌ل خێزانی خۆنانا ڕاکشابن : به‌ر له نوێژی به‌یانی و، نیوه‌ڕۆژان که جلتان دائه‌که‌نن و له مالا ئیسراحه‌ت ئه‌که‌ن و، دوای نوێژی عیشا کاتی که خۆتان ئاماده ئه‌که‌ن بۆ نووستن . ئه‌م سی کاته کاتی ڕووتین بۆ ئێوه . پاش ئه‌م کاتانه ئه‌گه‌ر هه‌ندێکتان هاتوچۆی لای هه‌ندێکتان بکه‌ن نه بۆ ئێوه گوناهه‌و نه بۆ ئه‌وان ، له‌و کاتانه‌ی تردا هه‌ندێکتان دێن بۆلای هه‌ندێکتان . خوا به‌م جۆره ئایه‌تی خۆیتان بۆ ڕوون ئه‌کاته‌وه‌و خوا زاناو خاوه‌ن حیکمه‌ته .

وَإِذَا بَلَغَ الْأَطْفَالُ مِنكُمُ الْحُلُمَ فَلْيَسْتَأْذِنُوا كَمَا اسْتَأْذَنَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٥٩)

کاتێکیش که منالّه‌کانتان گه‌یشتنه قۆناغی خه‌وبینین و بالّغ بوون، با ئه‌وانیش ئه‌گه‌ر ویستیان هاتوچۆی مالّی خه‌لّك بکه‌ن پرس بکه‌ن و ئیزن بخوازن وه‌ك ئه‌وانه‌ی‌تر که ئیزن ئه‌خوازن . خوا ئایه‌تی خۆیتان به‌م جۆره بۆ ڕوون ئه‌کاته‌وه‌و خوا زاناو خاوه‌ن حیکمه‌ته .

وَالْقَوَاعِدُ مِنَ النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَن يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ غَيْرَ مُتَبَرِّجَاتٍ بِزِينَةٍ وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُنَّ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (٦٠)

ئه‌و پیره‌ژنانه‌ی له مالا دانیشتوون و هیوای شووکردنیان نه‌ماوه، گوناهیان ناگا ئه‌گه‌ر پۆشاکی عاده‌تیی خۆیان لابه‌رن و ته‌نیا له‌شپۆشیان پێوه بمێنی به‌مه‌رجێ جوانی‌و شوێنی جوانی وه‌ك سینه‌و به‌رۆك و

قۆڵ و ڕان و پووزیان دەرنەخەن. خۆ ئەگەر خۆیان بە عیففەت و حەیاوە ڕاگرن و پۆشاکی عادەتییان لەبەرا بێ باشترە بۆیان و خوا گوێی لە هەموو شتێکەو بە هەموو شتێ ئەزانێ.

لَيْسَ عَلَى الْأَعْمَى حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى أَنفُسِكُمْ أَن تَأْكُلُوا مِن بُيُوتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ آبَائِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أُمَّهَاتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ إِخْوَانِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخَوَاتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَعْمَامِكُمْ أَوْ بُيُوتِ عَمَّاتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخْوَالِكُمْ أَوْ بُيُوتِ خَالَاتِكُمْ أَوْ مَا مَلَكْتُم مَّفَاتِحَهُ أَوْ صَدِيقِكُمْ لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَأْكُلُوا جَمِيعًا أَوْ أَشْتَاتًا فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا فَسَلِّمُوا عَلَى أَنفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ اللَّهِ مُبَارَكَةً طَيِّبَةً كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (٦١)

تاوان لەسەر کوێرو شەل و نەخۆش نیی‌یە بێنە ماڵتان و خواردەمەنی بخۆن، واتە ئەو لێکەوتووانەی خۆیان ماڵ و حاڵیان نیی‌یەو کەس شك نابەن نانیان بداتێ و خزمەتیان بکا دروستە بێن لە ماڵی خەڵکی‌تر نان بخۆن چونکە ژیاندنی کەسانی پەککەوتەی بێ‌کەس و بێ‌دەسەلات لەسەر دەڵەمەندانی موسوڵمانانە . هەروا تاوان نیی‌یە بۆ خۆیشتان لە ماڵی خۆتانا خواردەمەنی بخۆن بە هەرشێوەیی‌و پێویست ناکا هەموو ئەهلی ماڵەکە کۆببنەوەو ئەوجا پێکەوە نان بخۆن. هەروا تاوانتان لەسەر نیی‌یە لە ماڵی باوك و دایك و براو خوشك و مام و پوور (خوشکی باوك)و خاڵ و پوور (خوشکی دایك) و لەو ماڵانەدا بخۆن کە کلیلیان دراوەتە دەستان و لە ماڵی دۆست و برادەرتان بخۆن بە کۆمەڵ یا یەکەیەکە. جا کە چوونە ماڵێ لەم ماڵانە سەلامێکی پیرۆزی خاوێنی

خوا قوبوولْكردوو لە خۆتان بكەن . خوا بەم جۆرە ئايەتەكانی خۆيتان بۆ ڕوون ئەكاتەوە بەڵكو عەقلْ بگرن .

إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُواْ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَإِذَا كَانُواْ مَعَهُ عَلَى أَمْرٍ جَامِعٍ لَّمْ يَذْهَبُواْ حَتَّى يَسْتَأْذِنُوهُ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَأْذِنُونَكَ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ فَإِذَا اسْتَأْذَنُوكَ لِبَعْضِ شَأْنِهِمْ فَأْذَن لِّمَن شِئْتَ مِنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمُ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ(٦٢)

بەڕاستی خاوەن ئیمانەكان ئەوانەن ئیمانیان بە خواو بە پێغەمبەری خوا هێناوەو، كاتێ لەسەر كارێكیوا پێویستی بە كۆمەڵی خەڵك بێ لەگەلْ پێغەمبەر بن، تا ئیزنی لێ نەخوازن و ئیزنیان نەدا نەڕۆن و كارەكە بەجێنەهێڵن. جا بێگومان ئەوانەی كە داوای ئیزنت لێ ئەكەن ئەوانەن بەساغی ئیمانیان بە خواو بە پێغەمبەری خوا هێناوە . بۆیە ئەگەر ئیزنت لێ بخوازن بۆ هەندێ كاروباری خۆیان كێیانت ئارەزوو لێبوو ئیزنی بدەو داوا لە خوا بكە لێیان خۆش ببێ خوا گوناهبەخش و بەڕەحمە .

لَا تَجْعَلُواْ دُعَاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُمْ بَعْضًا قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمْ لِوَاذًا فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ(٦٣)

بانگكردنی پێغەمبەر بۆ یەكێ لە ئێوە وا لێمەكەن وەك یەكێكتان بانگی یەكێكتان بكا كە لەوانەیە گوێی نەداتێو وەڵامی نەداتەوە . كە پێغەمبەر بانگی لە یەكێكتان كرد گورج بەڵێی بۆ بكەن و بەدەنگیەوە بچن . خوا بەوانەتان ئەزانێ كە خۆیان ئەدزنەوەو لە كۆمەلْ دەرئەچن و

خۆیان لە شوێنێکدا حەشار ئەدەن و یەك پەنای یەك ئەدەن. کەواتە با ئەوانەی لە فەرمانی پێغەمبەر دەرئەچن بترسن و ئاگادار بن نەوەك تووشی فیتنەو هەرایەك ببن یا سزایەکی سەختی خوا بیانگرێتەوە.

أَلاَ إِنَّ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ قَدْ يَعْلَمُ مَا أَنْتُمْ عَلَيْهِ وَيَوْمَ يُرْجَعُونَ إِلَيْهِ فَيُنَبِّئُهُمْ بِمَا عَمِلُوا وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ(٦٤)

بێدار بن ! هەرچی لە ئاسمانەکان و لە ئەرزدایە هیی خوایە. بێگومان خوا بە هەموو ئەو ئەخلاق و ڕەوشتانە ئەزانێ کە ئێوە لەسەرینی. ڕۆژێکیش کە ئەگەڕێنەوە بۆلای خوا کە ڕۆژی قیامەتە خەبەریان ئەداتێ کە لەدنیادا چ گوناهێکیان کردووە. خواوەند ئاگاداری هەموو شتێکەو پێی ئەزانێ.

سوورەتی (الفرقان)

مەککەییە ئایەتەکانی ٦٨ - ٧٠ی نەبێ‌و ،

(٧٧) ئایەتە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا (١)

گەلێ گەورەو پایەدارە ئەو خوایەی قورئانێکی پیرۆزیوای ناردووەتە خوارەوە بۆسەر پێغەمبەر کە ڕاست‌و درۆو حەق‌و ناحەق لێك جوێ ئەکاتەوە ، بۆئەوەی ئەهلی جیهانەکانی پێ بترسێنێ لەو ڕۆژەی خوا سزای خراپەی لە خراپەکاران تیا ئەسێنێتەوە .

الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا (٢)

ئەو خوایەی کە موڵکی ئاسمان‌و زەوی هەمووی هی ئەوە و، نەوەی بۆ خۆی ڕانەگرتووەو نەویستووەو هاوبەش‌و هاوڕێی لە گەورەیی‌و پادشاییی خۆیا نەبوەو نییەو، هەموو شتێکی دروست کردووەو لەپێش دروست کردنیا لە عیلم‌و زانیاریی خۆیا ئەندازەی بۆ داناوەو بەوپێیە دروستی‌کردووە .

وَاتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً لَّا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلَا حَيَاةً وَلَا نُشُورًا (٣)

ئەو کافرە بت پەرستانە چەند بەناو خوایەکی هیچوپووچی‌وایان بۆ خۆیان بڕیارداوەو‌کردونیانن بەخوای خۆیان‌و ئەیانپەرستن کە هیچیان پێ دروست ناکرێ‌و بۆخۆیان بنیادەم دروستیان ئەکا یا هەر خوا

خویَ دروستی کردوون وەك دارو بەردو تەنانەت بۆ خودی خۆیشیان هیچ زیان و سوودێکیان نییەو نە مەرگیان بەدەستەو نە ژیان و نە زیندووکردنەوە لەو دنیادا .

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ هَذَا إِلَّا إِفْكٌ افْتَرَاهُ وَأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُونَ فَقَدْ جَاءُوا ظُلْمًا وَزُورًا (٤)

کافرەکان لەبارەی قورئانەوە وتیان ئەم قورئانەی کە موحەممەد هێناویەتی و ئەڵێ خوا بۆی نازڵ کردووە لە درۆیەکی دەستهەڵبەستی خۆی بەولاوە نییەو هەندێ کەسیتریش یارمەتییان داوە بۆ هەڵبەستن و دروست کردنی . بەڕاستی ئەمانە کە وا ئەڵێن زوڵم و ناحەقییان کردووە کە قورئانی کەلامی خوا بە دەستهەڵبەست دائەنێن و ساختەچییەتییان کردووە کە قورئانی کەلامی خوا ئەدەنە پاڵ پێغەمبەر خۆیو ئەڵێن بۆخۆیو یەیارمەتیی چەندکەسێك دروستیکردووە .

وَقَالُوا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَى عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا (٥)

هەروا ئەم کافرانە وتیان ئەم قورئانە ئەفسانەی پێشینانە لەڕووی کتێبە ئەفسانەکانی کۆن بۆی نووسراوەتەوەو لەبەرئەوەی بۆ خۆی نەخوێندەوارە بەیانیو ئێوارە بەسەریا ئەخوێنرێتەوە تا لەبەریبکا .

قُلْ أَنزَلَهُ الَّذِي يَعْلَمُ السِّرَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا (٦)

تۆ بەو کافرانە بڵێ نەخەیر وا نییە کە ئێوە ئەڵێن ، ئەم قورئانە ئەو خوایە ناردوویەتە خوار کە هەرچی ڕازو نهێنی لە ئەرزو ئاسمانا هەیە هەمووی پیَئەزانیَو خوایەکی تاوان بەخش و میهرەبانە وا ئێستا

سزاتان نادا لەسەر ئەم درۆو دەلەسانەی لەبارەی قورئانەوە ئەیانكەن و لێتان ئەگەڕێ تا ڕۆژی قیامەت ، ئەگینا ئـەبوو هەر ئێستا لەم دنیای ڕۆشنەدا نوغرۆی بكردنایە .

وَقَالُواْ مَالِ هَذَا الرَّسُولِ يَأْكُلُ الطَّعَامَ وَيَمْشِي فِي الْأَسْوَاقِ لَوْلَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَلَكٌ فَيَكُونَ مَعَهُ نَذِيرًا (٧)

كافرەكان بە خەیاڵی خۆیان بۆ بەڵگەهێنانەوە كە گوایە پێغەمبەر پێغەمبەری خوا نی‌یەو لەخۆیەوە ئیددیعای پێغەمبەرایەتی ئەكا ، ئەڵێن ئەم پێغەمبەرە چی‌یەتی‌و چۆن پێغەمبەرێكە خواردن ئەخواو بەناو بازاڕا دێو دەچێ وەك خەڵكی عادەتی ؟ ئەگەر ڕاست ئەكا پێغەمبەرە بۆچی فریشتەیەكی لـە ئاسمانەوە بۆ نەنێرراوەتە خوار لەگەڵیا بێو پێكەوە بێن خەڵك لە بێفەرمانیی خـوا بترسێنن تـا ئێمەیش باوەڕی پێ‌بكەین ؟

أَوْ يُلْقَى إِلَيْهِ كَنزٌ أَوْ تَكُونُ لَهُ جَنَّةٌ يَأْكُلُ مِنْهَا وَقَالَ الظَّالِمُونَ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَّسْحُورًا (٨)

یـا بـۆ گەنجینەیەكی لـە ئاسمانەوە بـۆ فڕێ نادرێ تا زێڕو زیوی زۆری لە بەردەستا بێ بە ئارەزووی خۆی لێی خەرج بكـا یـا بـۆ باخ و باخاتێكی نی‌یە لە میوەكانی بخوا ؟ ئـەم ستەمكارە نـاحـەق وێژانـە بە موسوڵمانەكان ئەڵێن ئێوە شوێن پیاوێكی جادوو لێكراو ئەكەون .

انظُرْ كَيْفَ ضَرَبُوا لَكَ الْأَمْثَالَ فَضَلُّوا فَلَا يَسْتَطِيعُونَ سَبِيلًا (٩)

سەیركە ئەم كافرانە چۆن ئەم باسە سەیرو عەجاییە دوور لە عەقڵ‌و عادەتانەیـان هێنایە ئاراوە بۆ تۆو گومڕابوون و وایان لێ‌هات ڕێگایەكی

ڕاستیان پێ نادۆزرێتەوە بۆخۆیان تا بزانن چی بکەن و چۆن بجوولێنەوە .

تَبَارَكَ الَّذِي إِنْ شَاءَ جَعَلَ لَكَ خَيْرًا مِّنْ ذَٰلِكَ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَيَجْعَلْ لَّكَ قُصُورًا (١٠)

گەلێ گەورەیە ئەوخوایەی ئەگەر بییەوێ چاتر لەو شتانەت ئەداتێ لە دنیادا کە ئەو کافرانە ئەڵێن بۆ نییەتی . ئەو بەهەشتگەلی وات ئەداتێ جۆگەو جۆباری ئاوی سافیان بەژێرا ئەڕواو چەندین کۆشك و تەلارت بۆ دروست ئەکا .

بَلْ كَذَّبُوا بِالسَّاعَةِ وَأَعْتَدْنَا لِمَنْ كَذَّبَ بِالسَّاعَةِ سَعِيرًا (١١)

بەلأم ئەو کافرانە باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت نییە کە چاك پاداشی چاکەی خۆیو خراپ سزای خراپەی خوێ تیا وەرئەگرێ . ئەوەیش کە باوەڕی بە ڕۆژی قیامەت نەبێ ئێمە دۆزەحی پڕ لە ئاگرمان بۆ سازداوە .

إِذَا رَأَتْهُم مِّن مَّكَانٍ بَعِيدٍ سَمِعُوا لَهَا تَغَيُّظًا وَزَفِيرًا (١٢)

کاتێ کە ئەو دۆزەخە کافرەکان لەدوورەوە بەدیئەکا ، ئەمانیش هەر لەدووروە گوێیان لە دەنگی پڕ قارو قینی ئەبێو لرفەی گڕو بلێسەی هەر لەدوورەوە ئەبیسن .

وَإِذَا أُلْقُوا مِنْهَا مَكَانًا ضَيِّقًا مُّقَرَّنِينَ دَعَوْا هُنَالِكَ ثُبُورًا (١٣)

کاتێکیش ئەوکافرانە فڕێئەدرێنە شوێنێکی تەنگەلانی دۆزەخەوەو لەوێدا جووت جووت و کۆمەڵ کۆمەڵ کۆت و زنجیریان لە دەست و پێ کراوە ئەکەونە هاوار هاوارو بانگەبانگ و واوەیلاکردن و خۆزگەی مەرگی

خۆ خواستن .

لا تَدْعُوا الْيَوْمَ ثُبُورًا وَاحِدًا وَادْعُوا ثُبُورًا كَثِيرًا(١٤)

فریشتەی بەرپرسی سزادانیش لە وەڵامی هاوارو بانگەبانگ و واوەیلا کردنەکەیانا پێیان ئەڵێن هەر تـەنیا جارێ ئاواتی مەرگ مـەخوازن ، زۆر جار ئاواتی مـەرگی خۆتـان بخوازن چونکە مەرگ تاقە جارێکەو ئەبرێتەوە ، بەلام ژیانی دۆزەختان هەمیشەیی‌و هەتاهەتاییە .

قُلْ أَذَلِكَ خَيْرٌ أَمْ جَنَّةُ الْخُلْدِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ كَانَتْ لَهُمْ جَزَاءً وَمَصِيرًا(١٥)

تۆ ئەی موحەممەد بەو کـافرانە بڵێ : جا توخـوا ئـەم حاڵەی ئێستاتان لەم دۆزەخەدا باشە یا بەهەشتی بەردەوام‌و پایەدار کە گفتی پێ‌دراوە بەوکەسانەی لە خوای خۆیان ئەترسن‌و ئەبێ بە سەرەنجامی کاریان .

لَهُمْ فِيهَا مَا يَشَاءُونَ خَالِدِينَ كَانَ عَلَى رَبِّكَ وَعْدًا مَسْئُولاً(١٦)

هەیە بۆ ئەهلی بەهەشت لەو بەهەشتەدا کە گفتیان دراوەتێ پێی ، هەرچی شتێ خۆیان ئارەزووی بکـەن . هـەمیشەیش لـەو بـەهـەشتەدا ئەمێننەوەو قەت لێی نـاچنە دەرەوەو ئـەمـە گفتێکە خوا داویە بەو لـەخواترسانەو ئـەوانیش داوای ئـەکـەن‌و خوا گفتەکەی خۆییان بۆ دێنێتەدی .

وَيَـوْمَ يَحْشُرُهُمْ وَمَـا يَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ فَيَقُولُ أَأَنْتُمْ أَضْلَلْتُمْ عِبَادِي هَؤُلَاءِ أَمْ هُمْ ضَلُّوا السَّبِيلَ (١٧)

بیر لەو ڕۆژە بکەرەوەو کـەخـوا بت پەرستەکان زیندوو ئەکاتەوەو

کۆیان ئەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ بتەکانیان کە ئەیانپەرستن و خوایان نەئەپەرست و پێیان ئەڵێ : ئەی بتەکان ! ئێوە بوون بەندەکانی منتان گومڕا کردو واتان لێکردن لە خوا پەرستنەوە بێنە سەر پەرستنی ئێوە ، یان ئەوان خۆیان بوون ڕێیان گومکرد ؟

قَالُوا سُبْحَانَكَ مَا كَانَ يَنْبَغِي لَنَا أَن نَّتَّخِذَ مِنْ دُونِكَ مِنْ أَوْلِيَاءَ وَلَكِن مَّتَّعْتَهُمْ وَآبَاءَهُمْ حَتَّى نَسُوا الذِّكْرَ وَكَانُوا قَوْمًا بُورًا (١٨)

بتەکانیش دێنە دەنگ و ئەڵێن خوایە پاکی و بێعەیبی هەر بۆ تۆیە. ئێمە هەرگیز بۆمان نەبوە لە تۆ بەولاوە کەس بگرین بە پشت و پەناو بە خەڵك بڵێین پشتمان پێ ببەستن، بەڵام تۆ خۆت گوزەرانی خۆشت بە خۆیان و باووباپیرانیان داو ئەوانیش لە خۆ بایی و بەلەسە بوون و ناوهێنانی تۆیان لە یادچوو و گوێیان بە تۆوبە ئایینی تۆ نەئەداو تاقمێکی لەڕووی ئایینەوە ماڵوێران و بەربادیان لێ دەرچوو .

فَقَدْ كَذَّبُوكُم بِمَا تَقُولُونَ فَمَا تَسْتَطِيعُونَ صَرْفًا وَلَا نَصْرًا وَمَن يَظْلِم مِّنكُمْ نُذِقْهُ عَذَابًا كَبِيرًا (١٩)

جا خودا بە بت پەرستەکان ئەڵێ ئەوەتا ئەو بتانەی ئێوە ئەتانپەرستن قسەکانتانیان بەدرۆخستەوە کە ئەتانوت ئەوان ئێمەیان گومڕا کردو لە ڕێی موسوڵمانەتی لایان داین و ، ئێوە ئێستا نە ئەتوانن سزای خوا لە خۆتان لابدەن و نە کەسێکتان دەسگیر ئەبێ یارمەتییەکتان بداو، هەرکەسیش ستەمکاری بکا سزایەکی گەورەی پێ ئەچێژین .

وَمَا أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ إِلَّا إِنَّهُمْ لَيَأْكُلُونَ الطَّعَامَ وَيَمْشُونَ

فِي الْأَسْوَاقِ وَجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ لِبَعْضٍ فِتْنَةً أَتَصْبِرُونَ وَكَانَ رَبُّكَ بَصِيرًا (٢٠)

ئێمە بەر لە تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە وەك خەڵکی‌تر خواردنی نەخواردبێ‌و بەناو بازاڕا نەڕۆیشتبێ‌و، ئێمە هەندێ لە ئێوەمان کردووە بە مایەی تاقیکردنەوەی هەندێکی‌ترتان تا بزانین کێ سەبرو تەحەمولی هەیەو کێ نی‌یەتی ، وەك ئەوە کە هەژار بە دەوڵەمەند تاقی بکەینەوە بزانین سەبر ئەکا لەسەر هەژاریی خۆی‌و، پێغەمبەران بەو خەڵکانە تاقی بکەینەوە کە ناردوومانن‌ەتە سەریان بزانین تەحەمولی ئازارو قسەی تاڵ‌و سوێری باوەڕنەهاوردووەکان ئەکەن یا نەو ، خوایش خۆی چاوی لێیە هەریەکە چۆن ئەجووڵێتەوەو چۆن مامەڵە ئەکا .

جوزئی نۆزدەهەم

وَقَالَ الَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَاءَنَا لَوْلَا أُنزِلَ عَلَيْنَا الْمَلَائِكَةُ أَوْ نَرَى رَبَّنَا لَقَدِ اسْتَكْبَرُوا فِي أَنفُسِهِمْ وَعَتَوْا عُتُوًّا كَبِيرًا (٢١)

ئەو کافرانەی هیوای گەیشتن بە ئێمەیان نی‌یە چونکە باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت‌و حیساب‌و کیتابی پێش بەهەشت‌و دۆزەخ نی‌یە ، وتیان ئەوە بۆچی فریشتەیەکمان لە لای خواوە نازڵ نەکرایە سەر ئاییمان پێ ڕابگەیەنێ لەجیاتیی پێغەمبەرێکی ئادەمیزادی وەك خۆمان ، یا بۆ بە چاوی خۆمان خوای خۆمان نابینین . ئەمانە خۆیانیان زۆر بە زل زانیوە داوای شتی‌وایان کردووەو تا ڕادەیەکی زۆر گەورە لە سنووری خۆیان دەرچوون .

يَوْمَ يَرَوْنَ الْمَلاَئِكَةَ لاَ بُشْرَى يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا (٢٢)

لەو ڕۆژەدا کە ئەوانە فریشتەی سزادان بە چاوی خۆیان ئەبینن هیچ مژدەیەك و هەواڵێکی خۆش بۆ تاوانباران نابیٚو پێیان ئەڵێن دیداری خودا یا ڕزگاربوون لە سزای دۆزەخ یا چوونە بەهەشت بۆ ئێوە نیەو لێتان قەدەغە کراوە .

وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاء مَّنثُورًا (٢٣)

ئێمە ئەچینە سەر هەر کارێکی باشیش کە ئەو کافرانە لە دنیادا کردوویانەو، ئەیکەین بە تۆزو گەردی بابردوو، چونکە باوەڕ بە خواو مەرجەکانیتری ئیمانی لەگەڵ نەبوەو لەبەرئەوە ئەو کارە چاکانەیان هیچ دادێکیان نادا .

أَصْحَابُ الْجَنَّةِ يَوْمَئِذٍ خَيْرٌ مُّسْتَقَرًّا وَأَحْسَنُ مَقِيلاً (٢٤)

ئەوانەی کە بەهەشتین و جێگایان لەو ڕۆژەدا لە بەهەشتدایە ئەوانە جێگایان لە هەموان باشترەو شوێنی حەسانەوەیان لە هی هەمووکەس خۆشترە . ئەم (باشتری) و (خۆشتری) یە یا بە بەراورد لەگەڵ (باشی) و (خۆشی) ی کافرانە لە دنیادا یا هەر بەمەعنای (باشی) و (خۆشی)یە نەك ئەوە کە لە هی کافرەکان (باشتر)و (خۆشتر) بێ لەو دنیا چونکە جێی ئەوان دۆزەخە کەوا سزایان ئەدرێ تیایداو هیچ خۆشییەکی تیا نییە .

وَيَوْمَ تَشَقَّقُ السَّمَاء بِالْغَمَامِ وَنُزِّلَ الْمَلاَئِكَةُ تَنزِيلاً (٢٥)

لەوڕۆژەدا کە ئاسمان لەت لەت ئەبێ بەهۆی لێدەرچوونی تۆزی

وەك هەورەوەو فریشتە ئەنێررێنە خوارەوە بۆ سەر زەوی کردارنامەی بەندەکانی خوا لەگەڵ خۆیان دێنن .

الْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ الْحَقُّ لِلرَّحْمَنِ وَكَانَ يَوْمًا عَلَى الْكَافِرِينَ عَسِيرًا (٢٦)

ئەو ڕۆژە مالیکیەت و خاوەنایەتیی ڕاستەقینە هەر بۆ خوایەو، کەسیتر ، یا بە شێوەی مەجازییش بێ، بۆ ئەوە ناشێ بە خاوەنی هیچ دابنرێ و ، ئەو ڕۆژە ڕوژێکی زۆر قورس و گران ئەبێ بۆ کافران چونکە کاتی لێپرسینەوەیان هاتووە .

وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ يَالَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلاً (٢٧)

بیر لەو ڕۆژە بکەرەوە کە ستەمکار لەداخاناو لەبەر پەشیمانیی خۆی لەوە کە لە دنیادا ستەمکاریی کردووە دەستی خۆی ئەگەزێ و ئەڵێ بریا لەگەڵ پێغەمبەری ڕێگاپیشاندەردا ڕێگای ڕاستی ئیسلامەتیم بگرتایەتەبەرو بەگوێم بکردایە .

يَاوَيْلَتَى لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلاَنًا خَلِيلاً (٢٨)

هەی هاوار! خۆزگە فلانەکەسی گومڕاو لەخوایاخیم نەکردایە بە دۆستی خۆم کە بە قسەی ئەوم ئەکردو گومڕای کردم .

لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءَنِي وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلْإِنْسَانِ خَذُولاً (٢٩)

بەڕاستی ئەو کابرا گومڕای کردم و دووریخستمەوە لە یادی خوا پاش ئەوەی کە هاتبوە بەردەستم و ئەمتوانی یادی خوا بکەمەوەو

ڕێی ڕاست بگرمەبەر . بەڕاستی شەیتان کە ئادەمیزاد لە ڕێگای خوا دوورئەخاتەوەو ئەیخاتە سەر خەتی گومڕاهان ، نائومێدو دەسخەڕۆی ئەکا .

وَقَالَ الرَّسُولُ يَارَبِّ إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُواْ هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُوراً (٣٠)

پێغەمبەر بە خوای خۆی وت : خوایە ! ئەم خێڵەی من کە منت ناردووەتە سەریان ڕێگای ئیسلامەتییان پیشان بدەم ، ئەم قورئانەیان وەلاخستووە کە بە منا بۆت ناردوون بە فەرمانی بکەن و بەگوێرەی ئەو بجوولێنەوە .

وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّاً مِّنَ الْمُجْرِمِينَ وَكَفَى بِرَبِّكَ هَادِياً وَنَصِيراً (٣١)

هەر بەم جۆرە کە دوژمنی کافرمان بۆ گیانی تۆ دروست کردووە، بۆ هەموو پێغەمبەرێکیش بەر لە تۆ دوژمنێکمان لە تاوانباران دروست کردبوو بەلام تۆ گوێی مەدەرێ ، تۆ خوات بە تەنیا خۆی بەسە بۆ ڕێگا پیشاندان و یارمەتیدانت لە تەنگانەدا .

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ جُمْلَةً وَاحِدَةً كَذَلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِ فُؤَادَكَ وَرَتَّلْنَاهُ تَرْتِيلاً (٣٢)

کافرەکان وتیشیان ئەوە بۆ قورئانی بەجارێ بۆ نەهاتووتە خوار ؟ وەلامی ئەم قسەیەی کافران ئەوەیە بۆیە بە پارچە پارچە ناردوومانەتە خوار تا دڵتی پێ بەهێز بکەین و بتوانی لەبەری بکەیو لەسەرخۆو بەئارام بۆمان خوێندیەوە تا باش بۆت ڕەوان بکرێ .

وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَاكَ بِالْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيراً (٣٣)

ئەو كافرانە هیچ پرسیارێكی سەیرو سەمەرەت لێ ناپرسن ، بێئەوەی ئێمەیش وەلامێكی ڕاست و دروستیت بۆ بهێنین و پیشانت بدەین كە واتاو لێكدانەوەی لە هینەكەی ئەوان جوانترو بەرێوجێتر بێ .

الَّذِينَ يُحْشَرُونَ عَلَى وُجُوهِهِمْ إِلَى جَهَنَّمَ أُوْلَئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ سَبِيلاً(٣٤)

ئەو كافرانە كە خڕئەكرێنەوەو لەپەڕوو پاڵیان پێوە ئەنرێ بۆ دۆزەخ ، ئەوانە شوێنیان لە هەمووكەس گومڕاترو ڕێی ڕاست ونكردووترن.

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَجَعَلْنَا مَعَهُ أَخَاهُ هَارُونَ وَزِيرًا(٣٥)

ئێمە بەڕاستی كتێبی تەوراتمان دا بە مووساو هاروونی برایمان بۆ كرد بە پشتیوان تا پەیامی خوا لەگەڵیا بگەیەنێ بە خەڵك .

فَقُلْنَا اذْهَبَا إِلَى الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَدَمَّرْنَاهُمْ تَدْمِيرًا(٣٦)

جا پێمان وتن بڕۆن بۆلای ئەوكۆمەڵە خەڵكە كە ئایەتەكانی ئێمەیان بەدرۆ داناوە . ئەوانیش ڕۆیشتن بۆلایان ، بەلام ئەمان باوەڕیان پێ نەكردن ، ئێمەیش بە وێران كردنێكی خراپ وێرانمان كردن .

وَقَوْمَ نُوحٍ لَّمَّا كَذَّبُواْ الرُّسُلَ أَغْرَقْنَاهُمْ وَجَعَلْنَاهُمْ لِلنَّاسِ آيَةً وَأَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ عَذَابًا أَلِيمًا(٣٧)

قەومی نووحیش كە نووحمان ناردبوە سەریان و باوەڕیان پێ نەكردو پێغەمبەرانیان بە درۆزن دانا ، بە ئاوی تۆفان خنكاندمانن و كردمانن بە پەندو عیبرەت بۆ خەڵك و ، سزایەكی سەختیشمان بۆ ئەو دنیا ئامادە كردووە بۆ ستەمكاران .

وَعَاداً وَثَمُودَا وَأَصْحَابَ الرَّسِّ وَقُرُونًا بَيْنَ ذَلِكَ كَثِيرًا(٣٨)

قــەومی عــادو قــەومی سـەموودو خێلی بیرەکەیش کــە شوعــەیب پێغەمبەرمــان نــاردبوو بــۆلایــان و ، چـەنــد نەوەی زۆری تریش لەو نێوانانەدا هەموو لە فەرمانی خوا یاخی بوون و هەموومان لەناوبردن .

وَكُلاًّ ضَرَبْنَا لَهُ الْأَمْثَالَ وَكُلاً تَبَّرْنَا تَتْبِيرًا (٣٩)

پەندو ئامۆژگاریمان بۆ هەموو ئــەمــانــە هێنایەوەو هیچیان گوێڕایەڵی فەرمانی خوا نەبوون و ئێمەیش هەموویانمان تەفروتوونا کرد .

وَلَقَدْ أَتَوْا عَلَى الْقَرْيَةِ الَّتِي أُمْطِرَتْ مَطَـرَ السَّوْءِ أَفَلَمْ يَكُونُوا يَرَوْنَهَا بَلْ كَانُوا لاَ يَرْجُونَ نُشُورًا (٤٠)

قورەیشییە کافرەکان چەند جــار لــە سەفــەری شامیانــا بەسەر ئەو ئــاوەدانییەدا گــوزەریان کردووە کــە بــارانی خــراپی بــەسەرا بارێنراوەو بەردەباران کــراوە . ئاخۆ ئەمانە ئەو دێیەیــان بــە چــاوی خۆیان نــەئــەدی چیی بــەسەر هێنراوە ؟ بــەڵێ ئــەیــاندی ، بــەڵام بــەهیوای زیندووبوونەوەی ڕۆژی قیامەت نــەبــوون ، بۆیە پەندیان پێ وەرنەئەگرت .

وَإِذَا رَأَوْكَ إِنْ يَتَّخِذُونَـكَ إِلاَّ هُـــزُوًا أَهَـــذَا الَّـــذِي بَعَثَ اللَّهُ رَسُولاً (٤١)

هەرکاتێ بتبینن بە گاڵتەجاڕی خۆیان نەبێ بــە هیچیترت ناکەن ، واتە هەرچەند بتبینن گاڵتەت پێئەکەن ئەڵێن ئەم کــابرایە گوایە خوا بە پێغەمبەرێتی نــاردوویــە ؟ قــەت ئــەم پیاوە بۆ ئــەو کــارە دەس نادا

إِنْ كَادَ لَيُضِلُّنَا عَنْ آلِهَتِنَا لَوْلاَ أَنْ صَبَرْنَا عَلَيْهَا وَسَوْفَ يَعْلَمُونَ حِينَ يَرَوْنَ الْعَذَابَ مَنْ أَضَلُّ سَبِيلاً(٤٢)

ئەڵێن ئەوەندەی نەمابوو ئەم کابرا ڕێمان بۆ لای خوای خۆمان پێ ون کاو لە ئایینی خۆمان هەڵمانگێڕێتەوە ئەگەر دانمان بە بتەکانی خۆمانا نەگرتایەو لەسەر ئایینی خۆمان سوور نەبووینایە. با هەروا بڵێن. سبەینێ کە سزای دۆزەخ بە چاوی خۆیان ئەبینن ئەزانن کێ لە هەرکەس گومڕاترە ؟ دیارە ئەوان گومڕان کە لەسەر بت پەرستی مابوونەوەو موسوڵمان نەبوون .

أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ أَفَأَنْتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلاً(٤٣)

پێم بڵێ کەسێ کە ئارەزووبازیی خۆی بۆخۆی کردبێ بە خواو بەگوێرەی ئەوە هەڵسوکەوت بکا ، تۆ خۆت ئەکەی بە جێگری ئەوو ئەتوانی دەستی لە خراپەکردن و ئارەزووپەرستی پێ بگێڕیتەوە ؟ بێ‌گومان کاریوا بە تۆ ناکرێ.

أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ إِنْ هُمْ إِلاَّ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلاً(٤٤)

یان لات وایە بەشی زۆری ئەو جۆرە کەسانە لەوانەن قسەی ڕاستیان بەگوێدا بچێ، یا بفامن و ڕاست و درۆو چاك و خراپ لێك بکەنەوە ؟ ئەوانە وەك چوارپێ نەبێ وەك هیچی‌تر وا نین و بەڵکو لەبارەی لێك جوێکردنەوەی ڕێی ڕاست و چەوتەوە لە چوارپێیش گومڕاترن .

أَلَمْ تَرَ إِلَى رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا ثُمَّ جَعَلْنَا الشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلاً(٤٥)

ئـەوە تـۆ نـاڕوانی بـۆ کـاری خوای خۆت چۆن سێبەری بەسەر پانتاییی زەویدا ڕاکێشاوە وەك لـەپاش ڕۆژاوا وە تا خۆرکەوتنی ڕۆژی دواییو ، ئەگەر ئارەزووی لیٚ بوایە ئـەو سێبەرەی تـا دنیـا دنیایە نەهێشتەوە . پاشان ڕۆژی لە کەناری ئاسمانەوە دەرکـردو کـە ڕۆژ دەرکەوت ئەو ڕۆژ دەرکەوتنەی کرد بـە دەلیلی ئـەوە کـە سێبەر شتێکی جێگرتوو بوو لەبەرئەوە کە لـە هـەندیٚ شوێنا مایەوەو لە هەندیٚ شوێنا نەما وەك فەرموویەتی (ثـم جعلنا الشمس علیه دلیلا) واتە ڕۆژمان کرد بە دەلیل و بەڵگە لەسەر بوونی سێبەر.

ثُمَّ قَبَضْنَاهُ إِلَيْنَا قَبْضًا يَسِيرًا (٤٦)

پاشان وردەوردە ئەو سێبەرەمان وەرگرتەوە بۆلای خۆمـان ، واتـە هەرچەند تیشکی ڕۆژ زەوی زۆرتر دائەگریٚ سێبەر کەمتر ئەبێتەوە .

وَهُـوَ الَّـذِي جَعَلَ لَكُـمُ اللَّيْلَ لِبَاسًا وَالنَّوْمَ سُبَاتًا وَجَعَـلَ النَّهَارَ نُشُورًا (٤٧)

خوا ئەو خوایـە شەوی بـۆ کـردوون بە سیپالیٚ وەك چۆن سیپالیٚ لەش دائەپۆشیٚ شەویش هـەروا خـەڵك دائەپۆشیٚو ئەیانشارێتەوەو ، خەوی بۆ کردوون بە مایەی حـەسانەوەی لەش و مێشك و ، ڕۆژی بۆ کردوون بە مایەی بڵاوەلیٚکردن بە زەویدا بۆ کاسبیو ڕۆزی پەیداکردن.

وَهُوَ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُورًا (٤٨)

خوا ئەو خوایە بـا ئـەنێریٚ بە مژدەدەری پێش هاتنی ڕەحمەتی خۆی کە بارانەو ، ئاوی پاکی پاکەوەکەریشمان کە بارانە لە ئاسمانەوە

ناردووەتە خوار .

لِّنُحْيِيَ بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا وَنُسْقِيَهُ مِمَّا خَلَقْنَا أَنْعَامًا وَأَنَاسِيَّ كَثِيرًا (٤٩)

بۆئەوەی ولاتێکی لـــەبەر بێبارانی لەتینوێتیدا مردووی پێ زیندوو بکەینەوەو ، سەوزاییی تیا بڕوێنینەوەو ، لەناو ئەو گیانلەبەرانەدا کە دروستمان کردوون ئەو ئاوە دەرخواردی چوارپێو ئادەمیزاد بدەین .

وَلَقَدْ صَرَّفْنَاهُ بَيْنَهُمْ لِيَذَّكَّرُوا فَأَبَى أَكْثَرُ النَّاسِ إِلَّا كُفُورًا (٥٠)

بەڕاستی ئەم باسانەمان بە جۆرەهای جیاجیا لەناو خەڵکا گۆڕیوەو بـــۆمـــان گێڕاونەتەوە بـــۆئـــەوەی بیربکەنـــەوەو بزانن خوا چ تواناو بـــەدەسەلاتێکە ، بەلام بـــەشی زۆری خـــەڵك لـــە ئینکـاری خـــواو بێفەرمانیکردنی بەولاوەیان نەویستووە.

وَلَوْ شِئْنَا لَبَعَثْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ نَّذِيرًا (٥١)

ئـــەگـــەر بمانـــویستایە لەهەر دێیەکا پێغەمبەرێکمان ئەنارده سەر خەڵك بیانترسێنێ لە ڕۆژی دوایی .

فَلَا تُطِعِ الْكَافِرِينَ وَجَاهِدْهُم بِهِ جِهَادًا كَبِيرًا (٥٢)

دەی تـــۆ بـەگوێی کـــافرەکـــان مەکەو بە چەکی قورئان غەزایەکی گەورەیان لەدژ بکە .

وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا (٥٣)

خـــوا ئـــەو خـــوایـــە دوو دەریـــا ئەکا بە دراوسێو هاوشانی یەك ، یەکیان شیرینەو تینوێتی لائەباو یەکیان سوێرەو لەڕادەبەدەر شۆرەو ، ڕێلەیەك گرێکیشی لەنێوان هـــەردوکیانـا دانـــاوە و ناکۆکییەکی زۆریشی

خستووەتە نێوان سروشتی هەردوکیانەوە ، کە هەریەکێ تامێکی هەیەو ، کە کەمەکەیان ئەڕژێتە ناو زۆرەکەیان تا ماوەیەك هەریەکێکیان ڕێوجێیەکی تایبەتیی خۆی هەیەو تێکەڵی یەك نابن و هەرکام تامی خۆی ئەپارێزێ وەك ئاوی شەتتولعەرەب کە ئەڕژێتە دەریای هیندەوە ئەمیان شیرینەو ئەویان سوێرەو ماوەیەکیش ئاوە شیرینەکەی شەتتولعەرەب لە دەریا سوێرەکەی هیندا هەر بە شیرینی ئەمێنێ‌و تێکەڵی ئەو نابێ‌و کار لەیەکا ناکەن .

وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُ نَسَبًا وَصِهْرًا وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا(٥٤)

خوا ئەوخوایە لە ئاوی تۆم ئادەمزادی دروست کردووەو پاش ئەوە ئەو کۆمەڵە ئادەمزادانەی کردووە بە دوو بەش بەشێکیان نێرینەکانیانن کە ئەمیان کوڕی ئەوو ئەو کوڕی ئەوی ترەو ، بەشێکیان مێینەکانیانن کە لە ڕێگای شووکردن و ژن و ژنخوازەوە خزمایەتییان لەگەڵ نێرەکانیان پێ ئەکرێ‌و، خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکا ئەشکێ .

وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَنْفَعُهُمْ وَلَا يَضُرُّهُمْ وَكَانَ الْكَافِرُ عَلَى رَبِّهِ ظَهِيرًا(٥٥)

ئەو کافرە بت پەرستانە لەجیاتیی ئەوەی خوا بپەرستن شتی‌وا ئەپەرستن نە قازانجیان پێ ئەگەیەنێ‌و نە زیان واتە خۆی بۆخۆی دەسەڵاتی نە چاکەو نە خراپەی نی‌یە . بەڕاستی کافر لەدژی خوا پشتە ، پشتی شەیتان ئەگرێ لە دوژمنایەتیی کردنی خوادا .

وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا(٥٦)

ئێمە تۆمان نەناردووە بۆ سەر ئادەمیزاد ئیللا بە مژدەدەر بۆ چاکەکانیان و بە ترسێن بۆ خراپەکانیان .

قُلْ مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِلاَّ مَنْ شَاءَ أَنْ يَتَّخِذَ إِلَى رَبِّهِ سَبِيلاً(٥٧)

تۆ ئەی موحەممەد بەو کافرانە بڵێ: مـن داوای هیچ حەقدەست و کرێیەك لە ئێوە ناکەم کردەوەی چاکی کەسێ نەبێ بییەوێ ڕێگەیەك بگرێتەبەر بۆلای خوای خۆی .

وَتَوَكَّلْ عَلَى الْحَيِّ الَّذِي لاَ يَمُوتُ وَسَبِّحْ بِحَمْدِهِ وَكَفَى بِهِ بِذُنُوبِ عِبَادِهِ خَبِيرًا(٥٨)

پشت بەو خودا ببەستە کە زیندووەو نامرێو ، خاوێنی ڕاگرە لە هەرچی سیفەێکی ناتەواوی و کەموکورتییەو ، هەرچی سیفەتی چاکەو تەواوەتی هەیە بیدەرە پاڵی و ، خوا بۆخۆی بەسە بۆ ئاگاداری لە گوناهی بەندەکانی خۆی .

الَّــذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَمَــا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ الرَّحْمَنُ فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيرًا(٥٩)

ئەوخودایەی ئاسمانەکان و زەویو چی لەنێوانیانا هەیە هەمووی لە شەش ڕۆژا دروست کردو پاشان عەرشیشی داگرت . ئەو خوایە ناوی (ڕەحمان)ەو بەڕەحم و میهرەبانە ، لەبارەی ئەوەوە لە شارەزایێ بپرسە ، ئەو بۆت باس بکا چۆن خوایەکە .

وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اسْجُدُوا لِلرَّحْمَنِ قَالُوا وَمَا الرَّحْمَنُ أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا

وَزَادَهُمْ نُفُورًا(٦٠)

کە بەو کافرانە بووترێ سوجدە بەرن بۆ خوای میهرەبان و بەڕەحم، ئەڵێن خوای میهرەبان چی‌یە؟ ئێمە چۆن سوجدە ئەبەین بۆ ئەوەی تۆ فەرمانمان ئەدەیتێ سوجدەی بۆ بەرین و، ئەم فەرمانەی تۆ دوورەپەرێزتریان ئەکا.

تَبَارَكَ الَّذِي جَعَلَ فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَاجًا وَقَمَرًا مُنِيرًا(٦١)

گەورەیی بۆ خوایەکە چەند برجی لە ئاسمانا دروست کردووە کە مەنزڵی ئەستێرە گەڕۆکەکانن و چرای ڕۆژو مانگی ڕووناک کەرەوەی تیا داناوە.

وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ خِلْفَةً لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُورًا(٦٢)

خوا ئەو خوایە شەوو ڕۆژی کردووە بە پاشکۆی یەکترو هەرکامیان بەدوای ئەویانا دێ ئەمەی بۆ پەندو ئامۆژگاری وەرگرتن کردووە بۆ هەرکەس بییەوێ پەندو ئامۆژگاری وەرگرێ یا بییەوێ سوپاسی لوتفی خوا بکا.

وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا(٦٣)

بەندەی بەڕاستی بەندەیی کەری خوا ئەوانەن بەئارامی بەسەر زەویدا ئەڕۆن و بەئەدەبەوە هەڵسوکەوت ئەکەن و، ئەگەر مرۆی نەفام قسەی ناپەسەندو ناخۆشیان لەگەڵ بکەن ئەمان قسەی

ئاشتیخوازانەیان لەگەڵ ئەکەن و شەڕانی نابن لـەگەڵیان و پێیان ئەڵێن (سلام علیکم).

وَالَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَامًا (٦٤)

هەروا ئەوانەن شەو بە سوجدە بردن بۆ خواو بە نوێژکردن و لەنوێژا ڕاوەستان بۆ خوا بەسەرئەبەن.

وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا (٦٥)

ئەوانەیشن ئـەڵێن: خوایە سزای دۆزەخمان لێ لادە ، سزای دۆزەخ بارێکە تۆ لە کۆڵی مرۆی نەکەیتەوە لە کۆڵی نابێتەوە.

إِنَّهَا سَاءَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا (٦٦)

بەڕاستی دۆزەخ خراپ قەرارگاو نشینگایەکە بۆ هەرکـەسێ تووشی ببێ.

وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا (٦٧)

هـەروا بـەنـدەی ڕاستەقینەی خـوا ئەوانەن کە ماڵ خەرج ئەکەن زیـادەڕەوی نـاکـەن لـەخۆڕایی پـارە خـەرج بکـەن و ، ڕژدییش ناکەن واتە دڵیان نەیەت مەسرەف بکەن و، مـەسرەفیان لـەونێوانەدا مامناوەندی ئەبێ.

وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا (٦٨)

هەروا ئەوانەن لەگەڵ خوادا هاوار نـاکـەنـە خوایەکی‌ترو خوای‌تر ناپەرستن و گیانی ئـادەمیزاد نـاکێشن کە خـوا حـەرامی کردووە

گیانی بکێشرێ و بکوژرێ مەگەر بە حەق وەك ئەوە کە یەکێکی کوشتبێ و ، داوێن پیسی ناکەن و ، هەرکەس ئەوانە بکا تووشی گوناەو تاوان ئەبێ .

يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا (٦٩)

سزای لە ڕۆژی قیامەتا بۆ دووقات ئەکرێ و هەمیشە بەسووکی لە دۆزەخا ئەمێنێتەوە .

إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا (٧٠)

مەگەر یەکێ کە تۆبەی کردبی لە کافری و باوەڕی بە خوا هەبێ و ئیشی چاکەی کردبێ . ئەو جۆرە کەسانە هەرچی کاری خراپیان لەوەپێش کردووە خوا بۆیان ئەگۆڕێ بە چاکەو ، خوا گوناەبەخش و بەڕەحم و میهرەبانە .

وَمَنْ تَابَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَإِنَّهُ يَتُوبُ إِلَى اللَّهِ مَتَابًا (٧١)

هەرکەسێکیش تۆبە بکا لە کوفرو لە گوناەو نەگەڕێتەوە سەریان ، ئەوە بەڕاستی ئەگەڕێتەوە بۆ لای خوا .

وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا (٧٢)

هەروا ئەوکەسانەیشن کە شایەتیی درۆ نادەن و ، ئەگەر بە لای شتێکی هیچوپووچ و ناڕەوادا تێپەڕین مەردانەو بەشەرەفەوە بەلایا تێئەپەڕن و چاوپۆشیی لێ ئەکەن .

وَالَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا (٧٣)

ئەوانەیشن کە ئەگەر ئایەتی خوا بهێنرێتەوە یادیان یا ئایەتی

قورئانیان بەسەرا بخوێنرێتەوە ، بـە کـەڕو کوێری نـاکـەون بەسەریا وەك هیچ نەبینن و گوێیان لە هیچ نەبێ .

وَالَّذِيـنَ يَقُولُـونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِـنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا(٧٤)

ئەوانەیشن کـە لـە خـوا ئـەپاڕێنەوەو ئەڵێن خوایە کەسیوامان لە ژن و منداڵەکانمان پێ ببەخشە مـایـەی ڕوونـاکیی چـاوو شـادمـانیو سەربەرزی بێ بۆمان و بمانکـە بە پێشەوای ئـەو جۆرەکـەسانەی لە خوای خۆیان ئەترسن و خۆیان لە گوناه ئەپارێزن .

أُولَئِكَ يُجْزَوْنَ الْغُرْفَةَ بِمَا صَبَرُوا وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلامًا(٧٥)

ئـەوانـە بـەرانبەر بـە خـۆ ڕاگرتنیان لـەسەر ئەرك و ناڕەحەتیی خواپەرستیو گوناه نەکردن بەرزترین شوێنی بـەهەشتیان لە پاداشا ئەدرێتیو لـەو شوێنانـەدا فریشتە سڵاویـان لێ ئـەکـەن و دوعـای خێرو خۆشییان بۆ ئەکەن .

خَالِدِينَ فِيهَا حَسُنَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا(٧٦)

هـەتـا هـەتـایـە لـەو شوێنە بـەرزانەی بەهەشتا ئەمێننەوەو ، شوێنەکـەیـان شوێنی زۆر چاك و خـۆشە بۆ ئۆقرە تیا گرتن و تیا دانیشتن و جێگیربوون .

قُلْ مَا يَعْبَؤُا بِكُمْ رَبِّي لَوْلا دُعَاؤُكُمْ فَقَدْ كَذَّبْتُمْ فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًا(٧٧)

تۆ ئەی موحەممەد ! بەو کافرانە بڵێ خـوا هیچ بایەخێکتان ناداتێ ئـەگـەر لـەبـەرئـەوە نـەبێ کە بانگتان بکا بۆ باوەڕ بە خواو بە

پێغەمبەری خـوا تـا لـەوەپاش بڕوبیانووتان نەمێنیۆ نەڵێن کەس بانگی نەکردین بۆ موسوڵمان بوون ، چونکە ئێوە خواو پێغەمبەرتان بە درۆ لەقەڵەمداوەو لەبەرئەوە سزای ئەو تاوانەتان پێوە ئەنووسیۆ ناچاری ئەبیۆ ئەو سزایەتان هەر ئەدرێ .

سوورەتی (الشعراء)

مەککەیی‌یەو (٢٢٧) ئایەتە

ئایەتی ١٩٧و لە ئایەتی ٢٢٤ ەوە نەبێ تا ئاخری سوورەتەکە ، ئەوانەی مەدینەیین

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

طسٓمٓ (١)

خوا خۆی ئەزانێ مەبەستی لەم وشەیە چی‌یە .

تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ (٢)

ئەم سوورەتە چەند ئایەتێکی قورئانی ڕاست و ڕۆشنە .

لَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَّفْسَكَ أَلاَّ يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ (٣)

لەوانەیە لەبەرئەوەی ئەم کافرانە موسوڵمان نابن تۆ ئەوەندە خۆت ناڕەحەت بکەی خۆت بدەی بەکوشت . واتە : بەزەییت بە خۆتا بێتەوەو وا لە خۆت مەکە .

إِن نَّشَأْ نُنَزِّلْ عَلَيْهِم مِّنَ السَّمَاءِ آيَةً فَظَلَّتْ أَعْنَاقُهُمْ لَهَا خَاضِعِينَ (٤)

ئەگەر ئێمە ئارەزوومان لێ بێ نیشانەیەك لە ئاسمانەوە ئەنێرینە خوارەوە بۆسەر ئەم کافرانە ناچاریان بکا موسوڵمان بین ، نیشانەیەکی‌وا تا ماون ملکەچ بن بۆی .

وَمَا يَأْتِيهِم مِّنْ ذِكْرٍ مِّنَ الرَّحْمَنِ مُحْدَثٍ إِلاَّ كَانُواْ عَنْهُ مُعْرِضِينَ (٥)

هیچ پەندو ئامۆژگارییەکی نوێ لای خواوە نایەتەخوار بۆسەر ئەو

کافرانە ، ئیللا پشتی لێ هەڵئەکەن و گوێی نادەنێ .

فَقَدْ كَذَّبُوا فَسَيَأْتِيهِمْ أَنْبَاءُ مَا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ (٦)

ئەوەتا ئەوانە ئایەتەکانی خوایان بە درۆ دانا ، جا لەمەوپاش هەواڵی پاداشی ئەو ئایەتانەیان بۆ دێ کە گاڵتەیان پێ ئەکردن و لێی حاڵی نەبن .

أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَى الْأَرْضِ كَمْ أَنْبَتْنَا فِيهَا مِنْ كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ (٧)

ئـایا ئەوانــە ناڕوانن بۆ زەوی کە چەند جۆرە درەخت و شینایی و سەوزەو داری بەردارمان تیا ڕواندووە لــە هــەر جـۆرێکی پڕقــازانج و بەسوود.

إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ (٨)

بەڕاستی ئەم کارەی ئێمە نیشانەی ئەوەی تیایە کەوا ئەو خوایەی ئەو دارو درەخت و سەوزایی و شیناییانەی ڕواندووە خوایــەکی حەق و ڕاستە ، بـەڵام بــەشی زۆری ئــەوانــە موسوڵمان نین و ئیمان نـاهێنن چونکە هــەر لــە سەرەتــاوە وا لــە عیلمی خــوادا ڕابــوردووەو قەت پێچەوانەی ئەوەیش کە لە عیلمی خوادا ڕابووردووە ، ڕوونادا .

وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ (٩)

بەڕاستییش خــوای تــۆ هــەر خۆی زاڵە بــەسەر کافرانداو ئەتوانێ هەمیشە تۆڵەیان لێ بسێنێ ، بەڵام بەڕەحمیشە دوایان ئەخا بۆ ڕۆژی قیامەت .

وَإِذْ نَادَى رَبُّكَ مُوسَى أَنِ ائْتِ الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (١٠)

یــادی ئــەوە بکــەرەوە کە خوا بانگی کردە مووساو پێی‌وت : بێ

برۆره سه‌ر خێڵی سته‌مکاران.

قَوْمَ فِرْعَوْنَ أَلَا يَتَّقُونَ(١١)

خێڵی فیرعه‌ون ،ئه‌وه هێشتا له خوا ناترسن ؟ واته : ده با ئێتر له خوا بترسن.

قَالَ رَبِّ إِنِّي أَخَافُ أَنْ يُكَذِّبُونِ(١٢)

مووسایش وتی : خوایه به‌ڕاستی من ئه‌ترسم به درۆزنم دانێن .

وَيَضِيقُ صَدْرِي وَلَا يَنْطَلِقُ لِسَانِي فَأَرْسِلْ إِلَى هَارُونَ(١٣)

سینه‌یشم ته‌نگ ئه‌بێ‌و زمانم ئه‌گیرێ‌و به‌رنابێ ، ده‌ی فریشته‌ی وه‌حی بنێره لای هاروونی برام ، واته ئه‌ویش له‌گه‌ڵما بکه به فروستاده‌ی خۆت بۆسه‌ر فیرعه‌ون.

وَلَهُمْ عَلَيَّ ذَنْبٌ فَأَخَافُ أَنْ يَقْتُلُونِ(١٤)

سزای گوناهێکیشیانم له‌سه‌ره پیاوێکم لێ کوشتووون ، بۆیه ئه‌ترسم بمکوژن .

قَالَ كَلَّا فَاذْهَبَا بِآيَاتِنَا إِنَّا مَعَكُمْ مُسْتَمِعُونَ(١٥)

خوا فه‌رمووی: نه‌خێر مه‌ترسه . به نیشانه‌کانی ئێمه‌وه برۆنه سه‌ریان، ئێمه له‌گه‌ڵتانین. گوێمان لێیه چییان پێ ئه‌ڵێن‌و چیتان وه‌ڵام ئه‌ده‌نه‌وه.

فَأْتِيَا فِرْعَوْنَ فَقُولَا إِنَّا رَسُولُ رَبِّ الْعَالَمِينَ(١٦)

بێنه لای فیرعه‌ون‌و پێی بڵێن : ئێمه فروستاده‌ی خوای هه‌موو جیهانه‌کانین .

أَنْ أَرْسِلْ مَعَنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ(١٧)

بۆئەوە هاتووین بەنیئیسرائیلمان لەگەلّ بنێری.

قَالَ أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدًا وَلَبِثْتَ فِينَا مِنْ عُمُرِكَ سِنِينَ(١٨)

فیرعەون بە مووسای وت: ئایا ئێمە تۆمان لەناو خۆمان و لە مالّی خۆمانا بەمنالّی پەروەردەو بەخێو نەکردو، چەند سالّێکی تەمەنت بەمنالّی لەناو ئێمەدا مایتەوە؟

وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ الَّتِي فَعَلْتَ وَأَنْتَ مِنَ الْكَافِرِينَ(١٩)

کارە ناپەسەندەکەیشت کرد کە کردت، کە ئەوەبوو قیبتییەکەت کوشت و لەوانەبووی کە ئینکاری نیعمەتی من بەسەریانەوە ئەکەن؟

قَالَ فَعَلْتُهَا إِذًا وَأَنَا مِنَ الضَّالِّينَ(٢٠)

مووسایش وتی: بەلّێ من کاتی خۆی ئەو کارە ناپەسەندەم کردو من ئەوکاتە نەزان و گومڕا بووم ئەگینا شتیوام نەئەکرد.

فَفَرَرْتُ مِنْكُمْ لَمَّا خِفْتُكُمْ فَوَهَبَ لِي رَبِّي حُكْمًا وَجَعَلَنِي مِنَ الْمُرْسَلِينَ(٢١)

جا کە ترسام لێتان لەدەستان هەلاّتم و، خوای خۆیشم پاش ئەوە فەرمانی پێ بەخشیم و کردمی بە یەکێ لە پێغەمبەران.

وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أَنْ عَبَّدْتَ بَنِي إِسْرَائِيلَ(٢٢)

ئەو نیعمەتەیش کە تۆ منەتی ئەخەیتە سەرم لەئەنجامی ئەوەوە بوو کە تۆ بەنیئیسرائیلت کردبوو بە بەندەو کوێلەی خۆت و منیش لەترسی تۆ کەوتمە دستی ئێوەو بەخێوتان کردم.

قَالَ فِرْعَوْنُ وَمَا رَبُّ الْعَالَمِينَ(٢٣)

فیرعەون وتی: ئەی خوای هەموو جیهانەکان چییە کە ئەلّێی من

فروستادەی ئەوم ؟

قَالَ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا إِنْ كُنتُم مُّوقِنِينَ(٢٤)

مووسایش وتی : خوای ئاسمانەکان و زەویو هەرچی شتێ کە لەنێوانیانایە ئەگەر ئێوە شت ئەزانن و دڵنیان لە زانایيی خۆتان.

قَالَ لِمَنْ حَوْلَهُ أَلَا تَسْتَمِعُونَ(٢٥)

فیرعەون وتی بەوانەی بەدەوروبەریدان : ئەوە ئێوە گوێناگرن لەو وەلامەی مووسا وەلامی پرسیارەکەی منی پێ ئەداتەوە ؟ من پرسیار لە زاتی خواکەی ئەکەم و ئەو وەلام بە کردەوەکانی ئەداتەوە !

قَالَ رَبُّكُمْ وَرَبُّ آبَائِكُمُ الْأَوَّلِينَ(٢٦)

مووسا وتی : ئەو خودا خودای ئێوەو خودای باوك و باپیرە پێشینەکانیشتانە .

قَالَ إِنَّ رَسُولَكُمُ الَّذِي أُرْسِلَ إِلَيْكُمْ لَمَجْنُونٌ(٢٧)

فیرعەون وتی : ئەم فروستادەیەی نێرراوەتە سەر ئێوە ، بەڕاستی شێتە .

قَالَ رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَمَا بَيْنَهُمَا إِنْ كُنْتُمْ تَعْقِلُونَ(٢٨)

مووسا وتی : خوای خۆرهەلات و خۆرنشین و هەرچی شتێکیشە لەنێوانیانایە ئەگەر ئێوە عەقڵتان هەیەو ئەفامن چونکە زاتی خوا بۆ کەس بەیان ناکریو ئەوەی بەیان ئەکرێ تەنها سیفەتەکانیو کردەوەکانیەتی .

قَالَ لَئِنِ اتَّخَذْتَ إِلَهًا غَيْرِي لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ الْمَسْجُونِينَ(٢٩)

فیرعەون کە نەیتوانی بە بەڵگە مووسا ببەزێنێ کەوتە هەڕەشە

لی کردنیو وتی : ئـەگـەر لـە من بەولاوە خوایەکیتر بۆ خۆت ڕاگریو کەسێکیتر بپەرستی ئەتکەم بـە یـەکێ لەوانەی خراونەتە زیندانەوەو بەندکراون .

قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكَ بِشَيْءٍ مُّبِينٍ (٣٠)

مووسا وتی : ئـەی ئەگەر موعجیزەیەکی دیارو ئاشکرایشت بۆ بێنم هەر ئەمخەیتە زیندانەوە ؟

قَالَ فَأْتِ بِهِ إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (٣١)

فیرعەون وتی : ئەگەر ڕاست ئەکەی موعجیزەکەت بێنەو پیشانیدە .

فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ (٣٢)

مووسا عـاساکـەی دەستی هـەڵدایـە سەر زەوی ، کوتوپڕ ئەبینن مارێکی ئاشکرایەو دیارە کە مارە.

وَنَزَعَ يَدَهُ فَإِذَا هِيَ بَيْضَاءُ لِلنَّاظِرِينَ (٣٣)

دەستیشی لـــە بـــن باخەڵی خۆی دەرهێنا کوتوپڕ ئەبینن چرایەکی سپیو بەگڕە بۆ هەرکەس تەماشای بکاو بۆی بڕوانێ .

قَالَ لِلْمَلَإِ حَوْلَهُ إِنَّ هَٰذَا لَسَاحِرٌ عَلِيمٌ (٣٤)

فیرعەون کە ئەم موعجیزانەی مووسای بینی بە کۆمەڵە خەڵکەکەی دەوروبەری خۆیی وت : بەڕاستی ئەم مووسایە جادووگەرێکی زۆرزانە .

يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ (٣٥)

ئەیەوێ بە سیحرو جـادووی خـۆی لەم خاکی خۆتانەتان دەرکاتە دەرەوە ، جا ئێوە فەرمانتان بە چییە ؟

قَالُوا أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَابْعَثْ فِي الْمَدَائِنِ حَاشِرِينَ (٣٦)

خەڵکەکەی دەوروبەریشی وتیان: مووساو براکەی لێرە ماتڵکەو ڕایانگرەو چەندکەسێکی خەڵککۆکەرەوە بلاوکەرەوە بە شارانا،

يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَحَّارٍ عَلِيمٍ(٣٧)

هەرچی جادووگەری زۆرزان هەیە هەموویان بهێننەلات.

فَجُمِعَ السَّحَرَةُ لِمِيقَاتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ(٣٨)

جا هەموو جادووگەرەکان لە ڕۆژێکی دیاریکراوا کۆکرانەوە.

وَقِيلَ لِلنَّاسِ هَلْ أَنْتُمْ مُّجْتَمِعُونَ(٣٩)

جاریش بەناو خەڵکا درا: ئاخۆ ئێوە کۆئەبنەوە بۆ سەیرکردنی جادووگەران،

لَعَلَّنَا نَتَّبِعُ السَّحَرَةَ إِنْ كَانُواْ هُمُ الْغَالِبِينَ(٤٠)

تا شوێنی جادووگەرەکانی خۆمان بکەوین ئەگەر ئەمان زاڵبوون بەسەر مووساو براکەیا.

فَلَمَّا جَاءَ السَّحَرَةُ قَالُواْ لِفِرْعَوْنَ أَئِنَّ لَنَا لَأَجْرًا إِنْ كُنَّا نَحْنُ الْغَالِبِينَ(٤١)

سیحربازەکان کە هاتن بە فیرعەونیان وت: ئایا ئەگەر ئێمە سەرکەوتین بەسەر مووساو براکەیا، کرێیەکمان ئەبێ، واتە: خەلاتمان ئەکەی؟

قَالَ نَعَمْ وَإِنَّكُمْ إِذًا لَّمِنَ الْمُقَرَّبِينَ(٤٢)

فیرعەون وتی: بەڵێ ئەتانبێ و ئێوە ئەوکاتە بەڕاستی لە نزیکانی بارەگای ئێمە ئەبن!

قَالَ لَهُم مُّوسَى أَلْقُواْ مَا أَنْتُم مُّلْقُونَ(٤٣)

مووسا بە سیحربازەکانی وت: ئەوەی هەڵیئەدەن، هەڵیدەن. مەبەستی لەو شتانەیە کە جادووەکەی خۆیانیانی پێ ئەکەن.

فَأَلْقَوْا حِبَالَهُمْ وَعِصِيَّهُمْ وَقَالُوا بِعِزَّةِ فِرْعَوْنَ إِنَّا لَنَحْنُ الْغَالِبُونَ(٤٤)

ئەوانیش هەرچی گوریس و عاسایان هەبوو هەموویان هەڵداو وتیان: قەسەم بە گەورەییی فیرعەون بەڕاستی هەر ئێمە زاڵین.

فَأَلْقَى مُوسَى عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ(٤٥)

پاشان مووسایش عاسای خۆی هەڵداو کوتوپڕ بوو بە مارێکی‌وا هەرچی جادووگەرەکان هەڵیاندابوو و بە ساختە کردبوویانن بە مار هەمووی هەڵلووشین و قووتی‌دان.

فَأُلْقِيَ السَّحَرَةُ سَاجِدِينَ(٤٦)

جا جادووگەرەکان لەپەوڕوو کەوتن و سوجدەیان بۆ خوا برد بۆ نیشانەی بێ‌دەسەلاتییان لە بەردەمی موعجیزەی مووسادا.

قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ الْعَالَمِينَ(٤٧)

وتیان: ئیمانمان بە خوای هەموو جیهانەکان هێنا.

رَبِّ مُوسَى وَهَارُونَ(٤٨)

کە خوای مووساو هاروونە.

قَالَ آمَنتُمْ لَهُ قَبْلَ أَنْ آذَنَ لَكُمْ إِنَّهُ لَكَبِيرُكُمُ الَّذِي عَلَّمَكُمُ السِّحْرَ فَلَسَوْفَ تَعْلَمُونَ لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَافٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ(٤٩)

فیرعەون تووڕە بوو و وتی: بەرلەوەی من ڕێتان بدەم ئیمانتان

بە مووسا هێنا ؟ دیارە مووسا ئەو سەرگەورەیەتانە کە جادووی فێرکردوون . لەمەوپاش ئەزانن چیتان پێئەکەم و بە چ دەردێکتان ئەبەم ! بەڕاستی دەست و قاچی هەمووتان ، ڕاست و چەپ ، ڕاستی ئەمیان و چەپی ئەویان ، ئەبڕمەوەو گشتتان هەڵئەواسم .

قَالُوا لَا ضَيْرَ إِنَّا إِلَى رَبِّنَا مُنْقَلِبُونَ (٥٠)

جادووگەرەکان وتیان : هەرچیمان لێ بکەی زیانی نییەو قەیدناکا ، ئێمە ئەگەڕێینەوە بۆلای خوای خۆمان کە پەروەردگاری هەموو جیهانەکانە .

إِنَّا نَطْمَعُ أَنْ يَغْفِرَ لَنَا رَبُّنَا خَطَايَانَا أَنْ كُنَّا أَوَّلَ الْمُؤْمِنِينَ (٥١)

ئێمە بەتەمای ئەوەین خوای خۆمان لە گوناەو خەتامان خۆش ببێ لەبەرئەوە کە بەر لە هەرکەس ئیمانمان بە مووسا هێناوە .

وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِي إِنَّكُمْ مُتَّبَعُونَ (٥٢)

ئێمەیش وەحیمان کرد بۆ مووسا کە بەشەو بەنیئیسرائیلییە بەندەکانم هەڵگرەو بیبانبەو زوو دەرچن ، بەدووتانەوەن ، سوپای فیرعەون لەدووتان دێ بتانگرێتەوە .

فَأَرْسَلَ فِرْعَوْنُ فِي الْمَدَائِنِ حَاشِرِينَ (٥٣)

مووساو ئەو بەنیئیسرائیلییانەی لەگەڵی ڕۆیشتن بەشەو بۆی دەرچوون . فیرعەونیش مەئمووری سوپا کۆکردنەوەی دەرکرد بۆ شاران بێن بچن بەدوایانا بیبانگرنەوە .

إِنَّ هَؤُلَاءِ لَشِرْذِمَةٌ قَلِيلُونَ (٥٤)

بەخەڵکی شارەکانیان وت : ئەم تاقمی مووساو بەنیئیسرائیلییانە

کۆمەڵێکی کەمن .

وإنهم لنا لغائظون (٥٥)

ئەمانە کاریوا ئەکەن ئێمە زویرو توورە ئەکەن پێی .

وإنا لجميع حاذرون (٥٦)

ئێمەیش کۆمەڵێکین عادەتمانە وریاو ئاگادار بین و لە کاروباردا توندی بەکاربێنین .

فأخرجناهم من جنات وعيون (٥٧)

جا فیرعەون و تاقمەکەیانمان لەو باخ و باخات و کانیاوانە دەرکرد کە بەدەستیانەوە بوون .

وكنوز ومقام كريم (٥٨)

لەو گەنجینەو سامان و شوێنە بەرزانەیش کە هەیانبوون .

كذلك وأورثناها بني إسرائيل (٥٩)

مەسەلەکە ئاوابوو ، ئەوەی لە فیرعەون و تاقمەکانیانمان سەندەوە بەمیرات دامان بە بەنیئیسرائیل .

فأتبعوهم مشرقين (٦٠)

جا فیرعەون و تاقمەکەی ڕووەو ڕۆژهەڵات ، کەوتنە دوای بەنی ئیسرائیل .

فلما تراءى الجمعان قال أصحاب موسى إنا لمدركون (٦١)

کە فیرعەون و تاقمەکەی نزیك کەوتنەوە لە بەنیئیسرائیلییەکان و هەردوولا دەرکەوتن بۆ یەکتر ، ئەوانەی لەگەڵ مووسا بوون وتیان : بەڕاستی پێمان گەیشتوونەتەوە ، واتە دوژمن پێمان گەیشتووەتەوە .

قَالَ كَلَّا إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِينِ(٦٢)

مووسایش وتی : نەخێر، مەترسن . بەڕاستی من خوای خۆمم لەگەڵە ڕێگەی ڕزگاریم پیشان ئەدا چۆن لەدەست فیرعەون و تاقمەکەی ڕزگار ببین .

فَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْبَحْرَ فَانفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّوْدِ الْعَظِيمِ(٦٣)

جا وەحیمان کرد بۆ مووسا کەوا بە عاساکەت بدە لە دەریای نیل، ئەویش لێیداو نیل بوو بە دوو کەرتەوە هەر کەرتێکیان وەك کێوێکی گەورە بەرزبووەوە .

وَأَزْلَفْنَا ثَمَّ الْآخَرِينَ(٦٤)

جا ئەوانیشمان ، کە فیرعەون و تاقمەکەینی ، لەویادا نزیك کردەوە لەو شوێنەی ئاوەکە بۆ مووسا بووبوو بە دوو کەرتەوە بە لێدانی عاساکەی .

وَأَنْجَيْنَا مُوسَى وَمَن مَّعَهُ أَجْمَعِينَ (٦٥)

جا مووساو ئەوانەی لەگەڵ مووسا بوون هەموومان ڕزگارکردن .

ثُمَّ أَغْرَقْنَا الْآخَرِينَ(٦٦)

پاشانیش ئەوانیترمان ، واتە فیرعەون و لەشکرەکەی لەگەڵی بوو ، هەموومان خنکاندن .

إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ(٦٧)

بێگومان لەم ڕووداوەدا دەلیلێکی گەورە لەسەر توانایی ئێمە هەیە ، بەڵام بەشی زۆری ئەو خەڵکە ئیمانیان نەبوو ئەگینا پەندو

عیبرەتیان لەو دەلیلانەی گەورەیی ئێمە وەرئەگرت .

وإن ربك لهو العزيز الرحيم(٦٨)

بەڕاستی هەر خوای تۆ خاوەن عیززەتەو بەرەحمیشە .

واتل عليهم نبأ إبراهيم(٦٩)

باسی بەسەرهاتی ئیبراهیم پێغەمبەریشیان بەسەرا بخوێنەرەوە .

إذ قال لأبيه وقومه ما تعبدون(٧٠)

کاتێ کە بە باوکیو بە خێڵەکەیی وت : ئێوە چی ئەپەرستن ؟

قالوا نعبد أصناما فنظل لها عاكفين(٧١)

ئەوانیش وتیان: هەندێ بت ئەپەرستین و بەدیاریانەوە ئەمێنینەوە .

قال هل يسمعونكم إذ تدعون(٧٢)

ئیبراهیمیش وتی : ئەو بتانەی ئەیانپەرستن، گوێیان لێتانە کاتێ کە هاواریان لێ ئەکەن و بانگیان ئەکەن ؟

أو ينفعونكم أو يضرون(٧٣)

یا سوودتان پێ ئەگەیەنن یا زیانتان تووش ئەکەن ؟

قالوا بل وجدنا آباءنا كذلك يفعلون(٧٤)

بت پەرستەکانیش وتیان : مەسەلە قازانج و زیان گەیاندن نییە ، مەسەلە ئەوەیە ئێمە باوك و باپیری خۆمانمان دیوە ئەوانیش هەر وایان ئەکرد و ئەم بتانەیان ئەپەرست .

قال أفرأيتم ما كنتم تعبدون(٧٥)

ئیبراهیم وتی : دەربارەی حاڵی ئەو شتانەی ئەتانپەرستن خەبەرم بدەنێ .

أَنتُمْ وَآبَاؤُكُمُ الْأَقْدَمُونَ(٧٦)

ئێوەو باوك و باپیرە پێشینەکانتان ، واتە: ئەو بتانەی ئێوە ئەتانپەرستن و باوك و باپیرانیشتان ئەیانپەرستن .

فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِّي إِلَّا رَبَّ الْعَالَمِينَ(٧٧)

ئایا هیچ چاکەیەکیان پێوە هەیە ؟ مادەم چاکەیان پێوە نییەو سوودیان نییە ، ئەوانە هەموو دوژمنی منن . هەرخوای هەموو جیهانەکان خۆشەویستی منە .

الَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهْدِينِ(٧٨)

ئەو خودایەی کە دروستی کردووم و کەواتە هەر ئەویشە ڕێگای ڕاستم لە ژیانا پیشان ئەدا .

وَالَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ(٧٩)

هەر ئەویشە هەرچییەك بخورێ و بخورێتەوەم ئەداتێ .

وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ(٨٠)

کە نەخۆشیش کەوتم ئەوە چاکم ئەکاتەوە .

وَالَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ يُحْيِينِ(٨١)

هەر ئەویشە ئەممرێنێ و پاشان زیندووم ئەکاتەوە .

وَالَّذِي أَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدِّينِ(٨٢)

ئەو خودایشەیە کە هیوام وایە لە ڕۆژی قیامەتا تاوانم ببەخشێ و لێم خۆش ببێ .

رَبِّ هَبْ لِي حُكْمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ(٨٣)

خوایە حوکم و هێزم پێ ببەخشە بۆ خزمەتکردنی خەڵك و بمخەرە

ڕیزی پیاو چاکانەوە .

وَاجْعَل لِّي لِسَانَ صِدْقٍ فِي الْآخِرِينَ(٨٤)

بە چاکە ناوهێنانێکی بەڕاستیشم بۆ بڕەخسێنە لەناو ئەوانەدا پاش من دێن ، واتە وەچەی پاش ئێمە لەسەر بنەمایەکی ڕاست بە چاکە ناوم بهێنن . ئەمەیش بەوە ئەبێ کە تەوفیقم بدەی خۆم تا لە ژیانام گوفتارو ڕەفتاری چاکم هەبێ .

وَاجْعَلْنِي مِن وَرَثَةِ جَنَّةِ النَّعِيمِ(٨٥)

بیشمکە بە یەکێ لەوانەی بەهەشتیان لە پاداشی کردەوەی چاکیانا وەك میرات بۆ ئەمێنێتەوە .

وَاغْفِرْ لِأَبِي إِنَّهُ كَانَ مِنَ الضَّالِّينَ(٨٦)

لە باوکیشم خۆش ببەو گوناهی ببەخشە. ئەو یەکێ بوو لە گومڕاهان و ڕێی ڕاستی ون کردبوو .

وَلَا تُخْزِنِي يَوْمَ يُبْعَثُونَ(٨٧)

ڕسوایشم مەکە لەورۆژەدا کە مردووان هەموو زیندوو ئەکرێنەوە کە ڕۆژی قیامەتە لەسەرئەوە کە لە ژیانما کەموکورتییەکم لە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی تۆدا بووبێ، یا بە سزادانی باوکم چونکە لە ڕیزی گومڕاهانا بوو.

يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ(٨٨)

ئەورۆژەی کە نە دارایی و نە کوڕ سوودی نییەو دادی کەس نادا چونکە کەس بە پارەو بە کوڕو کەسوکار خۆی لە سزای ڕۆژی قیامەت پێ ڕزگار ناکرێ .

إلا مَنْ أتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ(٨٩)

بەلام ئەگەر کەسێ بە دلێکی ساف و ساغ و پاك لە گوناهەوە هاتبێتە حوزووری خوا ، ئەوە سوود لەو حالەی خۆی ئەبینێ .

وَأُزْلِفَتِ الْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ(٩٠)

لەو ڕۆژەدا بەهەشت نزیك ئەخرێتەوە بۆ ئەوکەسانەی لە خوای خۆیان ترساون و خۆیان لە کوفرو لە گوناه دوور ڕاگرتووە .

وَبُرِّزَتِ الْجَحِيمُ لِلْغَاوِينَ(٩١)

دۆزەخیش زەق دەرئەخرێت بۆ ئەوانەی کە گومڕا بوون .

وَقِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ تَعْبُدُونَ(٩٢)

ئەیشوترێ بەو گومڕاهانە : لەکوێن ئەوانەی ئەتانپەرستن و ،

مِنْ دُونِ اللَّهِ هَلْ يَنْصُرُونَكُمْ أَوْ يَنْتَصِرُونَ(٩٣)

لاتان ئەدا لە خوا ؟ ئایا ئەوانە یارمەتیتان ئەدەن یا بۆخۆیان یارمەتی لە کەسەوە وەرئەگرن ؟

فَكُبْكِبُوا فِيهَا هُمْ وَالْغَاوُونَ(٩٤)

جا ئەوانە جار لەدوای جار لەگەڵ گومڕاهانیترا ئەخرێنە ناو دۆزەخەوە.

وَجُنُودُ إِبْلِيسَ أَجْمَعُونَ(٩٥)

سەربازەکانی شەیتانیش هەموو ئەخرێنە ناو دۆزەخ .

قَالُوا وَهُمْ فِيهَا يَخْتَصِمُونَ(٩٦)

جا ئەوانە لە دۆزەخا ، لەحالێکا کە ئەبێ بە هەرایان و ئەچن بەگژی یەکا ، لەناو خۆیانا بە بتەکانیان ئەڵێن :

تَاللَّهِ إِنْ كُنَّا لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ(٩٧)

قەسەم بەخوا ئێمە بەڕاستی لە گومڕاهییەکی ئاشکرادا بووین .

إِذْ نُسَوِّيكُمْ بِرَبِّ الْعَالَمِينَ(٩٨)

کە ئێوەمان لەگەڵ خوای هەردوو جیهانا لە یەك ئاستا دائەناو وەك یەك ئەمانپەرستن و وەك ئەو بە شایانی پەرستنمان دائەنان .

وَمَا أَضَلَّنَا إِلَّا الْمُجْرِمُونَ(٩٩)

کەسیش ئێمەی گومڕا نەکردو لە ڕێی لانەداین تاوانبارەکان نەبێ .

فَمَا لَنَا مِنْ شَافِعِينَ(١٠٠)

جا ئێستا هیچ تکاکارێکمان نییە تکامان بۆ بکا لەم حاڵە ڕزگارمان ببێ.

وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٍ(١٠١)

هیچ دۆستێکی گەرم و ڕاستەقینەیشمان نییە .

فَلَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ(١٠٢)

خۆزگە گەڕانەوەیەکمان بوایە بۆ دنیا تا ئیمانمان بهێنایەو لە موسوڵمانان بووینایە .

إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ(١٠٣)

بەڕاستی ئەم باسە دەلیلی تیایە لەسەر گەورەییی خواو ، بەشی زۆری ئەو خەڵکە ئیمانیان نەبوو.

وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ(١٠٤)

هەر خوای تۆیش بەڕاستی زاڵە بەسەر هەرچیدا بییەوێ بیکاو لەگەڵ خەڵکیش بەڕەحم و میهرەبانە .

كَذَّبَتْ قَوْمُ نُوحٍ الْمُرْسَلِينَ(١٠٥)

قـەومی نـووح باوەڕیان بە نووح نەكردو هەموو پێغەمبەرانیان بە درۆزن دانا .

إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ نُوحٌ أَلاَ تَتَّقُونَ(١٠٦)

ئەوەبوو نووحی برایان پێیوتن: ئەوە ئێوە لە خوا ناترسن ؟

إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ(١٠٧)

من بەڕاستی فروستادەیەكی ئەمین و ساغ و پاكم لـە خواوە بۆ لای ئێوە .

فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ(١٠٨)

كەواتە لە خوا بترسن و ، چیم پێ وتن بەقسەم بكەن .

وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ(١٠٩)

من داوای هیچ كـرێ دەستێك لـە ئێوە نـاكـەم ، كرێ دەستی من لەسەر كەس نییە لەسەر خوای هەموو جیهانەكان نەبێ .

فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ(١١٠)

كەواتە لە خوا بترسن و چیم پێ وتن بەقسەم بكەن.

قَالُوا أَنُؤْمِنُ لَكَ وَاتَّبَعَكَ الْأَرْذَلُونَ(١١١)

قـەومـەكـەی نـووحیش بە نووحیان وت : ئێمە چۆن باوەڕت پێ بكەین و بە پێغەمبەرت بزانین لـەكاتێكا كە تۆ لاتولووتترین و هەرچی و پەرچیترین كەست شوێن كەوتوون ؟

قَالَ وَمَا عِلْمِي بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ(١١٢)

نووحیش وتی : جـا من چوزانم ئەوانە كاتی خۆی بەرلەوەی باوەڕ

بە من بکەن چییان ئەکرد ؟

إِنْ حِسَابُهُمْ إِلا عَلَى رَبِّي لَوْ تَشْعُرُونَ(١١٣)

لێپرسینەوەی ئەوان لەسەر کەس نی‌یە لەسەر خوای خۆم نەبێ . ئەگەر ئێوە هەست و شوعوورتان هەبوایە ئەمەتان ئەزانی .

وَمَا أَنَا بِطَارِدِ الْمُؤْمِنِينَ(١١٤)

من خاوەن بڕواکان لە دەوروبەری خۆم دەرناکەم .

إِنْ أَنَا إِلاَّ نَذِيرٌ مُّبِينٌ(١١٥)

من لە ئینسانێ بەولاوە نیم کە خەڵك لە عەزابی خوا ئەترسێنم .

قَالُوا لَئِن لَّمْ تَنْتَهِ يَانُوحُ لَتَكُونَنَّ مِنَ الْمَرْجُومِينَ(١١٦)

کافرەکانی قەومی نووح بە نووحیان وت : ئەگەر بێتو واز لەم قسانە نەهێنی و بێدەنگ نەبی ئەبی بە یەکێ لەوکەسانەی سەنگەسارو بەردباران کراون .

قَالَ رَبِّ إِنَّ قَوْمِي كَذَّبُونِ(١١٧)

نووحیش بە خوای وت : خوایە ! بەڕاستی قەومەکەم بە درۆزنیان دانام و باوەڕیان پێ نەکردم .

فَافْتَحْ بَيْنِي وَبَيْنَهُمْ فَتْحًا وَنَجِّنِي وَمَن مَّعِيَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ(١١٨)

خوایە کەواتە بڕیاری خۆت لەنێوان من و ئەم کافرانەدا بدەو خۆم و کێم لەگەڵە لە موسوڵمانان ، ڕزگارمان بکە .

فَأَنجَيْنَاهُ وَمَن مَّعَهُ فِي الْفُلْكِ الْمَشْحُونِ(١١٩)

جا نووح و ئەو موسوڵمانانەی لەگەڵی بوون لەناو کەشتییە پڕەکەدا هەموومان ڕزگار کردن .

ثُمَّ أَغْرَقْنَا بَعْدُ الْبَاقِينَ(١٢٠)

پاشانیش ئەوانی ترمان هەموو لە ئاوا نوقم کرد .

إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ(١٢١)

بەڕاستی لەم ڕووداوانەدا نیشانەی گەورەیی‌و دەسەڵاتی خوا هەیەو بەشی زۆری ئەو خەڵکە باوەڕیان نەبوو و موسوڵمان نەبوون .

وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ(١٢٢)

بەڕاستییش خوای تۆ هەر خۆی زاڵە بەسەر دوژمناندا و بەرەحمیشەو میهرەبانە ، سزا دوا ئەخا بۆ ڕۆژی قیامەت .

كَذَّبَتْ عَادٌ الْمُرْسَلِينَ(١٢٣)

قەومی عاد ئەو پێغەمبەرانەیان بە درۆزن دانا کە نێررابوونە سەریان.

إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ هُودٌ أَلَا تَتَّقُونَ(١٢٤)

ئەوە بوو هوودی برایان کە پێغەمەر بوو و نێررابووە سەریان پێی‌وتن ئەوە بۆ لە خوا ناترسن ؟

إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ(١٢٥)

بەڕاستی من فروستادەیەکی ئەمینم لەلایەن خواوە بۆسەر ئێوە .

فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ(١٢٦)

کەواتە لە خوا بترسن‌و فەرمان بەردارم بن .

وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ(١٢٧)

داوای هیچ کرێ‌و پاداشتێکیشتان لێ ناکەم ، کرێ‌و پاداشی من لەسەر کەس نی‌یە لەسەر خوای هەموو جیهانەکان نەبێ .

أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ آيَةً تَعْبَثُونَ(١٢٨)

ئایا ئێوە لەسەر هەموو بەرزاییەك كۆشك و تەلارێ دروست ئەكەن و بەزم و ڕابواردنیان تیا ئەكەن و هیچ سوودێكی ڕاستەقینەیان لێ وەرناگرن ؟

وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ(١٢٩)

كارگە دروست ئەكەن و ئاو ڕائەكێشن و قەلاّ دروست ئەكەن بە هیوای ئەوەی هەرگیز نەمرن و هەمیشە بمێننەوە ؟

وَإِذَا بَطَشْتُمْ بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ(١٣٠)

كە هەڵمەتیشتان بردە سەر هەر تایەفەیەك زۆردارانەو ستەمكارانە هەڵمەت ئەبەن و لە هیچ كۆناكەنەوەو چیتان ئارەزوو لێ بێ ئەیكەن و ئازاری خەڵك ئەدەن.

فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ(١٣١)

دەی لە خوا بترسن و فەرمانبەرداریم بكەن.

وَاتَّقُوا الَّذِي أَمَدَّكُمْ بِمَا تَعْلَمُونَ(١٣٢)

لەو خوایە بترسن كە ئەم گشتە یارمەتییەی داون كە خۆتان ئەزانن چەند زۆرە.

أَمَدَّكُمْ بِأَنْعَامٍ وَبَنِينَ(١٣٣)

یارمەتی داون بە ئاژەڵ و ڕەشەوڵاخ و وڵاخی بەرزەو كوڕی زۆری داونێ و،

وَجَنَّاتٍ وَعُيُونٍ(١٣٤)

باخ و باخات و كانیو سەرچاوەی پێ بەخشیون.

إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ(١٣٥)

بەڕاستی من ترسی سزای ڕۆژێکی زۆر گەورەم لێتان هەیە کە ڕۆژی قیامەتە.

قَالُوا سَوَاءٌ عَلَيْنَا أَوَعَظْتَ أَمْ لَمْ تَكُن مِّنَ الْوَاعِظِينَ(١٣٦)

وتیان: لای ئێمە چون یەکە ئامۆژگاریمان بکەی یا نەیکەی و لە ڕیزی ئامۆژگاریکەران نەبی.

إِنْ هَذَا إِلَّا خُلُقُ الْأَوَّلِينَ(١٣٧)

ئەم درۆیەی تۆ بۆت هێناوین لە درۆی پێشینەکان زیاتر نی‌یە کە ئەوانیش ئەهاتن و خۆیان بە پێغەمبەر ئەدایە قەڵەم.

وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ(١٣٨)

ئێمەیش هەرگیز لەسەر ئەم باوەڕنەکردنەمان بە تۆ سزا نادرێین.

فَكَذَّبُوهُ فَأَهْلَكْنَاهُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ(١٣٩)

قەومی عاد هوودیان بە درۆزن داناو ئێمەیش لە سزای ئەو باوەڕنەکردنەیانا لەناومان بردن و، لەم لەناوبردنەیانا نیشانەی گەورەیی خوا هەیەو زۆرتری ئەم قەومی هوودە موسوڵمان نەبوون.

وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ(١٤٠)

بەڕاستییش خوای تۆ هەر خۆی زاڵە بەسەر دوژمنانیاو بەڕەحم و میهرەبانیشە.

كَذَّبَتْ ثَمُودُ الْمُرْسَلِينَ(١٤١)

قەومی سەموودیش پێغەمبەرانیان بە درۆزن دانا.

إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ صَالِحٌ أَلَا تَتَّقُونَ(١٤٢)

ئەوەبوو سالّح پێغەمبەری برای خۆیان پێی وتن ئەوە بۆ لە خوای خۆتان ناترسن ؟

إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ(١٤٣)

بەڕاستی من فروستادەیەکی ئەمینم لەلایەن خواوە بۆسەر ئێوە .

فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ(١٤٤)

کەواتە لە خوا بترسن و گوێڕایەڵم بن .

وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ(١٤٥)

داوای هیچ کرێو پاداشێکیشتان لێ ناکەم ، کرێو پاداشی من لەسەر کەس نی‌یە لەسەر خوای هەموو جیهانەکان نەبێ .

أَتُتْرَكُونَ فِي مَا هَاهُنَا آمِنِينَ(١٤٦)

ئەگەر ئێوە فەرمان بەرداری خوا نەبن خــوا چۆنتان لێ ئەگەڕێ بە ئەمینیو بێترس ولەرز لەم شوێنە خۆشەدا بمێننەوە ؟

فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ(١٤٧)

لەناو باخ و باخات و سەرچاوەو کانی‌ئاوو ،

وَزُرُوعٍ وَنَخْلٍ طَلْعُهَا هَضِيمٌ(١٤٨)

لەناو کشتوکاڵو دارخورمای گوڵۆك نەرم و ناسکا .

وَتَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا فَارِهِينَ(١٤٩)

زیرەکانەو بەچالاکی خانوو لە شاخەکان دائەتاشن .

فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ(١٥٠)

کەواتە لە خوا بترسن و چیتان پێ ئەڵێم بەگوێم بکەن و ،

وَلاَ تُطِيعُوا أَمْرَ الْمُسْرِفِينَ(١٥١)

گوێڕایەڵی فەرمانی ئەوانە مەبن کە زیادەڕەوی ئەکەن .

الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ(١٥٢)

ئەوانەی خراپە ئەکەن لە سەرزەویداو چاکە ناکەن .

قَالُوا إِنَّمَا أَنْتَ مِنَ الْمُسَحَّرِينَ(١٥٣)

قەومەکەی ساڵحیش لە وەڵامی ئەم ئامۆژگارییانەدا بە ساڵحیان وت : بەڕاستی تۆ لەوانەی جادوویان لێ کراوەو عەقڵیان لێ سەنراوە .

مَا أَنْتَ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا فَأْتِ بِآيَةٍ إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ(١٥٤)

تۆ لە بنیادەمێکی وەك ئێمە بەولاوە نیت ، دەی ئەگەر ڕاست ئەکەی پێغەمبەری موعجیزەیەکمان پیشان بدە .

قَالَ هَذِهِ نَاقَةٌ لَّهَا شِرْبٌ وَلَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ(١٥٥)

ساڵحیش لە وەلاما وتی: ئەمەی لە بەرچاوتانایە حوشترە مێنگەیەکە ئەو نۆرە ئاوێکی هەیەو ، ئێوەیش نۆرە ئاوی ڕۆژێکی دیاریتان بۆ حوشترەکانتان هەیە . نۆرە ئاوی ئەو لێگەڕێن بۆ خۆی و لە ڕۆژی نۆرە ئاوی خۆتانا حوشترەکانتان ئاوبدەن .

وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَظِيمٍ(١٥٦)

دەستی بە خراپە بۆ درێژ مەکەن نەکا سزای ڕۆژێکی سەخت بتانگرێ کە ئەو ڕوژەیە خوا لە تۆڵەی بەخراپە دەس بردن بۆ ئەو حوشترەدا غەزەبتان لێ ئەگرێ .

فَعَقَرُوهَا فَأَصْبَحُوا نَادِمِينَ(١٥٧)

قەومەکەی ساڵح لەجیاتیی ئەوەی ئامۆژگارییەکانی لەگوێ بگرن حوشترەکەیان پەیکرد ، واتە چوار پەلیان بڕییەوەو سەرەنجام لە

کردەوەکەی خۆیان پەشیمان بوونەوە .

فَأَخَذَهُمُ الْعَذَابُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ(١٥٨)

جا سزای خودایی هات بەسەریاناو گرتنی . بەڕاستی لەو کارەساتەدا نیشانەیەکی گەورەی تواناییی خوا هەیەو زۆرتری ئەو قەومەی سالح موسوڵمان نەبوون و باوەڕیان بە فەرموودەی خواو پێغەمبەری خوا نەبوو .

وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ(١٥٩)

بەڕاستییش هەر خوای تۆ زاڵە بەسەر کافراناو، هەر ئەویش میهرەبان و بەڕەحمە .

كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ الْمُرْسَلِينَ(١٦٠)

قەومی لووط پێغەمبەرانیان بە درۆزن دانا .

إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ لُوطٌ أَلَا تَتَّقُونَ(١٦١)

ئەوەبوو لووطی برایان پێی‌وتن : ئەوە بۆ لە خوا ناترسن ؟

إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ(١٦٢)

من بەڕاستی فروستادەیەکی ئەمینم لەلایەن خواوە بۆ سەر ئێوە .

فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ(١٦٣)

کەواتە لە خوا بترسن و گوێڕایەڵم بن .

وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ(١٦٤)

من داوای هیچ کرێو حەق دەسێکیشتان لێ ناکەم بەرانبەر بەوە کە ڕێی ڕاستتان پیشان ئەدەم . کرێو حەق دەسی من لەسەر خوای هەموو جیهانەکان نەبێ لەسەر کەس نییە .

أَتَأْتُونَ الذُّكْرَانَ مِنَ الْعَالَمِينَ(١٦٥)

بۆ لەناو ئەم هەموو خەڵکەدا کە خوا دروستی کردوون تەنها ئێوە ئەچنە لای نێرینەو لەگەڵ نێرینەدا جووت ئەبن ؟

وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُم مِّنْ أَزْوَاجِكُمْ بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ(١٦٦)

ژنەکانیشتان لێ ئەگەڕێن کە خوای خۆتان بۆی دروست کردوون تا بچنە لایان . دیارە ئێوە تاقمێکن لە سنووری ئارەزووبازیی عادەتی لاتان داوە کە وا ئەکەن و ڕەفتاری ڕاستتان لەم بارەوە واز لێ هێناوە .

قَالُوا لَئِن لَّمْ تَنْتَهِ يَالُوطُ لَتَكُونَنَّ مِنَ الْمُخْرَجِينَ(١٦٧)

وتیان : ئەی لووط ئەگەر واز لەم قسانەت نەهێنی بەڕاستی ئەبێ بە یەکێ لەوانەی لەم وڵاتە دەرکراون .

قَالَ إِنِّي لِعَمَلِكُم مِّنَ الْقَالِينَ(١٦٨)

لووط بە قەومەکەی خۆی وت : بەڕاستی من لەوانەم لە کردەوەی ئێوە ناڕازیو ناڕەحەتن.

رَبِّ نَجِّنِي وَأَهْلِي مِمَّا يَعْمَلُونَ(١٦٩)

خوایە خۆم و ژن و منالم ڕزگارکە لەم کارەی ئەمانە ئەیکەن .

فَنَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ أَجْمَعِينَ(١٧٠)

جا ئێمەیش خۆی و ژن و منالیمان هەموو ڕزگار کرد .

إِلاَّ عَجُوزًا فِي الْغَابِرِينَ(١٧١)

تەنها پیرەژنێ نەبێ کەوا لەوانە بوو کاریان بەسەرچووبوو و براِبوونەوە ، واتە بڕیار درابوو بەر غەزەبی خوا کەوێ چونکە لە

ڕەفتارو کرداری قەومی لووط ڕازی بوو.

ثُمَّ دَمَّرْنَا الْآخَرِينَ(١٧٢)

پاشان ئەوانی ترمان بەربادو ماڵوێران کرد.

وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا فَسَاءَ مَطَرُ الْمُنذَرِينَ(١٧٣)

بارانێکمان بەسەرا باراندن. بارانێکی خراپ بوو ئەو بارانەی بەسەر ئەو کافرانەدا بارێنرا کە پێشتر هەڕەشەی غەزەبی خوایان لێ کرابوو.

إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ(١٧٤)

بەڕاستی لەم ڕووداوەدا نیشانەی توانایی خوا هەیەو بەشی زۆری ئەو قەومەی لووط موسوڵمان نەبوون و باوەڕیان نەبوو.

وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ(١٧٥)

بەڕاستییش هەر خوای تۆ زاڵە بەسەر کافراناو هەر ئەو میهرەبان و بەڕەحمە.

كَذَّبَ أَصْحَابُ الْأَيْكَةِ الْمُرْسَلِينَ(١٧٦)

خاوەنانی بێشە، واتە ئەوانەی لە بێشەکەی نزیکی شاری مەدیەن دائەنیشتن، پێغەمبەرانیان بە درۆزن دانا.

إِذْ قَالَ لَهُمْ شُعَيْبٌ أَلَا تَتَّقُونَ(١٧٧)

ئەوەبوو شوعەیب پێی وتن: ئەوە بۆ لە خوا ناترسن؟

إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ(١٧٨)

من بەڕاستی فروستادەیەکی ئەمینم لەلایەن خواوە بۆسەر ئێوە.

فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ(١٧٩)

کەواتە لە خوا بترسن و فەرمان بەرداریم بکەن .

وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ(١٨٠)

من داوای هیچ کرێو حەق دەستێکتان لێ ناکەم ، حەق دەستی من لەسەر خوای هەموو جیهانەکان نەبێ لەسەر کەس نییە .

أَوْفُوا الْكَيْلَ وَلاَ تَكُونُوا مِنَ الْمُخْسِرِينَ(١٨١)

پێوانە بە پڕی بدەن بە خاوەن حەق و لەوانە مەبن کە زیان بە خەڵك ئەگەیەنن .

وَزِنُوا بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ(١٨٢)

کێشانەیش بە ترازووی ڕاست بکێشن کە سەرنەکا بەم لاو بەولادا .

وَلاَ تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ(١٨٣)

ماڵ و دارایی خەڵك بە ناتەواوی مەدەنەوە پێیان و زیانیان پێ مەگەیەنن و خراپە مەکەن لە سەرزەویدا بە کوشتن و تالآن کردنی خەڵك و چەتەیی و ڕێگری .

وَاتَّقُوا الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالْجِبِلَّةَ الأَوَّلِينَ(١٨٤)

لەو خوایەیش بترسن کە ئێوەیش و نەوە پێشووەکانیشی دروست کردووە .

قَالُوا إِنَّمَا أَنْتَ مِنَ الْمُسَحَّرِينَ(١٨٥)

بێشەنشینەکانی قەومی شوعەیبیش بە شوعەیبیان وت : ئەی شوعەیب ، بەڕاستی تۆ لەوانەی کە سیحرو جادوویان لێ کراوە .

وَمَا أَنْتَ إِلاَّ بَشَرٌ مِثْلُنَا وَإِنْ نَظُنُّكَ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ(١٨٦)

تـــۆ لـــە بنیادەمێکی وەك ئێمە بـــەولاوەیش نیت و ئێمە گـــومـــانی ئەوەت پێ ئەبەین یەکێ بی لە درۆزنەکان .

فَأَسْقِطْ عَلَيْنَا كِسَفًا مِّنَ السَّمَاءِ إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ(١٨٧)

دەی ئەگەر لە ڕاستگۆیانی ، پارچەیێ لە ئاسمانمان بەسەرا بخەرە خوارەوە .

قَالَ رَبِّي أَعْلَمُ بِمَا تَعْمَلُونَ(١٨٨)

شوعەیبیش وتی: خوای من باشتر ئەزانێ ئێوە چی‌ئەکەن .

فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمْ عَذَابُ يَوْمِ الظُّلَّةِ إِنَّهُ كَانَ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ(١٨٩)

جا قەومەکەی بـــە درۆزنیان دانـــاو پاش ئەوە سزای ڕۆژی سێبەری هـــەوری ئـــاگربـــاران گرتنی . بەڕاستی سزای ئەو ڕۆژە سزای ڕۆژێکی دیاریو گەورە بوو .

إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ(١٩٠)

بەڕاستی لەو ڕووداوەدا نیشانەیەکی گەورەی توان و دەسەلاّتی خوا هەیەو، ئەو قەومی شوعەیبە بەشی زۆریان باوەڕیان نەبوو.

وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ(١٩١)

بەڕاستییش خوای تۆ بەسەر کافرەکانا زاڵە و هەر خۆی میهرەبان و بەرەحمە .

وَإِنَّهُ لَتَنزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ(١٩٢)

بـــەڕاستییش ئـــەو قورئانە لە خوای هەموو جیهانەکانەوە هاتووەتە خوار بۆ پێغەمبەر کە بیگەیەنێ بە ئادەمیزاد .

نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ(١٩٣)

فریشتەیەکی پیرۆزی ئەمین هێناویەتە خوار .

عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنذِرِينَ(١٩٤)

بۆسەر دڵی تۆ ، وشەو وشەو ڕستە ڕستەو ئایەت ئایەت دایناوە لە دڵتاو تۆ فێری بوویت بۆئەوەی لەو کەسانە بی خەڵك ئەترسێنن لە سزای خوا .

بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ(١٩٥)

بە زمانێکی عەرەبیی واتا دیارو ئاشکرا هێناویەتە خوار .

وَإِنَّهُ لَفِي زُبُرِ الْأَوَّلِينَ(١٩٦)

بەڕاستییش ئەم قورئانەی بۆ تۆ هاتووە لەو کتێبانەدا باسی هەیە کە بۆ پێغەمبەرە پێشینەکان هاتوون .

أَوَلَمْ يَكُن لَّهُمْ آيَةً أَن يَعْلَمَهُ عُلَمَاءُ بَنِي إِسْرَائِيلَ(١٩٧)

ئایا ئەمە کە زانایانی بەنی ئیسرائیل بەوە ئەزانن کە قورئان لە کتێبەکانی پێغەمبەرانی زوودا وەك تەورات و ئینجیل باسی کراوە ، نابێ بە بەڵگەو دەلیل بۆ ئەمانە کە ئێستا هەن . ؟

وَلَوْ نَزَّلْنَاهُ عَلَى بَعْضِ الْأَعْجَمِينَ(١٩٨)

ئەگەر ئەو قورئانەمان بۆ کەسێکی ناعەرەب بناردایەتە خوار ،

فَقَرَأَهُ عَلَيْهِم مَّا كَانُوا بِهِ مُؤْمِنِينَ(١٩٩)

ئەویش بیخوێندایەتەوە بەسەر ئەم کافرانەدا هەر باوەڕیان پێ نەئەکردو ئەیانوت چۆن ئەبێ کابرایەکی ناعەرەب قورئانی عەرەبی بخوێنێتەوە بەسەر ئێمەی عەرەبا ؟ چونکە فیزیان نەئەهات شوێنی کەسێکی ناعەرەب بکەون .

كَذَلِكَ سَلَكْنَاهُ فِي قُلُوبِ الْمُجْرِمِينَ(٢٠٠)

ئـاوا لـەئـەنجامی گـومڕاهیو كـەللە ڕەقییانەوە ئەم قسە كوفرانە ئەخەینە ناو دڵی تاوانباران.

لا يُؤْمِنُونَ بِهِ حَتَّى يَرَوُا الْعَذَابَ الْأَلِيمَ(٢٠١)

هەرگیز ئیمان بە قورئان ناهێنن تـا سزای پڕئازار بە چاوی خۆیان ئەبینن.

فَيَأْتِيَهُمْ بَغْتَةً وَهُمْ لا يَشْعُرُونَ(٢٠٢)

جا ئەو سزایەیان لەپڕ بۆ دێو ئەوان پێی نازانن.

فَيَقُولُوا هَلْ نَحْنُ مُنظَرُونَ(٢٠٣)

ئەڵێن: ئاخۆ دەرفەتمان ئەدرێتیٚ تا بیربكەینەوە ؟

أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ(٢٠٤)

ئایا ئەمانە پەلەیانە بۆ هاتنی سزای ئێمە ؟

أَفَرَأَيْتَ إِن مَّتَّعْنَاهُمْ سِنِينَ(٢٠٥)

پێم بڵێن ئەگەر ئێمە ساڵەهایێ دەرفـەتی ڕابواردنیان بـۆ بـەرەڵلا بكەین،

ثُمَّ جَاءَهُم مَّا كَانُوا يُوعَدُونَ(٢٠٦)

ئەوسا سزا هەڕەشە پێكراوەكەیان بێتەسەر،

مَا أَغْنَى عَنْهُم مَّا كَانُوا يُمَتَّعُونَ(٢٠٧)

ئاخۆ ئەو ماوەی ڕابواردنەی بۆیـان ڕەخسێنرابوو هیچ سوودێكیان پیٚ ئەگەیەنیٚ ؟

وَمَا أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍ إِلَّا لَهَا مُنذِرُونَ(٢٠٨)

ئێمە هیچ ئاوەدانییەکمان نەفەوتــاندووە بێئەوەی لەوەپێش چەند پێغەمبەری ترسێنمان ناردبێتە سەرو لـە سزای خوای ترساندبێ .

ذِكْرَى وَمَا كُنَّا ظَالِمِينَ(٢٠٩)

بۆئەوەی دانیشتوواتی ئەو ئـاوەدانییە بیربکەنەوەو ڕێگای ڕزگاری بدۆزنەوە ، بەلاّم بیریان نەئەکردەوەو ئێمەیش ستەممان لێ نەکردوون .

وَمَا تَنَزَّلَتْ بِهِ الشَّيَاطِينُ(٢١٠)

ئەم قورئانەیش شەیتانەکان لە ئاسمانەوەیان نەهێناوەتە خوار .

وَمَا يَنْبَغِي لَهُمْ وَمَا يَسْتَطِيعُونَ(٢١١)

ئەوەیش ڕەوا نییە بۆ ئەوان و نایشتوانن شتیوا بکەن .

إِنَّهُمْ عَنِ السَّمْعِ لَمَعْزُولُونَ(٢١٢)

بـەڕاستی ئـەو شەیتانـانـە ڕێیان لـە بیستنی قورئـان یا قسەی فریشتەکان لێ گیراوە لەبەرئەوە قابیل نییە ئەوان قورئان ببیسن و لە ئاسمانەوە بیهێننە خوار .

فَلَا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَتَكُونَ مِنَ الْمُعَذَّبِينَ(٢١٣)

دەی تـۆ لـەگـەڵ زاتی خـوای واجب الـوجـوددا هـاوار مەکەرە خوایەکیتر بۆئەوەی لە ئەنجامی ئەو بانگ و هاوارکردنە خوایەکیترەدا نەبی بە یەکێ لەوانەی سزا ئەدرێن .

وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ(٢١٤)

خزمە نزیکەکانت بترسێنە لە سزای خوا .

وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ(٢١٥)

باڵی میهرەبانییش شل کـە بـۆ ئـەو خـاوەن بـاوەڕانـەی شوێنت

کەوتوون .

فَإِنْ عَصَوْكَ فَقُلْ إِنِّي بَرِيءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ(٢١٦)

جا ئـەگـەر هاتو بێفەرمانییان کردی پێیان بڵێ من بەریو دوورم لەوەی ئێوە ئەیکەن .

وَتَوَكَّلْ عَلَى الْعَزِيزِ الرَّحِيمِ(٢١٧)

پشتیش بـەو خـوایـە ببەستە کە بەهێزەو بەسەر دوژمنانیا زاڵەو میهرەبان و بەرەحمیشە .

الَّذِي يَرَاكَ حِينَ تَقُومُ(٢١٨)

ئـەو خوایەی کـە تـۆ شەوان هـەڵئەستی بۆ شەونوێژ، ئەوچاوی لێتەو ئەتبینێ .

وَتَقَلُّبَكَ فِي السَّاجِدِينَ(٢١٩)

ئـەم دیوو ئەودیوکردن و جموجووڵیشت لە سوجدەبردنا بۆ خوا لە ڕیزی سوجدەبەرانا ئەبینێ .

إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ(٢٢٠)

هـەرئەو خوایە گوێی لە پاڕانـەوەو ئـاەو ناڵەتەو بە هەموو کارو کردارێکت ئەزانێ .

هَلْ أُنَبِّئُكُمْ عَلَى مَنْ تَنَزَّلُ الشَّيَاطِينُ(٢٢١)

ئاگادارتان بکەم شەیتانەکان بۆ سەر دڵی کێ دێنە خوار ؟

تَنَزَّلُ عَلَى كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ(٢٢٢)

بۆ سەر دڵی هەموو درۆزنێکی تاوانبار دێنە خوار .

يُلْقُونَ السَّمْعَ وَأَكْثَرُهُمْ كَاذِبُونَ(٢٢٣)

ئەو درۆزنە تاوانبارانە گوێ ڕائەگرن بـۆ ئـایەتـەکـان و بە خەیاڵی خۆیان هەندێ گومان و خـەیالاتیان لێ وەرئـەگـرن و زۆرتریشیان درۆ ئەکەن و هەر لە خۆیانەوە درۆو دەلەسە هەڵئەبەستن.

وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ(٢٢٤)

شاعیرەکان، ئەوانەیان دوائەکەون کە گومڕان.

أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ(٢٢٥)

تـۆ نـابینی ئـەوانـە بـە سەرگـەردانی بـە هـەموو شیوو دۆڵێکا هەڵئەگەڕێن، واتە قەومێکن لە چاك و لە خراپ ئەڵێن و ئەکەن.

وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ(٢٢٦)

بەدەم قسەی چاکیوا ئەڵێن کە بە کردەوە نایکەن.

إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَذَكَرُوا اللَّهَ كَثِيرًا وَانتَصَرُوا مِنْ بَعْدِ مَا ظُلِمُوا وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنْقَلَبٍ يَنْقَلِبُونَ(٢٢٧)

ئەوانەیان نەبێ کـە ئیمانیان بـە خواو بە پێغەمبەری خوا هێناوەو کردەوەی چاکیان کـردووەو نـاوی خـوا زۆر دێنن و پـاش ئەوەی کە ستەمیان لێ کرا تۆڵەی خۆیان سەندەوەو، بێ گومانیش ستەمکاران لە دواڕۆژا ئەزانن چۆن هەڵگـەڕانەوەیـەك هەڵئەگەڕێنەوەو چۆن پشتیان ئەشکێ.

سوورەتی (النمل)

مەککەیی‌یەو (٩٣) ئایەتە

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

طسٓ تِلْكَ آيَاتُ الْقُرْآنِ وَكِتَابٍ مُّبِينٍ (١)

خوا خۆی ئەزانێ مەبەستی لە وشەی (طس) چی‌یە . ئەوەی لەم سوورەتەدا دێتە خوار ئایەتی قورئان و نووسراوی کتێبێکی ڕوونکەرەوەیە کە ناوی لەوحولمەحفووزە .

هُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ (٢)

ڕێگا پیشاندەرو مژدەدەرە بۆ خاوەن باوەڕەکان .

الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُم بِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ (٣)

ئەوانەی نوێژ ئەکەن و زەکات ئەدەن و باوەڕی بێ گەردو پڕمتمانەیان بە ڕۆژی دوایی هەیە کە ڕۆژی قیامەتە .

إِنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ زَيَّنَّا لَهُمْ أَعْمَالَهُمْ فَهُمْ يَعْمَهُونَ (٤)

ئەوانەیش باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نی‌یە ، کردەوە ناشیرینەکانیانمان لە بەرچاو جوان کردوون و جا ئەوانیش بۆخۆیان سەرگەردان بوون .

أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَهُمْ سُوءُ الْعَذَابِ وَهُمْ فِي الْآخِرَةِ هُمُ الْأَخْسَرُونَ (٥)

ئەوانەن کە سزایەکی خراپیان بۆ هەیەو ئەوانەن لە ڕۆژی قیامەتا لە هەمووکەسێ زەرەرمەندترن .

وَإِنَّكَ لَتُلَقَّى الْقُرْآنَ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ عَلِيمٍ (٦)

بەڕاستی تۆ لەلایەن خوایەکی خاوەن حیکمەت و زاناوە قورئانت

پیّ وەرئەگیریّ .

إِذْ قَالَ مُوسَى لِأَهْلِهِ إِنِّي آنَسْتُ نَارًا سَآتِيكُمْ مِنْهَا بِخَبَرٍ أَوْ آتِيكُمْ بِشِهَابٍ قَبَسٍ لَعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ(٧)

بیر لەوە بکەرەوە کە مووسا بە مالّو منالّو کەسوکارەکەی خۆی وت من ئاگرێکم لەدوورەوە بەدیکردووە ئەڕۆم بۆ لای ئەو ئاگرە لەوێوە هەواڵێکتان بۆ دێنمەوە یا دەسەچیلەیەکتان لەو ئاگرە بۆ دێنمەوە بەڵکو خۆتانی پیّ گەرم بکەنەوە .

فَلَمَّا جَاءَهَا نُودِيَ أَنْ بُورِكَ مَنْ فِي النَّارِ وَمَنْ حَوْلَهَا وَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ(٨)

کە هاتە سەر ئاگرەکە بانگی لیّ کرا کەوا پیرۆزیو بەرەکەت درا بەوانەی لە شوێنی ئاگرەکەو بە دەوروبەریدانو، خاوێنو بێگەردە خوای هەموو جیهانەکان .

يَامُوسَى إِنَّهُ أَنَا اللَّهُ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ(٩)

ئەی مووسا ! بێگومان مەسەلەکە ئەوەیە من (الله) خوامو بەسەر هەموو خواستێکما زاڵمو خاوەن حیکمەتم لە هەموو کارێکما .

وَأَلْقِ عَصَاكَ فَلَمَّا رَآهَا تَهْتَزُّ كَأَنَّهَا جَانٌّ وَلَّى مُدْبِرًا وَلَمْ يُعَقِّبْ يَامُوسَى لَا تَخَفْ إِنِّي لَا يَخَافُ لَدَيَّ الْمُرْسَلُونَ(١٠)

عاساکەیشت هەڵدە، ئەویش هەڵیدا . کە دیتی بەجۆش ئەجووڵێتەوە وەك ماری تیژ ، پشتی پیّ هەڵکردو بەرەودوا گەڕایەوەو نەهاتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی . ئێمەیش بانگمان لیّ کرد : ئەی مووسا مەترسەو متمانەت بە خوای خۆت ببیّ . بیّگومان فروستادەکانی من ترسیان

لـــە هیچ نیـیە چونکە ئـــەزانن هیچ خراپەیـــەکیان نـــایەتەڕێ مادەم پێغەمبەری خودان ، کەواتە هیچ هۆیەك نی‌یە بۆ ترسانیان .

إِلَّا مَنْ ظَلَمَ ثُمَّ بَدَّلَ حُسْنًا بَعْدَ سُوءٍ فَإِنِّي غَفُورٌ رَّحِيمٌ(١١)

بەلاّم پێغەمبەرێ کـە کـاتی خـۆی ستەمێکی لـە کەسێ کردبێ‌و لەپاش ئەو خراپەیە کاری خۆی بە باری چاکەدا گـۆڕیبێ ، ئەوە من بەخشندەو بەڕەحمم لەگەڵی . ئەمە ئیشارەتە بـۆ ڕووداوی کـوشتنی کابرایەکی قیبتی لەلایەن حەزرەتی مووساوە .

وَأَدْخِلْ يَدَكَ فِي جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ فِي تِسْعِ آيَاتٍ إِلَى فِرْعَوْنَ وَقَوْمِهِ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ(١٢)

دەستیشت بخـــەرە نـــاو بـــەرۆکی خـــۆت‌و دەری‌بهێنـە ، کـە دەری ئەهێنێ بە سپیەتی‌و بێ هیچ عەیب‌و ناتەواوییەك دێتە دەرەوە، واتـــە سپیەتییەکەی هیی نەخۆشیی وەك بەڵەکی‌و شتی‌وا نی‌یە . ئەم دوانـــە دوو مـــوعجیزەن لـــە نـــۆ مـــوعجیزە پێیانـــەوە ئەڕۆی بۆ لای فیرعەون‌و قەومەکەی ، ئەوانە کۆمەڵێکن فاسق‌و لە حەق لایان داوە .

فَلَمَّا جَاءَتْهُمْ آيَاتُنَا مُبْصِرَةً قَالُوا هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ(١٣)

کاتێ کە موعجیزەکانی ئێمە بە ڕووناکی‌و ئـاشکرایی گەیشتنە لای فیرعەون‌و تاقمەکەی ، وتیان ئەمە جادووگەرییەکی زەق‌و ئاشکرایە .

وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ(١٤)

فیرعەون‌و کۆمەڵەکەی ئینکاری پێغەمبەرایەتییەکەی مووسایان کرد هـەرچەند بەدڵ ئەیانزانی ڕاستە پێغەمبەرە ، بەلاّم بە خۆ بەزل زانین‌و

ستەمکارییان سەرپێچییان لێ کرد ، جا سەیرکە سەرەنجامی ئەو خراپەکارانە چۆن بوو چیمان بەسەرهێنان .

وَلَقَدْ آتَيْنَا دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ عِلْمًا وَقَالَا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي فَضَّلَنَا عَلَى كَثِيرٍ مِّنْ عِبَادِهِ الْمُؤْمِنِينَ(١٥)

زانابیشمان دا بە داوودو سولەیمانی کوڕیو ئەوانیش لە سوپاسی ئەو نیعمەتی زانابییەدا کە پێمان دابوون وتیان: ستایش بۆ خوایە کە بەم زانست پێدانە لە زۆر لە بەندە خاوەن باوەڕەکانی خۆی گەورەتری کردووین .

وَوَرِثَ سُلَيْمَانُ دَاوُودَ وَقَالَ يَا أَيُّهَا النَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ الطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَيْءٍ إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْفَضْلُ الْمُبِينُ(١٦)

سولەیمان میراتی پێغەمبەرایەتیو زانست و سەرەکایەتیی لە داوودی باوکیەوە بۆ هاتەوەو ڕووی کردە خەڵکەکەی و وتی : خەڵکینە ! ئێمە لەلایەن خواوە فێری زمانی پەلەوەر کراوین و کە هەر یەکێکیان ئاوازێکی لێوە دێ ئەزانین ئەڵێ چیو لە هەر بابەتێ بەشێکمان دراوتێو ئەمەیش بەڕاستی گەورەیییەکی دیارییە خوا گەورەی کردووین پێی .

وَحُشِرَ لِسُلَيْمَانَ جُنُودُهُ مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ وَالطَّيْرِ فَهُمْ يُوزَعُونَ (١٧)

سەربازەکانی سولەیمان لە پەرییان و لە ئادەمیزادو لە پەلەوەر کۆکرانەوەو ئەمانە ماتڵ ئەکران تا هەموو ئامادە ئەبوون .

حَتَّى إِذَا أَتَوْا عَلَى وَادِ النَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَا أَيُّهَا النَّمْلُ ادْخُلُوا مَسَاكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَانُ وَجُنُودُهُ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ(١٨)

تا کاتێ گەیشتنە سەر شارە مێروولەیەك لە شام ، مێروولەیەکیان کە ئەم لەشکرەی سولەیمانی دی بانگی کردە مێروولەکانی هاوڕێیو وتی : ئەی مێروولەیینە ! بچنەوە ناو ماڵەکانی خۆتان نەوەك سولەیمان و سەربازەکانی پێتان نەزانن و ئاگایان لێ نەبێ داتانشێلن .

فَتَبَسَّمَ ضَاحِكًا مِّنْ قَوْلِهَا وَقَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَى وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحًا تَرْضَاهُ وَأَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبَادِكَ الصَّالِحِينَ(١٩)

سولەیمان کە گوێی لە قسەی ئەم مێروولەیە بوو زەردەخەنەیێ گرتیو پێکەنیو سەری لە ژیریو بەئینسافیی ئەو مێروولەیە سووڕما کە وتی : ئەگەر سەربازەکانی سولەیمان دامانشێلن ، بە دەستەنقەست نییەو پێیان نەزانیوین کەوتووینەتە بەر پێیان و وتی: خوایە کارێ بکە هەرگیز لە سوپاسی ئەو نیعمەتەت دەسبەردار نەبم کە بە خۆم و باوك و دایکمت داوەو ، کارێ بکە کردەوەیوا بکەم تۆ پێی ڕازی بیو بە ڕەحمەتی خۆت بمخەرە ڕیزی بەندە چاکەکانتەوە .

وَتَفَقَّدَ الطَّيْرَ فَقَالَ مَا لِيَ لَا أَرَى الْهُدْهُدَ أَمْ كَانَ مِنَ الْغَائِبِينَ(٢٠)

ڕۆژێ لە ڕۆژان پەلەوەرەکانی بەسەرکردەوە ، پەپووەسلێمانە دیار نەبوو ، وتی : ئەوە بۆ پەپووەسلێمانە نابینم ، چاوم دەرکی ناکا یا بۆ خۆی لە کۆڕی پەلەوەرەکانا نییە ؟

لَأُعَذِّبَنَّهُ عَذَابًا شَدِيدًا أَوْ لَأَذْبَحَنَّهُ أَوْ لَيَأْتِيَنِّي بِسُلْطَانٍ مُّبِينٍ(٢١)

کە زانی لەوێ نییە تووڕە بووو هەڕەشەی لێ کردو وتی : بەڕاستی سزایەکی سەختی ئەدەم یا سەری ئەبڕم یا ئەبێ بەڵگەیەکی ڕوون و

ئاشکرام بۆ بهێنێتەوە کە بۆچی دیار نەبوە ؟

فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِ وَجِئْتُكَ مِنْ سَبَإٍ بِنَبَإٍ يَقِينٍ(٢٢)

پەپووە سلێمانە زۆری بەنادیاری پێ نەچوو هاتەوەو بە سولەیمانی وت : من لە شتێ ئاگادار بووم تۆ لێی ئاگادار نیت و، لە شاری (سەبەء)ی یەمەنەوە هەوالێکی ڕاستم بۆ هێناوی .

إِنِّي وَجَدتُّ امْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ(٢٣)

من بەڕاستی دیم ئافرەتێك فەرمانڕەوایی خەڵکی ئەو شارە ئەکات و لە هەموو بابەتێکی هەیەو تەختێکی گەورەی شاهیشی هەیە .

وَجَدتُّهَا وَقَوْمَهَا يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ السَّبِيلِ فَهُمْ لاَ يَهْتَدُونَ(٢٤)

دیمن خۆیو قەومەکەی سوجدەیان نەك بۆ خوا ، بۆ ڕۆژ ئەبردو ، شەیتان ئەو کارو کردەوانەیانی لا جوان کردبوون و لە ڕێگای خواپەرستیی لادابوون و ، بۆیە ئیتر ڕێی ڕاستی خواپەرستی ناگرنەبەر.

أَلاَّ يَسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي يُخْرِجُ الْخَبْءَ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُخْفُونَ وَمَا تُعْلِنُونَ(٢٥)

بۆیە شەیتان لە ڕێگای خواپەرستی لای دابوون تا سوجدە بۆ ئەو خوایە نەبەن شتی نادیار لە ئاسمانەکان و لە زەویدا دەرئەخا وەك ڕوونکردنەوەی ئەستێرەو باراندنی باران و سەوزکردنی گژوگیاو میوە دەرکردنی دارو درەخت و گەلێ شتیتر . ئەو خوایەی ئاگای لە هەر

شتیّ هەیە کە ئێوە بیشارنەوە یا دەری‌بخەن.

اللَّهُ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ(٢٦)

ئەو خوایە (الله)یـە کـە لەو بەولاوە هیچ خوایەکی‌تر نی‌یە بەڕاستی بپەرستریّو خوای عەرشی مەزنە.

قَالَ سَنَنظُرُ أَصَدَقْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ الْكَاذِبِينَ(٢٧)

سولەیمان لـە وەلاّمی قسەکـەی پـەپووەسلێمانەدا پێی‌وت: سەیر ئەکەین بزانین ڕاستت کرد لەم قسەیەتدا یا لە درۆزنان بووی.

اذْهَب بِّكِتَابِي هَـذَا فَأَلْقِهِ إِلَيْهِمْ ثُـمَّ تَـوَلَّ عَنْهُـمْ فَانظُرْ مَـاذَا يَرْجِعُونَ(٢٨)

برۆ ئەم نامەیەی من بەرەو بۆیان هەڵدەو ئەنجا پشتیان لیّ هەڵکەو بزانە چی ئەڵێن‌و چۆن وەلاّمی نامەکەم ئەدەنەوە.

قَالَتْ يَاأَيُّهَا الْمَلأُ إِنِّي أُلْقِيَ إِلَيَّ كِتَابٌ كَرِيمٌ(٢٩)

پەپووەسلێمانـەیش نامەکەی بردو هەڵیدا بۆیان‌و خـۆی پشتی پیّ هەڵکردو لەشۆێنێکا خۆی پەنـا گرت گوێی لیّ بیّ پـاش خوێندنەوەی نامەکە ئەڵێن چی. گوێی لیّ‌بوو شاژنی سەبەء بـە دەستەو دائیرەکەی خۆی‌وت: ئەی کۆمەڵ! من نامەیەکی پڕ قەدرو حورمەتم بۆ هەڵدراوە.

إِنَّهُ مِن سُلَيْمَانَ وَإِنَّهُ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ(٣٠)

ئەو نامەیە لـەلایەن سولەیمانەوەیەو لـە سەرەتایەوە نووسراوە بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.

أَلاَّ تَعْلُوا عَلَيَّ وَأْتُونِي مُسْلِمِينَ(٣١)

مـەبەست لـەم نامە ئەوەیە خۆتان بەرز مەگرن لەسەرم‌و بەگوێم

بکه‌ن و به موسوڵمانی یان به گوێڕایه‌ڵی بێن بۆ لام .

قَالَتْ يَاأَيُّهَا الْمَلأُ أَفْتُونِي فِي أَمْرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمْرًا حَتَّى تَشْهَدُونِ(٣٢)

شاژن به ده‌سته‌و دائیره‌که‌ی خۆی وت : ئه‌ی کۆمه‌ڵ ! له‌م پرسه‌ما که پێتان ئه‌که‌م وه‌ڵامم بده‌نه‌وه‌و قسه‌ی خێرم بۆ بکه‌ن . من تائێستا هیچ مه‌سه‌له‌یه‌کم نه‌بڕیوه‌ته‌وه‌و دوابڕیـارم تیا نه‌داوه تا ئێوه ئاماده نه‌بووبن و بڕیارتان تیا نه‌دابێ .

قَالُوا نَحْنُ أُوْلُوا قُوَّةٍ وَأُولُوا بَأْسٍ شَدِيدٍ وَالْأَمْرُ إِلَيْكِ فَانظُرِي مَاذَا تَأْمُرِينَ(٣٣)

کۆمه‌ڵه‌ی ده‌سته‌و دائیره‌که‌یشی له وه‌ڵاما وتیان : ئێمه به ژمـاره‌ی سه‌ر زۆرو به‌هێزین و به له‌شیش زۆر ئازاو لێهاتووین و مه‌سه‌له‌که‌یش له ده‌ستی خۆتایه چونکه پادشای ئـه‌م وڵاتـه‌ی ، کـه‌واتـه ورد به‌ره‌وه چیی به باش ئه‌زانیو فـه‌رمـان به چی ئه‌ده‌ی فه‌رمان بده ئێمه‌یش جێ‌به‌جێی بکه‌ین .

قَالَتْ إِنَّ الْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِهَا أَذِلَّةً وَكَذَلِكَ يَفْعَلُونَ(٣٤)

شاژنیش وتی : پادشاهان ئـه‌گـه‌ر پێیان نایه ئاوه‌دانییه‌ك و داگیریان کرد کاولی ئه‌که‌ن و وه‌زعی تێك ئه‌ده‌ن و خراپه‌ی زۆری تیا ئـه‌که‌ن و پیاوه گه‌وره‌کانی زه‌لیل و سووك و سه‌فیل ئـه‌کـه‌ن . هـه‌میشه هه‌ر وایان کردووه‌و ئێسته‌یش ئـه‌گه‌ر له‌شکری سوله‌یمان بێ بـه‌سه‌ر ئه‌م وڵاته‌ی ئێمه‌دا هه‌ر وا ئه‌کا .

وَإِنِّي مُرْسِلَةٌ إِلَيْهِمْ بِهَدِيَّةٍ فَنَاظِرَةٌ بِمَ يَرْجِعُ الْمُرْسَلُونَ(٣٥)

لەبەرئەوە من ئاشتیم لەگەڵیان پێ باشەو، دیارییەکیان بۆ ئەنێرم با بزانم فروستادەکانم چۆن ئەگەڕێنەوەو چۆن دێنەوە بۆ لام.

فَلَمَّا جَاءَ سُلَيْمَانَ قَالَ أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٍ فَمَا آتَانِ اللَّهُ خَيْرٌ مِمَّا آتَاكُمْ بَلْ أَنْتُمْ بِهَدِيَّتِكُمْ تَفْرَحُونَ(٣٦)

کە فروستادەکەی شاژن هاتە لای سولەیمان و دیارییەکەی پێشکەش کرد، سولەیمان وتی: ئەوە ئێوە ماڵی دنیا بۆ من دێنن؟ من ئەوەی خوا داویمێ لە هەموو ئەوە باشترە بە ئێوەی داوە، ئێوە خۆتان بەم دیارییەی بۆ منتان هێناوە دڵتان خۆش ئەبێ، بیبەنەوە بۆ خۆتان، من پێویستم پێ نییە.

ارْجِعْ إِلَيْهِمْ فَلَنَأْتِيَنَّهُمْ بِجُنُودٍ لَا قِبَلَ لَهُمْ بِهَا وَلَنُخْرِجَنَّهُمْ مِنْهَا أَذِلَّةً وَهُمْ صَاغِرُونَ(٣٧)

بگەڕێرەوە بۆ لایان، بڕیار بێ بە لەشکرێکەوە بێینە سەریان توانی بەرەنگاری کردنییان نەبێو بە زەلیلیو ملکەچی لە شارەکەیانیان ئەکەینە دەرەوە.

قَالَ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ أَيُّكُمْ يَأْتِينِي بِعَرْشِهَا قَبْلَ أَنْ يَأْتُونِي مُسْلِمِينَ(٣٨)

کە فروستادەکەی شاژن گەڕایەوە بۆ سەبەءو قسەکانی سولەیمانی بۆ گێڕایەوە، شاژن بڕیاریدا بڕوا بۆ دیدەنی سولەیمان و خۆی بۆ ئەوە ئامادەکردو کەوتەڕێ بۆ قودس.

سولەیمانیش کە ئەم هەواڵەی پێگەیشت بە کۆڕەکەی دەوروبەری خۆیی وت: کامتان تەختەکەی شاژنم بۆ دێنێتە ئێرە بەرلەوەی خۆیان

بە موسوڵمان بوویی یا بە ملکەچی بێنە بەردەستم ؟

قَــالَ عِفْرِيتٌ مِّنَ الْجِنِّ أَنَا آتِيكَ بِــهِ قَبْلَ أَنْ تَقُومَ مِن مَّقَامِكَ وَإِنِّي عَلَيْهِ لَقَوِيٌّ أَمِينٌ(٣٩)

دێوێ لە جنۆکەکان وتی : مـن بـەرلـەوەی لـەو شوێنەی خۆت ڕاست بێتەوە بۆت ئەهێنم و بەڕاستی من کابرایەکی بـەهێزو ئـەمینم ئەوکارەم پێ ئەکرێو بەڕاستییش ئەیکەم .

قَالَ الَّذِي عِنْدَهُ عِلْمٌ مِّنَ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ فَلَمَّا رَءَاهُ مُسْتَقِرًّا عِنْدَهُ قَالَ هَذَا مِنْ فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِي أَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ وَمَنْ شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَنْ كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّي غَنِيٌّ كَرِيمٌ(٤٠)

یەکێکی تریش کە زانیاریی نهێنییەکـانی لـەوحولمـەحفووزی هەبوو وتی : من بەرلــەوەی چاوێ هەڵخەی بۆ شتێك و بێتەوە شوێنی خـۆی ئەیهێنمە بەردەستت . کە سولەیمان چاوێکی هەڵحست سەیری کرد ئەوا تەختەکەی شاژن لـەبەردەمیایە ، وتی : ئەمە لە لوتفی خواوەیە لەگەڵ من ، خوا تاقیم ئەکاتەوە بزانێ سوپاسی لوتفی ئـەکەم یا نایکەم . هەرکەسیش سوپاسی بکا سوودی سوپاس کردنـەکـەی بۆ خۆیەتیو هەرکەسیش سپڵە بێو سوپاسی نـەکـا خوای مـن بێ ئیحیتاجە بەم خەڵکەو خاوەن بەخششە .

قَــالَ نَكِّرُوا لَهَــا عَرْشَهَا نَنظُرْ أَتَهْتَدِي أَمْ تَكُــونُ مِــنَ الَّذِينَ لَا يَهْتَدُونَ(٤١)

سولەیمان وتی تەختەکەی لێ بگۆڕن واتە هەندێ دەسکارییوای تیا

بکەن هەندێ شتی وەك جاران نەمێنێ تا بزانین ئاخۆ ئەیناسێتەوە یا نەبێ بە یەکێ لەوانە کە شتی خۆیان ناناسنەوەو سەرکوێرو کەودەنن؟

فَلَمَّا جَاءَتْ قِيلَ أَهَكَذَا عَرْشُكِ قَالَتْ كَأَنَّهُ هُوَ وَأُوتِينَا الْعِلْمَ مِنْ قَبْلِهَا وَكُنَّا مُسْلِمِينَ(٤٢)

شارن کە گەیشتە بەرەوە پێیوترا: تەختەکەی تۆ ئاوایە ؟ ئەویش وتی: هەر ئەڵێی خۆیەتیو ئێمە لەپێش ئەم ڕووداوەوە زانیاریمان لەبارەی توانی خواو موعجیزەی پێغەمبەرانەوە دراوەتیو بەرلەوەی بگەینە ئێرەو ئەم موعجیزەیە ببینین موسوڵمان بووینو ملمان بۆ فەرمانی خوا کەچ کردووە.

وَصَدَّهَا مَا كَانَتْ تَعْبُدُ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنَّهَا كَانَتْ مِنْ قَوْمٍ كَافِرِينَ(٤٣)

پێشتر ئەوە ڕێی موسوڵمانەتیو مل بۆ خوا کەچکردنی لە شاژن گرتبوو کەوا غەیری خوای ئەپەرست چونکە لە قەومێکی کافرو خوانەناس بوو.

قِيلَ لَهَا ادْخُلِي الصَّرْحَ فَلَمَّا رَأَتْهُ حَسِبَتْهُ لُجَّةً وَكَشَفَتْ عَنْ سَاقَيْهَا قَالَ إِنَّهُ صَرْحٌ مُمَرَّدٌ مِنْ قَوَارِيرَ قَالَتْ رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي وَأَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَانَ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ(٤٤)

پێیوترا: وەرە ناو کۆشکی سولەیمانەوە. کە ناوی کۆشکەکەی دی شووشەبەند بوو و شەوقی ئەدایەوە، وایزانی ئاوەو کراسەکەی هەڵکردو پێوپووزی دەرخست. سولەیمانیش پێیوت: پێویست ناکا کراسەکەت هەڵماڵی ئەوە ئاو نییە، ئەو تەختانی ناو تەلارە تەختانێکی

ساف و لووسی شووشەبەندە ، شاژنیش وتی : خوایە من لەمەوبەر ستەمم لە خۆم کردووە کە ڕۆژم پەرستووەو وا ئێستا لەگەڵ سولەیمان مل کەچ ئەکەم بۆ خوای هەموو جیهانەکان .

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا إِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ فَإِذَا هُمْ فَرِيقَانِ يَخْتَصِمُونَ(٤٥)

ئێمە بەڕاستی سالحی برای خێڵی سەموودمان نارد بۆسەر خێڵەکەی پێیان بڵێ خوا بپەرستن و دەست لە پەرستنی غەیری خوا هەڵبگرن ، کەچی لەجیاتیی ئەوەی هەموو شوێن قسەی بکەون و گوێی بۆ شل بکەن ، بوون بە دوو بەشەوە بەشێکیان باوەڕیان پێ‌کردو بەشێکیان لاسارییان کردو بە کافری مانەوەو ئەم دوو تاقمە لەناو خۆیانا بوو بە هەرایان .

قَالَ يَا قَوْمِ لِمَ تَسْتَعْجِلُونَ بِالسَّيِّئَةِ قَبْلَ الْحَسَنَةِ لَوْلَا تَسْتَغْفِرُونَ اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ(٤٦)

سالحیش بە کافرەکانیانی وت : ئەرێ خزمینە ! ئەوە بۆ بەرلەوەی لە چاکە بگەڕێن دەس پێشخەری بۆ خراپە ئەکەن و باوەڕ بە پێغەمبەرایەتیی من ناکەن ؟ ئەوە بۆ داوای بەخشین لە خوا ناکەن بەڵکو ڕەحمتان پێ بکرێ‌و خوا لێتان ببوورێ .

قَالُوا اطَّيَّرْنَا بِكَ وَبِمَن مَّعَكَ قَالَ طَائِرُكُمْ عِندَ اللَّهِ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ تُفْتَنُونَ(٤٧)

ئەوانیش وتیان : ئێمە بەهۆی تۆو ئەوانەوە لەگەڵتان شووم و نەگبەتیمان هاتووەتە ڕێ . سالحیش وتی : حاشا شوومی و نەگبەتی

لــە منەوە نیـیــەو شوومو نــەگبەتیتان لــە خواوە بۆ دیٚو هەمووی بەدەست ئەوە ، بەڵکو ئێوە خێڵێکن خوا تاقیتان ئەکاتەوەو خێریش و شەڕیشتان دێتەڕێ .

وَكَـانَ فِي الْمَدِينَـةِ تِسْعَـةُ رَهْـطٍ يُفْسِـدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ(٤٨)

لەو شارەی سەموودا کە ساڵحیان نێررابوە سەر نۆ کەس هەبوون هەموو بەجارێ خراپەیان ئەکردو هیچی چاکیان نەئەکرد .

قَالُوا تَقَاسَمُوا بِاللَّهِ لَنُبَيِّتَنَّهُ وَأَهْلَهُ ثُمَّ لَنَقُولَنَّ لِوَلِيِّهِ مَا شَهِدْنَا مَهْلِكَ أَهْلِهِ وَإِنَّا لَصَادِقُونَ(٤٩)

لەناو خۆیانا وتیان : سوێند بخۆین بــەخـوا شەو لەپڕ بدەین بەسەر خۆیو ماڵو منالّیاو بیانکوژین و پاشان کە کەس و میراتگرانی وتیان بۆ واتان کرد ، بڵێین ئێمە ئاگامان لــە کوشتنی مــاڵو منالّی نیـیــەو ڕاستیش ئەکەین چونکە کوشتنەکەیان بــە کەسانێکیتر کردووەو ئەو نۆ کەسە خۆیان لە کات و شوێنی کوشتنەکەیانا حازر نەبوون .

وَمَكَرُوا مَكْرًا وَمَكَرْنَا مَكْرًا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ(٥٠)

ئــەوان بە فێڵکردن فێڵیان کردو ئێمەیش بــە فێڵکردن فێڵەکــەی خۆیانمان کرد بەهۆی فەوتانیان و ئەوان ئاگایان لەمە نــەبوو و پێیان نەزانی .

فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ مَكْرِهِمْ أَنَّا دَمَّرْنَاهُمْ وَقَوْمَهُمْ أَجْمَعِينَ(٥١)

جا سەیرکە ئەنجامی فێڵەکەی ئەوان چۆنی لێ دەرچوو ؟ ئەوەبوو ئێمە ئەو نۆکەسەو خێڵەکەیشیانمان هەموو فەوتاندو نابووتمان کردن.

فَتِلْكَ بُيُوتُهُمْ خَاوِيَةً بِمَا ظَلَمُواْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ(٥٢)

ئەوەتا بەھۆی ئەو ستەمەوە کە کردیان خانووە کانیان چۆڵ وھۆڵن . بەڕاستی لەمەدا کە ڕوویدا لە خێڵەکەی ساڵح ، نیشانەی توان و دەسەڵاتی خوا دیارە بۆ کەسانێ شت ئەزانن و پەندی لێ وەرئەگرن .

وَأَنجَيْنَا الَّذِينَ آمَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ(٥٣)

ئەوانەیشمان ڕزگارکرد کە ئیمانیان ھێنابوو و لە خوای خۆیان ئەترسان .

وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ وَأَنْتُمْ تُبْصِرُونَ(٥٤)

باسی لووطیش بکە کە بە خێڵەکەی خۆی وت : ئەوە ئێوە کاری ناشیرین و ناپەسەند ئەکەن و چاوتان لێیەو ئەیشزانن کارێکی چەند ناڕەواو ناپەسەندە ؟!

أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِنْ دُونِ النِّسَاءِ بَلْ أَنْتُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ(٥٥)

ئێوە بۆ ڕاییکردنی ئارەزوو و خۆڕەحەت کردن ئەچنە لای پیاوان و ناچنە لای ژنەکانتان کە خوا بۆی حەڵاڵ کردوون ؟ ئێوە کەسانێکن نازانن چاك کامەیەو خراپ کامەیە .

جوزئی بیستەم

فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلاَّ أَنْ قَالُواْ أَخْرِجُواْ آلَ لُوطٍ مِّنْ قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ(٥٦)

وەڵامی خێڵی لووط لەسەر ئەم ئامۆژگارییە باشە لەوە زیاتر نەبوو کە وتیان : لووط و تاقمی لووط لە دێکەی خۆتان دەرکەن . ئەوانە

خۆیان بە پاك و ئێمە بە پیس دائەنێن .

فَأَنجَيْنَاهُ وَأَهْلَهُ إِلاَّ امْرَأَتَهُ قَدَّرْنَاهَا مِنَ الْغَابِرِينَ(٥٧)

جا ئێمەیش لووط و ماڵ و منداڵەکەیمان ڕزگارکرد ژنەکەی نەبێ کە بڕیارمان دابوو لەوانەبێ کاریان بەسەرچووەو ئەبێ بفەوتێن .

وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا فَسَاءَ مَطَرُ الْمُنذَرِينَ(٥٨)

بارانێکی نەگبەتمان بەسەرا باراندن . بارانێکی خراپ بوو بارانی ئەوانەی پێشتر ترساندبوومانن لەوەی غەزەبی خوایان بەسەرا داباریێ .

قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ وَسَلاَمٌ عَلَى عِبَادِهِ الَّذِينَ اصْطَفَى ءَآللَّهُ خَيْرٌ أَمَّا يُشْرِكُونَ(٥٩)

بڵێ: سوپاس بۆ خواو سەلامەتی لە دەردو مەینەت بۆ ئەو بەندانەی لەناو هەموو خەڵکا هەڵیبژاردوون . خوا باشە بۆ ئەوەی ئادەمیزاد بیپەرستن و گوێڕایەڵی فەرمانی بن یا ئەو شتانەی ئەیانکەن بە هاوبەشی خوا ؟

أَمَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَنبَتْنَا بِهِ حَدَائِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنبِتُوا شَجَرَهَا أَءِلَهٌ مَعَ اللَّهِ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ(٦٠)

یاخود کێیە ئەوەی ئاسمانەکان و زەویی دروست کردووەو ئاوی لە ئاسمانەوە بۆ باراندوون و پاشان بەو ئاوە باخ و باخچەی جوان و ڕازاوەمان ڕواندووە کە بۆتان نەئەکرا درەختەکانیان بڕوێنن ؟ ئایا خوایەك هەیە لەگەڵ زاتی خوادا ؟ نەخەیر نییە ، بەڵام ئەمانەی هاوبەش بۆ خوا دائەنێن تاقمێکن لە ڕاستی لائەدەن .

أَمَّنْ جَعَلَ الْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَالَهَا أَنْهَارًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا أَءِلَهٌ مَّعَ اللَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ(٦١)

یاخود ئەوە كێیە زەویی كردووە بە جێگەی ئۆقرە تیا گرتنتان و ڕووباری ئاوی بەناویا ڕەوان كردووەو كێوی دامەزراوی بۆ دروست كردووەو لەنێوان دەریای ئاوی شیرین و سوێراوا كۆسپێكی دروست كردووە ناهێڵێ ئاوەكانیان تێكەڵی یەكتر ببن ؟ ئایا خوایەكی‌تر هەیە لەگەڵ خوادا لە كردنی ئەم كارانەدا هاوبەشی بێ ؟ نەخەیر نی‌یە ، بەڵام بەشی زۆری ئەم خەڵكە نەفامن و نازانن ڕاستی كامەیە ؟

أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَاءَ الْأَرْضِ أَءِلَهٌ مَعَ اللَّهِ قَلِيلاً مَّا تَذَكَّرُونَ(٦٢)

یاخود كێیە ئەوەی دوعای داماوان قوبووڵ ئەكا كاتێ لێی بپاڕێنەوە و شتی خراپەو ناخۆش لە ئادەمیزاد لائەداو ئەتانكا بە جێگرەوەو جێنشینی پێشینەكانتان لە زەویدا ؟ ئایا خوایەكی‌تر هەیە لەگەڵ خوادا هاوبەشی بێ لە كردنی ئەم كارانەدا ؟ نەخەیر نی‌یە بەڵام ئێوە زۆر كەم وائەبێ بیربكەنەوەو ئەم ڕاستییە بزانن .

أَمَّنْ يَهْدِيكُمْ فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَنْ يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ أَءِلَهٌ مَعَ اللَّهِ تَعَالَى اللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ(٦٣)

یاخود ئەوە كێیە لە تاریكستانی وشكان و دەریادا شارەزاتان ئەكاو ڕێگای هاتوچۆتان پیشان ئەداو ، كێیە با ئەنێری بە مژدەدەری پێشوەختی بارانی ڕەحمەت ؟ ئایا خوایەكی‌تر هەیە لەگەڵ خوادا هاوبەشی بێ لە كردنی ئەم كارانەدا ؟ نەخەیر ، خوا گەلێ بەرزو

بڵندترە لەو شتاتە کە ئەوانە بە هاوبەشی خوایان دائەنێن.

أَمَّنْ يَبْدَؤُا الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَنْ يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَءِلَهٌ مَعَ اللَّهِ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (٦٤)

یاخود کێیە ئەوەی ئەم گشتە مەخلووقاتەی لە نەبوون دروست کردووە و پاش مراندنیشیان سەرلەنوێ زیندوویان ئەکاتەوەو ، کێیە ئەوەی لە ئاسمان و زەوییەوە ڕزق و ڕۆزیتان ئەداتێ ؟ ئەگەر لاتان وایە لە خوا بەولاوە کەسێ هەیە ئەم کارە بکا بەڵگەو دەلیلی خوتان بێنن و پیشانی بدەن ئەگەر ڕاست ئەکەن .

قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ (٦٥)

تۆ بڵێ تێکڕای ئەوانەی لە ئاسمان و لە زەویدان هیچیان غەیب نازانن و ئاگایان لێ نییە ، هەر خوا خۆی ئەیزانێ و ، هەروەها نایشزانن کەی زیندوو ئەکرێنەوە .

بَلِ ادَّارَكَ عِلْمُهُمْ فِي الْآخِرَةِ بَلْ هُمْ فِي شَكٍّ مِّنْهَا بَلْ هُم مِّنْهَا عَمُونَ (٦٦)

بەڵکو زانیاری و مەعلووماتی ئەم خەڵکە لەبارەی ئەوزاعی قیامەتەوە زۆر کەموکورت و ناتەواوەو ، بەڵکو گومانیشیان لەوەدا هەیە کە ڕۆژی قیامەت دێ و ، بەڵکو هەر سەرکوێریشن تیایاو بەڵگەکانی نازانن .

وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَءِذَا كُنَّا تُرَابًا وَآبَاؤُنَا أَئِنَّا لَمُخْرَجُونَ (٦٧)

کافرەکان وتیان : ئاخۆ ئێمە کە مردین و بووین بە خۆڵ و هەروا باوو باپیرە پێشینەکانیشمان لە گۆڕ دەرئەهێنرێین و سەرلەنوێ زیندوو

ئەکرێینەوە ؟

لَقَــدْ وُعِدْنَـــا هَــذَا نَحْنُ وَآبَاؤُنَـــا مِــنْ قَبْلُ إِنْ هَــذَا إِلاَّ أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ(٦٨)

بەڕاستی پێش ئـەوەیش مـوحـەممەد ئـەم گفتەمـان بـداتێ ئەم گفتەمان دراوەتیێو بـە باوك و بـاپیرانیشمان دراوە ، بەلاّم ئەم گفتی زیندوو کردونەوەی مردووانە لـە ڕۆژی قیامەتا لە ئـەفسانەی پێشینان بەولاوە نییە .

قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ(٦٩)

تۆیش پێیان بڵێ : بڕۆن بەزەویدا بسووڕێنەوەو سەیرکەن ئەنجامی تاوانکاران چۆن بووەو خوا چۆنی تۆڵە لێ سەندوونـەتەوەو نـوغـرۆی کردوون .

وَلا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلا تَكُنْ فِي ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ(٧٠)

خـەفـەتبار مـەبە بۆ ئەوە کە باوەڕت پێ ناکەن و ئیمان ناهێنن و بەهۆی فڕوفێڵیشیانەوە دڵتەنگ مەبە .

وَيَقُولُونَ مَتَى هَذَا الْوَعْدُ إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ(٧١)

ئەو کافرانە ئەڵێن ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن کاتی ئەو سزایە کەیە کە ئەڵێن سزای ئێمەی پێ ئەدرێ .

قُلْ عَسَى أَنْ يَكُونَ رَدِفَ لَكُمْ بَعْضُ الَّذِي تَسْتَعْجِلُونَ(٧٢)

تۆیش بڵێ : بەڵکو ئەمە خوایە هەندێ لەو سزایەی پەلەتانە بۆتان بێ ، پێتان بگا .

وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لا يَشْكُرُونَ(٧٣)

بەڕاستی خوای تۆ خاوەنی فـەزڵ و کـەرەمـە بـەسەر خەڵکەوە ، بەڵام بەشی زۆری ئەم خەڵکە سوپاسی خوا ناکەن .

وإِنَّ رَبَّكَ لَيَعْلَمُ مَا تُكِنُّ صُدُورُهُمْ وَمَا يُعْلِنُونَ (٧٤)

بـەڕاستییش خـوای تـۆ ئـەزانێ ئـەم کافرانە چییان لەناو دڵیانا هەڵگرتووەو چییشی لێ ئاشکرا ئەکەن و ، خوا هیچی لێ ناشاررێتەوە .

وَمَا مِنْ غَائِبَةٍ فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مُبِينٍ (٧٥)

هیچ شتێکی نـادیار نییە لەئاسمان و لە زەویدا کە لە عیلمی خوا یا لە لەوحولمەحفووزا نەبێ .

إِنَّ هَـذَا الْقُرْآنَ يَقُصُّ عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَكْثَرَ الَّـذِي هُـمْ فِيـهِ يَخْتَلِفُونَ (٧٦)

بەڕاستی ئەم قورئانە بـەشی زۆری ئەو بابەتانە ئەگێڕێتەوە بۆتان کە بەنیئیسرائیل ناکوکییان لەناوا هەیە لەبارەیانەوە.

وَإِنَّهُ لَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ (٧٧)

بەڕاستی ئەم قورئانە مـایەی ڕێپیشاندان و ڕەحمەتی خوایشە بـۆ کەسانێ کە باوەڕیان هەبێ .

إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ بِحُكْمِهِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ (٧٨)

بـەڕاستی خـوای تـۆ بڕیاری خۆی ئـەدا لـەنێوان بەنی ئیسرائیلا بەگوێرەی ئیرادەی خۆیو ، خـوا بـەسەر هەموانا زاڵەو هەموو شتێ ئەزانێ .

فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّكَ عَلَى الْحَقِّ الْمُبِينِ (٧٩)

کەواتە پشت بە خوا ببەستەو پـاڵبدەرە سەرئەو بۆ پاراستنت ،

بێگومان تۆ لەسەر ئایینی ڕاستی ڕووناکی .

إِنَّكَ لا تُسْمِعُ الْمَوْتَى وَلا تُسْمِعُ الصُّمَّ الدُّعَاءَ إِذَا وَلَّوْا مُدْبِرِينَ (٨٠)

بەڕاستی تۆ ناتوانی کارێ بکەی مردوو قسەت ببیێن و ناتوانی کارێ بکەی کەڕ گوێیان لە بانگەوازت بێ ئەگەر کەڕەکان خۆیان بییانەوێ پشت پێ هەڵبکەن و گوێ لە بانگەوازەکەت نەگرن ، واتە ئەم کافرانە وەك مردووو وەك کەڕ وان. ئەگەر خوا بە قودرەتی خۆی کارێ نەکا گوێت بۆ شل بکەن، تۆ ناتوانی گوێیان پێ شل بکەی .

وَمَا أَنتَ بِهَادِي الْعُمْيِ عَنْ ضَلالَتِهِمْ إِنْ تُسْمِعُ إِلاَّ مَنْ يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا فَهُمْ مُسْلِمُونَ (٨١)

هەروا بەڕاستی تۆ ناتوانی ڕێگا پیشانی کوێران بدەی و لە گومڕاهییان وەرگێڕی . تۆ ئەتوانی گوێ تەنها بەوکەسانە شل بکەی کە باوەڕیان بە ئایەتەکانی ئێمە هەیە. ئەوانە ملکەچی فەرمانی خوان .

وَإِذَا وَقَعَ الْقَوْلُ عَلَيْهِمْ أَخْرَجْنَا لَهُمْ دَابَّةً مِّنَ الْأَرْضِ تُكَلِّمُهُمْ أَنَّ النَّاسَ كَانُوا بِآيَاتِنَا لا يُوقِنُونَ (٨٢)

کاتێ کە ئادەمیزاد مووستەحەقی عەزابی خوا ئەبن و فەرموودەی هاتنی عەزاب دێتە سەریان واتە ڕۆژی قیامەت و لێپرسینەوەی تاوانباران نزیك ئەبێتەوە ، شتێکیان لە زەوی بۆ دەرئەکەین ئەڕوا بەڕێداو قسە لەگەڵ خەڵك ئەکا ئەڵێ ئەم خەڵکە باوەڕیان بە ئایەتەکانی خوا نەبوو .

وَيَوْمَ نَحْشُرُ مِنْ كُلِّ أُمَّةٍ فَوْجًا مِمَّنْ يُكَذِّبُ بِآيَاتِنَا فَهُمْ

يُوزَعُونَ(٨٣)

باسی ئـــەو ڕۆژە بکــە کــە لــە هەموو ئوممەتیٚ کۆمەڵیٚ لەوانەیان کۆئەکەینەوە کە باوەڕیان بە ئایەتەکانی ئیٚمە نەبوو، جا ماتڵ ئەکریٚن بۆ لیٚپرسینەوە .

حَتَّى إِذَا جَاءُو قَالَ أَكَذَّبْتُمْ بِآيَاتِي وَلَمْ تُحِيطُوا بِهَا عِلْمًا أَمَّاذَا كُنـــتُمْ تَعْمَلُونَ(٨٤)

کاتیٚ کە دیٚن بــۆ مەیدانی لیٚپرسینەوە خــوا پیٚیان ئــەڵیٚ:بــۆچی بەرلەوەی باش بیربکەنەوەو لە ئایەتەکانی ئیٚمە بگەن و بزانن ڕاستن و عەقڵ ئەیانگریٚ یا نە ، بە درۆتان دانان و باوەڕتان پیٚ نەکردن ، یا چیتان ئــەکــرد لــە کردەوەی نــاڕەوا بیٚئــەوەی سەیربکەن ئەنجامی کردەوەکانتان چۆن ئەبیٚ ؟

وَوَقَعَ الْقَوْلُ عَلَيْهِمْ بِمَا ظَلَمُوا فَهُمْ لاَ يَنطِقُونَ(٨٥)

فەرموودەی خوایان بۆ هاتنی عەزاب بۆیان بەسەردا کەوت بەهۆی ئەو ناحەقییانەوە کە کردبوونیان و ئەوانیش هیچ ناڵیٚن چونکە ناتوانن و مەجاڵی وتنی هیچیان نابیٚ .

أَلَمْ يَرَوْا أَنَّـــا جَعَلْنَا اللَّيْلَ لِيَسْكُنُوا فِيهِ وَالنَّهَارَ مُبْصِرًا إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ(٨٦)

ئایا نابینن یا نازانن ئیٚمە شەومان بۆ ئەوە داناوە خــەڵك ئۆقرەی تیا بگرن و تیا بحەسیٚنەوەو ڕۆژیشمان ڕووناك کردووەتەوە خەڵك کارو کاسبیی تیا بکــەن . بیٚگومــان ئەمە گەلیٚ نیشانەی گەورەییی خوای تیایە بۆ کەسانیٚ کە باوەڕیان بە خوای خۆیان بیٚ .

وَيَــوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ فَفَزِعَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَنْ شَاءَ اللَّهُ وَكُلٌّ أَتَوْهُ دَاخِرِينَ(٨٧)

باسی ئەورۆژە بکە کە فوو ئــــەکریٚ بە (صور) سوورا ، لەوکاتەدا هەرکەس لــــەئاسمانەکــــان ولە زەویدا هـــــەیە ترسی عەزابی خوای لیٚ ئەنیشیٚ مــەگــەر کەسیٚ کــە خوا خۆی مەیلی وابیٚ نەترسیٚ و هەموو ئادەمیزاد بە داماوییەوە دیٚنە مەیدانی خوا بۆ لیٚپرسینەوە .

وَتَــرَى الْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً وَهِيَ تَمُرُّ مَــرَّ السَّحَابِ صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ إِنَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَفْعَلُونَ(٨٨)

کیٚوەکانی سەرزەوی ئەبینی وا گومان ئەبەی کە وەستاوو ئارامن و لەڕاستیدا وەك پەڵە هەور ئەبزوون چونکە شتی گـــەورە کە بەجاریٚ بجوولیٚ ئادەمیزاد هەست بە جوولــەکــەی ناکا . ئەمەیش کاری ئەو خوایەیە کە هەموو شتیٚکی بەباشی دروست کردووە ، بیٚگومان خوا ئاگادارە لە هەر کاریٚ کە ئیٚوە ئەیکەن .

مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ خَيْرٌ مِّنْهَا وَهُم مِّنْ فَزَعٍ يَوْمَئِذٍ آمِنُونَ(٨٩)

هەرکەسیٚ لــە دنیا کردەوەی باشی کردبیٚو لە ڕۆژی لیٚپرسینەوەی قیامــەتــا ئــەو کردەوە چاکانەی خۆی بهیٚنیٚتە مەیدانی لیٚپرسینەوە، پــاداشی چاکتری لە کردەوەکەی خۆی ئەدریٚتەوەو ، ئــەوکەسانە لەو ڕۆژەدا لە ترسی سزا ئەمینن .

وَمَنْ جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَكُبَّتْ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ هَلْ تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ(٩٠)

کــەسانیٚکیش لــە دنیادا خراپەیـــان کردبیٚ لــــە ڕۆژی قیامەتیشا

کردەوەی خراپی خۆیان دێتە بەردەمیان و بەدەما فڕێ ئەدرێنە ناو ئاگری دۆزەخ و ، لەلایەن کاربەدەستانی دۆزەخەوە پێیان ئەوترێ: ئایا ئێوە جەزاتان بە لەوە بەولاوە ئەدرێتەوە کە خۆتان لە دنیادا ئەتانکرد؟

إِنَّمَا أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ رَبَّ هَذِهِ الْبَلْدَةِ الَّذِي حَرَّمَهَا وَلَهُ كُلُّ شَيْءٍ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ(٩١)

ئەی موحەممەد ! تۆ بەم کافرانەی مەککە بڵێ: من تەنها فەرمانی ئەوەم دراوەتێ ئەو خوایە بپەرستم کە خوای ئەم شارەیەو کوشتارو بەدڕەفتاریی تیا حەرام کردووەو هەموو شتێ لە ئاسمان و زەویدا بەدەست خۆیەتی‌و من فەرمانم دراوەتێ کەوا لە موسوڵمانان بم .

وَأَنْ أَتْلُوَا الْقُرْآنَ فَمَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَقُلْ إِنَّمَا أَنَا مِنَ الْمُنْذِرِينَ(٩٢)

فەرمانیشم دراوەتێ قورئان بخوێنم ، جا هەرکەس ڕێی ڕاست ئەگرێتە بەر ئەوە بۆ خۆیی ئەگرێتەبەرو هەرکەسیش لە ڕێی ڕاست لائەدا ئەوە تۆ پێیان بڵێ من تەنها ئەوەندەم بەدەستە کە خەڵك لە سزای خوا بترسێنم .

وَقُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ سَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَتَعْرِفُونَهَا وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ(٩٣)

بیشڵێ سوپاس بۆ خوا لەمەولا خوا نیشانەکانی گەورەیی‌و توانی خۆیتان پیشان ئەداو ئێوەیش ئەزانن ئەوانە نیشانەی گەورەیی‌و توانی خوان و، خوای تۆیش بێ‌ئاگا نی‌یە لەو کارانەی ئێوە ئەیانکەن.

سوورەتی (القصص)

(٨٨) ئایەتەو مەککەییە لە ئایەتی(٥٢)وەوە نەبێ تا ئایەتی (٨٥) ئەوانەی مەدینەیین

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحيمِ

طسٓمٓ (١)

خوا خۆی ئەزانێ مەبەستی لەم وشەیە چی‌یە .

تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ(٢)

ئەم ئایەتانەی لەم سوورەتەدان ئایەتی قورئانی ڕێگا ڕوونکەرەوەن .

نَتْلُواْ عَلَيْكَ مِن نَّبَإِ مُوسَى وَفِرْعَوْنَ بِالْحَقِّ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ(٣)

هەندێ لە دەنگوباسی مووساو فیرعەونت بەڕاستی بەسەردا ئەخوێنینەوە بۆ قەومێ کە باوەڕیان بە خواو بە پێغەمبەری خوا هەیە.

إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلاَ فِي الأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ طَائِفَةً مِّنْهُمْ يُذَبِّحُ أَبْنَاءَهُمْ وَيَسْتَحْيِي نِسَاءَهُمْ إِنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ(٤)

بەڕاستی فیرعەون بەرز بووەوە لە زەویداو خەڵکی وڵاتەکەی تاقم تاقم کردبوو بۆئەوەی خۆی زاڵ بێ بەسەریانا ، تاقمێکیانی لاوازو سووك ئەکرد، هەر مناڵێکی نێرینەیان لێ بهاتایەتە دنیاوە سەری ئەبڕیو مناڵی مێینەیانی بەزیندوویی ئەهێشتەوە . بەڕاستی فیرعەون یەکێ بوو لەوانەی خراپە ئەکەن .

وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى الَّذِينَ اسْتُضْعِفُواْ فِي الْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ الْوَارِثِينَ(٥)

ئێمەیش ئەمانەوێ چاکەی خۆمان بکەین لەگەڵ ئەوانەی لاوازو

ســووك كرابــوون و بییانكەیــن بــە پێشەوای ئــایین و بییانكەیــن بــە میراتگری موڵك و ماڵی فیرعەون .

وَنُمَكِّنَ لَهُمْ فِي الْأَرْضِ وَنُرِيَ فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَجُنُودَهُمَا مِنْهُم مَّا كَانُوا يَحْذَرُونَ(٦)

هەروا ئەمانەوێ دامەزراویان كــەین لــە زەویــداو ئــەوەیش بــەهۆی سەركوتكراوەكانەوە پیشانی فیرعەون و هامان و لەشكرەكــەیان بدەین كە لێی ئەترسان كە بەربادبوون و فەوتانە .

وَأَوْحَيْنَا إِلَى أُمِّ مُوسَى أَنْ أَرْضِعِيهِ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِي الْيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحْزَنِي إِنَّا رَادُّوهُ إِلَيْكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ الْمُرْسَلِينَ(٧)

خستمانە دڵی دایكی مووساوە كەوا بــەخێوی بكــەو شیری بدەرێو هەركاتێ ترست لێ پەیداكرد كــە بێن بیبەن فڕێیدەرە نــاو ئــاوی دەریاوەو مەترسە كە هیچی بەسەر بێ و خەفەتی بۆ مەخۆ كەوا لێت دوورئەكەوێتەوە ، ئێمە سەرەنجام ئەیهێنینەوە بۆلای خۆت و ئەیكەین بە یەكێ لە پێغەمبەران .

فَالْتَقَطَهُ آلُ فِرْعَوْنَ لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا وَحَزَنًا إِنَّ فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَجُنُودَهُمَا كَانُوا خَاطِئِينَ(٨)

پاش ئــەوەی كــە دایكی مووسا مووسای دا بــەدەم ئــاوەوەو ئاو بردی ، دەستودائیرەی فیرعەون بــەسەر ئاوەوە گرتیانەوە بۆئــەوەی سەرەنجامی كار ببێ بە دوژمنیان و بە مایەی خەم و خەفەت بۆیان . بەڕاستی فیرعەون و هــامــان و لــەشكرەكەیــان لە هەموو ڕوویەكەوە بەهەڵە چووبوون ، لەوەدا كــە لەپێشا بەهیوای كوشتنی ئەو، واتە

مووسا ، منالّی نێرنیەی بەنی ئیسرائیلیان هەموو ئەکوشت و ، پاشانیش لەوەدا کە بەسەر ئاوەکەوە گرتیانەوەو ، دواتریش لەوەدا کە بە پێغەمبەری هاتە سەریان باوەڕیان پێ نەکرد.

وَقَالَتِ امْرَأَتُ فِرْعَوْنَ قُرَّتُ عَيْنٍ لِّي وَلَكَ لَا تَقْتُلُوهُ عَسَى أَن يَنفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ(٩)

کە بەسەر ئاوەکەوە گرتیانەوەو بردیانە لای ژنەکەی فیرعەون ژنەکەی فیرعەون بە فیرعەونی وت: ئەم منالّە فێنکایی چاوانی من و تۆیەو چاومانی پێ ئەکرێتەوە کە منالّێکیوا نازدار لە مالّەکەمانا ئەبینین ، مەیکوژن ، بەلّکو سوودێکی ببێ بۆمان یا بیکەین بە منالّی خۆمان . ئەوان ئەم قسانەیان ئەکرد و هیچ ئەوەیان نەئەزانی کە ئەم منالّە مووسایەو ئاخری سەریان ئەخواو ئەبێ بە مایەی بەرباد بوون و مالّ وێرانییان.

وَأَصْبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَى فَارِغًا إِنْ كَادَتْ لَتُبْدِي بِهِ لَوْلَا أَن رَّبَطْنَا عَلَى قَلْبِهَا لِتَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ(١٠)

کە دایکی مووسا زانیی مالّی فیرعەون کوڕەکەییان بەسەر ئاوەوە گرتووەتەوەو بردوویانەتە لای خۆیان ، لەترسانا هیچ بیرو هۆش لە دلّیا نەماو لەوانەبوو لەبەر حیرسی لەسەر منالّەکەی بڕوا پێیان بلّێ ئەو منالّە مووسای کوڕی منە ، ئەگەر ئێمە دلّیمان بەهێز نەکردایە کە خۆی بگرێو قسە نەکاو یەکێ بێ لەوانە کە باوەڕیان بە خوا هەیە چونکە خوا خۆی پێشتر خستبوویە دلّیەوە ئێمە سەرەنجام ئەیهێنینەوە بۆلای خۆت و ئەیشیکەین بە پێغەمبەر.

وَقَالَتْ لِأُخْتِهِ قُصِّيهِ فَبَصُرَتْ بِهِ عَنْ جُنُبٍ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ (١١)

دایکی مووسا بە خوشکەکەی مووسای وت : بکەوەرە پەیجۆری براکەت بزانە کەوتووەتە کوێو چیی بەسەرهاتووە ، ئەویش ڕۆیشت بۆ ماڵی فیرعەون و لەوێ لەدوورەوە براکەی خۆیی دیو دەستەو دائیرەی فیرعەون پێیان نەزانی.

وَحَرَّمْنَا عَلَيْهِ الْمَرَاضِعَ مِنْ قَبْلُ فَقَالَتْ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى أَهْلِ بَيْتٍ يَكْفُلُونَهُ لَكُمْ وَهُمْ لَهُ نَاصِحُونَ (١٢)

بەرلەوەی خوشکەکەی مووسا بچێتە ماڵی فیرعەون و لەوێ بیدۆزیتەوە ، ئێمە مژینی مەمکی هەر ئافرەتێکمان لە مووسا حەرام کردبوو کە ئەیانبردن شیری بدەنێ ، واتە بە فەرمانی خوا مەمکی هیچ ژنێکی نەئەگرت بەدەمیەوە. کاتێ کە خوشکەکەی چووە ئەوێو چاوی پێکەوت و دیتی چۆن بەدەستیەوە داماون و مەمکی هیچ ژنێ ناگرێ بەدەمەوە ، پێیوتن : ماڵێکتان پیشان بدەم لەئەستۆی خۆیانی بگرن و شیری بدەنێو چاودێریی بکەن ؟

فَرَدَدْنَاهُ إِلَى أُمِّهِ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ وَلِتَعْلَمَ أَنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (١٣)

ماڵی فیرعەونیش پێیان خۆش بوو ئافرەتێکی وایان دەسکەوێ مووسا شیریان بخواو چاودێریی بکەن ، بۆیە دایانە دەستی خوشکەکەی بیبا بۆ ماڵەوەو بەوجۆرە مووسامان گێڕایەوە بۆ دایکی تا چاوی فێنك ببێتەوەو خەفەت نەخوا بۆ دووریی کوڕەکەیو بزانێ ئەو گفتەی خوا دابوویێ کەوا منداڵەکەی بۆ ئەهێنێتەوە ڕاستە ، بەڵام

بەشی زۆری ئەم خەڵکە ئەمە نازانن .

وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ وَاسْتَوَى آتَيْنَاهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ(١٤)

کاتێ کە مووسا گەیشتە تەمەنی هێزو خۆڕاگرتنیو بوو بە پیاوێکی پیاوانە ، توان و زانستی بەڕێوەبردنی کاروبارمان دایەو ئێمە پاداشی پیاوچاکان بەم جۆرە ئەدەینەوە .

وَدَخَلَ الْمَدِينَةَ عَلَى حِينِ غَفْلَةٍ مِّنْ أَهْلِهَا فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلَانِ هَذَا مِنْ شِيعَتِهِ وَهَذَا مِنْ عَدُوِّهِ فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِي مِنْ شِيعَتِهِ عَلَى الَّذِي مِنْ عَدُوِّهِ فَوَكَزَهُ مُوسَى فَقَضَى عَلَيْهِ قَالَ هَذَا مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ عَدُوٌّ مُّضِلٌّ مُّبِينٌ(١٥)

جارێکیان کاتێ کە خەڵك ئاگایان لە خۆیان نەبوو و نووستبوون مووسا هاتە ناو شار ، لەوکاتەدا دوو کەسی دی چووبوون بەگژی یەکا ، یەکێکیان لە تاقمی خۆی بوو و ئەویان لە بەرەی دوژمنەکەی بوو ، ئەوەیان کە لە تاقمی خۆی بوو داوای یارمەتیی لێ کرد لەدژی ئەویان کە لە بەرەی دوژمنەکەی بوو ، مووسایش مستەکۆڵەیەکی لێداو کوشتی ، کە دیی وا ئەو کابرایەی کوشت وتی : ئەم کارەی کردم کاری شەیتان بوو ، شەیتان دوژمنێکی گومڕاکەری ئاشکرایە .

قَالَ رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي فَاغْفِرْ لِي فَغَفَرَ لَهُ إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ(١٦)

جا ڕووی کردە خوا و وتی : خوایە بەڕاستی من ستەمم لە خۆم

کرد ، لێم خۆش ببە . خوایش لێی خۆش بوو . بەڕاستی خوا بەخشندەو بەڕەحمە .

قَالَ رَبِّ بِمَا أَنْعَمْتَ عَلَيَّ فَلَنْ أَكُونَ ظَهِيرًا لِّلْمُجْرِمِينَ(١٧)

کە خوا لێی خۆش بوو ، ئەمیش وتی : خوایە بەرانبەر بەم نیعمەتەی بە منت داو لێم خۆش بووی ، لەمەوپاش هەرگیز پشتیوانی تاوانباران نابم .

فَأَصْبَحَ فِي الْمَدِينَةِ خَائِفًا يَتَرَقَّبُ فَإِذَا الَّذِي اسْتَنصَرَهُ بِالْأَمْسِ يَسْتَصْرِخُهُ قَالَ لَهُ مُوسَى إِنَّكَ لَغَوِيٌّ مُّبِينٌ(١٨)

ئیتر لەبەرئەوە کە ئەو کابرایەی کوشتبوو وای لێهات لە ناوشارا لە خۆی ئەترسا ، چاوەڕوانی ئەوەبوو دەستەو دائیرەی فیرعەون و کەسوکاری کوژراوەکە لە تۆڵەدا بیکوژنەوە . لەپڕ لووتی بوو بە لووتی کابراوە کە دوێنێ هاواری لێ کردبوو و داوای یارمەتیی لێ کردبوو ئەمڕۆیش هاواری لێ ئەکرد جارێکی تریش یارمەتیی بدا . مووسا نەیویست بەدەنگیەوە بچێ و پێی‌وت : کابرا تۆ گومڕایەکی ئاشکراو دیاریت .

فَلَمَّا أَنْ أَرَادَ أَن يَبْطِشَ بِالَّذِي هُوَ عَدُوٌّ لَّهُمَا قَالَ يَامُوسَى أَتُرِيدُ أَن تَقْتُلَنِي كَمَا قَتَلْتَ نَفْسًا بِالْأَمْسِ إِن تُرِيدُ إِلَّا أَن تَكُونَ جَبَّارًا فِي الْأَرْضِ وَمَا تُرِيدُ أَن تَكُونَ مِنَ الْمُصْلِحِينَ(١٩)

لەگەڵ ئەوەیشا مووسا کە دیی کابرای هاوارکەر بەدەست کابراکەی‌ترەوە زەلیلە ، غیرەتی قوبووڵی نەکرد نەچێ بەهاواریەوەو ویستی هەڵمەت بەرێ بۆ ئەم کابرا کە دوژمنی خۆیشی و دوژمنی

کابرای هاوارکەریش بوو چونکە هاوارکەرەکە لە بەنیئیسرائیل و ئەمیتر قیبتی‌و لە تاقمی فیرعەون بوو ، کابرای قیبتی وتی : ئەی مووسا ئەوە ئەتەویٚ منیش بکوژی وەك چۆن دوێنیٚ کابرایەکت کوشت . تۆ هیچت ناویٚ ئەوە نەبیٚ ببی بە کابرایەکی زۆردار لەم سەرزەوییەداو ناتەویٚ یەکیٚ بی لەوانەی کاری چاکە ئەکەن و ئەگەر دوو کەس لەناو خۆیانا شەڕیان بوو ئاشتیان کەیتەوە .

وَجَاءَ رَجُلٌ مِّنْ أَقْصَا الْمَدِينَةِ يَسْعَى قَالَ يَامُوسَى إِنَّ الْمَلأَ يَأْتَمِرُونَ بِكَ لِيَقْتُلُوكَ فَاخْرُجْ إِنِّي لَكَ مِنَ النَّاصِحِينَ (٢٠)

کابرایەك لە لای ئەوپەڕی شارەوە بە ڕاکردن هات بۆلای مووساو پێیوت : ئەی مووسا کۆمەڵی بارەگای فیرعەون لەناو خۆیانا خەریکی ڕاوێژن بۆ کوشتنت ، دەسوبرد کە لە شار دەرچۆ ، من یەکێکم لەوانەی ئامۆژگاریی دۆستانەت ئەکەن .

فَخَرَجَ مِنْهَا خَائِفًا يَتَرَقَّبُ قَالَ رَبِّ نَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (٢١)

جا مووسایش بەترسەوە لە شار دەرچوو ، چاوەڕوانی ئەوە بوو بێن بەدوایا بیگرن ، وتی : خوایە ڕزگارم کە لەم خێڵە ستەمکارە .

وَلَمَّا تَوَجَّهَ تِلْقَاءَ مَدْيَنَ قَالَ عَسَى رَبِّي أَنْ يَهْدِيَنِي سَوَاءَ السَّبِيلِ (٢٢)

کە ڕوویکردە شاری مەدیەن لە فەلەستین وتی : بەهیوام خوا شارەزام بکا بۆ سەر ڕێی ڕاست .

وَلَمَّا وَرَدَ مَاءَ مَدْيَنَ وَجَدَ عَلَيْهِ أُمَّةً مِّنَ النَّاسِ يَسْقُونَ وَوَجَدَ مِنْ دُونِهِمُ امْرَأَتَيْنِ تَذُودَانِ قَالَ مَا خَطْبُكُمَا قَالَتَا لَا نَسْقِي حَتَّى يُصْدِرَ

الرِّعَاءُ وَأَبُونَا شَيْخٌ كَبِيرٌ(٢٣)

کاتێ گەیشتە سەر بیرەکەی خەڵکی مەدیەن ئاویان لێ هەڵئەگۆست ڕێکەوتی کۆمەڵێ خەڵکی کرد ئـاویـان بـە ئاژەڵەکەیان ئەداو لەخوار ئـەوانیشەوە دوو ژنی دی مـەڕەکـانی خۆیـان لائەدا لەوەی تێکەڵی مەڕی خەڵکەکانی‌تر بن ، پێی‌وتن : بۆ مـەڕەکانتان لائەدەن ؟ ژنەکان وتیان : ئێمە ئـاوی مـەڕەکـانمان نـادەین تا شوانەکان لائەچن لەسەر بیرەکەو تەنها خۆمان ئـەمێنینەوەو بـاوکیشمان پیرێکی بەساڵاچووە ناتوانێ بێ لەگەڵ خەڵکەکەدا ئاوی مەڕەکان بدا .

فَسَقَى لَهُمَا ثُمَّ تَوَلَّى إِلَى الظِّلِّ فَقَالَ رَبِّ إِنِّي لِمَا أَنزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ(٢٤)

کـە ژنەکـان بـاسی خۆیـانیان بـۆ مووسا گێڕایـەوە مووسایش مەڕەکانی بۆ ئاودان و ئەوجـا چووە سێبەرێ لـەو شوێنەدا دانیشت و ڕووی کردە خواو وتی: خوایە من موحتاجی چاکەیەکم تۆ لەگەڵم بکەی.

فَجَاءَتْهُ إِحْدَاهُمَا تَمْشِي عَلَى اسْتِحْيَاءٍ قَالَتْ إِنَّ أَبِي يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا فَلَمَّا جَاءَهُ وَقَصَّ عَلَيْهِ الْقَصَصَ قَالَ لَا تَخَفْ نَجَوْتَ مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ(٢٥)

جا یەکێ لە ژنەکان هات بۆ لای مووساو بـەشەرمـەوە ئەڕۆیشت بەڕێداو پێی‌وت باوکم بانگت ئەکا بۆئەوەی پـاداشی ئەو پیاوەتییەت بداتەوە کە مەڕەکانت بۆ ئاو داین . کـە مووسا هـاتە لای باوکیان و سەرگوزەشتەکانی خۆی بۆ گێڕایەوە ، باوکیان کە شوعەیب پێغەمبەر بوو پێی‌وت : مـەترسە ڕزگـارت بووە لەو تاقمە ستەمکارە کە تاقمی

فیرعەونە .

قَالَتْ إِحْدَاهُمَا يَاأَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ(٢٦)

یەکێ لە دوو کچەکەی شوعەیب وتی بە باوکی: بابە ئەم کوڕە بەکرێ بگرە بۆ بەخێوکردنی مەڕەکانمان. بێگومان باشترین کەسێ بەکرێی بگری کەسێکە هێزو توانی کارکردنی ببێو دەسپاکیش بێ، ئەم کوڕەیش بەهێزیشەو دەسپاکیشە .

قَالَ إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أُنكِحَكَ إِحْدَى ابْنَتَيَّ هَاتَيْنِ عَلَى أَنْ تَأْجُرَنِي ثَمَانِيَ حِجَجٍ فَإِنْ أَتْمَمْتَ عَشْرًا فَمِنْ عِنْدِكَ وَمَا أُرِيدُ أَنْ أَشُقَّ عَلَيْكَ سَتَجِدُنِي إِنْ شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّالِحِينَ(٢٧)

شوعەیبیش بە مووسای وت: من ئەمەوێ یەکێ لەم دوو کچەی خۆمت لێ مارە ببڕم بەمەرجێ تۆیش هەشت ساڵ کرێکاریم بۆ بکەی. خۆ ئەگەر دە ساڵت تەواوکرد ئەوە پیاوەتیی خۆتەو من نامەوێ ئەزیەتت بدەم، خوا یار بێ ئەبینی پیاوێکی باش و بەشەرت و وەفا ئەبم لەگەڵت .

قَالَ ذَلِكَ بَيْنِي وَبَيْنَكَ أَيَّمَا الْأَجَلَيْنِ قَضَيْتُ فَلَا عُدْوَانَ عَلَيَّ وَاللَّهُ عَلَى مَا نَقُولُ وَكِيلٌ(٢٨)

مووسایش وتی: ئەوەی کە وتت ڕێکەوتنی نێوان من و تۆ بێ، هەرکام لەو دوو ماوەیەی هەشت ساڵ یا دە ساڵ کرێکارییەم بەجێ‌هێنا بۆت داوای زیاترم لێ مەکە چونکە ئەرکی خۆمم جێبەجێ کردووەو خوا ئاگادارە لەوەی ئەیلێین .

فَلَمَّا قَضَى مُوسَى الْأَجَلَ وَسَارَ بِأَهْلِهِ آنَسَ مِنْ جَانِبِ الطُّورِ نَارًا قَالَ لِأَهْلِهِ امْكُثُوا إِنِّي آنَسْتُ نَارًا لَّعَلِّي آتِيكُم مِّنْهَا بِخَبَرٍ أَوْ جَذْوَةٍ مِّنَ النَّارِ لَعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ(٢٩)

کاتێ کە مووسا ماوەی کرێکارییەکەی خۆی تەواوکرد لەگەڵ ژنەکەی کە کچەکەی شوعەیب بوو گەڕایەوە بۆ میسر ، لە ڕێگادا لە بەری کێوی توورەوە ئاگرێکی بەدیکرد ، بە ژن و منداڵەکانی وت : من ئاگرێکم بەدیکردووە ، ئێوە لێرە ڕاوەستن ، من ئەڕۆم بۆلای ئەو ئاگرە بەڵکو هەواڵێکم دەسگیر ببێ یا دەستەچیلەیەکتان بۆ بێنم لێی ، بەڵکو خۆتانی پێ گەرم کەنەوە .

فَلَمَّا أَتَاهَا نُودِي مِن شَاطِئِ الْوَادِ الْأَيْمَنِ فِي الْبُقْعَةِ الْمُبَارَكَةِ مِنَ الشَّجَرَةِ أَن يَا مُوسَى إِنِّي أَنَا اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ(٣٠)

کاتێ کە مووسا گەیشتە لای ئاگرەکە ، لە کەناری شیوەکەوە کە ئەکەوتە لای ڕاستی مووساوە لەو پارچە زەوییە پیرۆزەدا لای درەختەکەوە کە لەوێدا ڕوابوو ، بانگی لێ کرا : ئەی مووسا بێگومان من (الله)م خواو پەروەردگاری هەموو جیهانەکانم .

وَأَنْ أَلْقِ عَصَاكَ فَلَمَّا رَآهَا تَهْتَزُّ كَأَنَّهَا جَانٌّ وَلَّى مُدْبِرًا وَلَمْ يُعَقِّبْ يَا مُوسَى أَقْبِلْ وَلَا تَخَفْ إِنَّكَ مِنَ الْآمِنِينَ(٣١)

فەرمانیشت ئەدەمی کەوا عاساکەی دەستت هەڵدە. کە هەڵیداو بینیی ئەجووڵێتەوەو تەکان ئەداتە خۆی ئەڵێی تیرەمارە ، مووسا بەرەوپشت وەرگەڕایەوەو نەگەڕایەوە بۆلای مارەکە. ئێمەیش بانگمان لێ کرد: مووسا ! ڕوومان تێ بکەو مەترسە ، تۆ لەوکەسانەی ئەمینن لە

مەترسی‌و زیانیان نایەتەڕێ .

اسْلُكْ يَدَكَ فِي جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ وَاضْمُمْ إِلَيْكَ جَنَاحَكَ مِنَ الرَّهْبِ فَذَانِكَ بُرْهَانَانِ مِنْ رَبِّكَ إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ (٣٢)

کە مووسا ترسەکەی ڕەوییەوە، جارێکیتر بانگمان لێ کردەوەو پێمان وت دەستت بخەرە ناو باخەڵتەوە بە دەستێکی سپی‌و ڕووناک دێتە دەرەوە بێ‌ئەوەی ئەو سپییەتی‌و ڕووناکییە هیی عەیبێ بێ تووشی هاتبێ ، قۆڵەکانیشت بکە بە یەکا لەسەر سنگت بۆئەوەی ئەگەر ترسایت خۆت بگریت و تێك نەچیت. ئەو مارە کە عاساکەی دەستت بوو بوو بە مارو، دەستت کەوا سپی‌و ڕۆشن بووەوە، دوو بەڵگەن لە خواوە بۆت بۆ لای فیرعەون و دەستەو دائیرەکەی. فیرعەون و دەستەو دائیرەکەی تاقمێکی لە فەرمانی خوا دەرچوو بوون.

قَالَ رَبِّ إِنِّي قَتَلْتُ مِنْهُمْ نَفْسًا فَأَخَافُ أَنْ يَقْتُلُونِ (٣٣)

مووسا وتی : خوایە من یەکێکم لەم تاقمی فیرعەونە کوشتووە ، ئەترسم لە تۆڵەی ئەو یەکەدا بمکوژنەوە .

وَأَخِي هَارُونُ هُوَ أَفْصَحُ مِنِّي لِسَانًا فَأَرْسِلْهُ مَعِي رِدْءًا يُصَدِّقُنِي إِنِّي أَخَافُ أَنْ يُكَذِّبُونِ (٣٤)

هاروونی برایشم لەگەڵ بنێرە ئەو زمانی لە من فەسیح و کراوەترە ، بیکە بە یارمەتیدەرم ، بە بەڵگەی بەهێزو قسەی بەڕێوجێی کارێك بکا دەستەو دائیرەی فیرعەون بزانن من ڕاستگۆم و پێغەمبەری خوام ، ئەترسم بە درۆزنم دابنێن و باوەڕم پێ نەکەن .

قَالَ سَنَشُدُّ عَضُدَكَ بِأَخِيكَ وَنَجْعَلُ لَكُمَا سُلْطَانًا فَلَا يَصِلُونَ إِلَيْكُمَا بِآيَاتِنَا أَنْتُمَا وَمَنِ اتَّبَعَكُمَا الْغَالِبُونَ(٣٥)

خوایش بانگی لیٚ کردەوە پێیوت لەمەوپاش قۆڵت بە هاروونی برات توند ئەکەین و دەسەڵاتێکتان ئەدەینێ هەرگیز بەو دەسەڵاتەوە دەستیان پێتان نەگاو بڕۆنە سەر فیرعەون ، ئێوەو ئەوانەی لەگەڵتاتن بەم موعجیزانەی ئێمەوە بەسەر ئەوانا زاڵن .

فَلَمَّا جَاءَهُمْ مُوسَى بِآيَاتِنَا بَيِّنَاتٍ قَالُوا مَا هَذَا إِلَّا سِحْرٌ مُفْتَرًى وَمَا سَمِعْنَا بِهَذَا فِي آبَائِنَا الْأَوَّلِينَ(٣٦)

کاتیٚ کە مووسا بە موعجیزەکانی ئێمەوە کە هەموو ئاشکراو دیار بوون هات بۆلای فیرعەون و دەستەو دائیرەکەی ، وتیان : ئەم شتانەی ئێوە ، واتە موعجیزەکانتان ، لە جادووی دەست هەڵبەست بەولاوە نین و نەمانبیستووە شتیوا لەناو باوك و باپیرانمانا ڕوویدابیٚ .

وَقَالَ مُوسَى رَبِّي أَعْلَمُ بِمَنْ جَاءَ بِالْهُدَى مِنْ عِنْدِهِ وَمَنْ تَكُونُ لَهُ عَاقِبَةُ الدَّارِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ(٣٧)

مووسایش وتی: خوای من لە هەموان زاناترە کەوا کیٚ ڕیٚپیشاندان و ڕاستیی لەلای ئەوەوە هێناوەو ، کیٚ سەرەنجامی خێری لە ماڵی بەهەشتا بۆ ئەبیٚ . بەڕاستی تاوانباران ڕزگاریان نابیٚ .

وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرِي فَأَوْقِدْ لِي يَا هَامَانُ عَلَى الطِّينِ فَاجْعَلْ لِي صَرْحًا لَعَلِّي أَطَّلِعُ إِلَى إِلَهِ مُوسَى وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ مِنَ الْكَاذِبِينَ(٣٨)

فیرعەون ڕوویکردە دەستەو دائیرەکەی خۆی و پێیوتن : ئەی

کۆمەڵی بالا ! من نەمزانیوە ئێوە لە خۆم بەولاوە خوایەکی‌ترتان هەبێ . ئەنجا ڕووی‌کردە هامان و پێی‌وت : هامان ! خشتی قوڕم بۆ سوور بکەرەوەو کۆشکێکی بەرزم بۆ دروست‌بکە سەرکەومە سەری بەڵکو لەوێوە لە خواکەی مووسا ئاگادار ببم بزانم ڕاست‌ئەکا ئەڵێ ئەو ناردوومی یا ڕاست‌ناکا ؟ من گومانم وایە مووسا لەو کەسانە بێ کە درۆئەکەن .

وَاسْتَكْبَرَ هُوَ وَجُنُودُهُ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ إِلَيْنَا لَا يُرْجَعُونَ(٣٩)

فیرعەون و لەشکرەکەی، خۆیان لە سەرزەویدا بە ناحەق بە گەورە دانابوو و گومانیان وابوو هەرگیز ناگەڕێنەوە بۆ بەردەستی ئێمە .

فَأَخَذْنَاهُ وَجُنُودَهُ فَنَبَذْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الظَّالِمِينَ(٤٠)

ئێمەیش خۆی‌و لەشکرەکەیمان گرت‌و فڕێمان دانە ناو دەریای نیلەوە ، جا سەیرکە سەرەنجامی ستەمکاران چۆن بوو .

وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَّةً يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ لَا يُنصَرُونَ(٤١)

کردبوویشمانن بە کۆمەڵە پێشەوایەك خەڵکیان بانگ ئەکرد بۆ کردەوەی‌وا سەرەنجام ڕایانکێشێتە ناو ئاگری دۆزەخ و ، لە ڕۆژی قیامەتیشا کەس ناگاتە فریایان و یارمەتییان نادرێ بۆ ڕزگاربوون لە سزای ئێمە .

وَأَتْبَعْنَاهُمْ فِي هَذِهِ الدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ هُم مِّنَ الْمَقْبُوحِينَ(٤٢)

لــەم جیهانــەیشا لــەعنەت و نــەفرینمان شوێن خستن و لـە ڕۆژی قیامەتیشا لە مرۆ ناشیرین و دزێوەکانن یـا لـەوانەن کە لە ڕەحمەتی خوا دوور خراونەتەوە .

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ مِنْ بَعْدِ مَا أَهْلَكْنَا الْقُرُونَ الْأُولَى بَصَائِرَ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةً لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ(٤٣)

ئێمە بەڕاستی کتێبی تەوراتمان دا بە مووسا پاش ئەوەی خەڵکی سەدە پێشینەکانمان بـەرباد کـرد . بۆیـە تەوراتمان دایە تا ببیٚ بە مایەی بەرچاوڕوونی بۆ خەڵك و بــە مـایـەی ڕێ دۆزینەوەو ڕەحمەت بۆیان بەڵکو ئەمە خوایــە بیری بکـەنــەوە لــە سەرەنجامی خۆیان و ڕوویی بکەنە خوا .

وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ الْغَرْبِيِّ إِذْ قَضَيْنَا إِلَى مُوسَى الْأَمْرَ وَمَــا كُنتَ مِنَ الشَّاهِدِينَ(٤٤)

تــۆ لــە بــەری خــۆراوای تــووری سیناوە نــەبــووی کە ئەرکی پێغەمبەرایەتیمان خستە ئــەستۆی مووساو ، لـــەو شوێنەدا ئـامادە نەبووی تا ئاگات لەوە ببیٚ ، ئێمە ئێستا بە وەحی ئەو مەعلووماتەت پیٚ ڕائەگەیەنین .

وَلَكِنَّا أَنشَأْنَا قُرُونًا فَتَطَاوَلَ عَلَيْهِمُ الْعُمُرُ وَمَــا كُنتَ ثَاوِيًا فِي أَهْلِ مَدْيَنَ تَتْلُوا عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا وَلَكِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ(٤٥)

بــەڵام ئێمە خــەڵکی چــەنــد سەدەمان لە ئادەمیزاد دروست کردو ئەوانیش تەمەنێکی درێژیان بەسەربردو لە خـۆیان بایی بوون . تۆیش دانیشتووی شاری مــەدیــەن نــەبووی تــا ئـایـەتی ئێمەیان بەسەرا

بخوێنیتەوە ، بەڵام ئێمە بووین تۆمـــان بە پێغەمبەرایەتی ناردو لەم باسانەمان ئاگادار کردی .

وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ الطُّورِ إِذْ نَادَيْنَا وَلَكِن رَّحْمَةً مِّن رَّبِّكَ لِتُنـــذِرَ قَوْمًا مَّآ أَتَاهُم مِّن نَّذِيرٍ مِّنْ قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ(٤٦)

تـــۆ لـــە بـــەری کێوی تـــووری سیناوە نەبووی کە بانگمان کردە مووساو قسەمان لەگەڵ کرد تا ئاگات لەم باسانە بێ ، بەڵام ڕەحمەتی خوای خۆتمان بۆ نـــاردی کە قورئانەو باسی مووساو پێغەمبەرانی‌تری تیایە بۆئەوەی ئـــەو قەومە بترسێنی لە سزای خوا کە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکیان نـــەهـــاتـــووەتـــەسەر بییانترسێنێ ، بەڵکو بیری لە سەرەنجامی کاری خۆیان بکەنەوە .

وَلَوْلَا أَن تُصِيـــبَهُم مُّصِيـــبَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيـــهِمْ فَيَقُولُوا رَبَّنَا لَوْلَا أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ آيَاتِكَ وَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ(٤٧)

ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە نەبادا بـــەهۆی ئـــەو کردەوە ناشیرینانەوە کە کردوویانن و پێش خۆیانیان خستوون بۆ قیامەتیان ، مەینەتێکیان تووش ببێ‌و ئەوانیش بڵێن خوایە بۆ پێغەمبەرێکت نـــەنـــاردە سەرمان تا ئێمەیش شوێن ئایەتەکانی تۆ بکەوین و لە ڕیزی موسوڵمانان بین ، ئێمە تۆمان بۆ ڕەوانە نەئەکردن ، بەڵام وا بۆ بەهانـــە بڕینیان تۆمان بۆ ناردن و ڕێگامان دان و عوزرو-بیانوومان بـــۆ نـــەهێشتن . جا ئەگەر هەر بەردەوام بن لەسەر کوفرو بێدینییان حەقی خۆیانە سزای دۆزەخ بچێژن .

فَلَمَّا جَاءَهُمُ الْحَقُّ مِنْ عِندِنَا قَالُوا لَوْلَا أُوتِيَ مِثْلَ مَا أُوتِيَ مُوسَى

أَوَلَمْ يَكْفُرُوا بِمَا أُوتِيَ مُوسَى مِنْ قَبْلُ قَالُوا سِحْرَانِ تَظَاهَرَا وَقَالُوا إِنَّا بِكُلٍّ كَافِرُونَ(٤٨)

کەچی کە پێغەمبەری ڕاستیان لای ئێمەوە بۆ هات لە جیاتیی ئەوەی باوەڕی پێبکەن کەوتنە بڕوبیانوو گرتن و وتیان: بۆ ئەم پێغەمبەرە موعجیزەیوای نەدراوەتێ کە بە مووسا درابوو تا ئیمانی پێ بهێنین؟ ئەی ئەوە نەبوو وەختێ خۆی مووسایش نێررایە سەر فیرعەون و خێڵەکەیو ئەو موعجیزە گەورانەی درایێ کەچی ئینکاریان کردو باوەڕیان بە مووسایش نەکردو بە خۆیو هاروونی براییان وت ئەمانە دوو جادووگەرن کەوتوونە تە یەك و یارمەتی یەکتر ئەدەن لەدژی ئێمەو، ئێمە باوەڕمان بەمانە خۆیان و موعجیزەیان نییەو ئینکاری گشتیان ئەکەین.

قُلْ فَأْتُوا بِكِتَابٍ مِّنْ عِنْدِ اللَّهِ هُوَ أَهْدَى مِنْهُمَا أَتَّبِعْهُ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ(٤٩)

تۆیش بڵێ دە فەرموون کتێبێ بێنن باشتر لە تەوراتەکەی مووساو قورئانەکەی من ڕێ پیشانی خەڵك بدا بۆلای خوا تا من پێڕەویی لێ بکەم و شوێنی بکەوم ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن ئێمە ڕاستگۆ نین.

فَإِنْ لَّمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءَهُمْ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ(٥٠)

جا ئەگەر ئەم داوایەی تۆیان بەجێنەهێناو گوێیان بۆ شل نەکردی، ئەوا بزانە ئەمانە هەر شوێنی ئارەزووبازیی خۆیان ئەکەون و لەدووی

ڕاستی ناگه‌ڕێن . کێیش لـه‌و کـه‌سه گومڕاتره که شوێنی ئاره‌زووی نه‌فسی خۆی ئه‌که‌وێ بێ ئه‌وه‌ی ڕێپیشاندانێکی لای خواوه هـه‌بێ . بێگومان هه‌رگیز خوا هیدایه‌تی که‌سانێ نادا که سته‌مکـارو لـه حه‌ق لاده‌ر بن .

وَلَقَدْ وَصَّلْنَا لَهُمُ الْقَوْلَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ(٥١)

به‌ڕاستی ئێمه له هه‌موو جۆرێ په‌ندو ئامۆژگاریمان بۆ ئه‌م کافرانه هێنایه‌وه‌و پێوه‌نـدمـان کـردن بـه‌یـه‌که‌وه به‌ڵکو ئه‌مه خوایه بیرێ بکه‌نه‌وه .

الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِهِ هُمْ بِهِ يُؤْمِنُونَ(٥٢)

ئـه‌و خاوه‌ن باوه‌ڕانه‌ی کاتی خۆی ته‌ورات و ئینجیلمان بۆ ناردوون به‌رله‌وه‌ی قورئان بنێرینه خواره‌وه ، ئه‌وانه باوه‌ڕیان به قورئان هه‌یه .

وَإِذَا يُتْلَى عَلَيْهِمْ قَالُوا آمَنَّا بِهِ إِنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّنَا إِنَّا كُنَّا مِنْ قَبْلِهِ مُسْلِمِينَ(٥٣)

کاتێ که قورئانیان به‌سه‌را بخوێنرێته‌وه ئه‌ڵێن: باوه‌ڕمان پێی هه‌یه که له‌لای خواوه هاتووه‌و ڕاسته‌و ئێمه هه‌ر له‌پێش ئه‌وه‌وه له خواوه بێته خـوار بۆسه‌ر پێغه‌مبه‌ر بـاوه‌ڕمـان پێی بـووه‌و ملکه‌چی بوین چونکه له کتێبه‌کانی خۆمانا باسی کراوه .

أُولَئِكَ يُؤْتَوْنَ أَجْرَهُمْ مَرَّتَيْنِ بِمَا صَبَرُوا وَيَدْرَءُونَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ(٥٤)

ئه‌م کۆمه‌ڵه ئه‌هلی کیتابه که وا ئه‌ڵێن دووجار پـاداشی چـاکـه‌ی خۆیان وه‌رئه‌گرن ، جارێ له‌سه‌ر باوه‌ڕکردنیان بـه کتێبه پێشووه‌کان

کە بۆ خۆیان هاتوونە خوارو جارێ لەسەر باوەڕکردنیان بە قورئـان لەبـەرئەوەی کە سەبریان کردووەو خۆیان لەسەر لۆمەو سەرزەنشتی کافرەکانی ئەهلی کیتاب ڕاگرتووە. ئـەمانە بە کرداری جوان وەلاَمی کرداری ناشیرنیی کافرەکان ئەدەنەوەو لەگەڵیان ناکەونە شەڕو هـەراو لـەو ڕزق و ڕۆزییەی خـوا پێیداون لـە ڕێگای خوادا خـەرج ئەکەن .

وَإِذَا سَمِعُواْ اللَّغْوَ أَعْرَضُواْ عَنْهُ وَقَالُواْ لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ لَا نَبْتَغِي الْجَاهِلِينَ(٥٥)

ئـەگـەر قسەی پووچ و بێسوودیش لە خەڵکیتر ببیێن خۆیانی لێ لائەدەن و وەلاَمی نادەنەوەو بەوکـەسانـە ئەڵێن: کردەوەی خۆمان بۆ خۆمان و کـردەوەی خۆتـان بـۆ خۆتـان و خـوا حافیزتان بێ ئێمە هاوڕێیەتیی پیاوی نەفامەمان ناوێ .

إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ(٥٦)

بێگومان تۆ نـاتوانی هیدایەتی هەرکەسێ بدەی کە حەزت لێ بێ هیدایەت وەرگرێ . ئەمە کـاری خـوا خۆیەتیو ئـەو هیدایەتی هـەر کەسێ ئەدا کە مەیلی لێ بێ هیدایەتی بداو ، ئەو خۆی باشتر ئەزانێ کێ ئامادەیە بۆئەوەی هیدایەت وەربگرێ .

وَقَالُوا إِن نَّتَّبِعِ الْهُدَى مَعَكَ نُتَخَطَّفْ مِنْ أَرْضِنَا أَوَلَمْ نُمَكِّن لَّهُمْ حَرَمًا آمِنًا يُجْبَى إِلَيْهِ ثَمَرَاتُ كُلِّ شَيْءٍ رِّزْقًا مِّن لَّدُنَّا وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ(٥٧)

کافرەکانی مەککە بیانوو بۆ موسوڵمان نـەبوونیان بەوە ئەهێننەوە

ئەڵێن: ئەگەر شوێنی ئەو ڕێ پیشاندانە بکەوین کە تۆ ڕێمان پیشان ئەدەی لەم خاکی خۆمانەمان هەڵئەکەنن و دوورئەخرێینەوە . تۆیش لە وەڵاما پێیان بڵێ: چۆن قسەیوا ئەکەن؟ ئەی ئێمە ، واتە خوا خۆی ، حەرەمێکی ئەمین و کەس دەس بۆنەبردووی وەك حەرەمی مەککەمان بۆ نەڕەخساندوون کە بێترس و لەرز تیا ئەژین و لە هەموو لایەکەوە خێروبێری بەسەرا ئەڕژێ و هەموو جۆرە ڕزق و ڕۆزییەکی بۆ ئەهێنرێ و ئەوەیش لەلای ئێمەوە بڕیاردراوە بۆیان؟ بەڵام بەشی زۆری ئەمانە حەقیقەت نازانن و نازانن خواوەند چیی داوەتێ .

وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِنْ قَرْيَةٍ بَطِرَتْ مَعِيشَتَهَا فَتِلْكَ مَسَاكِنُهُمْ لَمْ تُسْكَنْ مِنْ بَعْدِهِمْ إِلاَّ قَلِيلاً وَكُنَّا نَحْنُ الْوَارِثِينَ(٥٨)

ئێمە چەندین ئاوەدانیمان بەرباد کرد کە لە ژیانی خۆیانا بایی بووبوون و توغیانیان کردبوو . ئەوەتان خانووەکانیان پاش لەناوچونی خۆیان کەسیان تێ نەچوون مەگەر کەمجارو ئێمە خۆمان ماینەوە پاش لەناوچونی ئەوان و بووین بە میراتگریان .

وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَى حَتَّى يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولاً يَتْلُوا عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا وَمَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَى إِلاَّ وَأَهْلُهَا ظَالِمُونَ(٥٩)

خوا قەت عادەتی نەبووە دێهاتەکان کاول بکا بەرلەوەی پێغەمبەرێ لە گەورەدێی ئەو دێهاتانەدا بنێرێ ئایەتەکانی خوا بەسەر خەڵکەکەیانا بخوێنێتەوەو بانگیان کا بۆ باوەڕکردن بە خواو بە پێغەمبەرانی خوا . ئێمە هەرگیز دێهاتمان وێران نەکردووە مەگەر لەوکاتانەدا کە دانیشتووانی ئەو دێهاتانە گوناهبارو ستەمکار بووبن و

بە فەرمانی خوایان نەکردبێ .

وَمَا أُوتِيتُم مِّن شَيْءٍ فَمَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَزِينَتُهَا وَمَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَى أَفَلَا تَعْقِلُونَ(٦٠)

هەرچی لە دنیادا بە ئێوە درابێ ئەوە کەلوپەلی ژیان و مایەی خۆپێ ڕازاندنەوەیە لە دنیاداو، ئەوەی بەلای خواوەیەو لە پاشەڕۆژا کە پاش زیندووبوونەوەیە ئەدرێ بە کەسانی خاوەن باوەڕ ، لە هەموو شتێ باشترو پایەدارترە . دە بۆ هۆش ناکەنەوەو عەقڵتان بەوە ناشکێ ؟

أَفَمَن وَعَدْنَاهُ وَعْدًا حَسَنًا فَهُوَ لَاقِيهِ كَمَن مَّتَّعْنَاهُ مَتَاعَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ثُمَّ هُوَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنَ الْمُحْضَرِينَ(٦١)

ئایا کەسێ خاوەن باوەڕ بووبێ‌و ئێمەیش گفتێکی جوانمان دابێتێ کە گفتی بەهەشت و خێرو خۆشیی هەمیشەییی بەهەشتەو ئەویش ئەو گفتەی بەڕاستی بۆ بێتەدیو پێی‌بگا ، وەك کەسێ وایە کە تەنها خێرو خۆشیی دنیامان دابێتی‌و لە ڕۆژی قیامەتا ئامادە بکرێ بۆ لێپرسینەوەو سزادانی دۆزەخ چونکە لەدنیادا باوەڕی نەبوە ؟

وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَائِيَ الَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ(٦٢)

باسی ڕۆژی قیامەت بکە کە خوا بانگی ئەوکەسانە ئەکا کە هاوبەشیان بۆی دائەناو، پێیان ئەڵێ : لەکوێن ئەو هاوبەشانەم کە ئێوە بە خەیاڵی خۆتان بۆ منتان دانابوون ؟

قَالَ الَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ الْقَوْلُ رَبَّنَا هَؤُلَاءِ الَّذِينَ أَغْوَيْنَا أَغْوَيْنَاهُمْ كَمَا غَوَيْنَا تَبَرَّأْنَا إِلَيْكَ مَا كَانُوا إِيَّانَا يَعْبُدُونَ(٦٣)

جا ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەرانە کە فەرمانی سزادانیان بڕیاردراوە ئەڵێن: خوایە ئەمانەی ئێمە گومڕامان کردن، گومڕامان کردن وەك خۆمان گومڕا بووین. وا پاکانەمان لێ کردن لای تۆ، خۆ ئەوانە ئێمەیان نەپەرستووە، ئارەزووی نەفسی خۆیانیان پەرستووە .

وَقِيلَ ادْعُوا شُرَكَاءكُمْ فَدَعَوْهُمْ فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا لَهُمْ وَرَأَوُا الْعَذَابَ لَوْ أَنَّهُمْ كَانُوا يَهْتَدُونَ(٦٤)

بەو هاوبەش بۆخوا دانەرانە ئەوترێ: بانگی ئەوانە بکەن کە کردبووتانن بە هاوبەشی خوا بەڵکو بگەنە فریاتان، ئەوانیش بانگیان ئەکەن، بەڵام ئەمان وەڵامیان نادەنەوە چونکە توانی وەڵامدانەوەو بەفریاگەیشتنیان نی یەو سزای خۆیان بە چاوی خۆیان ئەبینن و ئەڵێن بریا کاتی خۆی ڕێگای ڕاستی باوەڕ بە خوایان دیبایەتەوە .

وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ مَاذَا أَجَبْتُمُ الْمُرْسَلِينَ (٦٥)

باسی ئەو ڕۆژە بکە کە خوا بانگ ئەکاتە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان و پێیان ئەڵێ: چۆنتان وەڵامی پێغەمبەران دایەوە ؟

فَعَمِيَتْ عَلَيْهِمُ الْأَنبَاء يَوْمَئِذٍ فَهُمْ لَا يَتَسَاءلُونَ(٦٦)

ئەوانیش سەریان لێ ئەشێوێو هەموو شتێکیان لێ ون ئەبێو تەنانەت لە یەکتریش ناپرسن کە وەڵاممان چی بێو بڵێین چی ؟

فَأَمَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَعَسَى أَنْ يَكُونَ مِنَ الْمُفْلِحِينَ(٦٧)

جا ئەوانەی کە تۆبەیان کردووەو باوەڕیان کردووەو کاری باشیان

کردووە ، ئەوانە هیوا وایە لەوانە بن کە ڕزگار ئەبن .

وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَيَخْتَارُ مَا كَانَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ سُبْحَانَ اللَّهِ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ(٦٨)

خوای تۆ ئەوەی مەیلی لێ بێ دروستیئەکاو ئەوکەسانە هەڵئەبژێرێ بۆ پێغەمبەرایەتی کە مەیلی لێ بێ هەڵیانبژێرێ . ئەو کافرانە هەرگیز بۆیان نەبوەو بۆیان نابێ ئەوان کەس هەڵبژێرن بۆ پێغەمبەرایەتی تا بڵێن بۆچی موحەممەد ببێ بە پێغەمبەر ؟ خودا پاكو بێعەیب و بەرزو دوورە لەوە کە هاوبەش بۆ دانەرەکانی هاوبەشی بۆ دائەنێن .

وَرَبُّكَ يَعْلَمُ مَا تُكِنُّ صُدُورُهُمْ وَمَا يُعْلِنُونَ(٦٩)

خوای تۆ ئەزانێ ئەو کافرانە چییان لە دڵایەو بەئاشکرایش چی ئەکەن و چی ئەڵێن .

وَهُوَ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ لَهُ الْحَمْدُ فِي الْأُولَى وَالْآخِرَةِ وَلَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ(٧٠)

ئەو زاتی خوایە ناوی (الله)یەو لەو بەولاوە خوایەکیتر نییە بەڕاستی شایانی پەرستن بێ . سەناو ستایش بەرودواو لە دنیاو لە قیامەتا هەر بۆ ئەوەو فەرمانو دەسەڵاتی ڕاستەقینە هەر هیی ئەوەو سەرەنجام هەمووتان بۆلای ئەو ئەگەڕێنەوە .

قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ اللَّيْلَ سَرْمَدًا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُمْ بِضِيَاءٍ أَفَلَا تَسْمَعُونَ(٧١)

ئەی موحەممەد ! تۆ بەو کافرانە بڵێ کە هاوبەش بۆ خوا دائەنێن ئەگەر بهاتایە خوا شەوی تا ڕۆژی قیامەت بەسەرتانەوە ڕاگرتایەو

ڕۆژی لیَ نەکردنایەتەوە ، چ خوایەکی ساختەی لـە خـوای ڕاستەقینە بەولاوە تۆسقالیَ ڕۆشنایی بۆ ئەهێنان و ڕۆژی بـۆ ئەکردنەوە ؟ ئەوە بۆ دەرزو پەندو ئامۆژگاریی ڕاستی ناگرنە گویَ ؟

قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ النَّهَارَ سَرْمَدًا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُمْ بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ فِيهِ أَفَلَا تُبْصِرُونَ(٧٢)

دیسان ئەی موحەممەد ! تۆ بەو کافرانە بلیَ کـە هـاوبەش بۆ خوا دائەنێن ئەگـەر بهاتایە خـوا ڕۆژی تـا ڕۆژی قیامەت بەسەرتانەوە ڕاگرتایەو شەوی بۆ نەهێنانایە ، چ خـوایـەکی ساختەی لـە خوای ڕاستەقینە بـەولاوە شەوێکی بـۆ ئـەهێنان تیا بحەوێنەوەو بخەون و ماندوێتیی ڕۆژتانی تیا دەرچیَ ؟ ئـەوە بـۆ نـاڕوانن خوا چ لوتفێکی لەگەلَ کردوون تا باوەڕی پیَ بکەن و سوپاسی ئەو بکەن ؟

وَمِنْ رَحْمَتِهِ جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا مِنْ فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ(٧٣)

ئەمە بەشێکە لـە ڕەحمەتی خوا لەگەلَ ئێوە کەوا شەوو ڕۆژی بۆ دروست کردوون تا لـە شەوەکەدا بحەسێنەوەو لـە ڕۆژەکەدا کاسبی بکەن و لـە فـەزلَی خـواوە دارایی پـەیدا بکەن و بەلَکو سوپاسی خوا بکەن بەرانبەر بەم گشتە خێرو بەرەکەتەی پێیداون .

وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَائِيَ الَّذِينَ كُنْتُمْ تَزْعُمُونَ(٧٤)

یادی ئەو ڕۆژە بکەنەوە کە خوا بانگ ئەکاتـە ئـەوانەی هاوبەشیان بۆی دائەناو پێیان ئەلَیَ : ئـەو هاوبەشانەم لەکوێن کە بە خەیالَی خۆتان بۆ منتان دانابوون ؟

وَنَزَعْنَا مِنْ كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا فَقُلْنَا هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ فَعَلِمُوا أَنَّ الْحَقَّ لِلَّهِ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا يَفْتَرُونَ(٧٥)

لەناو هەر میللەتێکا شایەتێك جوێ ئەکەینەوە کە ئەو پێغەمبەرەیە لە دنیادا ناردوومانەتە سەری بۆئەوەی ببێ بە شایەت لەسەر ئەو میللەتە کە لە دنیادا هەڵوێستیان چۆن بوو. جا بە میللەتەکە ئەڵێین ئادەی بەڵگەی خۆتان بێنن کە بتتان ئەکرد بە هاوبەشی خواو ، روونیکەنەوە چۆن ئەو بتانەتان ئەکرد بە هاوبەشی ؟ . ئەوانیش لەویادا ئەزانن و بۆیان دەرئەکەوێ حەق حەقی خوایە لە خوایەتیی بێهاوبەشداو ئەو بوختان و ئێفتیرایانەی ئەیانکردن و هەڵیان ئەبەستن هەموویان لە دەس دەرئەچێ چونکە لەسەر هیچ بینا کرابوون.

إِنَّ قَارُونَ كَانَ مِنْ قَوْمِ مُوسَى فَبَغَى عَلَيْهِمْ وَآتَيْنَاهُ مِنَ الْكُنُوزِ مَا إِنَّ مَفَاتِحَهُ لَتَنُوءُ بِالْعُصْبَةِ أُولِي الْقُوَّةِ إِذْ قَالَ لَهُ قَوْمُهُ لَا تَفْرَحْ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْفَرِحِينَ(٧٦)

بێگومان قاروون یەکێ بوو لە خێڵی مووساو پاشان ستەم و ناهەقیی لێ کردن و داوای لێ کردن بیکەن بە سەرگەورەی خۆیان . ئێمەیش ئەوەندە گەنجینەو داراییمان دابوویێ کۆمەڵێ پیاوی بەهێز کلیلی ئەو گەنجینەو داراییەیان بۆ هەڵنەئەگیرا ئەوەندە زۆرو قورس بوون . ئەم ستەم و ناهەقییەیشی لەکاتێکا بوو خێڵەکەی پێیان وت دڵ بەم گەنجینەو داراییەت خۆش مەکەو پێی بایی مەبە ، خوا خۆشی لە کەسانێ نایەت دڵ بە ماڵی دنیا خۆش بکەن .

وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا

وَأَحْسِنْ كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ وَلا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ(٧٧)

لەو ماڵی دنیایەدا کە خوا پێی بەخشیوی لەدووی ماڵی قیامەتیشت بگەڕێ واتە خێرو چاکە بۆ ئەو دنیایشت پاشەکەوت بکەو بەشی ژیانی ئەو دنیایەیشت لەیادنەچێ کە بەخۆشی بژیت و ، وەك چۆن خوا چاکەی لەگەڵ تۆ کردووەو خێرو بەرەکەتی بەسەرا ڕشتووی تۆیش چاکە لەگەڵ خەڵك بکەو خراپەکردنت نەوێ لە سەرزەویدا ، خوا خۆشی لەوانە نایەت کە خراپە ئەکەن .

قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِندِي أَوَلَمْ يَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ قَدْ أَهْلَكَ مِنْ قَبْلِهِ مِنَ الْقُرُونِ مَنْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُ قُوَّةً وَأَكْثَرُ جَمْعًا وَلا يُسْأَلُ عَنْ ذُنُوبِهِمُ الْمُجْرِمُونَ(٧٨)

قاروونیش لە وەڵامی ئەم پەندو ئامۆژگارییەی خێڵەکەیا وتی : ئەم سامانەی دەسگیرم بووە لە زانایی و لێهاتوویی خۆمەوە دەسگیرم بووەو منەتی کەسی تیا نی‌یەو هەقی کەسم بەسەرەوە نی‌یەو بەشی کەسی لێ نادەم . ئاخۆ قاروون نازانێ خوا لە سەدەکانی بەر لە سەردەمی ئەویشدا کەسانی‌وای تەفروتوونا کردووە کە لە قاروون بەهێزتر بوون و دەست و پێوەندیان زۆرتر بوون و ، کە کاتی قارەستانی خوا هات تاوانباران پرسیاریان لێ ناکرێ لەبارەی تاوانەکانیانەوە چونکە خوا خۆی پێی ئەزانێ‌و لە پڕ ئەدا بەسەریانا .

فَخَرَجَ عَلَى قَوْمِهِ فِي زِينَتِهِ قَالَ الَّذِينَ يُرِيدُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا يَالَيْتَ لَنَا مِثْلَ مَا أُوتِيَ قَارُونُ إِنَّهُ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ(٧٩)

جـا قـاروون ڕۆژێکیان خـۆی ڕازاندەوەو بە کەشوفش و عەنعەنەو تەنتەنەوە لە ماڵ دەرچوو هات بۆ ناو خێڵەکەی . ئـەوانەی حەزیان لە ژیانی خۆشی ئەو دنیایە بوو وتیان : بریا ئێمەیش سامانێکی وەك ئەوەمان هەبوایە کە بە قـاروون دراوە . بـەڕاستی قاروون بەشێکی گەورەی هەیە .

وَقَـالَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْعِلْمَ وَيْلَكُمْ ثَوَابُ اللَّهِ خَيْرٌ لِّمَنْ آمَنَ وَعَمِـلَ صَالِحًا وَلاَ يُلَقَّاهَا إِلاَّ الصَّابِرُونَ(٨٠)

ئەوانەیش کە ئەیانزانی خوا چیی لـەو دنیا بۆ پیاوچاکان و خاوەن باوەڕان داناوە ، وتیان : هەی بەدبەختینە ! پـاداشی چـاکی خـوا چاکترە بۆ کەسێ باوەڕی بە خوا هەبێو کـرداری چـاك بێ ، کەس بەم خێرو خۆشییەی خوا ناگا ئەوانە نەبێ کە خۆیان ئەگرن لەسەر گوناە نەکردن و حەرام نەخواردن و چاکەکردن .

فَخَسَفْنَا بِهِ وَبِدَارِهِ الْأَرْضَ فَمَا كَانَ لَهُ مِنْ فِئَةٍ يَنصُرُونَهُ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ الْمُنْتَصِرِينَ(٨١)

جا قاروون خۆیو ماڵەکەیمان بەگەنجینەکانیەوە بە نـاخی زەویدا بردە خوارەوەو هیچ کەسێك و کۆمەڵێکی نەبوو یـارمـەتیی بدەن بـە بێ ڕەزای خوا تا لـەو غەزەبـەی خـوا ڕزگـاری ببێو بـۆ خۆیشی لەوانە نەبوو بتوانێ ڕێ لەو غەزەبی خوایە بگرێ کە هات بەسەریا .

وَأَصْبَحَ الَّذِينَ تَمَنَّوْاْ مَكَـانَهُ بِالْأَمْسِ يَقُولُـونَ وَيْكَأَنَّ اللَّهَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَوْلاَ أَن مَّنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا لَخَسَفَ بِنَا وَيْكَأَنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ(٨٢)

ئەو کەسانەی دوێنێ ئاواتی پایەو ماڵەکەی ئەویان ئەخواست وایان لێهات ئەیانوت : هـاوار ! وادیـاره خـوا بۆ هەر بەندەیەکی خۆی کە مەیلی لێ بێ ڕۆزی فـراوان ئـەکـاو لێیشی ئەگرێتەوه . ئەگەر خوا لوتفی لەگەڵ نەکردینایه ئێمەیشی بە ناخی زەویدا ئەبردە خوارەوە . ئەی هاوار ! وادیاره کافران هەرگیز ڕزگاریان نابێ .

تِلْكَ الدَّارُ الْآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِيـنَ لا يُرِيـدُونَ عُلُوًّا فِي الْأَرْضِ وَلا فَسَادًا وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ(٨٣)

ماڵی قیامەت بۆ ئەو کەسانه تەرخان ئـەکـەین نایانەوێ له زەویدا بەسەر خەڵکی ترا بەرز ببنەوەو خراپه لـەنـاو خـەڵکـا بکـەن و ، سەرەنجامی بـاشیش بـۆ ئەوکەسانەیە خۆیان له گوناه ئەپارێزن .

مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ خَيْرٌ مِّنْهَا وَمَنْ جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَلا يُجْزَى الَّذِينَ عَمِلُوا السَّيِّئَاتِ إِلاَّ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ(٨٤)

هەرکەسێ بیروباوەڕو گـوفتارو ڕەفتارێکی بـاش دابهێنێ پاداشی لـەوه باشتری ئـەدرێتەوەو ، هـەرکـەسێکیش بیروباوەڕو گوفتارو ڕەفتارێکی خـراپ دابهێنێ پاداشی لـەوه خراپتری ئەدرێتەوه چونکه پاداشی ئـەوانـە نـادرێتەوه کـە خراپەیـان کـردووه به چەشنی کردەوەکەی خۆیان نەبێ .

إِنَّ الَّذِي فَرَضَ عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لَرَادُّكَ إِلَى مَعَادٍ قُلْ رَبِّي أَعْلَمُ مَنْ جَاءَ بِالْهُدَى وَمَنْ هُوَ فِي ضَلالٍ مُّبِينٍ(٨٥)

بێگومـان ئـەو خـوایـەی قـورئانی لەسەر تۆ فەرزکردووەو بۆی نـاردووی‌و پێویستی کـردووه لـە سەرت کـە ڕەفتاری پێ بکەی‌و

بیگەیەنی بە خـەڵك و تێبكۆشی بـۆ بڵاوكردنەوەی ، ئەتگێڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووی كـە شاری مەككەیە ئەیگریو ئەچیتەوە ناوی. تۆیش بە خەڵكی دەورو پشتت بڵێ: خوای من لە هەركەسیتر چاكتر ئـەزانێ كێ ڕێنمایی بۆ خـەڵك هێناوەو كێ لە گومڕاییەكی ئاشكرادایە .

وَمَا كُنتَ تَرْجُوا أَنْ يُلْقَى إِلَيْكَ الْكِتَابُ إِلاَّ رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ فَلاَ تَكُونَنَّ ظَهِيرًا لِّلْكَافِرِينَ(٨٦)

تۆ هیچ بەتەماو هیوای ئـەوە نـەبووی قورئانت بخرێتە ناو دڵەوەو بخوێنرێتەوە بەسەرتاو لە زوبانی تۆوە بگا بە خەڵك، لوتف و ڕەحمی خوا بوو بۆت هات، كەواتە نەكەی هەرگیز ببی بە پشتیوانی كافران .

وَلاَ يَصُدُّنَّكَ عَنْ آيَاتِ اللَّهِ بَعْدَ إِذْ أُنزِلَتْ إِلَيْكَ وَادْعُ إِلَى رَبِّكَ وَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ(٨٧)

با ئەو كافرانە ڕێت لێ نـەگرن لـە خزمەت كـردن و بڵاوكردنەوەی ئایەتەكانی خوا پاش ئەوەی كە نازڵ كرا بۆت و ، خەڵك بانگ بكە بۆ باوەڕ كردن بە خواو لەو كەسانە مەبە هاوبەش بۆ خوا دائەنێن .

وَلاَ تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلاَّ وَجْهَهُ لَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ(٨٨)

قـەت لـەگـەڵ خـوادا بانگ مەكەرە هیچ خوایەكیتر چونكە هەر خواكەی خۆت پەرستراوی بەڕاستەو لەو بەولاوە خوایـەكی ڕاستەقینە نییـە. هەرچی هەیە لـە جیهانـا هـەمووی ئـەفەوتیو هـەر ئـەو ئەمێنێتەوەو هەموو ئەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو .

پێڕەس

لاپەڕە	بابەت
٣	سوورەتی (یونس)
٣٥	سوورەتی (هود)
٣٦	جوزئی دوازدەهەم
٦٨	سوورەتی (یوسف)
٨٢	جوزئی سیازدەهەم
٩٩	سوورەتی (ألرعد)
١١٥	سوورەتی (ابراهیم)
١٣٠	جوزئی چواردەهەم
١٣٠	سوورەتی (ألحجر)
١٤٤	سوورەتی (ألنحل)
١٧٩	جوزئی پازدەهەم
١٧٩	سوورەتی (ألاسراء)
٢١١	سوورەتی (ألکهف)
٢٣٢	جوزئی شازدەهەم
٢٤٣	سوورەتی (مریم)
٢٦٣	سوورەتی (طه)
٢٩٢	جوزئی حەڤدەهەم
٢٩٢	سوورەتی (ألأنبیاء)
٣١٧	سورەتی (ألحج)
٣٤١	جوزئی هەژدەهەم
٣٤١	سورەتی (ألمؤمنون)
٣٦٤	سوورەتی (ألنور)
٣٨٨	سوورەتی (ألفرقان)
٣٩٤	جوزئی نۆزدەهەم
٤١٠	سوورەتی (ألشعراء)
٤٤٢	سوورەتی (ألنمل)
٤٥٦	جوزئی بیستەم
٤٦٧	سوورەتی (ألقصص)

له كتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا
ژمارە ٤٦٤ی ساڵی (٢٠٠٠)ی دراوەتێ

☆ ☆ ☆

ئەم بەرگە لە نووسینگەی (البحر) داڕێژراوەو لاپەڕەبەندی کراوەو،
لە چاپخانەی (المشرق) لەچاپ دراوە

☆ ☆ ☆

طبع بموجب موافقة وزارة الاعلام (دار الثقافة والنشر الكردية)
رقم ٣١ في ١٧/ ٨/ ٢٠٠٠
رقم الايداع في دار الكتب والوثائق ٤٦٤ لسنة ٢٠٠٠
التحضير الطباعي : مكتب البحر - هاتف - ٧١٨٨٦٥٦
طبع في مطبعة المشرق - هاتف- ٧١٨٢٥٠٠-٧١٧١٢٢٩